# زمان و زار

ژماره «١» پاییزی ٢٠٢١

گۆڤارێکی زمانناسی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز: د.تەها رەسووڵ

سەرنووسەر: فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری: تۆفیق وەهبی

راوێژکاری کارگێڕی: ئەڤین ئەحمەد

ب.پەیوەندییەکان: سارا سەعدی عومەر

# زمان و زار


هەڵەگری: فاتیح مودەریس

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

بەرگ: ئارام عەلی

چاپ: ٢٠٢١

تیراژ: ٧٥٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی

ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری و
کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت دەریدەکات


هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات


بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار
Fereydunsaman61@gmail.com


هەواڵنامەی کتێب

گۆڤارێکی زمانناسی وەرزییە، هەر لێکۆڵینەوەیەک پەیوەندی هەبێت بە زمانی کوردییەوە لە بوارەیلی زمان و پەروەردە، زمان و میدیا، زمان و زارە کوردییەکان، زمان و زانست- یاسا- زمان و کۆمەڵناسی،-زمان و دەروونزانی، مێژوو. فەلسەفە، هونەر، وێژە، هەروەها بە زمانەیلی ئینگلیزی ، عەرەبی، فارسی، تورکی بڵاوی دەکەینەوە. هیوادارین بەرێزتان بە لێکۆڵینەوە بە پێزەکانتان دەوڵەمەندی بکەن.

**تێبینی:**

بە هیواین توێژینەوەکان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەژمار بکرێن.

**فەرەیدوون سامان**
**سەرنووسەری گۆڤاری زمان و زار**
fereydunsaman61@gmail.com

هەوارنامەی کتێب

# پێڕست

بۆچی گۆڤاری زمان و زار..؟...........................................................٧
سەرنووسەر
با ئەویتر وەک خۆی، بخوێنینەوە..!...........................................١١
عادڵ محەمەدپوور
گۆران ڕەمز نەتەوەیی کورد.........................................................١٧
پدرام ئەسەدی
هەورامی زارێکە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی.......................٢٧
د.مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا
هەورامی گۆڤەرێکی ڕەسەنی زاری گۆرانی زمانی کوردییە.....٣١
پ. د. هۆگر مەحموود
دیمانە لەگەڵ فەهمی کاکەیی.........................................................٦١
زمان و زار
زمان و پرنسیپ و گرفتەکانی وەرگێڕان...................................٧١
مستەفا غەفوور
کە مێژو تۆماری ناکات، زمان فریا دەکەوێت............................٨٧
شاسوار هەرشەمی
زاراوەسازی و ئامۆژگارییەکانی مەسعوود محەممەد...............٩٥
کاروش عوسمانیان
کوردستان سەرچاوەی زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکانە...............١٠١
د. مەهدی کاکەیی
واتا سایکۆوجودییەکانی زمان....................................................١٠٥
د. محەمەد تەها حوسێن
زار و زوان..........................................................................١١٩
سابیر ژاکاو
«پایتەخت' بوونی زمانەوانیی و دەسەڵاتی سیبۆلیی.............١٢٩
سەلام ناوخۆش
زمانی کوردی و زمانی زانست.................................................١٤٩
فەرەیدوون سامان
ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزم دە زوانی کوردیدا...........................١٥٧
کامران ڕەحیمی
زاراوەی دیپلۆماسی کوردی.....................................................١٦١
فەتحی مەلا عەلی مەلا عەبدوڵلا مودەریس
زمانی کوردیی پەهلەوی فەیلی.................................................١٦٩
م. فەرهاد عەزیز حەسەن
دیمانەلەگەڵ مستەفا غەفوور...................................................١٩٧
زمان و زار

خزمەتی کەر و گای چوارپێ بکەین باشترە لە هی کەر و گای دوو پێ...۲۰۹
**عەبدولکەریم شێخانی**
زمان لە چیرۆکی نوێی کوردیدا...............................................۲۱۳
**سابیر ڕەشید**
بەسەرهاتی زمان لە ڕۆمانی [دەریاس و لاشەکان]................۲۱۷
**محەمەد فەریق حەسەن**
زیا ن ناسی وشەسازی لە زمانی کوردی دا............................۲۲۱
**کامران ڕەحیمی**
زمانی کوردی و شێوازی نووسینی لە سەردەمی ماد و ئەخمینیدا.........۲۵۳
**پ ی–فەرهاد عەزیز حەسن**
پرۆتۆگۆراس...........................................................................۲٦۳
**کاوڕش عوسمانیان و سەربەست شنۆیی**
تێرمی  نێرومێ لە زمانی کوردییدا.........................................۲۷٥
**شاسوار هەرشەمی**
ناساندنێکی جیاوازیی ناوچەیی...............................................۲۸۹
**د. ڕەحیم سورخی**
گەڕووسی (گەڕۆسی)...............................................................۲۹۷
**ئەکبەر نەجەفیان**
کتێبی لێکۆڵینەوەی زارە کوردییەکانی باشوور........................۳۰۱
**زمان و زار**
لە دەزگای چاپ و پەخشی "سەردەم"ەوە.................................۳۰۷
چرا زبان کردی به زبان دین و دولت در حکومتهای کردی سده های میانه تبدیل نشد؟.................................................................۳۱٥
**د. اسماعیل شمس**
الوثائق القانونية المعترفة برسمية اللغة الكوردية في العراق الملكي.....۳۱۹
**أ.د. شورش حسن عمر**
اللغة الكُردية من الـثَّراء إلى إنتاج الكلام.....................................323
**خالد جميل محمد**
VARYANTÊ SANIKÊ ELIK Û FATIKE SER O PÊVERONAYÎŞ....5
Sürya HUMAN
RISTA ZIMANÊ ZIKMAKÎ....................................................33
Bahadîn Robar
Kurmanciya Laçînê (Kurdistana Sor)................................43
Kamîz Şeddadî
Girîngiya ziman û dîroka kurdan........................................55
Roza Metîna

# بۆچی گۆڤاری زمان و زار..؟

## سەرنووسەر

لە رۆژانی ١٧ و ١٨ ی حوزەیرانی ٢٠٢١ کۆنفرانسی زانستی نێونەتەوەیی زمانی کوردی و زاراوە یاساییەکان کە پرۆژەیەکی رێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری و بە هاوبەشی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت بوو، لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو، یەکێک لە راسپاردەکانی پێشنیاری دەرکردنی گۆڤارێکی زمانناسی وەرزی بوو بە ناوی گۆڤاری(زمان و زار)، هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە (زمان و زار) خۆی لە خۆیدا هەڵگری دەلالەتێکە، کە بەداخەوە هێشتا زمانی کوردی زمانێکی ستاندارد و یەکگرتوو نییە.

هەڵبەتە هۆکارەکان زۆرن و زۆریش قسەیان لەسەر کراوە، بەڵام ئامانجی سەرەکی لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە زمانناسییە وەرزییە دروستکردنی سەکۆیەکە بۆ وتوویژ لە گەڵ زمانناسان و شارەزایان و رۆشنبیرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، ئەویش لە پێناو خزمەتی پتر بە زمانی یەکگرتووی کوردی، بە هەموو زارو بنزارەکانیان، بەجیاوازی هزر و بیرکردنەوەیان، وهەوڵبدەین لۆجیکانە رەخنەکان بپەژرێنین و پێشنیاری گونجاویش بخەینە بەردەم یەکتر، بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایی بەشێک لەو رۆشنبیرانەی کە بانگەشەی سەربەخۆیی زارەکانیان دەکەن، مخابن بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن ناراستەوخۆ خزمەتیان بە پلان و ئەجیندای وڵاتانی نەتەوەی سەردەست کردووە، لە هەوڵی ئەوەدا بوونە زار و بنزارە کوردییەکان وەک زمانێکی جیاواز لە زمانی کوردی بناسێنن و تەنانەت لەو خراپتریش بە هەمان دیسکۆرسی نەتەوە سەردەستەکان زمانی کوردیش بکەن بە زارێکی زمانەکانی خۆیان، لێرەدا پرسەکە هەر زمان نییە بەقەد ئەوەی نەتەوەی سەردەستی دەسەڵاتدار چۆن لە رێگای توانستەکانیان لە رێی لێدانی زمان و ناسنامەی کوردەوە کار بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچە کوردستانییەکان بکەن، بەتایبەت ناوچە کێشە لەسەرەکان.

زمانی کوردی بە چەندان قۆناغی گرینگی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا تێپەڕیوە، هەر کام لەم قۆناغانە بە پێودانگی زانستیی و سیاسیی خۆیان توانیویانە ببن بە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی و ئەم زمانە لە مەترسیی نەمان و ئاسمیلەبوون

رزگار بکەن و لە هوروژمی شەپۆلی سیاسەتی پاکتاوی کولتووریی دەوڵەتانی پێوەندیدار بە کێشەی کوردەوە بیپەڕێننەوە و بیگەیێننە کەنارێکی ئارام، بەڵام ئەمە بە مانای سەقامگیریی هەمیشەیی و کۆتایی قەیرانەکانی ئەم زمانە نەبووە و نییە. بەم پێیە ئەگەرچی ئێستاکە  لە هەرێمی کوردستان و لەعیراقی دوای ٢٠٠٣، زمانی کوردی لە خەمی فەوتان رەخساوە، بەڵام سەرلێشێواوی و فرە مەرجەعیی و پاشاگەردانییەکی لە رادە بە دەری پێوە دیارە و ئەم دۆخە قەیراناوییە بووە بە ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی ئاخێوەرەکانی و هەروەها هزری  بەرهەم هێنراوەکەشی. بۆ نموونەش داواکاری  بۆ خوێندنی پەروەردەیی زارە کوردییەکان لە دەڤەرە جیاوازەکانیدا وەک لە ناوچەکانی بادینان و هەورامان و کوردانی فەیلیدا، هەڵبەت بێ گەڕانەوەش بۆ مەرجەعە یاسایی ( وەک پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوە زانستییەکانی وەک وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو ئەکادیمیای کوردی).

دوای راپەڕین و لە ژێر کاریگەریی ململانێی سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگیی نێوان حیزبەکانی باشووری کوردستان  و تەنانەت ئەجیندای وڵاتانی ئیقلیمی بۆ مەبەستی لێکترازانی زمانەکەمان و هەوڵدان بۆ ناسینی ئەو زارو بنزارە کوردییانە وەک زمانێکی سەربەخۆو جیاواز لە زمانی کوردی، دواتریش  بوو بە هۆی هەڵتۆقاندنی دەیان دەزگا و رێکخراوی سەیر و سەمەرە بۆ زمان و ئەدەب و چاپەمەنی، وەرگێڕانێکی بە لێشاو هەموو رووبەری زمان و هزری  داگیرکرد، کە بە داخەوە لە غیابی میکانیزمێکی زانستیی و چاوەدێریی پێویستدا تا ئێستەش بەردەوامە و کوردستانیشی بە خراپترین شێوە تەنیوەتەوە. راستییەکی تاڵ کە بووەتە هۆی زمانبێزیی بەشێکی بەرچاو لە خوێنەران و هۆگرانی زمانی کوردی. بەڵام ئایا زمانی کوردی سەرباری پانتایی بەرفراوانی و دابەشبوونی جوگرافی  بەسەر چەند دەوڵەتێکی دراوسێدا و رێگە پێنەدانی لە بواری پەروەردە و خوێندن و تەنانەت حاشالێکردنی لە لایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە، هێشتا هەڕەشەی لەسەر نییە، یان لە رۆخی چاڵی مان و نەماندایە و ئەو سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە، مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەو زمانە لە سەردەمی سۆسیال میدیا و جیهانگیریی کامانەن، چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەو هەموو هەڕەشە و مەترسییانە دوور بخەینەوە، لەکاتێکدا کارەکتەری کورد لەسایەی هەبوونی دەسەڵاتێکی لۆکاڵی و هەبوونی چەندان داوودەزگای  ئەکادیمی و پەروەردەیی و بنکە و ناوەندی رووناکبیری

بۆ خۆی بەشێکە لەو مەترسییانە، هاوکاتیش  چۆن دەتوانین ئەو زمانە بکەین بە ناسنامەی نەتەوەیەک و بەرە و گەشەکردن و بەخشینی توانای رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی مۆدێرنێتەی ببەین و لە باری فۆرم و ناوەرۆکەوە دەوڵەمەندی بکەین. چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟

بێگومان ئاسایشی زمان لە ئاسایشی نەتەوە کەمتر نییە، وەک ئاسایشی خۆراک، سەربازی، سنوور، ئاسایشی ئابووری، ژینگە، بۆ هەر نەتەوەیەک گرنگە، واتە ئاسایشی زمان بەشێکی گرنگی ئاسایشی نیشتمانییە. زمان وەک ئامرازیکی ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەسەرتاپای جیهاندا بەکار دەهینرێت، بابەتێکی پر بایەخە بۆ تاوتوێکردنی ئەنترۆپۆلۆژیا، هەندێ لە ئەنترۆپۆلۆژیستەکان وێڕای پەیوەستبوونیان بە بەراوردی فۆرمە زمانەوانییەکان هەوڵدەدەن کە تێبگەن، کە زمانی نەتەوەیەکی تاوتوێکراو دەتوانێت چ هۆشیارییەک لەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یان سیاسییەکانی ئەو نەتەوەییە بخاتە روو، بەو چەشنەی کە دەیبینێت. ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی وەک کلۆد لیڤی شتراوس هەوڵیانداوە سوود لە رەهەندە زمانەوانییەکان وەربگرن بۆ ئەوەی لەوە بگەن کە مرۆڤەکان بە چ شێوەیەک لەبارەی پێگەکانی ژیانیان بیریان کردۆتەوە. لەم ژمارەیەدا سەرباری راوبۆچوونی جیاوازمان لەسەر وتارێکی مامۆستا عادل موحەمەدپوری (نووسەری ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان کە هەورامی ئاخێوەرە) وتارێکی  لەسەر زاری هەورامی نووسیوە، لە پەرەگرافێکدا وەک زاری هەورامی لێی دەدوێت و دواتر بە زمانی هەورامی و دواتریش وەک زمانە کوردییەکان قسەی لەسەر دەکات، ئێمە وەکو مافی ئازادی دەربڕین نەک هەر وتارەکەی بڵاو دەکەینەوە بەڵکو بڕیارماندا بیکەینە دۆسییەکی تایبەت بۆ قسەکردن لەسەر زاری هەورامی و لە ژمارەکانی داهاتووش هەوڵدەدەین دۆسیەی تایبەت بۆ زارەکانی دیکەی کوردی وەک لەک و لوڕ و کەلهور و زازاکی  بکەینەوە ئامادە بکەین، لەو سۆنگەیە داوامان لەچەند مامۆستایەکی پسپۆر و زماناناس کرد ئەوانیش بە نووسینەکانیان بەشداری ئەم وتووێژە بکەن، هەڵبەت بە مەبەستی خزمەتی پتر بە زمانی کوردی، هەڵبەتە ئەگەر شارەزایان و پسپۆرانی زمان و زارەکان هاوکارمان بن، وێڕای وتار و لێکۆڵینەوە و دیمانە و وتووێژ لەسەر پرسەکانی زمانی کوردی، ئێمە لە هەر ژمارەیەکدا پاشکۆیەک بە زمانە بیانییەکانی

وەک عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی بڵاودەکەینەوە، بەتایبەت بۆ ئەو نووسەر بەڕێزانەی کە ناتوانن بە زمانی کوردی بنووسن. بەو مەرجەی بابەتەکان پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە هەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

# با ئەویتر وەك خۆی،
# بخوێنینەوە...!

▢ عادڵ محەمەدپوور

پاش بە پرس کردن و بە پێویست زانینی فێرکاری هەورامی لە لایەن بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمەوە؛ پۆلێک باسی زمان و زمانەوانی تێکەڵ بە ڕووکردی جۆراوجۆرەوە کراوە و هەر کەس لە سووچە نیگای خۆیەوە لەم دیاردە ئاوڕی داوەتەوە و چاوەڕوانی گوزارەی جۆراوجۆرتریش دەکرێت. بە بۆچوونی من هیچ نەبێت ئەم بیروڕاگەلە ئەگەر بنەمایەکی تیئۆریکی- زانستی بە هێزی لە پشتەوە بێ، دەتوانێت پاڵنەرێکی ئەرێنی بێت بۆ بەرپرسانی بڕیاردەر و پراکتیزەکردنی ئەم پرسە زمانییە، کە بێ هیچ دڕدونگییەک زەمینەی گونجاوی بۆ بڕەخسێنن. ئەوەی شیاوی تێڕامانە و جێگای لێکۆڵینەوەی زیاترە هەنێک لەم باسە تێکەڵن بە گوزارەگەلێکی سنووردار و بڕیاردەرانە، کە هەم لە بایی زمان کەم دەکەنەوە و هەمتر مێکانیزمێکە بۆ خاوکردنەوەی پرسەکە .

**ڕوانگەیەک لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەڵێت:**

– هەورامی زارە و زمان نییە و خۆیان لە کورد بەجیا دەزانن.

– ئەو زارەش کە زیاترین توانایی هەیە و زیاتر بەکار هێنراوە و وشەکانی زیاتر بۆ هەموو خاوەن زارەکان ئاشنان دەکرێت لە بەرانبەر یەکتردا پێی بوترێت زمانی کوردی.

– ڕێگەیان پێ بدرێت!(هەورامی) لە ناوچەی خۆیاندا بەو شێوەزارە بخوێنن و بنووسن(!) بەڵام ئەوان ناتوانن(!) دەوری زمانی یەکگرتوو ببینن، چونکە لە ناوچەیەکی سنووردار(!) خەڵکانی ئەو زارانە پێی دەدوێن.

– تکایە با بە وشەی زمانی هەورامی هەستی کوردان نەورووژێنین.

– هەموومان دەزانین کە ئەم شێوەزارانە لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە هەندێک جیاوازییان هەیە، بەڵام ئەوندە زەق نین بە زمانێکی جیا لە یەکتر دابنێین. بۆ نموونە لە کرمانجی و هەورامیدا نێر و مێ هەیە لە کوردیی ناوەڕاستدا نییە. چەند خاڵی سەرەکی لەم پێوەندییەدا و پرس و ڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانە:

١- با ئەمری واقیع وەهماوی نەکەین و هەر چەشنیک هەین وا زمانی یەکتر بخوێنینەوە. لەم ڕادەربڕینانەدا پرسێک بۆ من هاتووەتە پێشەوە و تا ئێستاکە تێنەگەیشتووم، بە «زمان ناوبردنی هەورامی» کە هەم زانستییە و هەمتر ناسنامەدار و بەڵگێنراو، کامە مافی نەتەوەیی، نیشتمانی، تاکی و کۆیی پێشێل کردووە و یان

دەیکات یان پارچە بوون و دووفاقی لەم بەستێنانەدا بەدی هێناوە و دەهێنێت و وێناکانی لە دنیادا کام وڵاتن؟

٢- چاو لە ئەزموونی زمانەکانیتر تا ئێستا نێوان زمانی سەربەخۆ و سۆزی نیشتمان و نەتەتەوەییدا هیچ مێکانیزمێکی بشێوێن و پارادۆکسیکاڵ نەبینراوە. وڵاتی سویس بە چوار زمانی جیاواز و سەر بە خۆ قسە دەکەن، ئەمە نموونەی بەرچاوە بۆ هەڵەی داسەپاندنی زمانی زۆرینە کە گوایە (زیاترین توانایی هەیە و زیاتر بەکار هێنراوە) بە مل زمانی کەمینەدا. (رابرت. ا. هال، ١٣٧٣: ٢٦٥). کە وابوو نەتەوە ناتوانێت نیشاندەری زمانی بەکەڵک گیراو بێت و سنوورەکانی زمان لە گەڵ سنوورەکانی سیاسیدا، زۆر جار یەک ناگرنەوە. مێکزیکییەکان ئەگەرچی سەر بە یەک نەتەوە و نیشتمانی مێکزیکین، بەڵام بە زمانی ئیسپانیۆلی قسە دەکەن، یان بەرازیلی بە پرتەقاڵی هەروەها بلژیکی بە فەرانسەیی و...(باقری، مهری، ١٣٧٩: ١٣.

٣- لە پرۆسەی زانستیی زمان و خوێندنەوەی ڕاستییەکانی نێو دەقیی زمانە جیاوازەکاندا، بە بەزەیی پێداهاتنەوە(ترحُّم)، تکا کردن و چوارچێوە دانان و بڤەکاری و دابەشاندن، مافی زمان دابین نابێت و هیچ دەورێکیش نابینێت، پێچەوانە وەک خۆی ئەویتر خوێندنەوە، بڕوا بە جیاوازییەکان، سینگ فراوانی و ئاشنایەتی لەو زمانە و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی بابەتی و زمانەوانی، تاکەکانی کۆمەڵگەی فرە زمانە، یەکانگیرتر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدی هاتنی دیاردەیەکی فرەدەنگە و ئەندامییەتی لە دنیای هەنووکەدا.

٤- لە کۆمەڵگەیەکی چەند زمانەدا(جامعەی زبانی) نیازمان بە دان نان بە مافەکانی زمانە ئەندامەکاندا هەیە و دەبێت بە شێوەی دیمۆکراتیک و هەڵوێستی دادگەرانە و ڕەفتاری مرۆیی، نە تەنیا هەورامی بەڵکو خزمەت بە هەموو زمانە کوردییەکان بکرێت و لە پرۆسەی خوێندن، نووسین و پێداگەیشتن و گەشە و نەشەکردن بێ بەش نەکرێن، بێ گومان بە دی هاتنی ئەم خواستە ئەنجامێکی سەردەمیانە و ڕەوای دەبێت.

٥- پێشتر بە بەرچاوگرتنی تێز و خوێندنەوەی زمانەوانەکان نووسیومە و ئێستاش دووپاتەی دەکەمەوە کە کەمتر زمانەوانێک ئاماژەی داوە بە دابەش کردنی زمان یان نەشبینراوە زمان ئەرزشی و بەرز و نەوی بکرێت. هێشتاش سنووری سەرڕاسی نێوان دیالێکت و زمان وەک زانست، دیار نەکراوە و بەڵکو دایمەن پێداگریی زمانەوان لە سەر وزە و قابیلییەتەکانی زمان بووە. ئێمە هیچ پێوانەیەکمان نییە بۆ سنووربەندیی

نێوان زمان و زار، ئەگەریچ هەبن، زۆربەیان غەیر زمانین. دیار کردنی ئەمە زارە و ئەوە زمانە، زۆرتر هۆکاری سیاسی و فەرهەنگییە تا فاکتۆری زمان. زمان خۆ دیاردەیەکی مادی نییە، کە بتوانی گەزی بکەین و بڵێین تا ئێرەی زارە و لەمەو لاش زمانە. هیچ زمانەوانێک تا ئێستا ئەم کارەی نەکردووە... (حەسەن پوور، ئەمیر، نویسا، ش ٣، پاییزی ١٣٨٣: ٣٧). زمانی (ئێسکیموو)، (هاتن تات)، (هۆپی سوورپێست)، (زاپارۆ) و (شوارا)کان و... ئەگەرچی تەنیا خاوەنی سیستەمی عاداتی گوتارین، بێ ئەوەی پێوەندییەک نێوان پێکهاتەی زمان و شارستانییەت و یان (نەتەوەیی)دا هەبێت، وەک زمانی ئینگلیزی و فەرانسەوی کە زمانی دوو وڵاتی پێشکەوتووی جیهانن، بەرانبەرن و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە. » (رابرت. ا. هال، ١٣٧٣: ٢٦٥.

٦- من پێموایە زمان دوو قۆناغ دەگرێتە خۆی: قۆناغی زانستی-تەوسیفیی واقیعەکان یان هەمان قۆناغی ناسین و ناساندن و کەڵک وەرگرتن لە فەکتە زمانییەکانە. دەبێت ئەم قۆناغە بە «قۆناغێکی جیاوازتەوەری» و بە زاتێکی زاوزێکەر(گشتاری) بزانین، بێ ئەوەی سەر و گوێی داپاچین و هەناسەچنی بکەین دەبێت هەوڵ بدەین وەک خۆی، بیخوێنینەوە. پێچەوانەی ئەم ڕووکردە لە گەڵ فەلسەفەی سەردەمیی زمان یەک ناگرێتەوە. قۆناغی دووەم لە گرکان و فرکانی پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی بە «ستانداردکردن»ی زماندا، دێتە نێو کایەوە و وێنا پەیدا دەکات. پێش بەدی هاتنی زمانێکی یەکگرتوو لە وڵاتێکدا هەموو شێوە زمانەکان بایەخی زمانیان بۆ پێوانە دەکرێت و لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە یەکسانن. ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ئورووپایی پێش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بینراوە. (رابرت. ا. هال، ١٣٧٣: ١٥٦). لەم پرۆسەدایە کە پێوەندیی نێوان زمان و سیاست و هەوڵ بۆ بەدی هێنانی زمانی پێوەر دەست پێدەکات. نیشانەکان وا دێنە گۆ ئێمە هێشتاکو لە قۆناغی یەکەمداین و هەڵسووکەوت دەکەین بۆ ناسینی ڕاستییەکانی نێو زمانەکان. ئەوەی کە شیاوی ئاماژەیە و بە ئەزموون سەلمێنراوە، هەردەم زمان کەوتە نێو چەشکەی سیاسەتەوە، شەمزاندنیی سیمای ڕاستەکی و قۆستنەوەی بەرژەوەندیی چێژی دەسەڵات، دەبێتە یەکەم ئامانج. کە واتە هەمیشە دیاردەی زمان لە لایەن سیاسەتمەدارانەوە وەک ئامرازێک بۆ بەهرەمەندیی لە چێژی دەسەڵات بەکار براوە و دەبرێت. بۆیە زمانەوانیی سەردەم پێیانوایە پێوەندیی زمان و سیاسەت لە لایەن سیاسیکارانەوە تەنیا پێوەندیی بە زەین خەڵەتێنی پۆپۆلیستیانەوە هەیە؛ ئەویش وەک ئامراز و بۆ مەبەستی تایبەت.

سیاسیکاران لە پەنای زمانزانی و زمانەوانیدا، زۆر جار خۆیان حەشار دەدەن و بە فێڵی جۆرارجۆری سێناعەت تەوەری و ڕیتۆریک هەوڵ دەدەن ئەم چەمکە بکەنە گەیشتن بە ئامانجی دیار کراو. وەک واقیع ئەمە یەکێک لە پێوەندییەکانی زمان و سیاسەتە و من نکولی لە باقی دیاردە پێوەندییەکانی زمان و سیاسەتیش ناکەم، بەڵام پێویستە کە ڕاستییە پڕ بایەخەکانی زمان لەم کەین و بەینەدا پێوار و بە پەراوێز نەخرێن و وەک خۆیان بخوێنرێنەوە.

٧- وەک دەزانین ڕێزمان و ڕێنوویس بربڕەپشتی زمانن و دوو مێکانیزمن بۆ شیکاریی زانستیی زمان، تەوسیف و سامان دانی یاسای فێرکاری. هەر زمانێکیش بۆ خۆی خاوەنی پۆلێک قاعیدە و ڕێسایە کە بێ گومان لە گەڵ ئەویتر جیاوازە، جیاوازییەکان بریکیان سەرانتۆیی و ڕووکارین و نزیکایەتییان تێدایە و خاڵە دابڕاوەکان ئەوەندە قووڵ و توێدار نین، کە سەربەخۆیی زمانی بنەخشێنن، بەڵام لە برێکیشدا جیاوازییەکان قووڵ و ژێرخانین و جگەم مومارەسەی فێرکاری و فێربوون (آموزشی، حصولی) بە ئاسانی لێک حاڵی بوون و نزیک بوونەوە سەرناگرێت و ئەمەش دەبێتە مێکانیزمێک بۆ جیاوازیی زمانەکان و چەمکی زمان بوون. جیاوازییەکان نێوان دوو زمان زۆربەی لە پێکهاتە و ناوەڕۆکدا، پتر ئەم بوارانە دەگرێتەوە: ئاواناسی/phonotic ، واج ناسی/phonology ، ڕێزمان/ grammer،(تصریف و نحو)، ماناناسی/symantics، کارکردەکانیتری زمان و... مادام نیشانە زمانییەکان و دەلاتەکانیان یەک نەگرنەوە؛ دەیسەلمێنێت کە ئەم دوو زمانە جیاواز و سەربەخۆن. وەک ئاماژەمان پێدا لە دنیادا نموونەی زۆرمان هەیە کە بە زمانی جیاوازەوە خاوەنی یەک نەتەوە و یەک نیشتمانن و پێچەوانەوە. بێ گومان جگەم لەم چوار ڕەهەندە، جیاوازیتریش لە حەیس و بەیسیترەوە لە نێو زمانەکاندا هەیە.

٨) " هەورامی" لە ڕەوتی هەبوونی خۆیدا بە چواردە سەدە تێکستی حەماسی و غێناییەوە لە دوو قۆناغی مێژوویی/ diachronique، بە ناو (گۆران) و هاو کاتی و سەردەمی/ Synchronique، و مۆدێرندا تێپەڕیوە و جگە لە ڕابردووی پڕ هەیمەنە، لەم چەند دەهەی دواییەدا سەدان وتار و کتێبی زانستی و مێتۆدیک لە بوارە جۆراو جۆرەکانی: ئەدەب، شێعر، ڕەخنە، ئەندێشە، هونەر و هزری ڕووناکبیری نووسراوە و وەک هەر زمانێکیتر هەمیشە خاوەن سامانی زمان بووە و هەرکام لە مۆرک و نیشانە تایبەتییەکان لە هەست و نەستی زمانەکە و تێکستەکانیدا بینراون و قەوارەیەکی

سەردەمیانەیان ڕەخساندووە. کە واتە دەتوانین بڵێین وەک زمانێکی کامڵ و تەواو لە دەلالەت بەخشینی پرۆسەکەدا نەوەستاوە و لە گەڵ ئەوەشدا بە پێی سیرەتی زمان بوون، وێرای پاراستنی جیاوازیی بنەمایی؛ پێدان و گرتنی(داد و ستد)ی لە جوغرافیایەکی بەربڵاودا هەبووە و هاوبەشی و هاوماڵیشی نواندووە. بۆیە  بە مافی خۆی دەزانێت بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک و ئازاد لە نێو کۆمەڵگەی خۆیدا، مۆرکی تایبەتی(مختصات)ی بپارێزرێت و پێکهاتەکەی و ڕەگەزە تاپۆ کراوەکانی و تەنانەت سووچە پێوارەکانی بە خوێندنەوە، پێداچوونەوە،  فێرکاری و ومارەسەی نووسین، کەشف  بکرێن و بە میتێدۆلۆژی تایبەتیی خۆی ڕێزمان و ڕێنووسی بۆ دابنرێت. بەڵام جگە لە جیاکاریی تەرزی گەردانەی کردارەکان، باری سینتاکسی  مۆرفیمەکان، جیاوازییەکی تەوەری کە هەموان دانی پێدا دەنێن ڕەگەزی نێر و مێ تەوەرییە(جنس، genus) . دەکرێت جیاوازیی ڕەگەزیی وەک خاڵێکی ژێرخانی و بنەمایی لە بەرچاو بگیرێت. ئەم یاسا ڕێزمانییە کاریگەریی داناوە بە سەر یاسای ڕێزمان، ڕێنووس و واتاناسیی ئەم زمانەدا و جۆرێک دەنگ تەوەریی نامۆی خێزاندووە کە لەم کێشە بەرانبەرەدا سنوورێکی بەرینە بۆ باقی شێوەکان بە تایبەت سۆرانی. لەم زمانەدا: ناو، جێناو، ئاوەڵناو، هەرمان/کردار و شناسەی کردار و... هەڵگری نموودی ڕەگەزیی نێر و مێن و لە سەر سیستێمی دەنگ تەوەری، ڕەگەزە وشەکان دیاری دەکرێن و هەنێک باسی جیاوازتری بنەمایی دەگرێتە خۆی. ئەگەر پێویست بکات لەم بارەوە نموونەی زەبەندەی فەکتی زمانی دەخەینە بەر چاو.

**سەرچاوەکان:**

رابرت، ا. هال (١٣٧٣). زبان و زبان شناسی. تهران: امیر کبیر

حەسەن پوور، ئەمیر (١٣٨٣). مجلەی نویسا، ش ٣

باقری، مهری (١٣٧٩). مقدمات زبان شناسی. تهران: انتشارات دانشگاه پیام نور

هاشمی، دیاکۆ. (١٤٠٠). پەیجی فەیس بووک

پی ا. چیلتون، سیاست و زبان، وەرگێڕان موحەمەد هادی

هەولێرنامەی کتێب

# گۆران
# ڕەمز نەتەوەیی کورد

پدرام ئەسەدی

گۆران لە ڕەسنترین وشەگان مێژو کوردستانە ک وەقەد شوون و نامێ دیاریێ ک دیرێ، وەڵام ئەڕای خەڵک نەناسریا مەنییە. شێوەئاخاوتن گۆرانی و ئێڵ گۆران ناسنامەی زوانی و ئایینی نەتەوەی کورد لە ژمار تیەن ک لە لای پەیجورەگان کورد کەمتر بنجووری و لیکۆڵینەوە زانستگایی و ئاکادمیک لە سەرێ کریاس. شێوەزار گۆرانی، دیرینە ترین پەل زوان کوردییە ک ئەڕای هەڵگەردان کردن کتاوەیلێ جوور، ئەڤستای زەردەشت یا بەڵگەکان مێژوی دەورەی ئەشکانی و ساسانی نەزانستن گۆرانی کار هەر وەرگیر و توێژەرێ[محقق]پووچەڵ و نیوەکارە کەیدن. نزیکی زوانی زاراوەگان گۆرانی و لەکی وە زوان پەهلەویی و پارتی ئەشکانی بییەسە هووکار ئەوە تا بەشێگ لە نووسەریل غەیر کورد ئەڕای شاردن بنچینەی زوان ڕەسن کوردی ئی دو زاراوە[گورانی/لکی] کوردییە، زوانەیل جیا و سەربەخۆ لە کوردی وە ژمار بارن ک هەڵبەت ئەوان ک ئی قسە باو کردنە ژبن [قطعا] لە بەرهەمەگان ئەدەبی و ئایینی خەڵک کورد یارسانی ک لە سەدەی دووەم هجری تا سەدەی وەرین لە زاراوەی گۆرانی ئەڕای **نۆساین** دەفتر و کلام یارسان یارمەتی گردنە، ئاگادار نەۆنە. لە ئی وتارە هەوڵ دەیمن ک وشەی گۆران هم لە بار زوانی ک ئێسکە لە ناوچەی هەورامان فرەترین کۆبونەوەی زوانی دێرێ و هم لە بابەت ئێڵی و هووز گۆران ک لە ناوچەی دالاهوی کرماشان نیشتەجێن، قسە بکەیمن و ئاماژە بکەیمنە پەیوەندی ک لە ناوین ئایین یارسان و زوان گۆرانی لە ناو مێژوی کوردستان دریژەی هەزار سالان دێرێ.

**کلیل وشە: گۆران، کورد، هەورامان، یارسان**

وشەی گۆران ئێمرۆژ لە بابەت ئێڵی، تاییەت وە بەشێگ لە خەڵک یارسانی نیشتەجی لە ناوچەی دالاهو پاریزگای کرماشانە. وەڵام لە بابەت مێژوویی وشەی گۆران پانتای فرەیگ لە خاک کوردستان لە وەرگرێ. مێژو نووسان عەرەب جوور (فەزل ئولا عومەری) سەدەی ۸ هێجری یا (شەرەف خان بدلیسی) لە کتاو مێژو مەسعودی گشت ناوچەگان خوار کوردستان لە سنوور سلێمانی و شارزوور تا هەورامان و کرماشان و لەکستان و هەمەدان و لۆڕستان وە ناو گۆران یا [الکورانیه] نووسانە. ئاماژەی مێژو و ناسراو بین ناوچەیل فرەیگ ک لە ژێر ناو گۆران هاتنە ئی زانیاریە خەیدە وەردەست ک گۆران لە دیرۆک کوردستان چشتێگ بێجەز ئێستێفادەی زوانی

بیە، چوون ئەگەر گشت پارێزگای کرماشان و سلێمانی لە سەدەیل وەرین زوان گورانی بێاشتان، ئێسکە بایس شوون فرەترێگ لە خەڵک گۆران زوان لە ناویان بیاتا، وەڵام هەر ئەو جوورە ک زانیمن خەڵک کورد لە کرماشان و سلێمانی وە زاراوەگان سۆرانی، کەڵهوری، لەکی، گورانی و...قسە کەن و چوون باس ئاسیمیلاسیۆن زوانی رووداو نووێگ لە ژمار تیەید ک فرەتر لە سەدەی وەردەست تۆش زاراوەگان کوردی هاتێیە، وەی ڕو ناسراو بین خوار کوردستان وەگەرد وشەی گۆران هووکار جیا لە باس زوانی داشتێیە. مانای وشەی گۆران هم تۆیەنێد لە ڕیشەی گەورا هاتو و هم لە وشەی کوردی گەور[گبر فارسی] ک مانای زەردشتی درێ سرچاو گردی، ک هەڵبەت وە هووکار یارسانی بین خەلک گۆران و رێزداری و پایەی بەرزی ک ئایین یارسان ئەڕای زەردەشت پیغەمبر درێ مانای گەور [زەردەشتی]هاتێ دروست بوود. چوون دوماوە هاتن عەرەبەگان و دین ئێسلام، وشەی گەور لە ناو زوان کوردی و وشە گەبر لە زوان فارسی وە مانای غەیر موسەلمان لە کار چوود و چشتێگ ک لە مێژو دیارە لە سەرەتای هاتن ئێسلام لە ناوچە کوردیەگان بەش فرەیگ لە خەڵک کورد وە تایبەت لە دەورەی شاخوەشین لۆڕستانی و سوڵتان سهاک بەرزەنجی لە شار کەرکووک تا هەمەدان لە سەر ئایین یارسان بینە ک ئێسکەیش لە گشت ناوچەەگان شوون ئەو خەڵک و ئایینە هەس. شەرف ئولدین بەدلیسی لە دابەش کردن نەتەوەی کورد لە ناو کتاو خوەی[شەرف نامە]، گۆران یەکێگ لە چووار قوم گەورەی کورد لە ژمار هاوردێیە. ئاماژەی بەدلیسی لە سەر مێژو فرە گرنگە و ئی ڕاستیە خەیدە وەردەست ک لە سەدەیل وەرین گۆران ناسنامەی کورد ڕوژهەڵات بییە ک مێژو نووس گەورەی کورد[شەرف خان]لە کتاو سەرچاوی مێژوی خوەی گۆران یەکێگ لە چووار جەمسەر نەتەوەی کورد زانستێیە. زاراوەی گۆرانی، زاراوەی ئەدەبی و شێعر نەتەوەی کوردە ک تا وەرجە سەدەی حازر گشت شاعرەگان کورد لەسەر زاراوەی گورانی کار کردنە، ڕەسنترین بەرهەم ئەدبی کورد دەفتر و کەڵام و کتاوەگان ئایین یارسانە ک لە دەورەی شاخوەشین لۆڕستانی تا تەیمور بانیارانی لە درێژەی هەزار ساڵ و زاراوەی گۆرانی نوسریاس. سەدەی تا هێجری زاراوەی گورانی لە ناو شێعر و کەڵام رێبەرەگان یارسانی لە لوتکەی کار خوەی رسییە.

(١)

یاری چار چیون باوری وجا
yari chấr chewan bấwari wa ja
پاکی و راستی و نیستی و ردا
paki u rấsti u nisti u rida
هەر کس یی چارە اوەردش وجا
harkas i chấra ấwaardish wa jấ
چمان حجش کردنه یانەی خودا
chimấn hajish kard na yấay xudấ

(٢)

داود نه جای ویش، داود نه جای ویش
dấûd na jay wêsh، dấûd na jay wêsh
هر که بلخشو بی حق نه جای ویش
harka bilaxsho bê haq na jấy wêsh
غافل جه ازی نکرو اندیش
ghấfil ja azî nakaro andêsh
پی ویش بسازو میزان و کم کیش
pay wêsh bisấzo mîzấn u kamkêsh
آدم مرزنو دستقای نەژیش
adam marzino dastiqấy na zhêsh
چه عتوگیرن چیش ماچان پیش
chi ؏ataw gîran chesh mấchấn pêsh

ئی دو کەلام لە زوان سوڵتان سهاک بەرزەنجی گەوراترین کەسایەتی ئایین یارسان ک لە زاراوەی گۆرانی ئەڕای خەڵک نوساس هم چووارچوەی شێعر گۆرانی لە ئایین یارسان دیاری کەید و هم پەیوەندی ئایینی یارسانیەگان

هەوارگەی کتێب

وەگەرد مانای پەیام زەردەشت دیاری کەید ک هەر دو ڕێبەر پاکی و ڕاستی و نیستی سەر مەشق پەیڕوەگان ڕاگەیاندنە. باس تر ک تایبەتمەندی و گرنگی زاراوەی گۆران رووشـن کەید پەیوەندی ڕاستەوخۆ و نەقر[عمیق] گۆرانی وەگەرد نووسیاگەیل ئەڤستایی و پارتی ئەشکانیە ک نەزانستن زاراوەی گۆرانی وەرگیران بەلگەکان دیرۆکی ناشوو[ناممکن]کەید. پەیجورەیلێ وەک مامۆستا (عمادئولدین دەولەتشاهی) لە کتاو»کوە هـای ناشناختە اوستا» و (فـازل ئوسولیان) لە کتاو «درخت آسوریگ» وەشیوەیگ زانستگایی و زوان ناسانە پەیوەندی زاراوەگان کوردی گۆرانی و لەکی وەگەرد بەڵگەکان دیرۆک وەرجە ئێسلام و مەتن زەردەشتی سەلماندنە[اثبات کردن]. (موحەمد موعین) نووسەر وشەنامەی گەورای زوان فارسی ئێعتراف کەیدن ک ئەڕای ناسین فرەتر زوان پەهلەوی باستان، زوان گۆرانی سەرچاوەی گرنگ و ئەساسیە. موعین ئاماژە وە سوڵتان سهاک کەیدن و ڕەسنایەتی ئەدەبی زوان گۆران شروڤە دەید. موعین وشەی سوڵتان سهاک گوڕیاین[تغییر]وشەی سوڵتان ئاستیاگ مادی زانستێیە. لە دریژەی چەند سەدەی وەرین لە ژمارەی ئێڵ و هووزەیل کوردێگ ک لە زاراوەی گۆرانی قسە کردیان کەم بییە. یەکێگ لە هووکارەیل ئی ڕووداوە باوەڕەیل ئایینی گۆران زوانەگانە ک چوون لە سەر ئایین یارسان بینە دەسەڵات دارەیل غەیر کورد و موتێحەجێر هەمیشە هەڕەشە و توندوتێژی لە سەر گۆران زوانەگان یارسانی داشتنە و لە بابەتیل جووروواجوور هەوڵ دانە ک خەڵک گۆران پەخش و پۆن بکەن، تویەنیم ئاماژە وە کووچ ئێڵ گۆران زوان و گەورای سیامەنسوری بکەیمن ک لە دەورەی سەفەوی شاروەدەر کریانەسە ئەفغانستان. گۆرانی، زوان دەربار دەسەڵات بابان و ئەردەڵان بییە و لە دریژەی چەند سەدە لە ناوچەیل ژێر دەسڵات حاکم بابان و ئەردەڵان لە سنە و کرماشان و ئیلام و سلێمانی تا سنوور شارزوور و موسڵ شاعر و نوسەرەیل لە ئی شێوەزارە بەرهەم ئەدەبی سازینە. بەڵگە و دەفتر و شعر فرەیگ ک لە مێژوی کورد لە زاراوەی گۆرانی نوسیاس و گشت گۆرانی نووسەگان لە سەدەیل وەرین خوەیان وە کورد زانستنە، وەڵام لە ئی چەند ساڵ وەردەستە تەقەلای فرەی لە لای بەشێگ پا گردێیە ک توان لە هەر شێوەی بۆشن ک گۆرانی زوانێگ جیاواز لە کوردییە. خانای قبادی شاعر

ناودار کورد  چەند سەد سال وەرجە ئێسکە لە شعر «شیرین و خەسرەو» ک وە گۆرانی نوساس، هانە ولاّم بەیدن:

**راستەن مواچان فارسی شەکەرن/کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن**
**پەی چیش، نەدەوران ئەی دنیای بەد کیش/مەخفورەن هەرکەس بە زبان ویش**
**جەلای عاقلاّن ساحب عەقل و دین/دانا بزرگان کوردستان زەمین**
**بەلەفز کوردی کوردستان تەمام /پیش بووان مەحفوز باقی وەسەلام**

یا شاوەیس قولی یەکێگ لە گەورەیل یارسان لە سەدەیل وەرین ک  لە ئابادی دەرزیان شاهو هاتیەسە دنیا لە کەلاّم خوەی لە زاراوەی گورانی هاوردیە:

**ئەسل من جە کورد ،ئەسل من جە کورد**
aslman ja kurd، aslman  ja kurd
**بابوم کردنان ئەسل من جە کورد**
bâbom kurdanân aslman ja kurd
**من ئاو شیرەنان چەنی دەستەی گورد**
minaw shêranan chani dastay gurd
**سلسلەی سپای زەهاک کردم هورد**
silsilay sipây zuhâk kardim hurd

دژمنایەتی وەگەرد مێژو و زوان گۆران تیەدە سەر ئاو باس ک  ئەوان  ک نیەتوان ئەندیشەی نەتەوەیی و زانیاری خەڵک کورد گەشە بکەی، وە سوود زانن ک بنچینەی و بنەرەت ئەدەبیات، کەلتوور و پێکهاتەی کومەلاّیەتی کوردی لە سەر مێژو و بان پایەی گۆران و یارسان سوارە و لە ئی بابەتە هەووڵ و تەقەلای فرەی کریاس تا کوردەگان لە بنچینەی خوەیان ئاگادار نەون. بابا سرهەنگ دەودانی [٣٢٤هـق] هەزار سال وەرجە ئێسکە لە پای کۆی شاهو لە دەفتر کەلاّم یارسان وەتیە:

**ازکه ناممن، سرهنگ دودان**
az ka nâmiman sarhangi dawdân
**چنی ایرمانان مگیلم هردان**
chani êrmânân magêlim hardân
**مکوشم پری آیین کوردان**
makoshim parê âîni kurdân

له دیرۆک کورد چەند بەڵگەی ئەدەبی دریمن ک هەزار سال تەمەن داشتی و لە ئی رووشنی ک بابا سرهەنگ داودان لە کەڵام یارسان نوساس ئەڕای هەست نەتەوەیی و کوردواری هەووڵ دای؟؟!! گاهەس فرینەی خەلک کورد گرنگی زوان گۆران و پشتوانەی نەتەوەیی ک ئی زاراوە ئەڕای کورد زوانەگان دیرێ تا ئێسکە دەرک نکردۆن، ئەما هەر گام ک زانست زوان ناسی باستانی ئێران و زاگروس تیەیدە نواتر،خاس تر دیاری بوود ک چەنێگ لە تاریخ دەورەی ڕزاشا و کوڕێ، مێژو چەواشە کریاس و چەنێگ بەڵگە و متون باستانی ک هێندێک کەس لە زوان ناسەگان و مێژو نوسەیل دەورەی پادشایی پەهلەویەگان لە ناو زونکن زوان وتاریخ فارسی تومار کردنە، لە ڕاستی رەچەلەک و ریشە لە ناو زوان و مێژوی زاراوە رەسەنەگان کوردی وە تایبەت گۆرانی و لەکی دێرێ و ئێسکە ک نیەتۆنن پەیوەندی راستەوخۆ بەڵگەکان کلیلی دیرۆک، جورێ ئەڤستای زەردەشت و کتاوەیل وەرجە ئێسلام و دەورەی ئەشکانی وەگەرد زوان کوردی بقرتنن هەوڵ دەن ک ڕەسەن ترین زاراواگان کوردی [گورانی/لەکی]لە کورد جیا بکەن تا بەشکم گەورەیی و مەزنی مێژو و زوان کوردی بشارێن. (عابدین جاف) پیر یارسانی هەفت سەدە وەرجە ئێمڕوژ لە کەڵام یارسان وەتیە : دستی خەڵکی بگرە لە ژین با ئەوانیش وەک تو بژین چوونکە هەمو هەر وەک یەکن، لۆڕ و جاف و لولو و لەکن. کەڵام عابدین جاف لە ژمارەی تاک کەسایەتییەگان ئایین یارسانە ک وە زاراوەی گۆرانی نەنۆسریاس و عابدین وە شیوەزار سۆرانی گشت خەڵک کورد و یارسانی وەرەو یەکگرتن بانگەوازی کەید و چشتێگ ک ئەنجام نیاردنێ ئێسکە دووزە و کێشەی نەتەوەی کوردە هەفت سەدە وەرجە ئێسکە لە کەلتوور گۆران و ئایین یارسان ئەرک [وظیفە]

خەڵک بییە و گشت هووزەگان کوردی لە کەلام یارسان وەرەو یەکگرتن و پشتگیری داوەت بینە. کەلام خود سولتان سهاک گەورەترین کەسایەتی گۆران زوان کورد و ڕێبەر ئایین و ئی تەرزەسە:

**ئەسڵمن جە کورد کوردی ونا کرد**
**ئەسڵمن جە کورد ئەز ئا بورەنان[ببر]،**
**شیر مکردم ورد سەر خێڵ**
**خێڵان میردان کردم گرد**

هر چێ دەفتر و کەلام یارسان ژێر بان بکەیمن وە ئی ڕاستیە ڕەسیمن ک گەورایل کورد لە زوان گۆرانی ئەڕای کورد و کوردواری تەقەلا کردنە و وە ڕاستی بایس زاراوە ی گورانی ڕمز نەتەویی خەڵک کورد بزانیمن. چشتێگ ک لە بارەی گۆران و گۆران زوانەگان دیارییە و مینورسکی و پرفسور «جەماڵ نەبەز» هم و پێ ئاگاهی پەیدا کردنە، ڕەسم و دووخ و سەبک ژیان گۆران زوانەگانە. ئیمە لە حاڵ حازر نیەزانیمن کام ناوچە و شاروچگەکان کرماشان و پارێزگایل تر وە شکڵ وردەک [دقیق]لە سەدەیل وەرین گۆران زوان بینە. بەلام ناوچە ی هەورامان، ناوچە گەهوارە ئابادیەگان گەورەجو، زەردە و بان زردە و ناوچەی کەنولەی شارسەنە ک ئێسکە هانە سر زاراوەی گۆرانی و وە ئی زاراوە قسە کەن جیاوازی گرنگی وەگرد زۆربەی ئێڵ و هووزەگان تر کوردستان دێرن ک تیەیدە سەر یەکجانشینی و کووچرەو نەن گورانەگان. پرفسۆر نەبەز لە  ناو پەیجوریەگان خوەی ئاماژە کەید ک خەڵک گۆران نزیکی فرەی وەگەرد فەلسەفە و ئەدەبیات و زانستەگان ئێنسانی داشتنە ک وەخت فرەیگ ئەڕای خوەنین کتاو لە ئی بابەتە بایست خەرج بکردیان و ژیان ئێلی و کووچ دەرفەت خوەنین لە ئێنسان گرێد پس لە سر مێژو گورانەگان دەس لە پەسدارای و شوانی کیشانە و لە ڕێ باخداری و کشت و کاڵ تۆنستنە خوەیان نیشتەجێ ناوچە بکەن و لە حاڵەت کووچەروی دور بکەفن. باس «پروفسور نەبەز» و مینورسکی لە ئێرە دروست دەر تیەد ک ناوچەگان پاوە و گشت ئابادیەگان دەوروبەرێ و زۆربەی خەڵک هەورامان و ئابادی کەنولە لە ناوچەی دینەوەر سەنە و ئابادیەگان ناوچەی گەهوارە وەڕاستی تا ئیمروژیش باخ دارن و کمتر هووز و ئێلی لە مێژو

گۆران زوانەگان پەیدا کەیمن ک لە بیر مێژوی خوەیان خەونە[خاطرە] کووچ و ییلاق قشلاق کردن داشتن ک هووکار ئی جەریانە تیەدە سەر باس مێژونوسەگان ک گۆرانەگان لە بابەت سەرکار داشتن فرەتر وەگەرد کتاو و قەلەم لە حالەت کوچرەو و هەلگەڕیانەسە یەکجانیشنی. هەورامان ک دڵ پاگرتن ئایین یارسانە و جێگای ژیان گەورایل و شاعرەگان کورد گۆران زوان لە تاریخ بییە، هم لە بابەت سرۆشت و ژینگە و هم لە بابەت خسڵەت خەڵک هەورامان یەکجانشین و باخ دارن و پەس داری و کوچڕەویی لە ئەو ناوچە نییە.

## ئاکام

خاک کورستان وە هووکار داشتن چیا و دەشت پڕئاو و سرۆشت دەوڵەمەند لە درێژەی هەزاران ساڵ بارودووخێ ئەڕای ئێڵەگان کورد درس کردێیە ک هەر هووزیگ تۆنستیە وە شیوەی سەربەخۆ هەوەجە و ئێحتیاج ژیان خوەی چارەسەر بکەید. ئی سەربەخۆیی سرۆشتی و جوغرافیایی لە هەزاران سال زاراوەیل فرەیگ لە ناوچەیل کوردی سازیە ک گەرچی لە سەرچاوە و بنەڕەت زوانی گشتیان وە یەک ڕەسن، وەڵام هەر زاراوەی تایبەتمەندی خوەی دیرێ ک نیشانەی ئەو ئێڵ و زاراوەگەیە. فراوانی زاراوەگان کوردی ک نیشانەی خاون زوور و دەوڵەمەنی زوان و کەلتوور کوردییە، بیەسە هووکار ئەو کێشە تا دژمەنەگان و ئەوان ک نیەتوان ئێڵەگان کورد لە یەک نزیک بوون، جاروەجاری وەگەرد ناساندن یەک زاراوەی کوردی لە گەلەمپەرێ[غالب] زوانێگ جیاواز لە زوان کوردی چاک و دۆرینگ[فاصلە] بخەنە نێوان کوردەگان. وەڵام لە بابەت گۆرانی، وە قەدر مێژو و کەلتوور و ئایین و شعر خەڵک کورد لە دریژەی سەدان ساڵ وەگەرد زاراوە گۆران جووش خواردێیە ک هەر لاپەڕە لە مێژو کورد واز بکەیمن شوونێگ لە گۆران لە تێ دیارییە. وە تایبەت ئایین یارسان ک فەلسەفەی جهان بینی خەڵک کوردە لە بن وە زاراوەی گۆرانی نوسریاس و بڵاو بییە و ئی ئەرک[وظیفە] ها بان شان زوان ناس و مێژو خونەگان کورد ک لە بەرامبەر هێرش و هەڵاماتێ ک تیەیدە سەر مێژو و زاراوەی گۆران تا شوون گۆران و پەیوەندی ڕاستەخۆی گۆرانی وەگەرد کورد بقرتنن لە کەلتوور گۆران و ڕەسنایەتی زاراوەی گۆرانی پاسەوانی بکەن.

## سەرچاوە کان

۱-آکوپف، گ. ب. ۱۳۸۵. کُردان گوران در کُردان گوران و مسئلۀ کُرد در ترکیه، ترجمۀ سیروس ایزدی، تهران: زوار، چاپ اول؛

۲-خدایاری، نعمت، نگین سبز زاگرس (گهواره)، مقدمه و ویرایش همت‌علی اکرادی، کرمانشاه: طاق بستان، ۱۳۹۱.

۳-سلطانی، محمدعلی. ۱۳۸۱. جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، جلد اول، تهران: مؤسسۀ فرهنگی نشر سها، چاپ سوم.

٤-همزه‌ای، فریبرز. ۱۳۹۳. رزم‌نامه: اسطوره‌های کهن زاگرس، بخش نخست: خاستگاه فرهنگی، زبانی رزم‌نامه، کرمانشاه: انتشارات دانشگاه رازی، چاپ اول.

۵- عبدالحسین سعیدیان،، تهران ۱۳۷۷ سرزمین و مردم ایران انتشارات علم و زندگی،

٦- ایرج افشار سیستانی،، ۱۳۸۷ تاریخ تمدن اقوام آریایی،انتشارات نگارستان، چاپ اول

۷-فواد، کمال (۱۹۷۱. گویشهای زبان کُردی و زبان ادبی و نوشتاری تهران مجلۀ انجمن دانش‌پژوهی کُرد

۸-مینورسکی، ولادمیر (۱۹۷۳). کُردها نوادگان مادها. بغداد: مجلۀ انجمن دانش‌پژوهی کُرد.

۹-سجادی، علاءالدین، «تاریخ ادبیات کردی» چاپخانه معارف، بغداد، (چاپ اول)۱۹۵۱.

۱۰-چگونگی گرایش والیان کرد اردلان به تشیع ». فصلنامه علمی پژوهشی شیعه شناسی شماره ۳۵. مؤسسۀ «شیعه‌شناسی». ۱۳۹۳

۱۱-شیرین، اردلان، خاندان کرد اردلان در تلاقی امپراتوری های ایران و عثمانی، ۱۳۸۷تهران ترجمه مرتضی اردلان

۱۲-صدیق صفی‌زاده،۱۳۷۶ دانشنامه نام‌آوران پارسان،

۱۳-بایندر، هنری. سفرنامۀ هنری بایندر: کردستان، بین‌النهرین و ایران، ترجمۀ کرامت‌الله افسر، تهران: انتشارات فرهنگسرا (یساولی)، چاپ اول: ۱۳۷۰؛

هەواڵنامەی کێڕ

# هەورامی زارێکە
# لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی

▢ د.مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا

زیندویەتی و گەشەکردنی زمان، دوور لە دەسەڵاتی مرۆڤ خۆیەوە ئەنجام دەدرێت، زیندوویەتی زمانیش بەڵگەی زیندوویەتی گەل و نەتەوەیە، زمانی کوردیش یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی جیهان، سەرەڕای چەندین کۆسپ و تەگەرەکان بە پێی سەردەم توانیویەتی خۆی لە فەوتان بپارێزێت، لە ڕێی زمانەکەیەوە خزمەتی بەرهەمی کلتوری وڕۆشنبیری خۆی کردووە.

سەرجەم زمانەکانی جیهان لە چەندین زار و شێوەزاری جیاواز پێکدێن، چونکە سروشتی زمان بەوجۆرەیە، کە بەپێی کات و شوێن و تەمەن و ئەرک و پیشە شێوازی جیاوازی زمان دروست بکات، ئەمەش بۆ زمانی کوردی تەواو دروستە چونکە جۆراوجۆری زمان بەڵگەی زیندویەتی هەزمانێکە، زمانی کوردیش لە چەند زار و شێوەزارێک پێکدێت (کرمانجیی سەروو، کرمانجیی ناوەڕاست، کرمانجیی خواروو، گۆران و زازا) هەر زارێک لەم زارانەش لە چەند شێوەزارێک پێکدێت، شێوەزاری هەورامیش یەکێکە لە شێوەزارەکانی گۆران و زازا، بەڵام دیالێکتەکە بەم شێوەزارە ناسراوە، چونکە بەرهەمی زۆری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری بەم شێوە زارە نوسراوە، بە پێی سەردەم و دەسەڵاتەکان هەرماوەیەک یەکێک لەم زارانە زمانی دەسەڵات و نووسین بوون، لەسەردەمی ئەمارەتی ئەردەڵاندا ئەم زارە زمانی شیعرو نووسین و دەسەڵاتی ئەمارەتەکەبوو، نوسەرانی سەر بە زارەکانی تریش بەم زارە بابەتەکانیان دڵاوکردوەتەوە.

زۆربەی نووسەران ئاماژەیان بۆ ئەو ڕاستییەکردووە، کە قسەپێکەرانی هەریەک لەم زارانە خۆیان لە زمانی کوردی و نەتەوەی کورد جیانەکراوەتەوە، شێوەزاری هەورامی بە زمانێکی سەربەخۆ نازانن، شاعیری گەورەی کورد ( خانای قوبادی ١٧٠٠-١٧٥٠) لە شیرین و خوسرەوەکەیدا کە بە م شێوەزارە نووسراوە بە شانازیەوە دەڵێت:

**ڕاستە مەواچان فارسی شەکەرەن**<br>
**کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن**

خانای قوبادی باس لەوە دەکات کە زمانی کوردی لە زمانی فارسی شیرینترە، بەڵام بە شێوەزاری هەورامی گوزارشت لەم شیرینە دەکات، ئەمەش بەڵگەیە کە شێوە زارەکە بە شێوەزارێکی زمانی کوردی دەزانێت.

بنەماکانی هاوبەشی و جیاوازی زمان و زارەکان لە ئێستادا بە پێی تیۆرە زانستییەکان بریتییە لە لێکچوونیان لە ڕووی ئاستەکانی زمانەوە، هەرچەند هاوبەشی و ناوکۆیی زیاتربێت نزیکی نێوان زارەکان دێتەئاراوە، بەڵام جیاوازی نێوانیان لێکنەچوون دروست دەکات.

ئەگەر لە رووی زانستییەوە ئەو پرسیارە بکرێت ئایا شێوەزارێکی زمانی کوردییە؟ لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ، چونکە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە تاکەکانی سەر بەم شێوەزارە خۆیان بەنەتەوەیەکی تر نازانن، چونکە لەگەڵ هاوزار و شێوەزارەکانیان لە زمانی کوردیدا. پێکەوە مێژوویەکی سیاسی و ئابووری و ئاینی هاوبەشیان هەیە.

لەڕووی زانستیشەوە لە سەرجەم ئاستەکانی زماندا (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس و واتاسازی) هێندەی هاوبەشی و ناوکۆی هەیە هێندە جیاوازی نییە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە شێوەزارێکە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی.

هەر منداڵێک مافی خۆیەتی بەزمانی دایکی بخوێنێت، چونکە تا تەمەنی دەساڵ دەبێت زمانی دایکی پڕاوپڕو تەواوبێت دواتر زمانی دووەم فێربکرێت. بەڵام بۆ بارودۆخی کوردستان دەکرێت لەو ناوچانەی کە بە شێوەزارێکی دیکە دەخوێنن، وانەیەک هەبێت بۆ ئەوەی شێوەزارەکەی خۆیان بە پراکتیکی بەکاربهێنن، هەست نەکەن گرنگیان پێنادرێت و پەراوێز خراون. خزمەتکردنی شێوازاری هەورامی پێویستی بە هەوڵ و کاری هەمەلایەنەیە، هەوڵبدرێت وەک شێوەزارێکی زیندووبمێنێتەوە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوێزرێتەوە و بەنەمانی تاکەکانی نەبێتە شێوەزارێکی مردوو، واتە دەبێت قسەپێکەرانی گرنگی بەم شێوەزارە بدەن، دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیدارەکان ناچا ربکرێن گرنگی پێبدەن، دواتر هەوڵبدرێت نامەی زانکۆیی لەبوارەکانی زماندا بەم شێوەزارە بنووسرێت، لە ڕاگەیاندنەکانیشدا

چەندین بەرنامە تەرخان بکرێت بۆ ئەم شێوەزارە، کەناڵەکان گرنگی زیاتر بە ئەدەب و هونەری ناوچەی هەورامان بدەن، چونکە هەزوو وتویانە (گەر ئەدەبیاتی گۆران لە ئەدەبیاتی کوردی دەربهێندرێت هیچی وای نامێنێتەوە).

***سەرۆکی زانکی هەڵەبجە**

**پسپۆر لە بواری دیالێکتۆلۆژی شێوەزاری هەورامیدا**

هەواڵنامەی کتێب

# هەورامی گۆڤەرێکی ڕەسەنی زاری گۆرانی زمانی کوردییە

پ. د. هۆگر مەحموود
زانکۆی سلێمانی

## پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بەناونیشانی ((هەورامی گۆڤەرێکی ڕەسەنی زاری گۆرانی زمانی کوردییە))وەیە، کە لە یەک بەشداو بە دوو پار کۆمەڵێک بنەما دەخاتەڕوو، کە لەڕێگەیانەوە هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەو نزیککەوتنەوەی زارو گۆڤەرەکانی زمان، بەشێوەیەکی زانستی دەخەنەڕوو، کە گرنگترینیان تایبەتمەندییە سروشتییەکەی زمانە بەگشتی، کە هەمیشە وەک بوونەوەرێکی زیندوو لە گۆڕراندایە، بەشێوەیەک کە ئەگەر بەربەست بۆ یەکگرتوویی نەتەوەکە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە دروستبکرێت، ئەوا زمانەکەش هەنگاو هەنگاو بەپێی گۆڕرانی خۆی، زارو گۆڤەرەکانی بەرەو دوورکەوتنەوە لەلایەنی دەنگ و وشەو بگرە واتاو پراگماتیکیشەوە، دەچێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو بەربەستانە بۆماوەی زۆر بمێننەوە.

دوواتر بە چەند خاڵێک ئەنجامی لێکۆڵینەکە خراوەتە ڕوو، پاشان ڕاسپاردەکان و بەدووایدا پەراوێزەکان و لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان پێشکەشکراون.

## هەورامی گۆڤەرێکی ڕەسەنی زاری گۆرانی زمانی کوردییە؟ یان. . .

ئەم پارە، دەخوازێت، کە لە چەند ڕووانگەیەکەوە لە گۆڤەرەکە بڕوانێت، لەوانەش: ڕووانگەی دەنگسازی و وشەسازی و ڕێزمان، هاوکات باوەڕی قسەپێکەرانی گۆڤەرەکەش، بەتایبەت هۆکارەکانی ئەو باوەڕە لەلایەنی مێژوو و کەتوار (واقع)ەوە.

یەکێک لە ئەو بابەتانەی، کە هێندێکجار کەسانێک دەڵێن لە گۆڤەری هەوارامیدا فۆنێم هەیە، لە زارو گۆڤەرەکانی تردا نییە، وەک ئەوەی، کە لە وشەی (ئەدا° – ʔeia) [١] واتە (دایک)دا هەیە. جا ئەوەیڕاستیبێت خودی وشەی (دایک) لە زمانی کوردیدا بە چەندان شێوە گۆ دەکرێت، ئەگەرچی پێموایە بنەچەکەیان هەر یەک شتە و گۆڕرانی دەنگییان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە هەروەک (مێجەرنوئێل)یش ئاماژەی بە ئەو شێوە جیاوازانەی پێکهاتەی دەنگیی وشەی (دایک)ی کردووە، وەک: (دای، دا، دی) [٢]. بێگومان جگە لەوانەش، ئەم شێوەیانەشی هەن، وەک: (داک، داڵک). سەبارەت بە وشەی (دایک)ی کرمانجیی نیوەڕاست، پێدەچێت لە بنەچەدا لە (دای + ک) کەوتبێتەوە، کە ئەمەش بەرامبەر (نەنک) یاخود (نەنێ) واتە (دایەگەورە)دا هاتبێتەکایەوە، واتە (دایە بچووک)، دەنا خودی (دای) واتای (مادەر)ی فارسی دەگەێنێت. وشەی (دایە)ش، کە بۆ بانگکردن بەکاردێت، ئەمیش بەرهەمی گۆڕرانی دەنگییە، دەنا مۆرفیمی

(ە – e) لە گۆڤەری سلێمانیی زاری نێوەڕاستدا، نیشانەی بانگکردنە بۆ (نێر)، وەک: (کاک+ە)، (مام+ە)، (خاڵ+ە)[٣]. بۆیە دەبێت بزانین، کە (دایە) گۆڕراوی (دای+ێ)یەو (ێ) مۆرفێمی بانگکردنە بۆ (مێ) وەک: (خوشکێ، پووریێ). دوواتر هەبوونی دەنگی [ی–y] ی نەبزوێن لە (دای)داو بەدوویدا دەنگی بزوێنی [ێ] بووەتە هۆی ئەوەی بزوێنی [ێ]، کە مۆرفێمی نیشانەی مێیە بۆ دەنگی [ە – e] بگۆڕرێت. جا ئەگەر مەبەستمانبێت زمانەکەمان پێڕەوبەندانە لە بوواری نووسیندا بەکاربەبەین، دەبێت شێوە دروستەکەی وشەکە بەکاربهێنین (دایێ) بنووسین، بەڵام هەرچۆنێک لە قسەدا بەکاربێت ئاساییە. دەبێت ئەوەش بڵێین، کە لە گۆڤەری سلێمانیداو تەنانەت لە کرمانجیی نێوەڕاستدا نیشانەی نێرومێ لە کەمترین ئاستدا نەبێت، نەماوە.

ئێستا، کە ئەو گۆڕرانانەمان سەبارەت بە وشەکە خستنەڕوو، دەکرێت بەوردی سەرنجی وشەکە لە گۆڤەری هەورامیدا بدەین، تاوەکو ڕێبەدیی بۆ ئەو گۆڕرانانە بکەین، کە بەسەر وشەکەدا هاتوون. پێش هەرشت ئێمە پێمانوایە وشە هەورامییەکە، لە (هەدا)وە گۆڕراوە بۆ (ئەدا)، چونکە دەنگی [ه] لە زۆر وشەدا، گۆڕراوە بۆ هەمزە، وەکو (هەسپ > ئەسپ)، (هاسان > ئاسان)... تاد. بەدووای گۆڕرانی [ه] بۆ [هەمزە]، دەنگی [د]ش چ لە گۆڤەری هەورامیداو چ لە گۆڤەری سلێمانیی زاری کرمانجیی نێوەڕاست و ژوورووشدا، نموونەی کەوتنی لە وشەدا زۆرن. هەر بۆ نموونە لە سلێمانیدا (دەڵێم، دەچم، دەخۆم... تاد) بە (ئەڵێم، ئەچم، ئەخۆم... تاد) فۆنەتیکییانە دەردەبڕرێن. ئەم دیاردەیە تەنیا بۆ سەرەتای وشەش نییە، بەڵکو لە نێوەڕاست و کۆتاییشدا، نموونەی کەوتنی هەن، وەک: (پەند)، کە دەوترێت (پەن)، بۆنموونە:

**– فلان بوو بە پەن.**

تەنانەت زۆرجار [ن] و [د] و [ن] و [گ] بە [ŋ] دەردەبڕن. دەوڵەتمەند، دەکەن بە (دەوڵەمەن). بۆ ناوەڕاستیش، وشەی زیندوو، دەکرێت بە (zînŋû) واتە بە [نگ – ŋ] دەنگی [ن] و [د]یەکە دەردەبڕن، یان هەر دەڵێن (زینوو). ئەم دەنگی [د]یە، لە زارەکانی تریشدا، کەوتن و گۆڕانیشی هەیە، بۆنموونە لە کرمانجیی ژوورووداو، وشەکانی: (زەرد، پرد، کێرد... تاد)[٤] دەبن بە (زەر، پر، کێر... تاد). نەک هەرئەوەش، بەڵکو لە ئاڤێستادا زۆر وشەی کوردیی ئێستا، کە بە دەنگی [د] لە ئارادان، لە ئاڤێستادا بە دەنگی [ز] بوون، وەک: (زرەیە – zraya)، کە بەواتای (دەریا) هاتووە. تەنانەت

دەنگی [د] لەگەڵ [ت]شدا گۆڕرانیان نموونەی کۆنی هەن، وەک: ئەوەی لە کوردیی دێریندا (دیتار) بەواتای (دیدار)ی ئەمڕۆ هاتووە. (داتستان) بەواتای (دادستان) واتە (دادگا) هاتووە، یاخود (دات) بەواتای (داد) هاتووە. (٥)

کەواتە دەبێت بۆ زمانەوان ڕوون و ئاسایی بێت، کە بڵێین دەنگی [د] لە وشەی (ʔeia)دا گۆڕرابێت یان کەوتبێت، چونکە نموونەمان چ لە گۆران و چ لە زارەکانی تریشدا هەن. هاوکات بەدووری نازانین، کە (هەدا)ی هەورامی، مۆرفیمی (هە)، کە دەنگی [ە]ی کەوتووە، یاخود گۆڕراوە بە (هەمزە)، هەر هەمان مۆرفیم بێت، کە لە وشەکانی (هەژیر، هەکار، هەژین. . . تاد)دا هەیە، کە لێرەدا وەک پێشگر هاتووە، بەڵام لە بوونە پاشگرییدا دەبێتە: (ژیرە، کارە، ژینە. . . تاد). ئەمە وادەکات بۆچوونی ئەوەشمان هەبێت، کە ڕەنگە (دایە)کەی سلێمانیش، مۆرفیمی (ە – e)، کە پێشتر وەک گۆڕراوی دەنگی نەبزوێنی [ی – y]و نیشانەی مێ (ێ)، بووبێت بە [ە – e]، واتە (دایێ) بووبێت بە (دایە)، لێرەدا ئەم شیمانە نوێیەش دەخەینە ڕوو، کە دەنگی [ە – e] خودی مۆرفیمی (ە) بێت، بەڵام لێرەدا بەدووای کەوتنی دەنگی [ە]دا، بووبێت بە (ە – e)، واتە مۆرفیم بێت، نەک تەنیا دەنگێک، هاوکات لە پێشگرییەوە بووبێت بە پاشگر(٦)، واتە لە خودی مۆرفیمی (هە)، دەنگی [ە] نەمابێت و تەنیا بە (ە – e) بچێتە دووای وشەی (دای)، بەوەش دابەشبوونەوەیەکی نوێ لە برگەکانیدا هاتبێتە کایەوە، کە بە (دا) و (یە) وشەی (دایـە)ی سازکردبێت، پێشتر (هـەدای) بووبێت.

ئێمەی کورد، کەمترین نووسراومان لە سەردەمە کۆنەکانەوە بۆماوەتەوە، چونکە هەر داگیرکەرێک هاتبێت، ئەوا دەسنووسەکانمانی لەناوبردوون. دیارە بەڵگەنامەی مێژوویی بۆ ئەو کارەیان، کەمنین. جائەگەر کەمتازۆرێک مابن، ئەوا ئەوانەن، کە بە هۆکاری ئایین شارراونەتەوە، وەک ئەدەبییاتی ئایینی یارسان، یاخود ئەو دەقە ئەدەبییانە، بەتایبەت شیعر، کە سینە بە سینە، پارێزراون. هەربۆیە، بۆ وشەی (ʔeia) واتە (دایک)ی هەورامی، ئەم بەیتەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی(٧)، دەخەینە بەرچاو، کە دەڵێت:

**ئیسمش موحەممەد، قورەیشی و عەرەب**
**ئەداش ئامینە، کناچەی وەهەب**

هەولێر-کتێب

واتە لێرەدا مەولانا وشەی (ئەدا)ی نووسیوە، ڕەنگە هەبن بڵێن مەولانا خۆی هەورامی نەبووە، بۆیە ناکرێت نووسینەکەی ڕەچاوبکرێت. بۆ وەڵامی ئەوانە، دەڵێم گۆڤەری هەورامی تا ڕۆژگاری مەولانا، زمانی ئەدەبیی زۆرێک لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات بووە. واتە بە دڵنیاییەوە مەولانا گۆڤەرەکەی زانیوە. هاوکات مەولانا لە نووسین و زمانی عەرەبیدا، کەمهاوتا بووە. جگە لەوەش بوونی گۆڤەری سلێمانی بە زمانی ئەدەبی لە باشوور و ڕۆژهەڵات، بەدووای لوتکەکانی وەک مەولانا و نالی و سالم و کوردیدا، پەرەیسەند. هەربۆیە کاتێک مەولانا لە شیعرەکەیدا، نووسیویە: (ئەداش ئامینە. . . ) ئەوە لە بەئاگاییەوە بووە بۆ لایەنی دەنگی و لایەنی پێڕەوبەندیی ئەو وشەیە و خودی فۆنیمەکەش. بۆیە بەپێی تایبەتییە فۆنیمییەکەی وشەکە نووسیویە، نەک وەک لایەنی گۆکردنە فۆنەتیکییەکە، کە (ʔeia) بووە. مەولانایەک، کە لە بوواری زمانەکانی عەرەبی و فارسی و. . . تاد، بەتوانا بووە، دەیتوانی لەبریی پیتی (د) لە شیعرەکەدا، بە (ئەآش) بینووسییایە، کە بە ئەلفوبێی عەرەبی دەبوو بە (أآش)، بەڵام ئەوە بەئاگایی مەولانا بووە، کە بە پێڕەوبەندەکەی گۆڤەری هەورامی، وشەکەی نووسیوە، نەک بە فۆنەتیکی.

پێشتر وتمان، کە ئەم لەناوچوونی دەنگی [د]یە، یان گۆڕرانی، چ لە سلێمانی و چ لە زارو گۆڤەرەکانی تری زمانی کوردیدا، نموونەی زۆرن. جا ئەگەر بەوردی و بە گوێیەکی هەستەوەرەوە لەلایەنی فۆنەتیکیی دەربڕراوەکانی گۆڤەری سلێمانییش بڕوانین، ئەوا دەبینین، کە سەبارەت بە دەنگی [د]، لەناوچوون نییە، هێندەی ئەوەی کە گۆڕران ڕوویداوە، چونکە ئەگەر لەناوچوون بێت، ئەوا واتای ئەوەیە کە هیچ فۆنیمێک لەجێی نەهاتووە و جێگەکەی لە وشەکەدا بە چۆڵی ماوەتەوە، کە بێگومان ئەوەش ڕاست نییە، چونکە زۆرجار ئەو دەنگەی لەجێگەی فۆنێمی (د) دێت، ئەگەر لاببرێت، ئەوا واتای وشەکە گۆڕرانی بەسەردا دێت و واتا بنچینەییەکەی نامێنێت. هەر بۆ نموونە لە سلێمانیدا، دەوترێت:

- ئەو گوڵە بە بە دڵسۆز.

لێرەدا ئەم ڕستەیە گۆڕراوی ڕستەی:

(- ئەو گوڵە بدە بە دڵسۆز)ە.

جا ئەگەر لە ڕووانگەی ڕستەسازیی کوردییەوە بۆی بڕوانین، ئەوا دەبوو بوترایە:

– ئەو گوڵە بە دڵسۆز بدە.

واتە ئەمە ڕستە پێرەوبەندەکەیە، بەڵام لە ڕستەی پێشووتردا، کە دەربڕراوی (بە) هاتووە، دەزانین، کە ئەمە (بە)ی پێشپرتک نییە، بەڵکو کاری داخوازی یان فەرمانە لە زمانی کوردیدا و پێرەوبەندەکەی (بدە)یە.

جا لە سلێمانیدا کاتێک دەنگی [د] گۆناکرێت، یان تێدا دەچێت، یاخود دەگۆڕرێت بە دەنگێکی تر، ئەوا هێندێک جار دەگۆڕرێت بە دەنگێکی بزوێن، کە لە کوردیدا بە (بزرۆکە) ناودەبرێت. دیارە ئەم دەنگە، کە لە کوردیدا فۆنیمیشە، واتە دەنگێکی بنجیی زمانی کوردییە، چونکە دەتوانێت لە وشەکاندا بە گۆڕران و نەمانی، ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان. بۆ دڵنیابوون لەوە، دەتوانین ئەم وشانە بە نموونە بهێنینەوە: (کل، دڵ، چڵ، مل،. . . تاد)، کە لەنێوان هەردوو دەنگە نەبزوێنەکانیاندا، بزوێنی بزرۆکە هەیە، کە لە ئەلفوبێی ئارامی (عەرەبی)ی کوردیدا، پیتی بۆ دەستنیشاننەکراوە، بەڵام لە لاتینیی کوردیدا، بە (i) وێنەکراوە. هاوکات دەشزانین، کە برگەو وشە بەبێ بزوێن گۆناکرێن. کەواتە وشەکانی سەرەوە، لە هەریەکێکیاندا بزوێنی بزرۆکە (i) بوونی هەیە. لەمەشەوە دەزانین کاتێک لە گۆڤەری سلێمانیدا، دەوترێت:

– ئەو گوڵە بە دڵسۆز بـ (i)ە.

ئەوا بە لاتینییەکە دەبێتە:

– ew guĭe be diĭsoz bie.

یاخود کاتێک ڕستەکە بگۆڕین بە:

– ئەو، گوڵ بە دڵسۆز دەدا.

لێرەدا بە گۆکردنی سلێمانییانە، بە سێ شێوە دەردەبڕرێت، کە بریتین لە:

١-ئەو، گوڵ بە دڵسۆز ئەدا.

٢-ئەو، گوڵ بە دڵسۆز ئەیا.

٣-ئەو، گوڵ بە دڵسۆز ئە (i) ا.

لە ڕستەی یەکەمدا، کاری (دەدا)، تەنیا یەک دەنگی [د]ی کەوتووە، بەڵام هەمزە جێگەی گرتووەتەوە، کەچی لە ڕستەی دووەمدا هەردوو دەنگی [د]یەکە کەوتوون، یەکەمیان هەمزەو دووەمیان [ی – y]ی نەبزوێن جێگەی گرتووەتەوە. لە ڕستەی

سێهەمدا، فۆنێمی دووهەم، کە سەرەتای قەدی چاوگی (دان)ە، ئەوا وەک خۆی نامێنێت، چونکە لەبریی ئەو بزرۆکەیەک هاتووە، کە ئەمیش هەر بزوێنە، بەدووایشیدا بزوێنی [ا – a] دێت، کە بزوێنی قەدی چاوگی (دان)ەکەیە. بەمەش ئەگەر بە ئەلفوبێی لاتینی بنووسرێت، ئەوا ڕستەکە بە هەر سێ جۆرە گۆڕرانەکە دەبن بە،

**یەکەم:** ew guĭ be diĭsoz ʔeda
**دووهەم:** ew guĭ be diĭsoz ʔeya
**سێهەمیش:** ew guĭ be diĭsoz ʔeia

جا ئەگەر ئەم کارەی ڕستەی سێهەم بەراورد بکەین بە ئەو وشەی (دایک)ەی گۆڤەری هەورامی، ئایا هەمان پێکهاتەی دەنگی نییە؟ خۆئەگەر هەمان پێکهاتە بێت، ئەوا بۆچوونەکەمان دروستە، کە ئەوە فۆنێمێکی سەربەخۆو جیاواز نییە، هێندەی ئەوەی کە بریتییە لە کەوتنی دەنگ و گۆڕرانی دەنگ، لە هەردوو گۆڤەرەکەدا. هاوکات دەبێت ئەوەش بڵێین، کە لە (ʔeia)دا سێچەنگەیەک (تریتۆنگ) دروستبووە، چونکە وشەکە جگە لە هەمزە، کە تەنیا دەنگەو فۆنێم نییە، ئەوا سێ فۆنیمەکەی تر، هەرسێکیان بزوێنن. هەر ئەو چاوگی (دان)ە، لە گۆڤەری سلێمانیدا، بۆ هەموو گەردانەکانی، شیمانەی تێداچوون یاخود گۆڕرانی دەنگی [د] لەئارادایە، هەر بۆنموونە، کاتێک، کە دەوترێت:

- ئەو گوڵی بە دڵسۆز داوە.

بۆ هەمان ڕستەی سەرەوە، ئەم جۆرە دەربڕینەش لەئارادایە:

- ئەو گوڵی بە دڵسۆز یاوە.

واتە لێرەدا دەنگی [د] کەوتووەو دەنگی [ی – y]ی نەبزوێن جێگەی گرتووەتەوە، بەڵام هێندێک جار، بەتایبەت لەلای دانیشتووانی ڕەسەنی سلێمانی، بە ئەم شێوەیەش گۆدەکرێت:

- ئەو گوڵی بە دڵسۆز (i)اوە.

واتە دەنگی [ی – y]یە نەبزوێنەکەش نەهاتووە، بەڵکو دەنگێکی بزرۆکە، بە

ئەلۆفۆنێکی کورت، لە ڕووبەرێکی کورتدا هاتووەو کەوتووەتە پێش بزوێنی [ا – a] وە، کە بەگوێی هەستەوەری ئاسایی هەستیپێدەکرێت، گەر بکرێت بە لاتینی، بە ئەم چەشنە دەنووسرێت:

– .ew guĭî be dĭĭsoz iawe

واتە دەربڕراوەکە، کە (iawe)یە، بە دووچەنگە (Diphthong)ێک دەستپێدەکات[٨]، کە بزوێنەکانی [بزرۆکە – i] و [ا – a]ن، کە ئەمەش لەناو گۆڤەری سلێمانیدا نەبێت، بەرگوێ ناکەوێت و هاوکات بۆ دەربڕینیش ئاسان نییە.

لە گۆڤەری هەورامیدا، لە چاکوچۆنیدا، دەوترێت: (وەشەنی؟)، واتە چۆنیت. یان دەوترێت: (خاسەنی؟). دیارە ئەم (خاس)ە لە گۆڤەری سلێمانیدا، لە هێندێک ناوچەدا بەکارهێنانی هەیە. هاوکات (خاس) وشەیەکی کوردییە و پێوەندیی بە (خاص)ی عەرەبییەوە نییە.

هەرچی (وەشەنی)یە، لە بنەچەدا (خووەشەنی) بووە، و کە مۆرفیمی سەرە لە ئەو دەربڕراوەدا (خوەش)ە، جا دەنگی یەکەمی وشەکە، کە [خ]یە، دەنگێکی مەڵاشوویە، دەربڕینی کەمێک گرانیی تێدایە، بۆیە ئەو دەنگە لە هەورامییەکەدا کەوتووەو ئەوەی ماوەتەوە (وەش)ە. هەمان وشەی (خووەش) لە گۆڤەری سلێمانیدا ماوە، بەڵام گۆڕانی بەسەردا هاتووە. گۆڕانەکە لە [خ]دا نییە، چونکە ماوە، بەڵام (وە) یاخود (ووە – uwe) گۆڕراوە بە [ۆ – o] بەمەش لەبریی (خووەش – Wuweş) وشەی (خۆش) سازبووە، کە لە سلێمانیدا تا حەفتاکانی سەدەی پێشوو، کەسانێکی زۆر لەبریی (چاکوچۆنی) دەیانگوت (خۆشی و چۆنی). لە پرسین لە باری نۆشمەندیی کەسانیش، دەوترا: خۆشی؟، کە لێرەدا دروست هاوواتای (چۆنی؟)یە، یاخود (چاکی؟) یە. بێگومان (خۆشی) لە کوردیدا دوو واتای تریشی هەن، کە ئەوانیش، یەکەمیان: (خۆش) واتە (بەلەزەت)، دووهەمیان: بە پێکهاتەی (خۆشی)، واتای (شادی)ی هەیە، بەڵام لە (خۆشی و چۆنی)یەکەدا (خۆش) دژواتای (ناتەندروست)ە، واتە پێچەوانەی (نەخۆش)ە. کەواتە (خۆشی؟) واتە (ئایا نۆشمەندیت؟).

دەبێت ئەوەش بزانین، کە دەنگی [خ] لە گۆڤەری هەورامیدا تەنیا لە ئەو وشانەدا ناکەوێت، بەڵکو دیاردەی کەوتنی، لە وشەی تریشدا لەئارادایە، وەک: چاوگی (خوازتن)ی گۆڤەری سلێمانی، کە لە هەورامیدا (واز، واتەن) هەیە، کە

نموونەی ئەو کەوتنەن. پێدەچێت ئەو کەوتنی دەنگی [خ]یە، بەهۆی جۆرێک لە گرانییەوە بێت بەتایبەت لەسەرەتای وشەوە، وەک پێشتر لێیدوواین، ڕەنگە ئەمە تەنیا لە هەورامیشدا نەبێت، بەڵکو لە زارەکانی تریشدا، لێرەولەوێ نموونەی هەبن، وەک ئەوەی کە وشەیەکی وەکو ((خوەردیان))[٩]، کە بەواتای پاسەوان هاتووە، بنەچەکەشی زمانی فەرەنسییەو لە (gardien)وە سەرچاوەی گرتووە، کەچی لە کرمانجیی نێوەڕاست بەگشتی و لە گۆڤەری سلێمانییشدا، بە (وەردییان) بەکاردەهێنرا، کە لە ئێستادا مەگەر نەوەی کۆن، دەنا بەکارهێنانی دەگمەنە. دەبێ ئەوەش بڵێین، کە زۆرجار ئەو وشە فەرەنسییانە لەڕێگەی زمانی تورکیی عوسمانییەوە هاتوونە زمانی کوردییەوە. هەر لە کۆنیشەوە، دەنگی [خ] و [ه] جێگۆڕکێیان لەگەڵ یەکتردا کردووە، هاوکات دەشزانین، کە دەنگی [ه] زۆرجار لە وشەی کوردیدا کەوتووەو دەکەوێت، بەتایبەت لە دەربڕینە فۆنەتیکییەکانی وشەدا. جگە لەوەش وشەی (هەر)ی گۆڤەری هەورامی بەواتای (خەر)ی ناوچەی لوڕستان دێت، کە هەردووکیشیان یەک واتایان هەیە، کە (کەر)ی کرمانجیی نێوەڕاستە. یاخود وشەیەکی وەک (پێکەنین)ی ئێستای نێوەڕاست، لە بنەچەدا (پێخەنین) بووە. واتە دەنگی [خ] گۆڕراوە، بەڵام کاتێک کە (خەندە) و (زەردەخەنە) ناگۆڕرێن، ئەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە تێکەڵبوون لەگەڵ واتای وشەی تردا دێتە کایەوە، بۆیە ئەمانەیان بە دەنگی [خ] هێڵراونەوە.

ئەم دیاردەیە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بۆنموونە ناوێکی وەک (خوسرەو) لە کۆندا بەشێوەی (هوسرەو) هاتووە[١٠]. کەواتە گۆڕرانی ئەم دوو دەنگە، چ [ه] بە [خ] و چ [خ] بە [ه] و دوواتریش [خ] بە [ک] پێشینەیەکی دووری هەیە.

لە هەورامیدا بە (هەتاو) دەوترێت (وەر)، کە ئاشکرایە لێرەشدا دەنگی [خ] کەوتووەو بنەچەی وشەکە لە (خوەر)ەوە بووە، کە لە لەکییشدا هەر بە (هوەر – huwer) خوەر، بەکاردێت، لە ئاوێستادا (هەڤەرە – hevere) و (هڤەر – hver)ە[١١]. جا ئەگەر لە وشەکانی (هەتاو، خۆر، ڕۆژ) لە گۆڤەری سلێمانیدا، بڕوانین، ئەوا دەبینین، کە هێندێکجار وشەی (هەتاو) بەواتای خودی (خۆر)ەکە، واتە ئەستێرەی خۆر ناودەبەین، ئەمە لەکاتێکدا، کە (هەتاو) و (تاو) مەبەست لێیان تینی گەرمیی خۆرەکەیە، نەک خودی خۆرەکە. هەروەکچۆن وشەی (ڕۆژ)یش ئەم تێکەڵکردنە واتاییەی تێدا دەکرێت، بەتایبەت، کە دەزانین (ڕۆژ) دژواتای (شەو)ە، کەچی زۆرجار دەوترێت:

- ئا خۆت لابدە، با ڕۆژەکە لێمان بدات.

واتە لێرەدا مەبەستی لەوەیە، کە هەتاوەکە، کە سەرچاوەی لە خۆرەکەوەیە لێیبدات. هەر بە ئەم چەشنەشە، کە لە هەوراماندا، وشەی (ڕوجیار)یش بەواتای (خۆر) بەکاردێت، بەڵام پێدەچێت، هەر وشەی (ڕۆژگار)ی گۆڤەری سلێمانییش، لە ئەم (ڕوجیار)ەوە هاتبێت و دوواتر فراوانبوونی واتایی لە وشەکەدا ڕوویدابێت، چونکە لە ئێستادا (ڕۆژگار) بەواتا (سەردەم) دێت. دیارە ئەوەش دەزانین، کە لە ئاڤێستادا (راۆچاه – raoçah)[١٢] بەواتای خۆر هاتووە، واتە بە [چ] بووە. دەشزانین کە [چ] و [ش] و [ژ] و [ج]، وەک پێشتریش لێیدوواین، گۆڕرانیان بەسەردا دێت و دەشێت وشەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک جیاوازییەکەیان سەریهەڵدابێت، بۆیە دەبینین، کە هێندێکجار وشەکە لە زارێکی کوردییەوە بۆ زارێک و گۆڤەرێکی تر، بە یەکێک لە ئەو فۆنیمانە لەکاردایەو ئەمەش جیاوازی خستووەتە نێوان زارو گۆڤەرەکانەوە، گەرچی لە بنەچەدا هەر یەک پێکهاتەی دەنگییان هەبووە.

لە زمان و زار و گۆڤەراندا، زۆر لە دەنگەکان دەگۆڕرێن، بەڵام ئەم گۆڕرانانە مەرج نییە لە یەک کاتدا سەرجەم زارو گۆڤەرەکانی زمان بگرنەوە. واتە دەشێت گۆڕران لە زارێکدا یاخود لە گۆڤەرێکدا ڕوویدات، بەڵام لەوانەی تردا ڕوونەدات. لەباری لە ئەو چەشنەدا کە گۆڕران ڕوویداوە، زۆرجار ئەو وشەیە یاخود مۆرفیمێکی وشەکە دەشێت وشەی تری سازکردبێت، کە گۆڕرانەکە ئەوان نەگرێتەوەو بە دەقی خۆیان بمێننەوە. بۆنموونە لە جێناوی هەیی کە ((هەندێ بەڵگە وادەگەێنن ئەم نیشانەی (ی)یە، لە جێناوی (هەیی – relative pronoun)ی هی (ئی)یەوە کەوتبێتەوە. هەرچەندە وشەی هی (ئی) لە تێکستی کۆن و نوێی کوردیدا، بەشێوەیەکی سەرەکی دیارخەرو دەرخراوی پێکەوە بەستووە. واتە دەوری ئیزافەی بینیوە. ))[١٣] جا ئەوەی مەبەستمە لێرەدا لێیبدووێم، ئەوەیە، کە لە زاری هەورامیدا، کە ئەم کەرەستە زمانییە بەکاردێت، وەک: (ئانە کناچە و حەسەن کە نۆشەن. . . )، ئەو (ەو)وە، کە لە ئێستادا بە ئەلۆفۆنێکی دەنگی [ۆ – o] بەکاردێت، کە لە ڕووبەری فۆنێمیتیی فۆنیمی [o – ۆ]دا کورتە، بگرە زۆر کورتیشە، کە بێگومان بەپێی زانستی دەنگ ئەوە زانراوە، کە فۆنێمەکان بەتایبەت بزوێنەکان توانای درێژبوونەوەو کورتبوونەوەیان هەیە. ئەوجا خودی ئەم دیاردەی گۆڕرانی جووتە دەنگی [ە – e] و [و – w]، کە بڕگەیەک دروستدەکەن، لە زارەکانی تریشدا نموونەیان هەیە، پێشتر سەبارەت بە وشەکانی

(ڕەو) و (ڕۆ)، (شەو) و (شۆ). . . تاد، نموونەمان هەن. واتە هەمان ئەو دوو فۆنێمەن، کە گۆڕراون، بە دەنگی [ۆ – o]. هاوکات لە گۆڤەری سلێمانییشدا نموونە هەن، کە تائێستاش بەکاردێن، بەڵام ئەو کەرەستە زمانییە، جیاواز لە ئێستا بەکارهاتووەو وەک زاراوەیەک ماوەتەوەو لەکاردایە، کە ئەویش گوزارشتی (تلوخوێ)یە. ئەو گوزارشتە ئەگەرچی بەپێی دەربڕینی ئێستای گۆڤەری هەورامی، کە (ەو)ی گۆڕراو بە [ۆ – o]یەو ئەمەی سلێمانی بووە بە [و – u]، بەڵام گومان لەوەدا نامێنێت، کە هەمان کەرەستەیە، بەتایبەت لە پێکبەستنی دیارخەرو دەرخراودا. دیارە وشەی (تل) لە کوردیدا چەند واتایەکی هەن، یەکێکیان ڕەگی چاوگی (تلدان)ە، واتایەکی تریان، یەکێکە لە کەرەستەکانی بوواری واتایی (Semantic Fields)ی بەرد. واتە (تلوخوێ)، کە لە ئێستادا بۆ گوزارشت لە زۆر سوێریی چێشت بەکاردێت، بەڵام بنەچەکەی (بەردی خوێ)یە، چونکە لەکۆندا ئەو ناوچانەی کە ئاوی سوێریان هەبووە، چاڵی تایبەت ئامادەکراوەو ئەو ئاوەی تێکراوە، بە کاریگەریی هەتاو، ئاوەکە بووەتە هەڵم و ئەوەی ماوەتەوە، خوێکە بووە، کە لە شێوەی کەرسەکدا، وەک بەرد ڕەقبووەو دوواتر بە کوتران و هاڕین ئامادەی بەکارهێنان کراوە. هەر بەو پێودانگەش، گوزارشتی (بەروبووم) لە زمانەکەدا، ماوەتەوە، کە بەواتای (بەری بووم)ە، لێرەدا (بەر) واتە (بەرهەم)، (بووم)یش وشەیەکی کۆنی کوردییە، کە بەواتای (زەوی) دێت، هەروەک لە وشەی (بوومەلەرزە)شدا لەئارادایە، کە لە ئێستادا بە (عەردهەژ)یش لەکاردایە.

کەواتە لە کرمانجیی نێوەڕاستیشدا، ئەو کەرەستە زمانییە بەکارهێنانی بە ئەو چەشنە هەبووە، بەڵام لە ئێستادا، (ی)، کە بنەچەکەی (هی) بووە، بەکاردێت. جگە لەوەش دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین، کە ئاساییە زمان لە قۆناغێکدا گۆڕران بەسەر وشەیەک یاخود کەرەستەیەکی زمانییدا بێت و دوواتر، جارێکی دی بگۆڕڕێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان نزیکتر بێت لە پێشینە مێژووییە دوورەکەی ئەو وشە و کەرەستە زمانییە. هەر بۆنموونە خودی ئەو (ەو، ۆ، [و – u])ە، لە زمانی فارسیی نێوەڕاستدا (((ئی) جێناوی هەیی بووەو کاری ئیزافەشی بەجێهێناوە))[١٤]. لە ئاوێستاشدا جێناوی هەیی بەشێوەی (((یە/ یا)، (یەت/ هیەت) بووە. هاوکات وەک نیشانەی پێکەوە بەستنی دیارخەرو دیارخراو خۆی نوواندووە))[١٥]. جا ئەگەر سەرنجی ئاڤێستا بۆ ئەم کەرەستە زمانییە بدەین، ئەوا دەبینین لە (یە/ یا)دا، لەگەڵ ئەوەی کە لە کرمانجیی ژووروودا، بەتایبەت لە گۆڤەری بادیناندا بەکاردێت، تاڕادەیەک یەکن، بەڵام لەگەڵ

گۆڤەری سلێمانیی زاری نێوەڕاستدا (هیەت) نزیکترە، چونکە دەزانین کە دەنگی [د] و [ت] جگە لەوەی کە دەکرێت جێگەی یەکتر بگرنەوە، هاوکات دەشێت زۆرجار بکەون و دەربڕینیان نەمێنێت، پێشتر لەوبارەیەوە نموونەمان هەن. سەرجەم ئەوەی باسکرا، دەمانگەیەننە ئەو بۆچوونەی، کە بڵێین ئەو کەرەستە زمانییە لە گۆڤەری هەورامیدا لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا گۆڕراوە بە (ەو) و دوواتریش بە [ۆ – o]، ئەمەش بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی خودی کەرەستە زمانییەکە، چ لە زارەکانی تردا و چ لە گۆڤەرەکانیاندا.

## گۆڤەری هەورامی لەبەردەم دوو جەمسەری هێزدا:

ڕەنگە تەنیاو تەنیا کەسانی کەودەن نەزانن، کە زمانی کوردی چ لە کۆن و چ لە ئێستاشدا، لەبەردەم چەندان جۆری دژایەتیکردندایە، دەنا بۆ کەسانی هۆشیار، لەمێژە ئەوە زانراوە، کە چۆن و لە چەند ڕێگەوە داگیرکەرانی کوردستان کار لەسەر نابوودکردنی نەتەوەی کورد دەکەن، بەتایبەت لەڕێگەی دژایەتیکردنی زمانەکەیەوە بەگشتی. هاوکات ئەمە بۆ زانایانی بێگانەش شتێکی شارراوە نییە، نەک هەر بۆ زمانی کوردی، بەڵکو بۆ هەموو ئەو زمانانەی کە نەتەوەکانیان داگیرکراو بن، چونکە زمان ناسنامەی نەتەوەکانەو داگیرکەرانیش مەبەستییانە داگیرکراوان لە ناسنامەی ڕەسەنیان دابماڵن. هاوکات خودی زمان هێزێکی دووجەمسەریی هەیە، هەروەک (ژۆسێ مەدینا – Jose Medina) دەڵێت: ((زمان هێزێکی دووجەمسەریی هەیە، دەتوانێ یەکمانبخات و دەشتوانێت پەرتمان بکات، یەکبوون لە بەکارهێنانی کۆمەڵێ چەمک و پرەنسیپی زمان و داتاکانی زماندا، پەرتبوونیش لە خوێندنی هەرکەس لە ئاوازێک و پاشاگەردانی و بێسەروبەرەیی لە بەکارهێنانی زماندا))[١٦].

لێرەدا پرس ئەوەیە، ئایا ئێمەی کورد بەگشتی لە ئەو بێسەروبەرەییەدا نین؟! خۆ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێ بێت، ئەوا دەبێت چاک ئەوە بزانین، کە لە هەلومەرجی وادا هێزی پەرتکردنی زمان تەواو چالاکدەبێت، ئەمەش پاڵنەرەکانی شارراوە نین.

خودی زمان بەگشتی هەمیشە لە گۆڕراندایە، چونکە وەک پێشتر لێیدوواین زمان بوونەوەرێکی زیندووە، زیندوویش هەرگیز لە یەک دۆخدا نامێنێتەوە، جا بۆیە ئەگەر بوونەوەری زمان دەستگایەک نەبێت، کە لە خەمیدا بێت، ئەوا ئاساییە، کە لێکترازان

لە زارو گۆڤەرەکانیدا بێتە ئاراوە، ئەمە ئەگەر پاڵنەرو بەرنامەو پلان و پیلانیش بۆ ئەو لێکترازانە لەئارادا نەبێت. خۆ ئەگەر هەبێت، ئەوا لێکترازان پتر و پەرتبوون پتر دەبێت. هەروەک پرۆفیسۆر (وریا عومەر ئەمین)یش دەڵێت: زمان لە گۆڕرانێکی بەردەوامدایە. باری جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی لەگەڵ زمانانی تر، دەور دەگێڕن لە چۆنییەتیی ئاڕاستەکردن و شێوەگرتنی ئەم گۆڕانانە، کە هەموو ئاستەکان دەگرێتەوە (دەنگەکان – یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکان و سیمانتیک و پراگماتیک)یش[١٧].

لێرەدا پرس ئەوەیە، کە ئایا چی وادەکات، کە ئەو گۆڕرانانە بە ئاڕاستەی لە گرێژەنە دەرکردنی زمانی نەتەوەکەدا نەبێت و زمانەکە بە یەکگرتوویی بەڵێتەوە؟ وەڵام ئەوەیە، کە دەبێت بزانین بۆچی وڵاتێکی وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و. . تاد، دامەزراوەی زانستیی تۆکمەیان بۆ زمان هەیە؟ بۆچی دامەزراوەی فەرهەنگی زمانەکەیان هەیە؟ ئایا ئەگەر ئەو دامەزراوانەیان نەبێت و ئەوانیش وەک کورد بەپێی قسە نەستەقەکە، کە دەڵێت: ((ئۆخەی ئۆخەی، هەرکەس بۆخۆی)) کاریان بکردایە، ئایا ئێستا زمانیان بە ئەو تۆکمەییە دەمایەوە؟.

کالفی، دەڵێت: بزاوتی کۆمەڵایەتی هەر دەبێت بە کردەی گونجانی زماندا بڕوات، ئەوەش بە ملدان بۆ ئەو نموونەیەی کە نموونەی دەسەڵاتە، جا وەک ئەوەی کە ئینگلیزێک بە ڕێسای (کۆکنی) ناتوانێت [ە] دەربیڕێت، کە لە دەربڕیندا هەناسەی لەگەڵدا بێت[١٨]. ئەوە لەکاتێکدا کە کۆکنی زارێکی ئینگلیزییشە. دەبێت ئەوەش بزانین، کە زۆرجار دەسەڵات بە هۆکاری ئەدەبی باڵا، یان وێژەوانی لوتکە دروستیدەکات و دوواتر چاوی لێدەکرێت. هێندێکجاریش ئایین ئەوە دەکات.

سەبارەت بە گۆڤەری سلێمانی، کە لە دووای نالی و سالم و کوردییەوە، بوو بە زمانی ئەدەبی، ئەوە کاریگەریی ئەوان بوو، کە وایکرد مەلاو فەقێ و خوێندەواری هەورامانیش چاویان لێبکەن، دەنا پێش ئەوان، زۆرێک لە ناوچەکانی زارەکە، بە کەرکووک و ناوچەکانی تریشەوە، هەر بە گۆڤەری هەورامی بووە، کە ئەگەر هۆنراوەیان وتبێت و نووسیبێت. نموونەش (مەولەویی تاوگۆزی)، کە خۆی هەورامی نەبووە، خۆ ئەگەر هاوشانی مەولەوی چەند لوتکەیەکی تر بەرودووا، بە ئەو گۆڤەرە بهاتنایەتە کایەوە، ئەوا ڕەنگە گۆڤەری سلێمانی ئەو گەشەیەی نەکردایە، بەتایبەت کە مێژووی بوونی زاری گۆران بە زمانی ئەدەبی، چەندان سەدە بووە. جگە لەوەش

ئایینی یارسان، ئەگەر لەبەر گوشاردا نەبووایە، ئەوا نەدەچووە خانەی نهێنییەوەو نە گۆڤەری هەورامییش پاشەکشەی دەکرد، چونکە ئەدەبیاتی ئایینی یارسان بە هەورامییە، کە دەکرێت بڵێین گەنجینەیەکە، کە هەر مەگەر لەڕێگەی ئەو ئەدەبییاتەوە هێندێک وردەکاریی، نەک هەر ئایینەکە، بەڵکو زمان و کەلتووری ڕەسەنی کوردییش ڕوونببێتەوە.

پۆل هێنلە، دەڵێت: ((هۆمبۆڵت پێیوابوو زمانە جۆراوجۆرەکان، تەنیا لە دەنگ و هێماکاندا جیاواز نین، بەڵکو لە جیهانبینییەکانیشدا جیاوازن))[١٩]. لێرەدا بۆمان ڕەوایە، کە بپرسین، ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاستبێت، ئایا جیهانبینیی کەسێکی گۆران یان هەورامییەک لەگەڵ یەکێکی هەولێر و سلێمانی و دیاربەکر و کۆبانێدا، لەچیدایە؟! نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەگەڵ یەکێک لە ئەو کوردانەی کە ستالین لە قەڵەمڕەویی سۆڤییەتی جاراندا کردنییە ئاردی ناو درکی کۆمارەکانی سایەی خۆیاندا، لەکوێدا لە جیهانبینینماندا جیاوازین؟! ئاخر کوردێکی یارسان و کوردێکی ئێزەدی و کوردێکی موسڵمان، کە ١٤٠٠ ساڵە کاری لەسەر دەکرێت، لەکوێدا لە جیهانبینینماندا جیاوازین؟!

کورد لەدووای ئیمپراتۆرییەتی مادەوە، هیچکات یەکگرتوویی بەخۆوە نەبینیوە، کاتێکیش لێرەو لەوێ دەستەڵاتی دیاریکراوی ناوچەیی وەک میرنشینەکانی هەبووبن، ئەوا لە سایەی دەستەڵاتدارە داگیرکەرە گەورەکاندا بوون. بۆیە لە سایەی هەلومەرجی وادا زمان ئەگەر بەرەو پووکانەوەش نەچێت، ئەوا ئەستەمە هەلی بەخۆداهاتنی بۆ هەڵبکەوێت و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی بۆ بڕسکێت. بەپێچەوانەوە، هەروەک (ئانتوان مییە) دەڵێت: ((نابێ لەبیر بکەین، کە مەرج نییە هەموو وشەیەک خاوەن ڕیشەناسی بێت، ڕەوتی گۆڕرانی زۆرێک لە وشەکان لێڵ و تارە، یا لەژێر نیشانەی پرسیاردایە، یان هەڵگری زۆرێک لێکدانەوەیەو یاخود ئەوەی کە لە برگەیەکدا بەتەواوی دابڕاوە))[٢٠]. ئەم بۆچوونە سەبارەت بە گۆڕرانی وشەو تەنانەت واتاش، بەپێی زانست شتێکی زۆر ئاساییە، بەڕادەیەک کە زۆرجار خودی وشەیەک لە زارێک یان گۆڤەرێکی زارێکدا ئاستی گۆڕرانەکانی بە بەراورد بە هەمان وشە لە زارێکی تری زمانەکەدا، هەر مەگەر لێکۆڵ و پسپۆڕان بیانناسنەوە، کە یەک وشەن. بۆ نموونە کەرەستەیەکی زمانیی وەک (ملم)، ئەگەر هاتوو یەکێکی وەک (محەمەد ئەمین ئەمین هەورامانی) نەبێت، کە ((لەبەر ڕۆشنایی بەراوردکاریدا و بە بەئاگایی لە گۆڕرانە دەنگییەکان سەبارەت بە بنەڕەتی ئەو کەرەستەیە، کێ دەیزانی، کە پێشتر (مرم) بووە و (دەڕۆم) و (ئەڕۆم)

ی ئەمڕۆ لەوەوە هاتووە. واتە دەنگی [ر] و [ل] جێگۆڕگەیان کردووە، هاوکات دەبێ بیرمان بۆ ئەوە بچێ کە [م -] و [دە -] و [ئە -] جێگای یەکتر بگرنەوە. . . ))[٢١].

مێژووی داگیرکراویی کورد و کەوتنە بەر کاریگەریی هەمەلایەنەی نەتەوەو زمانی داگیرکەرانی، بە چەشنێکە، کە زۆرێک لە تاکی کورد، خۆی گومان لە خۆی و مێژوو و کەلتوور و سەروەرییە مێژوویی و یەکگرتوویی خۆی بکات. بەپێی بۆچوونی هێندێک لە لێکۆڵان، لەناویاندا، (د. پاکیزە رەفیق حیلمی) و نوێترینیشیان (سۆران حەمە ڕەش) ە، کە دەڵێت: پێوەندییەکی زۆر بەهێز لەنێوان وشەکانی زمانی سۆمەری و کوردیدا هەیە، بەشێوەیەکی کەمێک گۆڕراو. . . [٢٢] بێگومان ئەوە ڕاستییەکە خودی وشەکان دەیسەلمێنن، تەنانەت تێیاندایە، کە بە پێکهاتەی دەنگی و واتاییەوە، تائێستاش لەگەڵ زمانی کوردیدا هەمان پێکهاتەو واتان، کەچی زۆرێک لە خوێندەواری کورد گومان لەمە دەکەن، ئەوە لەکاتێکدا، کە ڕەگەزی تورک، کە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان هەزاران کیلۆمەتر لە ناوچەی سۆمەرییەکانەوە دوورە، کەچی دێن و دەڵێن پێوەندییان بە ڕەگەزی ئەوانەوە هەیە، ئەوەش لەبەرئەوەی کە سۆمەرییەکان خاوەن شارستانی بوون.

سەبارەت بەوەی کە ماد باپیرانی کوردن، چ (مینۆرسکی) و چ زانایانی تریش ئەوەیان خستووەتەڕوو، بەڵام (مەکەنزی) پێیوابووە، کە کورد و ماد پێوەندییان پێکەوە نییە[٢٣]. لێرەدا گرفت ئەوە نییە، کە (مەکەنزی) چۆنی بیرکردووەتەوە، گرفت ئەوەیە هێندێک لە خەڵکی کورد هێندەی ئەوەی کە قسەی (مەکەنزی) وەردەگرن، هێندە بەقا بە نووسەرانی تر ناکەن، بێگومان ئەمە بۆ خۆبەکەمزانینی تاکی کورد دەگەڕێتەوە، کە گومان لە زۆر شتی خۆی دەکات. هەر ئەوەش وایکردووە، کە سەبارەت بە ئەو بۆچوونەی (مەکەنزی)، تۆفیق وەهبی، بڵێت: ((لەپێش هەموو شتێک دەبێ لە خۆمان بپرسین: مادەکان چییان لێ بەسەرهاتووە؟ بەرەی پاشماوەی ئەو بنەماڵە مێژووییە کێن؟ بەپێی نووسراوەکانی (گزینۆنۆف) بەنێوی پاشەکشەو تێکشکان، کە (وارنەر) لەساڵی ١٩٥٧ی زایینیدا وەریگێڕاوەتەوە — لە باکووری عێراقی ئەوڕۆژەوە بگرە تا لێوارەکانی بەرەو ڕۆژهەڵاتی چۆمی فورات، تاکو ئاخروئۆخری چەرخی پێنجومی پێش هاتنە سەر دنیای عیسا — سڵاوی خوای لێ بێ — مەڵبەندو ناوچەی مادەکان بووە، بەڵام ئەو نەتەوەیە لەسەر ئەو هێزو پێزەش ڕا، هەتا دووای چەرخی حەوتەمین، بەباشی نەناسرابوو. هێندێک سەرچاوەو بەڵگەی مێژوویی

هەن، کە بەرچاودەخەن: لەدووای ساسانییەکانەوەڕا نێوی (ماد) گۆڕراوە بە (مای) و (ماس) پاشانیش لە بەرەبەیانی دەسەڵاتی ئیسلامدا، ئەو وشەیە بۆتە (ماه)، دەبینین ئەو وشانە هەموویان نێوی مەڵبەندان. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە ئارامێکان بۆ ئێمەیان بەجێهێشتووە، هەر لەمێژەوەڕا تا دووای سەردەمی ساسانییەکان، وشەی (مادای) هەر بەسەر زمانانەوە بووەو ئەو وشەی مادە لە هەموو وشەکان ڕەسەنترە، چونکو ڕەگەز و ماکی (مادان) چاکتر دەنوێنن. جا چ ڕوویداوە و چ قەوماوە، کە ئەو خەڵکە سەر بە ئیمپراتۆرەیە، بەجارێک لەبیرچووبێتەوەو سەری تێداچووبێ و پاشەبەرەشی ڕانەگەیەنرابێ؟!. . . ئەو نێوە تا سەردەمی ساسانێکان، لەسەر زاران بووە، بەڵام ئێمە نازانین لە دووای ئەو سەردەمەی ڕا چ شتێک بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەو نێوە شرت و گوم بێ و ببێتە بەردی نێو گۆمێ و تەنانەت بەسەر زارانیشەوە نەمێنێ!، بێگومان مادەکان هەر هەبوون و بە ژیانی خۆیان درێژەیانداوە. کەوابوو پێموایە: کوردانی کە ئێستێ کۆچەرو گەڕۆک نین، دەچنەوەسەر (مادان) و لە ڕەچەڵەکی ئەوانن))[٢٤]. ئەو بۆچوونەی (توفیق وەهبی) بۆچوونێکی دروستە، هاوکات ئێمە دەزانین، کە مێژووی عەرەب لە ئێراقدا بەزۆری بۆ دووای بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەگەڕێتەوە، دەنا عەرەب لەپێش ئیسلامدا لە غەساسینە و مەنازرە، لە ئەوپەڕی ڕۆژئاوای ئێراقدا بوونیان هەبووە، دوواتر لەساڵی (١٧)ی کۆچیدا بەسرە و لە (٢٣)ی کۆچیدا کووفە و دوواتر بەغدا و. . . تاد، دروستکران. لێرەدا پرس ئەوەیە، کە ئایا خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەو ناوچانە کێ بوون و دوواتر چییان بەسەرهات؟. لە وەڵامی ئەو پرسەدا دەڵێین، کاتێک داگیرکەرێک وڵاتێک داگیردەکات، ئەو خەڵکە داگیرکراوە، کە توانای بەرگریی نەما، ئیتر دوو بژاردەی لەبەردەمدا دەبێت، یەکێکیان ڕەوکردنە و ئەوی دی ملکەچکردن. کاتێکیش ملکەچکردن هەڵبژێرێت، ئەوا دەکەوێتە بەر سووکایەتی بە کەلتوور و تایبەتمەندییەکانی، بەتایبەت ئەگەر داگیرکەر بە ئایینێکی نوێوەو بەمەبەستی بڵاوکردنەوەشی داگیرکارییەکە بکات. بەوە داگیرکراو دەکەوێتە بەر دوو گوشار، کە هەردووکیان بەرەو لەدەستدانی ناسنامەی نەتەوەیی دەبەن، کە ئەوانیش ئایین و زمانی ئایینەکەشە. بۆیە دەبێت بەئاسایی بزانین، کە ئەگەر زۆریان تێداچووبن و ئەوەیشی توانیبێتی خۆی دەربازبکات، ئەوا دوواتر دەربەدەری ناوچەکانی تر بووە. خۆ ئەگەر ئەوەی بۆی نەکرابێت، ئەوا ناچاری تواندنەوە بووە، لە زمان و

کەلتوور و ئایینی داگیرکەرەکەیدا، بۆیە ئێمە پێمانوایە، ماد، یان مادان، کە بنەچە، یاخود یەکێکە لە ئەو ناوانەی، کە کوردیان لە ئاماژە مێژووییەکاندا پێ ناوبراوە، بەزۆری بە ئەو کاریگەرییانە، لە ناواندا نەماون. خاڵێکیش کە دەکرێت تاڕادەیەک ڕاستیی ئەم بۆچوونەمان پشتڕاست بکاتەوە، بوونی گرووپێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتە لە خۆرهەڵاتی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق بەناوی (معیدی)یەوە، کە بە (معدان)یش ناودەبرێن، دیارە یەکهەمیان تاک و دووهەمیان کۆی وشەکەیە، کە ئێمە پێمانوایە ئەم دوو وشەیە لە زمانی کوردییەوەن و لە عەرەبیدا دەنگی [ع]یان بۆ زیادکراوە. واتە وشەکان (میدی) و (مادان)ن، خودی وشەکە لە کوردیدا، بە (ماد، مادان، میدی، میدیا. . . ) لەئارادایە، لە عەرەبییەکەشدا گۆڕان و پاش و پێش بە بزوێنی [ی]و[ا – a] ڕوویداوە، کە ئەمەش لەنێوان زماناندا، ئاساییە.

ئەوە وەک ناوەکە لەلایەن زمانەوە. لەلایەکی تریشەوە دیدی عەرەب بۆ ئەو خەڵکە دیدێکی ئەرێنی نییەو تائێستاش بە جیاواز لە خۆیان و بە کەمتر و بە تێنەگەیشتوو و دوواکەوتوویان دەدەنە قەڵەم، کە ئەمەش دیدی ئەو عەرەبانەیە، کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە هاتنە ئێراق و ناوچەکانی تری کوردستان و ئێرانیش. هاوکات لە هێندێک سەرچاوەدا دەوترێت، کە ئەمانە ڕەگەزێکی سۆمەرین، هێندێک وشەو زاراوە بەکاردەهێنن، کە بنەچە سۆمەری و کلدانین. جگە لەوەش زۆر درەنگ بوون بە موسڵمان، بێگومان ئەمانەش ئەوە دەردەخەن، کە ئەمانە پاشماوەی میدی، یاخود مادەکانن. خاڵێکی تر لێرەدا، کە جێگەی سەرنجە، ئەوەیە، وەک پێشتر لێیدوواین، بەپێی سەرچاوەکان ماد لە ڕووبەرێکی زۆر فراوانی کوردستانی ئێستاو دەرەوەی کوردستانی ئێستاشدا ژیاون، دەبێ هۆی چی بێت، ئەوانە بەناوی ماد یاخود میدییەوە ناونابرێن، یاخود هەر هیچ نەبێت بە معیدی و میعدان ناونەبرێن؟ پێموایە هۆی ئەم گۆڕینە پێوەندیی بە دووای لەدەستدانی دەسەڵاتیانەوە هەیە، بەتایبەت کە بە چاوێکی کەم سەیرکراون. جا کورد، کاردۆ، کاردۆخی و. . . تاد، کە ئەمانە هەر یەک ناون، بەشێکی ماد بوون، لێرەوە ئیتر وەک خۆ ڕزگارکردن لە ئەو تێڕوانینەی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیان لەڕێگەی ناوەکەیانەوە، سەرجەمیان خۆیان بە ئەو بەشەی نەتەوەکەیان ناوبردووە، کە ڕەنگە کەمتر جێگەی سووکایەتیپێکردنی داگیرکەران بووبێت. دەبێ ئەوەش بزانین، کە لە ئێستادا معیدییەکان خۆیان بە عەرەب لەقەڵەم دەدەن، زمانیشیان بووە بە عەرەبی، هەرچەندە پاشماوەی زمانی ڕەسەنی خۆیان و

کەلتووریان، کەمتازۆر هەرماوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەعەرەببوونەشیان نەبووەتە هۆی ئەوەی کە بە سووک و جیاواز لەلایەن عەرەبەوە سەیرنەکرێت.

گومان لەوەدا نییە، کە ئەم بەکەم سەیرکردنەی داگیرکەران بۆ داگیرکراو تائێستاش بەرامبەر بە کورد هەر بەردەوامە. جا ئەو داگیرکەرە چ عەرەب بێت و چ فارس بێت و چ تورک. تورک لە دەروازەی هەموو شارەکانیاندا تابلۆیان هەڵواسیوە، کە نووسراوە: ئەوەی بڵێ تورکم، بەختەوەرە. سەرباری ئەوەش تورک تائێستاش جگە لە سەپاندنی زمانی تورکی، بە ئاڕاستەی پەرتکردن لەڕێگەی ئایین و ئایینزاو زارەکانی زمانی کوردییشەوە، هەر کنە دەکات، بۆیە هەروەک (مەریوان وریا قانع) دەڵێت: ((تورک هەوڵدەدات عەلەویبوونی بەشێک لە کوردی تورکیا وەک شوناسێکی جیاواز لە کورد پیشانبدات، کە ئەوەش درۆیەکی گەورەیە، چونکە هەروەک ڕۆشنبیرانی خۆیان دەڵێن:. . . من یەکەمجار کوردم، ئینجا دووای ئەوە عەلەویم))[٢٥].

بەواتایەکی دی، کورد هەمیشە لەبەردەم شەڕی زمان و کەلتوور و ناسنامەدا بووە، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر، بووەتە هۆی نەک هەر پەرتبوونی زمانەکەمان، بەڵکو تواندنەوەی ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی کورد لە بۆتەی داگیرکەرانماندا، کە نموونەی ئەمە، چ لە ئێراق و چ لە ئێران و تورکیا، کەمنین. لە ئێراندا کارکردن لەسەر دابڕینی لوڕ لە کورد، تائێستاش بە چەندان ڕێگە لەئارادایە، کە یەکێکیان جیاوازیی ئایینزایە، کە لوڕەکان شیعەن و کوردانی تر سوننەن، هەمان شێوە کار لەسەر (لەک)یش لەئارادایە. نەک هەر ئەوە کار بۆ دژایەتی خستنە نێوانیان لەڕێگەی ئایینزاوە پێڕەوکراوەو دەکرێت. لە ئێستادا زاری گۆران، بەتایبەت گۆڤەری هەورامی کەوتووەتە بەر ئەو شەڕە زمانییەی دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستان و توانیویەتی چەند زرە قەڵەمێکی خودی گۆڤەرەکە بخاتە ڕاژەی شەڕە زمانەکەیەوە لە دژی نەتەوەی کورد. ئەمانە کار بۆ زەقکردنەوەی جیاوازییەکان دەکەن، بەبێ ئەوەی گوێ بە ئەوە بدەن، کە بۆ نەتەوەیەکی داگیرکراوی وەک کورد، ئاساییە گۆڕانکاری، نەک هەر لە دەنگدا، بەڵکو لە ڕێزمان و وشە و واتاشدا، لەنێوان زارەکاندا دروستبووبێت، کە ئەمە لە زمانانی تریشدا، ئەگەرچی داگیرکراویش نین لە ئێستادا، کەچی بوونی هەر هەیە، وەک ئەوەی لە زمانی سویدیدا زاری (ئێلڤدالی)، کە لە ناوچەی (دالارنا)ی سوید، قسەی پێدەکرێت، بۆ ئەو سویدییانەی، کە شێوە ستانداردەکەیان دەزانن، زۆر گرانترە بۆیان، بەبەراورد بە تێگەیشتنیان لە نورویژی و دانیمارکی، ئەمە لەکاتێکدا کە

بەفەرمی زارێکی سویدییەو کەسیش نایەت بڵێت ئێمە سویدی نین[٢٦]. بۆیە پرسێکی ڕەوایە، کە ئەگەر بڵێین ئەرێ ئێمەی کورد، ئەگەر کەمێک خۆمان ماندوو بکەین و مەبەستمان بێت، کام لە زارو گۆڤەرەکانمان هێندە جیاوازە، کە نەتوانین لەیەک بگەین؟!. بۆیە ئێمەش لەگەڵ (د. نەجاتی عەبدوڵڵا)دا ئەوە دەڵێینەوە، کە سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان زاری کرمانجیی باکوور و باشوور، دەڵێت: ((زۆر لەیەکەوە نزیکن، ئەگەر (شیرپاکەکان!) قوڕی بۆ نەگرنەوەو هەوڵی لەیەکتر دوورخستنەوەی نەدەن))[٢٧].

ئێمە، کە لە خەمی زمانەکەمانداین و دەزانین، کە چ دژایەتییەکی نەتەوەو زمانەکەمان دەکرێت، وەک ڕووسەکانیش، کە بە زمانی زگماکیان دەڵێن: (ڕۆدنۆی یەزییک) واتە خۆشەویستترین شت، ئێمە زمانی کوردیمان بە سەرجەم زارو گۆڤەرەکانییەوە لەلا خۆشەویستترین شتە، بۆیە کاتێک دەبینین کەسانێک بە پاچ و پێمەڕەی کورتبینییەوە، کەوتوونەتە وێزەی یەکێک لە گۆڤەرە ڕەسەنەکانی زمانەکەمان و دەیانەوێت لە کاڵبی زمانی کوردیی بکەنەوە، ئەمە بۆمان هێندەی ئەنفال و کیمیابارانەکە، بۆمان بە ئێشە، بڵێی ئەم بەڕێزانە خاوەنی ئاوەزێکی گەورەتر و کراوەتر، لە (پیر قەنبەر) و (خانای قوبادی) بن؟!، کە چەند سەدەیەک لەمەوبەر (پیر قەنبەر) وتوویەتی:

**ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد**
**با بۆم کوردەنان، ئەسڵمەن جە کورد**
**من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی گورد**
**سڵسڵەی سپای زوحاک کەردم هورد**

یاخود، خانا، کە وتوویەتی:

**ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن**
**کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن**

بڵێی ئەمانە بە کاریگەریی ئەم هەستە نەتەوەییە تاسێنراوەی ئێستای کورد ئەمانەیان وتبێت؟! یاخود بڵێی کورد هێندە نەتەوەیەکی خاوەن دەسەڵات و دەوڵەت

بووبێت و ئەمانە بۆ خەڵات و بەرات خۆیان کردبێتە کورد؟! کوردێک کە دەمڕاستانی، تائێستاش گرنگیی زمان نازانن! یان ئەوە ئاوەزمەندی و دوورئەندێشی و پێکۆڵی ئەمانە، بەرامبەر بە ئەو بێگانانەی، کە چ ئەوساو چ ئێستاش، سووکایەتی بە زمان و مێژوومان دەکەن؟. شەرەفنامە، کە لە (١٥٩٦)دا، نووسراوە، پێش ئەوەی هەستی کوردایەتی بکەوێتە سەرپێ و بیروباوەڕی نەتەوایەتیی کوردان بێتە زمان، لوڕ و گۆرانی بە کورد ناوبردوون، تەنانەت کۆمەڵێک زانای دوواتری بێگانەش هەر هەمان بۆچوونیان هەیە[٢٨]. لێرەدا پرس ئەوەیە، ئایا ئەوانە بە چ پێودانێگ ئەوەیان وتووە؟ ئایا شەرەفخان، کە خۆی ناوچە بە ناوچە گەڕاوە، لە خەڵکەکەی پرسیوە، کە چین؟، بڵێی ئەو خەڵکە ڕاستیی خۆیانیان نەوتبێت و ئەم بەڕێزانەی ئێستا ڕاستییەکان باشتر بزانن؟!. ئێمە دەزانین، کە ئەوکاتە خەڵک سادەتر بوون و ڕاستییان نەشاردووەتەوە، تاوەکو گومان لە زانیارییەکانیان بکەین.

ئێمەی کورد لەبریی ئەوەی کاڵای دزراوی خۆمان لە چنگی داگیرکەرانمان دەربهێنینەوەو بڵێین زمان و کەلتوور و زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانمان تاڵانکراون و دەبێت لەڕێگەی زانست و لێکۆڵینەوە، بەرگری لە خۆمان و زمان و تایبەتمەندییەکانمان بکەین، نەک بێین و لەهەوڵی پەرتکردنی خۆماندا بین. ئێمە تائێستاش نازانین، کە زمانەکەمان چەند دەوڵەمەندە، نازانین، کە هەر زار و گۆڤەرێکمان، خۆی لەخۆیدا گەنجینەیەکە، کە تائێستا لە کەمترین ئاستا پەیی پێبراوە. دڵنیاشم تاوەکو فەرهەنگێکی کوردی – کوردیی فراوانمان نەبێت، لە ئەو ڕاستییە ناگەین. وشەگەلێکی زۆری زمانەکەمان لە عەرەبی و تورکی و فارسیدان، کەچی ئەوان تاونج دەگرنە زمانی ئێمە.

مەهدی سەنەندەجی، دەڵێت: ((. . . لە فارسیدا بە سەدان وشەی ڕەسەنی کوردیی گرس و پارێزراوە، بپەرژینە سەر وشەیەکی وەک: (‎(a–) kûze‎] گرنگی و ڕۆڵی سەرەکی ئەم لایەنەمان لە زمانی کوردیدا بۆ ئاشکرا دەبێت. ئەوەی ڕوونە، ئەو ششەیە لە زمانی فارسیدا یەک مۆرفیمەو هیچ ڕێیەک بۆ شیکردنەوەی دال (Signi–fier)ی تێ دەرناکەوێ، مەگەر شێوەیەکی کۆنی لێ بدۆزرێتەوە، کە تائێستا بۆ ئەم وشەیە نەبووە. واتە ڕیشە دۆزی یا کۆششی بۆ بکرێ، هەروەها لەڕووی وشەناسیی ئیشتقاقی فارسیدا هیچ پێکهاتەو ڕەگ و چاوگێک تائێستا نەبینراوەتەوە، کە ئاماژە بۆ پاژەکانی ئەم وشەیە بکات و وشەیەکی موشتەق یا لێکدراوەو . . . بزانرێ، کەوابوو لە زمانی فارسیدا ئێتیمۆلۆژی هاوزەمانی بۆ ئەم وشەیە دەست نادات. ئەگەر لە

ڕووانگەی وشەناسیی بەراوردیدا، بۆ دۆزینەوەو دەست گەیشتن بە هاوزاکانی ئەم وشەیە لە زمانە خزمەکانی تردا بکۆڵینەوە، لە زمانی کوردیدا وشەی موشتەقی ((گۆزە))، کە لەمێژە لە مێژوو و زمانی کوردیدا باوەو بەم بێژەیە وێژراوە، گەلێک ڕێنوێنکەرە. . . ))[٢٩].

ئەم تێبینییە گرنگییەکەی لەوەدایە، کە ئێمەی کورد دەتوانین بە زانست بەرگری لە زمانمان بکەین. هاوکات دەبێت ئەوە بڵێم کە لە کوردیدا چەندان بەکارهێنانمان بۆ (گۆز)و (گۆزە) و. . . تاد، هەن، هەر بۆنموونە منداڵانی کورد، کاتێک شتێکیان لێ وندەبێت، گوزارشتێک بەکاردەهێنن، کە دەڵێن: ((گۆزە گۆزە بۆم هەڵگۆزە))، لێرەوە دەکرێت لە وشەکانی گوازتنەوە، هەڵگۆزین، هەڵگوازتن، گەوز، گەوزین، گەوزدان و. . . تاد، بڕوانین، یان لە گوزارشتی دایکانی کورددا بۆ کۆرپەکانیان، کە دەڵێن: ((گۆزە گۆزە))، کۆرپەکەش ملی بەملاولادا هەڵدەسووڕێنێت. لێرەدا ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە، کە زمانی کوردی خاوەنی فەرهەنگێکی فراوانە، کە ڕەنگە کەم زمان لەمەدا پێی بگەن. بەڵام هەرزارێک یان گۆڤەرێکمان ڕێژەیەکی لە ئەو وشەو زاراوانە هەن، کە ڕەنگە لە ئەوانی دیکەدا هێندێکیان بوونیان نەمابێت، یاخود گۆڕرانە دەنگییەکانیان بە ئاستێک بن، کە پسپۆڕ نەبێت، ناسینەوەیان ئاساننابێت. هەروەک (تۆفیق وەهبی)ش دەڵێت: ناوی (ماد) لەدووای ساسانییەکانەوە گۆڕراوە بە (مای) و (ماس) و دوواتر لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا بە (ماه)، کە هەموویان نێوی مەڵبەندن[٣٠]. وەک ئەوەی، کە لە قۆناغی دەوڵەتی خەلافەتدا، گوزارشتەکانی (ماه کووفە) و (ماه بەسرە). . . تاد، لەکاردابوون و هەر ناوی مەڵبەند بوون، بەڵام مەڵبەندەکە ناوەکەی لە خەڵکەکەیەوە وەرگرتووە. دیارە مەبەست کووفە و بەسرە نییە، بەڵکو ئەو مەڵبەندانەی کە خێرو بێریان بۆ کووفە و بەسرەی تازەشاری بە عەرەببووی ئەو ڕۆژگارە، گەڕاوەتەوە.

ئێمەی کورد تەنیا بە بەدوواداچوونی زانستی دەتوانین لەڕێگەی زمانەوە جوگرافیای نیشتمانە داگیرکراوەکەمان، جگە لە ئەو بەشەی، کە تائێستا بە نیشتمانی کورد ماوەتەوە، دەستنیشان بکەین. بۆنموونە لە ئێراندا چیای (ئەلبورز) هەیە، کە خودی ناوەکەی بە هەردوو مۆرفێمەکەیەوە تائێستا لە زمانی کوردیدا لەکاردان. جا ئەگەر (مەسعوود محەممەد) لەڕێگەی بەئاگایی لە زمانە کۆنەکان و لە گۆڕانکارییە دەنگییەکان نەبووایە، ئەوا چۆن دەیتوانی پێمان بڵێت، کە لە وشەی (هەرە) و (بەرز) یاخود (بەرزاتی)، یان (بەرزێتی)[٣١]یەوە، هاتووە. بێگومان وشەی (هەرە) لە کوردیدا

بەواتای (ئەوپەڕی – maximum) دێت، وەک ئەوەی کە دەڵێین: (هەرە بڵند، هەرە جوان. . . تاد). وشەی (بەرز)یش تائێستا بەکاردێت. ئەوجا کاتێک، کە بوترێت لە (پەهلەوی)شدا هەیە، ئەوا دەکرێت بڵێین کام نەتەوە هێندەی کورد و زمانی کوردی لە (پەهلەوی)یەوە نزیکە؟

لە گۆڤەری هەوramیدا، لە هێندێک ناوچەیدا تائێستاش بە (دڵ) دەوترێت (زێڵ) یان (زیل)، ڕەنگە هەبن ئەمەیان لە زمانی کوردیدا بەگشتی، بەلاوە نامۆبێت، بەڵام کاتێک ئاگاداری گۆڕرانە دەنگییەکان ببین، ئەوا دەزانین، کە نەک تەنیا ئەو وشەیە، بەڵکو زۆر وشەمان هەن، کە پێشتر بە دەنگی [ز] بوون و دوواتر گۆڕراون بە [د]، هاوکات پێچەوانەکەشی ڕاستە، چونکە لە زمانی کوردیدا، تەنانەت ئەو وشە بێگانانەی، کە دەنگی [د]یان تێدابوو، هێندێکیمان وەک سروشتە کۆنەکەی زمانی کوردی، کردوومانن بە [ز]، وەک وشەی (مراد)ی عەرەبی، کە کراوە بە (مراز). جگە لەوەش دەزانین، کە دەنگی [ل]و[ڵ] لە کۆندا لە زمانی کوردیدا نەبوون، بەڵکو دەنگی [ر] لە زۆرێک لە ئەو وشانەدا هەبووە، کە ئێستا بە [ل]و[ڵ] لەئارادان. کەواتە (زیڵ)[٣٢]ی گۆڤەر هەورامی، دەنگی [ز]ی ماوەتەوە، بەڵام دەنگی [ڵ]ی تێیدا نوێیە، چونکە لەکۆندا [ر] بووە. هاوکات بزوێنی نێوان [ز]و[ڵ]، [ێ] بێت یاخود [ی]، گۆڕراوی بزوێنی [بزرۆکە – i]یە، چونکە کورد هەن، کە بە (زر – zir) وشەکە بەکاردەهێنن، کە ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا (زەرەد)[٣٣] بووە. ئەوەش دەزانین کە لە زمانی کوردیدا هێندێک جار دەنگی [د]ی کۆتایی وشە دەکەوێت. واتە دەشێت بڵێین (زەرەد) بووە بە (زەرە) و دوواتر بە (زر) و دووا قۆناغی گۆڕرانەکانی وشەکە، بووبێت بە (دڵ). کەواتە ئەوەی نزیکە لە ڕەسەنی وشەکەوە، ئەوە ئەو پێکهاتەیەی وشەکەیە، کە بە (زر) یاخود (زیڵ) ماوەتەوە. جەمال نەبەز، پێیوایە گولی (زریبار) هەر بەونێوەوە ماوەتەوەو نەبووە بە (دریبار)، کەچی لە کوردیدا وشەی (زەریا) بەزۆری بووە بە (دەریا) و (دەلیا)[٣٤] هەرچەندە بە (زەریا)ش هەر لەکاردایە. دەکرێت ئەوەش بڵێین، کە وشەمان هەن، کە لە خودی وشە کۆنەکەوە ڕسکاون و بەهەمان شێوەی کۆن ماونەتەوە، یاخود گۆڕرانێکی کەمیان بەسەردا هاتووە، بۆنموونە وشەی (زارەترەک)، ئێمە دەزانین وشەیەکی داڕێژراوەو لە مۆرفیمەکانی (زار) + (ە – e) + (ترەک) پێکهاتووەو هەرچی (ترەک)یشە، ڕەگی چاوگی (ترەکین)ە، کە لە ئێستادا بۆ زایینی سەگ و پشیلەو. . . تاد، بەکاردێت، کە پێدەچێت لەکۆندا بەواتای (تەقین) و (دەربوون) هاتبێت. کەواتە (زارەترەک) ئەو واتایە

دەگەیێنێت، کە لە ئێستادا بە (دڵتەقین) گوزارشتیلێدەکرێت، یاخود دەوترێت (ڕۆحم چوو). هەر بەو پێیەش، کە لە ئێستادا دەوترێت (گریەوزاری)، ئەمەش (گریەی زار + ی)یە، واتە (گریانی دڵ) هەروەک ئەوەی لە ئێستادا دەوترێت (بەدڵ گریا)، واتە (زار)، کە لە ئێستادا بەواتای (دەم) دێت، لە (گریەوزاری)دا، پێوەندیی بە (دەم)ەوە نییە، چونکە گریان ئەگەر بێدەنگ نەبێت، ئەوا هەر بەدەم دەردەبڕێت. ئاوەزمەندیی مرۆڤیش لە زماندا، کەرەستەیەک ناهێنێت، کە پێویست نەبێت.

لەناو کورددا، کەسانێک هەن، کە نەک هەر خۆ بەکەمزانن، وەک کورد، بەڵکو زمانی کوردییش بە زمانێکی تۆکمەو کارا نازانن و زۆرجار پلارو توانجیش دەگرنە زمان و کەلتوورەکەشیان، کە بەبێ هیچ گومانێک ئەم هەستە جگە لە دەردێکی دەروونی، هاوکات پێوەندیی بە نەزانی و بێئاگاییەوەیە، لە زمانەکە بەگشتی، واتە بە سەرجەم زارو گۆڤەرەکانییەوە. هەر بۆنموونە بە هەر کوردێکی باشوور بڵێیت وشەی (مواظب)ی عەرەبی لە کوردیدا هەیە، ڕاستەوخۆ دەڵێت نییە، خۆ ئەگەر کەمێک بە ویژدان و زانستانە وەڵام بداتەوە، ئەوا دەڵێت: نەمبیستووە، یان نازانم. ئەوە لەکاتێکدا، کە وشەیەکی لەباری وەک (هوورەوار)مان لە کرمانجیی باشوور (لەکی و کەلهوڕی و لوڕی)[٣٥]دا هەیە، کە وشەیەکی بەرکارە، واتە بەکاردێت و داتاشراو نییە. هاوکات هێندە مۆرفیمە پێکهێنەکانی ئاشکران، کە دەکرێت لایەنە ئیتیمولۆژییەکەشی لێوە هەڵبهێنجرێت. جگە لەوە وشەی (داردە) و (داڵتە) لە ئەو زارەدا هەن، کە لە کرمانجیی نێوەڕاستدا بە (داڵدە) لەئارادایە، هاوکات ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو گۆڕرانە دەنگییانەی، کە پێشتر خستماننە ڕوو، ئەوا دەزانین، کە هەمان وشەن و تەنیا دەنگەگۆڕکێ جیاوازیی خستووەتە پێکهاتەیانەوە.

لە باشووری کوردستاندا، گوزارشتی (دیقکردن) و (سیل و دیق)مان بیستووە، بەڵام کێمان ئەوەی دەزانی، کە لە کوردیدا (زاری باشوور) وشەی (دخ – dix) و (دەق) بەواتای (دڵوەستان)ە. هاوکات هەر لە ئەو زارەدا (دخکردن) و (دقکردن)[٣٦] هەن، کە هەمان واتا دەگەیێنن، کەواتە ئەوە وشە کۆنەکەی (دخ)ە، کە بووە بە (دەق) لەهەمان زاردا و لە کرمانجیی نێوەڕاستیشدا، بووە بە (دیق). هاوکات هەر لە ئەو زارەدا زاراوەی (دخمەرگ) و (دقمەرگ) هەن و بەکاردێن، کە بەواتای (مردن بە دڵوەستان)ە. ئێمە لە کرمانجیی نێوەڕاستدا، زۆرجار بۆ گەیاندنی وشەیەکی بێگانە پەنادەبەینە بەر دەستەواژەو ڕستەو بگرە زیاتریش، تاوەکو واتاکە بگەیێنین، ئەوە

لەکاتێکدا ئەگەر بەڕاستی زمانەکە بە زارەکانییەوە بزانین، ئەوا ئەو درێژدادڕییەمان پێویست نابێت. هەر ئەم نەزانینی زارانەشە، وایکردووە، کە بۆ وەرگێڕانی نامیلکەیەک لە زمانێکی ترەوە، کوردییەکەی ببێتە دوو هێندە.

ئێمە بەزۆری بە پیرێژن و پیرەمێردی جوان، دەڵێین (نوورانی)، ئەوە لەکاتێکدا، کە وشەی (هۆری)ی کرمانجیی باشوور، ئەم وشەیەی هەیە، کە ئەگەر کوردێکی باشووری کوردستان بیبیستێت، ڕاستەوخۆ دەڵێت لە (حۆری)ی عەرەبییەوەیە، کەچی ڕاستییەکەی وانییە، بەڵکو لە (خۆری)یەوەیە، واتە لە (هوەر – خوەر)ەوە هاتووەو بەواتای نوورانی[٣٧] دێت.

مەسعوود محەممەد، دەڵێت: ((پاشاکانی ماد، چ نووسراوێکیان لەپاش خۆیان جێنەهێشتووەو زمانێکیش دەقێکی وای نەبێت دەستووری زمان و دەربڕینی بپارێزێت، بۆی هەیە بەدرێژایی ڕۆژگارو بەهۆی دووریی خێڵەکانی لەیەکترەوە، لقوپۆپی شێوەزاری لێبکەونەوە، بێئەوەی پێوانەیەکیان هەبێت لە کات و دووریی شێوەزارەکان لە ڕیشەی خۆیانەوە بۆی بگەڕێنەوە بۆئەوەی بزانن زمانی مادە کوردەکان لەڕووی شیکردنەوەو جۆرەوە، چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووەو لەماوەی ئەو بیست و پێنج سەدەیەدا چۆن گەشەی کردووە. . .))[٣٨].

بێگومان ئەوە بۆچوونێکی بەجێیە، هەربۆیە ئێمە تەنیاو تەنیا دەبێت لەڕێگەی بەئاگایی لە ئاستەکانی زمان، بەتایبەت ئاستی دەنگ و هاوکات لە ئەو وشانەی ئاڤێستاوە، کە ماونەتەوە، بتوانین زمانەکەمان و سەرجەم زارو گۆڤەرەکانیشمان، بە ئاڕاستەی هێزە یەکخەرەکەی زماندا ببەین، نەک پەرتکردن و لێکترازان.

هەر بۆنموونە ئێمە کاتێک کە لە وشەیەکی وەک (پیرۆز)ی کوردی ورد دەبینەوە، دەبینین، کە لە کەلتوورەکەماندا خودی مرۆڤی پیر، ڕێزی تایبەتی هەیە، هاوکات پیاوە ئایینییەکانمان لەکۆندا بە (پیر) ناوبراون، کە لێرەدا پێوەندیی بە تەمەنەوە نییە، واتە وەک ئەوە وایە، کە وشەی بەڕێز، بەشکۆ، پاک، چاک. . . تاد، وەک واتا دەیگەیێنێت. جگەلەوەش لەناو کورددا تائێستا لە هێندێک گۆڤەری کرمانجیی ژووروودا، بە ئافرەت دەڵێن (پیرەک)، کە بێگومان وشەکە لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە، یەکەمیان (پیرە)ەو دووهەمیش مۆرفیمی (-ەک)ە، کە پێموایە بنەچەکەی (ک – ik) بووە. جا ئەم وشەی (پیرەک)ە، دروست وەک وشەی (السیدە – The Lady)ی عەرەبی و ئینگلیزییە لەلایەنی واتاوە، چونکە خودی وشەکان سیمای ڕێزلێگیراوی و شکۆیان

تێدایە. جا ئەم وشەی (پیرۆز)ی کوردییە، کە لە فارسیدا بە (پیرووز) لەکاردایە، وشە کوردییەکە، کاتێک لە گۆڕرانی دەنگەکانی [ە – e] و [و – w] ئاگادار بین، کە بە ئەو شێوە بەدووایییەکدا هاتنەیان لە وشەدا، دەگۆڕرێت بە بزوێنی [ۆ – o]، هەروەک ئەوەی پێشتر ڕوونمانکردووەتەوە. ئەوجا دەکرێت بڵێین، کە (پیرۆز)ی ئێستا، لە (پیر) و (وەز)ەوە هاتووە. (وەز) وەک پاشگرێک تائێستاش لە کوردیدا کارایە، وەک وشەی (خۆرنەوەزان)، کە سەیرانگایەکە لە نزیک کفری و کەلار، واتاکەشی (خۆر لێنەداو) یاخود (خۆر بەرنەکەوتوو)ە. بێگومان ئێمەی کورد وشەگەلێکی زۆرمان هەن، کە نزیکن لە ئەم کەرەستەیەوە، لەوانەش (وزە، وێزە، وەزەنگ. . . تاد)، کە نەک هەر پێکهاتەی دەنگییان، بەڵکو واتاشیان لە (وەز)ەوە نزیکەو دەکرێت بڵێین یەک بنەچەیان هەیە. کەواتە (پیرۆز)ی کوردی، لە (پیروەز)ەوە هاتووە. ئەمەش پێدەچێت پێوەندیی بە ئەو تێڕووانینە کوردییەوە هەبێت، کە تائێستاش کەسانی باوەڕمەندی ئایینی پێیانوایە، کە ئەگەر پیاوچاکێک دەست بەسەر منداڵێک، لاوێک، هەرکەسێکدا بهێنێت، ئیتر ئەوکەسە لە زۆر کێشە و نەخۆشی و . . . تاد، رزگاری دەبێت، یان کەسێکی سەرکەوتوو دەبێت[٣٩]. دوواتر ئەم وشەیە لەڕێگەی فراوانبوونی واتایی (Semantic Expansion)ەوە، ئەم واتایەی ئێستای وەرگرتووە.

لە زمانی کوردیدا، هێندێکجار وشەی بێگانە، کە هاتوونەتە زمانەکەوە، بۆماوەیەک شانبەشانی وشە کوردییەکە بەکارهاتوون، واتە لەگەڵیدا لە یەک دەربڕراودا دەربڕراون. لێرەوە دەمەوێت لە وشەیەک بدوێم، کە لە عەرەبییەوە هاتووەتە کوردییەوە، کە ئەویش وشەی (خێر)ە، ئەم وشەیە تائێستاش لە هێندێک دەربڕیندا، دەوترێت (خێرو بێر)، جا کاتێک لە بەشی دووهەمی دەربڕراوەکە ورددەبینەوە، کە ئەمە خودی وشە کوردییەکەیە، کە هەر واتای (خێر)ی کوردێنراوی هەیە، چونکە لە عەرەبیدا بە (خەیر) گۆدەکرێت. بۆ دڵنیابوون لە ئەم بۆچوونەمان، دەبێت بزانین ئایا کەرەستەی ترمان هەن، کە پێوەندییان بە (بێر)ەوە هەبێت، یاخود لەمەوە سەرچاوەیان گرتبێت، دەبینین وشەکانی (بێری، بێریوان – بێریڤان، بێرکردن. . تاد)مان هەن. واتاکانیان لە وشە بنجییەکەی (بێر)ەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە خێر دەگەیێنێت، چونکە لە کوردیدا ئەو شیرەی کە لە مەڕومالاَت دەدۆشرێت، وەک خێرێک لە خوداوە تێیڕووانراوە. ئەوجا کاتێک، کە دەوترێت شەنگەبێری، مەبەست لە ئەوە (شیردۆش)ی جوانە. هاوکات پێدەچێت (بێریوان – بێریڤان) لە (بێر) و

(-ێ) و (-ەوان)ەوە گۆڕرابێت بە (بێریوان)، واتە (-ێ) نیشانەی مێیە، کە لە کۆندا وشەکانیش نیشانەی نێرو مێیان وەرگرتووە، کە لە ئێستادا لە گۆڤەری سلێمانیدا نەماوە. دوواتر پاشگری (ەوان)نیش هەر بە بزوێن دەستپێدەکات، جا لەبەرئەوەی دوو بزوێن لە کوردیدا، لە باری ئاساییدا ناچنەسەر یەک، بۆیە یان دەبێت بزوێنێکیان تێدا بچێت، یاخود ناوگرێکی نەبزوێن بێتە نێوانیانەوە، لێرەدا بزوێنەکانی [ێ]و[ە – e]، بە بزوێنی [ی – î] جێیان گیراوەتەوە. هاوکات ئەو مۆرفیمەی کە لە وشەی (بێری)دا هەیەو لە ئێستادا بە (-ی) لەکاردایە، پێدەچێت لە بنەچەدا (-هی) بووبێت و دەنگی [ه]، کەوتبێت، کە ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا زۆرە. ئەم نموونەیەمان هێنایەوە، وەک وەڵامێک بۆ ئەوانەی، کە دەڵێن لە زمانی کوردیدا زۆر وشەی ڕۆژانە هەن، کە نیمانن. لەکاتێکدا کە ئەگەر بەوردی لە زمانەکە، بە زار و گۆڤەرەکانییەوە وردببینەوە، دەزانین، کە چەندە زمانێکی دەوڵەمەندە و چ فەرهەنگێکی ئاوەزیی فراوانمان هەیە، کە بەداخەوە تائێستا لە کەمترین ئاستدا نەبێت، نەخراوەتە سەر کاغەز، چجای ئەوەی بدیجیتەڵێنرێت (Digitalize). خۆ ئەگەر فەرهەنگێکی کوردی – کوردیی گشتگری زار و گۆڤەرەکانمان هەبێت، ئەوجا دەزانین، کە زمانەکەمان لە زۆر لە زمانانی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان تۆکمەتر و کاراترە، بۆ گوزارشتکردن لە زۆربەی هەرەزۆری پێداویستییەکانی مرۆڤ بەگشتی.

کتێبخانەی ئەوراق

## ئەنجام:

١. زارو گۆڤەرانی زارانی هەر زمانێک، بە سروشتی ئاسایی خۆیان، هەمیشە لە گۆڕراندا دەبن.

٢. زمان و زارانی، ئەگەر هۆکار بۆ بە یەکگرتوویی هێشتنەوەیان لەئارادا نەبێت، ئەوا ئاساییە، کە بەرەو پەرتبوون بچن.

٣. گرنگترین خاڵێک، کە نەتەوەیەک بە یەکگرتوویی و ناسنامەی خۆیەوە بهێڵێتەوە، خودی زمان و ئەو هەستەیە، کە ڕۆڵەکانی نەتەوەکە هەیانە و خۆ بە تاکی ئەو نەتەوەیە دەزانن و ئامادەی دەستبەرداربوونی ناسنامەیان نین.

٤. هەورامییەکان لە مێژووی نەتەوی کورددا، نەک هەر بە هەست و بەرهەمی ئەدەبی، بەڵکو بە چەکیش بەرگریکار بوون لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد.

٥. تاکی کورد، لە کەمترین ئاستدا، ئاگاداری زارو گۆڤەرەکانی زمانەکەیەتی. هەر ئەوەش خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی پەرتبوونی زمانەکەیە.

٦. نەبوونی دەسەڵاتێکی گشتگیر لە کوردستاندا، هۆکاری فراوانبوونی ڕووبەری گۆڕرانە زمانییەکانی نێوان زارە کوردییەکانمانە.

٧. نەبوونی فەرهەنگی (کوردی – کوردی)، گشتگیر، یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی بێئاگایی تاکی کورد لە فراوانیی و کارایی زمانەکەی.

## ڕاسپاردەکان:

١-گرنگترین بابەت بۆ ڕاژەی زمانی کوردی، بە سەرجەم زارەکانییەوە، پێکهێنانی دەستگایەکی تایبەتە بە زمان، کە تێیدا زمانزانە ڕاستەقینەکان و زمانەوانە کاراکان، بەدەر لە دەستتێوەردان، تێیدا کاربکەن.

٢-ئەو دەستگایە، پسپۆڕی سەرجەم زارو گۆڤەرەکان بگرێتەخۆ.

٣-بەزووترین کات، لە هەرێمدا دەستگای فەرهەنگی گشتگیری (کوردی – کوردی) دابمەزرێنرێت.

٤-بەرنامەی خوێندنی زمانی کوردی، سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە، بەمەرجێک هەوڵی بەکارهێنانی وشە هاوبەشەکانی نێوان زارەکان بدرێت، نەک بەپێچەوانەوە.

٥-دەستگاکانی ڕاگەیاندن، پابەندبن بە زمانی کوردییەوە، نەک هەرکەس بۆخۆی.

## پەراوێزەکان:

١)نووسینی ئەو فۆنێمە، بە ئەم جۆرانەش دەنووسرێت: (ئەدآ، ئەد¯ا).

٢)بڕوانە: زمانی کوردی – دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، فؤاد حەمەخورشید، ل(٣٧).

٣)دەبێ ئەوەش بزانین، کە لە کرمانجیی نێوەڕاستدا، مۆرفێمی (- ۆ)ش بۆ بانگکردنی نێر، بەکاردێت، وەک: خالۆ، لالۆ. بۆیە پێموایە مۆرفێمی (- ە)ش، گۆڕراوی (- ۆ)یە، بەڵگەشم بۆ ئەمە، ئەوەیە، کە لە کرمانجیی ژووروووشدا تائێستا هەمان مۆرفێم لەکاردایە، وەک: (کەکۆ، مامۆ، ئاپۆ. . . ). تەنانەت لە نێوەڕاستیشدا تائێستا لە وشەکانی: (ئامۆژن، خالۆژن)دا مۆرفێمەکە وەک خۆی ماوەتەوە.

٤)بڕوانە: زمانی یەکگرتووی کوردی، جەمال نەبەز، ل(٥٨).

٥)بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: فەرهەنگی ئاریانڤاج، (بەرگی یەکەم)، د. هەورامانی، ل(٢١).

٦)نموونەی ئەمەش لە زمانی کوردی، گۆڤەری سلێمانیدا هەیە، وەک: مۆرفێمی (تێ) لە وشەکانی: تێرامان، تێڕووانین، تێکردن. . . تاد، هاوکات دەربڕراوی (کونتێ)شمان هەیە، کە (مثقوب)ی عەرەبی دەگەیێنێت، تەنانەت لەناو ژناندا، گوزارشتی پلاری، وەک: (کەڕەکونتێ) لەئارادایە، کە بەتایبەت ژنان بۆ تانە لە ژنی ناحەزیان بەکاریدەهێنن.

٧)دیوانی مەولانا خالید، دیداری جیهانیی مەولانا خالید، ل(٢٧٥).

٨)زۆر لێکۆڵ پێیانوایە، کە وشە بە بزوێن دەستپێناکات، بەڵام ئەو بۆچوونە دروست نییە، چونکە لە زمانی کوردیدا، بەتایبەت لە دەربڕینی فۆنەتیکیدا بە دووچەنگەش، وەک بڕگەیەکی سەربەخۆ لە وشەدا هەیە، بەڵگەشمان دەربڕینی ئاماژەبۆکراوە، بەڵام جۆرێک لە گرانیی هەیە، هەر بۆیە زۆرجار هەمزە لە هێندێک دەربڕیندا دێتە پێشیەوە.

٩)بڕوانە: زمانی یەکگرتووی کوردی، جەمال نەبەز، ل(١٠٧).

١٠)بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: فەرهەنگی ئاریانڤاج، د. هەورامانی، ل(٢٠).

١١)بڕوانە: فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، ل(٧٣٤).

١٢)فەرهەنگی ئاریانڤاج، بەشی یەکەم، د. هەورامانی، ل(٦١-٦٢).

١٣)مۆرفۆلۆجیی ناو، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل(٢٢٦-٢٢٧).

١٤)زمانی فارسیی ناوەڕاست، ڤ. س. ڕاستۆرگویڤا، ل(٧٣-٧٤)، هەروەها بڕوانە: مۆرفۆلۆجیی ناو، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل(٢٢٦-٢٢٧).

١٥)زمانی ئاوێستا، س. ل. سۆکۆلۆف، ل(٦٥-٦٦)، هەروەها بڕوانە: مۆرفۆلۆجیی ناو، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل(٢٢٧).

١٦)لینگوافرانکای کوردی، کامیار سابیر، ل(١٩٧).

١٧)پیتۆکەکانی زمانەوانی، پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین، ل(٢١).

١٨)حرب اللغات والسیاسات اللغویة، لویس جان کالڤی، ل(١٤٣).

١٩)زمان و هزر و کەلتوور، پۆل هینلە، ل(١٠٥).

٢٠)بەرایییەک بۆ زمانناسیی مێژوویی، ئانتۆنی ئالارتۆ، ل(٤٧).

٢١)بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: فەرهەنگی ئاریانڤاج، د. هەورامانی، بەرگی یەکەم، ل(١٩).

٢٢)کورد کێیە؟، سۆران حەمە ڕەش، ل(XIV).

٢٣)بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی، تەوفیق وەهبی، ل(١١).

٢٤)سەرچاوەی پێشوو، ل(١١-١٣).

٢٥)ناسیۆنالیزم و سەفەر، مەریوان وریا قانع، ل(١٧٥).

٢٦)بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، فەرهاد شاکەلی، ل(١٤٩).

٢٧)ڕێزمانی کوردی، پۆل بێدار، ل(٦).

٢٨)زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، پ. د. فوئاد حەمە خورشید، ل(٣٤-٣٥).

٢٩)وشەوان، مەهدی سەنەندەجی، ل(٤٥).

٣٠)بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی، ل(١٣).

٣١)بڕوانە: لسان الکرد، مسعود محمد، ل(٢٦).

٣٢)لە ئێستادا لە زۆر ناوچەی هەوراماندا، هەر (دڵ) بەکاردێنن.

٣٣)بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: زمانی یەکگرتووی کوردی، جەمال نەبەز، ل(٧٤)، هەروەها بڕوانە: فەرهەنگی ئاریانڤاج، بەرگی یەکەم، ل(٢٠-٢١).

٣٤)سەرچاوەی پێشووتر.

٣٥)فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، ل(٧٣٢).

٣٦)سەرچاوەی پێشوو.

٣٧)سەرچاوەی پێشوو.

٣٨)زمانی کورد، مەسعوود محەمەد، و: حەکیم کاکەوەیس، ل(٢٨-٨٥).

٣٩)بۆنموونە زۆرجار بیستوومانە، کە وتراوە فڵانەکەس (کاک ئەحمەدی شێخ) دەستی بەسەریدا هێناوەو بەوەش تەمەندرێژو سەرکەوتوو بووە.

**سەرچاوەکان:**


١-بەرایییەک بۆ زمانناسیی مێژوویی، ئانتوان ئالارتۆ، و: مەهدی سەنەندەجی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠١٣.

٢-بنەچەکەی کوردان بنچینەی زمانی کوردی، تەوفیق وەهبی، و: تاها فەیزی زادە، چاپەمەنی سەییدیان، مەهاباد.

٣-پیتۆکەکانی زمانەوانی، پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٤-حرب اللغات والسیاسات اللغوية، لويس جان كالفي، ترجمه: د. حسن حمزة، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٨.

٥-دیوانی مەولاناخالید، دیداری جیهانیی مەولاناخالید، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩.

٦-رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆژی، بەشی ناو، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٧٩.

٧-رێزمانی کوردی، پۆل بێدار، و: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، هەولێر، ٢٠٠٩.

٨-زمان و هزر و کەلتوور، پۆل هینلە، و: رەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

٩-زمانی کورد، مەسعوود محەممەد، و: حەکیم کاکەوەیس، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٠-زمانی کوردی – دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، فؤاد حەمەخورشید، و: حەمەکەریمی هەورامی، چاپخانەی (آفاق عربية)، بەغدا، ١٩٨٥.

١١-زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، فەرهاد شاکەلی، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠١١.

١٢-زمانی یەکگرتووی کوردی، جەمال نەبەز، پامبێرگ، ١٩٧٦.

١٣-فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٤-فەرهەنگی ئاریانڤاج، د. هەورامانی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٥-کورد کێیە؟، سۆران حەمەڕەش، لەندەن، ٢٠١٣.

١٦-لسان الكرد، مسعود محمد، چاپخانەی (الحوادث)، بغداد، ١٩٨٧.

١٧-لینگوافرانکای کوردی، کامیار سابیر، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

١٨-ناسیۆنالیزم و سەفەر، کورد لە دیاسپۆرا، مەریوان وریا قانع.

١٩-وشەوان، مەهدی سەنەندەجی، دانشگاه کردستان، چاپی یەکەم، سنندج، ١٣٩٢.


هەوراتمەی کێتێب

# فەهمی کاکەیی:
# ئێمە لە پراکتیکدا لە ڕەوشی زمانی کوردی بکۆڵینەوە دەبینین خەریکە بەرەو فرەزمانی دەچین

▢ دواندنی: زمان و زار

مامۆستا فەهمی کاکەیی لەساڵی ١٩٥١ لە پارێزگای کەرکووکی باشووری کوردستان لەدایک بووە و هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٧٠ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧١ لە ناوچەی کەندیناوەی سەر بە پارێزگای هەولێر بە مامۆستا دامەزراوە. پاشانیش گوێزراوەتەوە پارێزگای سلێمانی و لە گوند و شارۆچکەکانی ئەوێ کاری کردووە. سەرەتای نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩، ئەو دەمە بە زمانی عەرەبی هەڵبەستی نووسیوە. لە بواری شانۆدا وەک ئەکتەر کاری کردووە، لە تیپەکانی یەکێتیی هونەرمەندانی عێراق و تیپی مەشخەڵ و کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لقی کەرکووک، چالاک بووە.

لە شۆڕشی ئەیلول بەشداریی کردووە و لە گوندی ئۆمەرەگەدەی سەر بە ناحیەی قەرەحەسەن مامۆستای شۆڕش بووە، هەروەها لە ئۆردوگای سەراوگەرم لە سەرپێلی زەهاو. ساڵی ١٩٨٢، بۆ ماوەیەکیش لە دەنگی کوردستانی عێراقەوە بەرنامەی کاروانی شەهیدانی ئامادە و پێشکەش کردووە.

لە ساڵی (١٩٨٧)ــەوە نیشتەجێی سوێدە و ماوەی ٣٣ ساڵە زمانی کوردی گوتووەتەوە. شیعر و چیرۆک و شانۆگەریی و کتێبی خوێندنگەی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و سوێدی نووسیوە، هەروەها چەندین زنجیرەدرامای نووسیوە و لە رادیۆی کوردیی بەغداوە پێشکەش کراون.

زمانی کوردی بە هەموو زارەکانییەوە (کرمانجیی سەروو، کرمانجیی ناوەندی، کرمانجیی خواروو، گۆرانی) دەزانێت. هەروەها زمانەکانی: عەرەبی، فارسی، تورکمانی هەروەها سوێدی دەزانێت.

**زمان و زار: بەڕێزتان چالاکی وێژەیی و هونەری و پەروەردەیی و زمانناسیتان زۆر بووە، چۆن توانیوتانە لە نێوان ئەم کایە جیاوازانەدا کاربکەن؟**

**فەهمی کاکەیی:** هێندەی پەیوەندیی بە چالاکیی وێژەیی و هونەرییەوە هەبێت، لەراستیدا من هەر لەسەرەتای لاویمدا لە ڕێگای چالاکیی هونەریی قوتابخانەکانی کەرکووکەوە تێکەڵ بە شانۆ بووم. ئەم تێکەڵبوونە بووە هۆی ئەوەی دەست لە نووسینی شیعری عەرەبی هەڵبگرم کە زۆر نەبوو دەستم پێی کردبوو و لە جێی ئەوە گرنگی بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی بدەم، کە وەک کەرکووکییەک بواری ئەوەم پێ نەدرابوو لە قوتابخانەدا فێری ببم. پاشتر ئەمە پەرەی سەند و لەبەر نەبوونی دەقی شانۆیی باشی کوردی دەستم بە نووسینی شانۆنامە کرد، لەم ڕێگایەوە تێکەڵ بە دونیای وێژە بووم، ئینجا هەرچی پەیوەندیی بە پەروەردە و زمانیشەوە هەبێت. دیسانەوە وەک دەرچوویەکی خانەی مامۆستایانی کەرکووک بواری دامەزراندم لە کەرکووکدا بۆ نەڕەخسا، بۆیە لە دەشتی هەولێر بە مامۆستا دامەزرام و دەستم کرد بە گوتنەوەی زمانی کوردی، ئەو زمانەی وەک پێشتر باسم کرد لە فێربوونی بێبەش کرابووم. ئیدی بەم شێوەیەکی دەتوانم بڵێم ئەو هەموو بوارانە نزیکەی لە یەک کاتدا لای من چەکەرەیان کرد و کەم تا زۆر گەشەیان سەند.

**زمان و زار: ئەی چۆن بوو پتر بایەختان بە بواری زمانناسیدا و کارتان لەسەر زمانی کوردی کرد؟**

**فەهمی کاکەیی:** کارکردنی من لەسەر زمانی کوردی لەو سۆنگەیەوە بوو کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنمەوە وەک مامۆستایەکی سەرەتایی دەستم بە گوتنەوەی زمانی کوردی کرد و بە درێژایی پەنجا ساڵێک (بە ساڵانی پێشمەرگایەتیشەوە) هەر لەو بوارەدا کارم کردووە، ئیدی بە شێوەیەکی خودکار مرۆڤ پێی بزانێت یان نا، تواناکانی پەرە دەستێنێ، چ جای ئەوەی خودی خۆیشی بە لایەوە گرنگ بێت و هەوڵ بدات زیاتر خۆی پێش بخات. هەرچی بواری زمانناسییە، بە هیچ شێوەیەک من خۆم بە زمانەوان یان زمانناس نازانم، تەنیا شانازییەکی من ئەوەیە کە من مامۆستای زمانی کوردیم، ئیدی لەم بوارەدا تا چەند توانیبێتم خزمەت بەم زمانە بکەم ئەوە چالاکییەکانم لە بواری نووسیندا نیشانی دەدەن.

**زمان و زار: لە کاتێکدا ئێوە زۆرینەی زارە کوردییەکان بە ئاخاوتن و نووسینەوە دەزانن هەندێ لە هاوزاری گۆران – زازاکی بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە کە دەڵێن زمانە کوردییەکان، لەوە خراپتریش هەیە پێیوایە هەورامی و زازاکی زمانی سەربەخۆن، بەڕای ئێوە ئەم بۆچوونە تاچەند دەچێتە عەقڵەوە؟**

**فەهمی کاکەیی:** دەمەوێت سەرەتا هۆکاری ئەوەی زۆرینەی زارە کوردییەکان دەزانم باس بکەم، پاشان دێمەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکە. پێم وایە نزیکەی سەدوپەنجا ساڵێکە لەماڵی ئێمەدا بە هۆی ژن و ژنخوازییەوە هەمیشە دوو زاری کوردی قسە کراوە، ئەویش کوردیی ناوەندی(سۆرانی) و زاری ماچۆ(گۆرانی)، دیارە منیش بە یەکێک لەو زارانە زمانم گرتووە (ماچۆ) و ئەویی تریشیان(کوردیی ناوەندی) کە زمانی دایکم بووە بەهەمان شێوە فێری بووم، بێ لەمە هەر لە منداڵییەوە من فرەزمان بووم. لە کەرکووک لە گەڕەکێکی تورکمانان مەزن بووم و لە قوتابخانەیەکی عەرەبی خوێندوومە. پاشتریش فێری کوردیی باکوور(کرمانجی) بووم، ئەمە جگە لە زمانی فارسی کە بە گەورەیی فێری بووم. ئێنجا بێینەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکە کە هەندێک لە ئاخێوەرەکانی زاری (گۆران/زازارکی) باسی زمانە کوردییەکان دەکەن یان هەیە پێی وایە زمانەکەیان زمانێکی سەربەخۆییە. لە ڕاستیدا خاوەنی زارە کوردییەکان هەر لە کۆنەوە زاری خۆیان بە زمان زانیوە، جا ئەمە لە زاناییەوە بێت یان لە نەزانییەوە ئەوە مەسەلەیەکی ترە. بۆ نموونە: بیرم دێت لە ماڵی ئێمەدا ئەوەی بە کوردیی ناوەندی قسەی بکردایە دەیانگوت فلانە کەس بە کوردی قسە دەکات، کەسێکیش بە زارێکی تر قسەی بکردایە دەیانگوت فلان بە ماچۆ یان بادینی قسە دەکات. هەڵبەتە کەسوکاری ئێمە ئەوەیان نەدەزانی کە زمان هەیە و زار هەیە، ئەوان وەک زمان تەماشای زارەکانیان دەکرد. جا ئێستایش دیارە ئەو بۆچوونە لای هەندێک یان وەک خۆی ماوەتەوە یانیش سەری هەڵداوەتەوە.

هەڵبەتە ئەم باسە لە لایەنی تیۆرییەوە دەکرێت زۆری لەسەر بگوترێت، دەکرێت باسی زمان و زار بکرێت، ئایا سنووری نێوان زمان و زار چییە؟ ئایا ئەگەر ئاخێوەرانی دوو زار لە یەکتر تێنەگەیشتن ئیتر ئەو دوو زارە دەبێت حیسابی دوو زمانی سەربەخۆیان بۆ بکرێت؟ ئایا ئەگەر ئاخێوەرانی دوو زمان لە یەکتر تێگەیشتن

ئایا ئەو دوو زمانە دوو زاری جیاوازی هەمان زمانن؟ کە ڕەنگە ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆیدا باسێکی دووردرێژ بێت، بەڵام ئێمە لە پراکتیکدا لە ڕەوشی زمانی کوردی لە کوردستان بکۆڵینەوە دەبینین خەریکە بەرەو فرەزمانی دەچین، واتە نەک یەک زمانی ستانداردی کوردی بەڵکوو چەندین زمان.

**زمان و زار: ئێمە دەزانین کە پتر لە شەشسەدە زمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و زمانی فەرمی میرنشینی ئەردەڵان بە زاری گۆران بووە و بە دەیان شاعیرو نووسەر و مێژوونووسی کاریان لەسەر ئەو زارە کردووە، ئەی ئەگەر وابێت دەبێت ئێمەی کورد پشت لەو مێژووە پرشنگدارەی خۆمان بکەین؟**

**فەهمی کاکەیی:** ئێمە هەق وایە واز لەوە بێنین کاتی خۆی لە کوێ بووین، چاکترە بیر لەوە بکەینەوە ئێستا لە کوێین. ئەگەر بۆچوونی خۆم بڵێم زۆر باشتر دەبوو، ئێمەیش وەک عەرەبەکان یەکێک لە زارەکانمان بکردایە زمانی ستاندارد بۆ خوێندنی قوتابخانە و ڕاگەیاندن و دەوڵەت، بە چاوپۆشین لەوەی زارێکی گەورەیە یان بچووک، هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا مەبەستم لە زاری (گۆران)ە، ئینجا مێژووی ئەو زارە لە مێژووی میرنشنینی ئەردەڵان کۆنترە. هەزار ساڵ یان زیاتر بەو زارە شیعر هۆنراوەتەوە، ئەگەر تەماشای دەقە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان بکەیت ئەمەت بۆ دەسلمێت. ڕەنگە نەبوونی ئایینێکی سەرتاسەریی کوردان هۆیەکی سەرەکی بێت بۆ نەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی، بەڵام ئێستا وەک گوتم دەبێت لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا هەڵسوکەوت بکەین. هەر وەک لە پرسیاری پێشوودا گوتم باس باسی زمانە کوردییەکانە ئەمە ڕاستییەکە ناتوانین چاوپۆشیی لێ بکەین. ئەمڕۆکە هەر لە باشووری کوردستاندا خەریکە دوو زار بە دوو ئاقاری جیاوازدا دەچن و هەر یەکەیان بووە بە زمانی خوێندن و میدیا و دەوڵەت. ئەمە ڕەوشێکی ترسناکە، بە من بێت هەر کام لەم دوو زارە دەکرێن بە ستاندارد با بکرێن، بۆ من کێشە نییە، بەڵام لەسەر بناغەیەکی زانستی بکرین نەک حەز و ئارەزوو.

**زمان و زار: بەڕای ئێوە ئەم خۆ جوداکردنەوەیە پرسێکی سیاسی نییە؟ روونتر بڵێم ئەجێندای وڵاتانی نەتەوەی سەردەست نییە بۆ لاوازکردنی یەکێتی نەتەوەیی کورد، لە رێگای ناساندنی ئەو زارە کوردییانە وەک زمانێکی جیاواز لە زمانی کوردی؟**

**فەهمی کاکەیی:** گومانی تێدا نییە ئەمە پرسێکی سیاسییە، بەڵام بۆچی دەبێت ئێمە هەمیشە خەتاکە بخەینە سەر خەڵکی تر؟ هەڵبەتە لە ئەم پەرشوبڵاوییە خزمەت بە ئەجێندای وەڵاتانی دەوروبەر دەکات، بەڵام ئەگەر ئێمە خۆمان ئیرادەمان هەبێت ئەوان ناتوانن ڕێگریمان لێ بکەن. ئەوەی زارە کوردییەکان وەک زمانی سەربەخۆ بە ناساندن دەدات ئێمە خۆمانین نەک نەک وەڵاتانی دراوسێ. ئەمەیش کاری ئەمڕۆ نییە بەڵکو مێژوویەکی پەنجا ساڵە یان زیاتری هەیە. ئەوجا ئەگەر بێت باسی یەک زمانی کوردی بکەین دەبێت لە خۆمان بپرسین کێهە زار زمانی کوردییە؟ ئەگەر باسی کوردستان بکەین دەبێت باسی ئەو خاکە بکەین کە زۆرینەی زۆری دانیشتووانی بە یەکێک لە زاراە کوردییەکان قسە دەکەن، لەم حاڵەتەدا ئایا واقعییەتی تێدا هەیە ئێمە داوا لە بیست ملیۆن کوردی باکوور بکەین کە زاری کوردیی ناوەڕاست وەک زمانی ستاندارد قبووڵ بفەرموون، لە کاتێکدا لەو باشەی باکوور تەنیا یەک گوندیش نییە بەو زارە قسە بکات؟

**زمان و زار: چەند ساڵێک لەمەو بەر ئەنجوومەنی میراسی فەرهەنگی لە ئێران، ئەم زارانەی وەک لەک و لوڕ وەک زمان ناساند، لە کاتێکدا ناسیۆنالیستی فارس پێیانوایە زمانی کوردی زارێکی فارسییە؟**

**فەهمی کاکەیی:** من نازانم ئەو ئەنجومەنە کام یەک لە زارە کوردییەکانی وەک زمانی سەربەخۆ ناساندووە، کاریشم بەوەوە نییە ناسیۆنالیستە فارسەکان چۆن بیر دەکەنەوە، بەڵام زۆر جار بۆ خۆم دادەنیشنم و بەراوردی زاراە کوردییەکان دەکەم، لە پاڵ ئەو زارانەشدا زمانی فارسی دادەنیم و تێکەڵ بەو بەراوردەی دەکەم، دەبینم فارسییەکە زۆر جوان لەناو زارە کوردییەکاندا خۆی دەگونجێنێت و بە هیچ شێوەیەک هەستی پێ ناکەم کە فارسی زارێکی کوردی نەبێت. حاڵیی عەرزم بوویت؟

**زمان و زار: مامۆستا هەمان تێز ناسیۆنالیستی تورکیش حاشا لە زمانی کوردی دەکەن و هێشتا بەرەسمی ئەو زمانە لە دەستووری کۆماری تورکیادا قەدەغەکراوە؟**

**فەهمی کاکەیی:** ئەوجا دەبێت لە خۆمان بپرسین: ئایا ئێمە وەک کورد ئەو چاوەڕوانییەمان لە ناسیۆنالیستی تورک هەیە دان بە بوونی زمانی کوردیدا بنێن، لە

حاڵەتێکدا ئەوان دان بە هەبوونی کورددا نانێن و وەک تورکی چیانشین پێناسەیان دەکەن. دیسانەوەیش دەبێت بیر لەوە بکەینەوە ئایا کوردانی باکوور تا چ ڕادەیەک تونیویانە هزری نەتەوەیی لای نەوەکانی خۆیان گەشە پێت بدەن و فێری زمانی کوردییان بکەن و بەم هۆیەشەوە فەرهەنگی کوردی بپارێزن؟ بەشێک لەوان تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش کەلوپەل و خواردەمەنی تورکی نەبێت ناکرن و بە کاری ناهێنن. ئێمە وەک کورد ئەوەندەی گلەیی لە نەتەوە دراوسێکان دەکەین پێویستە چوار هێندە گلەیی لە خۆمان بکەین.

**زمان و زار: کتێبی ڕۆژ باش (بۆ فێربوونی ئەلفوبێی زمانی کوردی)، کە ئەم کتێبە چوار جاری دیکەش لەچاپ دراوەتەوە، بە کام ئەلفا بێتا بووە، لاتینی یان ئارامی، کامیان بۆ زمانی کوردی باشترە؟ بەرای تۆ فرەرێنووسی لەمپەرێکی تر نییە لەبەردەم زمانی ستانداردی کوردی؟**

**فەهمی کاکەیی:** کتێبی ڕۆژباش یەکێکە لە چەندین کتێبی قوتابخانە کە لە مەملەکەتی سوێد ئامادە و چاپ کراون. لێرەدا بە هەلی دەزانم ناوی ئەو کتێبانەی بۆ قوتابخانە ئامادەمان کردوون چ وەک گرووپ یان بەتەنیا ئاماژەیان پێ بدەم: ڕۆژ باش، گەرمیان، دیلان، باوەگورگوڕ، کوردی ١، کوردی ٢، کوردی ٣، کوردی ٤، پرسبرکی، هەورەوەها کتێبی یاریی پیتەکان کە ئەمەی دوایی لە دانانی مامۆستا «سۆزان سۆفی»یە. شایانی گۆتنە زۆربەی کتێبەکان چەندین جار بژار و چاپ کراونەتەوە. تا ئێستا چل هەزار نوسخە لەو کتێبانە چاپ کراون. ئەو بەڕێزانەی لە کتێبەکانی سەرەتادا بەشدارییان کردووە: مامۆستا ئەمجەد شاکەلی و خاتوو مەهاباد قەرەداغی بوون، نزیکەی هەموو کتێبەکانیش لە لایەن مامۆستا فەرهاد شاکەلییەوە پێداچوونەوەی زمانەوانییان بۆ کراوە. ئینجا چەندین کەسیش لە نیگارکێشانی کتێبەکاندا بەشدارییان کردووە: ئێڤا لۆتتا لیند، ئاشنا ئەحمەد دەوڵەت، تالێب ئۆزمانی و کتێبەکانی دواییش هیوا کاکەیی. هەموو ئەم کتێبانە بە ئەلفبێی کوردی/ ئارامی، واتە ئەم ئەلفبێیەی لێرەدا بە کار هاتووە نووسراون. ئینجا مەسەلەی ئەو دوو ئەلفبێیەی باست کردن:

من پێشتریش لە دیمانەی تردا هەمان پرسیارم لێ کراوە، بیروبۆچونم نەگۆڕاوە و هەمان وەڵامم هەیە. هەیە پێیان وایە ئەلفبێی کوردی/ لاتینی ڕوخسارێکی سەردەمییانەی هەیە و بەکارهێنانی دەبێتە هۆی پێشخستنی زمانی کوردی. من بە

هیچ شێوەیەک ئەوە ناسەلمێنم  کە بەکارهێنانی ئەلفبێی کوردی/لاتینی ڕووخسارێکی سەردەمییانە بە زمانی کوردی ببەخشێت، یان بە هۆی ئەو ئەلفبێیەوە پێشکەوتنی گەورەتر بە خۆیەوە ببینێت، یاپان و چین و هەندێ وڵاتی دیکەیش لە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانن، بەڵام بە ئەلفبێی لاتینی نانووسن. جگە لەمەش بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی بەڵگەیەک نییە  بۆ ئەوەی خەڵکی بیانی بتوانن ئاسانتر لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی بکەن، وەک هەندێک پێیان وایە. جارێ بەر لە هەموو شتێک پیت ڕەمزێکە بۆ دەنگێک، ئەمە لە گشت ئەلفبێیەکاندا وایە، خودی ئەلفبێیەکە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، گرنگییەکە تەنێ لەوەدایە تا چ ڕادەیەک پیتەکان دەربڕی دەنگەکانی ئەو زمانەن، یان تا چ ڕادەیـەک ئەو پیتانە گونجێنراون بۆ ئەوەی دەنگەکانی ئەو زمانەن دەربڕن. لە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی ئەلفبێیەک بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتە هۆی ئەوەی گرفتەکان تا ڕادەیەک چارەسەر بکرێن. ڕاستە ئێمە هەندێ کێشەمان لەگەڵ ئەلفبێی کوردی/ئارامیدا هەیە، بەڵام ئەو کێشانە زۆر کەمترن بە بەراوردکردن لەگەڵ کێشەکانی نووسینی کوردی بە ئەلفبێی کوردی/لاتینی، کە ڕەنگە لێرەدا بواری ئەوە نەبێت باسی کێشەکانی هەردوو ئەلفبێ بکرێن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بمانەوێت یان نەمانەوێت کورد لە ئێستا و داهاتوویەکی نزیکیشدا بەردەوام دەبێت لەوەی بە دوو ئەلفبێ بنووسێت، ئێمە هەرچییەک بکەین ناتوانین و ناشکرێت و نابێت داوا لە کوردی باکوور بکەین بە ئەلفبێی کوردی/ئارامی بنووسن، بەڵگە زۆرن بۆ ئەم بۆچوونە. ڕەنگە ئەوەی ئێمەی کەمێک نیگەران کردبێت ترسی ئەوە بێت ئەلفبێی کوردی/لاتینی لە هەرێمی باشووری کوردستاندا جێ بە ئەلفبێی کوردی/ئارامی لەق بکات، کە من پێم وایە ئەم نیگەرانییە لە جێی خۆیدا بێت.

من خۆم هیچ بەڵگەیەکی مەنتقی نابینم بۆ ئەوەی ئێمە دەست لە ئەلفبێی کورد/ئارامی هەڵبگرین و لە جیاتیی ئەوە ئەلفبێی کوردی/لاتینی هەڵبژێرن، چونکە کەموکوڕییەکانی ئەم ئەلفبێیە زۆر کەمن و دەکرێت چارەسەر بکرێن، من جارێکی دیکەیش ئەم قسەیەم کردووە کە ئەمە وەک ئەوە وایە تۆ خانوویەکت هەبێت دەرگایەک و دوو پەنجەرەی شکا بێت، لە جیاتیی ئەوەی دەرگا و پەنجەرەکان چاک بکەیتەوە هەڵسیت و هەموو خانووەکە بڕووخێنیت و سەر لەنوێ خانوویەک دروست بکەیت و پێت وا بێت لەوەی

پێشتر باشتر دەبێت، کە وا نییە. یانی بە کورتی بێژم: ئێمە بەم شێوەیە سەر لە خۆمان دەشێوێنین، سەرباری ئەوەی گەنجینەی ئەدەبیی هەزار ساڵەشمان زەرەری بەر دەکەوێت.

ئینجا مەسەلەی دوو ئەلفبێ لەمپەرێکی ترە لەبەر بەستاندارکردنی زمانی کوردی یان نا، بێگومان لەپەرە، بەڵام تاقەلەمپەڕ و بەهێزترین لەمپەڕ نییە، ئەگەر کورد لەسەر ئەوە ڕێک کەوت (کە ڕێک ناکەوێت) یەک زمانی ستانداردی کوردیی هەبێت ئەو کاتە کێشەی ڕێنووس چارەسەر دەکرێت.

**زمان و زار: مامۆستا لە دوای راپەڕین لە باشووری کوردستاندا، تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیش، بەسەدان کەناڵی میدیایی سەریانهەڵدا، بەرای تۆ هەبوونی ئەو هەموو کەناڵانە تاچەند خزمەتیان بە زمانی ستانداردی کوردی کردووە، یان بە پێچەوانە زیانیان پێگەیاندووە؟**

**فەهمی کاکەیی:** لەڕاستیدا هەبوونی ئەو هەموو کەناڵانە تاکی کوردی تووشی سەرلێشیوان کردووە. زۆری و بۆری لە بواری چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا، بە بینراو و بیستراوە و ئەلکترۆنییەوە خزمەتی بە ڕەوشی زمانی کوردی نەکردووە. جۆرێک لە پاشاگەردانی لەم بوارەدا بەدی دەکرێت. ئەمڕۆکە هەر کەسە بیەوێت دەتوانێت بۆ خۆی سایتێک بکاتەوە، ڕۆژنامە یان گۆڤارێک دەربێنێت، چوار کەس بەیەکەوە کۆ دەبنەوە و ڕادیۆیەک دادەمەزرێنن، هەر حیزب و ڕێکخراو و لایەنێک هەڵدەستێت و کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی بۆ خۆی دەکاتەوە، ئەمەیە کە پێی دەڵێن زۆری و بۆری. لەم حاڵەتەدا کێ دەتوانێت ئەو هەموو سەدان ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و دەیان ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنە بخاتە ژێر چاودێریی زمانەوانییەوە؟ تا ئێوارە پێیان بڵێ: کاکە گیان دوو دانە واو لەسەرەتای وشەدا نایەت، کەس گوێت لێ ناکرێت و ڕەنگە بڵێن: ئێمە تا ئێستا وامان کردووە، بووە و ڕۆیشتووە، پێیان دەڵێیت: ئاخر پیتی بزوێن لە سەرەتای وشەدا، بێ هەمزەی سەر کورسی نایەت، کەچی ئەو تەقەی سەری دێت و نازانێت ئەلفبێی کوردی چەند بزوێنی تێدایە، ڕەنگە هەر نەشزانێت ئەم ئەلفبێیەی ئێمە بریتییە لە چەند پیت. ئەمە بەڕاستی کارەساتە. من پێم وایە هەبوونی ناوەندێکی زمانەوانی کە چاودێریی ڕەوشی زمانی کوردی بکات، خاوەن دەسەڵات و کاریگەر بێت، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕەوشە، گەلێک گرنگە. ئینجا پێم

وایە هەبوونی ئەم هەموو کەناڵ و دامودەزگا میدیاییانە هێندەی خزمەتیان بە زمانی ستانداردی کورد (کە نییە) کردووە دە هێندە زیانیان پێ گەیاندووە.

**زمان و زار: بۆ پرسی پەرروەردەش هەمان پرسیارم هەیە ئایا فرە پەروەردەیی لە دەڤەرە جیازاکانی کوردستان بە زارەکانی بادینی و فەیلی وهەورامی تاچەند دەتوانێت خزمەت بە زمانی کوردی بکات، یان زمانەکەمان پتر لە یەکتر دەترازێنێت؟**

**فەهمی کاکەیی:** تا ڕادەیەک لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشو باسی ئەم لایەنەیش کراوە. پرسی پەروەردە یان زمانی ستاندارد بە من و بە تۆ چارەسەر ناکرێ، ئەمە ئیرادەی دەوێت، ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزی دەوێت. بێ لەمە ئەگەر مەبەستتان خوێندن بێت بە زاری هەورامی دەبێت بڵێم: ئەگەر خوێندن بە زاری بادینی هەبێت بۆچی دەبێت بە هەورامی نەبێت؟ ئەوجا ئەگەر خزمەت دەکات یان ناکات ئەمەیش پرسێکی ترە، دەمێنێتە سەر ئەوەی لە چ گۆشەنیگایەکەوە تەماشای دەکەین. ئەگەر هەورامییەکان بە کورد دەژمێرین (کە بۆ من نابێت مەسەلەیەکی وا گفتوگۆی لەسەر بکرێت) ئەو کاتە نابێت ڕێگایان لێ بگیرێت زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن، نازانم بۆچی خەڵکێک هەیە لەوە تۆقیون چەند سەد کەسێک زمانی دایک بخوێنن، بەڵام لەوە نەترساون چەند ملیۆنێک زمانی دایک بخوێنن و هیچ لە فکری زمانی ستانداردا نەبن؟ چارەسەری تر هەیە کە لە چوارچێوەی پرسیارەکەدا جێی نابێتەوە.

دەمەوێت لە کۆتایی ئەم دیمانەیەدا بۆچوونی خۆم لەسەر هاتنەکایەی زمانێکی ستاندارد بڵێم: زمانی کوردی نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا یەکستاندارد نابێت لەبەر کۆمەڵێ هۆی: سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و بگرە فەرهەنگییش، ڕەنگە کەسێکم لێ ڕاست بێتەوە و بڵێت مەگەر ئێمە هەموومان کورد نین؟ بۆچی دەبێت هۆی فەرهەنگی هەبێت، مەگەر جیاوازیی فەرهەنگیمان هەیە؟ بەڵێ جیاوازیی فەرهەنگی لەناو کورداندا هەیە، ئەویش کۆمەڵێ هۆی خۆی هەیە، جیاوازیی فەرهەنگی نەک تەنێ لە نێوان بەشێک و بەشێکی دیکەی کوردستاندا هەیە بە هۆی کارتێکردنی فەرهەنگی سەردەستەوە، بگرە جیاوازی لە نێوان هەرێمێک و هەرێمێکی تر، شارێک و شارێکی تر هەیە. نامەوێت لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم، بەڵام زمانێکی کوردیی ستاندارد بۆ هەموو کوردستان وەک خەونێکی وەنەوشەیی وایە.

هەواڵنامەی کوردستانی

# زمان و پرنسیپ و گرفتەکانی وەرگێڕان

▢ مستەفا غەفوور

بێهزادی خۆشحاڵی نووسەسەری رۆژهەڵاتی : لە بەرهەمێکی دا بەناوی (زبانشناسی کرد و تاریخ کردستان) کە بەندە لە ژێر ناونیشانی فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان دا وەرمگێڕاوە، نووسیویە: هەر نەتەوەیەک گوێ نەداتە زمانەکەی، بۆ بەرز راگرتنی کلتورە نەتەوەییەکەی هەوڵ نەدات، بەربەرە بەرە و داڕزان و لەکۆتایی دا بەرە و لەناوچوون دەچێت. ئەو نەتەوەی پارێزەری زمانەکەی خۆیەتی، لە بەندکراوێک دەچێت کلیلی بەندیخانەکە لە بەرکی خۆی دایە، هەرکاتێک بخوازێ دەرگا دەخاتە سەرپشت و ئازاد دەبێ. نەتەوەی بێ کلتوور و زمان (مەبەست خاوەن زمان و کلتووری لاواز) لە گیراوێک دەچێ کلیلی گرتووخانەکەی لەدەست دوژمنانی دایە، واتە لەبەرامبەر دوژمانی دا چۆکی داداوە و وردە وردە دەتوێتەوە. لەبەر ئەوە نەتەوەیەک هەرگیز لەناو ناچێ، مەگەر زمانەکەی بەرەو لەناوچوون بڕوا. لە شوێنێکی تردا دەنووسێ: بە مردنی هەزاران رۆڵەی نەتەوەیەک، ئەو نەتەوەیە کۆتایی نایات بەڵام بە مردنی زمانەکەی فاتیحای دەخوێندرێ.

گەلێک نموونەمان هەیە کە بە پێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەیان و بگرە سەدان زمان بە درێژایی مێژوو لە ناو چوون و نەتەوەکانیان لە ناوچوون یان لە ناو نەتەوەکانی تردا تواونەتەوە و نەوەکانی ئەمڕۆیان نەک هەر هیچ هەستێکی نەتەوییان نییە، بە بیریشیان دانایت رۆژێک زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو بێ و نەتەوەیەک بوو بن.

لە تێکرای بوارەکانی ئەدەبدا زمان فاکتەری هاوبەش و لایەنی سەرەکییە، بەڵام هەر بوارێک بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات هەریەکەیان بە جۆرێک زمان بۆ مەبەستی خۆی دەخەملێنێ یا رەنیودێنێ. زمانیش سەرکێشە، بۆ هەر بوارێک شێوازی خۆی هەیە و بۆ هەر کەسێک بە ئاسانی رام نابێت. ئەگەر لە وەرگێرەوە دەسپێبکەین ئەوا وەرگێڕ بەردەوام لەگەڵ دەقدا لە ململانێ دایە و لەگەڵ زماندا مشتومڕیەتی. زۆر جار زمان بۆ زاڵبوون بەسەر دەقدا، بەدەم وەرگێڕەوە نایات بە تایبەتی زمانی کوردی تەنیا بۆ تێکستێکی سادە نەبێ، بەڵام بۆ تێکستی ئاڵۆز و دەقی زمانێکی بەهێزتر لە زمانی کوردی، ئەوا زمانی کوردی نەک هەر وەڵام ناداتەوە بگرە ئەگەر وەرگێڕ وریا نەبێ بە خۆی و زمانەکەیەوە دەبەزێ، ئەگەر خوا بکا ریسوا نەبێت لانیکەم لەبەردەم دەقدا بە چۆک دادێ. نەک هەر ئەوە ئەگەر بە گژ دەقێکی ئاڵۆز و

بەرفراوانتر لە زمانی مەبەستدا بچێ، واتە ئەو زمانەی دەقەکەی بۆ وەردەگێردرێ ئەوا وەک ئەوە وایە وەرگێڕ زۆران لەگەڵ کەسێکی لە خۆی بەهێزتر و پڕ تکنیک تر بگرێ و بکەوێتە ململانێیەکی نابەرامبەر. دەبێ وەرگێڕ هەم زمانەکە و هەم خۆی بۆ ئەو وەرگێڕانە ئامادەبکات، سەرەتا وەک زمانناسێک شارەزای یاسا و ڕێساکانی هەردوو بەری ململانێکە بێ، لە کەش و هەوای هەر دەقێکی زمانەکاندا کاری کردبێ، ئێنجا بە خۆی و پاڵەوانەکەیەوە رووبکاتە مەیدانەکە. کەواتە زمان لە ململانێی زاڵبوون بەسەر دەقدا پاڵەوانی بێ رکابەری وەرگێڕە. هەر زمانە، لەسەرێکەوە دەق تێکدەشکێنێ و لە سەرێکی ترەوە وەرگێڕ.

وەک چۆن درەختێک پێویستی بە چاودێریی و ئاودێریی و هەڵپەرداوتن و متورب کردنە، زمانیش بە هەمانشێوە پێویستی بە چاودێرییە، بە تایبەتی تا هەڵنەپەرداوترێ، لاخە وشکەڵ و گەڵارزیوەکانی لێنەکرێتەوە، بە کورتی خزمەت نەکرێت بەرهەمی باشی نابێت. هەنوکە زمانی کوردی وەک پێویست خزمەت نەکراوە و هەڵنەپەردراوتراوە، خزمەت نەکراوە بۆیە گەشەیەکی بێ سەروبە و نارێکی بەخۆیەوە بینیوە، گەیشتۆتە رادەیەک هەڵپەرداوتنی هەم شارەزایی وهەم وریایی گەرەکە، ئەگەرنا کاردانەوی خراپی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر زمانەوانان و پسپۆڕانی زمان کاری بۆ نەکەن و دەسەڵات بە تایبەتی بڕیاری پشتیوانیان نەدا بەرە و ئاقاری خراپتر دەڕوات.

رەنگە بکرێ بڵێین وەرگێڕان دراوی ئاڵوگۆڕی زانیاری و رۆشنبیرییە، وەک چۆن بێ بوونی دراو ئالوگۆرە بازرگانییەکان رادەوەستن و بە دوای ئەویشدا بواری ئابووری دەوەستێ، دەرئەنجامەکەشی پەککەوتنی ژیانە بە شێوازی ئەمڕۆ. بواری رۆشنبیریش بێ وەرگێڕان پەکی دەکەوێت و کلتووری ئەو وڵاتە تووشی قەتیسمان دەکات. ئەمڕۆش هەر دواکەوتنێک و دواکەوتن لە قەرەبووکردنەوەی ئەو دواکەتنە رۆشنبیرییە، ئەو گەل و وڵاتە تووشی کارەسات دەکات،. لەبەرئەوە پێویستە لە هەموو کۆمەڵگایەدا وەرگێران بایەخی پێ بدرێ چ لەسەر ئاستی دام و دەزگاکانی دەوڵەت چ لەسەر ئاستی شەخسی، ئیتر چ تاکی کۆمەڵ ببێتە وەرگێڕ واتە زمان فێرببێت بۆ وەرگرتنی کلتوور و رەوشنبیری گەلان، چ وەریگێرێ بۆ سەر زمانی نەتەوەکەی خۆی، چ سیستمێک، دامەزراوەیەک ئەم ئەرکە بخاتە ئەستۆی خۆی. ئێستا لە زۆر وڵاتدا دامەزراوەی تایبەت بە وەرگێڕان هەیە، ئەرکی ئەو دامەزراوە ئەوەیە ئەو زانیارییانەی دەکەونە ناو

بازاری کلتوور و ئەو بەرهەمانەی تازە چاپ دەکرێن بە خێرایی وەرگێڕی بۆ سەر زمانی خۆیان، ئەمە دوای ئەوەی هەرچی بەرهەمی ئەدەبی جیهانییە و هەرچی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان و زانیارییەکانن وەریانگێڕاوە و ئێستا ڕۆژانە هەرچی دەربچی و بایەخی ئەدەبی و زانستی هەبێت بێ سێ و دوو وەریدەگێڕن. لە ڕووی بوجە و پێداویستیشەوە، چ وەزارەتی ڕۆشنبیری چ سەنتەری گشتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەو وڵاتە بۆیان دابین دەکات. هەموو وڵاتانی ئەوروپا و جیهانی پێشکەوتوو ئەم دام و دەزگایانەیان هەیە. ئیران و تورکیاش کە دوو وڵاتی دراوسێن ئەم هەنگاوانەیان ناوە.

لەبەر ئەوە بایەخدان بە وەرگێڕان و بایەخدان بە فێربوونی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ زمانە زیندوو پێشکەوتووەکانی جیهان، هەردووکیان پێویستن، وەلێ یەکەمیان پەلەی تێدا نییە هەرکاتێک کۆمەڵگا بیەوێ دەتوانێ دەست پێبکات وەلێ دووەمیان دەبێ پەلەی لێبکرێ، چونکە درێژخایەنە و درەنگتر دێتە بەر، دیار ئەم دواکەوتنە لە وەبەرهێنانی ڕۆشنبیری دا، کار دەکاتە سەر دواکەوتن لە گواستنەوەی زانیاری، مەعریفە، ڕۆشنبیری و زانست، دواکەوتنیش لە کاروانی پێشکەوتنی گەلان و قەرەبوونەکردنەوەی ئەو ماوەیە کارەساتە، چونکە کاروانی زانست و ڕۆشنبیری ناوەستێ، تا تۆ بەوە ڕادەگەی زانیارییەکانی دوێنی وەرگێڕی بۆ سەر زمانی خۆت دەیان زانیاری تازە ڕۆژانە دەرژێنە ناو هزری مرۆڤ و کۆمەڵگاوە.

ئەگەر زمان ئامرازی لێکتێگەیشتن و گواستنەوەی بیرو بۆچوونی مرۆڤەکان بێ، ئەوا وەرگێڕان گۆڕینەوەی زمانی دەقە بە زمانی مەبەست، واتە وەرگێڕان ناوبەندە بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی زمانی دەق، لێرەدا دەتوانین بڵێین پرۆسەی وەرگێڕان هونەری دروستکردنی زمانی ناوبەندە و ئاستی هونەرمەندانەشی پەیوەستە بە ڕادەی بە جێهێنانی ئەرکەکەی، چۆن کارایی زمان لە گەیاندنی دەقێکدا دەردەکەوێ، کارایی وەرگێڕانیش بە هەمان شێوە، واتە هەرکاتێک وەرگێڕانەکە توانی لە ئاستی زمانی دەقەکەدا بێ، ئەوا وەرگێرانەکە سەرکەوتووە. ئینجا پێویستە ئەو فاکتەرانەی وەرگێڕان لەسەری بەندە تاوتوێ بکرێن، تۆکمەیی، لاوازی کەموکوڕی هەریەک لەو فاکتەرانە پێوەرن و وەرگێرانەکەی پێ هەڵدەسنگێندرێ.

لەراستیدا تێکرای کەموکوڕییەکانی زمان لە پرۆسەی وەرگێراندا بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە گرفت خولقێنن. نەک هەر ئەوە، هەر کەموکوڕی و ناهەمووارییەکی

زمان، لە وەرگێڕاندا ڕەنگ دەداتەوە، بە دڵنیاییەوە هەر کۆسپێک لە وەرگێڕاندا دێتە کایەوە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی زمان. ڕاستە وەرگێڕ و وەرگێڕان کاریگەرن لە سەر گەشپێدانی زمان، وەلێ تێکڕای گرفتە بنەماکانی وەرگێڕان لە زمانەوە دێن. لەبەرامبەردا وەرگێڕانیش لە پاڵ ئەوەدا کە خزمەت بە زمان دەکات گرفتیش بۆ زمان دەخولقێنێ، زۆرجار دەگاتە ڕادەیەک لەڕێڕەوی هۆی لایەدات. کەواتە دەتوانیین بڵێین گرفتی زمان و گرفتی وەرگێڕان تارادەیەک هەردووکیان یەکن، سەرەڕای ئەوەی خزمەت بە یەکتر دەکەن گرفتەکانیشیان لە یەکتریەوە سەرهەڵدەن، واتە لە خزمەت یەکتردان و بۆ یەکتر گرفت خوڵقێنن. بۆیە پانتایی زمانەوانی و وەرگێڕان ئەگەر هاوتاش نەبن بە باڵای یەک تێکهەڵکێشن. هەرگۆڕانێک ئەرێنی یا نەرێنی لە زماندا کاریگەرییەکەی لە وەرگێڕاندا دەردەکەوێت. دەبێ وەرگێڕ زمانەوانێکی بەرجەستەبێت وەلێ مەرج نییە زمانەوان وەرگێڕ بێت. زمانەوانی و پرۆسەی وەرگێڕان، پێکپەیوەیست، یەکتر ویست، لێکدانەبڕاو، تەواوکەری یەکترن. هاوکاری ئەم دوو بوارە خزمەتی گەورە بە زمان دەکەن. لەو شوێنانەی ئەم دوو بوارە هاوکاری یەکتر دەکەن، زمانی مەبەستیان سەرکەوتنی بەرچاوی دەستەبەر کردووە. بە پێچەوانەوە گوێنەدانە یەکتر و ڕۆیشتنی هەریەکەیان بە ئاڕاستەیەکدا کە خۆی بە باشی دەزانێ، چەواشەکاری لەهەردوو بوارەکەدا دەخوڵقێنن....

**لە بواری ئەمڕۆکەی وەرگێڕان لە کوردستاندا گرفتەکان زۆرن بەڵام دەکرێ بکرێن بە دووبەش:**

**بەشی یەکەم:** ئەو گرفتە خۆڕسکانەی بە پێی سروشتی زمانەکە دروست دەبن. لە وانە لە سەر بنەمای زمانی پەتی سەرەڕای ئەوەی وشە و زاراوەی لەسەر دادەڕێژری و هێشتا یەکێکە لە سەر چاوەکانی دەستبەرکردنی وشەی نوێ، چ بە زیندوو کردنەوەی ئەو وشە و کەرەستە و زاراوانەی لە پشتیری زمانی کوردیدا بەجێماون، نە ڕووناکیان دیوە و نە زمانناسان ئاوڕیان لێداوەتەوە، چ بە نۆژەنکردنەوە و ئەکتیڤ کردنی ئەو وشە و زاراوانەی پشت گوێخراون یان شوێنی بەکارهێنانی تایبەت بە خۆیان نەدۆزراوەتەوە. ئەوەش بەو مانایە نییە زمانی پەتی سەرچاوەی گشتی و سەرەکی زمانی کوردییە، نەخێر زمانی پەتی یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان و یەکێکە لە پایە گرنگەکانی هەڵچنینی زمانی کوردی. بە لام لە ڕووی فۆنێتیک، پراگماتیک و ڕستە سازییەوە هێشتا بنەمای سەرکییە. کەواتە لەسەر بنەمای زمانی پەتی گەڵێک وشە

و زاراوە لە زمانی خەڵکی ڕەشۆکی، خوێندەوارانی لۆکاڵی دادەکەون و دەکەونە ناو زمان. خاڵە هەستیارەکە لێرەدایە ئەویش ئەوەیە: دەبێ بە پێی ژینگەی زمانی ئەمڕۆ لە محەک بدرێ و بە پێی واقعی ئەمڕۆ سوودی لێوەربگیرێ، (نموونەیەکی سادە پێودانگ، هەڵقەناندن...). ئینجا ئەو وشە و زاراوانـەی لەسەر دەستی نووسەران و شاعیرانی پێشتر هاتوونەتە ناو زمانی کوردی کە لەلایەک لەبەر نەشارەزای خوێنەران و کۆمەڵگای کوردی بەو زمانانە و ئەو ژینگە و شوێنانەی ئەو وشانەی لێوەرگیراو، کەس لێپچینەوە و بەداداچوونی بۆ ئەو وشە و زاراوانە نەکردووە، لە لایەکی تر ئەو وشە و زاراوانەی لە زمانی گەورە نووسەر و شاعیرانەوە داکەوتوون بەداخەوە بە دەقیکی پیرۆز دانراون و کەس زاتی ئەوەی نەکردووە دەستیان بۆ بەرێ یان لە سەر زمانی گەورە بەرپرسانەوە داکەوتووە، وەک : وشەی (بوسلاو)ی سەدام کە هیچ نووسەر و کەناڵیکی ڕاگەیاندنی نووسرا و بیسرا و بینرا نەیوێرا جارێکی تر(بواسل) بەکار بێنێتەوە.

**بەشی دووهەم**: ئەو گرفتانەی پسپۆڕانی بواری زمان دەیخولقێنن هەر لە زمانەوانەوە بگرە تا دەگاتە وەرگێڕان. تائێستا بە شێک لەوانە ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرنسیپانەی هێندێک زمانەوانی پێشوو لەوانە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعود محەمەد و نووسەرانی تر لە وشەسازی پێوانە و بەرهەمەکانیاندا لەو سەردەمەدا دایانڕشتوون. مامۆشتا مەسعود ڕێبازەکانی وشەسازیو پێوەرەکانی دیاریکردووە ئیتر مەرج نیە ئەو ڕێباز و پێوەرانە بۆ هەموو حاڵەتێک دەرەنجامی باش بدەن بە دەستەوە. لە لایەکی تر ئەوەندە بایەخی بە ئاوێتەکردنی وشەکان بۆ بەرهەمهێنانی زاراوە و کەرەستەی پێویست داوە کە زمانی کوردی بە شێوەیک کورت و چڕ دەکاتەوە ببێتە هۆی ئەوەی لە شێوازی خۆی دربچی، واتە لە شێوازی لکاوەو (Agglutinative Language) بگۆڕێ بۆ زمانی (Incorporating Language) کە وشەیەک زاراوەیـەک ڕەنگە ڕستەیەک بگەیەنێ وەک زمانی چینی.

یەک لە گرفتەکانی وەرگێڕان، وەرگێرانە لە دەقی وەرگێڕدراو واتە وەرگێڕانی بابەتێک لە زمانێکەوە کە زمانی نووسینی دەقەکە نییە بەڵکو وەرگێردراوەتە سەر ئەو زمانە و وەرگێریش لەبەر ئـەوەی تەنیا شـارەزای ئەو زمانەیە لەو زمانەوە

وەریدەگێڕێ. بۆ نموونە ئەگەر بابەتێک لە فەرەنسییەوە کرابێت بە فارسی، وەرگێڕی کوردی لە فارسییەکەوە وەریدەگێڕێ بۆ کوردی کە جگە لە هەڵەکانی خۆی هەڵە وەرگێڕی فارسیش دووبارە دەکاتەوە. خۆ ئەگەر لە فەرەنسییەوە کرابێتە ئینگلیزی و لە ئینگلیزییەوە کرابێتە عەرەبی و لە عەرەبییەوە کرابێتە فارسی، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەڵەکان بە ئەندازەی زمانی وەرگێڕاو زیاد دەکەن. کەواتە دەتوانین بە شێوەیەکی ماتماتیکی بڵێین هەڵەکانی وەرگێڕان پەیوەندییەی راستەوانەی هەیە لەگەڵ زنجیرەی ئەو زمانانەی بابەتەکەی پێدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە وەرگێری هەنووکە. لەبەر ئەوە بەندە بە باشی دەزانم، بابەتەکە لە زمانی نووسەرەکەوە وەربگێڕێ، ئەگەر نەکرا لە حاڵەتی ئاوادا وەرگێڕانی بابەتێکی بیانی لەفارسی یا عەرەبی و هەر زمانێکی تر (نەک زمانی پێنووسراو) بۆ کوردی قۆناغی یەکەمی وەرگێرانەکە بێ، قۆناغی کۆتایی بەراوردکردنەوە بێ لەگەڵ زمانی سەرەکی نووسینی بابەتەکە. ئەگینا پتر لەوەی خزمەت بێ زیان بە ئەمانەتی وەرگێڕان و هاوکات بە بابەتەکە دەگەیەنێ. ئەمە پرۆسەیەکە رەنگە بۆ زۆرکەس و لە زۆر حاڵەتدا نەکرێ ، بەڵام ئەگەر بکرێ ئەوا بە دڵنیاییەوە پتر ئەمانەتی وەرگێران دەپارێزێ.

ئەرکی وەرگێڕان تەنیا ئەوەنییە دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەرگێڕێ ، ماناکەی لێدەربێنی لە فۆڕمی زمانی کوردی بئاخنی، یان بەرگێکی کوردی بە بەردابکەی، یان ماناکە وەک لاستیک لێک بکێشییەوە و بڵێی ئەوە ئاسانکاری بۆ خوێنەر دەکەم، یان یامانای تێکستەکە چڕ بکەیەوە لە یەک دوور ستە دا، بڵێی هونەرم نواندووە بابەتەکەم کەم و پوخت کردۆتەوە، نەخێر ئەمە پتر لەوەی ئاسانکاری و هونەر بێ نەزانییە، نەشارەزاییە لە وەرگێڕان. پێویستە تێکرای ئەو لایەنانەی لە زمانەکەدا چڕ بۆتەوە لە فەرهەنگ و کلتور و نەریت و پانتای زمانی و زمانەوانیدا بگوازرێنەوە بۆ سەر زمانی مەبەست، نابێ سنووریش ببەزێنێ و ببێتە هۆی لەکەدارکردنی ئەمانەتی وەرگێڕان. لێرەدا گوازستنەوەی پانتایی پەیوەندی بە جیاوازی پانتایی هەردوو زمانەکە و ئاستی نووسینەکەوە هەیە. گەلێک وەرگێڕان هەن زمانەکەیان رەوان و شیاوی تێگەیشتنە بەڵام کاتێک لەگەڵ دەقەکە بەراوردی دەکەیەوە لە زۆر رووە لێکدوورن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە بەراوردکردنەوە دەدرێتە دەس کەسانێک کە چ بڕ لە وەرگێڕەکە بە تواناتر نین، یان زەحمەتی ئەوە بەخی نادات لەگەڵ دەقە سەرەکییەکە بەراوردی بکاتەوە، یا

تەنیا چاو پێداخشاندنەوەیەکە و بەس، ئەکەش ئەگەر مانایەکی هەبێ ئەوا گەندەڵییە و بازرگانی کردنە بە بواری وەرگێران.

وەک باوە زۆربەی زمانناس و کاراکتەرانی بواری وەرگێران، شێوازەکانی زمان دابەش دەکەن بۆ دوو شێواز، کە بریتین لە:

١- وەرگێڕانی وشە بەوشە. لە راستیدا ئەمانە هیچ کامێکیان وەرگێڕان نین. وەگێڕانی وشە بەوشە وەرگێران نییە بەڵکو ماناکردنەوەی وشەکانە، ماناکردنەوەی وشەکانیش هاوئاهەنگییەک دروست ناکات تا مانایەکی ئاوئاهەنگ کە مانای پوختی رستەکەبێت بیگەیەنێ. ئەمە تەنیا تایبەتە بەو کەسانەی لە وەرگێران تازەکارن، ناشین یا شارەزای هەردوو زمانەکە و وەرگێران نین. ئەمە لە هێندێک لە ورگێرە تازەکارەکانی ئێستاتدا زۆر بەرچاو و دیارە و بۆتە هۆی ئەوەی خوێنەر قیزی لە وەرگێران ببێتەوە و پشت لە خوێندنەوە بکات. ئەم جۆرە وەرگێرانە کە ورگێران نییە هەرکەسێک بە سوود ورگرتن لە فەرهەنگ یا ئینتێرنێت دەتوانێ ئەم کارە بکات و ناویش لە خۆی بنێ وەرگێر و دنیایەک وەرگێراوی سەقەت بخاتە بازاری کتێب و خوێندنەوە.

هەڵەیەکی تر کە دێتە ئاراوە ئەوەیە: رەنگە وەرگێر دوای وەرگێڕانی وشە بە وشەی رستەیەکی جوان و مانادار بخوڵقێنێ، بەڵام ئاگاداری ئەوە نییە مانای ئەو رستە دەکەوێتەی خانای مانای دەقەکە، ئایا مانای ئەو رستەیە لەگەڵ تێکرای مانای میتافۆڕی تێکستەکە دەگونجێ، ئایا گواستەوەی مانای زەینی تێکستی سەرەکی بۆ وەرگێراوەکە و زەینی خوێنەر ناشێوێنێ، هەمان وێنا و مەبەستی شاراوە رادەستی بەرامبەرەکەی: بەروتە، خوێنەر و گۆێگر، دەکات.

٢- شێوازەکەی تر وەرگێڕانی مانای تێکست، واتە بەش بەشی دەقە نووسراوەکە، واتە وەرگێڕ دەقەکە دەخوێنێتەوە مانای دەکاتەوە و بە سەلیقەی خۆی دایدەڕێژێتەوە. ئەمە لە چەند روویەکەوە هەڵەیە:

**یەکەم،** وەرگێر ناتوانێ ئەمانەتی وەرگێران بپارێزێ، یا باشتر دایدەڕێژێتەوە یا خراپتر ئەوسا لە بەهای نووسەر کەم دەکاتەوە یا بەهای نابەجێ بە نووسەرەکە دەبەخشێ کەواتە ناکرێ پلەی نووسینێک بەرزبکەیتەوە، کە نووسینەکە شایستەی ئەوە نییە یان پلەی نوسینێک کەم بکەیتەوە، ئەمەش ستەمێکە لە نووسینەکە و نووسەرەکە دەکرێ.

لە ڕوانگەی ئانتوان لیرمان و لۆرنس فینۆتی وەرگێڕانی باش، ئەو وەرگێڕانەیە بەشە گرنگەکەی دەقی سەرەکی دەپارێزێ کە لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی مێژووییەوە بە وەرگێڕانی وشەییەوە پەیوەستە، بەڵام بەو شێوەیە نییە پشت بە مانای یەکەیەکەی وشەکانی زنجیرە وتەییەکە ببەستێت، بەڵکو دەبێ ڕەنگدانەوەی سەرەکیان هەبێ لە دەقە وەرگێڕاوەکەدا واتە ڕەنگدانەوەی ماناییان لە ڕەوتی وتەکەدا مانای گشتی دەقەکە بدات بە دەستەوە.

**دووهەم**: ڕستەکانی تێکستەکە دەشێ بەشێکیان ئیدیۆم بن و دەقی میتافۆڕیان خوڵقاندبێ بە شێوەیەک، پتر لەوەی فۆڕمی تێکستەکەی بخاتە ڕوو دەقی میتافۆڕی پشتەوەی تێکستەکە زەین دەدوێنێ، واتە پەیامەکە ڕادەستی زەین دەکات تا زەین مانای پێویستی لێ هەڵێنجێ، ئەوسا بە ئەگەری زۆر لە داڕشتنەوەیدا هەڵەی مانایی و میتافۆڕی دێتە ئاراوە.

**سێهەم**: گومانی تێدانییە ئەم ماناکردنەوەی بەدەر لە سنووری تێکستەکە جڵەوی نووسین و داڕشتنەوەی بەرەڵا دەکات دوور نییە زیاد لە پێویست بابەتەکە درێژبکرێتەوە، درێژکردنەوەی دەقیش لەلایەک ئەستاتیکی تێکستی سەرەکی دەشێوێنێ و هونەری داڕشتنەکە لاواز دەکات، لە لایەکی تر بێتوانایی وەرگێر دەردەخات کە نەیتوانییوە بە کەمترین تێچووی زمانی و جوانترین وشە و زاراوەی مەبەست، کەم و پوخت لە سنووری تێکستی سەرەکیدا ماناکە بگەیەنێ.

**چوارەم**: ڕەنگە ئەم بابەتە لە سنووری کلتوور و ڕەوشنبیری کورد تێنەپەڕێ و تەنیا لە مەداری خوێنەری کوردا بمێنێتەوە، دوور نییە بابەتەکە ئەوەندە بە هێزبێ زمانزانێک یا وەرگێرێکی زمانی بیانیزان وەریبگێرێت بۆ سەر زمانێکی بیانی. ئەوسا گرفتەکە ئەوەندە گەورە دەبێ ئەو مانا یا پەیامەی وەرگێر بە سەلیقەی خۆی دایڕشتووە، لە وەرگێڕانیدا بۆ زمانێکی تر لە دەقە سەرەکییەکە دووری دەخاتەوە، هەم لە ڕووی ماناوە هەم لە ڕووی داڕشتن و ئەستاتیکای زمانەوە. هەروەک چۆن وەرگێڕانی بابەتێک لە زمانی دووهەم و سێیەمەوە ئەوەندە هەڵەی تێدەکەوێ کورد گوتەنی وەک یەخەی شێتی لێدێ و هەر وەرگێڕە بە ئارەزووی خۆی لێکی دەکێشێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەو مانایەی بۆ وشە زاراوە یا ڕستەی دەقی سەرەکی دادەنرێ ڕەنگە وەرگێرانی بۆ زمانێکی تر مانای سەرەکی بزر بکات و شتێکی دیکەی لێدەرچی، کەمن پێم وایە

وەرگێران پێویستە لەو زمانە سەرەکییەوە بکرێ، کە دەقەکەی پێ نووسراوە ئەگەر ئەوەش نەکرێ، لە هەر زمانێکەوە بێ پێویستە لەگەڵ دەقی سەرکی بەراورد بکرێتەوە. بەندە ئەم دیاردە و هەڵانەم لە وەرگێرانی چەند کتێبێک دا بەدی کردووە، کە ناچار بووم لە دوای وەرگێڕانیان لە زمانی فارسی یا عەرەبییەوە لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەیان بەراوردی بکەمەوە، بەمەش هەوڵمدا سنووری دەق بەچاک یا بەخراپ نەبەزێنم، بولیڵ و تارمایی لەسەر مانا و تێگەیشتنی مانایی بڕەوێنمەوە، هاوکات مانای تا رادەیەک پڕ بە پێستی هەر وشە و زاراوەیـەک یا هەر لائیدیۆم یان لارستەیەکی میتافۆڕی بدۆزمەوە و هەڵەکان کەمتر بکەمەوە. چۆنکە زۆر وشە و زاراوەی ئینگلیزی لە کوردیدا مانای پڕ بە پێستی خۆیان هەیە بەڵام لە فارسیدا نییە یا بە پێچەوانەوە، بۆ زمانی عەرەبی و زمانەکانی تریش بە هەمان شێوە. جگەلەوە مانای ئەبستراکتی وشەکە لەو هەوڵ و بەراوردکردنانەدا دەردەکەوێ، ئەگەر ئەوەش ساغ نەبێتەوە لەم میکانیزمەدا چارەسەری تر دەدۆزرێتەوە، ئەگەرنا بۆ پاراستنی ئەمانی مانا دەکرێ وشە، زاراوە، لارستە ئیدیۆم یا هەر کەرەستەیەکی تری زمانی سەرەکی دابنرێ و لە پەراوێزدا بۆ خوێنەر روون بکرێتەوە.

**پێنجەم**: پەند، ئیدیۆم، لارستەی میتافۆڕیی، قسەی نەستەق زاراوە زانستییەکانی وەرناگێردرێن، بە تایبەتی ئەو زاراوانـەی کۆدەنگییان لەسەر دروست بووە، دەبێ وەرگێڕ شارەزای تێکرای ئەو کەرەستانەی زمانی سەرکی بێ و لە زمانی مەبەست دا بەرامبەرەکەیان واتە هاومانایان بۆ بدۆزێتەوە. یەکێک لە پێوەرەکانی زانینی زمان ئەوەیە دەبێ زمان زان هەموو پەند و ئیدیۆم و قسە نەستەقەکانی زمانی سەرەکی و زمانی مەبەست بزانێ یا لانیکەم هەستبکات ئەوانە لە دەقی سەرەکیدا، وتەی ئاسایی نین وەربگێردرێن. دەبێ هەست بە مانای میتافۆڕی و ئەبستڕاکتبوونی وشەکان بکات.

**شەشەم**: دەبێ وەرگێر شارەزای ئەو بابەتەبێ کە وەریدەگێڕێ، ناکرێ وەرگێرێک هیچ شتێک لە مێژوو نەزانێ دەست بۆ بابەتێکی مێژوویی دێرین بەرێ، یان هیچ شتێک لە بارەی فەلسە، ئابووری سیاسەت، کۆمەڵناسی نەزانێ و لەوبوارانەدا دەست بکات بە وەرگێران. هیچ شتێک لە یاسا نەزانێ و بابەتی یاسایی وەربگێڕێ و ... هتد.

**حەوتەم**: دەبێ وەرگێر خۆی لەسەبکی یا نەزمی رێزمانیی و پراگماتیکی زمانی سەرەکی بپارێزێ، چونکە پێرست و ریزبەندی کەرەستەکانی هەر زمانێک و نەزمی

رستەی سەرەکی و لارستە و دەستەواژەکان جیاوازن، کورتی و کرمانجی دەبێ وەرگێر بێ ئەوەی سنووری پێویستی دەقی سەرەکی ببەزێنی، بەرگی زمانی مەبەست بە بەر دەق یا تێکستە وەرگێراوەکەدا بکات. بە رادەیەک کە ئاخێوەری زمانی مەبەست وا هەست بکات نووسەرەکەی هاوزمانی خۆیەتی.

**هەشتەم**: لە رێزمان بابەتێک هەیە بە ناوی هێز (stress) کە هەم لە رووی رێزمانی و هەم لە رووی فۆنۆلۆجییەوە دەکەوێتە سەر کەرەستە زمانییەکان. واتە لە وشەیەک، زاراوەیەک، یا چەمکێکدا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەیەک کە لە بڕگەکەدا ڤاولێک یا کۆنسۆنانتێک هۆکاری ئەو هێزەیە. ئەمە بۆ بواری سینتاکسیش راستە، دەشێ بڵێین لە دەقێکدا رستەیەک، لارستەیەک، دەستەواژەیەک هێزی دەکەوێتە سەر، کە نە پەیوەندی بە ئیقاع و نە پەیوەندی بە دەنگ و وێستەوە هەیە. ئەو هێزە بریتییە لە چڕبوونەوەی مەبەستی دەقەکە، مەبەستی بەشە رۆمانەکە یا مەبەستی تێکڕای رۆمان یا نۆڤلێت یا وتارەکەی تێدا چڕ دەبێتەوە، کە ئەمە گەورەترین کاریگەری دەخاتە سەر خوێنەر لە رووی دەروونی و زەینی و تەنانەت جەستەیشەوە، لەویدا کارگەییەکان چ سۆزداری و خۆشەویستی چ گاڵتەجاڕی و چ رق و حەماسەت یا بەزەیی لە خوێنەردا سەرهەڵدەدەن و چۆنیش دەردەکەوێ پەیوەندی بە هەست و نەستی خوێنەرەوە هەیە. دەبێ وەرگێڕ هەست بەم حاڵەتە بکات و ئاگاداری ئەو شوێنە هەستیارە بێ و بە هیچ شێوەیەک هەڵەی تێدا نەکات، نە لە رووی ماناوە نە لە رووی گواستنەوەی ئەو هەست و نەستەی دەقی سەرەکی بارگاوی کردووە.

**نۆهەم**: پێویستە وەرگێڕ ساراوەساز بێ یان شارەزای زاراوەسازی بێت. دەبێ بەلانی کەمەوە شارەزایی لە زمانێکی پێشکەوتتوی ئەم سەردەمە پاڵپشتی زاراوەساز بێت، دەبێ زاراوەساز مووقلاش و وردبین و سەلیقەدار بێت.

ئینجا تا زاراوە و دەستەواژەکان کۆدەنگیان هەسەر دروست نەبووبێ، دەبێ بە پارێزەوە دەست بۆ بەکارهێنانیان ببات و هەوڵبدات خۆی تاوانبار نەکات، ئیتر یا لە پەراوێزدا ئاماژەی پێبکات و روونی بکاتەوە، یا بەڵگەی بەکارهێنانی بخاتە روو. مامۆستا مەسعود محەمەد لە شوێنێکی تر دەڵێ: تێوەریخ زاراوەیەکی حازر بەدەستی بۆ خوڵقاندووین لە بری تحشییە لە حشوی عربی وەرگیراوە و دەگوترێ: بە تێوەریخ قسەکەی خستەروو، واتە لە وێنەی کەلێن و پڕکردنەوەی وتووێژ نەک یەکسەر پانە و

پان مەبەستی درکاند (زاراوەسازیی پێوانە. مەسعود محەمەد ل٦٩). دەبینین هێشتا ئەم زاراوەیە و گەلێک زاراوەی تری ناوبراو کۆدەنگی لەسەر دروست نەبووە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناچار نەبووین بەکاری بێنین، چونکە زاراوەی ترمان هەیە لە بری ئەوە کە پێی دەوترێ (ناواخندار)، وەک: وتەکەی ناواخندارە یا ناواخنی هەیە، یا وتەکانی بە پێچ و پەنان.

**دەهەم**: زمانەکانی جیهان بە تایبەتی زمانە گەورەکان وەک ئینگلیزی و ئەڵمانی و رووسی و عەرەبی رۆژ بەرۆژ پەرە دەستێنن، دەبێ وەرگێر هاوشانی ئەم پەرەسەندنە هەست بەگۆڕانکارییەکان بکات. نەک هەر ئەوە بەڵکو چۆمسکی جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە زماننناس پێویستە لانیکەم شارەزای یەکێک لە زمانە بەرفراوان و پێشکەوتووەکانی جیهان بێت. چونکە ئەو کاتە هەست بە کەموکوڕی و جیاوازییەکان دەکات، هەست دەکات زمانەکەی لە چ ئاستێک دایە و چۆن مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێ بەرەو پێشەوە بڕوات و ببێتە زمانێکی ستاندارد. وەرگێڕیش لێرەدا فاکتەری سەرەکییە رەنیوهێنان و گەشە پێدانی زمان، پێویستە ئەویش شارەزای زمانە پێشکەوتووەکانی جیهان بێت.

زۆر جار ئەوکەرەستە، وشە یا زاراوەی بۆ وەرگێر گرینگە رەنگە لەو شوێنەدا بۆ رۆمانووس گرینگ نەبێت، یا ئەوەی بۆ رۆمانووس گرینگە بۆ وەرگێڕ گرینگ نەبێت. چونکە وەرگێڕ ئازاد نییە لە شکڵپێدانی کەرەستە زمانییەکان، کۆت و بەندەکانی وەرگێڕ پتر لەو دەقە دایە کە دەیهەوێ وەریگێڕی بۆ سەر زمانی مەبەست، تا جیاوازی لە پانتایی و باڵای هەردوو زمانەکەدا هەبێ واتە کاتێک زمانی دەقەکە باڵاتر و فراوانتر بێ لە زمانی وەرگێڕانەکە، کۆت و بەندەکان پتر دەبن، هاوکات ئاڵۆزی دەق و بابەتی دەقیش کاریگەرن لەسەر ئافراندنی کۆت و بەندی پتر. لەسەر و هەمووشیانەوە ئەزموون و شارەزایی وەرگێرە، کە ئەویش کاریگەرە لە سەر سەرکەوتوویی و ناسەرکەوتوویی وەرگێڕانەکە. بەم پێیە زمانی ئەو دەقەی وەرگێڕ بەتەمایە وەریبگێڕێ، هیچ دەرفەت و ئازادییەک نادا بە وەرگێڕ تا بتوانی رستە و کەرەستە زمانیەکان مشتوماڵ بکات، واتە کۆتوبەندی پێشوەخت، لەوانە رێساکانی دەقی سەرەکی لە سینتاکس و مۆرفۆلۆجی و رێزماندا، سنوورێک بۆ ئازادی وەرگێڕ و گەمە زمانییەکانی وەرگێڕ دادەنێن. دەبێ

داهێنانی وەرگێر لەو سنوورە دابێت. ئەمەش مەحاڵ نییە. ئەزموون و شارەزایی هەموو مەحاڵەکان لاواز دەکات و بەربەستەکان رادەماڵی.

هەم شاعیر و هەم رۆمانووس ئازادن لەوەی چۆن گەمە بە فۆرمە زمانییەکان دەکەن. چونکە سەرەرای کێشەی خۆیان و دەقی نووسینیان، کێشەی نێوان دوو زمانیان نییە، بەڵکو تەنیا کێشەکە لە نێوان وێنە و زمانە لای رۆماننوس و لای شاعیر لە نێوان زمان و وێنایە. تەنیا لە کاتی وەرگێرانی شیعردا (تا رادەیەک رۆمانیش) کێشەکە قورستر و ئاڵۆزتر دەبێت، چونکە جگەلە کێشەی نێوان زمانی شیعرەکە و زمانی مەبەست کێشەی نێوان میتافۆری دەقە شیعرییەکە و میتافۆری دەقە وەرگێراوەکش یەخەی وەرگێر دەگرێت، کە هاوتاکردن و هاوماناکردنی چوار زمان (زمانی نووسینی سەرەکی، مانای میتافۆری دەقی سەرەکی، زمانی مەبەست، دەقی میتافۆریی زمانی مەبەست، کە دەبێ وەرگێراوی دەقی میتافۆری زمانی سەرەکی بێ) بۆ یەک مەبەست ئاسان نییە. هەر لەبەرئەوەشە دەڵێن وەرگێرانی شیعر ئاسان نییە. لە ئێستادا وەرگێرانی شیعر و تەنانەت وەرگێرانی رۆمانی رۆمانووسە گەورەکانیش ئاسان نییە.

جگە لە گرفتەکانی وەرگێران کۆمەڵێک گرفتی رێنووسیش کاریگەرن لەسەر وەرگێران، کە هەر نووسەر یا وەرگێرێک بە ئارەزووی خۆی دەنووسێ بێ بەڵگە خشتۆخاڵ دەهاوێتە ناو رێنووس بێ ئەوەی بەڵگەی ئەوتۆی هەبێ یان بە دوای بەڵگەی پتەودا بگەرێ بۆ پشتراستکرنەوەی، بێ ئەوەی گوێبدات ئاستاتیکای نووسین، لایەنی تێچووی زمان یان فۆنێتیکی زمان، کە هەرسێکیان لە رێنووسی کوردیدا گرینگن.

گرفتێکی تر ئەوەیە بەشێکی زۆر لە وەرگێرەکان شارەزای پراگماتیکی زمان نین، لە زۆر شوێن لایان روون نییە ئەو رستەی بەکار دەبرێ رستەی سەرەکییە یان رستەی پاشکۆیە، لە رستەکاندانا و ئاوەڵکار، کار و ئاوەڵکار لێک جیا ناکاتەوە، کە بە رای بەندە ئەمە یەکێکە لە کێشەکانی پێوەلکاندنی (ی) ئاوەڵکار و ئاوەڵناو، (ی) پەیوەندی، (ی) خۆیەتی و جیاکردنەوەیان لە (ی) دیارخەر، هەروەها جیاکردنەوەی دەستەواژەی ناویی وەک ناو، ئاوەڵنا و یان ئاوەڵکار، کە لە بەکارهێنانی زیادەرەوی (ی) دا کاریگەرن و وەک پرنسیپ نووسەر و ورگێر دوور دەخەنەوە نووسینی (٣ی و ٣ و). ئەمەش بابەتێکی درێژە و دەیان نموونەی لەسەرە کە هێشتا وەک پێویست ئاماژەیان پێنەکراوە و مشتومرهەڵگرن.

دەبینین (دە) ئامراز یا نیشانەی دەمکاتی رانەبردووە لەوە بترازێ شتێکی تری لەدەست نایات، ئەوە تەنیا بنزاری موکریانە (دە)ی خستۆتە پاڵ (گەڵ) و وەک (دەگەڵ) ئەمەش لە رەوتی بەکارهێناندا جیاوازە لە وشەی (لەگەڵ) بۆ نموونە: مانای دەگەڵی کەوت، جیاوازە لە مانای لەگەڵی کەوت، یەکەمیان مانای رەگەڵی کەوت یا رەدووی کەوت و دووهەمیان مانای لەگەڵیدا ئەویش کەوت، کەواتە مادام لە دەقدا ئەگەری مانای تر دەخولقێنن، پێویستە لە بەکارهێنانی نابەجێدا خۆمانیان لێبپارێزین، چونکە لە خوێندنەوەدا لە چرکەساتێکدا چەندین ئەگەری مانایی خۆیان نیشان دەدەن، ئەمەش گومان لای خوێنەر دروست دەکات.

زۆر جار لەمەڕ ئەنجامدانی: ١) کار بە هۆی ناو و کرداری یارمەتیدەری جیاواز و ٢) گەڕاندنەوەی ئاوەڵناو بۆ ناوی تایبەت بەخۆی و ئاوەڵکار بۆ کاری تایبەت بە خۆی، لادانی زمان سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە:

حاڵی نووسەر لە حاڵی توێژەر کڵۆلتر، کولەمەرگتر، و بەرتەسکتر نەدەبوو.

یەک، بەرتەسکی ئاوەڵناوی حاڵ نییە، دوو کولەمەرگی خۆی ئاوەڵکارە وەک ناوە بە ئامرازی (تر و ترین) ناکرێتە ئاوەڵکاری باڵاتر، جگەلەوە ئەگەر لە رووی رێزمانیشەوە راست بێ، ئەوا لەرووی رەوانییەوە هەڵەیە چونکە میلۆدی رستەکە تێکدەدات....

بەر لەوەی یەک نەفەس وەک پارووییەک، وەڵام وەربگرین...

ئەو کردارەی لەسەر پاروو ئەنجامدەدرێ خواردنە و ئەو کردارەی لەسەر نەفەس ئەنجامدەدرێ هەڵکێشانە کەمتر وەرگرتنە، کەناکرێ هەردوو ناوەکە بەیەک کردار ئەنجامبدرێن، وەک خۆشەویستی کردن و هێلکە کردن. ئەگەر ئەمە سنوور بەزاندنە داهێنان بێ ئەوا ئەو داهێنانە لە بەلاڕێدا بردنی زمانەکەو دوورخستنەوە لە دیالێکتە دەستەخۆشکەکانی، کاریگەرترە نەک لە پێشخستنی زمانە. دەروازەیک بۆ شیکردنەوەی بونیادگەرانەی چیرۆک ل١١-١٢. رۆلان بارت. و: تاریق کارێزیی

گەلێک جار مامەڵە کردن لە گەڵ ئاوەڵناو و ئاوەڵکارەکان بەکارهێنانیان هەڵەیە. بۆ نموونە کەڵەگەت تایبەتە بە بەژن و باڵا، ئەگەر وتت کەڵەگەت واتە بالابەرز نەشڵێی باڵاکەڵەگەت ئاساییە، بەڵام ناکرێ بڵێی ستوونێکی کەڵەگەت، دیوارێکی کەڵەگەت، درەختێکی کەڵەگەت، وەک چۆن ناتوانی بڵێی درەختێکی درێژ...

زۆر جار رەگەزی ناوەکە بە ئاوەڵناوەکە دەسنیشان دەکرێ وەک دارێکی بەرز مەبەست درەختێکی بەرزە نەک تەختە دارێک... یا کە وتت کەڵەگەت بە دڵنیایەوە مەبەست مرۆڤە ئەم خەسڵەتە بەبەر شتی تردا ناکرێت چونکە ئاسان نییە، ئەگەر بشکری لە شیعردا شیاوە، کە بەرزترین دەقی میتافۆڕی و باڵاترین گەمەی زمانی لەخۆ دەگرێت، نەک رۆمان و وەرگێڕانی رۆمان و نۆڤلێت و چیرۆک، یان دەقی ئاسایی ئەدەبی و زانیاری. لەبەرئەوە زۆر جار لادان لە ویستی وشەکان لادان یا چەواشەکاری لە زماندا دەخوڵقێنێ.

لە هەموو ئەوانەش سەیرتر ئەوەیە، خوێنەر دەبێ دەبێ خوێنەر چەندین جار رستەیەک یا دەقێک بخوێنێتەوە ئینجا بتوانێ لێی تێبگات ئەویش نەک لەبەر ئەوە دەقەکە فەلسەفی یا ئاڵۆزە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەرگێڕ لە توانیادا نەبوو وەرگێڕاوە بە شێوەیک دابڕێژی رەوان سادە و شیاوی تێگەیشتن بێ، بۆیە زۆربەی خوێنەران گلەیی لەدەست ئەو جۆرە وارگێڕاوانە دەکەن. بۆ نموونە:

– بەرهەمەکانی مێنیپێنی گاڵتە و گەپ بە فەیلەسووفە گەورە و بەناوبانگەکان بووە.

– بە کردەنیش، ئەو ئەقڵەی دەستی لە خۆی بەرداوە تا وچان لە سایەی نموونەدا بدا، ئەگەر ئەو بێت ئەو رێسایانە، ئەگەر پیادە بکرێن، نووسەر بە سایەی ئەوانەوە بە مەبەست دەگات.

– لە نێوان قوتابییەکان قوتابییەک هەڵبژێرێ. جیاوازە لە: لە ناو قوتابییەکان قوتابییەک هەڵبژێریت... دەخوازێت بیبینێ، جیاوازە لەوەی دەبێ بیبینێ ، دەیەوێ بیبینێ، حەزدەکا بیبینێ، داواکارە بیبینێ...

– پێوەندی و پەیوەندی لە فارسیدا (در این رابگە: لەم پێوەندییەدا، واتە لەم رووەوە کە هیچ پەیوەندی بە پێوەندییەوە نییە ... در رابگە با: لە پێوەندی لەگەڵ: واتە سەبارەت بە، کە هیچ پەیوەندی بە پێوەندییەوە نییە)، بە داخەوە هێندێک وەرگێڕی رۆژهەڵاتیی لەبەر هەر هۆکارێک بێ پەیڕەوی ئەم سەبکەی فارسی دەکەن، کە هەم لە رووی ماناوە هەڵەیە و هەم لەرووی داڕشتنەوە نارێکە.

لێ، ولی، لە (لکن) ی عەرەبی وەرگیراون، ئاساییە لەبنزارەکانی کوردی وەک دەشتی هەولێر و لادێ گوندەکانی کوردستان بەکار ببرێن، بەڵام بۆ زمانی فەرمی بە راستی نازانم گەلێک کەرەستەی زمانی هەیە، یا بەڵگەنەویستن، یا کۆدەنگییان لەسەر دروست

بووه و دەما ودەم دەگێردرینەوە، کە ناکرێ دەسکارییان بکرێ مەگەر کەرەستەیەکی جوانتر و باشترییان لە بری دابندرێ، کە ئەمەش کاری هەر نووسەر و ئەدیبێک نییە زۆر جار کار دەگاتە ئەکادیمیای و توێژەران. ئەگەر وردتر ببینەوە دەبینین وشە و زاراوە هەن وەک خەسڵەت یا ناو بەکاردەبرێن ئەوانیش ناکرێ دەسکاری بکرین یا بە ئارەزوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، وەک: ورگ زل ناکرێ بە ورگ گەورە یا ورگ مەزن، شەوکوێر، بەشەو کوێر، شەواو نابێتە ئاوی شەوێ، کەڕو لاڵ ناکرێتە لاڵ و کەڕ، شەل و کوێر نابێتە کوێر و شەل، شەو و نیوەشەو ناکرێتە نیوە شە و شەو، بنێشتە خۆشکە ناکرێتە بنێشتە خۆش (ئەمە هۆکاری ئەوەیە نووسەر زانیاری بەرامبەر ببنێشتەکاڵ و بنێشتی خۆشکراو و تێکرای بنێشت دروستکردن نییە). خدر بچوک ناکرێتەوە بۆ خولە بەڵکو دەگوترێ خلە، خوولە بۆ مەحموده بە کار دێ بێ ئەوەی هیچ وێچوونێک هەبێ تەنیا ئەوە نەبێ کۆدەنگی کۆمەڵایەتی لەسەر دروست بووە.... ئەمانە و گەلێک وردەکاری تر کە خاڵی هاوبەشن لە گەیاندنی مانا و رێنووس.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم هەر وەرگێڕێک تا بەتواناتر و شارەزاتر بێ بەرپرسیارییەتی پترە، خزمەت بکات خزمەتەکەی گەورەیە و ناسنامەی نەتەوەیی پرشنگدارتر کردووە کە دوژمنان ناتوانن زەفەری پێببەن، ئەگەر هەڵەش بکات هەڵەکەی گەورەیە لە حوکمی خیانەت دایە چونکە زەبر لە ناسنامەی نەتەوەیی دەوەشێنێ. کەواتە نابێ هیچ وەرگێڕێک بێ شارەزای و بێ بەڵگەی تۆکمە و زانستی دەست بۆ وەرگێڕان و کەرەستەکانی زمان ببات. پشکی سەرەکی خراپی ئەم بارودۆخەی وەرگێڕان لە ئەستۆ وەرگێڕەکان دایە.

# که مێژو تۆماری ناکات، زمان فریا دەکەوێت

(بەراوردکاری وشەی وەرگیراو لە زمانی فینلەندیی و زمانە ئۆرالییەکان، بۆ دیار کردنی شوێن و سەردەم)

شاسوار هەرشەمی

بەڵگەیەکی زمانەوانی، کە دەتوانێت لەسەر ساغکردنەوەی کات و سەردەم، زۆر یارمەتیمان بدات، بریتین لەو وشە لێکچوانەی هەردوو خێزانە زمانی ئۆرالیی و هیندۆرۆپیی. نمونەی ئەمە لە خێزانە زمانی ئۆراليی (لەوانە فینلەندیی، ئێستیی، سامیی، هەنگاریی، سامۆییدیی و چەند زمانێکی بچوکی دیش) دیارە.

لە زمانەکانی ئەو خێزانە زمانەدا، هەندێک وشە و ناوی زۆر ڕوون و دیار و ناسراوی، یەکجار کۆنی هیندۆرووپیی دەردەکەون، کە هێشتا لەو زمانانەدا بەکاردێن. بۆ هەڵهێنانی سەردەمی خواستنی ئەو وشانە، ئەوا ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ، ڕۆڵی کلیلمان بۆ دەبینن. لە ڕێگای ئەو ڕێسایانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو وشانە، لە سەردەمانێکی زۆر کۆنی (دیاریکراو)دا، لە زمانی پرۆتۆهیندۆرووپییەوە، یان لە بنخێزانە زمانێکی دیاریکراوی ئەو خێزانە زمانە وەرگیراون.

یەکێک لەو وشە خوازراوە سەرنجڕاکێشانەی هیندۆرووپیی، لە زمانە ئورالییەکان شی دەکەمەوە، کە بایەخێکی گەورەی بۆ دیاریکردنی قۆناغەکانی گەشەی زمانە هیندۆرووپییەکان خۆیشی هەیە. وشەکە بە زمانی فینلەندی بریتیە لە porsas، پۆرسەس، کە واتای بەراز دەگەیەنێت. وشەکە لە زمانێکی دی ئورالیی، زۆر دوور و دابڕاو لە فینلەندیی، وەک زمانی ئودمورتیی (بریتیە لە ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری چیای ئۆرال، کە لە ناو دەوڵەتی ڕووسییای فیدرال دەژین. ڕووسەکان بە «چود» ناویان دەبەن). دەبینین لەو زمانە ئۆرالییە دابڕاوەشدا، بەراز پێیدەگوترێت pars، پەرس. زۆر بە ڕوونی دیارە کە وشەکە لە زمانی هیندۆرووپییەوە وەرگیراوە. ئێمە زووتر لە بابەتێکماندا، ناوی دیسان داڕێژراوەی بەرازمان بە زمانی PIE خستۆتە بەر چاو، کە بریتیە لە -porkos، پۆرکۆس-. هەر بۆ بەبیرهێنانەوە دەیخەینەوە بەرچاو، کە ناوەکە لە زمانی لاتینییدا بۆتە porcus، پۆرکوس. هەمان ناو لە فارسییدا بۆتە گوراز و لە کوردییشدا بە شێوەی بەراز گۆدەکرێت.

گەر نەختێک بە وردیەوە لە ناوەکە لە زمانە ئۆرالییەکان بڕوانین، بە بەراورد کردنێکی خێرا، تێبینی ئەوە دەکەین، کە ناوەکە ڕاستەوخۆ لە زمانی کەونارای PIE وەرنەگیراوە. ناوی بەراز لە هیچ یەکێک لە زمانە هاوچەرخەکانی هیندۆرووپییش، بەو شێوەیەی ئەوان نابیندرێت و ئاوا گۆناکرێت. ئەگەر دیسان لە ناوەکە وردبینەوە، دەبینین لە هەردوو زمانی فینلەندیی و ئودمورتییدا، شتێکی هاوبەش دیارە. لە وشەکەی ئەو دوو زمانەدا، دەبینین دەنگی هیندۆرووپیی (k، ک) لە ناوەڕاستی

وشەکە، بۆ دەنگی (s، س) گۆڕاوە. واتا ناوەکە لە (پۆرکۆس)ەوە، بۆتە (پۆرسەس) و (پەرس).

کەواتە ئەمە دەمانگەیەنەتە ئەو ڕاستیەی، کە ئەو زمانە هیندۆروپییەی، کە زمانە ئۆرالییەکان وشەکەیان لێی وەرگرتووە، بە پرۆسەی ناسراوی گۆڕانی دەنگ (ک) بۆ باری (ساتیمی) بۆ (س) دا تێپەڕیوە. بە واتایەکی دی ڕوونتر، زمانە ئۆرالییەکان تێکەڵیان لەگەڵ خودی زمانی پرۆتۆهیندۆروپیی کۆن و کەونارادا نەبووە، بەڵکو تێکەڵیەکە بۆ دوای لێکترازانێکی یەکەم، یان زۆر زووی ئەو زمانە دەگەڕێتەوە. دەبینین زمانە ئۆرالییەکان هاموشۆیان لەگەڵ کەسانێکی هیندۆروپییدا هەبووە، کە دەنگی (ک)ی پرۆتۆهیندۆروپییان بۆ دەنگی (س) گۆڕیوە. ئەمە لە وشە هیندۆروپییە وەرگیراوەکەدا بە باشی دیارە. لەبەر ئەوەی ناوی بەراز لە زمانە سلاڤییەکاندا (کە ئەوانیش وەک کوردیی، زمانی ساتیمین) بەو شێوەیە نەماوە، کەواتە بە گومانی هەرە زۆر، وەرگرتنی وشەکە، لە بنخێزانە زمانی هیندۆ- ئێرانییەوە بووە.هەموو گومانەکان بۆ ئەوە دەچن، کە سەردەمی تێکەڵاویی هەردوو خێزانە زمانەکە و وەرگرتنی ئەم وشەیە، زۆر زوو بووە. واتا دەبێت بە تازەیی دەنگی (ک)ی کەونارا بۆ (س) گۆڕابێت، چونکە وشە وەرگیراوەکە، جگە لەو گۆڕینە گرنگەی دەنگی (ک) بۆ (س)، لە کۆنیدا، جیاوازیەکی زۆر گەورەی لەگەڵ وشە پرۆتۆهیندۆروپییەکەدا نیە. وشەی پرۆتۆ، یان وشە هاوبەشەکەی بنخێزانی هیندۆ-ئێرانیی، بۆ ناوی بەراز، بە شێوەی -parša، پەرشە- دیسان داڕێژراوەتەوە، کە ئەمەش گۆکردنێکی گونجاوی، ملکەچی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگە لە بنخێزانە زمانی هیندۆ- ئێرانیدا. دەبینین ناوەکە لە ڕەگی وشەی PIEی -porko، پۆرکۆ- وە، بۆ ناوی دواتری parša، پەرشە) گۆڕاوە. هەمان ناو دواتر لە زمانە ئێرانییەکاندا بۆ (پەرسە، بەرسە، بەراسە، بەراس و بەراز) گۆڕاوە. ئێمە لێرەدا بەسەر ئەوە بازماندا، کە ناوەکە لە ئاڤێستاییدا بۆتە varaza، ڤەرازە و لە پەهلەوییشدا viraz، ڤیراز بووە. واتا دەنگی (پ) بۆ (ڤ) گۆڕاوە، کە لە ڕوانگەی ڕێساکانی دەنگدا، ئەمە دەشێت. تێبینی لادانی دەنگی (پ) بۆ دەنگی (گ) یش دەکەین، وەک لە ناوی فارسیی (گوراز)، کە هەر بۆ سەر ڕەگی هەمان ناوی هاوبەش دەگەڕێتەوە. تەنانەت لە زمانە گێرمانیەکانیشدا، هاوشێوەی ناوەکە بۆ بەراز دەبیندرێت. لە سویدیی بەراز پێیدەگوترێت gris، گریس. لە زمانی ئیسلاندییش هەر griss، گریسە.

بەمجۆرە ئەو دۆزینەوەی ناوەکە لەو زمانانەدا، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە دەبێ ڕۆژگارێکی زۆر زوو، ناوەکە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دروست بوونی زمانەکانی کوردیی و فارسییش، هەر وەک کە لە فینلەندیی و ئودمورتیی ماوەتەوە، بریتی بووبێت لە (پەرسە، یان پۆرسەس).

زانستی زمان پێمان دەڵێت، کە وشەی وەرگیراو لە زمانی تازەدا، چونکە لە مێژوی گەشەی سروشتی خۆی دابڕاوە، ئەوا بە نەگۆڕی و دابڕاوی دەمێنێتەوە. هەر ئەوەشە کە ئەو ناوە لە زمانە ئۆراڵییەکان، کاتی خۆی چۆن وەرگیراوە، ئەوا وەک چاوەڕوان دەکەین هەروەکو خۆشی ماوەتەوە. بەڵام ناوەکە لە زمانەکانی دی وەک لە سانسکریتیی، فارسیی و کوردییدا، وشەیەکی بە میرات بۆماوەیە، بۆیەشە ملکەچی گۆڕانە گشتیەکانی وشە و دەنگ دەبێت، کە لە ئەنجامی پێشکەوتن و پەرەسەندن لەو زمانانەدا ڕوویانداوە. واتا شێوە فینلەندیی و ئودمورتییەکە، قۆناغێکی سەرەتایی وشەکەیان لە زمانە هیندۆئێرانییەکان بۆ پاراستوین.

وا هێدی هێدی لەوە نزیک دەبینەوە، کە بڵێین لەوانەیە ئەو شێوەیەی ناوەکە، مێژوی سەردەمێکمان بداتێ. ئەگەر بە وردی بە دوای تەمەنی وشەکەدا بگەڕێین، ئەوا دەبێ ئەوە بزانین کە زمانە ئۆراڵییەکان لە چ سەردەمێکدا وەک یەک زمان قسەیان پێکراوە و هێشتا نەبوونە زمان و زاراوەی لێکجیا. چونکە وەک دەردەکەوێت، ناوەکە لە هەموو زمانەکانی خێزانەکە( فینلەندیی، ئێستیی، سامیی، هەنگاریی، سامۆییدیی و...) هەیە، کەواتە ئەو زمانانە دەبێ هێشتا یەک زمانی یەکگرتوو بووبن، کاتێ کە تێکەڵیان لەگەڵ خەڵکی هیندۆئێرانیی پەیدا کردووە و ئەو ناوە و گەلێک وشەی دیشیان لێ وەرگرتوون. بە گوێرەی ئەم تێگەیشتنە گشتیەی، کە شارەزایانی زمانە ئۆراڵییەکان لەسەری کۆکن، وا دەرکەوتووە کە زمانی هاوبەشی گشتی خێزانەکە، لە دوای ساڵەکانی ١٥٠٠ پێش زایینی، لەبەر یەک ترازاوە و ئیدی وەک زمانی یەکگرتوو نەماوە. واتا لەو مێژوە بە دواوە زمانی ئۆراڵیی، بۆ زمان و زاراوەی دی دابەش بووە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زمانە ئۆراڵییەکان، لانی کەم ٣٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا، دەبێ ئەو وشەیەیان لە زمانی هاوبەش، یان پرۆتۆزمانی هیندۆ ئێرانیی وەرگرتبێت. دەشێت ڕۆژگاری وەرگرتنەکە هێشتا کۆنتریش بێت، بەڵام لەو مێژوە تازەتر نیە.

هەورنامەی کتێب

ئەم ڕووداوەش دەبێ لە شوێنێکدا بووبێت، کە ئەو دوو خێزانە زمانە، تێیدا بە هاوسێیەتی ژیابن. ئەو دۆزینەوەیە چەندان ڕاستی دیشمان بۆ دەردەخات. لە لایەکەوە بۆمان دەسەلمێنێت کە لانی کەم ٣٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا، گۆڕان لە ڕێساکانی گۆکردنی دەنگی زمانی پرۆتۆهیندۆروپییدا ڕوویداوە. ئەی ئەوە نیە، لەو وشە وەرگیراوانەدا دەبینین دەنگی (ک) بۆ دەنگی (س) گۆڕاوە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە زمانی پرۆتۆهیندۆروپیی، بە بەڵگەوە بەر لە ٣٥٠٠ ساڵ، زاراوەی لێ وەپاش کەوتووە. بە دڵنیاییشەوە ئەو مێژوە زۆر لەوە کۆنترە، چونکە لە سەردەمی هاوسێیەتی زمانە هیندۆئێرانیی و زمانە ئۆرالییەکاندا، وا دەردەکەوێت ئەو گۆڕانە جێگیر و چەسپاو بووە. لە لایەکی دیەوە، شێوەی گۆڕانەکەی ئەو وشە تەمەن (لانی کەم) سێ هەزار و پێنجسەت ساڵییە، ئەوەشمان بۆ دەردەخات کە لکە زمانەکانی هیندیی و لکە زمانەکانی ئێرانیی، هێشتا لێکجیا نەببوونەوە و بە یەک زمان، یان زاراوەی وێکچوو دەدوان. یان ئەگەر لە دەربڕینماندا وردتر بین، دەڵێین شێوەی وشەکە لە زمانی فینلەندیی، دەبێ لە هاوشێوە ئودمورتییەکەی نەختێک کۆنتر بێ. ئەی نابینیت لەوەی دواییاندا، بزوێنی (ۆ) بۆ بزوێنی خواستراوی زمانە هیندیی و ئێرانییەکان چووە و بۆتە (- ە، ئە).

لەیەکچوونەکان هەر بە وەرگرتنی وشەکانی (بەراز) نەوەستاوە، بەڵکو هێشتا وشەی دی زۆر زۆر کۆنی هیندۆروپیی، لە ناو ئەم زمانە ئۆرالییانەدا دەبیندرێن. ئەو وەرگرتنانە هەندێک جار بۆتە کاریگەریش. جگە لە وەرگرتنی ئەو وشە کۆنانە، دیسان هەندێک کاری بنچینەیی ڕێزمان و بابەتی دی زمانییش دەبیندرێن، کە لە ژێر کاریگەری زمانە هیندۆروپییەکاندا پێکهاتوون. یەکێک لە نمونە دیار و بەرچاوەکان، بوونی توخمی هیندۆروپیی (m، م)ە، لەو جێناوە ناسراوەی، کە بە کوردیی بریتیە لە (من)، لە هاوشێوەی جێناوەکە لە زمانە ئۆرالییەکانیشدا.

بۆ باشتر دەرخستنی ئەو تێبینیە، سەرنج لەو نمونانە بدە، کە لە زمانی جۆراوجۆری ئۆرالیی وەرمگرتوون بۆ جێناوی (من). جێناوەکە بە زمانی ئێستیی (ئێستلاندیی) بریتیە لە mina، مینە. لە زمانی فینلەندییشدا بۆتە minua، مینوە. لە زمانی هەنگارییشدا من بۆتە enyem، ئێنیێم. سەرنج بدە، لە زاراوەیەکی فینلەندیی، کە لە باکوری سوید قسەی پێ دەکرێت و پێیگوترێت meänkieli، میێن-کیێلی. واتای وشەکە، ڕێک دەبێتە (زمانی من). بۆ باشتر تێگەیشتن، من وشەکە دابەش دەکەم، چونکە لێکدراوە. واتا دەبێتە meän-kieli. وشەی kieli، کیێلی واتا زمان. هەروەک لێرەدا meän، میێن

بارێکی دی هەمان minua، مینوە-یە بە واتای من. هەندێک لە لێکۆڵەرەوان، ئەم دیاردەیەی وەرگرتنی جێناو لە زمانە هیندۆرووپییەکان، بە نیشانەیەک دادەنێن بۆ پێکەوە ژیانێکی یەکجار ماوە درێژ، لە نێوان هەردوو خێزانە زماندا. ئەمەش دەبێ لە قۆناغێکی زۆر زووی گەشەی هەردوو خێزانە زمانەکەدا ڕوویدابێت، چونکە وشە هیندۆرووپییەکانی ناو زمانە ئۆرالییەکان، لە تەنیا زمانێکی ئەو خێزانەدا نیە، بەڵکو گشتگیرە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە کاتی هاوسێیەتیاندا، زمانە ئۆرالیەکان هێشتا (یەک زمان) بوون و لێکجیا نەبووونەوە.

شوێنی یان نیشتیمانی بنەڕەتی زمانە ئۆرالییەکان، لە باشوری ڕووسیا بووە، لە نێوان زنجیرە چیای ئۆرال و کەنارەکانی باکوری دەریای خەزەر. تا ئەمڕۆش پاشماوەی چەند زمانێکی ئۆرالیی لەو ناوچانە دەبیندرێن، کە هەموویان بە هۆی سەپاندنی خوێندن بە ڕووسیی، هەڕەشەی نەمان و لەناوچوونیان لەسەرە. هاوکات ئەم زمانانەی کە ڕزگاریان بووە، واتا زمانە سەرەکیەکانی ئۆرالیی، بەرەو ڕۆژئاوا کشاون. فینلەندیی و ئێستیی و سامەکان لەوپەڕی باکوری ئەورووپا نیشتەجێ بوون (لە نێوان ڕووسیا و ئەسکەندیناڤیادا). هەنگارییەکانیش، کە لە ڕاستیدا ناویان مەجەرە و بە هەڵە بە هەنگاری ناودەبردرێن، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپان، کە وڵاتەکەیان بە گەلانی سلاڤیی دەورە دراوە. لەو شوێنە بنەڕەتیەی زمانە ئۆرالییەکان، بە گومانی هەرە زۆر، هەر لە هەمان شوێنیش (خوار قەدپاڵەکانی زنجیرە شاخی ئۆرال و کەنارەکانی خەزەر) بووە، کە تێیدا ئۆرالییەکان بەر لە ٣٥٠٠ ساڵ تێکەڵیان لەگەڵ هیندۆئێرانیەکان پەیدا کردووە. بوونی هیندۆئێرانییان (یان لەکە ئێرانییەکانی ئەو بنخێزانە) لەو دەڤەرە سەلمێندراوە.

مێژو هەندێ سەرەداوی هۆیەکانی نەمانی هیندۆئێرانییان و کۆڕەوی ئۆرالییەکانی بۆ پاراستووین. زۆر لە دوای ئەو مێژوە کۆنەوە، دەستەڵاتدارانی ئەخمێنیی، زانیاری ئەوەیان بۆ بەجێهێشتووین، کە ئەوان لە سنورەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتەوە هەردەم لە ژێر هەڕەشەی هاتنی هۆزە تورکەکان دابوون. شەپۆلی هاتنی هۆزە تورکەکان بووە، کە هیندۆئێرانییەکانی کردۆتە دوو لەت. لەتێکیان ڕووی لە باشوری ڕۆژهەڵات (هیندستان) کردووە، و لەتەکەی دیش باشوری ڕۆژئاوا (ئەنادۆل و کوردستان و ئێران). هەرچی ئۆرالییەکانن، ئەوا لانی کەم ئەوە دەزاندرێت، کە هەنگاریەکان وڵاتی خۆیان، کە بەشکیریای تورک زمانی ئێستا بووە، لە ترسی پەلاماری تورکانی ئونگور

بەجێهێشتووە. دواتر ڕووسەکان بە نەزانیی، هەمان ناوی ئونگورەکانی داگیرکەری وڵاتەکەیان (هەنگار)، بەوان گووتووە و ناوی بنەڕەتیشیان کە مەجەرە، وەک ناوێکی ناوخۆیی ماوەتەوە.

بە کورتیی و پوختی، هەر بەم بابەتە زمانەوانیە و بابەتی دی زۆری هاوشێوە، دەکرێت بیسەلمێنین کە کوردان، دەوروبەری سێ هەزار و پێنجسەد ساڵێک پێش ئێستا، زۆر دوور لە کوردستان نا و لە باکور و کەنارەکانی ڕۆژئاوای دەریای خەزەر، یان باکوری زنجیرە چیای کافکاس، بە گومانی زۆر بە هۆی شەپۆلێکی هاتنی هۆزە هۆنەکان، کە ئەوانیش بۆخۆیان لەژێر گوشاری هاتنی هۆزە کۆچەرییە تورکەکان، زێدی خۆیان بەجێهێشتووە، ڕوویان لە کوردستان کردووە و زمانی کوردییان بەسەر دانیشتوانی بنەڕەتی قەدپاڵەکانی زاگرۆس داسەپاندووە.



هەواڵنامەی کتێب

# زاراوەسازی و ئامۆژگارییەکانی مەسعوود محەممەد

کاروش عوسمانیان

زمان شوێنێکی تایبەتی لە فەلسەفەدا هەیە و بیرەدا کە مرۆڤ تێگەیشتنی خۆی لە جیهان بە ناوبژی زمانەوە دەستەبەر دەکات، پێی دەگەین کە زمان هەر لە کاتی کەوناراوە هەوێنی باسی فەیلەسووفانی وەک ئەفلاتوون و ئەریستۆ بووە. زمان پێکهاتووە لە ڕایەڵەیەکی مانایی و ماناساز کە ڕاڤە و شرۆڤەی مرۆڤ لە جیهان پێکدەهێنێت، ئەمرۆکە ناسینی ئاوەزمەندانەی زمان بۆ چارەسەر کردنی پرسە فەلسەفییەکان گرینگە و هەندێک قوتابخانە و ڕوانگەی پێوەندیدار بە زمانەوە سەریان هەڵداوە، زمان گەشە دەکات وهەر بە ئەم شێوەیەش وشەکان بە گۆڕانی زەمان و کات مانای سەردەمی خۆیان دەنوێننەوە و واتا و چەمکی نوێ دەخوڵقێن. زمان ڕوخسارێکی نەگۆڕ و نەزۆک نییە و وەک هۆمبۆلت دەڵێت شێوەیەکە لە چەق بوونەوەی بەردەوام. زمان ئامێرانە نییە چونکە بەردەوام دە ڕەوتی بە کارهێنانیدا دادەهێندرێت و دیل نییە، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ بڕستی دیسان ئافراندن و نوێسازی پتر دەبێت و ئاوا دەرگای خۆی بە ڕووی جیاوازییەکاندا دەکاتەوە و دە بنەدا بێ کۆتا و کراوەیە.ئێمە لەسەر ئەم ڕوانگەیە کۆکین کە بە هۆی تەنگ پێ هەڵچنینی سیاسەت بە زمانەوە، نەمانتوانیوە کەسایەتی زمان گەورە بکەین و زمانەکەمان بکەینە بنەیەک بۆ تێڕامان و تێوەمانی هزری و فەلسەفی و بە دوایشیدا مەیدانی تەعبیر فرەوانتر و هەراوتر بکەین هەتا بتوانین زمانێکی بوێر و نەترس پەروەردە بکەین کە دە کەلێن و بۆشاییە دژوارەکاندا بە ساغی و تەناهییەوە بۆ ئەو دیوی تێگەیشتن و فام کردنمان بپەڕێنێتەوە. بە ئەم بۆنەیەوە ئاوڕێکمان وە فەیلەسووف و زمانناسی کوردی سەدەی بیستەم مەسعوودمحەممەد داوەتەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە کتێبی زاراوەسازیی پێوانە توانیومانە ئەم لایەنە درەوشاوە و بەرجەستانەی پێوەندییان بە زاراوەسازییەوە هەیە لە کتێبەکە هەڵهنجین و بە شێوەی بەند و کەرتی جودا بیاننووسینەوە.

من ئاواتەخواز بووم کە مامۆستا خۆی بە ئەم شێوەیە پوختی کردباوە، بەڵام من وەبەرچاوم نەهاتووە. هیوادارم ئەم پوختکراوەیە دوای پێداچوونەوە و تێبینی پسپۆڕانی ئەم بوارە بۆ چاپەکانی داهاتووی کتێبی زاراوەسازیی پێوانە وەک پێشەکی لەبەر چاو بگیرێت.

١ . بە بڕوای مەسعوود محەممەد ڕۆنانی زاراوە لە هەر بابەتێک بێت، گەلێک ئەستەمترە لە وەرگێڕانی تێکڕای بابەت. دەرفەت بۆ ڕۆنانی زاروە بەرتەنگە. وەرگێڕانی وشەی ئاسایی وەک پێکانی بەردێکە دە دیواری وەرگێڕاندا، بەڵام پێکانی نیشانە دە دانانی زاراوەدا وەک پێکانی پنتێکە بە ئەو بەردەوە. هەرچی زاراوەیە لە سەرەتاوە مەبەستێکی نائاسایی بە مل خۆیەوە گرتووە.

٢ . زاراوە هەتا کورتتر و سادەتر بێت، پەسەندترە و ئەگەر سادەیی و کورتی دەست نەکەوت، پێویستە هەتا بلوێت، زاراوە لە کەمترین ژمارەی کەرت ساز بدرێت نەک خۆی لەبەر یەک بکێشێتەوە بۆ دەستە واژە.

٣ . هەتا بشێ تاک وشە پەسەندە بۆ زاراوە کە نەشیا ئەوسا دارێژراو کە بریتییە لە وشەیەکی سەربەخۆ و زیادی وەک پێشگر و پاشگر. ئەگەر ئەمەیش مومکین نەبوو ئنجا وشەی لێکدراو، ئاوێتە و دەستەواژە کە بریتین لە دوو وشەی سەربەخۆ و لە دوو وشەی زیادی. بە بڕوای مەسعوود محەممەد ئەمە دەبێت دەستووری گشتیمان بێت، بەڵام نابێت دەستوورەکە بە لای ناقۆڵاییمانەوە ببات. هەر کاتێک وشەی سادە دەستی نەدا پەنا بۆ دارێژراو و لێکدراو دەبەین. هەڵبەت ئەم تەرزە کارەش دەچێتەوە بۆ زەوقی زمانناسی و زاراوەسازی، هەرگیز وشەی لەبار لە خۆوە هەڵنافرێت بۆ نێو فەرهەنگەکەمان.

٤ . مەرجێکی دیکە لە ئەو بابەتانەی کە زاراوەساز و زاراوەش دەگرێتەوە، ئەمەیە کە ناشێت لە داڕشتن و پێکەوەنانی زاراوە ڕێی گونجاو و هەموار بە لاوە بندرێت بۆ ئاستەنگ و هەڵدێران. دە سنووری لووان دا کام ڕێگا کورت و تەختە، ئەوەیان پەسەندە. بە کورتی ناشێ زاراوەساز مەرجی قورسی وەڕسکەر بەسەر دەقی زاراوەدا بسەپێنێت و پێوانەی وەها تەسکی تێ دا بە کار بهێنێت بۆ خنکاندن دەست بدات، نەک دەرباز کردن.

٥ . مامۆستا دەڵێت دەبێت لە بیرمان نەچێتەوە کە دە بنەڕەت دا وشەی زمانی ئاخاوتن کە هەر خۆی دەبێتە وشەی فەرهەنگ و زمانی ئەدەبی، بە ئارەزووی ئاخێوەر ئەو واتایەی بەخشیوە کە تێماندەگەیێنێت دەنا هیچ هۆیەک بەردەست نییە بۆ ئەوە کە گۆشت واتای لحم یان meat، بگەیەنێت، یان ڕۆیشت ڕابوردوو بێت و برۆش فەرمان.

٦ . دیاردەکانی سروشت بە دەست مرۆڤەوە نین و بە پێی دەستوورە کاتبەدەرە واجبەکان ڕوو دەدەن، بەڵام دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە خواز، پێداویست، هەست، نەست، زانین،نەزانین، ڕازی بوون و نارەزامەندیی مرۆڤ سەر هەڵدەدەن هەر بۆیەیشە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک باری کۆمەڵایەتی کە زەمان بەشێکیەتی هەتا ڕادەی پشتاوەژوو بوون لێک دەترازێن.{ بۆیە زاراوەساز دەبێت بێتە مەیدانی زاراوەسازی}.

٧ . زاراوە هەر نەبێت ٥٠ لەسەدی دڵخوازی زاراوەسازی دەبێت تێدا هەبێت و نیوەکەی دیکەش دەچێتەوە بۆ دەستوورەکانی زمان و پێداویستی واتا بەدەستەوە دان. لە ئەم گۆشەنیگایەوە دەڵێم کە دەبێت ٥٠ لەسەدەکەی خوازی زاراوەساز بۆ ئاسانی و

هەمواری وچاوپۆشی ژیرانە بڕوات وەک کە جیهانی بەرەو پێش بوویەوە بۆی دەڕوات.

٨ . زاراوەساز ئاگادار بێت ڕووالەتی وشە فێڵی لێ نەکات وەک ئەوەی کە «حر»ی دەرهەست( abstruct ) دەگەڵ «ار»ی بنەڕەتی و «ار»ی وشەکانی « بنار،دیوار، لێوار، هەوار و ....» بە یەک شت بزانێت. دە وشەکانی « هەنار،مار،سەگسار،دار»دا ئەو «ار»ە بنەڕەتییە. دە «دیوار...» و هاوڕێکانی دا،»ار» بۆ لای زەوی دەچێتەوە.

٩ . هەڵبژاردنی وشە بە زاراوە پێویستی بە دوو شت هەیە و بەس. ئەلف. بەدوادا گەڕان ب. هەست کردن بە سازانی وشە بۆ زاراوە. هەرچی دروست کردنی زاراوەیە لە ڕێی تێک بەستنەوەی وێڕای ئەو دوو مەرجە پێویستی بە زانینی دەستوورەکانی داڕشتن و تێ بەستن هەیە. ئەو زانینەش سەرلە نوێ بەند دەبێت بە هەست کردن بە سازانی وشە دەگەڵ وشە،پێشگر، پاشگر، پێشگر و پاشگر، ئامراز، پێشگر و پاشگر و ئامراز، دەوری پیتی زێدە،گۆڕانی تێپەڕ بە تێنەپەڕ،بەر.....وشەی ڕاگەیێنی وەک «بەر»،»دەر».. هتد.

١٠ . زاراوە و وشەی تازە داهاتوو دە هەوەڵ بیستنیان داخەڵقی پێی گوێ قوت دەبێت، دواتر لێیان ڕادێت. بە نموونە، دە زمانە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوادا بۆ جۆرە نەخۆشییەکی نەفسی کە هەر جارە بە شێوەیەک دەدەکەوێت» مانیاmania «یان دانا،ئینجا وشەیان لێ هەڵنجا بۆ ئەو نەخۆشیانە وەک « شێتی دزیclipto mania. شێتی خۆ بە زل زانین Migalo mania.

باوەڕ دەکەم ئەم وشانە دە سەرەتادا بۆ بەر گوێیان ناقۆلا زرینگانەوە، ئێستاکە چونکە لێیان ڕاهاتوون و دەلالەتی خوێندەواریشیان پێوەیە لە وشەی عادەتی چاکتر بەسەر زمانەوە دەسازێن. لەبیر مەکە ڕۆژ باش پەیدا بوو،خەڵق لێی دەرەوییەوە.

١١ . زاراوەی ئەوتۆیی کە قیسای لە زاراوەیەکی کوردی کردبێت و بە وشەی لەباری کوردی داڕێژرابێت و واتاییکی بێتەگەرە ببەخشێت بۆچی لێی لارێ بین؟

١٢ . دە زمانی ئینگلیسی دا دەگوترێتTranscaucasian بە واتای ئەو وڵاتانەی بەو لای قەفقاسەوە. با ئێمە بڵێن وڵاتە قەفقاسبەدەرەکان. دەشبێت بڵێین ئەو ئەستێرانەی «کاکێشانبەدەرن»، واتە بەولای کاکێشانەوەن. دەبێت زاراوە گورجوگۆڵی و مەودابڕی تێ دا بێت دەنا دەکرا بڵێن: ئەو وڵاتانەی بەو لای قەفقاسەوەن و trans بە کار نەهێنین. زاراوە کە بریتی بوو لە وەرگێرانی دەستەواژە لە زمانێکەوە بۆ زمانێک یان هەڵنانی دەستە واژە بۆ زاراوە دە هەمان زمان دا، فرێ بەسەر زاراوەسازییەوە نییە.

١٣ . زاراوەساز دەبێت پەند لە زمانی پێشکەوتووتر وەربگرێت، چون بایی پێویست و بایی داکردنیش بەردەوام لە زمانی خۆیان و بێگانەش وشە و زاراوەیان داتاشیوە و بە ڕەهایی مەبەستی پێ دەردەبڕن و بەسەریشی دا زاڵن. دەبێت خوێندەوار نیگای فرەوان بێت بایی ئەوەی لە شێوازی بەرەو پێش چوونی زمانی نەتەوەکان پەند وەربگرێت بۆ زمانەکەی خۆی.

١٤ . زاراوەساز ئەگەر هۆش و دڵی نەکاتەوە بۆ فرەواندنی زمانەکەمان بە گرتنەبەری ئەو ڕێیانەی کە زمانی جیهانی پێشکەوتووی پێ دەوڵەمەند بووە، ساڵ دەگەڵ ساڵێ لەچاو نەتەوەکانی تر دوا دەکەوین. یەکێک ڕەخنەی لە وشەیەک بوو دەبێت بەڵگەی بە هێزی هەبێت و هەتا بۆشی بلوێت وشەی لەبارتر پێشکێش بکات.

١٥ . زاراوەساز دەبێت پەنا بۆ دەنگی چالاک بەرێت نەک تەنبەڵ. مەسعوود محەممەد دەڵێت ئەگەر ڕێگای بەرفرەوانی زاراوەسازی بگرمە بەر دەتوانم بە « اندن» وشان ساز بکەم. یەک دوو نموونە بۆ ئەم مەبەستە بەش دەکەن. بۆ تشجیر دەتوانین « درەختاندن» و «لێڕاندن» بڕوێنین. بۆ ئۆکسید کردن دەتوانین « هایدراندن» بڕوێنین( لە جیاتی هایدرۆجاندن).

١٦ . پێویستە زاراوەساز ئەو « کردانە» بناسێتەوە کە پێوانە لێکردن هەڵدەگرن. ئەو کردانەش هەست پێ بکات وشەی تازە دروست دەکەن. ئەڵف. وشەی لەبار بۆ پاشگر هەڵبژێرێت. ب. وشەی ناقۆڵایان لێ دانەڕێژێت هەرچەند بە پێی دەستووریش ڕەوا بن. پ. دەبێت ڕێژەیەکی دە کوردی دا هەر بۆ تێپەر یان تێنەپەڕ بە کار هاتبێت دە قیاسیش دا چاوەدێری بکرێت. ت. دەبێت دە سنووری دەستەڵاتی زاراوەسازدا هەموو مەرجەکانی وردی و جوانی دە زاراوەی تازە دروست کراودا ڕەچاو بکرێن. کەسیش لێی داوا ناکرێت بە ئەو لای دەستەڵاتەوە بۆ هیچ کارێک بچێت.

١٧ . ئامۆژگاریم ئەمەیە دە توێژینەوەی پێوەندیدار بە بابەتی زراوەسازیدا، لایەنی جوغرافیا و زەویناسی و کشتوکاڵ پشکی ڕەوای خۆیان وەربگرن لەبەر تیشکی ئەو هەموو پاشگرانەی پێوەندییان بە خاکەوە هەیە. پشکنینەوەی مێژوویی لە دۆخ و مەرەدی زەوی، بە تایبەتی لە سەردەمی خوورییەکانەوە و بە هەند هەڵگرتنی دیراسەی ئاڤێستا و کەلەپوورێکی فەرهەنگی لێی کەوتبێتەوە گەش گەش ڕێبازی کنە کردن لە زمان بە گشتی و لە زاراوەسازی ئەو پاشگرانە ڕوون دەکاتەوە. من دە بارێک دا نیم بتوانم واز لە هەموو خەریک بوونێک بهێنم بۆ ئەو توێژینەوەیە. هەرجی دە ئەم پەڕانەدا (

مەبەست کتێبی زاراوەسازیی پێوانەیە) ئەوەندەم لە دەست دێت دە ماوەی سێ مانگ دا کە خاوەن خواییشت کردوویە بە سنووری کاتەکی نووسینەکە، گەلێک گەلێک تێبینی و گۆشەنیگاشم لە بیر خۆم بردۆتەوە نەکا درێژ بخایەنن لە ئەوەی خاوەن خواییشت پەسەندی دەکات. هەرچی وازیشی لێ دەهێنم پەرۆشێکی بۆ دەخۆم.

١٨ . زاراوە دارِشتن بەندە بە لوان، شییان و ئیمکان. کە دیتمان چەند وشەیەک دە کێش و قالبێکی نەگۆراودا رێچکەیان بەست، هەقمانە بڵێین ئەمانە وشەی لێکدراو یان دارێژراون. کە کۆتایی وشەکان هاوکێش بوون، دیارە پاشگریان پێوەیە.

١٩ . مامۆستا دەڵێت هەڵهێنجانی دەستووری زاراوە لە دەستوورەکانی زمان و تانوپۆی شیرازەی ناوەرۆکی وەکوو دۆزینەوەی دەستووری حیساب و ئاسمان و ئاتۆم نییە کە هێندەی سیفری رێکخراوی داوەتان رێک و بێ گرفت بێت. زمان زیندووە،بە پێی زیندووەتی بزۆزە. بە پێی بزۆزی فرە رێبازە. بە پێی فرە رێبازی فرە رێسایە. وشە رۆنان لە زماناسییەوە دێت و رێزمانیش زمانناسییە. گەلێک جارانیش پشت دە هەموو رێساکانی خۆی دەکات. ئەو زاراوەیەی کە بەخت و شانس پەسەندیش بێت لە دورِ و شەوچرا دروست ناکرێت. کەس بە تەما نەبێت لە خوێندنەوەی زاراوەی نوێ ترنگەی عود ببیسێت یان رەنگەکانی پەلکە زێرینە ببینێت.

٢٠ . روون کردنەوەی ئەوتۆیی هەرچەند یەکەسەر ناکێشێتەوە بۆ رۆنانی زاراوە، ئەوەندەی تێ دا بەستە دەبێت کە لە کاتی خەریک بوونی کەسێک یان لیژنەیەک بە زاراوە دانان ماوەی چەند هەنگاوێکی لێ رۆشن کردبێت. راستییەکەی لە بواری زاراوەسازی و وشە رۆنانەوە رێپیشاندەریی گشتی و فش دادای کەسە نادات، چونکە پسپۆریش بێ دەنگ بێت لە خۆوە دەزانین زاراوەی کورت و شیک و نیشانە پێکاو، پەسەندترە لە هی درێژ و ئێسک قورس و هەڵە. چەندێکی لە ئەو تەرزە قسە لووس و لەبارانەت بۆ بکەم، ئامۆژگاری هەر بایی ئەو سەرکارەم بۆ کردووی کە لە پاڵەوە بێ ئەرک و خو جووڵاندنەوە دەیگوت گەنمەکە لەسەر گەنم بکەن و جۆیەکەش لەسەر جۆیەکە...

**سەرچاوە :**

**ئەم بابەتە بە پێی خوێندنەوەیەک لەسەر کتێبی» زارەوەسازیی پێوانە»ی مەسعوود محەممەد نووسراوە. رینومایییەکان یان ئەوەی وەک ئامۆژگارییەکانی مەسعوود محەممەد ناوی هاتووە، هەر لەسەر بنەمای خواستی مەسعوود محەممەد بۆ زاراوەسازی دامەزراوە.**

# کوردستان سەرچاوەی زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکانە

▢ د. مەهدی کاکەیی

١٣ توێژەری جیهانی لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجام داوە لەبارەی سەرچاوەی زمانە هیندۆئەورووپاییەکانەوە. هاوولاتێتی توێژەرەکان و ژمارەیان ئەمانەن: ٣ نیوزیلەندی، ١ بەلژیکی، ٢ هۆڵەندی، ٢ ئوسترالی، ٤ ئەمریکایی، ١ بەریتانی، کە کاردەکەن لە ناوەندی توێژیین و بەشی زانستی ئەم بابەتانە: {کۆمپیوتەر، مایکرۆبایۆلۆژی و بەرگریی جەستەیی، زانستی زمانی سایکۆلۆژیی، مێشک (زانستی ناسینی مێشکیی و ڕەفتار)، سایکۆلۆژی، کولتور و مێژوو و زمان و زانست لەبارەی ئاسیا و ئۆقیانۆسی ئارام، زانستی زانیاریی تەندروستیی و زانیاریی بایۆلۆژی، ژینگەی مۆلیکیۆل و پێشکەوتن، فەلسەفە، زانستی بیرکاریی بایۆلۆژی، زانستی ستاتستیکی بایۆلۆژی، زانستی ژێنێتیکی مرۆڤی، زانستی تێگەیشتن و پێشکەوتنی مرۆڤ.

لەم توێژیینە، ئەم ناوەندە زانستانە و زانکۆیانە بەشداریان کردووە: زانکۆی ئۆکلاندی نیوزیلەندی، ناوەندی زانستی ڕێگای بەلژیکی، ناوەندی زانستی ماکس پلانکی هۆڵەندی بۆ زمانی سایکۆلۆژی، زانکۆی ڕادبۆدی هۆڵەندی، زانکۆی نەتەوایی ئوسترالی، کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی نیویۆرکی ئەمریکایی، زانکۆی کالیفۆرنیای ئەمریکایی، زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی. توێژیینەکە بلاوکراوەتەوە لە گۆڤاری زانستیی بەناوبانگی ئەمریکایی (Science)[١] لە ساڵی ٢٠١٢ زایینی. ئەم گۆڤارە و گۆڤاری بەریتانی (Nature) بەناوبانگترین گۆڤاری زانستن لە جیهاندا. تەنیا توێژیینی ڕەسەن بلاودەکەنەوە، واتا تەنیا بلاوکردنەوەی دۆزینەوە بۆ یەکەم جار و داهێنانی نوێ.

لەم توێژیینەوە دوو بۆچوون تاقیکراونەوە وەک سەرچاوەی خێزانی زمانە هیندۆئەورووپاییەکان: بۆچوونی ئاسایی، کە دەڵێت ڕاسایەکانی پۆنتیک (کۆماری ئۆکرانیا) شوێنی پەیدابوونی زمانە هیندۆئەورووپاییەکان بووە پێش ٦٠٠٠ ساڵ. بۆچوونی دووەم دەڵێت زمانە هیندۆئەوروپاییەکان بلاوبوونەتەوە لە ناوچەی ئەنادۆڵ (باکوری کوردستان) بۆ ولاتانی ئەو گەلانە، کە ئێستا زمانیان هیندۆئەورووپاییە، لەگەڵ بلاوبوونەوەی کشتووکاڵ پێش ٨٠٠٠ تا ٩٥٠٠ ساڵ.

توێژەرەکان لە لێکۆڵینەوەکەیان، شێوازی لێکۆڵینەوەی پرۆسەی مێژووییان بەکارهێناوە، کە لەوانەیە بەرپرس بێت لە بەشکردنی جوگرافی ئێستای مرۆڤ. توێژیینەکە ئەنجام دراوە بە تەماشاکردنی بەشبوونی جوگرافی مرۆڤ بەپێی زانستی ژێنێتیکیی، بەتایبەت زانستی ژێنێتیکی خەڵکی، شان بە شان وشەی سەرەکی ١٠٣ زمانی هیندۆئەورووپایی کۆن و نوێ، بۆ دروستکردنی فۆرمێکی ڕوون بۆ بلاوبوونەوەی

خێزانی ئەم زمانانە و هەڵبژاردنی دوو بۆچوونە ناوبراوەکان.

لە ئەنجامدا، توێژەرەکان بەڕوونی بۆیان دەرکەوت کە زمانە هیندوئەوروپاییەکان بڵاوبوونەتەوە لە باکوری کوردستانەوە (ئەنادۆڵ)، نەک لە ئۆکرانیای ئێستاوە. کاتی بڵاوبوونەوەکە و شوێنی ڕەگی زمانە هیندوئەوروپاییەکان زۆر ڕێکن لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵ لە باکوری کوردستانەوە، کە دەستپێکردووە لە نێوان ساڵانی ٦٠٠٠ تا ٧٥٠٠ پێش زایین. ئەم ئەنجامە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی مەزنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی جوگرافی بۆ بەشبوونی مرۆڤ بە ژێنێتیکیانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ململانێیانە کە دەکرێن لەبارەی چەرخی پێش مێژووی مرۆڤایەتیی.

دۆزینەوەکانی شوێنەوارناسی ئەمریکایی پرۆفیسۆر (ڕۆبەرت جۆن بریدوود Robert John Braidwood) و ئەنجامی توێژینە ناوبراوەکە، یەکدەگرنەوە. پرۆفیسۆر (بریدوود) دەبێژێت گواستنەوەی ژیانی ڕاوکردن بۆ ژیانی کشتوکاڵ لە سەر خاکی کوردستان لە نزیکەی ساڵی ٦٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ پێش زایین، ڕوویداوە. هەروەها ئەم زانایە درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت گەلی کورد لە پێش گەلەکانی ترەوە بووە لە پێشخستنی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و لە پێش هەموو گەلانی دونیا ژیانی ناو ئەشکەوتی بەجێهێشتووە و خانوبەرە و پێداویستی ناوماڵی پێشکەوتوو دروستکردووە، و کشتوکاڵ و پێشخستنی بەروبووم (بەرهەمی دانەوێڵە) دۆزراونەتەوە لە کوردستان پێش نزیکەی (١٢) هەزار ساڵ، کە لە کوردستانەوە ڕۆیشتوونە بۆ باشوری میزۆپۆتامیا و پاشان گەیشتوونەتە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و لەوێوە بۆ پەهناقی ئاریایی، و ئەوە هەشت هەزار ساڵ دەبێت بڵاوبوونەتەوە لە باکوری ئەفریقیا و پاشان لە ئەورووپا و هیند. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کشتوکاڵی کوردستان پاش چوارهەزار ساڵ گەیشتۆتە ئەورووپا، واتا پێش نزیکەی هەشت هەزار ساڵ لەمەوبەر و ئەم کاتەیشدا لەگەڵ ئەنجامی توێژینەکە ڕێکە، واتا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵ، زمانە هیندۆئەورووپایەکان بڵاوبوونەتەوە بۆ ئەو گەلانە کە ئێستا بەم زمانانە دەدوێن. شوێنەوارناس (بریدوود) درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: زۆر لەم بەرهەمە دانەوێڵانە کە دەیان بینین ئەمڕۆ، وەک گەنم و جۆ و گەنمەشامی، هەموویان لە کوردستان دۆزراونەتەوە. لە بارەی پێشەسازییەوە، ئەم زانا ئەمریکاییە دەڵێت: دەتوانین بڵێین شوێنەواری "چیانۆ" کە دەکەوێتە باکوری کوردستان، کۆنترین شاری پیشەسازییە لە جیهاندا، لەم شوێنە تا ئێستا مس تیایدا دەردەکرێت، هەروەها خشتی قوڕین تیایدا دۆزراوەتە، کە نووسینی لە سەر بووە لەبارەی گۆڕینەوەی

بازرگانی. هەر لە شوێنەواری "چیانۆ"، پرۆفیسۆر (بریدوود) و تیمە ئەرکیۆلۆژییەکەی، پارچە پەڕۆیەکیان دۆزیتەوە، کە کۆنترین پەڕۆیە لە جیهاندا، و دروستکراوە لە ساڵی ٧٠٠٠ پێش زایین.

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە  ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زیاتر لە (٥٠٪)ی وشەکانی زمانی ئینگلیزی وەرگیراوە لە زمانی باوباپیرانی کورد، واتا سۆمەرییەکان[٢]، وەک زماننـاسی بەریتانی پرۆفیسۆر (وادڵ Wadell) لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات. ئەم فەرهەنگە دەیان ساڵ پێش ئەنجامدانی توێژینەکە بڵاوکراوەتەوە. دەبینین، ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە بەڕوونی پشتگیری دەکات لە سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی (وادڵ) لەبارەی وەرگرتنی زمانی ئینگلیزی زیاتر لە نیوەی وشەکانی لە زمانی سۆمەری.

دەرکەوتنی ئەوە کە کوردستان، نیشتمانی زمانە هیندۆئەورووپایەکانە، شۆرشێکی مەزنە لە مێژووی کوردا و دەرکەوتنی یەکەم شارستانیەتی مرۆڤایەتی کوردستان دەردەخـات، و پیشانی دێرینیەتیی گەلی کورد دەدات، و کە ڕۆڵ و تێکارکردنێکی سەرەکیی هەبووە لەسەر زمان و کولتووری گەلانی جیهان و یەکەم گەل بووە کە ئاگر و کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پیشەسازیی و نووسینی، دۆزیتەوە و شارستانێتیی دروستکردووە.

کۆنترین ئاماژەی زانراو بۆ ناوی (ئەنادۆڵ) لەسەر تاقلەی قوڕینی بزماری وڵاتی میزۆپۆتامیا کراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی بابلی (٢٣٥٠ – ٢١٥٠ پێش زاینیی) و ناوی ناسرابوو بە (وڵاتی هیتییەکان) کە ئەوانیش لە باوباپیرانی کوردن. یەکەم ناوی تۆمارکراو بۆ نیوە دوورگەی (ئەنادۆڵ)، کراوە لەلایەن یۆنانییەکانەوە بە ناوی (ئاسیا Ἀσία)[٣] کە لەوانەیە ئەم ناویشە وەرگیرابێت لە ناوی (ئاسوا Assuwa) کە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی بووە، پێکهاتووە لە ٢٢ وڵاتی کۆن لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ پێش ساڵی ١٤٠٠ پێش زاینیی.

**سەرچاوە:**

1. SCIENCE, VOL 337, 24 AUGUST 2012. pp. 957 – 960.

2. Wadell, L. Austin. Sumer – Aryan Dictionary, London, 1927.

3. Henry George Liddell, Robert Scott, Ἀσία, A Greek-English Lexicon, on Perseus.

# واتا سایکۆوجودییەکانی زمان

د. محەمەد تەها حوسێن

زمـان هـەر بەتەنها بابەتێک نییە بۆ زمانناسی و لایەنەکانی پـەروەردە و بە کۆمەڵایەتی بوون، بەقەد ئەوەی بووەتە فەزایەکی تایبەتیی بوون و تیایدا مرۆڤ چ وەک تاک و چ وەک کۆ ماهییەتی هۆشیارانەی خۆی بەرجەستە دەکات.

چییەتی مرۆڤ بەستراوەی زمانەکەیەتی، لە نێو زماندا ئاستە جیاجیاکانی هۆش و عەقڵی هەر تاک و کۆمەڵەیەکمان بۆ دەردەکەوێت، بونیادەکانی زمان هەم نەخشەی مەعریفی و هەمیش هەیکەلییەتی قەوارەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک نیشان دەدەن. بوونی ئێمە لەنێو زماندایە، تێنەگەیشتن لەم ڕاستییە بەڵگەنەویستە مەترسییەکانی چیتر گەشەنەکردنی زمانمان زیاتر و زووتر لێنزیک دەکەنەوە. لەم دۆخەی ئێستای ئێمەدا زمانی کوردی لەبەردەم ئەم جۆرە هەڕەشانەیە و نەزانینی بایەخی زمان لە خۆ مەترەحکردنی وجودیماندا لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە دۆخی نەتەوەکەمانی شڵەژاندووە و دەستەپاچەیی مەعریفی و کولتوری و سیاسی ئۆرگانەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زەوینی واقیع.

ئەوەی من دەیبینم و هۆشم پێیدەشکێت ئایندەیەکی خەمناک و پەشۆکاوە بۆ کۆمەڵگەکەمان و ئەگەر  پەی بەم مەترسییانە نەبەین، ئەوە ئایدزی کولتووریی جەستەی نەتەوەییمان بێ تین و تاقەتتر دەکات.

## زمان و ناکامڵی سیاسی:

پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی هەولێر سەرەڕای ئەوەی ژوانگەیەکی بەیەکگەیشتنی خوێنەر و کتێب و خوێنەر و نووسەران و نووسەران و کتێب و نووسەرانە لە نێوان خۆیاندا، بازاڕێکی ڕۆشنبیریی و کولتووره جوداکانە، پێشانگەی هەولێر خەریکە وەک دابێکی ڕۆشنبیریی و نەریتێکی کولتووری لە نێوماندا دەچەسپێ. من ناچمە سەر لایەنە ئابووری و هەڵسەنگاندنە بازاڕییە بزنسییەکەی بەقەد ئەوەی هەرچۆنێک و هەرچییەک بێت، ئەم دیاردە ڕۆشنبیرییە ئەرێنییە وەک جەژنێک بۆ کتێب و نووسەران و خوێنەران دەرکەوتووە و دەردەکەوێ.

ڕۆژانە لەوێ بووم، نزیکەی (٢٠) کتێبم کڕی، لە بابەتی سایکۆلۆژی و ئەدەبی و فەلسەفی و زمان، دوو کتێبی زۆر گرنگم لە بواری زمان و سیاسەتی زمان و بایەخی زمان وەک توخمێکی بنچینەیی لە پێکهێنانی نەتەوە و گەل و دەوڵەت و هەر قەوارەیەکی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دۆزینەوە.

زمان هەر بە تەنێ بوار یا بابەتێکی لینگویستیک و فیلۆلۆژی و کۆمەڵایەتی نییە، بەقەد ئەوەی بە بابەتێکی زۆر سایکۆلۆژی و دواتر سیاسیی و نەتەوەیی دەزانرێت، هیچ ڕێچکە و ڕێبازێکی دەروونی خۆی لە بایەخی زمان نە لای تاک و نە لای خێزان و نە لای کۆمەڵگە و نە لای نەتەوە و دەوڵەت نەدزیوەتەوە، زمان بابەتێکی هەرە لەپێشی دەروونزانییە، هەر لە دەروونشیکارییەوە تاوەکو دوا میتۆد کە سایکۆلۆژیای گەشەسەندنە (داریونیزمی دەروونی) و لە گەڵیشیدا پۆزێتیف سایکۆلۆژیی. سایکۆلۆژیا بەر لە هایدگەر زمانی بە (ماڵی وجـود) زانیـوە، سیگمۆند فرۆید بە میتۆدی بەدوایەکداچوونی وشەکانWord association دەچووە نێو قوڵایی نەستی تاک و مێژووی ژیانی دەروونی ئەو، ئەم میتۆدە لە ڕێگەی زمانەوە کاری خۆی دەکات و شۆڕبوونەوەشی بۆ تاریکایی نەست کە ئەمبارێکی پڕاوپڕی زانیارییە شاردراوە و چەپاوەکانە هەر چوونە نێو زمان و دۆزینەوەی نەزانراوەکانی هۆشە.

ژان پیاژێ بۆ گەشەی مەعریفی لای منداڵ و قۆناغەکانی سەرووتردا، زمانی وەک بونیادێکی هەرە چالاکی نەخشە مەعریفییەکانی مرۆڤ دەزانی، لای ئەو زمان بەستراوەی ناسین و زانینە، لە ئێپیستیمۆلۆژیاکەی خۆیدا کە ناوی «پێکهاتەیی» لێناوە پیت و وشەکانی زمانن وردە وردە دەبن بە بونیادە مەعریفیەکان و زەخیرەی زانینی مرۆڤ بەرەو هەڵکشان دەبەن. دواتر لای جاک لاکان زمان جێگەی نەست دەگرێتەوە و بەتەواوی مرۆڤ لە نێو زماندا هەڵدەسووڕێت و هەر لە نێو ئەویشدا گەشە دەکات و دەناسرێت، زمان سیستمێکی ئاڵۆزی سیمبولیکیە و بە ورياييەكى زۆرەوە لەوێدا وێنە جوداکانی لە هەڵوێست و زەمەن و قۆناغە جوداکان پارێزراون و لە هەلی جیاجیاشدا دەردەکەونەوە.

زمان ئەگەر کەرەستەی بونیاتنانی مرۆڤ یا تاک بێ و دەرکەوتی بەرخوردی بەردەوامی تاک و کۆمەڵ بێ لەگەڵ شوێن لە زەمەنی جیاجیادا و هەم زەمەنەکان و هەمیش شوێنەکان لە ڕووی تایبەتمەندییە جوداکانی نێوانیاندا لەیەکتر نەچن، چۆن چۆنی زمان لە هاوکێشەی درووستکردنی مرۆڤ و پێگەیاندنیدا وەلاوە دەنرێت؟

بایەخی زمان هەر بەتەنها لە مافە کولتوورییە سەرەتاییەکان کورت ناکرێتەوە بەقەد ئەوەی وەک ئاماژەم بۆ کرد لە بونیادی سایکۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژیی تاک و گروپ و کۆمەڵگەکاندا دەبێتە بنەما یا بنچینەی یەکەم لە نێوان دوو بنەمای تر کە مێژووی هاوبەش و خاکی هاوبەشن.

مێژوو لە بابەتی نەتەوە یا گەل یا کۆمەڵگەدا ڕەهەندی زەمەنمان بۆ دەردەخات کە لای خۆیەوە نوێنەرایەتی جوڵە و چالاکییەکانی تاکەکان دەکات و کولتوور بەرهەمدێنێت، خاکیش ڕەهەندی شوێن دەستنیشان دەکات و دەبێتە ئەو ژینگەیەی کولتوور لەوێدا دەچێنرێت و پێبەپێ بە خزمەتکردن و ئاودانی نەشونما دەکات.

کولتوور وەک ڕەهەندی زەمەن و خاکیش وەک ڕەهەندی شوێن لەکارلێکی نێوانیاندا زمانێکی تایبەت بە خۆیان دێننە ئارا لەهەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەکدا زمانی دایک یا زمانی ڕەسەنی پێدەڵێن، بەبێ زمان ئەم کارلێکە لە نێوان زەمەن و شوێن ڕوونادات، چون نە زەمەن بێ زمان مێژوو دەنووسێتەوە و نە شوێنیش بێ زمان دەبێت بە وێنەی جودا جودا و لە زەین و هۆشی تاکەکاندا دەچەسپێن.

زمانی هەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەک کولتوورەکەیەتی، بەخێونەکردنی زمان بەرەڵاکردنی کولتوورە بۆ ئەوەی ببێ بە نێچیرێکی سانا بۆ کولتوورە بەهێزەکانی دەوروبەری، زمان سەرمایەیەکی سیمبولیکی کولتوورییە و نەتەوە و کۆمەڵە ئیتنیکییەکان لە ڕێگەی هەر سیمبولێکەوە وێنەیەکی خستۆتە سەر ئەم کولتوورە، هێما و ئاماژەکانی کولتوور لە دەرەوەی جوگرافیای خۆیانەوە نەهاتوون، ئەگەر هاتبیشن سانا دەناسرێنەوە، بەیەکگەیشتنی کولتوورەکان دەبێ بە سیاسەتێکی زماناسانە و زمانزانانە بەڕێوە بچێ و هاوسەنگی لەپەیوەندییە دیپلۆماتیکییەکانی نێوان نێوەندە سیاسییەکان بپارێزێ، نەپاراستنی هاوسەنگیی شکست و پاشەکشەیەکی کولتوورییە کولتوورێکی بێهێز بەرانبەر بەهێزێک دەیگرێتە بەر.

نەنرخاندنی زمانی کوردی و بە کەمناسینی لەبەرانبەر هەر زمانێکی دیکەی دنیا بەتایبەت زمانی ئینگلیزی کە لە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵای ئەم هەرێمە بەدبەخت و بەستەزمانەی خۆمان زەق بۆتەوە، کەوتنە تەڵەیەکی کوشندەیە و کارەکتەرە بەرپرسەکانی نێو ئەم دوو ئۆرگانە وەک دوو ئۆرگانی دژ بەرانبەر زمانی کوردیی کەوتوونەتە کار و بە بڕیار و ڕێنمایی کەڵەگایی زمانی ئینگلیزی ڕادەگەیەنن و زمانی خۆمان کە نزیکەی ٣٠ ملیۆن کەس پێی دەدوێن بە شایانی بەکارهێنانی ئەکادیمی نازانن.

ڕاستە زمانی کوردی ستانداریزە نەکراوە و هیچ هەوڵێکی سیاسیش لەو سیاسییە ناکامڵانە نابینرێ بۆ ئەوەی وەک توخمێکی بنەما لە پێکهاتنی ستاتوویەکی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتیی دەربخرێ، بەڵام کوردیی زمانێکی بەرگریکار بووە لە

مانەوەی خۆیی و تاوەکو ئێستا بە بێ بوونی قەوارەی سیاسیی هەر لەنێو قەوارە و جوگرافیای ئەتنیکی خۆماندا ماوەتەوە و نەکەوتووە.زمانی زیندوو و بەرقەراری وەها نەک توانای ئەوەی هەیە هاوڕێ بێ لەگەڵ پەرەسەندنەکانی ئەمڕۆ، بەڵکو توانای هەرچی وردەکاریی ئەکادیمی و توێژینەوەی لە بوارە هەرە هەستیار و زانستییەکان هەیە، من ئەگەر کێشەیەک لە کۆمەڵگەکەی خۆمدا ڕوویدابێت و لە هەرچی دنیا هەیە شتی وا دەرنەکەوتبێ چ پێویستیم بە چوارچێوەیەکی تیۆرییە دێرێکی لەم کێشەیە تیا نییە بیخەمە ڕوو؟ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەگەر تەنها لای خۆمان دەرکەوتبێ چ پێویستم بە پێوەرە خۆرئاواییەکانە بۆ ئەوەی دیاردەیەکی کوردیم بۆ بپێون...تاد.

زمانەکان هەموویان پڕیانە لە وشە و هەر وشەش نوێنەری شتێکە لە جوگرافیای بوونی ئەو شتانەدا، ئەگەر لە ڕووی زانستی و تەکنۆلۆژیشەوە نەیتوانیبێ هیچی بخاتە سەر مانای ئەوە نییە بیمرێنیت و بیخەیتە ڕیزی زمانە مردووەکانەوە، مردنی زمان لە ئەنجامی دۆڕانە کولتوورییەکانەوە دێتە ئارا و کولتووری کوردیی ئەگەر چی نوێنەرایەتی سایکۆلۆژییەتێکی نەتەوەیی دەستەپاچە دەکات و نەیتوانیوە بچێتە نێو هزرینی زانستی و گەشەی تەکنیکی و عەقلانییەوە و تاوەکو ئێستا ڕەفتارە هەڵچوونی و سۆزدارییەکانمان بۆ دەنووسێتەوە، بەڵام ئەو دۆخە ئیجازە بە هیچ کەس و گرووپێک نادا وەک چۆن لە ڕووی سیاسیەوە سەربەخۆیی خۆیان لەدەست دا، کولتووریش بکەن بە قوربانی شکستە سیاسیی و دیبلۆماتیکییەکانیان.

زمانی کوردی پەرتەوازەیە و بە باش بەڕێوەنەبردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ململانێی گرووپگەل و ناوچەگەرییەوە نیشانەکانی شکست و چۆکدادان و شۆڕبوونەوەی بەرەو هەڵدێر بە ئاشکرا لێوەدەرکەوتووە، کلکایەتی سیاسیی بۆ نێوەندە سیاسییە زلهێزەکان کلکایەتی کولتووریشی بۆ ئەوان لێکەوتۆتەوە و بە خێرایی وا زلزمانەکان زمانمان دەبەنەوە نێو دەممان و وردە وردە دەیبڕن.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە زمانی کوردی لە دەستووری عیراقیدا کە باشترینی خراپەکانی ناوچەکەمانە وەک ڕەسمیی چەسپیوە و مۆرکێکی دەستووری و سیاسیانەی لەسەر ئاستی دنیا پێوە لکاوە، کەچی کاراکتەرە حزبیە کوردییەکان بە گەڕانەوە بۆ سەر سایکۆلۆژیای هۆزگەری وماڵباتیی خۆیان ئەو زمانە تەنها لە ئاستی جل و بەرگ و نمایشی خۆبادان و نەریتیانە دا دەبینن و ئەو مانایەیان نەداوەتێ توانای جوڵە و پشکنینی لە هەرچی بواری ژیاندا هەبێ.

### -زمان وەک حەشارگەی کولتوور:

زمان پڕیەتی لە ئاشکراو نهێنییەکانی کولتوور، لە هەست و نەستی تاک و کۆی کۆمەڵگە، لە زماندا (ڕابردوو) دەنگدەداتەوە و (ئاینده) ئاوازی ئومێد و هیواکان دەچڕێ و (ئێستا)ش لە زماندا بە ئاگامان دێنێ و هاواری جوله و بزووتنمان بەرەو زیندوو ڕاگرتن و جوانکردنی لەسەر دەکات، زمان خۆ نمایشکردنی کولتوور و سیمبووله جوداکانیەتی، نەخشەیەکی دەنگیی دەنگدانەوەکانی بوونی مرۆڤە لەهەر سەرزەمینێکدا، زمان ئەنتۆلۆژی مەوجودێکە ئەگەر نەیەتە دەر و کپ بکرێ، بە جۆرێکی تر دەکوژرێ و بە شێوەیەکی تر نەبوونیمان بۆ دەردەکەوێ. زمان یەکەم سەلمێنەری کەسێتییە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە و پێبەپێش هەر زمانە ئەو کەسە بە خێو دەکا و دەبیاتە دەرەوەی خۆیی و دەنگی تری پێ دەناسێنێ، بە بێ زمان جەستەش بە دەرکەوتنە ئێستاتیکییەکانی دەرناکەوێ و توانای وەرگێڕانی مەیل و حەزەکانی خۆی نابێ، جەستەی بێ زمان لە هەموو بوونەوەرێکدا وەک یەکە، هەمان جولەی هەیە و بە هەمان شێوە ڕێدەکا و ڕادەکا، بێ زمان تەنها جەستە وەک هەبوویەک هەیە و ئەوەی پێیدەڵێین کەینوونەی ئینسانیی بوونی نییە.

لە زماندا بوونێکی تر قسە دەکات، بوونێکی تر دەنگمان دەدا، بوونێکی تر تێمان ڕادەخوڕێ و بەرەو پشکنینی دنیا هەڵماندەدا، زمان لەگەڵ بینین و بیستن و بۆنکردن و بەرکەوتن و چێژ بردن زیاد و کەم دەکا، ئەو زمانەی نەیەتە سەری و خۆشی دانەتەکێنێ لە دۆخی ئاوزنگدایە و لە هەڵدێری ژیانی خۆیدا غلور دەبێتەوە. هەر زمانێک تەمەنی بەقەد تەمەنی نەتەوەکەی بێت، توانای مانەوەی خۆیمان بۆ دەردەخات و درووست نییە دان بە بزۆزییەکانیدا نەنێین، زمان سوعبەت و شۆخی نازانێت و هەر کە لە ڕیتمی ئاخاوتنی لاتدا یەکسەر جەستە لە دەربڕینەکانیدا بە درۆت دەخاتەوە و وەک درۆ گۆیەک دەرت دەخا.

ئێمە بە زمان دەبینین، بە زمانیش دەبیستین، هەر بە زمان بۆن دەکەین و بەو زمانەش چێژ وەردەگرین و لەش و لارمان بەر دنیا و کەرەستە و بوون و هەبووەکانی دەکەوێ، چاو و گوێ و لووت و دەم و پێست زمانیان هەیە، بێ زمان توانای ئەرکەکانی خۆیان نییە و وەک هەست و وەک نەست ناتوانن بۆ خۆیان و دەرەوە دەرکەون.

ئەوە دەروونە لە قووڵایی و سەراوی خۆیدا دەماندوێنێ و پاڵ و هانمان دەدات و داوای پێویستییەکانی جەستە و عەقڵمان لێدەکا، بە دەنگەوە نەچوونی زمان دەبەنگیی هۆش و گێلی خاوەنەکەیەتی، بە دەنگەوە نەچوونی زمان و خۆ لێ گێل کردنی، کەسەکان دەکاتە لەیستۆک و گاڵتەجاڕی دەنگەکانی تر، خۆ بە خاوەن نەکردنی زمان و نەوروژان بەو زمانە ساویلکەیی و بەستە زمانی و سەرەنجام بەستە عەقڵی خاوەنەکانیمان پێ دەناسێنێ.

ئەوەی لەم دنیا و لەم ژیانە خەرمان کردۆتەوە و بەردەوام پێی لە پەیوەندیداین، لە زماندا جێگیرە، لەوێدا ماڵی خۆی پێکەوە ناوە و ژوور بە ژوور، ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان و دێ بە دێ و شار بە شار و وڵات بە وڵات دەمانگێڕێ و بە قورسی و سووکی خۆمان دەمانکێشێ و دەرمان دەخا.

زمان ئەو دنیایەی ئێمەیە کە هەرچی بە هەستەکان وەرمانگرتووە و تەنانەت لە نەستیشماندا خۆی مات داوە لەوێدا ماوەتەوە، کەواتە زمان یەکسانە بە کولتوور و یەکسانیشە بە بوون و یەکسانە بە ژیان لەنێویدا، زمانێک سست بێ کولتوورەکەی سستە و بەرەو هەڵدێر بێ کولتوورەکەی غلۆر دەبێتەوە. هەرچی لەم بوونەوەرانەی دنیا هەیە لە باڵندە و خشۆک و شیر دەر و گۆشت خۆر و گیا خۆر و ڕاو کەر و ڕاوکراو، هەر هەموویان دەنگیان لێدێ و بە دەنگەکانیان خۆیان دەناسنەوە و ئێمەی مرۆڤیش دەیانناسینەوە، ئەوان بە پێوانەکانی ژینگە سرووشتییەکەی خۆیان ڕیتم و ئاوازی دەنگەکانیان دەردەبڕن و ئێمەی مرۆڤیش بە زیادە خستنە سەری هۆشمان بە خۆمان و دەوروبەری دوور و نزیکمان دەنگەکانمان لەیەکتر جیا دەکەینەوە و ئاوازی ئاخاوتنمان دەڵێین و دەنووسینەوە.

ئەوەی دەنگی خۆی نەناسێتەوە، لە دەنگی هاوزمانانی تێنەگا، ئەوەی بە دەنگی خۆی نەیەتە جۆش و بە دەنگی هاوزمانانی نەکەوێتە خرۆشەوە، ئەوەی دەنگی ئەوانی تر بلێتەوە و بە دەنگی ئەوان بانگ ڕادێرێ، تا هەیە و تا ماوە خۆی نیە، تا ماوە ئەوی تریش نیە، ئەی چیە؟ ئەو سووکەڵەیەکی نێو زمانە و هەر زمانەکەی خۆی نێوی جاش و ناپاک و پۆخڵی لێدەنێ.

لە درێژەی مێژووی زمانی خۆماندا و تا ئەم بیست و حەوت ساڵەی دوایی (کوردیی) وەک زمان ماوەتەوە، مانەوەیەکی زیندوو، بەڵام سرووشتیانە ماوەتەوە و دەربڕی هەموو ئەو باوانەمان بووە کە سرووشتیانە و سەرەتاییانە ژیان

و کۆچیان کرد، ئەوان وەک زمانەکەمان سرووشتی بوون، وەک ئەو خەڵکی ناوچەکانی خۆیان بوون، وەک ئەو لە شوێن و دەڤەرێکەوە بۆ یەکێکی تر لە یەکتر حاڵیی دەبوون، ئەو زمانە لە دایک بوو و درەنگ درەنگ قۆناغەکانی گەشەی خۆی تێدەپەڕاند، بەڵام زمانێک بوو پڕی بوو لە کورد، پڕی بوو لە کوردەواریی، پڕی بوو لە سادەیی و سەرشار بوو لە سرووشت و دەنگە زەمینی و ئاسمانییەکانی، پڕی بوو لەو ژیانەی زەوی لێمانی دەویست، ئاسمان داوای دەکرد، دۆڵ و دەشت و شاخ و کێو بە هەوراز و نشێو و زیندە و نازیندەکانییەوە کردبوونی بە واژە و دەستەواژە و ناو.

ئێستا ئەو زمانە هەمان ئەوەی وتم نییە، هەمان ئەوەی نووسیم نیە، هەمان ئەوانە پێی نادوێن، کە پێیدەدوان، هەمان وەجاخی ئەوانە پێینائاخڤن کە پێشان دەئاخڤین، ئەو بوونەوەرانەی ئێستا لاوازی خۆیان خستۆتە پاڵ زمان، سستی عەقڵی خۆیان خستۆتە پاڵ زمان، نەگەیشتنە ئاستی ئەوانی تریان خستۆتە سەر و پاڵ زمان. لەوە تێنەگەیشتوون کە بەقەد ئەوەی، ئەوان لە نێو زمانن وەک (لاکان و هایگەر) دەڵێن، زمانیش لە نێو ئەوانە وەک (پیاژێ و هابرماس) و کەسانی تر دەڵێن، زمان ئەوەی بۆ دەرخستووین کە هەبووە و هەیە، ناتوانێ پاڵەوانی فسفسمان بۆ وەدەرخا، خۆ هەر کە فسفس پاڵەوانەکان بەم زمانەی خۆمان دەدوێن یەکسەر دەکەونە دەرەوەی زمان و ئابڕوویان دەچێت و وەک (حەمەد بەگ) ی کوردی و (دۆن کیشۆتی) ی سێربانتسی ئیسپانی خۆیانمان بۆ نمایش دەکەن.

ئەم پاڵەوانبازییەی ئێستا بە کوردایەتی و کوردەوارییەوە دەکرێ هەمان پاڵەوان بازییەکەی سێربانتسە لە دۆن کیخۆتەدا، ئەنجامی ئەم پاڵەوانبازییە لە خۆبچووککردنەوە و خۆ بەکەمزانی لە ڕووی نەتەوەیی و کۆمەڵگەییەوە دەرکەوت، لە چوونە پاڵ ئەم و ئەو دەرکەوت، لە دوان لەسەر ئاوازی ئەوان دەرکەوت، لە بینینی ئەوان بۆ خۆمان و بیستنی ئەوان لەسەر خۆمان دەرکەوت، نەک بینینی خۆمان بۆ خۆمان و بیستنی خۆمان بۆ خۆمان.

زمانەکەمان لە لایەن ئاغاکانی حزب و ڕێکخراوەکان و کوێخا و باج ستێنەکانی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری مینرێژ کراوە و خێرا خێرا لە نێو زمانەکە خۆیدا پێمان دەتەقنەوە.

## -زمان وەک مافی کولتووریی یا پێکهاتەی نەتەوەیی؟

لە سەردەمێکدا قسەی سەری زمان و بنی زمانی لک و پۆپە جوداکانی جولانەوەی شۆڕشگێڕی کوردی لە عێراق و ئێران و سوریا و تورکیادا سەرەتا گەیشتن بوو بە مافە کولتوورییەکان و خوێندن و دوان بە زمانی دایک(کوردی)، پاشان وەدەستهێنانی بەشێک لە مافە سیاسییەکان کە لە بەشداری و هاوبەشی لە دەسەڵاتی حوکم و دەوڵەتداریدا دادەڕێژرایەوە. ئەم داواکارییانە سەرەتا ئەگەر لە ڕێگەی گفتوگۆ و دان و ستاندا بووبێ، دواتر چۆتە قۆناغی لێکهەڵشاخینی چەکداری و لەوێ دەمێوە تاوەکو ئێستا بە سەدان هەزار قوربانی بوونەتە شاهیدی ئەم دابەشکردنە جیۆسیاسییە نفوزگەرایی و لێک حاڵینەبوونە دوژمنکارانەی ئێمە بۆ ئەوان وەک خاوەن ماف و ئەوان بۆ ئێمە وەک ناچار کردنمان بە چۆک پێدادان.

پەیوەندییە تازەکانی سەنتەرەکانی هێز لە دنیای ئەوەی پێیاندەوت سیستمی تازەی جیهانی هەلێکی بۆ هێنابنە پێش تاوەکو بێینە بەرچاوی جیهان و تواناکانی خۆمان وەک قەوارەیەکی سیاسیی و کولتووریی وەرگێڕینە سەر زمانی واقیع و پەیوەندییە دیپلۆماتیک و ستراتیژییەکان و ببین بە ژمارەیەکی خوێندراوە و ژمێردراو لە حیساباتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

ئەوە نەکرا، چون هەر زوو دوو حزبەکەی هەرێمەکەمان کەوتنە گیانی یەکتر و تاوەکو ئێستاش دابەشبوونە لۆکاڵییەکان و ململانێکان لە نێوان ئەملا و ئەولادا دەچنە شێوە و جۆری دراماتیکی سەیر سەیر و نەکرا و نەتوانرا فۆڕم و نێوەرۆکێکی نیمچە عەقلانی بکەنە بەر و لە خۆیانی بئاخنن.

دۆخی سیاسیی کوردی کە لەم دوو حزبە و ئەوانی تریش دەردەکەوت لە دۆخە سایکۆلۆژییە هەڵچووەکە نەگوازرایەوە دۆخە واقیعییە بان هۆزگەراییەکەوە و هەر بۆیە ئێستای پەیوەندییە سیاسییەکانمان هەمان بیست چوار ساڵ! بەر لە ئێستایە بە نەفەسی حەسانەوەی شەڕکەرە کلاسیکەکانی جەنگە سەرەتاییەکان.

لەم هەموو ساڵە چەندە بێخەمبوون لە هێنانە ئارای ستاتوویەکی دانپێنراوی سیاسیی نەتەوەیی، ئەوەندەش بێئاگا بوون لە پێکەوەنانی توخمە بنچینەییەکانی درووستکردنی کەسێتی سیاسیی حکومەت و هەرێم و ئینجا کاراکتەری حکومەت و دەوڵەتمەدار، من لە مێژە زیاتر لەسەر توخمی یەکەم لە پێکهێنەرەکانی نەتەوە و کۆمەڵگە و دەوڵەت دەوەستم کە(زمان) ەو ئەوانی تر کە (مێژووی هاوبەش) و (خاکی

هاوبەش) ن، لەسەریان هەڵوەستەم کردووە بەڵام دوای بابەتی زمان کە چەندین زنجیرە بابەتم بۆ ئامادە کردووە، دێمە سەر ئەم دوو فاکتەرە هەرە گرنگە کە لە زمان واوەتر لە زەینی حزب و ئۆرگانی خوار نەتەوەیی کوردیدا دوورخراونەتەوە.

ئێستا لە گوتاری شێواوی سیاسیی خاوەن ٣٠ساڵ ئەزموونی ئیدارییدا، بە کاریگەریی ئینتیما نێرگزییە خۆپەرستییە هەرە تەنگەکەی تەسکترین بازنەی ئینتیما کە خودە بە خۆشەیداکانن، مافە کولتوورییەکانی بەر لە نزیکەی ٦٠ ساڵ لە مێژووی شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکان داوا دەکران بۆنموونە( خوێندن و فێربوون بە زمانی کوردی)خەریکە هێواش هێواش دەسڕێنەوە و بە نمایشکردنی بێتوانایی ئیداری و سیاسی و بازرگانی و دیبلۆماسی و شەرمبوون بە مەرجە بنەماییەکانی نەتەوە و خۆ بە کەم و بچووک زانین لە بەرانبەر بەرهەمهێنانی هێز لە دەوروبەر و دنیادا ئەم تۆخم و مەرجە سەرەکی و ستراتیژییە کە قووڵبوونەوەیە لە زمان و ستانداریزە کردنیەتی لە پێناو خۆ دەرخستنێکی بەهێزی کولتووری و ئینجا سیاسیی، ون دەبێت و زمانەکانی تر لە پێش هەموویان ئینگلیزی وەک (هێزمەندی یەکەمی کولتووری) و (شوناسیی کۆلۆنیالیزمی هەم سیاسیی و هەمیش ئابووری و دواتر کولتووری و پاشان سەرباریی) شوناسیی نەتەوەیی کوردیمانی خستۆتە ئەودیو ناسراو و دانپیانراوەوە و لەدوا ئەو کۆلۆنیالیستە پۆست مۆدێرنە زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی و تورکی و فارسی و ئینجا عەرەبی بە گوێرەی توانا بەرهەمهاتووەکانیان، خۆیان لەسەر کولتوور و زمانی کوردی هەڵدەکێشن و گێف دەکەنەوە و نێرانە گرنگترین فاکتەری بوونە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانمان دەخەنە ژێرخۆیان.

هەروەک پێشتر لە زۆر شوێنی تر وتوومە، سست و لاوازیی وەبەرهێنانی کولتووریمان زۆر بە زەقی لە بوارەکانی هونەر و ئەدەبیشدا دیارن، ئەوەنیە تا گۆرانی و موزیکی پاپ و ڕۆپ و تورکی و فارسی و عەرەبی هەبن کەمن ئەوانەی گوێ بۆ موزیکی کوردیی دەگرن، ئەوەنییە بەردەوام وەرگێڕان وەک (بازرگانیی لە بواری کولتوور) تا ئەدەبی دەرەوەی دوور و نزیک هەبێ بەرهەمی خۆماڵی لە ڕۆمان و شیعر و ڕەخنە و فیکری کوردی کەمتر دێنێتە نێو بازاڕی فەرهەنگییمان و لە نێوان بەرهەمی کولتوری ئەوانی دەرەوەمان لای لێناکرێتەوە و زۆر کەمتر دەچێتە نێو پرۆسەی چاپ و بڵاوکردنەوەوە؟.

ئەم پەتایە لای من جۆرێکە لە ئایدزی کولتووری و ونبوونی توانای بەرگری بەرانبەر کولتوورە بەهێزەکانی دنیا. سستی عەقڵی حوکمداریی و پاشکۆیەتی سیاسیی و فەرهەنگیی، توانای لە زمان و ئەدەب و هونەر و دواتر داهێنان لە بوارەکانی تر بڕیوە و ناچاری وەپێشدانی زمانی بێگانان و ئەدەب و هونەر و زانستەکەی کردوون و هەموو ئەمانەش سەرەنجام پاشکۆیەتی و کلکایەتی سیاسییان لێکەوتۆتەوە و ئەمەش بە ڕوونی ڕۆژانە لە فۆرمی جیاجیادا بۆمان دەردەکەون.

لەو عێراقە سەیر و سەمەرەی تیایدا دەژین بە هەر هەڵکەوت و داکەوتێک بێ زمانی کوردی بەڕێزێکی زۆرەوە لە دەستووری عێراقیدا چەسپاوە و بووەتە ڕاستییەکی دەستووری و یاسایی و لە ڕەد و بەدەلە ڕەسمییەکانیشدا شوێنی تایبەتی خۆی لەپاڵ زمانی عەرەبی هەیە، بەڵام بێئاگایی و لاغریی سیاسیی دەسەڵاتبەدەستانی ئەم هەرێمە بایەخی ئەم ڕاستییە چەسپاوە دەستوورییەیان لەبیرخۆیان بردۆتەوە و لە بەرانبەردا هێواش هێواش نەیارانیش ئەمەیان لا بووەتە هەلێکی گونجاو بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو بڕگە دەستووری و یاساییانەی زمانی کوردییان هێنابۆ ڕیزی زمانی یەکەم، ئەم دۆخە مەترسیدارە لە پاڵ خۆبەکەمزانینی سیاسیی و کولتووریی زەمینە بۆ لێدانی زمانەکەمان باشتر دەڕەخسێنێ و لە ڕاستیشدا ئەم ئامانجە نێگەتیڤە هەنگاوی زۆری بۆ پەراوێزخستنەوەی زمانی کوردی بڕیوە.

وەک دوو ئۆرگانی حکومەت لە دوای سڕبوونی حزبە دەسەڵاتبەدەستەکان بە پارە و گەندەڵیی، هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دوای ئەم دووەش وەزارەتی ڕۆشنبیری هیچ ڕۆڵێکی ستراتیژییان لە پێناوی ڕاستکردنەوەی باری خواری زمانی کوردی و کولتوورەکەی نەهاوێشتووە و ئەوەی خۆمان چوار پێنج دەیە بەر لە ئێستا دەمانویست لە مافە نەتەوەییەکانمان، ئێستا دەیدەینەوە بە نەیاران و بە زمانێکی تر پێیاندەڵێین ئەوەشمان ناوێت و ئیتر بە زمانی تر لەمەولا دەتاندوێنین، ئەم دەرکەوتنەوەیەش جۆرە هەڵگەڕانەوەیەکی ڕێویانەیە لە کولانەی خۆمان و دەچێتە خانەی زۆڵیی نەتەوەییەوە.

### -شەرمبوون بە زمان...شەرمبوون بە نەتەوە:

تادێ زمانی کوردی لە لایەن (هۆزبی)*یە کوردییەکان سووک و سووکتر دەکرێ، لە دوای ڕووداوەکانی ١٩٩١/٣/٥ ەوە تا ئێستا ئاماژەیەکی ڕێزنواندنم بۆ

زمانەکەی خۆمان لەم بوونەوەرە سیاسەت بەکۆڵدراوانە یا بەکۆڵداهاتوانە نەبینیوە، نەڕاگەیاندنی هۆزبیەکان و نەئۆرگانە پریمیتیڤەکانیان لە بایەخی زمانیان وەک مەرج و توخمێکی هەرە بنچینەییی چ پێکهاتنی نەتەوە چ پێکهاتنی کۆمەڵگە و تەنانەت دەوڵەت نەڕوانیوە، چجای ئەوەی لە کابینەکانی ئیدارەدانی هەرێمدا وەزارەتەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و خوێندنی باڵا بە موو مەیل و ئارەزووی چەسپاندنی توخمی زمانی کوردییان لە سێکتەرە سەرەکییەکانی هێنانە کایە و گەشە پێدانی هاوڵاتی گونجاو بۆ مەیدانی کار و بەرهەم بەلاوە گرنگ بووبێ.

زمان شوناسی کولتووریی نەتەوە و ناسنامەی وجوودیی کۆمەڵگەیەکە لەم جیهانەدا فیتریانە هەیە و دەبێ لە بارە فیترییەکەوە بە توانای عەقڵی و هۆشمەندی تاکەکانەوە وەرگێڕدرێتە سەر بارە شارستانییە مەدەنییەکەیەوە، ئەوە نەتەوەیە بە زمانی خۆی دەدوێ و هەر بەو زمانەش جودایی کولتووری و نەریتی و ترادیسیۆنیی خۆی بۆ هەرچی دنیا هەیە دەخاتە ڕوو.

زمان دەرکەوتێکی سرووشتی گەلەمرۆڤێکی دیاریکراوە و هەرچی تایبەتمەندی مێژووی کولتوور و داب و نەریت و پێکهاتەی کۆمەلایەتی و دەروونی هەیە لەو زمانەدا یا دیارە یا شاردراوەتەوە، ئەوەی دیارە ئاستە هوشیارەکەی نەتەوەیە دەدوێ و ئەوەی شاراوەشە ئاستە نەستی و مێژوویییەکەیەتی بوونی خۆی لە کەلچەری خۆی کەڵەکە کردووە.

لە زماندا وجوودی نەتەوەیی و مێژووییمان خۆی نمایش دەکات جا چ نمایشێکی سەرەتایی یا نمایشێک بە شێوەیەک لە شێوەکان حەزی بەرەو پێشەوەچوونی بۆ ئاستێکی دیکەی گەشەکردن هەبێ، ئەگەر زمان هێواش هێواش لەسەرچاوەکانی تین و تاقەتی خۆی دابڕێنرێ وەک لای ئێمە هەیە ئەوا ڕایەڵە بنچینەییەکانی خۆ بەستنەوە بە بنەما ڕەسەنەکانی کولتوورمان خێرا خێرا دەپچڕێن و لەسەردەمانی دادێدا بوونە کولتوورییەکە لەبن هەڕەشەی سستی بەرهەمهێنانی مەعریفە بە زمانی خۆی دادەڕمێ و توانای وەستانی بە قیت و قۆزی نامێنێ.

زمانەکان هەموویان لە بەرخوردی کەس و کۆمەڵگەکان بە هەبووە سرووشتییە ماتریاڵییەکانەوە هاتوونەتە ئارا و ئامادەباشییە جینیتیکیەکەیان پشکواندووە، ئەوەی زمانێکی لە یەکێکی تر فراوانتر و بەهێزتر کردووە، تواناکانی بەرهەمهێنانی هێز بووە لای کۆمەڵگەیەک و نەبوون یا سستبوونییەتی لای ئەوانی تر.

بەرهەمهێنانی هێز بە ڕووە جۆراوجۆرەکانییەوە توانیویەتی زەمەنێک زمانێک لە لۆکاڵەوە بگوازێتەوە گلۆباڵ و ئەوانی تریش بخاتە پەراوێزی ڕەسمیاتی ژیانەوە، وەلێ هیچ کاتێک زمان لە جوولەی خۆی نەکەوتووە مەگەر ناتوانایی قسەکەرانی ڕۆڵیان هەبووە لە کلۆرکردن و بنکۆڵکردنی بنەماکانی نەبێ.

پەراوێزکردنی زمانی کوردی لە لایەن هۆزبییە کوردییەکانی هەرێم هەوڵێکی شعوورییانەیە بۆ کلکایەتیکردنی کولتووری و لەدەستدانی متمانەی نەتەوەیی بە توانای زمانی کوردی لە هێنانە ئارای ناونانە زانستی و کەلچەرییەکان لە هەرچی بوار هەیە لە ژیاندا.

کلکایەتی سیاسی و ئابووری دیاردەی هەرە دیاری ئەم سەدەیەی ڕابردوو بووە لە ژیانی سیاسی و ئیداری ئێمەدا، بەڵام گواستنەوەی کلکایەتی و ملکەچی بۆ بواری کولتووریی و تەسلیمبوون بەرانبەر کولتوورە هەرێمی و زلزمان و کولتوورەکان بە هیچوپوچ سەیرکردنی کولتووری کوردی و بێنرخزانینی میراتی نەتەوەیی و ئینسانی مرۆڤی کوردە لەم سەرزەمینەدا.

لە زمانناسی و زانستی زمان و (بوون لە ڕێگەی زمان)ەوە هیچ زمانێک لەوانی تر ڕەسەنتر و پرتر نییە، ئەوەی هەیە زمانی کۆمەڵگەیەکە لە ڕێگەی کۆلۆنیالیزمی شەڕانگێزیی ساماندزییەوە زمانی خۆشی سەپاندۆتە سەر کۆلۆنەکان و وای حاڵیکردوون کە قسەکردن و بەکاربردنی زمانە لۆکاڵییەکەی خۆتان لە کەسێتی شارستانیتان کەمدەکاتەوە و ناتانباتە ئاستی بەکاربەرانی زمانی داگیرکەرەوە، ئەم نموونەیەمان بەر لە زاڵبوونی زمانی ئینگلیزیی لە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی لە ناوچەکەی خۆمان بینی و ئێستاش لە زمانی ئینگلیزیدا دەبینین کە ڕووبەری بڵاوبوونەوەی هاوڕێیە لەگەڵ زاڵبوونی دۆلار و مارینز و 30 , F24 ، B52 , ، و .....تاد.

نرخاندنی زمان لای دڵسۆزانی کولتووری نەتەوەیی لە بردنە پێشەوەی زمانی کوردی دەبێ بۆ ڕیزی یەکەم و زنجیرەبەستنی هەموو زمانەکانی تر لە دوای ئەم زمانەی یەکەمەوە، ئیشکردن لە تۆکمە کردنی زمان نیشانەی ئیشکردنە لە تۆکمەکردنی عەقلی نەتەوەییمان کە لای من تاوەکو ئێستا هەر خەون و خەیاڵ بووە و بەس، مەترسی خستنە دواوەی زمانی کوردی هەر لە پشکوتنی زمان لای منداڵەکانمانەوە ئەنجامی شکستی سیاسی و ئیداری و ڕێکخراوەیی هۆزبییە کوردییەکان بووە و تا ئێستاش ئەم شکستە خێرا خێرا دەپەڕێتەوە نێو هەناوی کولتوور و سەرەنجام پیاوانی هۆزبیی کوردی بۆینباخ لە مل بە هەموو دنیا دەڵێن ئێمە نەک هەر فێری

زمانەکەتان دەبین بەڵکو ئاسانتر لە پرۆسەی تاوانەوەی کولتووری و نەتەوەییدا زەمینەتان بۆ خۆش دەکەین و کورد و زمانی کوردیشتان بە قوربان دەکەین.

ناپاکیی کولتووری لە هەموو شتێک زیاتر بە ناپاکیکردن لە زمانەوە دیارە، ئەی ئەوە نیە برادەرانی هۆزبیی تادێ دەمو لچیان خوارتر دەبێ و پیرۆزیی لە زمانی کوردی دەسێننەوە و دەیدەنە زمانەکانی تر بە تایبەت ئینگلیزیی.

ئەم ناسیاسیانە لەوە بێئاگان کە بە بێنرخکردنی زمانی خۆمان شکستی فەرهەنگی خۆمان ڕادەگەیەنن و لە بەرانبەریشدا هەرگیز ناتوانن ڕێزی خودی خۆیان لەوانی تر دەستکەوێ، چون ڕێز لەبەرانبەرەوە دەست ناکەوێ تاوەکو ڕێز لە خۆت نەگری، ئەمە هاوکێشەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژیە و سەلمێنراوێکی زانستییە.

ئەگەر نییەتی بەهێزکردنی کۆڵەگەکانی کۆمەڵگە و نەتەوە و ستاتیویەکی دەوڵەتداری لەم سەرزەمینە هەبوایە هەرگیز کولتوور کە لە زمان و ڕەفتار خۆی نمایش دەکا لە بەرنامەی هۆزبیەکان پەراوێز نەدەخرا، زمانی کوردیی وەک هەر زمانێکی تر بگرە ئاسانتریش دەکرێ بخزێتە نێو زانست و لە پرۆگرامیزەکردنەوەیەکی ستراتیژیدا توێژینەوە و باسی داهێنەرانەی پێبکرێ، داهێنان لە نێو مێشک گەلاڵە دەبێ بە کاریگەری هۆش لەگەڵ دەوروبەری مەعنەوی و ماتریالیدا، دواتر ئەم بەرهەمەی هۆش لە ڕێگەی زمانەوە دێتە سەر سەحنەی وجودی هەستپێکراو، زمانێک تەمەنی هەزاران ساڵ بێت و تاوەکو ئێستا مابێ، چۆن توانای باس و لێکۆڵینەوە و پشکنینی عەقڵی قسەکەرانی نیە؟، ئەوانەی داهێنەرن لە ناوەوەی خۆیانەوە نهێنیترین بابەتی نەبینراو و نەبیستراو و هەستپێنەکراومان دەخەنە بەر هەست، ئایا زمانی ئێمە ناکرێ بگەیەنرێتە ئەو ئاستەی کیمیا و فیزیا و بیلۆژیا و ئەندازە و پزیشکی و ........تاد پێ بە کوردی بکرێ.

بە زانستی نەکردنی زمانی کوردی گەورەترین ناپاکی بوو لەم سی ساڵەی ڕابردوو لە هۆزبیە کوردیەکانم بینی، ئەوان بەم سوکایەتیکردنەیان شکۆ و سەروەریی ئینسانیشمانیان دابەزاند و لە بەهای نەتەوەییمانیان زۆر کەمکردەوە.

**※هۆزبی: داتاشراوێکی زمانەوانی خۆمە لە (هۆز) لەلایەک و(حیزب) لە لایەکی تر لێکدراوە، واتە هۆز و حیزب کە تێکەڵ دەبن(هۆزبی) لێدرووست دەبێ.**

***مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین– بەشی دەروونزانی.**

# زار و زوان

سابیر ژاکاو

مرۆڤ بەوێنەی گیاندارێکی گەشەکردووی تەکنۆلۆجیایی، داهێنانی زوانی دەست پێکرد. ئەم داهێنانە پرۆسەیەکی مۆدێرن لە گەشەی شارستانیەتی مرۆڤەوە بووە. مرۆڤ بەداهێنانی خەتێک بۆ نووسین، دابڕانی کۆمەڵایەتی خۆی لە سروشت دەست پێکرد. داهێنانی خەت، ستارتی مکانیزمی دابڕان لە سروشت و ژینگەی مرۆڤ و گیانداران بوو. مرۆڤ سەرەتا، وەکو باری ژینگەیی و سروشتی، بەشێوەی جوڵە و بزاوتنی دەست و چاو و برۆ و لێکدانی لێوەکانی مەبەستی خۆی دەگەیاند، واتە (زوانی ئاماژە و نیشانەیی) یەکەم و سەرەکیترین زوانی مرۆڤ لە دێربەدێری مێژو و چاخەکانەوە، ئەم زوانەی کە هێشتاش گیاندارانی دیکە پاراستویانە و تاکو هێشتاش لە مۆدێرنترین خاڵی مەرزی مرۆڤان، سەرەکیترین زوانە. کەسێک کە چ بەشێوەی زگماک یا ڕووداوێک تووشی لەدەستدانی داتاسازی و زنجیرەی پێکهاتەی (زوان) بەشێوەی مکانیزمی فۆنسازی بێت و تەنیا پاتەگۆشتەکەی کە (زبان_زمان) مابێت، بەڵام توانایی فۆنسازی و وشەسازی نەمابێت، پەنا بۆ سەرەکیترین و سروشتیترین بنەمای زوانی کە بەشێوەی سروشتی «جوڵەیی و کردەییە» دەبات. هەمان زوان کە بەمێژوی ٣٠ میلۆن ساڵەی خۆی دەربازی کردوە، دەگەڕێتەوە. ئەم پرۆسەیە تاڕادەیەک سەیروسەمەرەیە کە تاڵترین دیاردە بۆ دەستەڵاتداران و کورسیپەرەستانە، چوون هەموو خەونەداگیرکاریەکانیان بەناو (زوانی سەرتر و پیرۆزتر) دەکاتە تاڵترین و سامناکترین کابوس و مۆتەکەی شەوانەیان، مرۆڤی مۆدێرن و سەردەمی تەکنۆلۆجیا و پەیوەندییەکان، هێشتاش بەگەشەی هەرەسامناکی تەکنۆلۆجیا، با ئەمەی کە زوانەکەشی بێجگە لە «زمان» هەیە، واتە توانایی فۆنەتیکی هەیە و هاستی مۆرفۆلۆجی زوانەکەی بەتەواوی بەجێدەهێنێت، بەڵام ئەگەر لە ڕەگەزی خۆی کە مەرزەکانی دیارکراو لەلایان داگیرکەرانی هزر و مێشک و ڕوانگە، کە کورسیدارانی ئایینی و سیاسی سازیان کردووە، واتە کەسێک بەڕەنگ و ڕەگەزی DNA جیاواز و فۆنەتیکی جیاوازی لەگەڵ هەیە، ئەگەر بیهەوێت قسەی لەگەڵ بکات، گرنگترین و سەرەکیترین پردی پەیوەندی نێوان ئەم دو کەسە کە (زوانە) دەکرێتەوە، پەنا بۆ زوانێکی ناژینگەیی خۆیان، کە هەرکام ناویان بەشێوەی نازانستی لێناوە (زوانی دایکی و زوانی زگماکی) دەبەن، دەبێت ئەم بازنەی لە یەکتێگەیشتن لە ڕەتی سەرەکی دوو بازنەی پەیوەندیسازی (قسەکەر) و (گوێگر) و بازنەی داخوازی و خواستنیان بکەنەوە، ئەو کاتەیە کە کەڵک لە زوانێکی نێوبژیوان و یارمەتیدەدەر بۆ وێنە وەکو «ئینگلیک»

ببەن، ئەگەر ئەم دوو گیاندارە گەشەکردوویە، شارەزایی ئەم زوانە یارمەتیدەدەرەیان نەبێت، سادە و سەرەکیترین زوان، زوانی ئاماژەیی و نیشانەییە. بۆیە کە مرۆڤ لەم زوانە، وەکو گرنگترین بەشی زوانی لە سەرەتای منداڵی و سازبوون و پێکهێنانی مکانیزمی فۆنسازیەوە تاکو بەرزترین خاڵ و دەرەجەی زانستییەوە هەتا کەسێک کە لەبواری هزر و مێشکی کێشەی هەیە کە ناویان لێناوە (شێت) و کەسێک کە (زمان_زبان) هەیە و بەڵام (زوانی) نیە و «لاڵە» و گیاندارێکی وەکو (مەیمون) یا (سەگ) ئەمە گشتی، کەڵک لە (جوڵە و بزاوتن و ئاماژە) وەردەگرن. ئەمە دەردەکەوێت کە زوان، دیاردەیەکی ژینگەییە کە دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی چەند مکانیزمی داتاسازی و پێکهاتەی مێشکی و فیزیکی و بازنەی سروشتی هاوبەش لەنێوان گیانداران. کاتێک منداڵێک لە پرۆسەی چاوپشکنین و هەنگاوی یەکەمی ژیان و قۆناغی فۆنسازی و زوانگرتن دەسووڕێتەوە و دێتە نێو ئەم بازنەیەوە، داتاکانی مێشک و نۆرۆنسازی تەواو و پاراو دەبێت و توانایی فێربوونی چەند زوانی هەیە و دەبێت. ئەم منداڵە دەکرێت لەڕووی DNA و جنۆمیکیەوە، «کورد» بێت، بەڵام ژینگەی زوانی کە لەی بەدنیا دێت، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەم ژینگەی کە تاکێکی هاومەرزی ئەو بەناو هاوزوان و هاوڕەگەزی DNAیی دەناسرێت و لەم ژینگەیە بۆ وێنە لە ئایسلاندیک لەدایک دەبێت، ئەم زوانەی کە دایک و باوکی لەگەڵ یەک قسەی پێدەکەن کوردییە، فێری دەبێت، بەڵام زوانی ژینگەیی ئایسلاندیک، «کوردی فام ناکات و تێناگات» و لەگەڵ هاوتەمەن و هاوسێ و دوکاندارێک کە دەچێت بەستەنیەکی لێبکرێت، دەبێت بە زوانی ژینگەیی ئەوان کە «ئایسلاندیکیە» قسان بکات. ئەم منداڵە بێهیچ چوونە فێرگەیەک، دوو زوان و بە چوونە فێرگە و فێربوونی زوانی ئینگلیکی، ئەمە فێری ٣ زوان دەبێت و بێکێشە ئەم منداڵە لە هەر ژینگەیەکی زوانی بێت، بەشێوەی سروشتی فێری ئەم زوانانە دەبێت. کاتێک ئەم منداڵە، لەژێر دارێکی زوانی بەناو کوردیک و لە ژینگەی لهۆنی هەورامان لەدایک دەبێت، زوانی ئەم منداڵە، زوانی شیری و داتاسازی مێشکی و سەرەکی و ژینگەیی، «کوردیک» کە بەناو «ستاندارد و یەکگرتوو» وا خەریکە لە مێشکی کوردی دەخزێنن نییە. بەڵکو زوانی ئەم منداڵە، لهۆنیە و تەنانەت هەورامیش نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی هەورامی و لقێکی کوردیکە. یا منداڵێک لە سنە لەدایک دەبێت، زوانی سەرەکی و ژینگەیی و شیری و دایکی ئەم منداڵە، سنەیی و ژێرلقی ئەردەلان و داری کوردییە و نابێت ئەم منداڵە بچەوسێتەوە کە زوانەکەی، واتە (زوانی

دایکی ئەو کوردییە)، بەڵکو زوانی سەرەکی و شیری ئەو، زوانی ژینگەیی و ناوچەیی ئەوە و ئەم ژینگەی ئەم منداڵە لەی دەژیت، ژینگەیەکی داتاسازی و فۆنسازی تایبەت بە سنەیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە تاکێکی مەنگوڕی موکریانی، بەسەختی فامکردنی لەی هەیە و دیاردە و پیواژۆی تایبەت بەناو (زار، لەهجە، گویەش، بنزار، شێوەزار) تەنیا ناوێکی پۆلەتیکین و خۆپاراستن لە هێرش و گرفتەکان، لەلایان سیاسەتدار و دیکتاتۆرەکان بۆ سەر زمانناسانن، بۆیە نابەدڵ لەژێر مەترسی هێرش و ترۆرکردن فاشیست و شۆڤنیستانی جیهانی و نازیستی، دەستنیشانیان کردووە و بەدوور لە زانستی ڕاستی زمانناسین. چون ئێگجار دەگمەنە کە بە تاکێکی «ئازەری» (ئەردەبێڵ) بسەلمێنیت کە زوانی دایکی و شیری و زگماکی تۆ، زوانێکە کە تاکێکی (موحەمەددیار) قسەی پێدەکات و پێچەوانەکەی. یا بە تەبەریەک بسەلمێنیت کە زوانی زگماکی و دایکی تۆ، زوانی تاکێکی «برغانیە» و پێچەوانەکەی. ئەم بازنەیە کاتێک لە (بنزار بێنینە سەر شێوەزار و زار)، فارسێک نایسەلمێنێت کە «کورد، ئازەر، بەلوچ، بەم، تاجیک، نەتەنز، سورخە، تەبەر، مازەن، گیلەک، تات...تاد» زوان بن و دەڵێت: (ئەمانە دابەشکەر و زارێک لە زوانی فارسین) و پێچەوانەکەی دەکوترێت: (فارس وەرگیراوی کوردی یا زوانەکانی دیکەیە!) کەچی هەرکام زوانێکی تایبەتن. چون پێناسەی زوان، بەشێوەیەکی هەرە فاشیستی و نازیستی وەکو فێرگەکانی جەرمەنیک، بۆیان واتا کراوەتەوە و نیوەرۆک و واتای زانستی زوان و مکانیزمی زوانی لەوان وەرگیراوە و وەکو بابەت و کەرەستەیەکی ئەتنی و دەستەڵاتداری بووە و نەگەیشتوتە ئەم ڕاستی و قۆناغە کە هەر ژینگەیەی (ئەم ژینگەیە لە (گەڕەک، کوڵان، گوند، دەڤەر، شار، ناوچە، مەڵبەند، نیشتمانیک)، دەتوانێت پێکبێت و ساز بێت و لە ١ تاکو بێکۆتا کەس، ئاخێوەری هەبێت). باری فۆنەتیک و وشەسازی و تەنانەت ڕستەسازیشیان، جیاوازە و یەک نین و ناوی (گیاندار، گژوگیا، وشە، ناوی تایبەت، گشتی، تاک، کەرەستە...تاد) لە ئاستی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجیان جیاوازە. کەچی زوانێکی یەکدەست و ژینگەینە کە ئاخێوەریان یەکە، بۆ هەر کام لەم بازنانە، بە بێ هیچ بارێکی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجی، ئەمە یەک وشەیان هەیە، لەم پرۆسەیە و پێناسەی لۆجیکی زوان، تاکو ئەمڕۆ کە سێ بازنەی (language) و (Dialect) و (Accent) وەکو سێ جەمسەر و بازنە بەرانبەر بەیەکیان داناون. لەڕاستی هەم لەڕووی واتا و هەم لە نێوەرۆک، هەر یەک شتن و جیاوازیان نییە و ناتواندرێت کە جیاوازی نێوان ئەم سێ بازنە بەوێنەی

(زوان)، (زار)، (بنزار) نیشان بدرێت، چون هیچ زانست و هیچ بەڵگەیەک نییە کە بیسەلمێنێت، (کورمانجی) زارە و (زازایی) بنزار و (کوردیک) زوانە. هیچ زانستێک نییە کە نیشانی بدات کە (فارس) زوانە و (کوردیک) لە فارسی وەرگیراوە یا پێچەوانەکەی. ئەمەی کە هەیە، بابەتانێکی بێبنەما و بەدور لە زانستی زمانناسینە.

زوان چیە؟

مرۆڤ، وەکو زۆرینەی گیانداران، گیاندارێکە کە ژیانێکی کۆمەڵایەتی هەیە و لە کۆنەوە، چ بەشێوەی کلاسیک و چ بەشێوەی شارستانیەت، پرۆسەی کۆمۆنی تێپەڕاندوە و لەم ئاستەوە ژیاوە و بۆ سووڕانی چەرخانی ئەم پرۆسەیە، پەیویستی بە کەرەستەیەکی پەیوەندی و ڕاپەڕینی کاروباری ژیانیەوە هەبوە. پرۆسەی زوان و شێوە و چۆینەتی سازبوونی زوان، یەکێک لە قوڵترین و ناوازەترین زانستەکانی سەردەم و مێژوو بووە، هەردەم مرۆڤ لە گەشەی مێشکی و هزری خۆی، بەدوور لە هەر دەم و کاتێک، ئەم پرسیارەی لە خۆی کردووە کە زوان چۆن ساز بووە؟

(یەکەم فۆن و یەکەم وشە چ بووە و لەکوێ و بە چ زوانێک بووە؟)

مرۆڤ بەوێنەی گیاندارێکی دابڕاو لە ژینگە و سروشت و گەشەکردو لە داتاسازی و نۆرۆنسازی و هزری ڕەگەزانی دیکە خۆی، بەبێکۆیلەکردن بەدەست داگیرکەرانی هزر و مێشک، هەر لە قۆناغی منداڵیەوە کە گرنگرتین قۆناغی خۆناسین و گەیشتن بە دۆزینەوەی خۆی و ئۆنتۆلۆجیە، پرسیارانی قورس و هەرە سەرەکی ژینگەیی و جیهانی لە خۆی و مێشک و دەوروبەری دەکات. بەر لەمەی کۆیلە بکرێت بەچاند و فەرهەنگ و زوانی ژینگە و ناوچەی کە لەی دەژێیت و بەناو نیشتمان و مەڵبەند و خەیاڵاتی وەهماوی ئاین و وڵات و مەڵبەند و دانەبەدانە بازنەکۆیلەسازیانەی کە کۆیلە ساز دەکەن و بەرهەم دێنن و کۆمەڵگە ئاوەدان دەکەنەوە، لە تاریکی و مێشککۆیلەیی، لە مێشکی ئازاد و خەریکی گەشەکردنی خۆی بەکۆمەڵ پرسیارارانی تایبەت دەکات. یەکێک لەم پرسیارانە گەیشتن بەچۆینەتی سازبون و جێگرتنی زوانە، مکانیزمی ئەم ئۆرگانیزمە چون کار دەکات؟ چۆنی کارکردوە؟ کەی سازبو؟ کەی گەشەی کردوە؟

ئەم پرسیارانە دەبنە هاندەر و بزوێنەر بۆ ئەمەی کە بەدور لە کۆمەڵێک درۆ و بازنەی کۆیلەکردنی سەرکردە و بیزنێسمەندی ئاین و سەرکردەسیاسیەکان، بەدوای ڕاستیەکان بکەوێت و پشکنین و لێکۆڵینەوە لەسەر بنەما و بنجینەی ئەم بابەتە بکات. ئێگجار سەخت و پڕە لە کێشە و گرفتە، کە بکوترێت کام زوان، زوانی یەکەم و نێوک

و کاکڵی هەمو زوانەکانە. هەبونی کۆمەڵێک وشە بەتێپەڕبون لە بازنەجیاوازەکانی تواندنەوە و گۆڕانکاری و جێگۆڕکردن، لێکچوون لەنێو هەر ٧ هەزار زوانە زیندویەکەی هێستاکانە، ڕاستیەکی هەرە سامناک بۆ کورسیپەرەست و نەتەوەپەرەستان، بەڵام هەرەشیرین بۆ زماننناسان دەکاتەوە. پەنجەرەیەک بەرەو ژیانێکی ئازاد و پڕ لە ئاسایش و ئاشتی لەنێوان گشت گیانداران، چون ئەو کات هیچ ڕەگەز و زوانێک لەژێرڕکێف و هەژمون و داگیرکاری ئەمەی دیکە نافەوتێت و فڕێ نادرێتە زبڵدانی مێژویەوە. هیچ سەربڕین و داگیرکاری و فەرمانێک دەرناکردرێت بۆ داگیرکاری بەناو (من پیرۆزترینم). گیانداران بەناو ئەمەی کە (مرۆڤ) زوان دەزانێت و ئەم زوانە بۆ ئەو بوە بە نهێنی هەمو جنایەتێک، ئەمجارە دەزانێت کە ئەم زوانە داتاسازی مێشکی و ژینگەییە. منداڵی مرۆڤ، لە قۆناغی تەواوبونی مکانیزمی زمانەکەی، فێری داڕشتن و فۆنسازی زوان دەبێت و لەم قۆناغە هەست بەمە دەکات کە ژینگەکەی چ دەرفەتێک بۆ ئاوابونی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجیەکەی، هاوشێوەی گشت گیانداران، کە بەپێی ژینگە و ناوچەی ژیانیان، داتاسازی مێشک و مکانیزمی زوانیان دەست پێدەکەن، دەدات. مرۆڤ لە سەرەتای زوانگرتن، بەشێوەی فۆنەتیکی، فۆنی سروشتی و سەرەتایی (m, b, g, γ, q, s, š, u, h, x, n) بەسانایی ساز دەکات و پرۆسەی چەرخەیی ئەم دیاردەیە پاراو و تایبەت دەکات. هەمان کات گیانلەبەرانی دیکەش لە پرۆسەی فۆنسازی، بەشدار و چالاکن، وەکو فۆنی سروشتی و ژینگەیی: ئەمە مەڕ فۆنی (m) ساز دەکات. بزن (b). بۆق و مریشک و قەل (q). مانگا (m). ئەسب (h). سەگ (ħ). گورگ و کەڵەشێر (u)...تاد، بێچوی زۆرێک لە باڵندەکان (j, č) و کۆمەڵێک گیانداری دیکە، سیستم و مکانیزمی فۆنەتیکیان وەکو ئۆرگان و مکانیزمێکی چالاکتر لە مرۆڤ بەشێوەی ژینگەیی درێژە دەدەن و هەر دو پۆلێن لە یەک مکانیزم و یەک داتای فۆنسازی کەڵک وەردەگرن و ئەمەیە کە مرۆڤ بەکەڵکوەرگرتن لەم پرۆسەگشتیە، زوانێکی تایبەت بە چوارچێوەی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی ژینگەی ڕێزمانی ساز کردوە و فۆنەسروشتیەکانی بەڕیزکردن، لە چەرخەیەکی وشەسازی داناوە و توانیوێتی زوان ئاوا بکات. ئەم کەسانەی کە زوان دەکەنە پێوەری سەرەکی جیاوازی مرۆڤ و گیاندارانی دیکە، لەژێر هەژمونی تاریکی و داگیرکاری ئاین و کورسیپەرەست و دارپەرەستان، بۆ بەردەوامی کورسی و دەستهەڵات و تاڵانکردنی مێشکی گیاندارێک بەناو (مرۆڤ)، کە هەمو وەڵام و هەمو شتێکیان لە بەستە و بازنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ

و دیاریکراو لەلایان سەرکردانی ئەم ئاین و بزوتنەوە و ئەنجومەن و مەڵبەندە، ئامادەکراوە، دەخواردیان دەدرێت و بەدوای لێکۆڵینەوەی مەیدانی ناکەون و ئەمەش دەبێتە هۆکار کە خۆی سەرتر و هەرەسەرتر و پیرۆزتر لە گشت گیانداران بزانێت و ببینێت. مرۆڤ وەکو گشت گیانداران، بەپێی هەڵکەوت و ژینگەی سروشتی، فۆنسازی دەکات و بگرە گیاندارانی دیکە بەشێوەی بەهێزتر لە مرۆڤ سیستمی فۆنسازیان بەکار دێنن. هەر ئەمەش بوتە هۆی ئەمەی کە ناوی گیانداران بەپێی سیستمی فۆنسازی خۆیان، بەزۆر لە هاستی پراگمەتیکی و فۆنسازیان وەرگیرابێت. بۆ وێنە، ناوی (قەل، قالاو، بۆق، مەڕ، بزن، قو، قاز، مانگا...) لە چوارچێوەی ئاکۆستیکیان هەڵبژێردراوە. ئەمەش ئەم ڕوانگەپوچەی کە زوان بۆ مرۆڤ خاڵی سەروەری گیاندارانە پوچەڵ و ڕەد دەکاتەوە، چون لە ڕوانگەی مرۆڤەوە، ئەم زوانەی کە لەی تێنەگات، بەزوانێکی دواکەوتو یا ئەمەی کە چون خۆی لەی تێناگات، بەزوانێکی کەمتر، لەی دەڕوانێت. هەمان بۆچوون بۆ زوانی گیاندارانی دیکە. وا دیارە کە زۆرینەی گیانداران (زمان_ زبانیان) هەیە، بەڵام (زوان)، ئەم مکانیزمە تایبەتەی فۆنسازی و وشەسازیە، تایبەت بە مرۆڤە، کە ئەمەیش خەیاڵێکی پوچە. مرۆڤ خۆی بەباری پراگمەتیکی خۆی لەگەڵ گیانداران لە بازنەی دواندن و قسەکردن، تیۆری هەڵەی خۆیان ڕەد دەکەنەوە و ڕێک لە هەمان هێز و کارایی تایبەت و چالاکی زوان کە تەنیا بۆ «پەیوەندی» و «پردی پەیوەندی» لەنێوانیانە، کەڵک وەردەگرێت. بۆ وێنە کاتێک مرۆڤ بەکەڵکوەرگرتن لە مکانیزمی فۆنسازی خۆی لەگەڵ «پشیلەیەک» بەشێوەی (پش پش) ئەم پەیوەندیە دەکاتەوە، لێرە دەردەکەوێت کە زوان تەنیا ئامرازی پەیوەندیە و مرۆڤیش هەرجارەی بەشێوەی تایبەت و بەهێزی خۆی کەڵکی لێوەردەگرێت و پەیوەندی خۆی لەگەڵ پشیلە بۆ مەبەستی بانگکردن و هاوڕێیەتی و خـواردن پێدان یا گرتن و دەست پێداگرتن و دەستەمۆکردنی، یا لێدانی دەکاتەوە. تاکێکی گوندنشین کە لە ژیانی سروشتی و ژینگەیی کۆنی گیانداران، بەکۆمەڵێک بازنەی ئەکۆنۆمی و مۆدیلیست و نەتەوەپەرەستی،کۆیلە نەبوە و هەرمان لە ژیانی دێرینی خۆی ماوەتەوە، بەشێنەیی و بەجوانی هەرەتایبەت و ناوازە، هێزی مکانیزمی فۆنەتیکی و زوان بەئێمە نیشان دەدات و دژی هەمو بڕواپوچەکانی دژ بە گیانداران، ڕاوەدەستێت و ڕەدیان دەکاتەوە. لە هەر زوانێک، لە مەرزی زوانانی سەر ئەم ئەردە، هەر گیاندار (ئاژەڵ) لە بازنەی داتاسازی و فۆنسازی زوانی ئەم ناوچە و ژینگەیەی (مـرۆڤ)، بازنەی بەهێزی فۆنەتیکی

بەشێنەیی دەخاتە بەرچاوەوە. هەر زوانەی بەشێوەی فۆنەتیکی و وشەسازی ژینگەیی خۆی لەگەڵ گیانداران دەدوێت و گیانداران ئەمە بەشێوەیەکی هەرەبەهێز نیشان دەدەن. فێرگەیەکی بێوێنەی زماناسی لە گشت شوێنێکی ئەم ئەردە بۆ توێژینەوە، (دارستان، دەریایەکان، گوندەکان، کێوەکان، بیابانەکان) توێژینگە و زانستگەیەکی بێوێنەی ئارکۆلۆجی و ئۆنتۆلۆجی و ئانترۆپۆلۆجی و لینگۆستیکی بۆ ڕەدکردنەوە هەمو خەیاڵەبیزینێسمەندیەکانی کورسیداران و کورسیپەرەستان بۆ درێژەپێدان بە چەرخەی کۆیلەسازی خۆیان. (ئاژەڵان) بەداتاسازی مێشکیان، ئەم ئەرکەی کە زوان پێکیدێنێت، نیشان دەدەن، ئەم پسپۆڕەی کە هیچ زانستگەیەکی (کارگەی کۆیلەسازی)، کۆیلەی بەڵگە و دور لە زانستی ڕاستی نەکردوە، لەگەڵ گیانداران دەدوێت و ئەم بازنەی جودا و ناوازە بەهێزتر و بەرینتر دەکات. لە هۆڵ و حەوشەی پڕ لە کشپڵ و وێنجە و کا و ڕیخ و پەینی بەدور لە هەر جۆرە چاویکلە و پێنوس و کەواپاتۆڵ و کوتوشاڵوار و میز و کورسی و تەختەی نوسین و پرۆژێکتۆر و پسپۆڕی phd و ئەم خەیاڵانە...، فێرگەیەکی بێوێنەی زماناسی نیشان دەدات. ئەم و ئەو شوان و گاوانەی کە (بازنەی کۆیلەسازی و کارگەی وەگەڕی کۆیلەسازی، بۆ ئیدیۆم و چەمکێکی بێڕێزی و سەمبولی گەمژەیی و نەفامی، پێناسەی ئەم پسپۆڕەڕاستەقینەی کردوە) لە هەر سیستمێکی جیاوازی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجیکی، واتە هەر زوانێکی جیاواز لە بستەبستی ئەم ئەردە، بەشێوە زوانی سەرەکی خۆی، لەگەڵ گیاندارانی دیکەوە دەدوێت. بۆ وێنە کوردیک لە دورترین خاڵی مەرزی، لە حەوشەی خۆی، گیانداری وەکو (بزن، مەڕ، مریشک، کەڵەشێر، سەگ، کەر، ئەسپ، قەل...)، هەمو ئامادە و چاوەڕوانی ئاو و خواردنن. هاوکات ژورێک لە باغچەی ساوایانی ئاوارەکانی شەڕ لە ڕۆژاوا، زوانانی (سوریانیک، ئاسور، کوردیک، عەرەبیک، عیبریک، تورکیک، ئەرمەن، ئازەر، ئینگلیک...تاد)، پڕ لە منداڵانی ئەم گەل و زوانانە، هاوکاتیش لە دورگەیەکی نێوان یۆنان و تورکیە، لە ناوەندی کۆچبەران لە هۆڵێک، پڕ لە کەسانی بەتەمەن و لاو لە زوانانی (کوردیک، فارس، ئازەر، تورکیک، عیبریک، ئاسور، سوریانیک، ئەرمەن، دەری، پەشتو، ئینگلیک، فرەنسیک، سپانیا، ئیتالی...تاد) و هاوکاتیش لە کوردستان، لە هۆڵی ئاوارانی شەڕی کۆبان و شەنگاڵ و کەرکوک و ئاوارانی ڕۆژهەڵات و باکور و باشور و ڕۆژوا...تاد، زوانانی (بادین، دەهۆک، زاخۆ، موکری، سلێمانی، لوڕ، لەک، کەڵهوڕ، هەورام، کورمانج، شکاک، زازا، دێرسیم، باتمان، مەنگوڕ، مەمسنی، کاکەیی،

شەبەک، خوراسان...تاد)، لە چوارچوەیەکی دایەسۆپرا، ئەمە گشتیان چاوەڕوانی پێدانی نان و ئاو و شیرن!

تاکی گوند و شوانەکە، کا و وێنجە لەنێو ئاخوڕ دەکات و ئاو لە ئاوخۆر و دان و ورکەنان و ئێسکیش بەدەستەوە. دەڵێت: (گدی گدی) و (دبو، دبو) کە ئەم بازنەی فۆنسازیە دەکاتەوە نە سەگەکە، نە ئەسبەکە، نە کەرەکە، نە قەڵەکە نە هیچکام لە گیاندارەکانی دیکە هێرش ناکەنە سەر شوانەکە، بەڵکو تەنیا (بزن و مەڕەکە) بۆ لای دێن و ئەگەر بکوترێت: (بیدبید، دوێ، دوێ، دبوێ، دبوێ)، (مریشک و کڵەشێرەکان) بۆلای دێن. هاوکات بکوترێت: (کوچ، کوچ، کوت، کوت) تەنیا سەگەکە دێت و بە (قرۆش، قرۆش، کروش، کروش) کردن، کەرەکە دێت و بە (پش پش) پشیلەکەی دێت و بە (وەحەوەحە) ئەمە (مانگایەکە) دێت. هاوکات بە (ختە) بێجگە لە پشیلەکە هیچکام لە گیاندارەکانی دیکە ڕا ناکەن و ناڕەوەێنەوە و بە (کشەکش) تەنیا کەڵەشێر و مریشکەکە تێدەگەن و مەڕ و کەر و بزن و سەگ و پشیلەکە هیچ بۆیان گرنگ نیە و بە (هۆشە، وەشە) تەنیا کەرەکە دەکشێتەوە. هاوکات لەنێو باغچەی ساوایان، منداڵانی ژێر ٢ساڵ لە مکانیزم و فۆنسازیان بە هەر زوانێک کە لەگەڵیان بدوێن، تێدەگەن کە دەبێت شیر بخۆن و جل و پۆشاکەکەیان لێبگۆڕدرێت و هەمو زوانێک بۆ ئەو، تەنیا هێزی ئاماژە و نیشاندانی پراگمەتیکی هەیە و نەک (بۆنی دایک)! خودا و دایکی ئەم منداڵە، شوێنەکە کە پێداویستیەکەی کە «شیر، خواردن»ە لەی دابین دەکرێت. چ کۆیلەی بت و داروبەرد و بیزینێس و نەتەوەپەرەستی نیە و هاوکات بە (بڤەکردن)، دەڕوێت و فام دەکات کە کارەکەی شیاو نیە و دەبێت بکشێتەوە. هاوکات لەنێو هۆڵی کۆچبەران، پردی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە تەنیا (زوانە) لە پردێکی وەکو زوانی (ئینگلیک یا سپانیا) کەڵک وەردەگیرێت و ساز دەکرێت. بەڵام ئەمانەی کە ئینگلیکی نازانن بە زوانی خۆیان تا ئەم شوێنەی کە فامکردن و توانایی بەکارهێنانی زوانی ئەم کەسەیان هەبێت، کەڵکی لێوەردەگرن. ئەگەر کوردیک بڵێت: (وەرە، بێرۆ) تەنیا (کوردیک) لەنێو سەدان کەسی کۆچبەر تێدەگات و دێت. ئەگەر بکوترێت (بیا) تەنیا (فارس و دەریەک) تێدەگەن. ئەگەر بکوترێت: (راشە) ئەمە (پەشتویەک) تێدەگات. ئەگەر بکوترێت (تأتي) ئەمە (عەرەبێک) و ئەگەر بکوترێت (گەل) ئەمە ئازەری و تورکێک و ئەگەر بکوترێت (come) ئەمە (ئینگلیکێک) و ئەگەر بکوترێت (viens) ئەمە فرەنسیکێک تێدەگات و دێت و بێجگە لەم زوانانە، کەسی دێکە نایەتەپێشەوە.

هاوکات لە هۆڵی ئاوارانی شەڕ لە کوردستان، لە یەک داری زوانی کە کوردیکە، گوندی هاوسێش لە هاوسێیەکەی دیکە، فامکردنی تەواوی نیە و دەبێت لە زوانێکی پێوەر کە ئەگەر هەبێت! ئەگەر نەبێت، ئەمە کوردانی ڕۆژهەڵات بەکۆمەڵێک بێژەر و زوانی (موکری، جاف، ئەردەلان، هەورام، لەک، لوڕ، کەڵهوڕ، زازا، کورمانج، شکاک، مەمەسنی، مەنگوڕ...تاد) لە زوانێک کە لە فێرگە فێری بونە، (فارسی) کەڵک وەردەگرن. کوردانی باشور و ڕۆژاوا لە (عەرەبیک) کوردانی باکور لە (تورکیک) و ئەگەر مەرز بدڕن و بکەونە لای یەک، ئەمە کوردانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کوردانی باشور لە عەرەبیک و پێچەوانەکەی لە فارسی و ئەوانیش لەگەڵ کوردانی باکور لە تورکیک و ئەوانیش پێچەوانەکەی بۆ مەبەستی لەیەک تێگەیشتن کەڵک وەردەگرن و ئەمەش لە کاتێکدایە کە کوردانی بەشەکەی دیکە، زوانی دەستهەڵاتداری زاڵ (فارس، عەرەب، تورک) بزانن و تێبگەن! ڕێک تێکڕای (باغچەی ساوایان، هۆڵی کۆچبەران، هۆڵی ئاواران)، ئەمە ڕێک هەمان بازنەی تێنەگەیشتن لە گیاندارانی دیکە کە مرۆڤ لێیان تێناگات، دەکرێتەوە و ئەم دیاردەیە پەیدا دەبێت کە لەیەک تێناگەن و دەردەکەوێت کە بە زوان و ئاخێوەری بەرانبەر دەکوترێت: (زوانخوار، کۆپە، دێهاتی، لاڵ) و زوانی خۆی سەرتر و مەزنتر دەناسێنێت و نیشانی دەدات و ئەم بازنە سیمەنتیکی و دایەسۆپرا بەربڵاوە لەلایان زوان و ئاخێوەری بەرانبەریش بەهەمان فۆرم و شێوەیە کە هەمان هاست و هێزی مێشکی داگیرکراو لەلایان کۆیلەدارانی جیهانی بەسەر کۆیلەکان کە مرۆڤ زوانی هەیە و گیاندارانی دیکە نیانە و ئەمە مرۆڤ سەرتری گشت گیاندارانە و هەروەتر لەنێو سەروەری گشت گیاندارانیش ئەمە پۆلێنبەندنی زوانی هەیە و هەر زوانەی، زوانی خۆی پێکۆنترین و مەزنترین و پیرۆزترین، زوانە.

**سەرچاوە:**

**پرشەدارێکی زمانەوانی ١ و ٢، سابیر ژاکاو، زانکۆ، ٢٠١٩**

**فەرهەنگی ڕیشەناسی ئاڤاشین، سابیر ژاکاو، لەژێرچاپ.**

# «پایتەخت' بوونی زمانەوانیی و دەسەڵاتی سیبۆلیی

## بە پێی تیۆری پییێغ بۆردیۆ


**▢ سەلام ناوخۆش**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زمانەوانی**

## دەروازە

ئەوەی تەواو لە قوژبنە شاراوەکانی زمان بگات، دەرک بەوە دەکات پەیوەندییەکی نهێنی لە نێوان زمان و سیاسەت هەیە، بۆیە لای زۆرێک لە زمانەوانی ڕۆژئـاوا: چۆن زمانەوانی ئارکیۆلۆژیی و زمانەوانی سۆسیۆلۆژیی و زمانەوانی سایکۆلۆژیی هەیە، بەهەمان شێوەش زمانەوانی ئایدیۆلۆژییش هەیە. لایە شارەواکەی زمانەوانی بریتییە لە مۆرکی سیاسەت، زمان خۆی ئاوسە بە دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا.

لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا چەمکی 'ئاقار" توخوب' سنووری مێنتالیتی دوو دەسەڵاتی خێڵەکی بوون، بەڵام لە سەرمایەداریدا ئەو ئاقارە فۆرمی پایەتەختبوونی وەرگرت.

ئەو پایەتەختبوونە سەرەتا سیاسی بوو، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیە قسەی لە سەر دەکەین پایەتەختبوونی زمانەوانی _یە،

توێژینەوەکە لە دوو بـەش پێکهاتووە: بەشی یـەکـەم، چەمکی پایەتەختبوون و سکۆپ (مەودا) پایەتەختبوون، وەک چینایەتی لە زمان ؛ ستاندارد و نا–_ستانداربوون. بەشی دووەمیش بریتییە لە پایەتەختبوونی زمانەوانی لە کێشە ناوخۆییەکانی دەسەڵاتی کوردیدا، بەناوی نۆستالۆژیا و هەنووکەیی.

# بەشی یەکەم
# شێوەی پایتەختبوونی زمانەوانی و ترسی سیاسیی

## دەروازەی بەش

خۆی شێوەی' پایتەختبونی زمانەوانی' لە وڵاتی دیموکراسیدا تەکانێکە بەرەو دەوڵەتبوون، بەڵام لە وڵاتی ئایدیۆلۆژی و خێڵەکیدا ترسێکە ئاگر لە پێگەی خێڵ و میرنشین بەردەدا، چونکە پایتەختبوون چ زمانەوانی بێ یا سیاسیی هەر سیاسییە، کوشتنی ئەویتری لێدەکەوێتەوە. لەم بەشەدا قسە لەسەر چەمکی' پایتەختبوونی زمانەوانی' و ستاندەربوون و کۆمەڵگا دەکەین.

## سەرباسی یەکەم: چەمکی پایتەختبوونی زمانەوانیی

سەرەتا پرسەکە' سەرمایەی زمانەوانیی' بوو لە دایکبووی' سەرمایەی کەلتوری' بوو. زاراوەی' پایتەختی زمانەوانیی' زاراوەیەکە لە سۆسیۆلینگویستیک (زمانەوانی کۆمەڵایەتی) بەکاردێت، ئەو بازدانە لە سەرمایەی زمانەوانی و سەرمایەی کەلتوریی بۆ پایتەختبوونی زمانەوانیی کاتێک دروستدەبێت کە سیاسەت دێتە ناو هاوکێشەکە و هێزی سیبۆلیی لە ڕێگای زمانەوە دروست دەبێت !

تەمەنی پایتەختبوونی زمانەوانی وەک زاراوە لە کۆمەڵگای ئینگلیزیشە هێندە درێژ نییە، هەربۆیە هەریەک لە (دەیڤید کریستال) و (ماسیوس) و (تراسک) لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانیاندا ناویان نەبردووە، بۆ نموونە دەیڤید کریستال لە چاپی شەشەمی فەرهەنگی زمانەوانیەکەیدا کە لە ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە ئاماژەی بە چەمکی (پایتەختبوونی زمانەوانی نەکردووە، لە ل٦٥ دوا وشەی (capacity)_ە، نەک capital سەرمایە، پایتەخت.

نەک هەر تەنیا لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا، توێژەری ناسراوی وەکHudson هەدسن لە کتێبەکەیدا ناوی بیرۆکەکە و دامەزێنەرەکەی نەبردووە.

ئەو ئاماژە پێنەکردنە لای گەورە زمانەوانەکانی ڕۆژئاوا فۆرمێکی دی بە بیرۆکە دەدات. لە نێو توێژەرانی کوردیشدا زۆر کەم وەک مەریوان وریا قانع و ڕێبوار سیوەیلی... ئەوانەش وەک سۆسیۆلۆگێک –کۆمەڵناس قسەیان لەسەر کردووە، نەک

سۆسیۆلینگویستێک، بۆ نموونە سیوەیلی لە ل١٠٣-١٠٤ ناوی ئەو سەرچاوانەی بردووە کە سودی لێبینیون هیچیان لە سەر زمان نین. سەبارەت بەو سەرچاوە فارسیانەش سودی لێبینیون تەنها یەکێکیان دەکات:

پیر بۆردیۆ: شکل های سرمایه لە: کیان تاجبش: سرمایه اجتماعی: اعتماد، دیموکراسی و توسعه خۆی پایەختبوونی زمانەوانی لە خۆ دەگرێت، بەڵام سیوەیلی بە لایدا نەچووە.سیوەیلی لە ل٢٢ بۆردیۆ دوور لە زمانەوانی پێناسە دەکات و دەنووسێت:' سەرجەمی بەرهەمی بۆردیۆ، لە بواری کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و فەلسەفەدا نزیکەی ٣٧ کتێب دەبێت.' لەم پێناسەی سیوەیلی بۆ بۆردیۆ پرسی زمان لە ئارادا نییە، بەڵام هانز ویلیەم ٢٠٠٥ لە توێژینەوەی Pierre Bourdieu and the practices of language دەنووسێت:

« کەلتوری کۆمەڵگای نوێ بریتییە لە کەلتوری چینایەتی، چونکە بۆردیۆ خۆی لە ژێر کاریگەری مارکسیەت دابوو the culture of modern society is a class culture.

هەروەها زمان پیادەکردن بە فۆرمی ستاندارد لە بواری جیاوازدا...' جگە لە هانز، جان بلومێرت توێژەری وەک بۆردیۆ بە زمانەوانی ناو سۆسیۆلۆژیا دەبات، چونکە ئەو (سۆسیۆلۆگ) نەبووە، بەلکو (لینگواسۆسیۆلینگ)یش بووە، وەک دەنووسێت:'

بۆردیۆ-Bourdieu wrote widely about language and linguistics

بە شێوەیەکی بەرفرە لە بارەی زمان و زمانەوانی دەینووسی' جان بلومێرت ٢٠١٨ لە توێژینەوەی Pierre Bourdieu and Language in Society

دەنووسێت: زمان لە کۆمەڵگادا کاریگەری زۆری هەیە، سەرمایەی زمانەوانی بەرهەم دەهێنێت.

## بۆردیۆ و زمان و چین و هێز

گەر سۆسێر زمانی لە قەفەسی توێکاری دەرهێنا تاکو نەشتەرگەری بۆ بکات و ناسنامەکەی بدۆزێتەوە، بۆردیۆ وەک سەرمایەکی ئیکۆنۆمی و سیاسی و مەعریفی و زمانەوانی بە خەڵکی فرۆشتەوە. بۆردیۆ لە کتێبی' زمان و هێزی هێمایی دیتنێکی نوێی بۆ زمان دارشت، ئەویش' سەرمایەی زمانەوانی' یا پایەختبوونی زمانەوانی بوو. بە دیتنی بۆردیۆ سەرمایەی زمانەوانی \ هێمایی جگە لە سەرمایەی ئابوری

یا کەلتوری شتێکی تر نییە " symbolic capital is ':As Bourdieu puts it nothing but economic or cultural.

کەس ناتوانێ بە پارە سەرمایەی ڕۆشنبیریی بکڕێ، خۆی سەرمایەی ڕۆشنبیری سەرمایەکی لەرزۆکە پێویستی بە سەرمایەکی تر هەیە، ئەویش سەرمایەک سیبۆل\ هێما بەخش بێت. سەرمایەی هێمایی لە سۆسیۆلۆژیا و مرۆڤناسی جودایە لە سەرمایەی زمانەوانی چەمکی (سەرمایەی زمانەوانی) یەکێک لە بەرهەمە زمانەوانیەکانی سەدەی بیستەمە. پیێغ بۆردیۆ ١٩٣٠_٢٠٠٢ ی فەیلەسوف و سۆسیۆلۆگ و ئەنثرۆپۆلجیستی فەرەنسی هێنایە ناو زمانەوانی. ئەو چەمکە پێچەوانەی فۆرمەکانی ئابووری کلاسیکیە دەربارەی سەرمایە.

بۆردیۆ ١٩٩١ لە کتێبەکەیدا دەنووسێت: زاراوەی سەرمایەی زمانەوانی فۆرمێکە لە سەرمایەی کەلتوریی...بە دیارکراوی واتای گەلالەبوونی بەهرەکانی زمانەوانی کەسێک، کە پێشتر پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگا بە پالپشتی دامودەزگا بەهێزەکان، دیاری دەکات. لە لایەکی تر سەرمایەی ڕۆشنبیریی، سەرمایەی کەلتوریی بریتییە لە گەلالەکردنی مەعریفە و بەهرەکان و دامودەزگای کەلتووریی تر کە لە لایەن (کارامەیی) پەروەردەیی و تەکنۆلۆژیی پاڵپشت دەکرێت.'

ئەو تێهەڵکێشکردنەی بۆردیۆ، یانی زمان بە هێزی هێمایی سەرمایەکی دی دێنێتەبوون، تەمەنی زۆر گەورەتر و درێژترە لە سەرمایەی ئیکۆنۆمی یا کەلتوریی.

Language and Symbolic Power can be seen as Bourdieu's most advanced argument in favor of this view,

زمان و هێزی سیبۆلیی دەکرێ وەک یەکێ لە ئارگیومێنتە پێشکەوتووەکانی بۆردیۆ ببینرێت. دوای ئەوەی بۆردیۆ تیۆرەکەی لە ١٩٩١ ەوە بە ئینگلیزی بڵاوکردەوە، لێرە و لەوێ شرۆڤەی بۆ کرا، لەوانە

١.(جۆزێف سونگ) و (پول پارک) لە توێژینەوەکەیاندا دەنووسن خودی زمان وەک فۆرمی پایتەخت (کاپیتال) نێوەندگیری لە میانەی پەیوەندیەکانی هێزە کۆمەڵایەتیەکاندا دەکات ئەم پەیوەندیە هێزئامێزانە لە میانەی زمانەوە ڕەنگدەدەنەوە کاتێک زمانی یەکێک. بریاردەدا کە زمانەکەی شەرعیە و دەرفەتە کۆمەڵایەتیەکان وەک کار و خزمەتگوزاری و پەیوەندییەکان دەقۆزێتەوە.'

٢. مەریەم مەیەرهۆف لە کتێبەکەیدا شرۆڤەکەی بۆردیۆ بۆ چەمکی سەرمایەی زمانەوانی دەنووسێت:' بۆردیۆ قسەی لە بارەی بە سینترالیزمکردنی' هێز' لە چینی ناوەڕاست دەکات ئەویش بە بەستنەوەی بە کۆنترۆلکردنی چەند ژمارەیەکی جیاوازی سەرمایە -کاپیتال تاکو ئەم بیرۆکەیە ڕوونبکاتەوە.' بیرۆکەی چینایەتی زمان یەکێک لە پێکهێنەرەکانی سەرمایە دەگەیەنێت، هەر مەیەرهۆف لە لاپەڕە ١٥٥ی کتێبەکەی پێشوو دا دەنووسێت:' بۆردیۆ لە پرۆسەکەدا چاودێری ئەوەی کرد کە بەرزەفتکردی (کۆنترۆلکردنی) سەرمایە ماتریەلیەکان یەکێک لە ڕێگانی پیادەکردنی کۆنترۆلکردنی کۆمەلایەتی دەگەیەنێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕۆلی زمانی لەم پرۆسەیەدا بە هەند هەڵدەگرێت ، چونکە کۆنترۆلکردنی سەرچاوەی بە هەڵمبوو، لەوانە زمان بە گرینگ دەبینێت.

بیرۆکەی سەرمایەی زمانەوانی چەند ئەدگارێکی زمانەوانی و سیاسی هەیە، لەوانە

**١. شێوەزاری کۆمەلایەتی چینی ناوەڕاست.**

**٢. زمان و نەتەوە-دروستکردن و دەوڵەت –دروستکردن.**

**٣. پریستیژی (زێدەماف)ی زمانەوانی پایتەخت، لەوانە هێزی سیمبۆلیی**

دایەلێکتی جڤاکی چینی ناوەڕاست هەر تەنیا بڕیار لەسەر گونجان (سازان)، (دروستی) و (نەگونجان) پۆلینی دیسکۆرس نادات، بەڵکو پاسەوانی پێگەی بە جڤاکی هێشتنەوەی دایەلێکتی کۆمەلایەتی دەدات (مەیەهۆرف ٢٠١١: ١٥٥).

ئەو شێوە کۆمەلایەتیەی بۆردیۆ ئاماژەی پێ دەکات، دەلالەت لە چینێکی خوێندەوار، وردە بۆرژوا، دەکات، شێوە زمانێکی مەعریفی و دەوڵەتداری بەرهەم دێنێت، یانی لە ڕوانگەی بۆردیۆ شێوەی سەرمایەی زمانەوانی پەیوەندیەکی بەتینی بە زمانی نەتەوە–دەوڵەت هەیە. ئەو پریستیژە زمانەوانییە، دایەلێکت ڕزگارکردنە لە جوغرافیا و دەڤەر، تا فۆرمێکی (ستاندەربوون) وەربگرێت.

سماکمان ٢٠١٢ لە (گیلنەر ١٩٨٣) و (ئەندەرسن ١٩٩١) دەگوازێتەوە کە (ستاندەربوون) بەرەو پرۆسەی زمانی نەتەوە_ دەوڵەت نزیک دەبێتەوە، ئەم دیاردەش وەکیەکی – homogenous _ تاکەکان نیشاندەدات هەروەها هاوڕێکی سۆسیۆسیاسی لە نێو کۆمەڵگای ئاخاوتن پێکدێنێت، وەک مارکسیەکان بیری لێدەکەنەوە هیچ چینێکی کۆمەلایەتی لە ئارا نییە، بەڵکۆ ئەوەی هەیە کۆکردنەوەی جیاوازەکانە لە یەک کۆنتێکستی' مارکێتی زمانەوانی'.

## هێزی هێمایی و توانای پراگماتیکیی

زمان کە وەک سەرمایەک گەورەتر لە سەرمایەی کەلتوریی دێتە ناو هاوکێشەکە، چونکە دایەلێکتی تاک نموونەی سەرمایەی کەلتوری بەرجەستەیە . سەرمایەی کەلتوریی هێز بەرهەم دێنێت، ئامانجەکانمان بینینە دی.

هێزی هێمایی و توانای پراگماتیکی پەیوەندیەکی دیالێکتیکیان پێکەوە هەیە: توانای پراگماتیکی قسەی لەسەر توانای کەسێک دەکات، کە لە کۆنتێکستی جیاواز وەک بانق، مەتار، مارکێت، زانکۆ بتوانێت بە شێوەی جیاواز قسە بکات (لیچ ١٩٨٣ ؛ یۆل ١٩٩٦). سەرمایەی زمانەوانی شتێکی نزیکە لە توانای پراگماتیکی. مەیەهۆف ٢٠١١، ل١٥٦ نموونەیەک دەهێنێتەوە: بەوەی تۆ ناتوانی کارێک وەک فەرمانبەری بانق بە دەست بێنی، گەر نەتوانی وەک ئەو قسە بکەی، زمان دەتوانێ وەک فۆرمێکی سەرمایە ئەرک راپەڕێنێت. زمان لەوێ مارکێتێکی زمانەوانیە، بەهاکەی وەک سەرمایەکی کۆمەڵایەتی لەوانی تر مەزنترە. لە هەناوی سەرمایەی زمانەوانی، ستاندەربوون هۆکارێکی مەزنە بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی مەزنتر. هەریەک لە Skankoff و Laberge ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە لە قۆناغەکانی کۆتایی هەرزەکاری و بەرایی بیستەکان زیاتر لە مارکێتی زمانەوانی تێوەدەگلێن، چونکە لە نۆرمەکانی زمانەوانی بەشداریدەکەن، لە ئەو بەشدارییە ناچارن زمانی ستاندارد بەکاربهێنن. لەمەدا دەفامرێتەوە کە بەکارهێنانی زمانی ستاندارد لە بوارەکاندا ناچارییە. لێرەوە زمان هێزێکی هێمایی پێکدێنێت. لێرەدا وشەی (کاپیتال) هەر بە مانای (سەرمایە) گوزارشتی لێ ناکرێت، چۆن ئامادەگی سەرمایەی زمانەوانی و هێزی هێمایی لە ڕووی حوکمدارییەوە تەنها لە پێگەی (پایتەخت) فەراهەم دێت. ستانداربوون لە کۆمەڵگای مۆدرن خۆی لە خۆیدا فۆڕمێکی دەوڵەتسازییە!

لێرەدا دەپرسم ئایا (میری کورد) توانیویەتی ئەو دەسەڵاتە سۆسیۆ-سیاسیە لە بەرژەوەندی ڕەعیەتەکەی بەکاربهێنێت؟؟ یان ئەو دەسەڵاتە سۆسیۆ-سیاسیە هاوڕێک بە دەسەڵاتە زمانەوانیەکە وەک چەکێک لە دژی ڕکابەرەکەی بەکاربهێنێت. برونەسن ٩٩:١٩٩٩-١٠٠ باوەڕی وایە لە بریتی یەکبوونی سیاسی و دەسەڵاتی سۆسیۆ-سیاسی (کۆمەڵایەتی -سیاسی) لە کۆمەڵگای خێڵەکی کوردیدا خاڵێکی پەرتەوازەبوون بووە ، سەرۆک هۆزە دڵبژۆکەکان لە پێناوی خۆیان خەریکی بوون(ئەو پەرشبوونە لە دەوروبەری ١٦٠٠ لە نێو هۆزی موکریانی دروست بوو.)

مێژووی سیاسی میرانی کورد پڕیەتی لەو پەرتەوازەبوونە، ئەو پەرتەوازەبوونە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری کوردی هەر درێژەی هەیە ،

دروستبوونی زمانی پایتەخت هەڵگری دوو ئەدگارە:

**١. ئارەزوومەندبوون**

**٢. هێزی سمبۆلیی _هێمایی.**

یوجین لووس ٢٠٠٠ دەنووسێت: کەسانێک هەن نایانەوێ یا هەر حەزناکەن دان بە زمانی یا دایەلێکتی ئەویتر بنێن، ڕەسمیبوونی دایەلێکتێک لە نێو دایەلێکتەکانی تر مەدلولێکی دی هەیە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو حەزلێنەبوونە، چونکە لە هزری ئەو ڕەسمیبوون و ستانداردبوونی دایەلێکتێک واتای' پایەتختبوونی زمانەوانی دەگەیەنێت و هێزێکی سیمبۆلیی –هێمایی بە هەڵگرانی دەبەخشێت.

Actually, the member states are not willing to grant another language recognition. Bourdieu's publication Language and will be referred to in order to explain (١٩٩٢) Symbolic Power this unwillingness: an official language can be considered as ““linguistic capital” which affords its holders “symbolic power

لە لایەکی تر شێوەی پایەتخت هەر بە پێی بەرژەوندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوە، هەتا لە لای دەوڵەتە دیموکراتیەکانەوە ئیمتیازێک پەیدا دەکات، کە جیا بێت لەوانی ترا!

زۆربەی زمانەکان بەهۆی بازرگانی و سیاسی و کارگێڕی (لەوانە بوونە پایەتخت) شێوەی ستاندەریی لێ دروست دەبێت !

ئەلیئەکبەری و خۆسرەڤیەن ٢٠١٤ باس لە (زمانی پایەتخت) لە کۆمەڵگایەکی چەندزمانیی وەک ئێران دەکەن. لەوێ دیدی (بۆردیو) ١٩٩٢ دەهێننەوە بەوەی' زمان هەر تەنیا شتێک نیە، بەڵکو ئامێرێکی کارا و دەسەڵات(هێز)ە توانای هەیە (بوون) (ناسنامە) بەرهەم بێنێت.' ئەو هەژموونە و دەسەڵاتەی زمان یا دایەلێکت هەڕەشە لە ئەویتر دەکات...داگیرکەرانی کوردستان لەسەر ئەم بنیاتە ڕێگا بە زمانی کوردی لە هەر سێ بەشی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نادەن، چونکە ئێستاش باوەڕیان وایە کە دەوڵەتەکانیان: دەوڵەتی یەک نەتەوەیە،بۆیە نایانەوێ زمانی کوردی لە بەرانبەر زمانی ئەوان بوەستێت یا هەر ناسنامەی هەبێت !

## سەرباسی دووەم: نا-ستاندەربوون

تیۆرەکەی بۆردیۆ لە ڕواڵەتدا بانگەشە بۆ زمانی وردەبۆرژوا دەکات، چونکە ئەوانەی لە پایتەخت بڕیار لەسەر شتە گەورەکان دەدەن، وردە بۆرژوای خاوەن کارن لە مارکێتی زمانەوانی، ئەوانیش خاوەن هێزێکی هێماییین. هەر بۆردیۆ وەڵامی گومانەکە دەداتەوە بەوەی لە مارکێتی زمانەوانیدا، بکەر هەیە، ئەو بکەرە چینی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە کایەکی کۆمەڵایەتییە، کایەک پڕ لە جیاوازی. ئەوانەی پێیان دەوترێت stable variables –گۆڕانکاری چەسپاو لە دوو حاڵەتدا هەر دەمێنن تا ماوەیەکی درێژ هەر لە سەرەوەی ئاستی وریایی وشیارین (مەیەرهۆف ٢٠١٠: ١٥٦).یانی ستاندەربوون لە پایتەخت باڵا دەستە ؛ ئەوەی لە دەرەوەی ئەو تخوبە هەیە: نا–ستاندەرە. کەواتە نا–ستاندەربوون چیە؟؟

قسە زۆر لە سەر ستاندەربوون کراوە، بەڵام بە دەگمەن قسە لە سەر (نا ستاندەربوون) لە نووسنی کوردی کراوە، چونکە هەردوو پرۆسەکە لە لای تاکەکانی کۆمەڵگا پلەبەندیی یان پرسی چینایەتی بۆ کراوە، وەک بڵێی ستاندەربوون پێشکەوتن، خانەدانی بگەیەنێت، نا ستاندەربوونیش دواکەوتن و ڕەمەکیی بگەیەنێت. ئەو تێگەیشتنە لە سەردەمی (نالی)ش ڕوویدا بەوەی ئەو هەروەک باوکی نەمایەوە، پشتی لە کۆمەڵگای شارەزووری کرد و بۆ فرۆشتنی (مەعریفە و عیلم و شیعر) زمانی کۆشک (زمانی بابانەکان)ی کردە زمانی شیعری خۆی(بوشرا کەسنەزانی ٢٠١٩ ؛ ناوخۆش ٢٠٢٠) !

چەمکی ناستاندەربوون چییە؟ ئایا تەنیا زادەی گوندبوونە؟ یان لە شاریش هەیە؟ لە هەمووش گرینگتر ئایا (universal _یونیڤێرسل)ە« سەرەپاییە' یا(local _لۆکەل)' خۆیەکی'؟ لەم سەرباسەدا هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

ناستاندەربوون لە زمانەکانی تر هاوڕێی ستاندەربوونە هەروەها ناوی تری هەیە.

• چەمکی ناستاندەر لە ڕوانگەی (پیتەر تردەجیل)ی زمانەوان بریتییە' most native speakers of English in the world are native speakers of some nonstandard variety of the language, and English

-'زۆربەی ئاخێوانی زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا ئاخێوی ڕەسەنی ڤرایەتی هەندێ شێوەی نا ستاندەری ئینگلیزین.'

ئەو ڕەوشەی لە زمانی ئینگلیزی هەیە لە زمانی تریش هەیە. لە هەر زمانێکدا شێوەی ستاندەربوون و ناستاندەربوون هەیە. هەر پیتەر ترەجیل دەنووسێت:' ,

like other (Ausbau languages) can be described as consisting of an autonomous standardised variety together with all the nonstandard varieties...

زمانی ئینگلیزی وەک زمانی تر، ئەوانەی ناسراون بە (زمانەکانی ئۆسباو)، دەکرێ بەو زمانە وەسفبکرێ وەک شێوەیەکی ستاندەرکراوی سەربەخۆ لەگەڵ شێوەی دی ناستاندەر.' هەبوونی ستاندەر و ناستاندەر پێکەوە لە کۆمەڵگایەکی تاک زمانەوانی وەک دایەگلۆسیا، شێوەی باڵا و شێوەی لاوەکی، وایە، واتا شتەکی ئاساییە.

کلۆس ١٩٦٧، ل٢٩ لە سەر بنەمای کۆزمانەوانی زاراوەی (زمانەکانی ئۆسباو) یا(ئۆسباوسپراچی) بۆ دیاردەی نا ستاندەری دادەڕێژێت و دەنووسێت:

The term ausbausprache may be defined as " language by development'. in order to become a standardized tool of literary expression.

زاراوەی (ئۆسباوسپارچی) دەکرێ وەک زمانی ژێر پەرەسەندن پێناسە بکرێت، ئەو زمانە هەوڵ دەدا ببێتە ناوەندێکی ستاندەری بۆ تەعبیری ئەدەبی.' هەر کلۆس پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو جۆرە زمانە دەیەوێ بەرەو شێوەی ستاندەریی هەنگاوبنێت.

دوای زاراوەی' ئۆسباوسپراچی'، ئینار هۆجین ١٩٦٦ زاراوەیەکی دی بەناوی (پاتوا) بۆ دیاردەی ناستاندەربوون لە توێژینەوەی(دایەلێکت، زمان) خستەڕوو. لە ل٩٢٤ ی توێژینەوەکەی دوور لە زاراوەی دایەلێکت و زمان، هاتە سەر زاراوەیەکی دی بەناوی(پاتوا) و نووسی:'

In French usage a third term developed , patois, which applied primarily to the spoken language

«لە نووسینی فەرەنسی لە دوای زمان و دایەلێکت، زاراوەی سێیەم، زاراوەی پاتوا بە شێوەیەکی سەرەکی واتای زمانی ئاخاوتن دەدات.'

لە نەزەر هۆگین زاراوەی دایەلێکت دوو واتای پێکەوە گرێدراوی هەیە لە زمانی فەرەنسیدا:

١.ناوچەیی و ٢. نووسراو. بۆ پاڵپشتی ئەم قسەیەش وتەیەکی (لیتر) دەهێنێتەوە explicitly requires that a dialect includes a complete ١٩٥٦ Littre . literary culture–دایەلێکت کەلتورێکی ئەدەبی تەواو لە خۆ دەگرێت _.

تەمەنی ئەو دووەش بەستراوەتەوە بە ڕەوشی ستاندەربوون لە شار، بۆیە هەرکە دایەلێکتی ستاندەر لە شار شوێنی دایەلێکتی ناوچەیی گرتەوە و بووە زمانی پەروەردە و میدیا و دەسەڵات، دایەلێکتە ناوچەییەکە ئەدگاری' نووسراو' ی لە دەست دا چی تر وەک ناوەندێکی کەلتووری ئەدەبی نەمایەوە، دەبێتە' پاتوا'-(هۆگین ١٩٦٦،ل٩٢٤)

بێگومان هەر دایەلێکتێک بە زەبری دەستوور و فشاری حوکمڕانی مافی ئەوەی لێسەنرایەوە وەک ناوەندێکی مەعریفی بمێنێتەوە و چی تر لە ڕاگەیاندن شتی پێنەنووسرێ، دەبێتە تەنیا زمانی ئاخاوتنی ناوچەیەک و تەمەنی دەبەسترێتەوە بە تەمەنی ئاخێوەرانی. کریستال ١٩٩٢، لە ل٢٩٢ بەم شێوەیە پێناسەی زاراوەی پاتوا دەکات:' patois \' patwa:\ a popular label for a provincial dialect , especially one spoken by people considered to be primitive , illiterate , or outside society in some way (e.g. rustics ).'

« پاتوا ناوێکی میللیە بۆ دایەلێکتێکی دەڤەریی بە تایبەتی ئەوەی خەڵکی بەرایی، نەخوێندەوار، غەوارە -دەرەوەی کۆمەڵگا قسەی پێ دەکەن، وەک ئەوانەی پێیان دەوترێ گوندیی، لادێیی.'

ئەو تێگەیشتنەی فەرەنسی لە چەمکەکە بۆ دروستکردن و پاراستن و کۆکردنەوەی تاکی فەرەنسی بوو لە سەر یەک خوانی زمانەوانی هەروەها دوورخستنەوەی زمان بوو لە ناوچەگەریی و پلەبەندی کۆمەڵگا و نەیشن-بیلدینگ (نەتەوە دروستکردن)،

هەر بۆیە لە ئیتیمۆلۆژی و دایەلێکتناسی دووری خستەوە، وەک کریستال لە هەمان لاپەڕە دەنووسێت:

Patois usually carries a disparaging connotation , and is not used in dialectology."

« بە زۆری پاتوا کۆنۆتییشنی- مەدلولی ناکۆکیی هەڵدەگرێت، بۆیە لە زارناسیی بەکارنایەت.' لە نێو توێژەرانی کوردیش ئەو ناستاندەرییە هەر بنزاری نەگرتۆتەوە، بەڵکو خودی هەندێ دایەلێکت،-زاریشی گرتۆتەوە. دکتۆر نەبەز ١٩٧٦ لە ل٢١_٢٣ی کتێبی (زمانی ستانداردی کوردی) دایەلێکتەکانی کوردی بۆ دوو جۆر دایەلێکت دابەش دەکات و دەنووسێت:' دایەلێکتە کوردیەکان بۆ دوو شێوەی بنچینەیی و (لاتەنیشت) دابەشبوون.مەبەستم لەم دابەشکردنە، کەمکردنەوەی نرخ و بایەخی ئەو شێوانە نییە کە بە لاتەنیشتیان دادەنێم، بەڵکوو لە شێوە بنچینییەکان ئەو شێوانەیە کە ئەمڕۆ زمانی ئەدەبیی ناسراون و شێوە لاتەنیشتەکانیش ئەوانەن کە دەمێکە ئەو دەورە نابینن.' لەوانەیە ئەو لاتەنیشتبوونە پەیوەندی بە ڕەوشی کوردیەوە هەبێت بەوەی ئەو دایەلێکتانە خاوەن میرنشین نەبوونە یا لەگەڵ زۆربەی کورد ئایین جودا یا مەزهەب جودا بوونە (ناوخۆش ٢٠١٧، ل٢٢). جگە لەو دیتنە دکتۆر نەبەز بۆ نا-ستاندەردبوون لە کوردیدا، هەندێکی تر بە (مایکرۆگلۆسیا) ناوی دەبات.

سابیر ٢٠١٠، ل٤٤ دەنووسێت:' لەناو دایەگلۆسیای (دوو دایەلێکتی) زمانی کوردییدا، چەندین وردە بنزاراوەی تر هەن، کە دەکرێ بە تێرمی لینگویستیکیی بە (مایکرۆگلۆسیا) ناو ببرێن. یاخود وەک ئەوەی ماتیسۆف لەمەڕ شرۆڤەکردنی زمانی خمێردا بە(نیکرۆگلۆسیا) ناویان دەبات.'

# سەرباسی سێیەم: چینایەتی لە زمان و هێزی هێمایی

پرسی چینایەتی لە زمان چیە؟؟ زمان هەڵگری مۆرکی چینایەتیە؟؟ چ جۆرە چینایەتیەک ؟ ئەو چینایەتیە مەعریفیە یا چینایەتی کۆمەڵایەتی ؟ چینایەتیەکە چ پەیوەندی بە هێزی سیبۆلیی بۆردیۆ وەیە؟

ژیانی سەدەی بیستەم، بە تایبەتی لە پاش چلەکانەوە، نەک هەرلە کوردستاندا، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ژیانێکی مارکسی _ئەتایستی نیوەچل بوو، هەرچەندە دەوڵەتی شیوعی مۆسکۆ بە هۆی دروشمی' دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا' نکوولّی لە سەر دەستەبوونی چینایەتی لە دامودەزگانیدا، بەڵام بە دیتنی بۆردیۆ' کایەکی کۆمەڵایەتی پڕ جیاوازی' ئامادەگی هەبوو، بەڵام لە ڕۆژئاوا ئەوە جۆرێک بوو لە چینایەتی لە زمان !

دیتنی (جۆزیف ستالین) بۆ پرسەکان زۆر بە توندی وەردەگیرا، ئەوە وایکرد بزاڤی چەپ بزاڤێکی توندڕەو بێت بە هیچ جۆرێک قەبووڵی ئەویتر نەکات !

ستالین باوەڕی وابوو چینایەتی لە زماندا نییە، لە نەزەری ئەو ئەوە ئەوانەی چینی سەرەوە و بۆرژواکان بۆ خۆیان دایانتاشیوە بە ناوی زمانی ئەریستۆکراسی و زمانی پرۆلیتاریا لە وەهمێک زێتر هیچی تر نیە(ستالین ١٩٥٠: ١٨).

کەسێک نەدەوێرا هەتا مردنی جۆزیف ستالین لە ١٩٥٣ بڵێت: خۆ ستالین زمانەوان نەبوو ئەگەرنا بە دەردی تروتسکی یا (مار) دەچوو ! عەرەب شەمۆ ١٩٨٤ لە ل٢٩ی کتێبی (حول مسألة الأقطاع بين الكرد) دەربارەی ( نیکۆلای یاکو ڤلوڤیچ مار ١٨٦٤-١٩٣٤) دەنووسێت: مار لە ئەکادیمیە هەرە دیارەکانی ڕوس بوو لە بواری زمانناسی و شوێنەوارناسی، خاوەنی چەندەها تیۆری زمانەوانی بوو، یەکێک لەوانە مەزهەبی نوێ یا شەکلانیەت لە زماندا...' کەمال مەزهەر لە پێشەکی کتێبەکەی عەرەب شەمۆ دەنووسێت: عەرەب شەمۆ پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتناسێکی وەک (مار) هەبوو، (مار) یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسە دیارەکانی شورەوی بوو (مەزهەر ١٩٨٤:٢٤). ستالین ١٩٥٠: ٥٢_٥٣ خۆی نەک هەر بە زمانەوان تر لە (مار) دەزانی، بەڵکە زۆر ڕەخنەی توندیشی لێ دەگرێت، گوایە هەر بە هۆی تیۆرە زمانەوانیەکەی مار، زمانەوانی سۆڤیەتی تووشی چەقبەستن بووە. (مار) باوەڕی وابوو (ڕێزمان) بریتییە لە شەکلانیەت، ئەو

شەکلانیەتەی (مار) کە بە مەزهەبی نوێ لە زمانەوانی دادەنرا، لای ستالین، (مار) کەوبووە زۆنگاوی ئایدیالیزم !

ئەوەی نەختێ شارەزای لە مارکسیزم هەبێت، دەزانێت هەر یەک کارل مارکس( ١٨١٨_١٨٨٣) و فردریک ئینگلز(١٨٢٠_١٨٩٥ هیچ کتێبێکی زمانەوانیان نیە، چونکە زمانەوان نەبوونە، بۆیە ئەوان هزرێکی تایبەتیان لەسەر زمان و زمانەوانی نەبووە

دروستبوونی یەکەم دەوڵەتی شیوعی، سیاسی بوو نەک هزری بە واتای ئەوەی مارکس پێشبینی دەکرد دەوڵەتی شیوعی لە ئەوروپا دروست بێت، نەک ئاسیا، ئەوان وەک سوکرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ لە پەنای شتەکانی تر ئاماژەیان بە مەسەلەی زمان کردووە، ئەوان بە زانستی کۆمەڵایەتی وەک (مێژوو)، (ئابووری سیاسی)، (فەلسەفە) خەریک بوون.

هەرچەندە فلادمیر لینینیش وەک مارکس و ئینگلز زمانەوان نەبوو، بەڵام لە سەردەمی حوکمڕانی ئەو ١٩١٧-١٩٢٤ بیرۆکەی کتێبەکەی (دی سۆسێر) گەیشت بووە رووسیا، بەڵام کێشە لەوە دابوو ئایدیۆلۆژیا لە وڵات ئەوەندە باڵادەست بوو، بیروڕا زمانەوانیەکانی دی سۆسێر هەموو وەرنەدەگیران. ویلۆکس ٢٠١٥ لە ل٣٣ ی کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێ زمانەوانی ڕووسی لە نووسین و وانەکانیاندا دەربارەی زمانی دەستکرد ناسراو بە (ئیسپرانتو) بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەرهەمهێنانی ئیسپرانتۆ لە سەرەوەی میتۆدی زمانەوانی بونیادگەریی دی سۆسێرە، ئەوەشیان بۆ ئەوە بوو چەمکی زمانی بنیاتنراو –داڕێژراو بە شۆرشگێر بکەن.' هەر لە سەردەمی لینیندا هەندێ زمانەوان دەیانویست بونیاتی زمانەکەیان لەگەڵ تیۆرە ئابووریەکانی مارکس پێکەوە ببەستنەوە. (لۆدکۆ) یەکێ لەو زمانەوانە بوو، دەیگوت: زمانی بونیاتنراوی وەک (ئیسپرانتۆ) گرینگە بۆ نەشونماکردنی دروستی ئابووری، ئەم ڕایە لە توێژینەوەیەک بەناوی ”Elements of Spontaneity and Consciousness in an International Language,“-ڕەگەزەکانی خۆرسکیی و وشیاریی لە زمانی نێونەتەوەیی' خستۆتە ڕوو (ویلۆکس ٢٠١٥: ٣٥).

لینین لە ١٩٢٤ مرد. لە ١٩٣٩ تاکو ١٩٤٥ سۆڤیەت لەبەردەم هەڕەشەی هیتلەر دابوو، پاش-جەنگ دەرفەتی تر دەرکەوتن، ستالین جگە لە سیاسیەکی سەرۆک دەوڵەت وەک (زمانەوان)ێکیش دەرکەوت، کە دژ لەگەڵ ڕەوشی زمانەوانی سۆڤیەت

بوو، لە ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٥٠ لە زنجیرە وتارێک لە ڕۆژنامەی (پراڤدا) لە وەڵامی زمانەوانە سۆڤیەتیەکان وتی: زمان پەیوەست نیە بە (ئابووری) و (پێکهاتەی بە زیندوێتی مانەوەی کۆمەڵگا) یا بیروڕای سیاسی و ئایینی و فەلسەفی و هونەری نیە، بەڵکو پەیوەستە بە تەواوی مێژووی کۆمەڵگا و مێژووی بنەماکان بۆ چەندان سەدە. زمان و کەلتور دوو شتی جیاوازن، (کەلتور) لەگەڵ (سەردەم)ی نوێ دەگۆڕێ، بەڵام (زمان) بۆ چەندان سەدە وەک خۆی دەمێنێتەوە...ئەو بۆچوونانەی ستالین پێچەوانەی دیتنەکانی (زمانەوان)ی پایتەخت بوو.

بیروباوەڕەکانی ستالین هەژموونی بەسەر هەموو مارکسیەکان هەبوو...دەبوو ئەوها بی وەک ستالین دەڵێت ! هۆزفات ٢٠٠١: ٣١ دەنووسێت: لە نەزەر (ڤادیک)، سەرۆک و سکرتێری گشتی یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەت لە ١٩٣٦ تاوەکو ١٩٥٤ : شاعیر و نوسەری وەک ت.ئێس.ئیلیەت، یوجین ئۆنێل،جان پۆل سارتەر....هتد کەمتیار و ڕێوی...لەوان باشتر دەنووسن!'

مارکسیەکانی وڵاتی منیش لە (ڤادیک) توندتر بوون لە شاخ دەربارەی دیدی نا-مارکسی لەسەر (هزر) و(زمان) و (ئەدەب)ی نا –مارکسی هەبوو.

ئەوە ئایدیۆلۆژیای چەپ بوو، زمانی ڕووسی کردە زمانی فەرمی و ستاندارد لە سۆڤیەت بە تایبەتی لە سەردەمی ستالین دا.

مارکسیەت نەیتوانی سوود لە بۆچوونەکەی بۆردیۆ وەربگرێت، موحەمەد موکری لە ڕۆمانی سەگوەردا دەڵێت: ئەوەی لە شاخ هەبوو، وای لێکردم سووم لە عێدزکردنی برادەرانی شار ببێتەوە، نەمدەزانی هەر سکرابی سیاسی بە بەرگی مارکسی لە شاخن هەروەها هەڤاڵ کوێستانیش لە بیرەوەری' ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەمووان بوو' هەر لە یەکەم هەنگاوی دیتنی سەرکردایەتی تووشی ڕاچلەکین بووم، پاشتر شتی زۆر خراپترم بینی، شاعیر بڕیار لەسەر تیزاب بە ڕووداکردنی نەیارێکی خۆی دەدا، مامۆستا جەعفەر لە بیرەوەری' بە خەونی گەورەوە کەوتینە ڕێ' چەند کەسێک لە ڕۆشنبیری کورد تیرۆر بکەین، کە وەک ئێمە بیرناکەنەوە!! ئاشبەتاڵی ١٩٨٨ هەر لە گۆڕنانی هزر نەبوو، بەڵکو سەلماندی کە ناتوانین لە شاخیش پێکەوە بژین ! کەواتە مارکسیەت پاشەکشێی بیرۆکەی دەوڵەتسازیی بوو، فاروق ڕەفیق ٢٠٠٢ لە ماڵێکی لێکترازاو دەنووسێت: ئەوانەی شاخ چۆن دەتوانن شار بەڕێوەببەن!

# بەشی دووەم
# نۆستالۆژیا و هەنووکەیی

هەردوو چەمکی بۆدیۆ' سەرمایەی زمانەوانی' و' هێزی سیمبۆلیی (هێمایی)' لە ڕەوشی سیاسی و زمانەوانی کوردیدا بە پایتەختبوونی زمانەوانیی و هێزی سیمبۆلیی دێ.

جگە لەوەی هەردوو (شێوەی سلێمانی) و (شێوەی هەولێر) بنزاری یەک دایەلێکتن بەناوی کرمانجی ناوەڕاست (ڕەسول ١٩٧١ ؛ نەبەز ١٩٧٦ ؛ خورشید ١٩٨٣). پێگەی سیاسی و زمانەوانی هەردوو میرنشین و ناکۆکیان مێژوویێکی کۆنی هەیە.

لە ڕابردوودا، سەرەڕای ناکۆکی توند لە نێوان میرەکانی بابان (ناکۆکی نێوان ئەحمەد پاشا و عەبدڵلا پاشا بۆنموونە لە سەدەی نۆزدەدا) قوتابخانەی ئەدەبی بابان لە سەردەمی ئەوان دروستبوون، هەریەک لە دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول ١٩٧١و کەریم شارەزا ١٩٨٤ باسی هەژموونی شیعری قوتابخانەی بابان دەکەن بەوەی سنووری بابانی بڕی هەتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو جۆرە زمانە و شیعرە گرینگی پێدرا. نەوشێروان مستەفا ٢٠١٩ لە کتێبی' نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان' ئاماژە بەوە دەکات کە قوتابخانەی ئەدەبی بابان هەر لە سلێمانی نەبوون، بەڵکە لە کەرکوک و کۆیە و موکریان.' ئەو درێژەپێدانە ئەدەبیە، سیاسی و زمانەوانی نەبوو، بەڵام وەک مێژوو دروستکردنێک، بەشێک لە توێژەرانی سلێمانی دەیانەوێ دروستی بکەن، هەندێک هەندێ پرسیار دەوروژێنن : ئایا سلێمانی پایتەختی میرنشینێک بووە بە ناوی بابان یان شانشینێک بووە بە ناوی کوردستان ؟؟ هەروەها لە کوڕێکی یەکێتی نووسەرانی کورد \ لقی سلێمانی سلێمانی بە پایتەختی کوردستان وێنا دەکەن. لە ڕاستیدا سلێمانی هیچ کاتێک پایتەختی باشووری کوردستان نەبووە، نەک کوردستانی گەورە ! میرنشینێکی وەک بادینان ئێستاشی لەگەڵ دابێت شیعری بە بنزاری سلێمانی نییە، لە ڕووی سیاسیەوە نە میرنشینی سۆران نە میرنشینی بادینان قەبووڵی میرنشینی بابانیان نەکرد! نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لە سەردەمی شێخ مەحموودیش ١٩١٨-١٩٢٤ قەبووڵی حوکمداریەکەی سلێمانیان نەکرد!

کەواتە میرنشینی بابان و حوکمداریەکەی تەنیا پایتەختی دەڤەری سلێمانی بووە. لە دوای یەکەمین شەڕی جیهاندا، ئینگلیز ( سلێمانی)، نەک (هەولێر) و(بادینان)-ی کردە ناوەندی سیاسی و کەلتووری، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە قازانجی سلێمانی تەواو بوو. شێوەی سلێمانی، وەک زمانی (نالی) و (سالم) و (کوردی) کردە زمانی میدیا و پەروەردە،

بەڵام ئەو شێوەیە نەیتوانی شوێنپێی بادینی لە بادینان لەق بکات

لەم بارەیەوە بۆردیۆ١٩٩١ دەنووسێت: (بە پایتەختبوونی زمانەوانی دایەلێکتێک) هێزێکی هێمایی بەرهەم دێنێت. پاش کەوتنی بزووتنەوەی شێخ مەحموودیش ئەو شار و بنزارەی سلێمانی ئەو دەسەڵاتە هێماییەی هەر مایەوە، بە جۆرێک ئەوانەی بە پاڵپشتی ئینگلیز ڕۆژنامەی (ژیانەوە) یان ئاڵای بە (عێراقیبوون) یان بەرزکردەوە ئەکسەریەت بوون هەروەها نەوەی سێیەمی بابان بە پێچەوانەی نەوەی یەکەم و دووەم تەواو جیاوازبوون لە هزر و یایدیۆلۆژیا !، ئەو (ئەکسەریەتە) نەک هەر لە ڕاگەیاندن و پەروەردەی شار مانەوە تاکو ئۆتۆنۆمی ١٩٧٠-١٩٧٤ ! لەو چوار ساڵەدا زۆر شتی شێوەی سلێمانی، وەک دووبارە زیندووکردنەوەی پێشگری (دە) لە جیاتی (ئە) هەروەها سەپاندنی ئەو شێوەیە لە بادینان !لە بری ئەوەی زمان هۆکار بێت بۆ دروستکردنی (هێزی سیمبۆلیی) لە نێو کورددا بووە (هێزی پەرتەوازەیی)! دووبارە ئەوەی لە دوای هەرەسی ١٩٧٥ دروستبوو.

بێگومان کرانەوە و داخراوی میری کورد گرینگی هەبووە، میرنشینی بابان بە هۆی ئەو کرانەوەیەی بە ڕووی ئەهلی قەڵەمدا، وای لە کەسێکی وەک (نالی) کرد واز لە شێوەی خۆی بێنێت و شێوەی کۆشک پەسند بکات لە دارژتنی شیعرەکانیدا. هەروەها هەر میر هۆکار بووە قوتابخانەی ئەدەبی ناسراو بە سێکوچکەی بابان لە سلێمانی دروست بێت.

میری سۆران، ناسراو بە میری گەورە داخراو بوو خۆی هۆکار بووە قوتابخانەیەکی ئەدەبی لە سۆران دروست نەبێت، چونکە بەرگەی ڕای تری نەدەگرت ئەو داخراویەی سۆران بەراورد ناکرێ بەو کرانەوەی بابان بەمجۆرە ڕێنیسانسێکی وا لە پارێزگای هەولێر، لەوانە ڕواندزیش دروست نەبوو، بە جۆرێک ئەو ئیدارەیەی لە پاش گرتنی شێخ مەحمود لە ١٩١٩ دروست بوو، ئیدارەیەک بوو نزیک بوو لە تورکەکان. ئەو ئیدارەیە نەیتوانی نەبێتە بەدیلی ئەوەی شێخ مەحمود نە ئەوەی مێجەر سۆن، بۆیە هەر بە کزی سەری نایەوە، چونکە هەم بەرەی ڕۆشنبیر لە ئەنجومەنەکە یا پشتەوە ئەنجومەنەکە نەبوو، ڕۆژنامەیەکی هەبێ تا بە خەڵکی بناسێنی ، وەک ئەوەی لە سلێمانی هەبوو. ئەو ململانێیە لە نێوان هەرسێ شاعیر شێرکۆ بێکەس و پەشێو و لەتیف هەڵمەت هەیە: لە سلێمانی شێرکۆ بێکەس بە هۆی سلێمانیبوون و یەکێتیەوە هەموو شتێکی بۆ کراوە، بەڵام چارەگی ئەوەندەش بۆ پەشێو نەکراوە، چونکە ئەو هەم هەولێریە هەم لە جیابوونەوە ١٩٦٤ لایەنگیری مەلا مستەفا بوو ، لەتیف هەڵمەت لە هەردوو دینان بوو، چونکە کەرکوکی بوو!!!

## ئەنجامگیریی

پرۆسەی پایتەختی زمانەوانی پییغ بۆردیۆ  جۆرێکە لە دەوڵەتسازیی، چونکە لە مارکێتی زمانەوانیدا  ستانداربوون پێکدێت. ئەو بیرۆکە دامودەزگاییە لە پایتەخت هەیە، هەر لەوێش سەرمایەکان وەک سەرمایەی ئیکۆنۆمی، کەلتوریی، زمانەوانی بە یەک دەگەن و بیرۆکەی' هێزی سیبۆلیی' بەرهەم دەهێنن.لە نێو دەسەڵاتی کوردیدا لەبری بیرۆکەی بۆردیۆ بیرۆکەی (برونسن) ئامادەگی هەیە: میر هەیە، بەڵام سەرۆک نییە. بیرکردنەوەی نێگەتیڤی بەشێک لە بیرکردنەوەی گشتی پێکدێنێت بەوەی زمانی پایتەخت پریستیژێکی هەیە، ئەوانیتر نیتیان، هەربۆیە (نالی) وازی لە شێوەزاری خۆی هێنا، شیعری بە شێوەزاری بابانەکان نووسی... ئەو بیرکردنەوەی (نالی) و (برۆنسن) ئێستاش لە زانکۆکانی هەرێم حوزورێکی بەهێزی هەیە. بابانیەکان لە ڕێگای قوتابخانەی ئەدەبی بابانەوە توانیان سنووری ئەدەبی و هەتا زمانەوانی میرنشینەکەیان ببەزێنن، ئەو ڕێچکە ئەدەبی و زمانەوانیە لە شیعری موکریان و هەورامان و سۆران دەرکی پێدەکرێت، بەڵام نەیانتوانی سنووری میرنشینی  بادینان ببەزێنێت. لەو ڕوانگەوە هیچ سەردەمانێک میرنشینی بادینان نەیتوانیوە' پایتەختی سیاسی' باشووری کوردستان بێت، بەڵکو هەروەک تەنیا پایتەختی سیاسی میرنشین بێت ،، بەڵام لە ماوەی ١٩٧٠_١٩٧٤ هەروەها ١٩٩٢_٢٠٢١ پایتەختی کوردستان. ئەو شەڕکردنە لەسەر پایتەختبوونی سیاسی یا زمانەوانی بێت تاکو ئێستا درێژەی هەیە، چونکە هەردوولا دەرکیان بە بۆچوونەکەی (بۆردیۆ) کردوو: شێوەی پایتەخت بەرهەمهێنەری هێزی سیبۆلییە ! هەروەها هۆکارێکە لە کەشی نا –دیموکراتی هەرێم ستاندەر و نا- ستاندەر دەرکەون چۆن لە سەردەمی میرنشینی بابان و سۆران دەرکەوتن، شێوەی سلێمانی بووە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی هەرچی شێوەی ڕواندز و دیانە و سۆران بوونە شێوەی نا–ئەدەبی.

لە لایەکی تر ناونانی (سلێمانی) بە پایتەختی کوردستان  و زیندووکردنەوەی (هەرێمی سلێمانی) لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ، جگە لە خەیاڵ و نۆستالۆژیا  و کولاندنەوەی برینەکان هیچی تر نییە، هەنووکە کەسانی تر لە هەورامان و سۆران و بادینان هەن بە ئاسانی دەستبەرداری شێوەی خۆیان  نابن: ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی(بۆردیۆ)_یە و سەد لە سەد لەگەڵ خوێندنەوەکەی (برۆنسن)  دەربارەی کۆمەڵگای کوردی دێتەوە !

## سەرچاوەکان:

### ١.سەرچاوەی ئینگلیزی
1. ^ Blommaert, J. (2009). A market of accents. Language Policy, 8(3), 243–259.
2. Blommaert, J. (2018. PIERRE BOURDIEU Perspectives on language in society:..
3. «Bourdieu ,Pierre 1991 Language and symbolic power. John B. Thompson (ed.), Gino Raymond & Matthew Adamson (trans.). Cambridge: Harvard university presss.
4. Hanks , William 2005 Annual review of Anthropoloy… PI
5.
6.
7. Hudson , R 1993 Sociolinguistics. Cambridge: Cambridge university press.
8. Hudson , R 1996 Sociolinguistics.second edition Cambridge: Cambridge university press.

9. Jolia , Sneil 2014 Handbook of Pragmatics: social class and languae. ebook.
10.
11. Leech , Geoffrey 1983 Principles of Pragmatics. London: Routledge.
12. Meyerhoff , Miriam 2011 Introducing Sociolinguistics. Second edition. London: Routledge.
ER
13. RE BOURDI Park, Joseph and Sung-Yul (July 2011).'The promise of English: linguistic capital and the neoliberal worker in the South Korean job market'. International Journal of Bilingual Education and Bilingualism. 14 (4): 443–455=
EU AND THE PRACTICES OF LANGUAGE
Rahman , Afroza 2014.The Influence of Social Classes on Language Variations: A Study on the people of Dhaka city. Publication of Brac university
Wilox, Ethan Gotlieb 2015 Revolutionary Linguistics: The Ideology of the Soviet Esperanto Movement, 19171938- Stanford University.

**٢.سەرچاوەی کوردی**

ئەمین، نەوشیروان مستەفا ٢٠١٩ بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین: نەوەی دوەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان. سلێمانی: چاپخانەی ژین.
بابان، جەمال ٢٠١٨ بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان. سلێمانی: ئەندێشە.
خورشێد، فوئاد حەمە ٢٠١٨ زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، و.سوداد ڕەسووڵ. هەولێر: ڕۆژهەڵات.
سابیر، کامیار ٢٠١٨ ئەنترۆپۆلۆژیای زمانی کوردی.
سابیر، ڕەفیق ١٩٩١ بەرەو مێژوو. سوید
سەجادی، عەلائەدین ٢٠٠٥ شۆرشەکانی کورد.تاران: ئەتلەس چاپ.
ستالین ١٩٨٤ مارکسیزم و زانستیزمان. وەرگێرانی لە عەرەبیەوە مامۆستا بژار. لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی مامۆستایانی شاخ.
سیوەیلی، ڕێبوار ٢٠١٠ پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسیی فەلسەفی. هەولێر: موکریانی.
ناوخۆش، سەلام ٢٠٢٠ نالی لە بەلاغەوە بۆ بەلاغە. هەولێر: ڕۆژهەڵات.
ناوخۆش، سەلام ٢٠٢٠ زمانەوانی ئایدیۆلۆژیی. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی نارین.
ناوخۆش، سەلام ٢٠١٤ دوالیزمی نەتەوەیی. هەولێر: هیڤی.
نەبەز، جەمال ٢٠١٩ میری کورد،و.سەردار ڕواندزی. هەولێر: چ.ڕۆشنبیری.
نةوزاد , جةمال. ٢٠١٤. جیهانبینی مةسعود موحةمةد
کەسنەزانی، بوشرا ٢٠١٩. شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی سەردەم.
یۆسوپۆڤا، زەرێ ٢٠٠٥ شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، و.کوردستان موکریانی. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان.
هۆزفات، جۆرج بالوشی ٢٠٠١ ئەدەب و گزیری پۆلیس. وەرگێرانی لە عەرەبیەوە:محەمەد هەریری. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر.

**٣.سەرچاوە بە زمانی عەرەبی**

ستالین، جوزیف ؟ الماركسية و قضايا علم اللغة. حنا عبود.دمشق:دار دمشق.
شامیلوف، أ ١٩٨٤ حول مسالة الاقطاع بين الكرد.ترجمة كمال مەزهەر، الطبعة الثانية.بغداد: مطبعة الحوادث.
محمد، مسعود ١٩٩٠. الى عظيم غورباتشۆف مع التحية. بغداد

# زمانی کوردی و
# زمانی زانست ...

▢ فەرەیدوون سامان

زۆر کەس هەن تەنانەت هەڵگرانی بڕوانامەی زانستیشن پێیان وایە زمانی کوردی زمانی کشتوکاڵە و زمانی شار نییە، بۆیە نابێتە زمانی زانست، مەبەست لە زمانی زانستیش وشەو زاراوە زانستییەکانی پزیشکی و بایەلۆجی و کیمیاو فیزیاو تێرمە یاساییەکانە، کە هێشتا نەچۆتە بواری پراکتیزەکردنی لە داوودەزگاو فەرمانگە حکومییەکاندا، بەڵام ئەگەر ئاوردانەوەیەکی خێرا بدەینەوە و سەرنج بدەین دەبینین لەو ساڵانەی دوایی بەسەدان کتێبی هەمەجۆر لە بوارە زانستییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چاپکراون، مخابن هێشتا وەکو پێویست لە فەرمانگە حکومییەکان کارییان پێ ناکرێت، گەرچی زمانی کوردی لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا بە زمانی فەرمی ناسێنراوە و بڕیاری لەسەردراوە، هاوکات لە دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٦ و لە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقیشدا لە مانگی شوباتی ٢٠١٤ لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی کوردی بەفەرمی ناسێنراوە، لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا دوای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و عیبری پلەی زمانی پێنجەمی وەرگرتووە.

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزاریی ساڵی ٢٠٠٤ و پاشان دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەمجار دانیان ناوە بە فەرمیبوونی زمانی کوردی لە سەرانسەری عێراقدا. بەپێچەوانەی دەستوورەکانی پێشوو کە بێدەنگ بوون لەم بارەیەوە یا خود بە شێوەیەکی سنووردار و لە بوارێکی بەرتەسک (وەک خوێندن) و تەنیا لە چوارچێوەی ناوچەی کوردستاندا دانیان بە زمانی کوردیدا نابوو.

لەبەر رۆشنایی مادەی (٤)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەرچووە، بەڵام هەتا ئێستا ناوەڕۆکی ئەم یاسایە وەک پێویست پراکتیزە نەبووە.

زمانی کوردی لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا پاڵپشتی دەستووریی و یاسایی هەیە وەک زمانی فەرمی دانپێدانراو، لە ڕووی ڕواڵەتییەوە هیچ گرفتێکی یاسایی بەدیناکرێت. بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان سستی و کەمتەرخەمی دەنوێنن لە پراکتیزەکردنی ناوەڕۆکی یاساکان. هەڵبەتە زمان وەک بەشێک لە شوناسی هەر نەتەوەیەک بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێکە لە کەلەپووری کەلتووریی

نامادیی، کە ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر پاراستنی دەکەنەوە، لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا، هیچ میکانیزمێکی تۆکمە و شیاو دانەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە و بەدواداچوون و چاودێرییکردنی جێبەجێکردنی یاساکە. هەرلەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی تازەی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە و دواتر بە ئەندامبوونی  لە عوسبەی ئومەم لە ساڵی ١٩٣١، تا دەگات بە ریکەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، تا رادەیەک لە ناوچە کوردییەکان  زمانی کوردی رێگە پێدراو بووە، بەتایبەت لە دادگا و فەرمانگە حکومییەکان گفتوگۆی پێکراوە، گەشەکردنی زمانی کوردی (کوردی ناوەڕاست) ، بە زۆر هەورازو نشێودا تێپەڕیوە. تا دەگات بە قۆناغی دوای راپەڕینی ١٩٩١ و کەوتنی رژێمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣، هەڵبەتە لە باشووری کوردستاندا دەسکەوتی گەورە بۆ زمانی کوردی وەدی هاتووە، بەتایبەت کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی عیراقدا لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤  لەلایەن پەرلەمانی عیراق زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی بە فەرمی ناسێنرا. مخابن  لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا  لە داوودەزگا دادوەری و قانونییەکانی کوردستان  وەک دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا، تەنانەت کۆنووسەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانیشدا ، هێشتا زمانی عەرەبی هەژموونی باڵای  خۆی هەیە و زمانی کوردی لە پەراوێزدایە، هەوڵی جیدی نەدراوە لەو بوارەدا وشە و زاراوە یاساییەکان و تێکست  و کۆنووسەکان  بە کوردی بکرێن.

لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا لە داوودەزگا دادوەری و قانونییەکانی کوردستاندا وەک دادگاکانی هەرێمی  کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستاندا، تەنانەت کۆنووسەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانیشدا، هێشتا زمانی عەرەبی هەژموونی باڵای  خۆی هەیە و زمانی کوردی لە پەراوێزدایە، هێشتاس هەوڵی جیدی نەدراوە بۆ بە کوردی کردنی زمانی دادگاکان، هەروەها وشە و زاراوە یاساییەکان و تێکست و کۆنووسەکان  بە کوردی بکرێن.

لە کوردستاندا زمانی کوردی هێشتا نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە هەر سێ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن) و لە سەرانسەری سنووری کارگێڕیی حکومەتی هەرێمدا بە تەواویی بچەسپێت، بۆ ئەو مەبەستەش گەرەکە دەزگا ئەکادیمی و زمانناسییەکان سیمینارو کۆنفرانسی

زانستی بۆ ببەستن ڕێگاچارەی گونجاو بدۆزنەوە بۆ چارەسەری کێشەکانی زمانی کوردی و کردنی بە زمانێکی زانستی و شارستانیانە.

بەگشتی دەسکەوتێکی مێژووی گرنگە بۆ گەلی کوردستان، کە زمانی کوردی زمانێکی فەرمی دانپیانراوە، لە دەستووری نوێی عیراقدا ناساندنی لەسەر ئاستی وڵاتەکە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە هێشتا زمانەکەمان ڕوو بەڕووی جینۆسایدی فەرهەنگی دەبێتەوە، بەتایبەت لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمدا. سەرباری دەوڵەمەندی زمانی کوردی بە زار و بنزار و دەڤۆکەکانی وفەرهەنگێکی مەزنی پەیڤ و زاراوەی تێدایە، کە بەشی زمانی زانستی و یاسایی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەن پێیان وایە زمانی کوردی زمانی فۆلکلۆرو کەلەپوورە، ئێستا زمانی کوردی لەبەردەم حاڵەتی گەورەی دۆخی جیهانگیریی دایە، یەکەمیان ئەوەی کە ئەم زمانە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهان و مەعریفە و زانستی نوێ هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی دەدات کە ببێتە زمانحاڵی دروست و بەپێی توانای ئاخێوەران و هەموو ئەوانەی قسەی پێدەکەن. دووەمیان ئەوەی کە ئەم زمانە سەرەڕای ئەوەی کە بە هۆی داخراوی و ڕۆحییەتی دەمارگرژی سنوورەکانی کرانەوە بەرەوڕووی جیهاندا دادەخات، تووشی شێوەیەک لە فامکردنی خێڵەکی و گوندەکییانە دەبێتەوە، کە درێژەی ئەو ژیانە لۆکاڵی و داخراوەیە و لەمپەرن لە بەردەم توانستی داهێنان و گەشەکردنی زماندا، لەهەردوو حاڵەتەکەش جیاواز لە هەموو ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی زمانی کوردین، بەداخەوە زمانەکەمان هێشتا نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن و لە سەرانسەری سنووری کارگێڕیی حکومەتی هەرێمدا بە تەواویی بچەسپێت.

ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر زمانی کوردی لەبەردەم هەرەشەی لەناوچووندایە، چەندان هۆکاری دەرەکی و ناوەخۆش هەن کە هەڕەشە لە زمانەکەمان دەکەن، بۆ هۆکارە دەرەکییەکان ئیتر پێویست بەوە ناکات دووبارە بگەڕێینەوە سەر هەوڵی وڵاتانی نەتەوەی سەردەست لە دژایەتی کردنی زمانی کوردی، بۆ نموونە بە هۆی بە سیاسەتکردنی پرسی کەمینەکان لە کوردستاندا وەک پرسگەلی کوردانی ئێزەدی و کاکەیی و فەیلی و شەبەک و زازاکی و هەورامی...هتد، و هەوڵدان بۆ پتر

لاوازکردنی زمانی کوردی و کەمکردنەوەی کاریگەریی جوگرافیای دانیشتوانانی کورد لە عیراقدا بەتایبەتیش لە ناوچە کوردستانییە کێشە لە سەرەکاندا، پلانێکی کارا هەیە بۆ ناساندنیان وەک کەمینیەیکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد، بۆ ئەم مەبەستەش حزبی سیاسی ودارایی و پشتگیری سیاسی ناوخۆ و دەرەکی دەکەن. (بەتایبەت لە هەندێک ناوەندی شۆڤینی ولاتانی ئیقلیمی) دا، بە پلان و بەرنامەی تۆکمە کاری جددی بۆ کراوە، بەلام داخەکە لەوەدایە هۆکارە ناوخۆییەکان خەریکە دەبنە کێشەیەکی چارەسەرنەبوو کە بە دەستی کورد خۆیەوە برینەکان قوڵتر دەکەنەوە. هەڵبەتە هەبوونی زار و بنزار وهەروەها نەبوونی زمانێکی ستاندارد و هاوبەش بۆ هەموو تاکەکانی کورد لە بەشەکانی کوردستاندا، ئەگەرچی دیاردەیەکی سرووشتی هەموو زمانێکی زیندووە، بەلام ئەو هەولانەی کە دەدرێن بۆ سەربەخۆ ناساندنی ئەو زارانە و جوداکردنەوەیان لە زمانی دایک، ناتوانرێت نکۆڵی لەو مەترسییە جیددیە بکرێت، وێرای هەرەشەی زمانە بیانییەکان وخوێندنیان لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا وهاوکات پەراوێز خستنی زمانی کوردی لەو خوێندنگا ئەهلیانەدا، کە نەوەیەکی نەشارەزای لە زمانی کوردی بەرهەم هێناوە، هەڵبەتە دواتریش لە پاشەرۆژدا ئەنجامەکەی زۆر بە خراپی دەبینین، کە ئەم نەوەیە سۆز و ئینتمای بۆ زمانی نەتەوەکەی خۆی نابێت، بە چاوێکی سووک تەماشای ئاخێوەرانی زمانەکەی خۆی دەکات.

زمان پێویستی بە سیستەمێکی پەروەردەی بەهێز هەیە، کە هەم پێویستییەکانی جیهانی نوێ و قەیرانەکانی بە باشی لێکبداتەوە و بڕواتە ناو کایەکەوە و هەمیش سامانێکی گەورەی زمانی و ئەدەبی کە هەیەتی ئاراستەی جیهانی کەشف نەکراوی خۆی بکات و «بوون»ی زمان و مرۆڤی کورد بۆ خۆی مانیفێست بکات، هەر زمانێک پێکهاتی تایبەت بە خۆی هەیە، پێکهاتێک کە لە مێژووی ئەو زمانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی زمانەکان شتێکە حاشای لێناکرێت.

مخابن ئەو زمانە شیرینە کە ناحەزانی گەلەکەمان بە هەموو شێوازێکی شۆڤینیانە دژایەتی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن، ئەویش بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی بۆ ئاخێوەرانی و لەسەر ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن و چاپەمەنی

و رۆژنامەوانی و میدیادا، هەروەها ناساندنی هەندێک لەو دیالێکتە کوردییانە بە زمانی سەربەخۆو بە پلان و بەرنامە کار بۆکردنی.، ئیدی شتێکی سەلمێندراوە کە زمانی دایکی چ رۆڵێکی گرنگ و بنەمایی و تەندروستی لە فێربوون و پەروەردەی نوێدا هەیە، ئێمە تەنانەت زمانی دیکەش لەرێگەی زمانی خۆمان باش فێر دەبین و لێی تێدەگەین واتە کلیل و کلاورۆژنەی تێگەیشتنی زمانەکانیتر و جیهانیتر هەر لە رێگەی زمانی خۆمانە.

لە هەرێمی کوردستاندا لە رۆژی ٨-٣-٢٠١٧ بەسەرپەرشتی وەزیری خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی بەرێز یوسف گۆران و بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزارەت، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتەکە لە زانکۆی دهۆک لەسەر رەوشی زمانی کوردی بەرێوەچوو، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا ئەژمارکردنی نمرەی وانەکانی زمانی کوردی بۆ دەرچووانی پۆلی دوانزە لە کاتی پێشکەشکردن بۆ کۆلێژە زانستییەکان (پزشکی و ئەندازیاری) ئارەزومەندانە بێت.» ئەم بڕیارە چ لە رووی ماهییەتی روانینی وەزارەت بۆ پەروەردە و پلانێکی زمانی و چ لەرووی ئاگاداری لەسەر رۆڵی زمانی دایکی لە فێربوونی زانست و مەعریفەی نوێ، هەڵگری نەزانی گەورە و کەمتەرخەمی ترسناکە. هەر چەند ئەم بڕیارەی وەزارەت لەلایەن تاقمێک لە مامۆستایانەوە بە نادروست لێکدرایەوە و لە دژیدا خۆپیشاندانیان کرد و سەرۆکی حکومەتیش فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دا، بەڵام وەکو لە هەواڵەکاندا لەکاتی خۆیدا بڵاوبوویەوە وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی رایگەیاند بووە هێشتا بڕیارەکە هەڵنەوەشێنراوەتەوە و وەکو خۆی ماوە. بەهەرحاڵ ئەم حاڵەتە رەهەندی زۆری هەیە و من نامەوێت هەموو لایەنەکانی ئەم کەمتەرخەمی و بێ پلانی و دژایەتییە بۆ زمانی کوردی کە لە پێکهاتێکی فەرمیدا ئەنجام دەدرێت، بخەینە بەر باس، بەڵکو دەمانەوێت بە هێنانەوەی نموونەیەکی سادە ئەم بێ پلانی و کەمتەرخەمییەی پەروەردەی زمانیی باس بکەین کە خەریکە لە هەناوی تاک وکۆی ئاخێوەرو تەنانەت هەندێک لە نووسەرانیش رەگئاژۆ دەبێت و بەو قەناعەتەمان دەگەیەنێت کە لە فێرکردنی هەڵە و بێ پلانی و کەمتەرخەمیدا چ دەستێکی بالا و بوودجەیەکی قەبە لە کارادایە.

ئەو هەموو هەڵە و شێواندنی زمان و ڕێزمانییە کە لە کەناڵەکانی میدیا بەتایبەت ڕادیۆ و تیڤیە ئاسمانییەکان و تابلۆ دیار و گەورەکانی ناو شآرەکان دەبینرێن نیشاندەری ئەو پەروەردە سەقەت و بێ پلانەیە، کە هێشتا بەشێکی خەڵک نازانن بە کوردی بنووسن و لەوەش گرینگتر هەر بەلایانەوە گرینگ نەبێت چۆنی دەنووسن و بۆچی دەینووسن و بۆ بنووسن! واتە پەرۆشی زمانی لە ئاستێکی زۆر خوار و نزم دایە. وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاو ڕۆشنبیری کەمترین کادیری دڵسۆزی شارەزاو پسپۆری زمانیان تێدایە، یان ئەگەر هەشبن هیچ دەسەڵاتێکی بڕیار بەدەستیان نییە تا ڕۆڵی کارای خۆیان بگێڕن لە خزمەتکردن بە زمانی کوردیدا..

ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری بە هاوکاری کۆمەڵگای مارگرێتی پەروەردەیی (کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی زمانی کوردی وزاراوە یاساییەکان)، لەڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ ی ئایاری ئەمساڵدا لەشاری سلێمانی خۆشبەختانە دوای هەوڵ و چاوەڕوانییەکی زۆر، بە پشتگیریی خودی دکتۆر تەها ڕەسوول لە شاری سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیریدا بەڕێوە برد..

سەبارەت بە گەڵاڵە کردنی ڕاسپاردە و پێشنیاری زانستی، لەمەر چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە دووچاری زمانەکەمان هاتوون لەبوارەکانی وشە و زاراوە و سینتاکسە یاساییەکان لەکایەکانی دادگا و دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا.

ئێمە وەکو ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری داواکارین لایەنە حکومییەکانی کوردستان کە لە ڕابردوو هاوکاری پرۆژەکانمان نەبوون و خەمساردبوون بەرامبەر زمانی شیرینی کوردی لە بوارەیلی زانستی وهەروەها یاساییدا، لەپێناو پاراستنی شکۆی زمانی کوردی و ڕێکخستنی ئەو کۆنفرانسە، ئەمجارە هاوکارمان بن بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژە نەتەوەییە پیرۆزە کە ئامانجی بە کوەدی کردنی زمانی دادگاکانەو دانانی قامووسی ستانداردی وشو و زاراوە یاساییەکانە.

بۆیە بە پێویستی دەزانین کە ئامانجی ئ کۆنفرانسێکی زمانناسی زانستی و نێودەوڵەتی ، مەبەستی پێداچوونەوە و دانانی فەرهەنگێکی ستانداردی کوردی تایبەت بەوشە و زاراوە یاساییەکان و هەروەها بە گەڕخستنی زمانی کوردی بەکارهێنراو لەدادگاکاندا، لەڕێگای ئامادەکردنی ژمارەیەک توێژینەوەی زانستی

زمانەوانی کەسانی  شارەزاو پسپۆر لەو بوارانەدا. بۆ لێکۆڵینەوەی هەنگاوەکانی دوای دەست بەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، تاکو راسپاردەکان  ئامادە بکرێن، وەکو پێشچاو روونیەک  بخرێتە بەردەم  لایەنە بڕیار بەدەستەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبایەخەوە بۆی بڕوانین، لەداهاتووی نزیکدا راسپاردەکانی کۆنفرانس جێ بەجێ بکرێن و شکۆ بۆ زمانەکەمان بگەڕێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزم دە زوانی کوردیدا

□ کامران ڕەحیمی/ ئیلام

سەرەتا بەم پرسیارانە دەست پێدەکەم کە ئایا زمانی کوردی دە رۆژهەڵات، توانیوە یان دەتوانێ خوێنەرتەوەر بێت؟ ئایا خەڵک، لە هەموو شێوەزارەکان، بە یەک شێوە، پێشوازی دەکەن ؟ چاپ و بڵاو کردنەوەی کتێب سەرتاسەرییە یان ناوچەیی و لادێیە؟ ئایا نووسەران، کتێبەکانی یەکتر دەخوێننەوە؟ ئایا شوناسی ئێمە، تەنیا گرێدراوە بە زمان؟ هەرچەند وەڵامی ئەم پرسیارانە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی درێژە خایەن و چەند لایەنە هەیە، بەڵام ئێستا ئەگەر چەند دێڕێکی کتێب یان رۆژنامەیەکی کوردی هەڵسەنگێنیت تێدەگەی دەقەکان زیاتر لە ٩٠٪ بە کوردی پەتی نووسراون. بێ‌گومان بیری پەتی نووسین رەنگدانەوەی روانگەی ناسیۆنالیستییە بۆ زمان و شوناس. ئەوەش ناسیونالیستی خێلی و ناوچەیی، نەک نەتەوەیی، بە شێوەیەک کە زمانی کوردی بەگشتی لە بەر بگرێت نە تەنیا دەڤەری سوران و بابان و موکریان. ئێستا چ بخوازین چ نەخوازین، شوناس و وژایەتی رژاوەتەوە نێوی زمان و بیرۆکەی پەتی-نووسین، پاشان مەبەست لە پەتی سازی، تەنیا شێوەزارەکانی ناوەراست دە باشوور و رۆژهەڵاتە و بەکارهێنانی وشەکان و سینتەکسی گورانی(هەورامی)، زازایی، کوردی خواروو(پاڵەوانی) و کرمانجی قە دە غە نە. رۆشنبیری کوردیش دە کاریگەری ئەم بیرۆکەی ناتەواوە، تێکۆشاوە تا بە پێکهێنانی زمانێکی رەسەن، سنووری زوانی و شوناسی، بۆ خۆی دیار بکات، پاشان بۆ ئەوەی سنووری شوناسی خۆی، پتەوتر و بەرچاوتر بکاتەوە زمانەکەی پەتی تر و کوردی تر کردووە، دە کاتێک دا ئەوەندە پێویست نییە، چونکو ئێمە ئەزموونی مێژوویی و فێرکاری گشتی وەکو باشوور نیمانە و دەبێ ئەم راستییە لە بەر چاو بگرین. لە هەموو گرنگ تر خۆمان لە گەڵ دراوسێیەکان هەڵسەنگێنین. بۆ نموونە زمان ناسان دە لێکۆڵینەوەیەک دا بەو ئەنجامە گەیشتوون دە «٩٩٠٣» وشەی رۆمانی، «٣٥٦٦» وشە بیانین. یان زمانی فارسی بەو دەستەڵات و مێژووە کۆنەوە، پڕە لە وشەی عەرەبی، مەغوولی، تورکی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، کوردی، تەبەری، مازەندەرانی، سوغدی و … لەم بارەوە مامۆستا «بەهار» دە کتێبی «سبکشناسی»دا دەنووسێ: «دە سەدەکانی شەشەم، هەوتەم و هەشتەمدا پەخشانی فارسی ٨٠٪ عەرەبییە …» . هەر ئێستاش هەر دەقێکی فارسی لێکبدرێتەوە نزیک بە شەست لە سەدی تەنیا عەرەبییە … کەچی دە جیهان دا، فارسی وەک زمان ناسراوە و دە هەموو بوارێک دا توانایی و ئامادەبوونێکی تەواوی هەیە. هەڵبەت پێویست بە وتنە بیری پەتی نووسین دە فارسی دا کە دە سەردەمی رەزاخانەوە دەستی پێکردبوو ئێستا بەهایەکی وای نەماوە.

لە راستی دا زمانی کوردی بە هۆی نەبوونی هاوکێشی دە نێوان فێرکاری گشتی و فرەوشەسازی دا بۆتە زمانێکی دەستکرد و تا رادەیەک پێوەندی لەگەڵ خەڵک دۆڕاندووە. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەلێنە دە کوردستانی ئێران زۆربەی هەفتەنامەکان، گۆڤارەکان، وەرزنامەکان، بەشێک دە وتارەکانیان بۆ زمانی فارسی تەرخان کردووە. پێویستە بێژین ئەم کارە بە شێوەیەکی پاڵەکی نیشاندەری ئەمەیە، زۆربەی خەڵک، دەم زمانە تێناگەن یا نایزانن (؟). بۆ پاساودانی ئەم دۆخە هەندێک دەبێژن ئەم کارە بۆ دروستکردنی پردێکە دە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەدا بەتایبەت فارس دا. بەڵام ئەم تێڕوانینە کاتێک راستە، چاپەمەنییەکان بە شێوەی رۆژنامەی سەرانسەری بن نەک ناوچەیی.

ئەم دەستکردی بوونەی زمانە تا ئاست و رادەیەکە، کە لای نووسەران و شاعیران ئەم رستەیە بۆتە باو کە « کابرا کوردی نازانێ ...». خودی ئەم رستەیە نیشان دەدات کە ئەم زمانە تا رادەیەک دەستکردە، نەک سروشتی. ئەگینا چۆن دەبێ کوردێکی خوێندەوار، زمانی زگماکی خۆی نەزانێ، بێگومان مەبەستی نووسەرانی کوردیزان (؟) نەزانینی زمانی نووسین و پەتی کوردییە، چونکو هەر کەسێک بە شێوەی سروشتی ئاگادارییەکی تەواوی هەیە بە سەر هەموو بەشەکانی زمانی دایکی خۆیدا وەک: رێزمان، دەربڕینی وشە، دەزگای واچی و مانایی.

رەوتی ناسیونالیزم دە زمانی کوردیدا گەیشتووەتە قۆناخێک کە بۆ وشەگەلێک هاوتاسازی کراوە کە بەڕاستی پێویستی هاوتاسازی ئەڕای ئەو وشانە دە پلەی یەکەم-دا نییە و زۆر وشە و چەمکی تر هەن دەبێ لایان لێبکرێتەوە. نموونەی لەم شێوە دە دیکەی زمانە ئێرانییەکان دە ئێران و ئەفغانستان و تاجیکستان و پاکستان نەبینراون بۆ وێنە: کۆمار، سەرۆک، نەتەوە، گەل، گۆڤار، بنەما، سەرچاوە، لاپەڕە، ئەندازیار، رێنووس، بەرکار، کۆمەڵ، هۆنراوە، دەق، وێژە، دەنگ (vote) ... .

ئایا هاوتای ئەو وشانە دە زمانی فارسیدا نییە یان زمانەوانانی فارس بەو هەموو دەسەڵاتەوە ناتوانن ئەڕای زۆربەی ئەو وشانە کە سەدان ساڵە لە سەر زاری خەڵکن واتاسازی بکەن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە روونە؛ چونکو بە وردە سەرنجێک دە زمانی فارسی و گەڕانێک دە نێو قامووسەکان دا سەدان وشە دەبینین کە دەتوانین وەک هاوتا کەڵکیان لێوەربگرین. بۆ وێنە:

چنگار (ده بەرامبەری سرطان)، خدو (بزاق)، آهنجیده (انتزاعی)، آیشنه (جاسوس)، پالوغ (مقایسه)، بیوسیدن (طمعداشتن)، وچر (فتوا)، وچرگر (مفتی).

بەڵام قەت ئەم وشانە کاربردیان نەبووە چونکو دەوری سەرەکی زمان پێوەندی لەگەڵ خەڵکە، هەروەها گواستنەوەی پەیامە بە یارمەتی وشە. ئەگەر دە بواری وشەسازی دا فرەکاری (ئیفرات) بکرێت پێوەندی زمان دەگەڵ خەڵک هەڵدەپچڕێ و پاشان دە ئەنجام دا زمانێکی دەستکرد و رەمزی پێکدێت کە تەنیا نووسەران تێیدەگەن و پێی دەنووسن دە کاتێک دا زمان بۆ تێگەشتنە نەک بۆ تێکدان ... .

ئەز وا بیر دەکەمەوە کە گرنگ ترین ئەرکی نووسەران و رۆژنامەوانانی کورد لەم سەردەمە دا لە بەر چاو گرتنی خەڵکە کە چۆن لە گەڵیان دانووستان بکەن، خەڵکێک کە تا ئێستا، دەرفەتی ئەوەیان نەبووە کە بە زوانی خۆیان راهێنان، ببینن! من دڵنیام ئەم قسانە دە لای فرە لە نووسەران و رۆشنبیران سەرتایی و لاوەکییە! بەڵام ئەمە واقعیەتێکی حاشا هەڵناگرە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێمە، رێنووسی کوردی یان شێوەزاری خۆ نازانن چ بگاتە زمانی پێوەر و فەرمی!

شیاوترین و لۆژیکی ترین ئێستراتێژی بۆ ئەم کێشە ئەوەیە کە زمانی نووسینمان دەبێ ساکار و سادە بێت وەهنگاو بە هەنگاو لەگەڵ فێرکاری گشتی دا بەرەو پێش بڕوات. قەی چی ئەکات ئێمە دە هەموو چاپەنیەکانم دا فایلێک یان بەشێک تەرخان بکەین بۆ فێرکاری چینی نوێ و تازەپێگەیشتوو. نابێ ئێمە ژستی رۆشنبیر و رۆژنامەوانانی تارانی بە خۆ بگرین و بزان ئەوان چی دەکەن ئێمەش وا بکەین؟ ئایا دە بەراوردی سەرپێی، خەڵکی ئێمە و ئەوان تەنانەت دە بواری پەروەردە و فێرکاری یەکێکین؟ لە راستی دا ئێمە بۆ کێ دەنووسین؟ ئایا پەتی نووسین و لاسایی لە ئەو دێو، نابێتە هۆی هەڵاتن خەڵک لە کورد و کوردەواری؟

بەم رەوش و رەوت و باردۆخە، داهاتووی زمانی کوردی دە رۆژهەڵات دە بواری مان و نەمان چۆن پێشبینی دەکرێ؟

ئەگەر هەر ئەم زمانی پێوەر و ناسراوە بەشێکە لە شوناسی ئێمە، ئایا شێوەزارەکانی تر بەو هەموو جەماوەرە، شوناسی خۆیان دە نێوانی دەبینن؟

***

* **وژایەتی، وشەی داتاشراوی بەرێز عەتا مەنسووریە بەرانبەر بە هوویەت. کە گەلەک لە وشەی»شوناس» رەسن تر و رێزمانی ترە.**

* **بەرپرسی ئەنستیتوی زانستی زاگرۆس.**

# زاراوەی دیپلۆماسی کوردی

## Kurdish Diplomatic Terms

فەتحی مەلا عەلی مەلا عەبدوڵلا مودەریس

کورد و پێگەی کوردستان لە نەخشەی ئێستای جیهاندا گۆڕانکاریی مێژوویی و گەورە بەخۆوە دەبینێ بە ڕادەیەک و ڕۆژ دوای ڕۆژ گرنگی(بایەخی) سیتراتیژیەتی کوردستان خۆی لە نێو ناوەندە سیاسییەکاندا و خاوەن بڕیارەکانی جیهاندا وەک واقیع حاڵ دەبینێتەوە.

کورد نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و خاک و زمانێکی(زمانێکی) زیندووە، شایستەی ئەوەیە کە خاوەن دەوڵەت بێت و بخرێتە ڕیز بەندی وڵاتانی جیهان کە ژمارەیان تاکو ئێستا دەگاتە (١٩٧) وڵات، هاوکات هاوشانی میللەتانی تر کە لە بواری فەرهەنگییەوە دەوڵەمەند بێت، ئەوەش خەونێکی دروست و شەرعییە لە نێو خەونە نەهاتووەدییەکانی ئەو گەلە ستەم لێکراوە.

گەیشتن بە ئاستی وڵاتانی (وڵاتانی)تر : ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان گرنگی ستراتیژی خۆی هەیە کە زمانی کوردی ببێتە سەرچاوە بۆ زانست و فەرهەنگی بابەتی، ئەو هیواو ویستە ڕەوایەش بە بێ هەوڵدان و تێکۆشان نایەتە ئاراوە لە هەمانکاتدا ماندوونەناسی و بە بێ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی نەتەوایەتی کورد بەو ئامانجە ناگات.

جا بۆ ئەوەی ئەوەی پەرەپێدان و گەشەسەندن لە تێگەیشتن و فێربوونی زمان و ئەدەبیاتەکانی بەردەوامی هەبێت، پێویستە ئەو ئەرکە کاتی زۆر و گونجاوی بۆ تەرخان بکرێت، بێگومان توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەلایەن خاوەن بەهرەی ئەکادیمی هاوشێوەی زمانەکانی تر گرنگترین هەنگاو دەبێت، ئەو هەوڵ و تێکۆشانەش بگرە لە وەرگێڕان و توێژینەوە و بەراوردکردنی زانستییانە بە ڕادەیەک کە تیۆرە زمانەوانیەکانی جیهانی بە ڕادەی پەیوەست لە کۆلێج و زانکۆکانی کوردستان لە بابەتی پەرەپێدان و وەرگێڕان و دانانی فەرهەنگی تایبەتی، چ لەبوارەکانی یاسایی یان ئابووری یان سیاسەت یان دیپلۆماسیەت، ئەو گشت چالاکییانە پێویستە ببێتە پرۆژەی نەتەویی بۆ ناوەندی توێژینەوەکان.

وێڕای زنجیرە نەهامەتییەکان و هەڕەشەکان لەسەر خودی نەتەوایەتی و بوونی کورد، هەڕەشەکان لەسەر زمان و خاک و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و مەترسییەکانی کۆمەڵ کوژی و جینۆساید و بەدناوەکانی لەناوبردن، لە لایەکی تریشەوە ململانێکان

و دووبەرەکی خودی کۆمەڵگای کوردی و دەست تێوەردان لە کاروبارەکان، ئەمانە گشت بە درێژایی مێژوو دووبارە و سێ بارە بوونەوەتەوە، بەڵام فاکتەرەکانی مانەوەی زمانی کوردی زۆر بەهێزتر بووە لە گشت هەڕەشەکانی ئەو مەترسیانە، بێگومان فاکتەری بەردەوام بوون و گەشەسەندن هەڵبەتە بە ڕواڵەت بۆ هێزی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە کە لە توانای دابووە زاڵ بێت بەسەر هەر هەڕەشەیەک یان ویستێک کە دژی مانەوەی ئەو زمانە بووبێت، یاخود هەر پیلانێکی داڕێژراو لە دژی میللەتی کوردی.

## پڕۆژەی زاراوەی دیپلۆماسی کوردی

زمانی دیپلۆماسییەت هەر وەک هەر بەشێکی تر لە ئاخاوتن و تەعبیردان لە مامەڵەکانی مرۆڤ تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕوانگەی نەتەوەیی و زانستی و ئیداری، کە هەر نەتەوەیەک خاوەن زمان و مێژوو و خاک بێت شانازی بەوە دەکات بە زمانەکەی لە گشت ڕویێکەوە بە تایبەت لە دروستکردنی تۆڕی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەشەکانی تری جیهان و ڕایەلەکردنی کارەکان بەهێزە، ئەو پڕۆژەیە نەک تەنیا گرنگی لەو بوارانەی ئاماژەمان پێکرد هەیە،بەڵکو زەرورەتێکی شارستانییەت و جیهانگەراییشە.

(پڕۆژەی زاراوەی دیپلۆماسی کوردی) و هەڵسان بە دامەزراندنی بنەما سەرەکییەکانی ئەو پڕۆژەیە بۆ ئێستای ژیانی کوردستان بە گشت دەڤەرەکان و سووچەکانی لە هەر چوار پارچەی خاکەکەی بە ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەویی و زانستی هەژمار دەکرێت.

لە هەرێمی کوردستان و دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوو و هەژموونی سیاسی و عەسکەرتاری و تەعریبکردنی گشت چالاکییەکان و نووسین و ئەنجامدانی کاری هونەری و نووسراوەکانی حکومەت و ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا گشت ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی میللەتی کورد هەبووە بە تایبەت کاریگەری لەسەر دوو نەوەیە، بەلایەنی کەم و گواستنەوەی ئەو کاریگەرییە لەسەر نەوەی تر.

بۆ دەربازبوون لەو هەژموون و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و سیاسی و ساڵانی دەستبەسەر لەلایەن ڕژێمی بەعسدا، جۆرێک لە هەستکردن بە شەرمەزاری و بە نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستاندا وەدیدەکرێت. ئەم هەوڵە، هەوڵی یەکخستنی زاراوەی کوردی ناوە ناوە دەردەکەوت، بەڵام توانای بەردەوامی نەبووە، لەبەر چەند هۆکارێک، کە تایبەتە بە خودی یان سروشتی پێکهاتەکان و تێکەڵاوی و ئاستی ڕۆشنبیری چینە جیاوازەکانی نەتەوەی کورد.

(پڕۆژەی زاراوەی دیبلۆماسیی کوردی) وەک پێشنیاز و بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوە شایەنی هەوڵ و تێکۆشانە، لەبەرئەوەی شێوازی ئاخاوتن و گەیشتن بە ئامانجەکان بە خێراترین شێوە و تێکەڵبوونی میللەتی کورد لەگەڵ گەلاندا، بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا لەنێو جیهانێکدا، کە سات بە سات گۆڕانکاریی و پێشکەوتن بەخۆوە دەبینێت، بە تایبەت لە بواری پەیوەندیکردن بە هەموو لقەکانییەوە.

Audio، visual and readable means of communication

چۆنیەتی و دانانی میکانیزم و ئامادەسازی بۆ ئەو پڕۆژەیە پێویستە لیژنەیەک لە خاوەن ئەزموون و مامۆستایانی ئەکادیمی و کارمەندانی ئاستی حکومی و ڕۆشنبیران لە زاراوەسازی و زمانەوانی دروست بکرێت، ئەو لیژنەیە هەڵبستێت بە ئامادەکاری دانانی زاراوەی تایبەت لە فەرهەنگێکی بەرفراوانی کوردی کە هەڵبەتە ڕەزامەندی فەرمی حکومەتی هەرێمی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو فەرهەنگە ببێت بە کارنامەی وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بۆ دووبارە چاوپێخشاندنەوە بە زاراوەکانی پێشوو و هەموارکردنەوەی بە هەردوو زاری سۆرانی و کرمانجی.

هەوڵی دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لە گرنگترین زاراوە و تەعبیردان لە هەڵسوکەوتی دیپلۆماسی یاخود بەکارهێنانی زاراوەی هاوشێوە و پەیوەست بە وەزارەتەکان دەبێت، کە گشت زاراوەکان و وشەکان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت بە تایبەت لەو قۆناغە هەستیارەی ئێستای کوردستان و بە جیهانبوونی پرسی کورد و کوردستان. ڕاستییەکەی ئەوەیە پێویستە تێگەیشتن و خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

ئامانجی دانانی فەرهەنگێکی تایبەت بە زاراوەی دیپلۆماسییەت لەوەدا بەدی دەکرێت، کە هەرێمی کوردستان هەر لەوکاتەی وەک هەرێمی کوردستان لە

دەستووری عێراقدا پەسندکراوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قۆناغی پێشکەوتووتر دەنرێت و تەحەددایەکان گەورەتر دەبن بەرامبەر دامەزراوەکانی جومگەی حوکمڕانی و پابەندبوونی (ئیلتزاماتی) فەرمی هەرێم بەرامبەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

ئەو تەحەددایە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت بە تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی کۆبوونەوە و کاری ڕۆژانەی وەزارەتەکان و نووسینی فەرمی نووسراوەکانی حکومەت بۆ باڵوێزخانەکان و کونسەلگەریەکان و وڵاتانی جیهان و دەزگا ئەکادیمی و فەرمیەکان.

وە بە پێچەوانەوە ئەگەر هاتوو بە هەڵە یان پشت گوێ خستنی ئەو بوارە دەرئەنجامی جۆراو جۆری لێدەکەوێتەوە و هەندێک جاریش لە ئەنجامی وشە و زاراوەی نادروست گرفتی یاسایی دروست دەبێت.

هەڵسەنگاندن و دووبـارە چاوپێخشاندنەوە بە ئـەدای نـاوەنـدە ڕۆشنبیرو ئەکادیمیەکان بۆ پەرتووکخانەی کوردی لەو خاڵەوە دێت کە تا چ ئاستێک ئەو پەرتووکخانەیە لەهەمان ئاستی پەرتووکخانەی وڵاتانی تری گەشەسەندوو دەبێت، بەلایەنی کەم پێویستە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە هەوڵی بێوچان بدرێت، ئەوەش لەکاتێکدا دەبێت کە دەست بکرێت بە کامپینی وەرگێڕان و دانانی فەرهەنگی جۆراو جۆر بۆ گشت ئاستەکانی خوێندنگاکان بەتایبەت قوتابخانەکان و دانیشتگاکان و زانکۆکان لە ڕێگای چاپکردنی پەرتووکی هەمەچەشنە، لەلایەکی تریشەوە پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێی ئۆنلاین و دامەزراندنی داتابەیسی تایبەت لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، گشت ئەمانە ئەزموونی شایستەی وڵاتانی جیهانن کە بۆ نەوەی ئێستا دەگوازنەوە.

لەلایەکە تریشەوە پێویستە سەرنج و هەوڵەکان بە چوونە ناو جیهانی ئینترنێت کە جیهانێکی بێ سنوور دەنوێنێت بخاتە ئەولەویاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو جیهانە نوێیە بە گشت پێوەرێک لە ئێستا و دوارۆژدا گرنگە و بایەخی خۆی هەیە و، وە لە دوارۆژدا بایەخەکە زۆرتر دەبێت و پێویستە بەرنامەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دابڕێژرێت.

وا ئێستا گرنگترین و بە ناوبانگترین ڕۆژنامە و گۆڤار دەخرێنە نێو جیهانی ئەلیکترۆنی داتا بێس و بە ڕاستەوخۆ (ئۆنلاین) دەتوانرێت هەڵبگیرێت و سەیر

بکرێت، وە ببێتە سەرچاوەی زانیاری، سەرەڕای پرۆسەی چاپکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب.

ئەو هەوڵانەش وەک ئەرکێکی نیشتمانی و زەرورەتی دۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقیاتی هاونیشتمانیەتی دەبینرێت، ئەرکەکەش دەکەوێتە سەر شانی زانکۆکانی کوردستان و دەزگاکانی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیران و مامۆستایان و ناوەندە ئەکادیمیاکان و نووسەران و، بگرە گشت تاکە کەسی کوردی خاوەن باوەڕ بە نیشتیمان و دوا ڕۆژی پڕشنگداری کوردستان.

فینۆمینای جیهانگەرایی یاخود جیهانگیری (العولمة – Globalization) بێگومان ئەرکی جێبەجێکردنی پڕۆژەی (زاراوەی دیپلۆماسی کوردی) ئاسانتر دەکات بە بوونی هۆکاری یارمەتیدەر وەک خێرایی وەدەست کەوتنی سەرچاوەی زانیاری و دەنگوباس.

ئێمە وەک یەکەم دەستپێشخەری دوای ساڵانێکی دوورو درێژ لە کۆکردنەوەی زاراوە و وشەی گونجاو بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگێک بۆ زمانی دیپلۆماسی و بەراوردکردن و شرۆڤە بۆ زاراوەکان بە گەڕانەوە بۆ چەند سەرچاوەیەک، هەڵساین بە گەیاندنی ئەو بەرهەمەمان بۆ چاپکردن بۆ ئەوەی ئەو هەوڵە ببێت بە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو پڕۆژەیە کە هیواداریـن خاوەن ئەزموون و زانستی یاسایی و پەیوەندییەکان و زمانناسەکان هەڵبستن بە تەواوکردنی ئەو هەنگاوەی ئێمە و گەیشتن بە ئاستێکی بەرز لەو بوارەدا.

ئەو بەرهەمەی ئێمە لەژێر ناوی (ڕاوێژیار) فەرهەنگی ئینگلیزی – کوردی بۆ دیپلۆماسییەت و پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی کە لە ٢٠١٨ چاپکراوە.

ئەو هەوڵەی ئێمە وێڕای کەمو کورتی بەڵام هەوڵێک بووە کە ئەنجامی دەدەین بۆ خزمەتکردنی پەرتووکخانەی زمانی کوردی شیرین و ڕەسەن لە بوارێک کە خەریکە دامو دەزگا جۆراو جۆرەکانی حکومەت بەرەو قۆناغێکی گرنگی مێژوویی کوردستان هەنگاو بنێن.

هەرێمی کوردستانی عێراق سەرەڕای قەیرانەکان و گرفتە ناوچەییەکان زۆر بە قورسایی قۆناغ دەنێتە ئاڕاستەیەکی مەودای سیاسی بە ڕادەیەک کە پەیوەندییەکانی دەخاتە سەر نەخشەی جیهانی دیپلۆماسیەت و نێت ۆرکی پلانەکانی دواڕۆژی ئەو

نەخشە سیاسیە لە جیهان، واتە جیهانێکی نوێی بایەخداری کۆمەڵگەی مەدەنیەت و جیهانگەرایی.

نووسەری ئەمریکی ناودار (ئانا تونکل) لە دەزگای APCO لە توێژینەوەیەکی سەبارەت بە کاریگەری جیهانگیری لەسەر چالاکی مرۆڤ نووسیوە، کە ئاماژەیەکی گرنگ دەدات بە سۆشیال میدیا و ئەنجامدانی پڕۆژەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی بەرز و بەرچاو دەڵێت :

« هەر تاکە کەسێک ڕاستەوخۆ بەشدارە لە جیهانگیری، لە کاتی بەکارهێنانی داتا بێس و پلاتفۆرم بۆ فێربوون و کار دۆزینەوە و بەستنی پەیوەندی و بەهێزکردنی ئەزموونی زانستی. نزیکەی ٩٠٠ ملیۆن کەس پەیوەندی جیهانیان هەیە لە ڕێگای سۆشیال میدیا، و ٣٦٠ ملیۆن کەسیش سنوورەکان دەبەزێنن بۆ مەبەستی ئەنجامدانی بیزنس.»

Individuals are participating in globalization directly، using digital platforms to learn، find work، showcase their talents and build personal networks. Some 900 million people have international connections on social media، and 360 million people take part in cross-border e-commerce.

بۆ ئەوەی پڕۆژەی دەستبێکردنی زاراوەی دیپلۆماسی کوردی لەسەر ستاندارتی جیهانی بێتە ئەنجامدان، بەکارهێنانی ئەو هۆکارە فراوان و کاریگەرە تێکڕای پڕۆژەکە ئاسانتر دەکات و سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست دەهێنێت.

پرسیار کردن لە هۆکار و گرنگی ئەو پڕۆژەیە لەو ئاماژەیەی خوارەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت.

کونسوڵی گشتی شانشینی بەریتانیای پێشوو (Angus Mkcee) لە نامەیەکی بۆ ئێمە سەبارەت بە گرنگی فەرهەنگی دیپلۆماسی کوردی، لە دوا ڕستەکەیدا دەڵێت:

«I commend my friend Fathi Al Mudaris for writing this book، which I hope will facilitate mutual understanding and effective communication for many diplomats، scholars and other

practitioners in the years ahead. I wish I had had it to hand when I was posted to Erbil.

واتـە : من پشتگیری لە فتحی المدرس دەکـەم بۆ تەواوکردنی ئـەو کتێبە (فەرهەنگە) کە دەبێتە مایەی تێگەیشتن لە نێوان دیبلۆماتکاران و ڕۆشنبیران لە دوا ڕۆژدا. خۆزگە لە سەرەتای دەست بەکاربوونم لەو پۆستەدا ئەو کتێبەم بەردەست بوایە.

هەواڵنامەی کتێب

# زمانی کوردیی پەهلەوی فەیلی

## لە زمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆ شێوەزارێکی ناوچەیی

▢ م. فەرهاد عەزیز حەسەن

چارەنووسی دەوڵەتی ساسانی، وێنای چارەنووسی مێژوو و زمان و کولتووری گەلی کورد دەکا. ڕووخانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە سەدەی حەوتەمی زایینی، داماڵینی نەتەوەی کوردی لە جوگرافیا، مێژوو و زمانەکەی بەدوای خۆیدا هێنا کە تاکوو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. بنەماڵەی ساسانی، بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری کورد بوون کە لە سەردەمی ئەردەشێری پاپکاندا دەسەڵاتیان وەرگرت. شێوەزاری ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە واتا پەهلەوی، بە زمانی فەرمی و زمانی یەکگرتوو دەسنیشان کرا. لەم قۆناغەدا ئەم زمانە هەم وەکوو زمانی فەرمی سیستەمی سیاسی و کارگێڕی و هەم وەکوو زمانی دین و ئەدەب و ڕۆشنبیری خۆی چەسپاند. زمانی کوردی پەهلە یان فەهلە کە ئەمڕۆ کوردیی فەیلی پێدەگوترێ، یەکێک لە شێوەزمانە هەرە دێرینەکانی زمانی کوردییە، کە لە ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانی زمانیدا لە زمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆ شێوەزارێکی ناوچەیی ڕوو لە گۆڕان بووە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی شیکاریی، بە پشت بەستن بە دەقە ئەدەبی و بەڵگەنامە و کتێبە سیاسی و دینییەکان، هەوڵدەدرێ ڕێڕەوی گەشەی زمانی پەهلەوی بۆ شێوەزاری فەیلی شیبکرێتەوە.

## وشەی سەرەکی:
## زمانی کوردی پەهلەوی، شێوەزاری فەیلی، دەقی ئەدەبی-دینی-سیاسی، فەهلەویات.

## ١: پێشەکی

مێژووی سیاسی و کولتووری گەلی کورد، لە قۆناغە هەرە دێرینەکانەوە تاکو ئەمڕۆ لە لاپەڕە مێژووییەکانی گەلی کورددا تۆمار کراوە. کوردستان وەکو جوگرافیایەکی نەتەوەیی لە کۆنترین قۆناغەکانییەوە، لە سەردەمی پێش مێژووەوە تاکو سەردەمی مێژوویی، بەردەوام گۆڕانی بنچینەیی لە کولتوور و شارستانییەتدا بەخۆیەوە بینیوە. ئەم نیشتمانە لە دێرزەمانەوە واتا لەسەردەمی ئەشکەوت تاکو سەردەمی شارنشینی، ناوەند و مەڵبەندی ژیان و بەرهەمهێنانی مێژوویی و شارستانی بووە. کورد وەکو کۆنترین دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لە سەردەمی هۆز و میرنشینە دێرینەکانی سۆمەری، گووتی، میتانی، هووری، لوولووبی، کاسی، ماننایی، مادی، ئەشکانی و ساسانی، تاکو میرنشین و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی پاش هاتنی ئیسلام وەکوو میرنشینی ئەردەڵانی، شەدادی، بادینانی، سۆرانی، بابانی و ...هتاد دەور و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بنچینەییان لە بەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە.

کۆنترین دینەکان واتا دینی پەرستنی خواوەندی دایک، دینی زەروانی، دینی میترایی، دینی زەردەشتی، دینی مانەوی، دینی مەزدەکی، دینی ئیزەدی، دینی یارسان گشتیان بەری تێڕوانینی دینی و فەلسەفی و جیهانبینی گەلانی دانیشتووی ئەم نیشتمانەن. زۆربەی ڕێوڕەسم و نەریتە نەتەوەییەکان هەڵقوڵاوی ئەم تێڕوانینە دینیانە بوونە و دواجار وەکو دابونەریتێکی کولتووری و نەتەوەیی پیرۆز ڕاگیراون. بۆ نموونە ڕێوڕەسمی پیرۆزڕاگرتنی نەورۆز، ڕێوڕەسمی چلە و ...هتاد. سەرجەمی ئەم دین و نەریتانە لە ڕێگەی زمان بۆ سەردەمە جیاجیاکان گواستراونەتەوە. زمانی کوردی یەکێک لە کۆنترین زمانە زیندووەکانی جیهانە کە لە کۆنترن قۆناغە مێژووییەکانەوە تاکو ئەمڕۆ بەرهەمی پێ تۆمارکرابێ. لە سەردەمی سۆمەری، هووری و ماننایی و مادییەوە تاکو سەردەمی ئەشکانی و ساسانی و دواجار لە سەردەمی ئیسلامیدا هەزاران بەڵگەی دینی و سیاسی و بازرگانی پێ تۆمار کراوە.

زمانی کوردی بەپێی ئەم بەرهەمانە بەسەر چەندین قۆناغدا دابەشکراوە کە پیشاندەری ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانی ئەم زمانەن. گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو، نەمری و بەردەوامی مێژوو و شارستانییەت و کولتووری ئەم گەلە پیشان دەدا. هەرچەندە ئەم گۆڕان و گەشەکردنە بە بەرز و نزمی و ناهەمواری زۆریش تێپەڕبووبێ، بەڵام پیشاندەری توانست و خۆڕاگری نەتەوی کورد لە بەرامبەر ناهەموارییەکانی مێژوو بووە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ڕێڕەوی گەشەی زمانی کوردی دەسنیشانی گەشە و گۆڕانی زمانی پەهلەوی بۆ شێوەزاری فەیلی کراوە. لەم ڕێیەدا کۆمەڵە بەرهەمێکی ڕۆژگاری ساسانی و ڕۆژگاری ئیسلامی دەهێنرێنەوە تاکوو بەشێوەیەکی کارەکی ئەم بابەتە ڕوون ببێتەوە. توێژەری ئەم توێژینەوەیە بەهۆی شارەزایی لە زمانی ئاڤێستایی و پەهلەوی، هەوڵیداوە بە هێنانەوەی بەڵگەی زمانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەقە کۆنە ئەدەبی و دینییەکان، ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی زمانی کوردی لە کۆنەوە بۆ ئەم سەردەمە پیشان بدا. لێرەدا دەبێ ئەوەش بگوترێ کە زمانی ئەم دەقانە نابێ بە پێوانەی شێوەزاری سۆرانی بپێورێن کە تارادەیەک لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شێوازێکی نیمچە ستاندەری وەرگرتووە. شێوەزارەکانی خوارووی کوردستان بەتایبەتی فەیلی و هەورامی و ئەوانی دیکە پتر لە سۆرانی ناسنامەی ئەم دەقانە دەسنیشان دەکەن.

## ٢: زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانییەکاندا

ئەو زمانەی کە لەم سەردەمەدا بەرهەمی دینی و سیاسی و بازرگانی و ...هتاد پێ تۆمارکراوە، بە زمانی پەهلەوی ساسانی ناسراوە. ئەم زمانە شێوە گەشە کردووەکەی زمانی مادەکانە کە کتێبی ئاڤێستای پێ نووسراوە. بەپێی توێژینەوە زمانییەکان ((زمانی کوردی بەسەر سێ قۆناغی مادی-ئاڤێستایی، پەهلەوی و کوردی نوێ دابەشدەکرێ.))[فرهاد عزیز: ٢٠١٣، ١١٧] لە قۆناغی مادی-ئاڤێستایی کە قۆناغی کۆنی زمانی کوردییە، زمانی ئاڤێستایی کە دەقی دینی پێ تۆمارکراوە لەلایەن مادەکانەوە بۆ یەکەمینجار بە زمانی فەرمی دەوڵەت و دین هەڵدەبژێردرێ. لە کتێبی (مێژووی زمانی کورد)دا بەم چەشنە ئەم ڕایە پشت ڕاست دەکرێتەوە ((هەموو بەڵگە مێژووییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئاڤێستا بە زمانی مادی نووسراوەتەوە.)) [زبێر بیلال: ١٩٨٤، ٣١] قۆناغی پەهلەوی کە بە قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی

دادەنرێ لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی ماد تاکو سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا زمانی کوردی بۆ دوو زاری سەرەکی دابەشدەبێت. کە هەر یەک لەم زارانە لەلایەن یەکێک لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی کورد واتا ئەشکانی و دواتر ساسانی بە زمانی فەرمی دەزگای میری دەسنیشان دەکرێن. ئەم دوو شێوەیە بە زمانی کوردی باکووری (پەهلەوی ئەشکانی) و زمانی کوردی باشووری (پەهلەوی ساسانی) ناسراون کە لە بنەڕەتدا دوو زاری سەر بە یەک زمانن و ئەم زمانەش زمانی کوردییە.[فرهاد عزیز: ٢٠١٩، ٤٤٩] قۆناغی کوردی نوێ کە لە دوای هاتنی ئیسلام دەسپێدەکات و تاکوو ئەمڕۆ بەردەوامە، قۆناغی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردییە کە لە بنچینەدا شێوە گەشەکردووەکەی زمانی کوردی پەهلەوین کە بەهۆی نەبوونی کیانی سیاسی بەسەر چەندین زار و شێوەزاری جیاوازدا دابەش بوونە.[بڕوانە: فرهاد عزیز: ٢٠١٧، ٢٤٨]

## ٢-١: زمانی کوردی باشووری (پەهلەوی ساسانی)

یەکەمین بەڵگە زمانییەکانی ئەم شێوەیەی زمانی کوردی لە نووسراوە بەردییەکانی پاشاکانی ساسانی و پێشەوایانی دینی زەردەشتی و دینی مانەوی بەدیدەکرێن.[H. S. Nyberg: 1964, V] لە نووسراوە بەردییەکان دەکرێ ئاماژە بە نووسراوی ئەردەشێری بابەکان لە نەخشی ڕۆستەم، شاپووری یەکەم لە نەخشی ڕەجەب، نووسراوی نارسیٚ لە پایکوولی بکرێ. لە نووسراوی دینیدا دەقە پەهلەوییەکان بە زەند و پازەندەوە گرنگترین نووسراوەکانی ئەم قۆناغەن. هەروەها کتێبە بەناوبانگەکەی مانی پێغەمبەری سەردەمی شاپووری یەکەم کە بریتییە لە کتێبی شاپووهرەگان یەکێک لەم نووسراوە دینییە دەگمەنانەیە کە لە دەرەوەی بازنەی ئەدەبیاتی زەردەشتی نووسراوە.

### ٢-١-١: نووسراوە بەردییەکان

دۆزراوە شوێنەوارییەکانی سەردەمی ساسانی لە چوارچێوەی دەقی نووسراودا ئەوە دەسەلمێنن کە زمانی پەهلەوی شێوەیەکی گرنگی زمانی کوردییە. پاشا و پێشەوایانی سەردەمی ساسانی کۆمەڵێک دەقیان لە دڵی تاشە بەردەکانی سنووری فەرمانڕەوایەتی بە میرات بۆ زمانناسان بۆ یادگاری داناوە. لێرەدا بۆ پتر ڕوون

بوونەوە و تێگەیشتن لە زمانی کوردی ساسانی، دەقی ژمارەیەک لەم نووسراوانەی پاشاکانی ساسانی دەخرێنەڕوو کە بە هەر دوو شێوەی کوردی ئەشکانی و کوردی ساسانی نووسراون.

### ٢-١-٢: نووسراوی ئەردەشێری پاپەکان لە نەخشی ڕۆستەم

لەم نووسراوەدا ئەردەشێری پاپەکان خۆی بە پاشای پاشایانی ئێران، لە نەژادی یەزدان و کوڕی پاپەک دەناسێنێ. شێواز و تایبەتمەندی ئەم نووسینە هەروەک لە کتێبی (زبان پهلوی)دا هاتووە، بەم جۆرەیە کە نووسینەکە بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی و زمانی یۆنانی تۆمارکراوە. لە سەردەمی پاشا بەراییەکانی ساسانیدا ئەم نەریتە لە تۆمارکردنی نووسراوەکاندا باوبووە.[ژاله آموزگار و احمد تفضلی:١٣٨٩، ١٩و٢٠] بەپێی سەرچاوە پەهلەوییەکان لە سەردەمی ساسانیدا حەوت جۆرە خەت واتا ئەلفوبێ بۆ نووسین هەبووە کە بریتی بوون لە: ((دین دەویری، ویش دەویری، کوشتەگ دەویری، نیو کوشتەگ دەویری، میر دەویری، هەم دەویری، ڕاز سهریە دەویری.))[فریدون جنیدی: ١٣٨٦، ٢٤] کە هەر کام لەم دەویریانە بۆ کاروباری تایبەت بەکار براون.

پیتکەری ئینی مەزدەیەسن بەگی ئەرتهەشێری میرێین میرا ئێران
ئەویچیتری هەژ یەزتان بەری بەگی پاپەکی میرا
پەیکەری ئی مەزداپەرستی بەگ (مەزن) ئەردەشێری پاشای پاشایانی ئێران[ە]
ئەوی چەهر (خوێن)ی لە یەزدان[ە] بەری (کوڕی) پاپەکی پاشا
[E. Thomas: 1868, 29]

### ٢-١-٣: نووسراوی شاپووری یەکەم

نووسراوی شاپووری یەکەم (٢٤٠-٢٧٣) زایینی لە نەخشی ڕەجەبە. لەم نووسراوەدا شاپوور لەسەر شێوەی نووسراوی باوکی، خۆی بە کوڕی ئەردەشێر و پاشای ئێران و نائێران و نەوەی پاپەک دەناسێنێ. ئەم نووسراوە بە ئەلفوبێی کوردی ئەشکانی نووسراوە.

پیتکەری ئینیی مەزدەیەسن بەگی شەهپوهری میرێین میرا ئێران و
ئەنئێران ئەوی چیتری هەچ یەزتان بەری مەزدیسن بەگی ئەرتهەشێر میرێین

میرا ئێران ئەوی چیتری هەچ یەزتان نەپیی بەگی پاپکی میرا
پەیکەری ئیی مەزداپەرستی بەگی شاپووری پاشای پاشایانی ئێران و
نا ئێران ئەوەی چەهر(خوێن)ی لە یەزدان[ە] بەری (کوڕی) ئەردەشێری پاشای
پاشایانی ئێران ئەوەی چەهر (خوێن)ی لە یەزدان[ە] نەوەی بەگ پاپەکی پاشا
[E. Thomas: 1868, 29]

## ٢-٢: نووسراوی مێژوویی و پاڵەوانی

### ٢-٢-١: کارنامەگی ئەردەشێری پاپکان

لە سەردەمی خوسرەو ئەنوشێرەوانی ساسانیدا کتێبێک بە ناوی (کارنامەگی ئەرتەشێری پاپکان) سەبارەت بە ژیان و ڕەچەڵەک و هەروەها چۆنییەتی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەردەشێری ساسانی نووسراوە. لەم کتێبەدا کە بە زمانی کوردی پەهلەوی نووسراوە، ڕووداوەکان بە شێوازی داستان و پاڵەوانێتی گێڕدراونەتەوە. ئەم کتێبە بەم دەقەی خوارەوە دەسپێدەکا:

١- پەوی کارنامەگی ئەرتەشێری پاپکان ئیتوون نیپیست ئەیتێت کوو پاش هەچ مەرگی ئەلکسەندەری هرومیگ ئێران شەتر دوو سەت و چل کەتەک خوەتای هەبویت. ٢- سپاهان و پارس و کۆستەکیی ئەویش نزگیتر پەت دەستی ئەردەوان سەردار بیت. ٣- پاپەک مەرزوپان و شەترداری پارس بیت و هەچ گومارتەکی ئەردوان ئەبیت. ٤- ئەردوان پەوی ستەخر نیشتەبیت. ٥- و پاپەک ڕای هێچ پرزەندی نام بورتار نەبیت. ٦- و ساسان شوپانی پاپەک هەبیت و هەموار لەتەگ قووچان ئەبیت و هەچ توخمەگی دارای دارایان بیت. ٧- هەندور دوژخوتایی ئەلەکسەندەر نیاگانی ئەو ویرەک و نیهان ڕۆبیشنی ئەویسیایت و لەتەگ کورتان شوپانان ئەوێستیت.

[H. S. Nyberg: 1964, 1]

ئەم دەقە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە خەتی پەهلەوی و بە زمانی کوردی بنەماڵەی پاشایانی ساسانی نووسراوە. ئەم شێوە زمانە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا زمانی دەوڵەت و دین بووە، لە بنەڕەتدا زمانی بنەماڵەی پاشاکانیان بووە. دوای ڕووخانی ئەم دەوڵەتە و پاش تێپەڕینی چەندین سەدە ئەم شێوەزارە لە چوارچێوەی زاری خوارووی زمانی کوردی لە هەمان ئەو سنوورەی کە پایتەختی ساسانییەکان بووە قسەی پێکراوە. شێوەزاری فەیلی یان لەکی هەمان ئەم شێوازەیە کە دەقە

پەهلەوییەکانی سەردەمی ساسانی پێ نووسراوەتەوە. بە هێنانەوەی ئەم دەقە بۆ سەر ئەلفوبێی ئێستای زمانی کوردی، زۆربەی خەڵکی کورد بەتایبەتی لە زاری ناوەڕاست و خواروو بێ هیچ گرفتێک لێی تێدەگەن.

## ٢-٢-٢: ئەیاتگاری زەریران

داستانی پاڵەوانێتی زەریر یەکێک لە کۆنترین دەقە کوردییەکانی سەردەمی ساسانییە کە لەسەر داستانێکی شۆڕەسواری ڕۆژگاری ئەشکانییەکانەوە نووسراوەتەوە. لەم دەقەدا باسی شەڕی نێوان کەوی ڤیشتاسپە و ئەرجاسپە کراوە. ئەم شەڕە ڕەهەندێکی سیاسی-دینی هەیە. کەوی ڤیشتاسپە پەنای بە زەردەشت داوە و خۆی و خەڵکی میرنشینەکەی دینی زەردەشتیان وەرگرتووە. ئەرجاسپە کە میری میرنشینی دراوسێی ڤیشتاسپەیە بە سپایەکی فراوان هەڵیکوتاوەتە سەر ڤیشتاسپە و داوای لێدەکا واز لە دینی نوێ بێنێ و بگەڕێتەوە سەر دینی بابوباپیرانیان، بەپێچەوانەوە میرنشینەکەیان داگیر دەکا و لەناویان دەبا.[فرهاد عزیز: ٢٠١٩، ٤٦٥و٤٦٧] لە خوارەوە نموونەیەکی ئەم دەقە دەگوازرێتەوە.

٧١- و ئوجا ئەرجاسپی خیونان خوتای هەچ کۆ سەر نیگا کیرت و گوویت: کو هەچ ئەشما خیونان کێ هەی کە شانات ئەبەگ زەریر کۆخشەد، ئەویش کوژەت، ئەوی تەهمی سپابودی نێو زەریر، تاک زەرستوونی منی دوێت، پەت ژەنی دەهێم کە هەندور هەمەگ شەتری خیونان ژەنێ هەچ ئەوی هوچیهرتر نییەس.

(ئینجا ئەرجاسپی میری خیونان لە سەر کێو سەیری کرد و گوتی: کە لە ئێوە خیونان کێ هەیە کە بروا و لەگەڵ زەرێر بجەنگێ. ئەوی ئەو سپاسالارە پاڵەوانە، زەریر بکوژێ، تاوو زەرستوونی کچی من بە ژنی پێشکەشی بکەم کە لە گشت شاری خیونان ژنێک لە ئەو جوانتر نییە.)

[J. Jamasp-Asana: 1913, 10]

## ٢-٣ : نووسراوە دینییەکان

### ٢-٣-١: دەقی دینی زەردەشتی

لە سەردەمی ساسانیدا کۆمەڵێک بەرهەمی بەرچاوی دینی بە زمانی کوردی باشوور واتا پەهلەوی ساسانی نووسراون کە بریتین لە: زەندی ئاڤێستا، ئەرتای

ڤیراز نامەگ، بنیداهیشن، مینووگی خیرەت، کۆمەڵێک ئامۆژگاریی دینی پێشەوایانی دینی زەردەشتی، کتێبی دینکەرت و ...هتاد. لەم توێژینەوەیەدا چەند نموونەیەک لە دەقی دینی کە بە زمانی کوردی باشووری واتا کوردی ساسانی نووسراون بە مەبەستی پتر ڕوون بوونەوەی پەیوەندی نێوان زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی و زمانی کوردی بەتایبەتی شێوەزاری فەیلی (لەکی) دەگوازرێنەوە.

### ٢-٣-٢: کتێبی دینکەرت

ئەم کتێبە یەکێک لە نایابترینی ئەو کتێبانەیە کە بە زمانی کوردی باشوور واتا کوردی ساسانی نووسراوە. ناونیشانی ئەم کتێبە بریتییە لە (دینکەرت) واتا کردار و ڕفتاری دینی، لەم کتێبەدا گشت بنەما فەلسەفی و بیروباوەڕی دینی زەردەشتی باسکراوە. هەروەها پوختە و کورتەی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکانی تێدا تۆمار کراوە.[بڕوانە: احمد تفضلی: ١٣٨٣، ١٣١-١٣٨]

و هەچ بووم ئاراستەران ئەرتەخشێری پاپکان چیوون دینیچ ئامایتی، کوو کەتار ئی زۆری کەیئەرتەخشێری تاکەن، ئی تین فرمان، ئی شکەپتی زەنین، ئی خواتائی کوو ئورام هەندور مانی ئەریشنی نووک و ڕۆشن فراژ ئەستینیت، پەوان کەنیک کەرپی، ئی نیوگی کەبەد ئەمەوەند، ئی هوراوەستی بریند ئەیوسەت، ئی ڕاستی، ئی ڕایومەنتی ئازات.

و لە ڕازێنەرەوانی زەوی ئەردەشێری پاپکان[ە] هەروەکو چۆن لە دینیش هاتووە، کە قەتاری زۆر و دەسەڵاتی ئەردەشێری پاشا تاکە، ئەوەی فرمانەکانی بەتینە، ئەوەی ئەشکەوتی زانستە، ئەو کەیخوایەی کە ئەریشنی [ناوی فریشتەیەکە]، ئارامی لەناو ماڵی بەردەوام نوێ دەکاتەوە و ڕووناکی دەکاتەوە بەهۆی کیژی پاکیزەوە. ئەوەی پاک و لەخواترسە، ئەو جوان و باڵابەرزە، ئەو ڕاستگۆیە، ئەو شکۆمەند و ئازاد(نەجیب)ە.

[P. Sanjana: 1915, D7, p II, 51]

### ٢-٣-٤: کتێبی ئەرتای ڤیراز نامەگ

ئەم کتێبە بە زمانی کوردی ساسانییە و سەبارەت بە گەشتی ڕۆحی پێشەوایەکی دینی زەردەشت بۆ بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ نووسراوە. ئەم پێشەوایەی دینی

زەردەشتی ناوی (ئەرتا/ئەرد) بەمانای پاک و بێگەردە و سیفەتی (ڤیراز)ی پێدراوە بەو واتایە کە ڕاز و نهێنییەکانی ژیانی پاش مردنی ئاشکرا کردووە. لێرەدا پەرەگرافی یەکەمی ئەم کتێبە دەگوازینەوە.

١- ئیتوون ویژەند کو ئێوبار ئەهروب زەرتوهشت دینی مەگریت هەندور گیهان روباج بیکرت ٢- و تاک بووەندەگی سێسەت سار دین هەندور ئیپاگژی و مەرتم هەندور ئیبێگومانی هەبویت ئانەمەند ٣- گوژەستەک گەنەگ مینوگی درووـوەند گومان کرتن ئی مەرتومان پەوی ئی دین ڕای ٤- ئەوی گوژەستەگ ئەرکسەندەری هەرومەیگی موزریگ مەنشینی ڤیاپەنەنیت پەوی گران سزەد و نپەرتن و ئێشەگ ڕوو ئێران شەتر شانیت ٥- ئویش ئەوی ئێران دەهیپەت ژەت ٦- و ببە و خوتایی ئاشوپت و ئەوێران کرت ٧- و ئی دین چیون هەمەگ ئەپستاگ و زەند هەبەر گای پیستیهـ ویراستەگ و پەوی ئاوی زەری نپیستەگ و هەندور ستەخری پاپکان پەوی کەراتی نبست هانیتیت ویسانیت

١- وەها دەبێژن کە یەک جار زەردەشتی پاک ئەو دینەی کە وەریگرتبوو، لەناو جیهان ڕەواجی پێدا ٢- و تاکو بوونی سێسەت ساڵ دین بە پاکژی و خەڵکی لە بێگومانیدا بوون ٣- ڕێ ونکردووی بۆگەن گیانی درۆوەند (ئەهریمەن) بۆ ئەوەی خەڵکی گومان بکەنە سەر ئەم دینە ٤- ئەو لەرێ دەرچووە ئەسکەندەری ڕۆمی دانیشتووی میسری فریودا، بەو سزا (ستەم)ە زۆر و هەڵکوتان و ئازارەوە ڕووی بۆ ئێران شار هێنا. ٥- ئەویش پاشای ئێرانی کوشت ٦- و بنە و کەیخوایی شێواند و وێرانی کرد ٧- و [هەروەها] ئەم دینە چۆن هەمووی ئاڤێستا و زەندی لەسەر پێست و کەوڵی گا و بە ئاوی زێڕ نووسرابوو و لەناو ستەخری پاپکان لەو قەڵاتی نووسینە دانرابوو.[ Fereydun Vahman: 1986, 19]

## ٢-٤: دەقی دینی مانەوی

کتێبی شاپووهرەگانی مانی کە لە لایەن خودی مانییەوە بۆ پاشای ساسانی شاپووری یەکەم نووسراوە، بە زمانی پەهلە یان فەیلی نووسراوە. (هێنریک ساموێل نیۆبێرگ)دەڵێ: مانی ئەم کتێبەی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بنەما فەلسەفی و ئاینییەکانی دینییەکەی داڕشتووە و هەر بەناوی پاشای ساسانی ناونیشانی شاپووهرەگانی بۆ داناوە و پێشکەشی ئەم پاشایەی کردووە و ئامانجی شاپووری

یەکەم و مانی ئەوە بووە کە ئەم دینە گەشەی پێبدرێ و شوێنی دینی زەردەشتی بگرێتەوە.[هنریک ساموئل نیبرگ: ١٣٥٩، ٤١٣] ئەم کتێبە یەکێک لە بەڵگە هەرە گرنگەکانی مێژووی زمانناسییە کە دەسەلمێنێ زمانی دایکی پاشاکانی ساسانی، زمانی کوردی پەهلەوی (فەیلی) بووە و هەر ئەم شێوەزارەی کە لەناو ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە قسەی پێکراوە، بە زمانی فەرمی دەوڵەت هەڵبژێردراوە. مانی کە دینەکەی ڕادەگەیێنێ داوا لە شاپووری یەکەمی پاشای ساسانی دەکا دینەکەی پەسند بکرێ، شاپووریش داوا دەکا بنەماکانی دینەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، بۆیە مانی کتێبێک دەنووسێ و پێشکەشی ئەم پاشایەی دەکا. بێگومان کتێبەکە بە زمانێک نووسراوە کە پاشا بەباشی لێی تێدەگا. لە کتێبی (ئەدبی مانەوی)دا هاتووە: ئەم کتێبە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ناوچەیەک لە چین بەناوی توورفان لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبی دیکە کە تایبەتن بە دینی مانی دۆزراوەتەوە.[مهرداد بهار: ١٣٩٤، ٤٩] دەسنووسە ڕەسەنەکانی دەقی مانی کە بە دەقەکانی تورفان ناسراون، لە ئەنیستیتۆی زانستیی براندنبورگی بەرلین و کتێبخانەی نیشتیمانی بەرلین بەم ناونیشانە (Sitzungsberichte der Preussischen Akademie der Wissenschaften) پارێزراون. خۆشبەختانە وێنەیەکی لەبەرگیراوی ئەم کتێبە لەبەر دەستی ئێمەدا هەیە. لەم توێژینەوەیەدا دوو لاپەڕەی یەکەمی ئەم کتێبە بە ئەلفوبێی ئێستای زمانی کوردی دەنووسرێتەوە و وێنە ڕەسەنەکەشی لەگەڵدا دادەنرێ.

لە کتێبی شاپوورەگاندا کۆمەڵێک دەستەواژەی تایبەت بە دینی مانی دەبینرێ کە ئەم دەستەواژانە پتر چەمکی دینین و ڕەنگە بۆ ئەم سەردەمە هەندێ نامۆ بن، بۆ نموونە (خیرەت شاهیر یەزد) کە لە دینی مانیدا ناوێکە بۆ جیهانی پاک و نموونەیی یەزدان کە دەکرێ بە بارەگای یەزدان دابنرێ. خیرەت واتا عەقڵ و ئاوەز، لە زمانی کوردی ئێستادا لە وشەی (خرێنە) بەواتای ددانی عەقڵ دەبینرێتەوە. هەروەها ناوی فریشتەکانی بارەگای یەزدانی کە ئەرکی ئازاردانی خراپەکارانیان لە ئەستۆیە کە بریتین لە مانبید، ویسبید، زەندبید، دهیبید، پەهرەگبید.

## دوو بنی شاپهرەگان

پەد دێوان ئەوەد، .... بوو .... چ...، پەیتاگ ... کوو... ئوو گووەند کوو ئیمەهـ یەزتان پییاسگەر ئیم، پەد ئی پەندیگ ئێمە، مەرتوومان پرەیست ویپسەن و ئووانیش پەد

دوژکیردگانی کامڕەوان، ئی دینەوەر کی خویش دین نی وەرووەد، هەنیچ و ئەویشان هەنزەپەسەد و ئەوی زەمان کە هەندەر شاهر خڕ هیناوەن بوێت، ئیگ پچ زمیگ و ئاسمان و خوەر و ماونگ و ئەختەران و ئەستێرەگان وزرگ نیشان پەیداگ بوێت، پس خیرەت شەهیر یەزد هین کی نخوەست ئەوی نێر دام نوخویری پەرتومین خیرەت و دانیشن دا، ئەویش پاش هەچ جار جار و ئەوام خیرەت و دانیشن و مەردان پریستیت، هین پەت ئەویچ ئەوام ئی ئەبدوامین نزد و فرێشەکر هەن خیرەتی شەهیر خوتای هەچ هەمەگ.

## دوو بنی شاپوهرەگان

[پێغەمبەرانی درۆیین] لەگەڵ دێوان و ... دەبن و دەڵێن: کە ئێمە ڕاسپێرداوی یزەدانین، ئەمەیە پەندی ئێمە، خەڵکی پڕ (پتر) فریودەدرێن و ئەوانیش بەم دژکردارییە کامەرانن، ئەو دینەوەر(دیندارە)ی کە باوەڕی بە دینی خۆی نییە، ئەویش بەوانەوە پەیوەست دەبێ و ئەو زەمانەی لەناو شار خڕ(هەموو) هین(شت)ەکان ئەوها بێ، ئەوجا لە زەوی و ئاسمان و خۆر و مانگ و ئەختەر(حەسار)ەکان و ئەستێرە مەزنەکان نیشانە پەیدا دەبێ، ئینجا خیرەت(ئاوەز) شاری یەزدان ئەوەی کە سەرەتا ئەو نێرەی دا (واتا مرۆڤی خوڵقاند) پەروەردەکراو ئاوەز و زانستی پێدا، ئەویش پاشان جاربەجار و بەردەوام ئاوەز و زانستی بۆ خەڵکی گواستەوە، هەروەها لەم دوا ڕۆژگارەدا، نزیکی فرێشەکر (نوێکردنەوە) هەر ئەو شاری ئاوەزی یەزدان [کە هی] هەموانە

## ئەبەر ئامیشنیهی میردان پوسر

ئیزەدان و دینەوەران ئاما، ئەگە پەد ئاسمان هەندوور ویسەد، وزرگ خروهـ خوێنییەد و هەمەشاهر ئەژنییەد، ئەوی ئەمشیان یەزدان کی هەندوور ئاسمانان و زمیگان هەمە کیشوەر مان بیت و ویس بیت و زەند بیت و دیهـ بیت پەهراگ بیت، ئو دێوان نیخرۆستار هیند، هەن خیرەتشاهیر ئافەرین کەنەن و مەرتوومان کی هەندوور شاهیر شاریار بووەن، دوو دووان پەدیش ئەوی شاوەن، نمێچ بەرن ئەوش فەرمان پەدیرەن و مەردوهم ئیگ ئازیگەر دووژکیردەگان و مەردیهنەگان، هێن پەشیمان بووەن و پەس خیرەتشاهیر یەزد پریستەگان ئۆ خۆرەسەن و خۆرەنوەر پریستەد

و شاوەن و مەرتوهم ئی دینەوەر ئەبەگ هەیاران و هەن دووژکیردەگان هەچ هەم کووشنان هەمی ئەراچ پێش خیرەتشاهیر یەزد نەیەن و نمێچ بەرەن

## سەبارەت بە هاتنی نەوەی ئادەم

ئیزەدان و دینەوەران(دینداران) هاتوون، ئینجا لە ناوەوەی ئاسمان ڕادەوەستێ، بە دەنگی بەرز هاوار دەکا و هەموو شار دەبیستن، ئەو ئەفرێنراوانەی یەزدان کە لەناو ئاسمانەکان و زەوییەکانی گشت کیشوەرەکان، مانبید و ویسبید و زەندبید و دیهبید و پەهراگبید، ئەوان ئازاردەری دێوانن، ئەم ئاوەزشارە ستایش دەکەن و ئەو خەڵکانەی کە لەناو شاردا شاریار بوونە، بە دوو و بەغار بەرە ئەو دەڕۆن، نوێژ دەکەن و فرمانی ئەو پەسند دەکەن و خەڵکی ئازارگەیێن و بەدکردار و ستەمکار، لەو کاتە پەشیمان دەبنەوە و ئینجا خیرەتشاهیر یەزد، نێردراو بەرەو خۆراسان(ڕۆژهەڵات) و خۆرەنوەر(ڕۆژئاوا) ڕەوانە دەکا، و دەڕۆن خەڵکی دینەوەر لەگەڵ هاوڕێیان دەبەن و ئەوان بەدکاران لە هاوکارانیان هەموویان بەرەو پێش خیرەتشار یەزد دەبەن و نوێژ دەکەن.

## ٣: ڕەهەندەکانی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی

شوێنی زمانی کوردی لەناو زمانەکاندا دیارە، ئەم زمانە لە ڕیزی زمانە زاگرۆسییەکانە و لە دێر زەمانەوە لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە تاکوو ئەمڕۆ لەو جوگرافییە بەرفراوانەی کە باسمان کرد پەرش و بڵاو بووە. بۆیە زمانی کوردی هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لە ڕووی گەشەی مێژوویی زمانەوە بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەبێ (مادی-ئاڤێستایی، پەهلەوی، کوردی نوێ یان شێوەزارەکان) و ئەم سێ قۆناغە لە زمانناسیدا بە سێ قۆناغی (کۆن، ناوەڕاست و نوێ) دەسنیشان کراون. لە کتێبی (زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا) ئەم دابەشکردنە بەم شێوەیەیە: قۆناغی زمانی کوردی کۆن و لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدییەکانەوە دەسپێدەکات، دووەم، قۆناغی زمانی کوردی ناوەڕاست کە لە سەرەتای دەسەڵاتی هێلینییەکانەوە تاکوو قۆناغی ساسانییەکان دەگرێتەوە. سێیەم قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی، ئەم قۆناغە سەردەمی هاتنەکایە و بەکارهێنانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەگرێتەوە.[ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨، ١٢٨ و ١٢٩]

## ٣-١: قۆناغی کۆن (مادی-ئاڤێستایی)

هەر یەک لەم قۆناغانە پیشاندەری گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی بە هێڵێکی ڕاست ودروست و ڕەوانن کە ڕەگی لە شێوازی ژیان و ژیاری شارستانی ئەم میللەتەدا داکوتاوە. قۆناغی کۆن لە سەردەمی سۆمەرییەوە دەسپێدەکا و تاکو سەردەمی ڕوخانی دەوڵەتی مادەکان بەردەوام بووە. لەم سەردەمەدا زمانی کوردی بەپێی ناوچەی ژێردەسەڵاتی میرنشینە کۆنەکان شێوەزار و زاری جیاجیای لێدەبێتەوە. هەر یەک لە میرنشینە کۆنەکانی نەتەوەی کورد وەکو سۆمەری، گووتی، ئیلامی، هووری، میتانی، مانایی، ئۆراڕتی و ...هتاد لە سنووری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیاندا شێوەیەک لە شێوەکانی زمانی کوردیان بۆ ڕایی کردنی کاروباری میری، دینی، ئەدەبی و ...هتاد بەکاربردووە. لە سەردەمی مادەکاندا بۆ یەکەمینجار شێوەیەک لە شێوەکانی زمانی کوردی بە زمانی فەرمی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد هەڵدەبژێردرێ. لێرەدا ئەو شێوەزارەی کە ئاڤێستای پێ داڕێژراوە، بەهۆی ئەوەی زمانی دین بووە بەخت و ئیقباڵی پتر بووە بۆ ئەوەی بە زمانی فەرمی دەسەڵات هەڵبژێردرێ.[بڕوانە، فرهاد عزیز: ٢٠١٧، ٢٤٨]

## ٣-٢: قۆناغی ناوەڕاست (پەهلەوی)

قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد دەست پێدەکا و بە فەرمی تاکو کۆتایی دەسەڵاتی ساسانییەکان بەردەوام دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم قۆناغە لەگەڵ هاتنی ئیسلام کۆتایی پێدێ، بەڵام تاکو سەدەی چوارەمی کۆچیش هەر دەقی ئەدەبی و دینی پێ تۆمارکراوە. لەم قۆناغەدا دوو شێوەی زمانی کوردی باوبووە کە ڕاستەوخۆ لە زمانی ئاڤێستاییەوە سەرچاوە دەگرن. یەکەم زمانی کوردی ئەشکانی و دووەم زمانی کوردی ساسانی کە هەر دووکیان بە زمانی پەهلەوی ناسراون. لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی و دینی یەکجار گرنگ بەم دوو شێوە زمانەی کوردی لەبەر دەست دانە کە پیشاندەری ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی زمانی کوردین. ئەم دەقانە بە ئەلفوبێیەکی تایبەت نووسراون کە بە خەتی پەهلەوی ناسراوە.[بڕوانە، فرهاد عزیز: ٢٠١٩، ٤٤٩]

## ٣-٣: قۆناغی نوێ (شێوەزارەکان)

ئەم قۆناغە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام

هەولێرنامەی کتێب

دەسپێدەکا و تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە. لەم قۆناغەدا بەهۆی نەبوونی کیانی سیاسی سەربەخۆی کوردی و لە ژێر کاریگەری ڕەوشی سیاسی و بەڕێوەبردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و دەرکەوتنی میرنشینەکان، زمانی کوردی بەسەر چەندین شێوەزار و زاری جیاجیادا دابەش دەبێ. هەر یەک لەم شێوانە وەکوو قۆناغی کۆن بەهۆی پشتیوانی میرنشینە کوردییەکانەوە گەشە دەکەن. ئەم گەشە کردنە گۆڕانێکی یەکجار زۆری لە ناو زمانی کوردی و زار و شێوەزارەکانی لێکەوتەوە. لێکەوتەی ئەم گەشە و گۆڕانە بووە هۆی ئەوەی کە ترازان و دابڕانێک لە نێوان شێوەزارەکانی کوردی بێتەئاراوە،[فرهاد عزیز: ٢٠١٩، ٤٥٠] بەچەشنێک کە زۆرێک لە ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانە هەندێجار بە ئاستەم دەتوانن لە یەکدی تێبگەن و ئەمەش بووەتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئەوەی دوژمنانی کورد وەکوو هەل و دەرفەت بیقۆزنەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن ئەم شێوەزارانەی زمانی کوردی لەم زمانە بکەنەوە و بە زمانی سەربەخۆ دایان بنێن. توێژەران و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان دەبێ بەرپرسیارێتی ئەم بابەتە هەڵبگرن و بە توێژینەوەی بەردەوام ئەم هەوڵ و پیلانگێڕییەی لە دژی زمانی کوردی لە ئارا دایە، پووچەڵ بکەنەوە.

## ٣-٤: پەیوەندی نێوان شێوەزاری فەیلی و زمانی پەهلەوی ساسانی

زمانی کوردی کە زمانێکی زاگرۆسییە، بە درێژایی مێژوو لە قەوقازیاوە تاکوو دەگاتە دەریای ئێمە و بە پانتایی دەشتەکانی میزۆپۆتامیا و ناوچەکانی کەناری دەریای مازەندەران یان قەزوین بەربڵاوبووە و قسەی پێکراوە. دەریای ئێمە هەمان ئەو کەنداوەیە کە ئەمڕۆ بەهۆی ناونانی بە کەنداوی فارس یان کەنداوی عارەب، لەلایەن فارس و عارەبانەوە مشتومڕ و هەندێجار توندوتیژی سیاسی و دیبلۆماسی لێدەکەوێتەوە. (تورج دریایی) لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا باسی ئەوە دەکا کە ساسانییەکان (دەریای ئێمە)یان بۆ ناونانی کەنداو و دەریای عومان بەکارهێناوە. [تورج دریایی: ١٣٩١، ١٦٦] بەم پێیە جوگرافیای زمانی کوردی زۆر بەرفراوانترە لەو جوگرافیا سیاسییەی کە کوردستانی گەورەی لەسەر نەخشەی جیهاندا پێ دەناسرێتەوە.کوردی فەیلی یەکێک لە گرنگترین شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە قۆناغی نوێی ئەم زمانەیە. ڕیشەی وشەی فەیلی بۆ وشەی پەهلە دەگەڕێتەوە. پەهلە ناوی ناوچەیەکی جوگرافیاییە کە دانیشتوانەکەی بە زمانی پەهلی – فەهلی – فەیلی قسەیان کردووە. (ابن الندیم) ناوچەی پەهلە بە ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان،

ماهـ نەهاوەند و ئازەربایجان دەسنیشان دەکا.[ابن ندیم: ١٣٨١، ٢٢] هەروەها (طیب طاهری) دەڵـێ: وشـەی فەیلی شێوە گـۆڕاوەکـەی فەهلەیە و هـەر هەمان وشەی پەهلەیە کە دواتر بەهۆی گەشە و گۆڕانی زمانی بەشێوەی فەهلی، فیهلی و فەیلی دەرکەوتووە و ناوچەی فەهلە هەمان لەکستانە.[طیب طاهری: ١٣٧٩، ٥] بەم پێیە ناوچەی پەهلە هەمان ناوچەی لەک نشینی کوردستانە و شێوەزاری ئەم ناوچەیە لە کۆندا پەهلەوی و لە سەردەمی نوێدا فەهلەوی پێگووتراوە. بەڕای توێژەر وا باشترە تەنیا ناوچەی لەک نشین بۆ شێوەزاری فەیلی دەسنیشان نەکرێ، چونکە بەپێی دەقە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی، کۆمەڵە شێوەزارێکی زمانی کوردی وەکوو هەورامی، لوڕی، لەکی یان فەیلی بە فەهلەوی دانراون کە گشتیان لە ڕووی ڕیشەی زمانییەوە شێوە نوێ و گەشەکردووەکەی کوردی ئەشکانی و ساسانین. دەقی فەهلەویاتی کوردی وەکوو کۆنترین دەقی ئەدەبی لە قۆناغی نوێی ئەم زمانەدا ئەم بابەتە یەکلایی دەکاتەوە. بەرهەمە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی زار و شێوەزارەکانی خواروو وەکوو فەهلەویاتی باباتاهیری هەمەدانی، مەلای پەرێشان، قەترانی تاوڕێژی و کەلامی یارسانان، شانامەی کوردی و ...هتاد ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە.

### ٣-٥: فەهلەویات

فەهلەویات بەم جۆرە شیعرانە دەگووترێن کە دوای هاتنی ئیسلام لە ناوچەکانی زمانی پەهلە یان فەهلە نـووسـراون. ناوچەی فەهلە بەپێی سەرچاوە کۆنەکانی سەردەمی ئیسلامی بەم سنوورە جوگرافییە دەگووترێ کە خەڵکەکەی بە زمانی پەهلە یان فەهلە دوواون. لە کتێبی (الفهرست)دا هاتووە: ((ناوچەی فەهلە بریتین لە: ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماەنەهاوەند و ئازەربایجان.))[ابن الندیم: ١٣٨١، ٢٢] بەم پێیە دەردەکەوێ ناوچەی پەهلە هەمان ئەو سنوورە جوگرافیاییەیە کە مادەکان لەسەرەتادا دەوڵەتی یەککرتووی مادیان تێدا بنیات ناوە و بریتین لەو ناوچانەی کە زمانی کوردی تێدا بەربلاوبووە.

چارەنووسی زمانی کوردی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی، پێشاندەری چارەنووسی گەلی کوردە. هەروەک چۆن سنووری جوگرافیای کوردستان لە چەندین قۆناغی جیاوازی مێژوویدا پارچە پارچە و دابەشکراوە، زمانی کوردیش بۆ چەندین شـێوەزاری جیاجیا دابـەش بـوون و هەندێ لەم شێوەزارانە بەهۆی دەسـەڵاتی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلامی بەختی ئەوەیان هەبووە کە دەقی ئەدەبی

و دینی و پەروەردەییان پێ بنووسرێتەوە. بنچینە و بناغەی زمانی کوردی واتا پەهلەوی یان فەیلی کە پێشتر زمانی دین و دەوڵەت بووە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و دینی زۆر گرنگی پێ تۆمارکراوە و بە ئەدەبیاتی فەهلەوی یان فەهلەویات ناسراوە. ئەم شێوە زمانەش وەکوو زمانی کۆمەڵێک لە دانیشتووانی کوردستان وەکوو زمانی ئاخاوتن لە هەمان ئەم ناوچانە لە گەشە و گۆڕاندابووە کە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی زمانی کوردی لە زاری خواروو و گۆراندا پۆلین کراون وەکوو لوڕی، لەکی، کەلهوری، هەورامی و شێوەزارە هاوشێوەکانی دیکەیاندا. بەم چەشنە دەبینین زمانی پەهلەوی یان فەیلی ڕۆژگاری ساسانییەکان لە سەردەمی نوێی زمانی کوردیدا کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر شێوەزارەکانی دیکەدا هەبووە. بۆیە هاوبەشییەکی یەکجار زۆر لە نێوان شێوەزارەکانی ئەم زارانەدا بەدیدەکرێن و زۆرجار بە ئاسانی لێکجیا ناکرێنەوە، بەتایبەتی لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە مێژووی تۆمارکردنیان بۆ نێوان سەدەی چوارەم تاکوو دەیەمی کۆچی دەگەڕێنەوە.

ئەم جیاوازییەی کە لە شێوە زۆر فراوان و جیاوازەکانی زمانی کوردیدا هەیە، بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی زمانناسانی بیانی هەندێ شێوەزاری کوردی لەم زمانە جیا بکەنەوە و بە زمانێکی سەربەخۆی دابنێن. بۆ نموونە شێوەزاری هەورامی، زازایی، لووڕی، لەکی و هەندێ لە شێوەکانی دیکە بە زمانێکی سەربەخۆ دابنێن. لەڕاستیدا ئەم داماڵینەی زمانی کوردی لە شێوەزارەکانی هەر لە درێژەی سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورددا سوودی لێوەرگیراوە. بەتایبەتی لەلایەن توێژەرانی ئێرانی کە مەبەستیانە جوگرافیای زمانی کوردی وەها سنووردار و بچووک بکەنەوە تاکوو لەگەڵ نەخشەی جوگرافیا سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان لە باشوور هاوتەریب بێ و بەشێوەیەکی گشتی زمانی کوردی لە شێوەزاری سۆرانیدا قەتیس بکەن، تاکوو جوگرافیا و خاکی کوردان هەر لە سنووری ئەم شێوەزارەدا بەرجەستە ببێ. بۆ نموونە (حسن رضا باغ بیدی) توێژەری فارس زمانی ئێرانی شێوەزاری هەورامی و زازایی بە زمانێکی سەربەخۆ دادەنێ و پێیوایە ئەم شێوەزارە ڕەسەنەی زمانی کوردی پەیوەندی بەم زمانەوە نییە و بە هەڵە لە ڕیزی شێوەزارەکانی زمانی کوردی پۆلین کراوە،[حسن رضا باغبیدی: ١٣٨٨، ١٨١] بەڵام مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی (خانای قوبادی) لە خەسرەو و شیریندا بەم چەشنە وەڵام دەداتەوە:

ڕاستـــەن مواچان فـــــارسی شەککەرەن کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن
پەی چێش؟نە دەواران ئەی دنیای بەدکێش مەحزووزەن هەرکەس بە زوبان وێش
(خانای قوبادی: ساڵ؟، ١٤)

ئەم دێڕە شیعرە نایابەی خانای قوبادی بەسە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە توێژەرانە، چونکە ئەم کەڵە شاعیرەی گەلی کورد بە شێوەزاری هەورامی دەڵێ: کوردی لە فارسی شیرین ترە. کەوایە ئەگەر هەورامی زمانێکی سەربەخۆ بووایە، خانای قوبادی بە شانازییەوە دەیفەرموو: هەورامی جە فارسی بەل شیرینتەرەن. ئامانجی ئەم توێژەرە ڕەگەزپەرستانەی ئێران جگەلەوەی مەبەستیانە زمانی کوردی بۆ شێوەی سۆرانی و سنووری کوردستان بۆ ئاخێوەرانی ئەم شێوەیە بچووک بکەنەوە، لەهەمان کاتدا دەیانەوێ پێگەی زمانی فارسی لە ئێراندا پتەو بکەن؛ تاکوو لە ڕێی نزیک کردنەوەی زمانی فارسی لەم شێوەزارانەی زمانی کوردی کەسایەتییەکی بەهێز و پتەوتر بە زمانی فارسی بدەن و مێژووی زمانەکەیان بۆ زمانی پەهلەوی و ئاڤێستایی و ئەخمینی بگەڕێنەوە.

فەهلەویات یان دەقی ئەدەبی قۆناغی نوێی زمانی کوردی خاڵی پێکەوە گرێدانی زمانی کوردی و زمانی پەهلەوین. لەم قۆناغەدا سەرەتا تەنیا شێوەی نووسین واتا ئەلفوبێ گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام بە درێژایی چەندین سەدەی دواتر زمانی کوردی بەهۆی بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کرد و لە ئەنجامدا لە هەناوی زمانی پەهلەوی کە زمانی فەرمی دەسەڵات و زمانی ستاندەری دەوڵەت بوو، کۆمەڵە شێوەزارێکی نوێ لەدایکبوون. (محمدتقی بهار) ئەم بابەتەی بەم جۆرە خستۆتەڕوو: دوای هاتنی ئیسلام خەت و زمانی پەهلەوی لەگەڵ ئەوەشدا کە تووشی گرفت بوو، بەڵام تاکوو سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچی هەر بەردەوام بەرهەمی دینی و ئەدەبی پێ تۆمار دەکرا و دواتریش کە زمان و ئەلفوبێی عەرەبی جێگەی گرتەوە، لە ڕۆژئاوای ئێران کە خەڵکەکەی بە زمانی پەهلەوی یان بە شێوەزاری نزیک لە پەهلەوی قسەیان دەکرد، ئەفسانە و کتێب و بەرهەمی ئەدەبیان پێ تۆمار دەکرد.[محمدتقی بهار: ١٣٤٩، جلد١، ١٤٥] بەرهەمە تۆمارکراوەکانی سەرجەمی ئەم شێوەزارانە بە فەهلەویات ناسران. بە تێپەڕبوونی کات زمانی کوردی پەهلەوی لە زمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆ چەندین شێوەزاری جیاجیای ناوچەیی گۆڕا.

لە بنچینەدا ئەم شێوەزارانە بەگشتی لە زاری خواروو و زاری گۆراندا پۆلین کراون، بەڵام تاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ، شێوەزاری فەیلی بەهۆی نزیکی لە زمانی پەهلەوی بە سەرەکی ترین شێوەزار دادەنرێ، هەر لەبەر ئەوەشە کە گشت ئەو بەرهەمانەی بە شێوەزارەکانی زاری خواروو و زاری گۆران وەکوو فەیلی، لوڕی، کەلهوڕی، هەورامی، باجەلانی و ...هتاد نووسراون بە فەهلەویات ناودەبردرێن.

## ٣-٥-١: فەهلەویاتی باباتاهیری هەمەدانی

مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەردەمی ئیسلامیدا بە شیعرەکانی باباتاهیرەوە دەسپێدەکا. ئەو پارچە شیعر و دووبەیتیانەی کە لە ئێراندا ساغکراونەتەوە و بەناوی دووبەیتییەکانی باباتاهیری هەمەدانی لە چاپ دراون، بەزۆری بە فارسی کراون و شێوە ڕەسەنەکەیان بەسوودی زمانی فارسی شێوێندراوە، بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵێک دووبەیتی باباتاهیر لە مۆزەخانەی قونییە لە تورکیا پارێزراون. ئەم شیعرانە لەسەر شێوە کۆنەکەیان لەلایەن (مهرداد بهار) چاپکراون و ئەمانەی خوارەوە نموونەی ئەم دوو بەیتیانەن:

گـــەر هەژ زەر ئۆنەهی ئەیوانی هـــەژ گڵ بە پەرژینش کـەری وانەوشە و وڵ
گەر ئەو بەشنەش نەهی ئەو داری شمشاد گەر ئەو ڕۆنەش کەری ئاواجی بلبل
سەرەنجامـــان بشی بــــە یـــا بهەرزی یـــایی تـــە گۆڕ و مەوای تـــە گڵ
[مهرداد بهار: ١٣٨٦، ٣٦٢]

یاکە مە دوڕ دی هەنی دەریـــا نەبی یار یاکە مە خۆر دی گەیهان پەیدا نەبی یار
من هەژ ئەو ڕۆ بە دامانی تە ژەد دەست دە گەردوونت هیچ پەڕ و پـــا نەبی یار
[هەمان: ٣٦٤]

## ٣-٥-٢: فەهلەویاتی مەغریبی تاوڕێژی (تەورێزی)

شمس‌الدین محمد مغربی شاعیر و عارفی مەزنی کورد لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی کۆچی ژیاوە. خەڵکی لە گوندی ئەمەندی شاری تاوڕێژە و لەساڵی ٨٠٨ی کۆچی لەم شارەدا کۆچی دوایی کردووە.[محمدامین ادیب طوسی: ١٣٣٥، ٢١٩] ئەم دەقانە هەر لەم سەرچاوەیە وەرگیراون. .

هەرچی ئەویـــان واتە دڵە بشنیر دڵە واتە چوو ئەویان نەشۆ هەچ ویر
نەبوو گێتی کە دڵم نۆیەوانێ بوو نـــۆیەوانێ هەتـــا گێتی بـــەرۆ پیر
[طوسی، ٢٢٤]

سەحەرگاهان کە دڵم تاوە گیرێ جەهـ ئاهم هەفت چەرخ ئاڵاوە گیرێ
جە دڵـم ئازەرین ئاهێ وەگەریێ دوویژ هەژ تـــاوێ دڵم تـــاوە گیرێ
[طوسی، ٢٢٦]

## ٣-٥-٣: فەهلەویاتی شێخ صفی‌الدین اردبیلی

شیخ سەفیەدینی ئەردەبیلی باپیرە گـەورەی حەیدرییەکان، عارفی سـەدەی هەشتەمی کۆچییە. لە کتێبی (سلسلة النسب صفویە)دا یازدە دووبەیتی بە زمانی کوردی فەهلەوی بە ناوی ئەم عارفە نـاودارەوە تۆمارکراون کە ئەمەی خوارەوە نموونەی دووبەیتییەکانیەتی.[محمد امین ادیب طوسی: ١٣٣٥، ٤٦١]

مواچەش هەژ چە ئەویان مەندە دوویرەم ئەژ چو ئەویان خاسان پشت و زویرەم
ب هێشتم دۆش بـــە عەرش و بە کورسی سوڵتان شێخ زاهیـدی چۆگان و گۆیەم
[طوسی، ٤٦٢]

بە من گیانی بدە ئـەز گیانەوەر بم بـــە من نوتقی بـــدە تـــا دەمەوەر بم
بە من گۆهشێ بدە ئەز بشنەڤا بم هەر ئەو جێ وانگێ بۆ ئەز ئاخەوەر بم
[طوسی، ٤٦٤]

## ٣-٥-٤: کەلامی یارسان

(سەرەنجام) کتێبی دینی یارسانە کە چەندین دەورەی جیاواز لە خۆ دەگرێ. ئەم کتێبە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەدەبی فەهلەوی یان فەهلەویاتە. ((بیروباوەڕی یارسان لە بنچینەدا بۆ هەورامان و شارەزوور و لۆڕستان دەگەڕێتەوە،)) [طیب طاهری: ٢٠٠٩، ١٩] بەڵام بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە لۆڕستان سەری هەڵداوەوە و سنووری چالاکییەکەی بۆ ناوچەکانی گۆران و عیلام هەڵدەکشێ.[طیب طاهری: ٢٠٠٩، ٢٠و٢١] بەم پێیە شێوەزارەکانی لۆڕ، لەک، کەلهوڕ، هەورامی و ...هتاد لە بەرهەمهێنانی دەقی کەلامی یارساندا بەشدارن و لە بنچینەدا بۆ یەک سەرچاوەی

زمانی دەگەڕێنەوە کە کوردی (پەهلەوی/فەیلی)یە. لە خوارەوەدا چەند دێڕێکی کەلامی یارسان (دەورەی خەزانە) دەگوازینەوە:

پادشا مەرەمۆ:

چــە بەتن دوڕی چــە بەتن دوڕی ئەوسا بەرامای چە بەتەن دوڕی

سەراسەر جیهان وە یەک کام برِی ستـــارە یوەنـــانی بنیامین چڕی[هەمان: ٣٣١]

بنیامین مەرەمۆ:

نــە جامەی دوڕ بی نــە جامەی دوڕ بی پادشای بەحڕ و بەڕ نە جامەی دوڕ بی

نــە بەحر و قەڕ قەڕ نە بەحر و بەڕ بی زات شا نـــە یورت کەس نەزان سڕ بی

[هەمان، ٣٣٢]

## ٤: جوگرافیای زمانی کوردی و فارسی

دەرکەوتنی زمانی فارسی لە ئێراندا نوێیە و مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانی و بەتایبەتی بۆ ڕۆژگاری دوای هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە. (پروێز ناتل خانلری) سەبارەت بە دەرکەوتنی زمانی فارسی لە ئێراندا دەنووسێ: ((زمانی فارسی دوای سەدەی سێیەمی کۆچی وردەوردە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و ناوچەی خۆراسـان دەردەکـەوێ.))[پـرویـز ناتل خانلری: ١٣٧٣، ٩] لە توێژینەوەیەکی دیکەدا هاتووە: ((لەو سەردەمەدا (واتا سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی) لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران باو بووە، لە خوراسان واتا ڕۆژهەڵاتی ئێران زمانی دەری بڵاوبووە و زمانی پەهلەوی لەوێدا نامۆ بووە.))[محمدتقی بهار: ١٣١٨، ٤٨٦] هەروەها (ذبیح صفا)ش ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەدا کە زمانی فارسی بۆ یەکەمینجار لە بەرامبەر زمانی پەهلەوی، دوای سەدەی سێیەمی کۆچی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەردەکەوێ. ((یەکەمین شاعیران کە بەم زمانە (فارسی) شیعر و ئەدەبیان نووسی هەروەک ئاماژەی پێدرا بە ناوی پارسی دەری و دەری و پارسی لە بەرامبەر پەهلەوی یان پەهلەوانی بەکاربرد. [ذبیح الله صفا: ١٣٥٠، ١٩٣]

بەپێی مێژووی ئەدەبی فارسی، یەکەمین بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم زمانە لە سنووری ناوچەی جوگرافیایی و ژینگەی ڕەسەنی زمانی فارسی واتا لە تاجیکستان و باکووری ئەفغانستانەوە سەریان هەڵداوە. کۆنترین مێژوو کە بۆ ئەم دەقە ئەدەبیانە دەسنیشان کرابێ کۆتایی سەدەی دووەم یان سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچییە. یەکەمین شاعیرانی فارس بەپێی ئەم کتێبانەی کە مێژووی ئەدەبی فارسیان تۆمار کردووە بریتیین لە: ابوالعباس مروزی، حنظلە بادغیسی، رودکی و ...هتاد. ئەم شاعیرانە لەلایەن کۆشکی میرنشینە فارسەکانی سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی پشتیوانی کراون. ((کۆنترین شیعری فارسی شیعری ابوالعباسی مەروەزییە کە لە ساڵی ۱۹۳ی کۆچی لە شاری مەرو قەسیدەیەکی بۆ مەعموون نووسیوە کە بەم دێڕە دەست پێدەکا:

ای رسانیده به دولت فرق خود تا فرقدین گسترانیده به جود و فضل در عالم یدین هەروەها هەندێکی دیکە کۆنترین شیعری فارسی بۆ ابو حفض حکیم بن احوص سغدی سمرقندی کە لە ۳۰۰ی کۆچی ژیاوە دەگێڕنەوە و شیعرەکە بریتییە لە:

آهوی کوهی در دشت چگونه دودا چو ندارد یار بی یار چگونه رودا[جلال‌الدین همایی: ۱۳۷۵، ٤٣] سەرجەمی شاعیرانی ئەم سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە سەدەی چوارەمی کۆچی سەربەم هەرێمانە بوونە و خەڵکی شاری بوخارا، سەمەرقەند، هەرات، تووس یان شارە دوورترەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بوونە و لە کۆشکی پاشا فارس و تورکەکانی سەفاری، سامانی، غەزنەوی و سەڵجووقیدا خزمەتیان کردووە.[پرویز ناتل خانلری: ۱۳۷۳، ۱۰] لە بەرامبەردا کۆنترین شیعرەکانی زمانی کوردی لە سەدەی یەکەمی کۆچی تۆمار کراون بۆ نموونە شیعری (هورمزگان) کە بە خەتی پەهلەوی نووسراوە. (آرش اکبری مفاخر) لە توێژینەوەیەکدا ئەم شیعرەی شیکردووەتەوە، لە خوێندنەوەی هەندێ وشەدا هەڵەی کردووە و ئێمە ڕاستەوخۆ دەقی ئەم شیعرە دەگوازینەوە و بۆ سەر ڕێنووسی ئێستای زمانی کوردی دەیگەڕێنینەوە. ئەم توێژەرە بەم شێوەیە باسی دەقەکە دەکا: ((هورمزگان یەکێک لە بەرهەمە بەنرخەکانی زمانی گۆرانییە و گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوی هێرشی عەرەب بۆ ئێران لە سەدەی یەکەمی کۆچییە. ئەم شیعرە لەلایەن شاعیرێکی زەردەشتی و گۆران زمان هۆنراوەتەوە کە خۆی بینەری ئەم ڕووداوە بووە و لە سەدەکانی دواتر بە خەتی پەهلەوی لەسەر پێستەی ئاسک نووسراوەتەوە.))

[آرش اکبری مفاخر: ١٣٨٩، ١١] لێرەدا ئاماژە بە زمانی کوردی نەکراوە و دەڵێ بە زمانی گۆران نووسراوە. ئەم جۆرە چەواشەکارییە لەلایەن توێژەرانی ئێرانی لە شیکردنەوەی دەقی کۆنی زمانی کوردی زۆر دەبینرێ و دەبێ ئێمەی کورد لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستاندا گرنگییەکی پتر بە زمانی کۆنی کوردی بدەین و لە زانکۆکانی کوردستاندا بەشی تایبەتی بە زمانە کۆنەکان دابمەزرێنین تاکوو بتوانین ڕاستەوخۆ ئەم دەقانە بخوێنینەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکەین. ئەوەی خوارەوە دەقی ڕەسەن و نووسینەوەی بە ئەلفوبێی ئێستای کوردییە.

**هوەرمیزگان ڕمان      ئاتیران کووژان**
**ویشان شارتینە      گەورە گەورەکان**
**زۆرکاری ئارەو      کرتینە هاپوور**
**گوونەو پەهلووی      هەتا شارەزوور**
**ژن و کەنیکان      وە دویر بشینا**
**مەردی هەژا      تیلی وە ربی هوینا**
**ڕەوشت زەرتوشترا      مانەوە بی زەست**
**بژیکا نکا      هورمز وە هێچ کەس**

بە بەراوردکردنی ئەم شیعرە بە دەقە پەهلەوییەکان بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی کوردی میراتگری ڕاستەوخۆی زمانی پەهلەوییە و لە هەمان ئەو ناوچەیە نووسراوە کە بە نیشتمانی پەهلە یان فەیلی ناسراوە. شیعرەکە بە هەمان ئەو زمان و خەتە نووسراوەتەوە کە دەقی ئەدەبی و دینی ڕۆژگاری ساسانییەکانی پێ تۆمارکراوە. هەروەها ئەگەر بە یەکەمین و کۆنترین دەقە مێژووییەکانی ئەدەبی فارسی بەراورد بکرێ ئاشکرا دەبێ کە زمانی فارسی لە ڕووی گەشەی مێژوویی زمانەوە تەواو لە زمانی پەهلەوی دوورە، چونکە ئەگەر فارسی میراتگری زمانی پەهلەوی بووایە، دەبووایە کۆنترین دەقەکانی تاڕادەیەک لەم شێوازە شیعرییەی سەرەوە نزیک بووایە یان هەر نا دەبایە لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچی بە خەتی پەهلەوی دەقیان نووسیبایەوە. کۆمەڵێک توێژەری ئێرانی دانیان بەم ڕاستییە ناوە و هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێدرا، نیشتمانی ڕەسەن و سەرەکی زمانی فارسیان

لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و وردتر لە تاجیکستان و ئەفغانستان دەسنیشان کردووە و یەکەمین و کۆنترین دەقە کۆنەکانی فارسیش لە دوای ئیسلام هەر لەم ناوچانە نووسراون.

شاعیرە مەزنەکانی ئێرانی وەکوو فیردەوسی، عونسوری، ناصر خوسرەو و ئەوانی دیکە کە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی بە زمانی فارسی شیعریان دەنووسی شارەزای زمانی پەهلەوی نەبوونە و شیعرەکانیان ئەمە دەسەلمێنێ. (محمدتقی بهار) لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە بە ناوی ئەو شاعیرانە دەکا کە زمانی پەهلەویان زانیوە و کتێبیان لەم زمانەوە بۆ زمانی فارسی وەرگێڕاوە. ناوی فیردەوسی لە ڕیزی پەهلەوی نەزانان پۆلین کردووە. ئەو شاعیرە مەزنەی فارس کە بەرهەمە ئەدەبییەکەی بەناوی شانامە بە بنچینەی زمانی فارسی دادەنرێ. ((شاعیرێک کە لەسەر بنەمای دەقێک شیعر بهۆنێتەوە، ناکرێ تایبەتمەندییەکانی دەقە ڕەسەنەکە بۆ شیعرەکانی نەگوازرێتەوە. لەناو شاعیرانی فارس زمان جگە لە فەخری گورگانی کە لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچی ژیاوە و زەردەشت بارامی پەژدوو کە کتێبی زەردەشت نامەی بە شیعر داڕشتووەتەوە هیچ شاعیرێکی دیکە نییە کە گومان بکرێ زمانی پەهلەوی زانی بێ.))[محمدتقی بهار١٣١٣، ٤٩٧] لەکاتێکدا هەر لەم سەردەمە و دوای ئەوەش ئەدیبانی کورد بە هەمان ئەلفوبێی دەقی پەهلەوی بەرهەمی ئەدەبی و دینیان نووسیووە. لەو کاتەشدا کە نووسین بە ئەلفوبێی کۆن باوی نەما و ئەلفوبێی عەرەبی جێگەی گرتەوە، بە هەمان زمانی کوردی پەهلەوی دەقی ئەدەبی و دینیان بەرهەم هێناوە کە بەزۆری بە ناوی فەهلەویات ناسراون.

بۆچوونی ناسر خوسرەوی قوبادیانی شاعیر و گەڕیدەی بەناوبانگی فارس سەبارەت بە شاعیرێکی ڕۆژئاوایی بەتەواوی دەیسەلمێنێ کە زمانی فارسی و زمانی پەهلەوی لە رووی ژینگە و جوگرافیای زمانی زۆر لێک دوور بوونە، بەڵام دواتر و لە سەردەمی ئیسلامی و بەتایبەتی لە دوای سەدەی سێیەم و چوارەم بەر کاریگەریی یەکتری کەوتوون. ناسر خوسرەو لە گەشتنامەکەیدا کاتێک لە ساڵی (٤٣٨)ی کۆچی دەگاتە تاورێژ (تەورێز) دەڵێ: لەم شارەدا چاوم بە شاعیرێک بەناوی قەتران کەوت شیعری جوان دەنووسی، بەڵام فارسی باش نەدەزانی. هاتە لای من دیوانی (دوو شاعیری فارس) مەنجیک و دیوانی دەقیقی هێنا و گووتی من لە شیعرەکانیان تێناگەم

و منیش بۆم شیکردەوە.[ ناصر خسرو: ١٣٣٥، ٦] لە پێشەکی دیوانی (قطران تبریزی) دا هاتووە: هۆکاری خوونەگرتنی قەتران بە زمانی فارسی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەخۆی بە شێوەزاری فەهلەوی دوواوە و بەم زمانە شیعری داناوە و بە شێوەیەکی سرووشتی و ئاسایی لە وشە و زاراوەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات تێنەگەیشتووە کە زمانی دایکیان فارسی بووە.[محمد نخجوانی: ١٣٦٢، دوازدە] بەپێی ئەم سەرچاوانە دەردەکەوێ لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا زمانی فارسی لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوا و زمانی کوردی فەهلی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بەتەواوی نامۆ بوونە و دواتر وردەوردە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی بەدواوە بووە کە زمانی فارسی بەهۆی بەرفراوان بوونی دەسەڵاتی تورکانی غەزنەوی و سەڵجووقی بۆ ناوچەکانی دیکە گواستراوەتەوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەم توێژینەوەیەدا خرانەڕوو، دەرکەوت کە زمانی کوردی پەهلەوی کە لە ڕۆژگاری ئەشکانی و ساسانییەکان زمانی فەرمی دین و دەوڵەت بوو، لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی بەهۆی نەمانی پشتیوانی سیاسی لە پێگەی زمانی فەرمی دابەزی و خۆری دەسەڵات و شکۆمەندییەکەی کز بووەوە. بێگومان ئەم زمانە لە دوای ساسانییەکان لەناو نەچوو، بەڵکوو تەنیا ئەرکەکەی لە زمانی دەسەڵات و زمانی فەرمی دەوڵەت بۆ زمانی ئەدەب و دین سنووردار کرا. زمان و خەتی کوردی پەهلەوی تاکوو دەورووبەری سەدەی شەشەمی کۆچیش هەر بەرهەمی دینی و ئەدەبی پێ تۆمارکراوە، هاوتەریب لەگەڵ شێوازی کۆنی بەکارهێنانی خەتی پەهلەوی، ئەدیبانی کورد ئەلفوبێی سادەی عەرەبیشیان بۆ نووسین بەکار دەبرد کە دواتر بەهۆی سادەیی لە نووسین و خوێندنەوەی لەلایەن خەڵکانێکی زۆری کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەم شێوازە نووسینەی ئەدەبی کوردی پەهلەوی بە خەتی عەرەبی بەسەر شێوازە کۆنەکەدا کە بە خەتی پەهلەوی بوو زاڵبوو و لە مێژووی ئەدەبدا بە فەهلەویات ناسرا. ئەمەش دەرەنجامی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی پەهلەوی بۆ کوردی فەیلی و دواتر شێوەزارەکانی دیکە بوو کە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، دینی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە دوای هاتنی ئیسلام و ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی هاتبووە ئاراوە.

## ئەنجام:

١- زمانی کوردی پەهلەوی (فەیلی) بەهۆی ئەوەی شێوەزاری بنەماڵەی پاشایانی ساسانی بووە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە زمانی فەرمی دەوڵەت و کاروباری میری هەڵبژێردراوە و دواجار لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی ئەوسا دەقی دینی و ئەدەبی پێ تۆمار کراوە.

٢- دەقی نووسرای بەردی پاشاکانی ساسانی و دەقە ئەدەبی و دینییەکانی ئەم سەردەمە، بە زمانی کوردی و شێوەی پەهلی یان فەیلی نووسراون.

٣- دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی و بڵاوبوونەوەی ئیسلام، ئەم زمانە بەسەر چەندین شێوەزاری سەرەکی و لاوەکیدا دابەش بوو کە شێوەزاری فەیلی سەرەکی ترین و گرنگترینی ئەم شێوەزارانەیە. کەواتە زمانی پەهلەوی لە پرۆسەی گەشەی زمانییدا بۆ فەیلی گۆڕاوە. بۆیە دەکرێ بڵێین زمانی پەهلەوی لە قۆناغی نوێی زمانی کوردیدا لقێکی سەرەکی لێبووەتەوە کە فەیلی پێدەگووترێ و لە سەدەکانی دواتر زۆربەی شێوەزارەکانی زاری خوارووی و زاری گۆران لەم لقە نوێیەی زمانی پەهلەوی واتا فەیلی چەکەرەیان کردووە.

٤- فەهلەویات کە دەقی ئەدەبی کوردین لە دوای هاتنی ئیسلام بە شێوەزارەکانی کوردی بەتایبەتی ئەو شێوەزارانە نووسراون کە لە چوارچێوەی زاری خواروو و زاری گۆراندا پۆلین کراون کە لە بنچینەدا لق و پۆپی لاوەکی (پەهلەوی- فەیلی)ن و سەرجەمیان پێکەوە میراتگری زمانی کوردی پەهلەوی سەردەمی ساسانین.

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوەکان:**

١- آرش اکبری مفاخر(١٣٨٩) سرود ورمزگان، مجله مطالعات ایرانی، سال نهم، شمارەی هفدهم
٢- ابن ندیم (١٣٨١) الفهرست، ترجمەی محمد تجدد، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران
٣- احمد تفضلی(١٣٨٣) تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام، نشر سخن، تهران
٤- پرویز ناتل خانلری (١٣٧٣) دستور تاریخی زبان فارسی، انتشارات توس، چاپ سوم، تهران
٥- تورج دریایی(١٣٩١) ناگفتەهای امپراتوری ساسانی، ترجمەی آهنگ حقانی و محمود فاضلی بیرجندی، کتاب پارسە، چاپ اول، تهران
٦- حسن رضاباغ بیدی(١٣٨٨) تاریخ زبانهای ایرانی، مرکز دائرەالمعارف بزرگ اسلامی، چاپ دوم، تهران
٧- جلال‌الدین همایی (١٣٧٥) تاریخ ادبیات ایران، بە کوشش ماهدخت بانو همایی، مؤسسەی نشر هما، چاپ اول، تهران
٨- خانای قوبادی(١٣٦٢) خوسرەو و شیرین، بووژاندنەوە و لێکدانەوەی محەمەدی مەلاکردیم، کۆڕی زانیاری کورد، زنجیرەی ژیاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبی کوردی-ژمارە (٢)، بنیاد فرهنگ و ادبیات کردی، ارومیە
٩- رفیق شوانی (٢٠٠٨) زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر
١٠- زبێر بیلال اسماعیل (١٩٨٤) مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف رؤوف علی، دەزگای ڕۆشنبیری، زنجیرەی ١٠٤، چاپی ؟، بەغدا
١١- ژالە آموزگار و احمد تفضلی (١٣٨٩) زبان پهلوی، انتشارات معین، چاپ هفتم، تهران
١٢- ذبیح الله صفا (١٣٥٠) فرهنگ ایرانی و اثر جهانی آن، چاپخانەی دانشگاه تهران، چاپ ؟، تهران
١٣- فرهاد عزیز حسن (٢٠١٣) ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەلەوییەکان، ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر
١٤- فرهاد عزیز حسن (٢٠١٧) جوانکاری ئەدەبی لە ئاڤێستادا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی ٢١، ژمارە ٤
١٥- فرهاد عزیز حسن (٢٠١٩) پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە ٤
١٦- فریدون جنیدی (١٣٨٦) نامەی پهلوانی، نشر بلخ، چاپ دوم، تهران
١٧- طیب طاهری (٢٠٠٩) تاریخ و فلسفەی سەرەنجام، دەزگای موکریانی، چاپ اول، هەولێر
١٨- طیب طاهری (١٣٩٧) شناسنامەی هویتی لک، هفتەنامەی غرب شمارە ٥٨٥ و ٥٨٦

١٩- مهرداد بهار و ابوالقاسم اسماعیلپور(١٣٩٤) ادبیات مانوی، نشر کارنامه، چاپ اول
٢٠- مهرداد بهار (١٣٨٦) جستاری در فرهنگ ایران، نشر اسطوره، چاپ دوم، تهران
٢١- محمدتقی بهار (١٣١٣) خط و زبان پهلوی در عصر فردوسی، مجله مهر، سال دوم، شماره ٥ و ٦
٢٢- محمدتقی بهار (١٣٤٩) سبک شناسی، جلد اول، انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم،تهران
٢٣- محمدامین ادیب طوسی (١٣٣٥) فهلویات زبان آذری، نشریه دانشکده ادبیات تبریز، سال هفتم، شماره٤ و ٨.
٢٤- محمد نخجوانی (١٣٦٢) دیوان حکیم قطران تبریزی، انتشارات ققنوس، چاپ اول، تهران.
٢٥- ناصر خسرو قبادیانی(١٣٣٥) سفرنامهی ابو معین حمیدالدین ناصر بن خسرو قبادیانی مروزی، بکوشش محمد دبیر سیاقی، انتشارات کتابفروشی زوار، چاپ ؟، تهران
26- E. Thomas (1868) Early Sassanian Inscription, Trubner & co., 60, Paternoster Row, London
27- Fereydun Vahman (1986) Arda Wiraz Namag, Scandinavian Institute of Asian Studies Kejsergade 2, DK-Copenhagen K, Ferst published, London and Malmo
28- H. S. Nyberg (1964) A Manual of Pahlavi, part I, printed in Germany
29- J. Jamasp-Asana (1913) Corpus of Pahlavi Texts, Bombay
30- P. Sanjana (1915) The Dinkard VII, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, London

*** فرهاد عزیز حسن**
**نازناوی زانستی مامۆستا-- زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی پەروەردە-مەخمور- بەشی زمای کوردی**

# مستەفا غەفوور:
## پێویستە دەزگای تایبەت بە وەرگێڕان و سەندیکای تایبەت بە وەرگێڕان لە وڵاتی ئێمەدا هەبێت

▢ دیمانە: زمان و زار

**نووسەر و وەرگێر مستەفا غەفوور ناوێکی دیار و ناسراوی گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی و چاپەمەنی کوردییە، ئەویش بە بەرهەمە بە پێزەکانی لە بواری نووسین و هەروەها وەرگێڕاندا کە خاوەنی پتر لە پەنجا کتێبە و لەو بوارەدا لە ڕێگای وەرگێڕاندا خزمەتێکی زۆری بە زمانی کوردی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە گۆڤاری زمان و زار ڕوو بەرووی چەند پرسیارێکی کردوە:**

**زمان و زار: بەرای ئێوە پرۆسەی وەرگێڕان دەبێتە هۆی خزمەت کردن بە زمان و زمانی یەکگرتوو (ستاندارد)، ئێوە وەک وەرگێرێکی بەئەزموون دەڵێن چیی؟**

**مستەفا غەفوور:** وەرگێڕان یەکێکە لە بنەماکانی گەشەکردنی زمان، ئەگەر گەشەکردنی زمانیش بە ئاڕاستەی سروشتی خۆیدا بڕوات، بێگومان خزمەت بە خەملاندن و ئافراندنی زمانی یەکگرتوو دەکات. چونکە تا زمانەکە گەشە نەکات هەر هەوڵێک بۆ بەستانداردکردنی زمان نەزۆک دەبیّ. کاتێک نەتەوە لە بارودۆخێکی گرژی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی دابێت، هیچ لایەک ناپرژێنە سەر ئەوەی بیر لە زمانی ستاندارد بکاتەوە، ئینجا ئەگەر وەک قەوارەیەک چالاک نەبیّ و پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی بەهێز نەبن، لە ڕووی کلتوور و زانست و پیشەسازی ،... هەست بە دواکەوتن نەکا، ئەوسا هەست بە پێویست بوونی زمانی ستاندارد ناکریّ. ئەگەر زمانەکە تەنیا زمانی ئەدەبی یا زمانی ئاخاوتن بیّ و لەو سنوورە تێنەپەڕی، ئەوا ئافراندنی زمانی یەکگرتوو ئاسان نییە.

لە ڕاستیدا زمانی ستاندارد خەمی قەوارە سیاسییەکەیە و دەبیّ ئەو بەدواداچوونی بۆ بکات، دەبیّ ئەو ڕێکارەکانی سەپاندنی ئاڕاستەیەک بۆ گەیشتن بە زمانی ستاندار بسەپێنیّ. نووسەر و ڕووناکبیران تەنیا دەتوانن زمانەکەیان گەشە پێبدەن و لە لادان و چەواشەکردن بیپارێزن، ئەوان ناتوانن بە مەبەستی ڕێگە خۆشکردن بۆ زمانی ستاندارد، بکەونە ململانیّ لەگەڵ ئاخێوەرانی دیالێکتەکانی تر، ناراستەوخۆ ببنە هۆکاری کێشەی سیاسی و دروستکردنی دەمارگرژی و تەنانت دووبەرەکی شاراوە و چاندنی ڕق و

قین. دوور نییە ئەم چەواشەکارییەی زمان و کەمتەرخەمییە، پلانێک بێ و دەستێکی شاراوەی لە پشت بێ، ئەوسا ئەوان ناتوانن رووبەڕووی ببنەوە و زمانی ستاندارد بە سیاسی بکەن، ئەوە ئەرکی بڕیار بە دەستانی حکومەتی هەرێمە. لەمرۆدا زمانی کوردی بە ئاڕاستەیەک گەیشتووە، ئەگەر فریای نەکەوین، رەنگە بەئاقاری دوو زمانیی و سێ زمانییدا زمانی بڕوات، ئەوسا کەرتوبوونی زمان کەرت بوونی نەتەوە و لاوازبوونی هێزی گشتی نەتەوەی لێدەکەوێتەوە و تاکی کوردیش لە هەوڵەکان بێ ئومێد دەکات، هەر بێ ئومێدییەک بە ئەگەری زۆر، تەسلیمبوون بە ئەمری واقعی لێدەکەوێتەوە، ئەوسا هەوڵەکان نەزۆک و چارەسەرەکان قورستر دەبن. لەبەرئەوە، زمانی ستاندارد پێویستی بە بڕیاری سیاسی هەیە، ئەویش نەک بڕیارێکی رەق و رووت، بەڵکو بڕیارێک لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن و کۆدەنگیی و هەموو رۆشنبیرانی دیالێکتەکان دامەزرابێ، لەسەر بنەمای زانستی و زمانناسی لەسەر بڕیاری ئەکادیمی و ئەکادیمییەکانی کورد، واتە پرۆژەیەکی زانستی بۆ بە بنەماوەرگرتنی یەکێک لە دیالیکتەکان، کە مەرجە زانستییەکانی بە ستانداردبوونی تێدابێ. ئەمەش دەبێ کاری لەسەر بکرێ و راستییەکەی لە رووی زانستییەوە بە هەمووان بسەلمێنرێ. دەشێ دیالێکتێک ئاخێوەرەکانی زۆر بن، دیالێکتێکی دێرین و خاوەن مێژوو بێ، بەڵام مەرج نییە بۆ زمانی ستاندارد بشێ. ئینجا بکرێ بە بناغە و ئامادەکاری بۆ بکرێ و رێکارەکانی دیاری بکرێ، دواتر داوا لە بڕیار بە دەستان بکرێ بریارێکی سیاسی رۆشنبیری بدەن بۆ کارکردنی چڕ و پڕ و بەردەوام لەسەر ئەو ئاڕاستەیە. بڕیارێکیش بۆ ئەوەی هەر بەرهەڵستییەکی نازانستی و تایفەیی و ناوچەیی و نابەرپرسیارانە قەدەغە بکات. ئەمەش دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفراسی پێویستە، ئیتر هەر لە ئەکادیمی و زمانزان و ئەدیب و نووسەران تا دەگاتە وەرگێرانی بە توانا، واتە ئەوانەی لە رەوتی وەرگێڕاندا ئەزموونێکی زۆریان کۆکردۆتەوە و هەستیان بە هەموو کەموکوڕی و خاڵە بە هێزەکانی زمانی کوردی کردووە، رۆژانە لە کار و پیشەیاندا رووبەڕووی ئەو گرفتانە دەبنەوە.

لەم پرۆسەیە دا و لە هەر بارودۆخێکدا بێ، وەرگێر و وەرگێڕان فاکتەری کارا و سەرەکین. رۆماننووس و شاعیر بۆ ئافراندنی بەرهەمەکەیان، پەکیان لەسەر زمان نەکەوتووە. ئەوە وەرگێڕە بەدەست لاوازی زمان و ناهەمواریيەکانییەوە دەناڵێنی، ئەوە وەرگێڕە لەو کەرەستە زمانیانە دەگەرێ، تا بتوانێ شتێکیان لە کلتوور و ئەدەبی بێگانەوە پێ وەربگێڕی بۆ سەر زمانی کوردی، ئەوە وەرگێڕە بە لە دایکبوونی هەر وشە و

زاراوەیەکی نویٚ، بە نۆژەنکردنەوەی هەرکەرەستەیەکی زمانی و ئەکتیڤ کردنی هەر وشە و زاراوەیەکی پەتی، کارکەی ئاسانتر و بەرهەمەکەی جوانتر دەبیٚ. لەبەرئەوەی ئاڕاستە و مەبەستەکەی دیارە، هەرهەموارکردنێک هەرچەندە کەمیش بێت، ریگاکەی بۆ خۆشتر دەکات. کەواتە بە تۆکمەبوونی زمان، کاری وەرگێڕ ئاسانتر و بە ستانداردبوونی زمان گرفتە یاسایی و ریساییەکانی کەمتر دەبنەوە، ئەوسا ناچار نییە بگەڕیٚ بزانیٚ ئەو کەرەستانەی بەکاریان دێنیٚ و ئەو پێوانە زانستییەی وشەیان لەسەر دادەڕێژێ و وشە و زاراوەکانیان پیٚ گەردان دەکات، ریٚگە پێدراون یان نا، لەگەڵ ریساکانی زمانناسی گشتی و لۆکاڵیدا دەگونجێن یان نا. بەم پێیە هەم وەرگێڕ و هەم زمانی تۆکمە و زمانی ستاندارد، پێویستی یەکترن لەگەڵ بە هانا هاتنی یەکترەوە گۆرێک بە ئاڕاستەکە دەبەخشن.

**زمان و زار: ساڵانە بە سەدان کتێب لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی کوردی وەردەگێردرێن، بەرای ئێوە ئەم وەرگێردراوانە تا چەند خەسڵەت و مەرجی هونەری و زانستییان تێدایە؟**

**مستەفا غەفوور:** کاتێک بێستانێک وەردێک و، مەرەزەیەک ... هتد گەشە دەکات، لەپاڵ گەشەکردنی بەرهەمەکە گژ و گیای هەرز و رووەکی زیانبەخشیش لەگەڵێدا سەرهەڵدەدەن، ئەگەر بژار نەکریٚ ئەگەری ئەوە هەیە، بەرهەمە یا لە ناوبچیٚ یا بەو کواڵیتییەی پێویستە بەرهەم نەیەت. زمانیش وایە، لەگەڵ گەشە کردنی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانە و ئافراندنی کەرەستە زمانیی ناپێوانەیی دەبیٚ. زۆرجار کەسانی ناشارەزا لە نووسەر و وەرگێڕ و ئەدیبان، بە ئاگا و بیٚ ئاگایانە ئەو کەرەستان لە هەگبەی زمانی کوردی دەئاخنن و پێیان وایە خزمەت بە زمان دەکەن، کەچی دەبینین لادانی زمانیی، وەرگێرانی سەقەت و نەشیاوی تێگەیشتن بەرهەم دێن، کە ئێستا ئەم بەرهەمانە لە بازار زۆرن. زۆربەیان مەرجی هونەریی و زانستییان تێدا نییە، نەک هەر ئەوە ئەمانەتی وەرگێرانیشیان نە پاراستووە، کە ئەمە شتێکی ئاسایی و سەرپێیی نییە، ئەمە خیانەتە تۆ بێی لە گواستنەوەی زانیاری دا هەڵە بکەیت، واتە زانیاری هەڵە رادەستی خوێنەر بکەیت، چونکە دوور نییە ئەو خوێنەرە لەسەر ئەو زانیارییانە شتی تر هەڵبچنیٚ، ئەوسا بیٚ ئەوەی پێبزانیٚ گەلێک زانیاری و بیر و بۆچوونی ئەوتۆی پێشکەش بە کلتوور و رۆشنبیریی کردووە، کە لەسەر بنەمای هەڵە دامەزراون. بیٚ گومان ئەمەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە. ئەم دیاردەیە لە بواری وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا بە زەقی دەبینریٚ.

هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی زمان، وەرگێڕان و وەرگێڕانن. ئەگەر ئەوان بێ توانا و شارەزا نەبن و هەڵەبکەن، لە بری خزمەت زیان بە زمانەکە دەگەیەنێت. دیارە لەپاڵ ئەوەشدا گەلێک وەرگێڕی شارارەزامان هەیە، زۆر بابەتی باشیان بە زمانێکی شایستە وەرگێڕاوە، کە مەرجی هونەری زانستییان تێدایە و خزمەت بە زانست و رۆشنبیری کورد دەکەن، گەلێک بواریشیان بە بەرهەمەکانیان دەوڵەمەند کردووە. بەڵام بەدوور نین لە هەڵە.

**زمان و زار: هەبوون و نەبوونی دەزگایەکی تایبەت بەوەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانە بیانییەکان و بە پێچەوانەوە، تا چەند خزمەت بە زمانی و کلتوری کوردی دەکات؟**

**مستەفا غەفوور:** بە رای من پێویستە دەزگای تایبەت بە وەرگێڕان و سەندیکای تایبەت بە وەرگێڕان لە وڵاتی ئێمەدا هەبێت، بەمەرجێک شتکی لاوەکی نەبێت هەرکەس و لایەنێک توانای مادی هەبوو، کۆمەڵێک وەرگێر کۆبکاتەوە و ناوی لێبنی دەزگا یان خانەی وەرگێڕان، بەڵکو پێویستە ئەمە پەیوەست بێ بە ئەکادمیای زمان، خودی ئەکادیمیا و پسپۆڕانی ئەکادیمیا سەرپەرشتی ئەو دام و دەزگایانە بکەن. خۆ ئەگەر لەهەر شوێنێک یا شارێکی گەورە توانای ئەوە هەبوو، پێویستە مۆڵەتی دامەزراندنی پێبدرێ، رێگەی چالاکی بۆ خۆش بکرێ و بە پێی پێویست بودجەی بۆ سەرفبکرێ. لەپاڵ ئەوەدا سیمسنار و کۆڕ و کۆنفرانس ببەسترێ بۆ ئاراستە کردنی بواری وەرگێڕان و رەنگدانەوەی لەسەر ئیدارات و میدیاکان، واتە ئەو دەزگایانەی سەر بە ئەکادیمیا دەبن یان لە ئاکادیمیادا بەشێک دەبن، پێویستە رێنوێنییەکانی ئەکادیمیا لەبەرچاو بگرن و هەمیشە دوابڕیار بگەڕێتەوە بۆ ئەکادیمیا. دامەزراندنی دەزگای تایبەت بەدوور لە ئەکادیمیا ناوەندەکانی بڕیاردان زۆرتر دەکات، ئەوسا لایەنی پەیوەندیدار نازانێ گوێ لە کێ بگرێ و خانەکانی وەرگێڕان و میدیا و کاناڵەکانی راگەیاندن رینوێنییەکانی کاملایان بەهەند وەربگرن.

تائێستا چەندین دام و دەزگای وەرگێڕان لەم وڵاتەدا دامەزراون لەپاڵ وەرگێڕاندا کاری چاپ و بڵاوکردنەوەشیان ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا هیچیان بە شێوەیەکی فەرمی و زانستی، شتێکیان لە رووی وەرگێڕان و زمانناسییەوە پێشکەش بە ئەکادیمیا و بواری کلتووری نەکردووە، واتە نەیانتوانیوە کۆی ئەزموونەکانیان و بیرو بۆچوونەکانیان لەناملکەیەکدا دابڕێژن و بەرزی بکەنەوە بۆ ئەکادیمیا وەک

دەزگای باڵاتر و بڕیادەر. لەبەرئەوەی هەنگاوەکان شەخسین، ناتوانن هەموو تواناکان کۆبکەنەوە و لە بۆتەیەکدا دایانبڕێژن. کاتی خۆی کۆڕی زانیاری کورد گەلێک خزمەتی بە زمان و کلتووری کوردی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کوڕی هەبوو و تواناکان لە رووی دارایی و سیاسییەوە سنووردار بوون، بەڵام تا ئێستاش جێ پەنجەی دیارە.

دەزگایەکی لەم بابەتە، دەبێ پەیوەست بە ئەکادیمیا و بە وەزارەتی رۆشنبیری بێ، کەسانی پسپۆر و خەمخۆر سەرپەرشتی بکەن، بێ جیاوازی کار بکەن واتە لە کاریگەری سیاسی و ئاڕاستەی حزبایەتی دوور بن. مەبەستم ئەوەیە نەک دەزگایەکی وەرگێڕان، بەڵکو بە پێویستی دەزانم سیستمێک دابمەزرێ چەندین دەزگا و خانەی وەرگێڕان و رەۆشنبیری شارەکان لەخۆبگرێ، بتوانێ کار و بەرهەمەکانیان تاوتوێ بکات، لە شوینی پێویستدا دەستخۆشی و لە شوێنی تردا رەخنە لە هەڵەکان بگرێ.

**زمان و زار: باشە ئەو بەرهەمانەی لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراون، تا چەند کەڵکیان هەبووە یان زیانییان بە زمانی کوردی گەیاندووە، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی بە مەبەست و ئامانجی بازارگانی و زۆری و بۆری نەک چۆنیەتی، بەردەوام خەریکی بە چاپگەیاندنی دەقی وەرگێردراون؟**

**مستەفا غەفوور:** من ناتوانم بریار لەسەر تێکڕای ئەو بەرهەمانە بدەم، کە لە زمانە بیانیەکانەوە وەرگێردراون بۆ سەر زمانی کوردی، چونکە من بەشێکیانم بەرچاوکەوتووە و وەک دەزگای موکریانیش تەنیا دەتوانم بریار لەسەر ئەو بەهەمانە بدەم کە خۆم پێداچوونەوە، بەراوردکردنەوە و هەڵە چنیم بۆ کردوون، یان بەرچاوم کەوتوون و خوێندومنەوە. لە راستیدا زۆربەی ئەو بەرهەمانە لە زمانی فارسییەوە وەرگێردراون، رێژەیەکی زۆری ئەو بەرهەمانەش لە زمانی سەرەکییەوە کراون بە فارسی و وەرگێڕانی کوردیش لانیکەم لە زمانی دووهەمەوە، واتە لە فارسییەوە کردوویانە بە کوردی واتە بۆ زمانی سێهەم. ئەوانەش لەگەڵ ئەو زمانە سەرەکییەی دەقەکەی پێنووسراوە بەراورد نەکراونەتەوە، کە بۆ رەواندنەوەی گومان و پاراستنی ئەمانەتی گواستنەوەی زانیاری یا مەبەستی بەرهەمەکە، پێویستە. لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو وەرگێڕانە لە زمانی فارسی بەولاوە شارەزای زمانی تر نەبوون نەیاتوانیوە ئەم کارە بکەن، ئەگەر توانیبێتیشیان لەبەر لایەنی بازرگانی و پەلەپەلی دەزگای پەیوەندیدار، تێپەرێندراوە و بەکاڵ و کرچی خراوتە بازاری خوێندنەوە. نەک هەر ئەوە زۆرجار دەسنووسەکان بۆ

تایپکردن رادەستی تایپیست کراون، لەبەرئەوەی زۆربەی تایپیستەکانیش کوردی زانی باش نین و هەر یەکەیە ئاخێوەری دیالیکتە، ئەوانیش لە تایپکردندا بە دەیان و بگرە سەدان هەڵەیان خزاندۆتە ناو دەقە وەرگێردراوەکە. دواتر دەقەکە بە تایپکراوی لەسەر کۆمپیوتەر رادەستی هەڵەچن کراوە، لەم حاڵەتەشدا دەرناکەوێ هەڵەچن چیی کردووە و کوێی راستکردۆتەوە، تا کوێ خۆی بە هەڵە چنییەوە ماندوو کردووە. ئێمە وەک دەزگا لە زۆر حاڵەتی ئاوادا بۆ مان دەرکەوتووە، هەڵەچن زانیویەتی ئێمەش ناتوانین وەک پێویست دووبارە بیخوێنینەوە و پێداچوونەوە بە وشەبەوشەیدا بکەین، وەک پێویست خۆی پێوە خەریک نەکردووە، هەموو شیان پێش تەواو بوونی کارەکەیان پاداشتی خۆیان وەرگرتووە و ئاوڕیان نەداوەتەوە. لە کۆتاییدا ئەرکە قورسەکە کەوتۆتە سەر شانی ئێمەی کارمەمد و ئێمەش بە پێی توانا هەوڵمانداوە، کەمترین هەڵە لەو وەرگێڕانەدا بکرێ. بەڵام گرفتەکە لێرەدایە، بەشێکی زۆر لە وەرگێڕانی باشووری کوردستان، بە پێی بارودۆخی سیاسی رێگەیان کەوتۆتە ئێران یان ئاوارەی ئەوێ بوون، لەوێ فێری زمانی فارسی گوفتاری بوون، کە زانیویشیانە هەرکەسە راست دەبێتەوە و لەبەرخۆیەوە دەستدەکات بە وەرگێڕان و سەرچاوەیەکی داهاتە، هەڵسەنگاندن و بە دواداچوون و لێپرسینەوەش نییە، بەو زمانە بازارییەیان سەدان بەرهەمیان رادەستی خوێنەر کردووە.

لە لایەکی تر، بەشێک لەو وەرگێڕانەی لە رۆژهەڵاتەوە هاتوون و تەنیا بە فارسی خوێندوویانە و پتر شارەزای زمانی فارسی بوون، وەک پێویست شارەزای زمانی کوردی نەبوون، سەرەڕای ئەوەش بە سەبکی فارسی دەیاننوسی و وەرگێڕانەکەشیان سەبکی فارسی پێوە دیاربوو. ئەمانە و پێویستی بواری کلتوور و رۆشنبیریی کوردی، وایکرد بە خێرایی ئەو بەرهەمانەی بەرنامەی خوێندنی زانکۆکان و پێویستیی خوێندەواری کوردن بە پەلە وەربگێردرێن، لە وانە بەشەکانی زانستە مرۆییەکان، وەک: کۆمەڵناسی، زمانناسی، فەلسەفە، دەروونناسیی، یاسا، یاسا و سیاسەت و... . خوێنەری کوردیش بە هۆی کەمی سەرچاوە و زانیاری، داخراوی عێراق و هەرێمی کوردستان، تینووی خوێندنەوەی ئەدەب و کلتووری بێگانە بووە.

بە هەمانشێوە گرفتی وەرگێڕان لای وەرگێڕانی زمانە بیانییەکانی تریش لەوانە عەرەبی، کە زمانی نەتەوەی دەسەڵاتدارە لە ئارادابووە. ئەوەی چەند ساڵێک چۆتە دەرەوە فێری زمانی گوفتاری ئینگلیزی، سویدی، هۆڵەندی، رووسی و... بووە.

لەبەر ئەوەی بە دواداچوون و بەراوردکردنەوە هەڵسەنگاندنی توانای وەرگێڕ و تاوتوێکردنی وەرگێڕاوەکان لە ئارادا نەبووە، بە هەمان کواڵیتی سەقەت دەیان بەرهەمی وەرگێڕاویان خستوتە ناو بازاری خوێندنەوە، ئەمە جگەلەوەی بزانن ئەو بەرهەمانە و زانیارییەکانیان بۆ ئەم بارودۆخە دەست دەدەن یان نەخێر. لێرەدا نە وەزارەتی رۆشنبیری نە دام و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و وەرگێڕان، بەرنامەیەکیان نە بووە بۆ ئەوەی بزانن کەلێنەکانی خوێندنەوە و رۆشنبیری و کتێبخانەکان و کۆلیجەکان چ سەرچاوە و بابەتێکیان پێویستە، تا جەخت لەسەر وەرگێڕانی ئەو بابەتانە بکەنەوە، تەنانەت فلتەری مەزندەکردن و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانیشیان نەبووە، هەمووی لەسەر سەلیقە و رێگەپێدانی شەخسی و بەرپرسی ئەو دەزگا یا خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە بووە. بۆیە ئێستاشی لەگەڵدابێ، بێ سەر و بەریی لە بواری وەرگێڕان و گواستنەوەی زانیاری و کلتوور لە ئارادایە.

ئەوەی بەلای منەوە سەیرە ئەوەیە: ئەکادیمییەکان لە بری ئەوەی سەرچاوەی بابەتاکانی خوێندن و بەرنامەکانیان وەرگێڕن بۆ ئەو بوارەی کاری تێدا دەکەن، لێکدا لێکدا بەرهەمەکانی خۆیان رادەستی خوێندن و خوێندکار دەکەن، بێ ئەوەی قوتابی یا خوێنەر بە زمانی کوردی دەستی بگاتە ئەو سەرچاوانەی ئەکادیمییەکان پشتیان پێبەستووە. بۆیە قوتابی توانای ئەوەی نییە بە چاوی رەخنەوە لە بەرهەمی ئەکادیمییەکان بڕوانێ، بێ بەرچاوڕوونی ئەوەی دەیڵێن وەریدەگرن، ئەمەش یەکەم بەربەستە لەبەردەم داهێنانی زانستیی، ئەکادیمی و زانکۆکان. بە دەگمەن نەبێ نەمدیوە مامۆستایانی فەلسەفە، کۆمەڵناسی، زمانناسی و...، وەک ئەرک و پێویستیی، شاکارەکانی زانایانی ئەو بوارانە وەربگێڕابێ بۆ سەر زمانی کوردی. لەپاڵ ئەوانەشدا کاری باش کراوە، گەلێک بەرهەمی باش و شایستە کراون بە کوردی و چەند وەرگێڕی باش هەڵکەوتوون، بەڵام بە داخەوە ژمارەیان کەمە، باریان قورسە و بە تەنیا دەرەقەتی بواری وەرگێڕان نایەن، لە ئێستاشدا هیچ پشتیوانییەکی مادی مەعنەوییان نییە.

**زمان و زار: ئەدی ئەو بەرهەمانەی لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانە بیانییەکان وەردەگێڕدرێن، چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟**

**مستەفا غەفوور:** لەراستیدا زۆرکەمن ئەو بەرهەمانەی لە کوردییەوە وەرگێردراون بۆ زمانەکانی بێگانە، ئەگەر بشبێ لە چوارچێوەی ئەدەبی لەوانە شیعر و رۆمان

دەرنەچووە. لە ئاستی زانستە تاقیگەییەکاندا لەوانە فیزیا، کیمیا، بیرکاری، ئەندازیاری و ئەلیکترۆنی و نانۆمتری هەر نییە، چونکە ئاستی زانکۆکانی کوردستان ئەوەندە نزمە تا ئێستا وتارێکیشیان پێشکەش بە بواری زانستی جیهانی نەکردووە. سەبارەت بە زانستەکانی وەک: فەلسەفە، کۆمەڵناسی و زمانناسی... هتد، نەمبیستووە و نەمدیوە هیچ بەرهەمێکیان وەرگێڕدرابێ بۆ سەر زمانە بیانییەکان، تەنیا نامەی ماستەر و دکتۆرای ئەو ئەکادیمییانە نەبێ، کە لە وڵاتانی دەرەوە خوێندویانە و لەوێ بڕوانەکانیان دەستەبەر کردووە. ئەوانەش ئاستی زانستییان دیار نییە.

ئینجا هەڵسەنگاندی ئەو بەرهەمانەش، ئیشی وەرگێرانی کورد نییە و هەم لە تواناشیاندا نییە. دەبێ وەرگێڕان، نووسەران، ئاخێوەرانی ئەو زمانانە، کە ئەو زمانانە زانی دایکزایانە، بەرهەمەکانمان و ئاستی وەرگێڕانیان مەزندە بکەن. واتە ئەوەی بابەتێکی کوردی وەردەگێڕی بۆ نموونە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، دەبێ ئینگلیزی زمان بێ، ئەگەر بابەتەکە ئەدەبی بێ دەبێ ئەدیبیش بێ.

کۆمەڵێک شاعیر و ڕۆمانووسی بە توانامان هەیە، هێشتا زمانزانی وایان لە ئاقاررا نەهاتووە، بتوانن بەرهەمەکانیان وەربگێڕن، واتە ئێمەی کورد وەرگێڕی ئەوتۆمان کەمە بتوانن ڕۆمانێکی جەبار جەمال غەریب، شێرزاد حەسەن، کاروان عومەرکاکەسوور، شیعری شاعیرەکانمان وەرگێڕن بۆ زمانە بیانییەکان. تەنانەت ئەو نووسەر و ئەدیبانەی لە دەرەوەی وڵات پەروەردەبوون، ئەوانیش لە زمانی کوردی بەولاوە ناتوانن بەرهەمکانیان بەو زمانە بیانییە بنووسن کە کاری پێدەکەن، بەو زمانە بنووسن کە لە رووی کلتوورییەوە پێی پەروەردەبوون.

کەواتە ئەم بوارە زۆر لاوازترە لە بواری یەکەم، کە یەکەمیان خزمەتی کلتوور و رۆشنبیری کورد دەکات و ئەویتریان دەیناسێنی بە جیهانی دەرەوە.

**زمان و زار: ڕات چییە بەرامبەر وەرگێرانی دەقی ئاڵۆز لەوانە دەقی فەلسەفی، زانستی، شیعر و ڕۆمان.**

**وەڵام٦:** زمانەکان بەگشتی بەچەند قۆناغدا تێپەڕیون. هەر زمانێک لەهەر قۆناغێکدا تایبەتمەندی خۆی هەبووە، چ لە رووی فۆرم و چ لە رووی سنووری مانابییەوە. دەکرێ لە رووی فۆڕمەوە ئاماژە بە ڕێنووس و دەلالەتەکان بکەین، بەو نیشانە و ڕەمزانەی دەلالەت بوون بۆ شتەکان، چ مادی چ نامادیی، لە رووی ماناییشەوە بە

دەلالەتلێکراوەکان بکەین کە پتر بابەتی مادی بوون. لێرەدا ئەرستۆ دەڵێ: زمانی مرۆڤ بە ناو دەستی پێکردووە، واتە بۆ هەر شتێکی دەوروبەری خۆی ناوێکی داناوە، تا بتوانێ لە کاتی پێویستدا مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بتوانێ داواکەی بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێ. دەشێ ئەمەش پرۆسەیەکی دوور و درێژ بێ، بۆ هەر ناوێک لە کەمینەیەک یا گروپێکی پیکەوە ژیاو، کۆدەنگی دروست بووە و تێکڕا بەو ناوە ئاماژەیان بە بابەتەکە کردووە، ئیتر ئەو ناوە هێما، فۆنێک و فۆنیمێک بووبێ یا ئەوەی ئەمڕۆ دەڵێین پیت. سنووری دەلالەت لێکردنی ئەمەش، بەرتەسک و دیاری کراوە. تا ژیانی مرۆڤ بەرفراوانتر و مەدلوولەکان زۆرتر بوون، مرۆڤ بۆ دەلالەتلێکردن پتر پێویستی بە ئافراندنی ناو و هێما بووە. ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی سروشتی پەرەپێدانی رووبەری زمانی بەسەر مرۆڤدا سەپاندووە. ئێستاش منداڵ دوای فێربوونی هێندێک هێماو ئاماژە، ناو لە شتەکان دەنێ، بەڵام لەبەرئەوەی لای گەورەکان زمانێکی ئامادە هەیە، تێدەگات هەر شتێک ناوێکی هەیە، سەرەتا ناوەکان فێردەبێ ئەویش بە کاڵ و کرچی و فۆنێتیکی ناتەواو، کە دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی و کامڵ نەبوونی ئەدای ئامرازەکان یا ئەندامەکانی دەنگدەرهێنان. رەنگە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بێ کە بافلۆف دەڵێ: گەشەکردنی ئەقڵی منداڵ لەو رۆژەیەوە کە لە دایک دەبێ تا دەگاتە کامڵبوون، کورتکراوەی گەشەکردنی ئەقڵی مرۆڤە بە درێژایی مێژوو  سەرەتای زمانی مرۆڤ گوزارشتکردن بووە لە غەریزەکان، ئاماژەی جەستەیی و دەنگ ئامرازی گواستنەوەی ئەو پەیا غەریزەییانە بوون، کە هێشتا ئەم جۆرە زمانە (ئەگەر ناوبنرێ زمان، لەو رووەوە کە ئامرازی پەیوەندین) لە ئاژەڵاندا بەردەوامە و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر دا نەهاتووە.

زمانی میکانیکیی (Mechanical Language) کە پتر بە زمانی لاسایی جووڵەیی و دەنگیی لێکدەدرێتەوە، لە قۆناغێکدا لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا هاوبەش بووە، ئێستاش لە هێندێک حاڵەتی فیزیکی مرۆڤدا، کەمئەندامیی یان نەخۆشیدا، هەیە. دەشێ ئیدیۆمی (گەورە ئاوێ دەڕێژێ و گچکە پێی تێدەخات) لەوەوە هاتبێ. لاسایی کردنەوەی کردەیی لەلایەن ئاژەڵێکی وەک مەیموون، لاسایی دەنگیی لەلایەن باڵندەیەکی وەک تووتی، دەکەونە خانەی زمانی میکانیکیی.

ئاشکرایە هێشتا ئەم زمانە لە زۆر شوێن، هەروەها لە نێوان کەڕ و لاڵەکاندا سوودی لێوەردەگیرێ، جیاوازییەکە لەوەدایە: ئەوان لەرووی ئەقڵ و زمانەوە کامڵن تەنیا کەموکوڕیی لە ئەندامەکانیاندا هەیە. دەبینین دوو کەس کە زمانی یەکتر نازانن،

بۆ گەیاندنی پەیامی خواردن و خواردنەوە و ترس و سێکس، ناچارن سوود لە زمانی میکانیکی و ئاماژە وەردەگرن. ئەم زمانەش بۆ هەموو مرۆڤەکان هاوبەشە و هیچ پێویستی بە وەرگێڕان نییە. ئاشکرایە رووبەری بەکارهێنانی ئەم جۆرە زمانە زۆر بەرتەسک و سنووردارە، نەک هەر ئەوە لە رووی چۆنییەتی و چەندێتییەوە زۆر لاوازە، ئاماژەکانی کەمن، لاساییکردنەوەکان بۆ نیشاندانی مەبەست کاڵ و کرچن و هەموو مەبەستێکیان پێ دەرنابڕدرێ.

بەم پێیە زمان هاتووە و قۆناغەکانی تری بڕیوە بۆ قۆناغیی هێمایی (figurative language) لە وێشەوە تا دەگاتە قۆناغی میتافۆڕی، کە لێوانلێوە لە وشەی ئەبستڕاکت و پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و وتەی ناواخندار و... .

لەهەر یەک لەو قۆناغانەی باسکران، وەرگێڕان و پەیوەندی وتەیی لە نێوان دوو ئاخێوەری دوو زمانی جیاوازدا ئاسانە، لە رووی دەنگ، جووڵە و باری راگواستنەوە و قورس نییە، دەلالەت لێکراوەکان سنووردارن و دەلالەتەکان سادە و مادیین واتە لە واقعدا بوونیان هەیە و دەبینرێن. لەم قۆناغەی ئێستاشدا، ئەگەر وتە یا تێکستەکە لە چوارچێوەی فۆڕمی زمانیی یا زمانی فۆرمیی نەچووبێتە دەرەوە، وەرگێڕانی بۆزمانێکی تر ئاسانە، وەک: من ئەمڕۆ دەچم بۆ سلێمانی، ئەمڕۆ من بۆ سلێمانی دەچم، من بۆ سلێمانی دەچم ئەمڕۆ. ئم رستانە هەموویان یەک مانا دەگەیەنن، مانای گشتییان کۆی مانای تاک تاکی وشە و کەرەستەکانە. بە پاش و پێش کردنی وشەکان هیچ لە مانایەکە ناگۆڕێ، بەم پێیە وەرگێڕانەکەشی بۆ زمانێکی تر ئاسانە، تەنیا پێویستە وەرگێڕ خۆی لە گواستنەوەی سەبکی زمانی سەرەکی بپارێزێ، تا بتوانێ بەرگی زمانی مەبەستی بەبەردا بکات. بەڵام ئەگەر زمانی سەرەکی، زمانێکی پڕ رەمز و راز و دەقی میتافۆڕیی بێ، ئەوا وەرگێڕانی ئاسان نییە. ئەوسا پێویستە وەرگێڕ بە هۆی فۆڕمی زمانی خۆی یان زمانی مەبەست، ئەوەی لە زەینی نووسەری دەقەکە دایە بیگوازێتەوە بۆ زەینی خوێنەر، چونکە لێرەدا پەیوەندییەکە زەینییە و وەرگێڕ دەبێ ئەو میکانیزمە بدۆزێتەوە و ئەوەندە شارەزای زمانی دەقی سەرەکی بێ، بتوانێ ئەم پرۆسەی پەیوەندییە بە باشی ئەنجام بدات.

راستە (مدلول : referent) دەلالەتلێکراوەکان، لە هەموو زمانەکاندا نەگۆڕن و دەلالەتەکانیان جیاوازن وەک: بەرد (کوردی)، سنگ (فارسی)، stone (ئینگلیزی)، قای (تورکی). هەموویان مانای بەرد دەگەیەنن. بەڵام لە رەوتی وتەدا بە شێوەی جیاواز وەک میتافۆڕ لە هەر زمانێکدا بەکار دەبرێن و مانای جیاواز دەدەن بەدەستەوە،

وەک: Stone›s throw ، Stone dead، یەکەمیان مانای کش ومـات، کپ و بێدەنگ، دەڵێی ئاشی ئاولێبڕاوە، دووهەمیان مانای ماوەی بەردهاوێژێک، واتە کە بەرد دەهاوێژی چەند دەڕوات ئەوەندە ماوەیە. عەرەب دەڵێن: شمرە عصا، واتە بە ئەندازەی دارهاوێژێک، لە کوردی دا دەڵێن: تفی هەڵاویی دەیگاتێ، واتە ئەوەندە نزیکە. بەڵام ئەگەر زمانەکان لە خێزانە زمانێک دابن و زۆر لێک نزیک بن وەک فارسی و کوردی، ئنگلیزی و فەرەنسی، چینی و ژاپۆنیی و ... هتد، مانای وشە و زاراوەکانیشیان لە ڕەوتی وتەدا لێکنزیکن، بە پێچەوانەوە ئەگەر لە دوو خیزانەزمانی جیاواز بن و خێزانەزمانەکانیش لێکدوور بن، ئەوا ماناکانیشیان لە ڕەوتی وتەدا زۆر جیاواز و لێکدوورن، پەند و ئیدیۆم و قسەنەستەقەکانیشیان بە هەمان شێوە.

ئەمە ئەگەر بۆ دەقێکی سادە بێ، واتە گێڕانەوە یان ئاخاوتنی سادە و پەیوەندی وتەیی بێ لەسەر کاری ڕۆژانە. ئەی ئەگەر بابەتەکە دەقێکی ئاڵۆز بێ، فەلسەفە، زانست، دەقێکی سۆریالی، دەقێکی ئەدەبی وەک شیعر بێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە وەرگێڕانی ئەستەمە و لەدەست هەموو وەرگێڕێک نایات، دەکرێ بڵێم لە هێندێک ڕووەوە مەحاڵە.

ئەمڕۆکە لە زمانە پێشکەوتووەکاندا، هەر بوارێکی زانستی ئەدەبی فەلسەفی زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، وەک ئەوە وایە بن زاری زمانەکە بن، لە زۆر حاڵەتدا ئاخێوەرانی ئەو زمانانەش ناتوانن لە هەموو شتێکیان تێبگەن. هەر بوارێک لەگەڵ پێشکەوتنیدا، کۆمەڵێک زاراوە و دەستەواژەی لەسەر دەستی توێژەران و زانایانی خۆی ئافراندووە، کە بەشێکیان بۆ ئەو بوارانە گشتگیر بوون و لای خوێندکاران و توێژەرانیان ناسرا و ئاشکران. جگەلەوە هەندێک لەو زاراوە و ناوە زانستیيانە ناونیشانی بازرگانیان هەڵگرتووە. لە بواری سیاسی و فەلسەفەسدا هەمان دیاردە هاتۆتە ئاراوە. ئەمەش گرفتەکانی وەرگێڕی پتر و وەرگێڕانی ئەستەمتر کردووە. ئەمە لەلایەک و لە لایەکی تر، تا زمانی سەرەکی دەق پێشکەووتر بێ، وەرگێڕانی بۆ زمانێکی سنووردار قورستر دەبێ. لەبەرئەوە، وەرگێڕی زۆر شارەزا نەبێ، ناتوانێ خۆی لەقەرەی وەرگێڕانی ئەم جۆرە بابەتانە بدات. بۆ ئەمەش چەند هۆکارکارێک هەیە:

ڕاستە ناکرێ دەقێکی ئاڵۆزی میتافۆڕیی، بە زمانێکی ئاڵۆز وەربگێردرێ و لێکبدرێتەوە. لێرەدا لێکدانەوە و وەرگێران دوو شتی لێکجیاوازن، ڕاستە دراوسێی یەکترن و بە هانای یەکترییەوە دێن، بەڵام بە هانا هاتنەوەکە تاکلایەنەیە، واتە لێکبەسەرهاتی زمان.

# خزمەتی کەر و گای چوارپێ بکەین باشترە لە هی کەر و گای دوو پێ..

▢ عەبدولکەریم شێخانی

لەسەروبەندی ئەو ئافاتی پەیدابوونی ( کەر وگا) یە بیست ساڵ زیاتر پێش ئێستا وتارێکم نووسی لە گۆڤاری (ڕامان) بڵاو بووەوە بە ناوی (کێشەی زمانی کوردی لە نێوان کەرو گادا) و، ئێستا بە هەندێک زانیاری زیاتر و فراوانتر کردني باسەکە پێشکەشتانی دەکەم بەو هیوایەی سوودی هەبێ.

ئەوەی شانازی پێبکەین چیاکانمان و زمانەکەمانە کە لە توانەوە و لە نێوچوون پاراستوویانین . ئەو زمانەمان ڕەگ و ریشەیەکی قووڵی مێژوویی هەیە و دوژمن، پێش دۆست دان بەو ڕاستییەدا دەنێن و هەندێک ڕایان وایە کە زمانی کوردی لە فارسی و زمانەکانی دیکە کۆنتر و ڕەسەنترە . ئەگەر باسی شێوەزارەکانی بکەین , ئەوا هەموو زمانێک شێوەزاری جیا جیای هەیە و زمانی عەرەبی ئەگەر قورئانی پیرۆز نەبوایە ئەوا لێک تێگەیشتنیان زۆر گران بوو . هەر بۆ نموونە عەرەبێکی مەغریبی یان جەزایری بە شێوەزاری خۆیان لەگەڵ عەرەبێکی عێراقی تێک ناگەن . دوای ئەوە ئێوە شتاقتان , با بڕوانامەی زانکۆشتان هەبێ و خۆشتان بکوژن وەکو حاجی تۆفیقی پیرەمێرد و تۆفیق وەهبی و حوزنی موکریانی و عەلائەدین سەجادی و ئیبراهیم ئەحمەد و گۆران و ئەوانی دیکە کوردی نازانن . ئەوان بە بێ نقە نق و بە کوردییەکی جوان و بێگرێ و گۆڵ دەیاننووسی بەڵام ئێستا هەندێک کەس وەکو کوارگی ژەهراوی پەیدابوون و زمانێکی تازە بۆ کورد دادەنێن . لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی , حوکمدارییەک بۆ شێخ مەحمودی نەمر دامەزرا و حکوومەت ڕۆژنامەی بە کوردی دەرکرد و قوتابخانە کرایەوە و بە کوردی وانەیان تێدا دەخوێنرا . تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی حوکمی شێخی نەمر دیسان ڕۆژنامەی کوردی دەرکرا , بەڵام بە ڕێنووسێکی عەرەبی ئامێز و گەلێک وشەی عەرەبی لە نووسینەکاندا بەدی دەکرا . تەنانەت هەوڵ درا کە پیتی گونجاو بۆ ڕێنووسی کوردی دروست بکەن . بۆ نموونە ئەوەی من دیومە , پیتی ( گ) لە جیاتی ئەو هێڵەی سەرکافەکە سێ خاڵیان لەسەر هێڵی کافەکە دادەنا و دوایی گۆڕییان بۆ ئەو هێڵە و بەو شێوەیەی لێهات کە ئێستا ئێمە بەکاری دێنین . ڕێنووسی کوردی جگە لە زمانەکە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی تا گەیشتە ئەو شێوەیەی هەموو کورد بە دڵی بوو و ، ئەو هەموو گۆڤارو ڕۆژنامە و کتێبانەی لە ناوەڕاست و کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابوردوو و، دواتر هەر بەو زمانە و بەو ڕێنووسە نووسراون کە ئەمڕۆ هەندێک نیمچە خوێندەوار تێی کەوتوون و دەیانەوێ هەڵیبوشێننەوە و تێک و پێکی بدەن . باو باپیرانمان ئەو زمانە جوانەیان

بۆ جێهێشتووین و بە پاکی داویانەتە دەست ئێمە و چەندان ساڵە دڵسۆزان خزمەتی دەکەن , کەچی کەسانێک تازە بە تازە دەیانەوێ بیخەنە سەر شارێی سەردەمیانە و (مۆدێرن) و بە قسەی خۆیان پاکی بکەنەوە , چونکە پێیان شەرمە بەو شێوەیەی ئێستای قسەی پێبکەن . یەکێک لەو بەشە هەستیارانەی دەستیان بۆ برد بڕگەی ( کەر ) و ( گا) بوو . ئەمەش لەپێش ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی ڕابوردوو لە لایەن گۆڤاری ( گولان)ەوە سەری هەڵدا وستافی گۆڤارەکەش پێیەوە پابەندی بوون و هەندێک کەسیش چاویان لێکردن , هەر وەک چۆن ئێستا تەلەفزیۆنی ڕووداو سەعاتی کردووە بە کاژێر و دەبێ کادیرەکانی پەیڕەوی بکەن و تەنیویتیەوە بۆ لای هەندێ کەسی دیکەش . ئەوانە خۆیان دەپارێزن لە بەکارهێنانی ئەو وشانەی بڕگەی (کەر) و (گا) یان تێدایە و(کەرەکەیان ) کردە ( کار ) و ( گا) یەکەشیان کردە ( گە) , واتە ( بیلامانێ وعەیب نەبێ ) هی کەرەکەیان درێژکردەوە و هی گایەکەیان کورت کردەوە . ئەوەی ئەوانە دەیکەن وەکو ئەو مەسەلەیە وایە کە دەڵێ : چاکی مەکە با خراپ نەبێ , یان هات کل لە چاوی بکات , بەڵام کوێری کرد . ئەوانە ڕواڵەتی وشەکە سەیر دەکەن و ناوەڕۆکەکەی وەلا دەنێن و، وەکو هەندێک کۆڵکە مەلا کە دەڵێن ( مەکروهە) ژن دەست لە مۆز و تەرۆزی و ئاروو ( خەیار ) بدات چونکە بەڕای ئەوان وەکو(دەعبا) ی پیاو وایە و ئەوانە کەسەیری ئافرەت دەکەن تەنیا بیریان بۆ ناو گەڵی دەچێ و نازانم کە سەیری دایک و خوشکی خۆشیان دەکەن هەر بەو شێوەیە سەیریان دەکەن ؟ ئەمانەو کە وشەی کەرەکە دەبینن سەیری ڕواڵەتی وشەکە دەکەن و خۆیان لە ماناکەی دوور دەخەنەوە . کەسی وا هەیە دەڵێ : کە ئەو وشەیە دەبینم تێک دەچم . دۆستێک لە ترسی زمانی ئەوانە مریشکی هێلکەکەری کردبوو بە مریشکی هێلکەکار . توخوا خەڵکینە مریشکی هێلکەکەر بە گوێدرێژ دەچێ یان دەکرێ بلێن ئەوە هێلکەی کەرە ؟ بۆ کەر هێلکە دەکات ؟باشە ئەگەر یەکێک باوکی پیاوێکی خواناس بێت , دەڵێ باوکم نوێژکەرە یان نوێژکارە ؟ دوای ئەوە ئەگەر بڵێ باوکم پیاوێکی نوێژکەرە , باوکی دەبێ بە کەر ؟ تۆ بلێێ ئەو زماننەزانانە لە باو باپیرانمان ژیرتر و زاناتر بن؟ باشە ئەوان هەستیان بەوە نەکردووە کە ڕواڵەتی وشەکە لەگەڵ گوێدرێژ نزیکە؟ وا دیارە ئەو ئەرکەیان بۆ نەوەی سەدەی بیست و یەکەم جێهێشتووە . لە سلێمانی گەڕەکێک هەیە بە ناوی ( سابوونکەران ) , باشە ئەوانەی ئەو ناوەیان لێناوە نەزان بوون ئەقڵیان پێنەشکاوە؟ باشە بۆچی نەیانگوت( سابوونکاران ) ؟ شارەوانی بە

سەرۆک و فەرمانبەرانەوە هەموویان نەزان بوون نەیاندەزانی کە ناوەکە بەو شێوەیە عەیب و شوورەییە ؟ باڵندەیەک ناوی ( دار کونکەرە) یە بە دەندووک قەدی دار کون دەکات و گوێز و شتی دیکەی بۆ زستان تێدا دەشارێتەوە و ئەوانەی ئەو ناوەیان لێناوە نەزان بوون و نەیاگووت دار کونکارە . باسەرێک لە خوا لێخۆشبوو حەمەساڵح دیلان بدەین : شوان کۆڕی شەو (گەرمکەر ) بوو بە فووی شمشاڵ ئینجا با ئاورێکیش لە گۆرانی خوا لێخۆشبووش بدەینەوە . دەڵێ : کۆڕی بەر باخچەی مەکتەب گەرمبوو (بەخێرهاتنکەر) ئەهات و ئەچوو یان دەڵێ : بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ ( سیسکەر) بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی )ڕاوکەر) ی دارستان لە باڵدار ( پیسکەر) جێی چینەی لێ تەنیم بە داوی وردی تۆ بلێی ئەو تازە پێگەیشتووانە لە گۆران کوردی زانتر بن ؟ تۆ بلێی گۆران نەیزانیبێ کە بڕگەی ( کەر) مانایەکی دیکەش دەدات ؟ بەڵام گۆران چونکە نیازپاک ز دڵپاک بووە وەکو زۆرانی دیکەی.

خەونامەی کتێب

# زمان لە چیرۆکی نوێی کوردیدا

سابیر ڕەشید

ئەگەر جاران زمان تەنیا هۆکارێک بووبێت بۆ نووسین و بە ناچاریش لە دنیای هەقایەتئامێزی چیرۆکی کوردیدا ڕەگەزێکی پێکهێنەری چیرۆک بووبێت، ئەوا بێگومان ئەو ساتە هیچ بەهایەکی جوانی بە دەقەکە نەدەبەخشی، چونکە ئەوەی لای چیرۆکنووس گرنگ بووە، گەیاندنی بیرۆکە و پەند و ئامۆژگاری و هۆشیارکردنەوە و پەیامی سیاسی و وەزیفەی کۆمەڵایەتی بووە...

ئەمڕۆکە زمان لە بونیادی چیرۆکدا ڕۆڵی ئیستاتیکی دەقەکە دەبنیێ و دەشبێتە هۆی ناسینەوە و تایبەتمەندی چیرۆکنووس، بگرە هەندێک چیرۆکنووس توانیویانە بەهۆی جوانی و تایبەتمەندی زمانەکەیانەوە شێوازێکی نووسین دروست بکەن و پێشییەوە بناسرێتەوە، چونکە بەهۆی زمانەوە دەتوانرێت ئەودیوی شتە پەنهان و شاردراوەکان بخرێنە ناو جیهانی دەق و ئەوەی کە چیرۆکێکی سەرکەوتوو و هونەری و جوان لە دەقێکی دیکەدا جیادەکاتەوەو خوێنەر دەخاتە ناو دنیای سەرسووڕمان و لەناو فەزای دەقەکەدا تووشی سەرسووڕمان و بەشداری دەبێت تەنیا بونیادی زمانە لەنێو تەلاری چنراوی چیرۆکدا، بۆیە زمان تەنیا ڕەگەزێکی گرنگی دەق نییە، بەڵکو شێواز و دەربڕینیشە و لە هەمان کاتیشدا جوانکاری و فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکەش نیشان دەدات.

نەوەی نوێی چیرۆکی کوردیش هەر لە دەیەی حەفتاکاندا توانیویەتی زمانێکی پاراوتر و چڕتر و شیعریتر لە قۆناغەکانی پێشتر بەکار بێنێ، وەک ئامرازێکی دەربڕین لەناو هێما و برووسکەیی داڕشتن و شیعریەتی نووسیندا، کە ئەمەش چیرۆکی کوردی لە نووسینی هەقایەتئامێزی جاران جیاکردەوە، ئەگەرچی پێش ساڵانی حەفتاکانیش لێرە و لەوێ هەوڵی دڵسۆزانە و جوان هەبووە بۆ سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی زمان وەک ڕەگەزێکی گرنگ و دەربڕین و دروستکەری ئیستاتیکای دەق، بەڵام دەتوانرێ سەرەتای حەفتاکان بە سەرەتایەکی پرشنگدار دابندرێت کە زمان بوو بە بنیادێکی چیرۆک و خۆی لە زمانێکی پێشتری وەسفی درێژ و دووبارە بوونەوەی ڕستەکان و ماناکاندا کە پڕ لە پەند و ئامۆژگاری و مەبەست و وەزیفەی کۆمەڵایەتی دەبینی... ئیتر وای لێهات زمان ببێتە پردێک لە نێوان خوێنەر و دەقدا، کە بە کورتترین ماوە مانایەکە بگەیەنێتە خوێنەر، بەتایبەتیش خوێنەری زیرەک بۆ ئەوەی بە شێوەی برووسکەیی و خێرا لە درێژدادڕی بێ مانای جاران ڕزگارمان بکات.

ئیتر زمان بوو بە بونیادێک بۆ دەربڕین و دروستکردنی مانا نەک ڕووداوی کۆمەڵایەتی و شتی ڕۆژانە و بەکارهێنانی ڕەمز و هێماش ئەوەندەی دیکە بەکارهێنانی چیرۆکی لە شێوازی ڕاپۆرت ئامێزی دوورخستووە.

ئەگەر سەیری چیرۆکەکانی سەرەتای ساڵانی حەفتاکان و بەدواوە بکەین، هەست بەم شیعریەتییەی نووسینی چیرۆک دەکەین کە توانای خوێنەریش لەگەڵ خۆی بخاتە ناو دونیای پڕ لە سیحری دەربڕین و مەبەستی چیرۆکنووس بخاتە ناو فانتازیای دەق و خوێنەریش بکات بە بەشدارێکی دیکەی ناو نهێنی و سیحر و مەبەستە شاردراوەکانی ئەم دیو پەیڤ و برگە و ڕستە و هێما و دەستەواژە و وێنەکان، نموونەی چیرۆکەکانی لەتیف حامید بەرزنجی و ئەحمەد شاکەلی و سەدرەدین عارف و کاکە مەم بۆتانی و حوسێن عارف و عەبدوڵڵا سەڕاج و دڵشاد مەریوانی و... تاد لە دوای ئەوانیش چەندان چیرۆکنووسی داهێنەری دیکەمان توانیان بەردەوامی بە جوان بەکارهێنانی زمان و شیعرییەتی نووسین بدەن لە چیرۆکی کوردیدا. دواییش لە دەیەی هەشتاکاندا چەندان چیرۆکنووسی دیکە بە شێواز و دەربڕینی نوێتر لە کاروانەکە بەردەوام بوون و قۆناغی دوای ڕاپەڕینیش کۆمەڵە چیرۆکنووسێکی دیکەی جیاوازی هێنایە ناو دونیای چیرۆکی کوردی و ئەمانەش بە شێوازی جیاجیا شان بە شانی بایەخدان بە خەیاڵ و فانتازیا و بە مەئلوف کردنی نامەئلوفەکان و تێکەڵکردنی خەون و خەیاڵ لەگەڵ واقیع و شێوە گێڕانەوەی نائاسایی، شیعرییەتی نووسینیان کردە بونیادێکی گرنگی چیرۆکی کوردی. ئەمانە ئەگەرچی هێڵی جیاکەرەوەشیان لە نێواندایە، بەڵام هێڵی هاوبەشیان سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی زمانە لە بونیادێکی نوێی چیرۆکدا کە بێگومان زمان تیایدا هەم مەبەست و هەم دەربڕین و هەمیش بونیاد و پێکهێنەری سەرەکی دەقەکەیە و فەلسەفە و جیهانبینی و مەبەستی چیرۆکنووسیش هەر لەناو بونیادی ئەم زمانەدا دروست دەبێت.

لەنێو بونیادی زماندا خوێنەر دەبێتە بەشدارێکی دیکەی دەقەکە و بە نێو سیحر و نهێنی دەقەکەدا دەگەڕێت تا تووشی پرسیار و تێڕامان دەبێت و بەدوای ڕاڤەکردنی هێما و دەلالەتەکان و مانا شاردراوەکانی نێو دەقەکەدا دەگەڕێت و فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکە دەدۆزێتەوە و جاری وا هەیە جیاواز لە بیرو لێکدەدانەوەو خۆشی کۆتایی بۆ دەقەکە دادەنێت و هەستیش بەوە دەکات کە خۆی بەشدارێکی گرنگە لە

سێیانەی نووسەر – دەق – خوێنەر، بۆیە من پێموایە لە بوونیادی چیرۆکی نوێی کوردیدا ئەم زمانە شیعرییە، یان شیعرییەتی نووسین بنەمایەکی گرنگە و بێ ئەم کۆڵەگەیە چیرۆکنووس ناتوانێ پەیامی خۆی بە جوانی و تەواو بگەیەنێت و جوانکاری و تەلاری چیرۆکەکەشی پێ تەواو ناکرێت و ناتوانێ گەڕانەکانی، یان پرسیار و تێڕامانەکانی بخاتە ناو مێشکی خوێنەر، بەڵام خوێنەرێکی بەشدار و زیرەک نەک کۆلکە خوێندەوار.

هەواڵنامەی کتێب

# بەسەرهاتی زمان
# لە ڕۆمانی [دەریاس و لاشەکان]

▢ محەمەد فەریق حەسەن

١- (ئەمرۆ مەیتی سەردار قەمەرخانی دەهێننەوە... ناوبراو کە شانزە ساڵە کۆچی دوایی کردووە... دوای شانزە ساڵ مردن ئێستا لە دارجگەرەیەکی ڕزیو دەچێت... دەبوایە لاشەکەی لە شوێنی خۆی نەجووڵێنن... ل٦) ئەگەر قەمەرخانی ئەو ماوەیە لە ساردێندا بووبێ، چ قەیدی؟ بەڵام وەک لە دەقی ڕۆمانەکەدا هاتووە، لە گۆڕێکەوە بۆ گۆڕێکی تر گوێزراوەتەوە و ئێستا لە دارجگەرەیەکی ڕزیو دەچێت. بۆیە دوای شانزە ساڵ پێی ناڵێن مەیت یان لاشە، بەڵکو شتێکی تری پێ دەڵێن، کە نابێ ڕۆماننووس نەیزانێ.

٢- (موعجیزە، وەزن، عیادە، ئیرس، حیلە، مەلمەس، فاسیلە، فۆرم، سیاج، هەیئەت، یەقین، عومومیات، موهەندیس، ریفۆرم، واجب، ریواق، قەمیس، جەرەیان، قافڵە، لەمس، وەزن، عەشرەت، حورمەت، ئیحتیرام، فەوزا، روتبە، مەعزەرەت، سکونەت، قەبیلە، وەلا، قەبر، عاتیفی، سەبر، زیقاتی، عیناد، فزوولیەت، مەغروور، موقەدەس، موفسید، زوڵمەت، مینبەر، دەلیل، حەماس، خسوسیات، جوزئیات، سەهل، مشورەت، مولکییەت، مەلعون، فیتری، مەرکەزی، فەقیری، جایز، فەرە، دەقە، مەعبود، قفڵبکات،..) تەواوی ئەم وشانە و زۆری تریش بیانین. ئەگەر لە زمانی کوردیدا جێگرەوەیان نەبووایە، ئەوا بەکارهێنانیان ئاسایی بوو، بەڵام هەموویان بە کوردی هەن و خۆیشی بەشی زۆریان دەزانێت. ئیتر بۆچی پەنا بۆ وشەی بیانی دەبات؟ ئایا نووسەرانی دونیا کاری وەها دەکەن؟

٣- (هێندە زۆر ڕۆژێک ویستمان گۆڕستانەکە تێکبدەین و خۆمان لەم هەموو سەرۆکە بێکەڵکە رزگاربکەین، بوو بە بەڵا بۆمان. سەرۆکەکانمان عەزیز بوون، هیچ میللەتێک و هیچ شارێک وەک ئێمە ڕێزی سەرۆکەکانی خۆی نەدەگرت. ل ٧) بڕوانە ئەو ناکۆکی و هەڵانەی، کە لەم دوو ڕستەیەدا هەن.

(أ) سەرۆکەکان بێ کەڵکن، ویستوویانە ڕزگاریان بێت لێیان. دواتر هەر ئەو سەرۆکانە زۆر ئازیزن و ڕێزیان دەگیرێت.

(ب) (هێندە زۆر ڕۆژێک) مانای چییە؟

(جـ) سەرۆکەکان کۆن، کەواتە (بوو)، دەبێ بکرێت بە (بوون... بوون بە بەڵا بۆمان)

٤- (ئیحتیرامی موقەدەساتەکانی تر هێڵی سوورە ل٩) دەبوو بنووسێت: (بێحورمەتی بە موقەدەساتی تر هێڵی سوورە) وەکوتر (موقەدەسات) کۆی (موقەدەس) ە، کەچی ئەو جارێکی تریش کردوویەتی بە کۆ (موقەدەس، موقەدەسات. موقەدەساتەکان). جا شتی وەها دەبێ؟ ئەمجۆرە هەڵانە چەندان جار دووبارە بوونەتەوە.

٥- دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر هاوواتا بەشوێن یەکدا، دەقەکەیان دەبە و فشۆڵ

کردووە. خوێنەر بۆی هەیە بپرسێت: ئایا نووسەر ڕۆمانی نووسیوە یان قامووس و وشەو واتاکەی (الكلمة ومعناها)؟ (مەکر و حیلە، ناچونیەک و جیاواز، تەوەهوم و خەیاڵاتی نابەجێ، نامیلکە و کتێبۆچکە، سیخوڕ و هەواڵدز، کار و وەزیفە، سووک و ئاسان، گریان و شیوەن، واهیمە و تەوەهومات، فێڵ و حیلە، زۆڵ و بیژی، سەهل و ئاسان، پەیوەندی و ڕابیتە، سەکۆ و مینبەر، کەودەن و گەلحۆ، نەیار و دوژمن، ناچونیەک و جیاواز، سرەوت و سکونەتم، تەنگانە و زیقاتی، گریان و شیوەن، لاواز و چرووسکاو، دڵڕەق و بێڕەحمانە، سۆز و عاتیفە، بڵند و بەرز، هەموو چالاکییەکی یاساخ و هەموو کارێکی قەدەغەکرا، کێوگەڕی و کەژەوانی، وەهمی جەنگاوەرەکان وەهمی شەڕکەرەکان، پەشمە و حەپۆل، لووتبەرزی و فیززلی، سام و بیم، بێزیان و بێوەی، حورمەت و ڕێز، ئەهل و کەسوکار، بیرکردنەوە و تێفکرین،...)

زۆر جاران، نووسەر هاتووە سێ وشە یان سێ دەستەواژەی هاوواتای بەشوێن یەکدا ڕیز کردووە: (لە یەک دوور و لە یەک نەچوو و جودا، مۆن و مرومۆچ، وەزیفە و پلە و پایە، شاند و ڕەوانەکراو و پەیامهێن، دڵڕەق و دڕندە و بێڕەحمن، ناچیزی و بێنرخی و بچووکی، دوو دڵی و نادڵنیایی و باوەڕ لەدەستدان، بشاریتەوە داپۆشیت ونیبکەیت، ڕێک و ڕاست و بێ هیچ پێچ و پەنایەک، ڕوون و ڕەوان و بێ پێچ و پەنا، غەریب و نامۆ و نەشارەزا،..)

٦- لە هەندێک شوێندا، هەڕەمەکی وشەکان خراونەتە پاڵ یەک. (وەک ئاگر لە پووشێکی هاوینەی وشک بەربێت) پووش: گیای وشکبووی دەشتە. کە وتت پووش واتە وشک. کە دەڵێ پووشێکی هاوینە، وەک ئەوەیە وایە پووشی زستانە و بەهارەش هەبێ!

(ئێستا لە ساردێنی بیمارستانێکدا خەوتبوو. ل٨٤) سەرەتای ڕستەکە ئێستایە، کەچی کۆتاییەکەی ڕابوردووی دوورە!

(بارێکی قورس کەوتۆتە سەرشانم کە دوور نییە لە وێزەی نەیەم. ل١٠٠) وشەی (وێـزە) لە جێی خۆیدا نییە. هاتە وێـزەی، واتـە پەلاماریدا و لێی دا. (وێـزە: پەلاماری پەنامەکی بۆ بردن/ هەنبانە بۆرینە)

(تووشی دڵەڕاوکێ و خانەگومانیان کرد. ل ١٠٧) خۆ دەریاس ژنی نەهێناوە، ئیتر لە کێ خانەگومان بێ؟ وا دیارە نووسەر واتای خانەگومان نازانێ!

(هەڕە لە بڕی ناکەنەوە. ل١١٢) هەڕە، دەکاتە: (١- مشار. ٢- بڕۆ. ٣- زەڕەی کەر... هتد) دیارە ئیدیەمەکەی نەزانیوە.

(ئەو بۆگەنەی بۆ برکێش نەدەکرا. ل ١٧٢) ڕەنگە مەبەستی بێ بڵێت: بەرگەی ئەو بۆگەنەی نەدەگرت. بەڵام (برکێش) بێ مانایە. زۆر ڕستەی شاشی لەمجۆرە لەم ڕۆمانەدا هەن! (کەسانگەل) دوو جار کۆیە (کەس، کەسان، کەسانگەل)، بۆچی؟ (کتێبۆچکەی بچووکی دۆزییەوە (ل٣٢) سەرنج بدە. ئەو کتێبەش سێ جارن بچووک کراوەتەوە، (کتێبۆکە، کتێبۆچکە. کتێبۆچکەی بچووک!) دەبێ قەبارەکەی چەند بێ و چەندی مابێتەوە؟

(برک) نییە بەرک-ە، کە دەکاتە گیرفان و باخەڵ. (چرۆسکاو) نییە، چرووساو-ە. ئەرشیف نییە ئەرشیڤ-ە. لە سەعات پێنج بەولاوە نییە، لە سەعات پێنج بەدواوە- یە.

٧- (هەموو بەیانییەک پێش سبەی ساڵحان سەد سەر مەڕ و بزن و گا و گوێرەکە دەدا بە ئەرزا. ل ١٨١) ئەگەر هەر یەکێک لەو ئاژەڵانە بە دە خولەک سەرببڕێت و کەوڵیش بکات، ئەوا دەکاتە پتر لە شانزە سەعات! ئەوەی باسی دەکات نابێ مرۆڤ بێت. دەبێ ئامێری سەربڕینی ئاژەڵ بێت!

(وەک واشە و داڵە کەرخۆرە لە دەوری مردووان دەسوڕێمەوە ل ٢٤٧) واشە، لە دەوری مردووان ناسووڕێتەوە، خۆی ڕاوی باڵندەی گچکە و مشک دەکات.

٨- هەندێک وشەی نووسیوە باوەڕناکەم خەڵک بەکاریان بێنن. مردوو، ڕێزی لێ دەگیرێت. وەک دەزانن تا ئێستاش کەژاوەی مردوو گەیشتە هەر ئاوەدانییەک، خەڵک لەبەری هەڵدەسن. بۆیە بڕوا ناکەم لە کوردستان وشەیەکە بە ناوی (مەیتچییەکان) هەبیت.

٩- (هێی مامۆستا ئەوەی تۆ فێرتکردووین، قرانێکی قەڵب ناکات. ل ٢٤٨) هێی، وتەی دەنگدانە. بۆ تێخوڕین و بەکەم سەیرکردنی کەسی بەرانبەرە و ئاگادارکردنەوەیەتی. ناکرێ تۆ بە مامۆستایەک بڵێیت: هێی.

١٠- (دەڵێن ئەڵمانەکان نەیانهێشتووە مەیتەکەی سەرۆک لە فڕۆکەخانە بچێتەدەرێ، ترساون زیندووببێتەوە و داوای پەنابەری بکات ل١٠) ئایا لە جێیە لە وڵاتی خۆی "سەرۆکی ئەرز و ئاسمان بێ" و ژمارەیەک نازناوی بریقەداری هەبێ و لای گەلی خۆی خۆشەویست بێت و زۆریش دەسەڵاتخواز بێت، کەچی داوای مافی پەنابەری لە وڵاتی ئەڵمانیا بکات، کە بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕووی لەوێ کردووە؟ خۆ کۆدەتایان بەسەردا نەکردووە!

١١- (بۆ ئەوەی وەک سەردار قەمەرخانی بۆنی ناخۆشی لێ نەیەت، جگە لە لاشەی مردووەکە، پاسەوانەکان و شەقامەکانیشیان بە گوڵاو شت. ل١١) خۆ گوڵاو ئاو نییە بە تانکەر دابەش بکرێت! زێدەڕۆیی بەو ڕادەیەش؟

# زیا ن ناسی وشەسازی
# لە زمانی کوردی دا

## (لێکۆڵینەوەیەک شیکاری و رەخنەیی دەربارەی
## کێشەکانی وشەسازی)

▢ کامران ڕەحیمی - ( ئیلام)

**پوختە**:(abstact) :

ئەم وتارە، لێکۆڵینەوەیەک شیکاری و رەخنەییە و لە چەند بەشی جیا جیا بەڵام تەواوکەری یەک، پێکهاتووە کە داگری شیکاری پروسەی وشەسازی رابردوو و توانست و کێشەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی وەکو مەزن ترین کۆسپی ئەم سەرردەمە هاتۆتەوە ئاراوە. لە هەر بەش دا بە پێی بەڵگە و دوکومنتی رێزمانی، زماناسی و مێژووی، رەخنەی زانستیانە لە وشەسازی هاوچەرخی زمانی کوردی دا گیراوە.

لە کوتایی ١٤ بەش دا تێکۆشاوە هەنگاوێک بۆ ستانداردکردنی زمانی یەکگرتوو وەکوو ئامرازی پەیوەندی و بەردی بناغەی یەکگرتنی نەتەوایەتی هەڵبگرێت.


کلیل وشـەکـان(keywords): ناسیۆنالیزم، چەشنە زمان (variety)، ژمارەی برگە(syllale)، کوردی دژ بە کوردی، گوتار (discourse)، مادیک، فالەوی/فەیلی، دەستەوشەکان، فارسی وەکو کوسپێک، ئیشتقاق(derivation)، ماسەبەزان.

## پێشەکی:

کورد، وەک نەتەوەیەکی خاوەن زمان و ئەزموون هەر چەند بە ئاستەم و وردە وردە چۆتە نێو بازنەی شارستانیەتی مۆدێرنەوە بەڵام تەنیا بە زانستی چەند لایەن و راپەڕینی زمانی دەتوانێت لەم گێژاوە رزگاری بێت. بێگومان هەر بوونەوەرێک تەنیا لە رێگەی «زاوزێ»وە، دەتوانێ نەسڵ و رەگەزی خۆی لە فەوتان رزگار بکات. زمانیش وەکوو هەر بوونەوەرێک تەنیا لە رێگەی وشەسازییەوە دەتوانێ خۆی بپارێزێت. درسلر(dressler) دبێژێ:» کەڵک وەرنەگرتن لە پرۆسەی وشەسازیدا یەکێک لە نیشانەکانی مەرگی زمانە»

( بخارا، ش٢٢٤: ٦٣).

لەم سەردەمەدا ئەگەر هەر نەتەوەیەک بە شێوەی زانستییانە و چالاکانە لە سەر زمانی بە تایبەت لە بواری وشەسازی دا کار نەکات. رەنگە لە داهاتوودا زمانەکەی نەزۆک بکەوێتەوە. وردە وردە پرۆسەی نەمان و فەوتانی دەست پێ بکات. ئەم مەترسییە تایبەتترە بۆئەو نەتەوانە کە سنوور و دەسەڵاتی سیاسییان نییە و هەروەها خاوەن پەروەردە و فێرکاری گشتی نین و لەگەڵ گەلانی تردا تێکەڵن.

بەلای منەوە پرۆژەی وشەسازی لە کوردیدا بەردەوام رووبەڕووی سێ گرفت بووەتەوە: یەکەم، نەبوونی بەرنامە و پلانێکی تایبەت لەم زەمینەدا. دووهەم، ئامادەبوونی روانگەیەکی سەلەفیانە بۆ زمان کە دژ بە وشەسازی دەوەستێ. سێهەم، ئەو بۆچوونە کە دبێژێ چاکترین شێوە کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی خودی وشە بیانییەکانە. لە راستیدا ئەو کەسانەی دژ بە وشەسازین و وشەسازی بە کارێکی پێویست نازانن بێ گومانم تا رادەیەکی زۆر ئاگایان لە واقیعی زمانی کوردی نییە و خویان و زمانەکەیان داوەتە پاڵ، دروشمێکی رەسەنایەتیخوازانە.

ئێمە وەک کورد لە چوار وڵاتدا دەژین و زمانەکەمان لەگەڵ سێ زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی لە دانوستاندایە و بەردەوام وشە و دەستەوشەی ئەو زمانانە دەکەوتە سەر زاری ئاخێوەرانی زمانی کوردی و ئەگەر بڕیار بێت ئێمە ئەمە وەک دۆخێکی ئاسایی چاو لێبکەین و لە زمانی نووسینیشدا ئەم دۆخە بچەسپێ ماوەیەکی زۆری پێ ناچێ بۆ فێربوونی زمانی کوردی ناچار دەبین ئەو سێ زمانەی تریش فێربین. و لە واقیعدا دۆڕاندنی رەسەنایەتی زمانەکەشی لێ دەکەوێتەوە.

هەڵبەت پێویستە رووناکبیران و نووسەران سەرنج بۆ ئەم خاڵە گرنگە رابکێشن ئەگەر ئەم کۆمەڵە وشە نوێ و داتاشراوانە، کە ئێستا هەمانە، نەبوایە، زمانی کوردی ئێستا لەم ئاستەدا نەبوو. بەڵکوو دواکەوتووانە وەکوو رابردوو و تەنیا زمانی شیعر و گۆرانی بوو.

بە کورتی پرۆژەی وشەسازی لای ئێمەی کورد کەمتر لە نێوسەدەیە، دەستی پێکردووە و دەبێ وەکوو هەر بزووتنەوەیەک، بە جیدی بخوێنرێتەوە و خەسارناسی بکرێت و لایەنە باش و خراپەکانی دەستنیشان بکرێت تا لە داهاتوودا بە شێوەیەکی باشتر و پسپۆڕانەتر ئەم جمشتە رێبەری بکرێت:

## ١. ناسیۆنالیزم و فرەوشەسازی

وشەسازی و هاوتاسازی بە ئامانجی گەیشتن بە زمانێکی پەتی و رەسەن لە کوردی نووساریدا زۆر بەرچاوە. تا رادەیەک ئەگەر چەند دێڕێکی کتێب یان رۆژنامەیەکی ئەم چەند ساڵە دواییە هەڵسەنگێنیت. تێدەگەی دەقەکان زیاتر لە ٩٠٪ بە کوردی پەتی نووسراون. بێ گومان بیری پەتی نووسین رەنگدانەوەی روانگەی ناسیۆنالیستییە بۆ زمان. رۆشنبیری کورد تێکۆشاوە تا بە پێکهێنانی زمانێکی

ڕەسەن، سنووریێ بۆ خوی دیاری بکات. پاشان بۆ ئەوەی سنووری وڵاتەکەی پتەوتر و بەرچاوتر بکاتەوە زمانەکەی پەتیتر و کوردیتر کردووە لە کاتێکدا پێویست نییە زمانێک ئەوەندە پەتی بکرێتەوە. ئێستا لە جیهاندا هیچ زمانێک نەدۆزراوەتەوە کە ١٠٠٪ پەتی بێت. هەڵبەت ڕەنگە تەنیا زمانی خێڵە دواکەوتووەکانی ئامازۆن و ئەفریقا و .. بە هۆی نەبوونی دانووستان و پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەیان ڕەسەن مابن (؟)

بۆ نموونە زمانناسان لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەو ئەنجامە گەیشتوون لە ٩٩٠٣ وشەی ڕۆمانی ٣٥٦٦ وشە بیانین (د. احمدی گیوی، ١٣٧٢: ١٣). یان زمانی فارسی بەو دەسەڵات و مێژوو کۆنەوە پڕە لە وشەی عەرەبی و مەغوولی و تورکی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و کوردی و تەبەری و مازەندەرانی و سوغدی و ... لەم بارەوە مامۆستا بەهار لە کتێبی «سبکشناسی»دا دەنووسێ: «لە سەدەکانی شەشەم، حەوتەم و هەشتەم پەخشانی فارسی ٨٠٪ عەرەبییە ...» (بەهار، ١٣٤٩: ١٢١) هەر ئێستاش هەر دەقێکی فارسی لێکبدرێتەوە نزیک بە شەست لە سەتی تەنیا عەرەبییە ... کەچی لە هەموو جیهان فارسی وەک زمان ناسراوە و لە هەموو بوارێک-دا توانایی و چالاکیی هەیە.

پێویست بە وتنە بیری پەتی نووسین لە فارسیدا کە لە سەردەمی ڕەزاخان دەستی پێکرد ئێستا برەویکی وای نەماوە.

ڕوانگەی ناسیۆنالیستی بە زمانی کوردی لایەنی باشیشی هەبووە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێدەکەین:

A- زمانی کوردی بۆتە زمانی نووسین و ڕوژنامەگەری و سیاسەت و وەرگێڕان و ...

B- هەزاران وشەی نوێ و جوان و ڕێک و پێک هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە و بوونەتە مایەی بووژانەوەی زمانی کوردی.

C- دەرفەتێکی بۆ زمانی کوردی ڕەخساندووە، ئەگەرەکان و تواناکانی خۆی بنوێنێ.

D- پرۆژەی وشەسازی، زمانی کوردی لە نەزۆکایەتی دەرباز کرد.

E- ڕەسەنایەتی زمانی نووسین تا ڕادەیەک لەسەر زمانی قسەکردنی خەڵک کاریگەری هەبووە.

بەڵام لایەنی خراپی ئەم روانگەیە بۆ زمان ئەوەیە زمانی کوردی بە هۆی نەبوونی باڵانس وتەوازون لە نێوان فێرکاری گشتی و فرەوشەسازیدا بۆتە زمانێکی دەستکرد و تا رادەیەک پێوەندی لەگەڵ خەڵک دۆڕاندووە. بۆ وێنە لە کوردستانی ئێران زۆربەی حەوتەنامەکان،گۆڤارەکان، وەرزنامەکان جیا لە «سروە» بەشێک لە وتارەکانیان بۆ زمانی فارسی تەرخان کردووە. ئەم کارە ناتوانێ بە شێوەیەکی پاڵەکی نیشاندەری ئەوە بێت، زۆربەی خەڵک لەم زمانە تێناگەن و نایزانن (؟) رەنگە هەندێک بێژن ئەم کارە بۆ دروستکردنی پردێکە لە نێوان نەتەوەکانی تر بە تایبەت فارس. بەڵام ئەم تێڕوانینە کاتێک راستە، چاپەمەنیەکان بە شێوەی رۆژنامەی سەرانسەری بڵاوبن نەک ناوچەیی.

ئەم دەستکردیبوونەی زمانە تا ئاست و رادەیەکە، کە لای نووسەران و شاعیران ئەم رستەیە باو بووە کە «کابرا کوردی نازانێ ...». خودی ئەم رستە نیشان دەدات کە ئەم زمانە تا رادەیەک دەستکردە، نەک سرووشتی. ئەگینا چۆن دەبێ کوردیکی خوێندەوار، زمانی دایکی خۆی نەزانێ، بێ گومان مەبەستی نووسەرانی کوردیزان (؟) نەزانینی زمانی نووسینە و فامکردنی وشە داتاشراوەکانە، چونکوو هەر کەسێک بە شێوەی سرووشتی ئاگادارییەکی تەواوی هەیە بە سەر هەموو بەشەکانی زمانی دایکی خۆی، وەک: رێزمان، دەربڕینی وشە، دەزگای واچی و مانایی.

فرەوشەسازی لە زمانی کوردیدا بەو قۆناخە گەیشتووە کە بۆ وشەگەلێک هاوتاسازی کراوە کە نموونەی لە دیکەی زمانە ئێرانییەکان لە ئێران و ئەفغانستان و تاجیکستان و پاکستان نەبینراون بۆ وێنە: کۆمار، سەرۆک، نەتەوە، گەل، گۆڤار، بنەما، سەرچاوە، لاپەڕە، ئەندازەیار، رێنووس، بەرکار، کۆمەڵ، هۆنراوە، دەق، وێژە، دەنگ (vote)، تومار، ... .

ئایا هاوتای ئەو وشانە لە زمانی فارسیدا نییە یان زمانەوانانی فارس بەو هەموو دەسەڵاتەوە ناتوانن بۆ زۆربەی ئەو وشانە کە سەدان ساڵە لە سەر زاری خەڵکن واتاسازی بکەن؟

وڵامی ئەم پرسیارانە روونە. چونکوو بە وردە سەرنجێک لە زمانی فارسی و گەڕانێک لە نێو قامووسەکاندا سەدان وشە دەبینین کە دەتوانن بۆ هاوتاسازی بەکاریان بیبەن بۆ وێنە:

چنگار (لە بەرامبەری سرگان)، خدو (بـزاق)، آخشیج (تناقچ،عنێر)، آهنجیدە (انتزاعی)، آیشنە (جاسوس)، پالوغ (مقایسە)، بیوسیدن (گمعداشتن)، وچر (فتوا)، وچرگر (مفتی)

**بوسە و نقرت حلال باشد باری**

**حجت دارم بر این سخن ز وچرگر**

(لبیبی سەدەی ٤)

بەڵام قەت ئەم وشانە کاربردیان نەبووە چونکوو دەوری سەرەکی زمان پێوەندی لەگەڵ خەڵکە، هەروەها گواستنەوەی پەیامە بە یارمەتی وشـە، ئەگەر لە بواری وشەسازیدا فرەکاری (ئیفرات) بکرێت پێوەندی زمان لەگەڵ خەڵک هەڵدەپچڕێ پاشان لە ئە نجامدا زمانێکی دەستکرد و ڕەمزی پێک دێت کە تەنیا نووسەران تێدەگەن و پێی دەنووسن لە کاتێکدا زمان بۆ تێگەشتنە نەک بۆ تێکدان. ...

بێ گومان گرنگترین ئەرکی وەرگێڕان و زمانەوانانی کورد لە هەنگاوی یەکەمدا کۆکردنەوە و دەستەبەندی وشە بیانیەکانە؛ پاشان هاوتاسازیە بۆ ئەو وشانە، کە پڕکاربردن. چونکوو پێویست نییە بۆ هەموو وشە بیانیەکان کە لە سەر زاری خەڵکن هاوتاسازییان بۆ بکرێت.

لە لایەکی ترەوە گەلێک وشە هەن کە نێونەتەوەیین و لە هەموو زمانانی جیهان دا جێگربوونە ئیتر زۆر پێویست نییە، ئێمە خۆمان بۆ هاوتاسازی ئەو وشانە ماندوو بکەین بۆ وێنە: ئۆکسیژن، ئیدرۆژن، ئینێرژی، تەلەفزیۆن، تەلەفون، رادیۆ، کۆنگرە، گرافیک، ترافیک، سینەما، فیلم، کراوات، پیتزا، سالاد، سوپ و

هەڵبەت هاوتاسازی و وشەسازی وێڕای نواندنی تواناییەکانی زمان، زەخیرەی زمانیش چالاک دەکات. کە ئەمە زۆر باشە بەڵام هەر وەک ئاماژەمان کرد فرەکاری لەم بوارەدا دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئاسایی و تەنانەت خوێنەری ئەدەبیاتی کوردی لە زمانی خۆی دوور بکەوێتەوە پاشان نووسینی دەق بێ‌مانا دەبێت. ڕۆشنبیرانی کورد دەبێ ئەم خاڵە گرنگە لە بەرچاو بگرن کە زمانی کوردی بە تایبەت لە کوردستانی ئێران هەنووکە دەرفەتی فێرکاری گشتی بۆ نەڕەخساوە... .

شیاوترین و لۆژیکترین ئێستراتیژی بۆ ئەم کێشە ئەوەیە کە پرۆژەی وشەسازی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ فێرکاری گشتیدا بەرەو پێش بڕوات یان بۆ وشە بیانیەکان هاوتاسازی بکەین بەڵام هەر خودی وشە بیانییەکان ماوەیەکی تایبەت بەکار بـهێنین

پاشان کاتی خوی جێگریان بکەین. هەر ئە و کارە کە ئاکادێمی ئێران یان تورکەکانی ئێران دەیکەن.

هەڵبەت له دانوستاندن و قەرزکردنی وشەدا رەنگە بە رێکەوت دۆخێک سەرهەڵبات کە وشە بیانیەکان لە ماوەیەکی دوور و درێژدا لە نێو زمانەکەدا بە جلوبەرگی تازە و مانای جیاواز و دەربڕینی تایبەتی کوردییەوە ببن بە وشەیەکی خوماڵی وەکوو ئەم وشە عەرەبیانە کە لە فارسیدا مانایان گۆڕدراوە و ئێستە بوونەتە موڵکی زمانی فارسی:

عەرەبی:فارسی- عەرەبی: کوردی:
شعبەملتنەتەوە
قومیملینیشتمانی
مجتمعجامعەکۆمەڵگا
مفاوضەمذاکرە....
سکانجمعیتجەماوەر
قناةشبکەتۆڕ

لە زمانی کوردیشدا دەتوانین بەم وشانە ئاماژە بکەین کە لە ماوەیەکی دوورو درێژدا رەنگ و بۆنی کوردی بە خۆیان گرتووە بۆ وێنە:

هەوەجە (حاجت)، بوسەڵمان (مسلمان)، هەڵە/خەڵەت (غلط)، فام (فهم)، تەواو (تمام)، سپڵە (سفله)، یانێ (یعنی)، مانا (معنا)، سوژدە (سجده)، گیروگرفت (هەرە گیر و گرفتی فارسیە لە چاوگی «گرفتن» کە لە کوردیدا چاوگی بەرامبەرەکەی دەبێتە گرتن)، خزمەت (خدمت)، هەواڵ (احوال)، باس (بحث)، زامەت (زحمت)، خەڵک (خلق)، خوڵک (خلق)، شلوق (شلوغ)، متمانە (مطمئن) و ...

## ٢. جیابوونەوەی زمانی نووسین لە زمانی قسەکردن

لە هەر زمانێکدا چەند چەشنە زمان (variety) وەک نووسین، ئیداری، وەرگێران، شیعر، وێژە و ئەدەب، ئاخافتن و ... هەیە. لە رابردوودا ئەدیبە سەلەفیەکانی، زمانی ئەدەبیان بە بناغەی هەموو چەشنەکانی زمان، دەزانی. بەڵام دوای پێشکەوتن و

گۆڕانکاری زانستی زمانناسی، ئێستە ئەم بابەتە، بابەتێکی سەلمێندراوە کە زمانی ئاخافتن زمانی سەرەکی و بناغییە. هەروەها زمانناسان و رەخنەکارانی گەورەی ئەم سەردەمە لەسەر ئەوە جەخت دەکەن کە باشترین و شیاوترین و بەهێزترین زمان، زمانێکە کە پێوەندی لەگەڵ زمانی قسەکردنی خەڵک پتەوتر و نزیکتر بێت. چونکوو سەرچاوەی زمانی نووسین لە بناغەدا زمانی ئاخافتنە، هەر ئەوەندە زمانی نووسین شان بە شانی زمانی قسەکردن بەرەو پێش بچێت. فێربوونی بۆ هەموو خەڵک لە هەموو سەردەمێکدا ئاسانترە. چونکوو زمانی قسەکردن بە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە هەموو ئاستێکدا وەک: وشە و واچ و مانا و رێزمان دەگۆڕێ لە کاتێکدا زمانی نووسین بە هۆی نووسین و تۆمارکردن تا رادەیەک زمانێکی نەگۆڕترە.

هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە کە زمانی نووسین و زمانی زانستی لەگەڵ زمانی لادێکان و کۆچەرەکان یان کووچە و کۆڵانەکان یەکێک بن. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە گۆڕانکاری و بوژانەوەی زمانی نووسین دەبێ لە سێبەری زمانی ئاخافتندا بێت. ئەگەینا جیابوونەوەی زمانی نووسین لە داهاتوودا قەیرانی تێگەشتن بەهێزتر دەکات. هەر ئەو کێشە کە ئێستا زمانەکانی کۆنە رەسمی، وەکوو فارسی، ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی و ... تووشی بوونە. بۆ وێنە خوێندەوارانی ئینگلیزی بە سەختی لە زمانی چاسر و شکسپیر تێدەگەن لە فارسیش هەروایە بۆ نموونە لە کاتی رەسمیبوونی فارسی دەری لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا هەموو دەقەکان بە تایبەت شیعر بە زمانی قسەکردن نزیک بوون هەر بۆیە ئێستا یەکەمین کتێبی پەخشانی فارسی یانی «شانامەی ئەبو مەنسووری» یان «تاریخی بەلعەمی» بۆ زۆربەی خە ڵک تەنانەت قوتابیانی سەرەتاییش کەم تا زۆر فام دەکرێت.

بەڵام لە سەدەی شەشەمەوە تا پەنجا ساڵی رابردوو– کە سادەنووسین لە لایەنی نووسەرانی نوێخوازی وەکوو عەلامی، قائممقام فەراهانی، موحەممەدعلی جەماڵزادە، سادیق هەدایەت و ... گرنگییەکی ئەوتۆی پێدرا - زمانی فارسی دەری بە وتەی «داریوش ئاشووری» بۆتە «زمانی دەری وەری» (واتا: زمانی لاژەلاژ). هەر ئەم رۆشنبیرە دەنووسێ: «گەورەترین گیروگرفتی پەخشانی فارسی جیابوونەوەی وردە وردەی زمانی نووسینە لە زمانی قسەکردنی خەڵک کە لە ئەنجامدا گەیشتەوە ئاستێک کە ئێستا دەتوانین بێژین بوونەتە دوو زمانی جیا لە یەک. بێ گومان لە هەر زمانێکدا ئەم جیابوونەوە تا رادەیەک سروشتیە بەڵام لە زمانی فارسی دا ئەمە بۆتە بە قەیران،

جا ئەم کێشە بە باشی نیشان دەدات کە خەڵکی ئاسایی ئەگەر بخوازن دێڕێک بنووسن، سادەترین و سرووشتیترین رستەکان کە لە بەردەستیاندایە. فەرامۆشی دەکەن و لە شوێنی رستەگەلێکی ئاڵۆز دەگەڕێن کە ئەنجامی وەها نووسینێک، نووسینێکی گەمەوقەژمەرییە (ئاشووری ١٣٧٥: ١٤).

ئەمڕۆژە سادەنووسین بە هۆی چاپەمەنی زۆر و فێرکاری گشتی، وەرگێڕان، رۆژنامەوانی، کاریگەری زمانناسی و ... لە زۆربەی زمانەکانی جیهان گرنگی پێدەدرێ تا رادەیەک کە ئێستا لە دەزگاکانی راگەیاندن وەکوو رادیۆ و تەلەفزیۆن لە جێگەی هەواڵەکان بە زمانی رەسمی، هەواڵەکان بە زمانی خەڵکی ئاسایی بڵاو دەکەنەوە. بەڵام بە داخەوە لە زمانی کوردی تا ئێستە بیر لەم دۆخە نەکراوەتەوە کە رەنگە لە داهاتوودا ئەو کێشەی کە باسمان کرد ببێتە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی زمانی کوردی.

بۆ ئەنجام گەیشتنی باسەکە پێویستە ئاوڕ بدەینەوە لە دەقەکانی رابردوو بۆ وێنە زمانی نووسراوەکانی مەحوی و نالی و فایەق بێکەس و مامۆستا هەژار و شوکور مستەفا و عەلائەدین سەجادی و ... لە دەیەکانی پێشوودا ئەوەندە سادە و بە زمانی خەڵک نزیکن کە نە تەنیا بۆ کوردە سۆرانیەکان بەڵکوو بۆ زاراوەکانی تریش وەک کوردی باشووریش لە فەیلی(ئیلامی)، کرماشان و خانەقین... فام دەکرێت.

رەنگە هەندێک بێژن زمانی نووسین ئەم نووسەرانە زۆرتر زمانی ئەدەبی و شیعری بووە نەک زمانی زانستی و فەلسەفی و فەنی؟

لە وڵامدا دەبێ ئاماژە بە کتێبی زانستی «زمانی یەکگرتووی کوردی» د.جەمالی نەبەز بکەین. کە زۆر شارەزایانە دەقێکی تایبەتی و زانستی لە بواری زمانناسی لە ساڵی ١٩٧٦ بە زمانی سادە و پاراو نووسیوە.

کەچی لەم سەردەمەدا تێگەیشتن لە هەموو دەقەکان بە هۆی دژوار نووسین، فرەوشەسازی و جیابوونەوە لە زمانی خەڵک نە تەنیا بۆ کوردەکانی باشوور(ئیلام، کرماشان، خانەقین) بەڵکوو بۆ کوردەکانی ناوەڕاستیش تا رادەیەک ئەستەمە و خوێنەر دەبێ هاوکات لەگەڵ خوێندنی دەق لە فەرهەنگی وشەی نوێ – کە بەداخەوە نیمانە- کەڵک وەربگرێ.

لێرەدا بە پێویست دەزانم لە توێژەران و کۆمەڵناسان بخوازم لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئاست و رێژەی تێگەشتنی جەماوەر لە زمانی نووسینی کوردی لەم سەردەمەدا

دیاری بکەن تا ببێت بە سەرچاوەیەکی جێ متمانە بۆ میزانی کەڵک وەرگرتن لە وشە داتاشراوەکان لە زمانی نووسیندا. هەڵبەت زمانی نووسینی ئەمڕۆیی کوردی پێوەندی خۆی لەگەڵ هەموو خەڵک نەپچڕاندووە بەڵکوو لە واقیعدا زمانی نوسینی کوردی لە کوردستانی ئێراندا بۆتە زمانی تاقمێکی تایبەت لە نێو کۆمەڵدا، هەر وەک زمانی نووسینی دەبیران و مونشیان لە سەدەی شەشەم تا دوازدەهەمی کۆچی لە زمانی فارسیدا.

### ٣. ژمارەی بڕگەی وشە

زۆربەی زمانەکانی هیند و ئەورووپایی کۆن، کار و جێناوی مێ و نێر هەروەها دۆخەکانی بەرکاری و ئیزافەیان هەبووە بەڵام ئێستا ئەم تایبەتمەندیانە لە نێو زمانانەدا نەماوە. بە وتەی زمانناسان هۆی سەرەکی ئەم گۆڕانگاریە ئەوەیە کە هەموو زمانەکان وردە وردە سادەتر بن بە تایبەت بڕگەکانی وشە، ڕۆژ بە ڕۆژ کورتتر دەبنەوە.

لە زمانی کوردی هەندێک وشە داتاشراون کە ژمارەی بڕگەکانیان لە هاوتاکەیان فرەترە. وەکوو «لێکۆڵینەوە» کە پێنج بڕگەیە لە کاتێکدا هاوتاکەی لە عەرەبی (تحقیق) دو بڕگە، لە فارسیدا (پژوهش) سێ بڕگەیە. یان لەهەموو سیرتر، وشەی «ئاوەڵکردار» کەچواربڕگەیە، لەکاتێک دا هاوتاکەی(قەید) یەک بڕگەیە. ئەگەربخوازی بنووسی قەیدقەید، دەبێ بێژی ئاوەڵکرداری ئاوەڵکردار،کە٩بڕگەیە. بەلای منەوە ئەم ڕەوشتە واتا درێژبوونی ژمارەی بڕگە، لەداهاتوو زمانی کوردی بە یەکێک لەزمانە کۆنەکان ودواکەوتووەکان نزیک دەکات. نموونەگەلێکی تر کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین ئەمانەن:

بزووتنەوە (٥ بڕگە)، پیتی دەنگدار٤بڕگە (هاوتاکەی لە فارسی دا٢بڕگە = همخوان)، ئاوەڵناو٣بڕگە (هاوتاکەی٢بڕگە = یفت) و ...

چەندە بڕگەی وشەی داتاشراو، فرەتر بێت. هەر ئەوەندەش زمان بە شێوەی کۆنی خۆی نزیکتر دەبێتەوە.

بڕگەی وشەکانی ئاکادیمی ئێرانیش لە دەیەکانی ڕابردوودا کە پێشنیاری کراون درێژ بوونە بەڵام بە دارشتنی بەرنامەی شیاو، توانیان ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن بۆ وێنە یەکەم هاوتاسازیەک کە بۆ «کامپیۆتەر» کرا وشەی «حسابگر الکترونی»

بوو (باطنی، ١٣٧١: ٢٦) کە ئێستا بووەتە «رایانە»، یان بۆ «ریفراندۆم» «مراجعه به آراء» یان دانا، کە ئێستە بووتە «همه پرسی».

ئێمەش دەتوانین لە جێگەی «بە جیهانی بوونەوە»، جیهانی بوونەوە، یان جیهانیبوون دابنین هەروەها لە جێگەی «بزووتنەوە» کە پێنج بڕگەیە لە وشەی «جمشت» کەڵک وەربگرین کە سەرەڕای ئەوە ئیشتقاقیە (جم + شت)، دو بڕگەی هەیە.

دەخوازم بێژم ئەگەر لە بواری وشەسازیدا نەمانتوانی وشەی پێشنیار بکەین کە بواری بڕگە لە بەرامبەر بیانیەکی کورتتر بێت لانیکەم تێکۆشین درێژتر نەبێ، سوودی تری ئەم یاسایە ئەوەیە کە دەربڕینی وشەکان، ساکارتر و لە سەرزار سووکترن. هەڵبەت دەبێ بەم خاڵی گرنگە ئاماژە بکەین کە یەکێک لە هۆیەکانی درێژبوونی بڕگەی ئەو وشانە کە «کۆڕی زانیاری» کاتی خۆی کردوویەتی. کارکردن بووە بە میتودی وەرگێڕانی دەقاودەق لە عەرەبییەوە کە لە جێگەی چاوگی عەرەبی، چاوگی کوردیان داناوە، بۆ وێنە: ساغکردنەوە، لێکدانەوە، پێداچوونەوە، بزووتنەوە، بووژاندنەوە، لێکۆڵینەوە و ... لە کاتێکدا شیاوتر ئەوەیە بەرامبەری چاوگی بیانی لە ناوی چاوگ (اسم مێدر) کەڵک وەربگرین. هەروەک ئەم هاوتاسازییە شیاوە کە بۆ وشەی بیانی «مقالە» لە ناوی چاوگی «وتار» [وت+ار] کەڵک وەرگیراوە.

## ٤. وشەی بیانی لە بەرامبەری وشەی بیانی

ناسیونالیسمی کوردی بە هۆی نەبوونی کیان و دەسەڵاتی سیاسی، سەرڕێژ بووتە ناوی زمان، پاشان زمانپارێزانی کورد هەوڵی ئەوەیان داوە بەرامبەر سازییەکانیان جیاواز لەگەڵ دراوسێکانیان بێت. تا لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی سنووری زمانی، سنوورێک بۆ وڵاتی کورد دیاری بکرێت. هەر بەم بۆنەش زمانەوانان لە بواری وشەسازیدا بە شێوەیەک کاریان کردووە کە لەگەڵ فارس و عەرەب و تورک جیاواز بن بۆ نموونە وشەی «یاسا» یان - کە لە بنەڕەتدا تورکییە ئەوەش تورکی موغولی - لە بەرامبەری وشەی «قانون» کە لە نێوی فارس و عەرەب دا باوە، هەڵبژاردووە. لە کاتێکدا زۆربەی زۆری خەڵک لە زمانی ئاخافتن دا وشەی «قانون» بە کار دەهێنن. یان وشەی «قوتابخانە» کە وشەیەکی فارسی ـ عەرەبییە و لە قوتاب واتا:کتاب +

خانە پێکهاتووە و لە جێگەی «مكتب» بە کاری دەبەن لە کاتێکدا هەمووی ئەو وشانە بیانین ئیتر چ فەرقی هەیە کە لە زمانی نووسین دا کامیان بەکار بهێنین.

نموونەکانی تر لەم وشانە لە نێو زمانی نووسیندا زۆرن. کە ڕەنگە هەندێکیان کوردی نەبن و لە لایەکی ترەوە دەربڕینیشیان سەختە بۆ وێنە: ئابلۆقە، قازانج، بایەخ، قەمچی، ئاڵتوون و ...

## ٥. ئەرکی روشنبیران

وشەسازی و وشەرۆنان موڵکی تەرخان کراوی ئاکادێمییەکان نییە. لە زۆربەی وڵاتان هاوکات لەگەڵ ئاکادێمییەکان؛ رۆشنبیران، وەرگێڕان، زمانناسان بە شێوەی سەربەخۆ خەریکی وشەسازین و زۆرجاریش ڕێکەوتووە، وشەی پێشنیارکراوی نووسەرێک لە کاری کۆڕەزانستییەکانی زمانی وڵاتێک باشتر و شیاوترە. هەر بۆیە لە هەندێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو، ئاکادێمییەکان لە هەموو ئاخێوەرانی زاراوەگەلی زمانەکە، دەخوازن بۆ هاوتاسازی هەر مانا و دیاردە و چەمک و وشەیەک، چالاکانە بەشداری بکەن و پێشنیار بدەن چۆنکوو بڕیارە خەڵک وشەکە بە کار بهێنن.

ئەگەر بخوازین هەر دوو شێوەکە، لەگەڵ یەک بەراورد بکەین لە ڕاستیدا وشەسازی بە شێوەی تاکەکەسی ئەگەری بە هەڵەداچوونی زۆرترە بەڵام لە شێوەی دووهەمدا ئەم ئەگەرە کەمترە بە هۆی ئەوە کە چەندین کەس بە زانستی جۆراوجۆرەوە لە م پرۆسەدا بەشدارن. دەرفەتی ڕەخنەگرتن و پاشان ساغکردنەوە زۆرترە و هەوڵەکان تۆکمەتر و تەواوتر دەبن.

کورد بە گشتی؛ لە کوردستانی ئێران بە تایبەت، بە هۆی نەبوونی ئاکادێمی دەسەڵاتدار و هەروەها پسپۆڕانی بوارەکە، پرۆژەی وشەسازی تووشی غیابی مەرجەعییەت بووە بەم هۆیەو چەند هۆکارێکی تر، ئێستا زۆربەی نووسەران، وەرگێڕان بە شێوەی تاکەکەسی خەریکی وشەسازین کە ئەمە بە نۆرەی خۆی کێشەیەکی بۆ زمانی کوردی درووست کردووە، بۆ نموونە جاران بۆ یەک مانا چەند جۆر وشە سازکراوە، بۆوێنە لە بەرامبەری وشەی psychology دەروونناسی و ڕەوانناسی درووست بووە. یان بۆ «تەرکیب» ساز دان (ئەحمەد قازی، ١٣٦٧: ١٢٢)، ڕێکەوەند (د.رخزادی، ١٣٧٩: ٣٠٧) و پێکهاتە (؟)، هەروەها بۆ وشەی «فعل»: کردار (خرمدل، ١٣٤٧: ٧٨)، کار (نەبەز، ١٩٧٦: ٣١)، فرمان (؟) واتاسازی بووە.

لە لایەکی ترەوە وشەسازانی سەربەخۆ هەر چەند شارەزان و لە زانستگا دەرسیان خوێندووە یان دەرس دەڵێن بەڵام وەکوو مامۆستایانی رابردوو لە باری زمانەوە کاری بنیاتیان وەکوو نووسینی رێزمان و فەرهەنگی وشە و ... نەکردووە هەروەها بە هۆی کەم تەمەنی و خەریک بوون بە زانستەکانی تر، لەگەڵ زاراوەکانی تری کوردی و زانستی وشەسازی ئاشنایی ئەوتۆیان نییە. بەم هۆیە و هۆیەکانی تر بە باشی رۆحی زمانی کوردی (نەک زاراوەی خۆیان) ناناسن، لێرەدا پێویستە وەکوو نموونە لە چەند وشە رەخنە بگرین:

## - شوناس لە جێگەی «هویت»

شوناس لە بنەڕەتدا رەگی ئێستای «شناخت»ە. لە چاوگی «شناختن»ی فارسیە. هاوتاکەی لە کوردیدا دەبێتە:

ناسین (چاوگ) ناسی (رەگی رابردوو) ناس (رەگی ئێستا). پاشان هەر ئەم شوناسی فارسییە کە هاتووتەوە نێو کوردییەوە بە مانای ئاشنایە جا چ پێوەندی لە نێوان ئاشنا و هوویت هەیە؟ لە روانگەیەکی ترەوە مەگەر هەر دوو وشەکە، بیانی نین جا چ جیاوازییەکی هەیە کامیان لە زمانی نووسیندا بە کار بهێنین (بڕواننە خاڵی چوارەمی بەشی خەسارناسی).

* توخم لە جێگەی «عێر»

توخم وشەیەک هاوبەشە لە نێوانی زمانی فارسی و کوردیدا لە قامووسە فارسیەکاندا ئەمجۆرە مانا کراوەتەوە: ١- نگفه ٢- بیچەی ماکیان ٣- ایل و نژاد ٤- دانه و بژر ٥- غده جنسی (معین، ١٣٧٥: ١٠٥٢).

لە قامووسە کوردیەکانیشدا مانای وایە: ١- توخم ٢- خا، هێلکە، هێک ٣- رەچەڵەک ٤- توم، تومم، توو ٥- دانە، بەزر ٦- گون (ابراهیمپور، ١٣٧٣: ١١٧).

مامۆستا هەژاریش نووسیویەتی کە توخم لە کوردیدا دوو مانای هەیە: ١- توم ٢- رەچەڵەک (شرفکندی، ١٣٧٦: ٣٤٢). وەک دیمان لە کوردیدا توخم قەد بە مانای «عنێر» نییە ؟. مەگەر ئەوەی لە فارسییەوە وەرمان گرتبێت کە ئەگەر وابێ دوبارە رەخنەی چوارەمی بەشی خەسارناسی لەسەر ئەم خاڵەش راست دەردەچێ.

### - گوتار له جێگەی «گفتمان/discorse»

ئەم وشە لە رووی رێزمانەوە قسەی لەسەرە. چونکوو لە بواری پێکهاتن، گوتار لەگەڵ وتار (مقاله = گفتار) هیچ جیاوازییەکی نییە:

گوت+ار = وت+ار

بە واتایەکی تر «گوت» رەگی رابردووی کاری «گوتن» لە کوردی ناوەڕاستە و «وت» رەگی رابردووی کاری «وتن» لە کوردی باشوورە. مانای هەردووکیان لە فارسیدا دەبێتە «گفتن» بەم هۆیەوە قەد وشەی «گوتار» ناتوانێ هەڵگری مانای «گفتمان:discourse» بێت.

### - روخسار لە جێگەی «شکل/قالب»

ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا فارسییە و لە (روخ/رخ+سـار) پێکهاتووە بەرامبەری «رخ» لە کوردیدا دەبێتە «روو، رووەمەت». هەروەها هەردووکیان بیانین (بڕوانە بەشی چوارەمی خەسارناسی). هەر چەند ئێستا ئەم زاراوانە تا رادەیەکی لە زمانی نووسیندا خۆیان چەسپاندووە. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوە کە رەخنە لە وشەکانی بەم چەشنە نەگرین. چۆنکوو لە راستیدا ئەرکی سەرەکی زمانەوان، چاودێری و ویراشتنی(=پێداچوونەوە) پرۆسەی وشەسازی ووشەڕۆنان لەزمانە.

هەواڵنامەی کێنێر

### ٦. پرۆژەی دژسازی کرمانجی و سورانی

لە رابـردوودا زمانانی درواسێ هەرەشـەی جیدی بوونە بۆ مانەوەی زمانی کوردی، بەڵام ئێستا بە هۆی بزووتنەوەی کاری فەرهەنگی لە ناو و دەرەوەی وڵات بە تایبەت میدیاکان و بەهێزبوونی دەسەڵاتێکی کوردی لە کوردستانی عێراق، دوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی بۆ پەرەپێدانی خۆ لە بەرامبەر یەکدا وەستان و شان بە شانی یەک جیاوازانە وشەسازی دەکەن، هەڵبەت ئەمە هەمووی کێشەکە نییە ئەگەر ئاوڕدانەوەی رابردووش بکەین دەبینین زمانی گۆرانی لانیکەم نزیک بە هەشت سەت ساڵ زمانی ئەدەبی بەشی ناوەڕاست و باشووری کوردستان بووە (تەنانەت هێشتاش شیعر بەم زاراوە دەوترێ) و ئێستاش زمانی ئایینی ئەهلی حەقەکان هەروەها لە باشووری کوردستان (ئیلام، کرماشان، بیجار، لەکستان، خانەقین، مەندەلی، بەغا) بە کرمانجی خوارو دەیان دەفتەری شیعری و کتێب بڵاوبووە و دەبێت و تەنانەت هەندێک لە کوردە فەیلیەکان و کوردە کرماشانییەکان، سەربەخۆ بۆ زاراوەی خۆیان

وشەسازی دەکەن. ئیتر باسی زازاکان ناکەم کە زۆر ئاگاداریان نیم. لە ئەنجامدا کوردی سێ زاراوەی سەرەکی و یەک زاراوەی مێژوویی هەیە کە ئەمە یەکێک لە مەترسیەکان و کێشە گەورەکانی کوردە بۆ نەگەیشتن بە زمانی یەکگرتوو.

کورد بە دەیان هۆ (کە پێویست نییە لێرە ئاماژەی پێبکەم) نەیتوانی لە سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدا یەکێک لە دوو زاراوەی سەرەکی، بکاتە زاراوەی رەسمی. ئێستاش لە جێگەی ئەوە دڵسۆزانە تێبکۆشرێ لانیکەم لە بواری وشە و وشەسازیدا ئەم دوو زاراوە لە یەک نزیک بکرێنەوە بەداخەوە هەر دوو زاراوەکە لە بەرامبەر یەکدا وەستاون و هەر یەک خەریکی وشەسازین بۆ وێنە:

کرمانجی:سورانی:
گۆڤارکووار
هەڤپەیڤینوتووێژ
ساخلەمیتەندرووستی
جڤات...کۆبوونەوە...

بەڵام پرسیار ئەمەیە. ئایا ئێمە لە سەردەمی پێوەندی و هام وشووی فەرهەنگی و جیهانیبوونەوەدا ناتوانین ئەم هەڕەشەیە بکەین بە دەرفەت؟ وڵامی ئەم پرسیارە روونە؟ ئێمە لە رابردوودا، ئەزموونێکی سەرکەوتوومان بە ناوی زمانی ئەدەبی گۆرانی هەیە بە شێوەیەک کە جاف، ئەردەڵانی و هەورامی و فەیلی و کەڵهوڕ و کرماشانی و زەنگەنە و لور و لەک و ... وازیان لە زاراوەکانی خۆیان هێناوە و بە یەک زاراوە شیعریان وتووە. هەڵبەت زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە باوک و باپیرانی ئێمە، لە سەردەمی نەخوێندەواری گشتی و نەبوونی پێوەندی وەک ئێستە بەو ئەنجامە گەیشتوونە کە دەبێ وەکوو گەلانی تر یەک زاراوەی ئەدەبییان هەبێ چونکوو نابێ هەر هۆز و خێڵێکی کورد بە زاراوەی خۆی بنووسێ و ... لە لایەکی ترەوە زانستی ئەمڕۆ رێگا چارەی بۆ چەند زاراوەیی دۆزیوەتەوە ئەوەش پەنابردنە بەر داڕشتنی بەرنامەیەکی زمانییە (language planning). لام وایە تەنیا بەرنامەرێژی زمانییە، کە بە باشی دەتوانێ کێشەی چەند زاراوەیی لە زمانی کوردیدا لە رێگەی چەند بەرنامەی درێژماوە چارەسەر بکات (بۆ ئاگاداری زیاتر بڕوانە جامعه شناسی زبان، مدرسی، ۱۳۶۸:۲۰۶).

## ٧. چاونووقاندن لە کوردی خواروو

بەداخەوە لە پرۆژەی وشەسازیدا ئاوڕێکی وایان لە زاراوە کوردییەکانی باشوور وەکوو فەیلی، کەڵهوری، لەکی، گەڕووسی و ... نەداوەتەوە کە ئەوەش ڕەنگە، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بیری بەرتەسکی ناوچەگەری و مەزهەبی بێت (؟).

لە کاتێکدا زاراوە کوردییەکانی باشوور، لانیکەم لە بواری دەزگای واچی و وشە، زۆر ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووە دوکتور ئیبراهیمیپوور کە هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی لێکداوەتەوە لە کتێبی «دستور جامع زبان کردی» دەنووسێ: «بە دڵنیاییەوە دەتوانین بێژین کە زۆربەی دانیشتوانی مهاباد دەتوانن بە زمانی تورکی وەک زمانی دایکی خۆیان قسە بکەن ... لە کاتێکدا لە هەموو ئیلام سێ کەس ناتوانی بدۆزیتەوە کە تورکی بزانن ... هەر بۆیە کاتێک لە ئیلام دەگەڕی لە بواری زمانناسی هەست دەکەی لە کوردستانی دوور و کۆن هاتووی» (ابراهیمپور، ١٣٧٨: ٤٢و٤١).

پێویست بە وتنە لە کاتێکدا زۆربەی نووسەرانی کورد لە شوێنی ڕەسەنایەتی زمان دەگەڕێن و بۆ پالاوتنی زمانی نووسین تێدەکۆشن، دەبێ ئەم خاڵە سەرەکییە لە بەرچاو بگرن لە هیچ زاراوەیەکدا ڕەسەنایەتی کۆ نابێتەوە بەڵکوو هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی بە قەد توانای خویان بەشێکیان لە ڕەسەنایەتی زمانی کوردی کۆن، پاراستووە کە لێرەدا پێویستە بە کورتی بۆ نموونە ڕەسەنایەتی دوو وشە لێکبدەینەوە:

لە کوردی سۆرانی بە «پێی ماڵ و ئوسول» بنەما دەوترێ بەڵام لە کوردی فەیلی (ئیلامی) «بنەوا» دبێژن کە ئەمە ڕاستە چۆن کە ئەم وشە لە (بن+ەوا) پێکهاتووە و پاشگری (ەوا) لە وشەکانی تریش دووپات بووە وەکوو: نانەوا (نان+ەوا)، پێشەوا (پێش+ەوا). یان لە کوردی سۆرانی بە وەرزی چوارهەم، «زستان» دەوترێ لە کاتێکدا لە سەقز و سنە و ئیلام و کرماشان و ... «زمسان» دبێژن کە لام وایە ئەمەیان درووستتر بێت. چونکوو ئەم وشە لە (زم + سان) پێکهاتووە «زم» بە مانای سارده و «سان/ستان» پاشگری شوێنە. وێڕای ئەوە لە ئیلام بە کەپەری زستانی لادێکان کە لە چێو و بەرد درووست دەبێ دبێژن: زمگە (زم+گە) (فەرهەنگی کوردی ئیلامی، نووسەر، چاپ نەکراو).

لە گۆرانی کۆنیشدا هەروا بووە:

وەهارو هامن، خەزان و زەمێ
وێنەی زندەگی مەشو چۆن تەمێ

(پیر بنیامین شاهۆیی سەدەی حەوتەم)

هەورەها «زەم» بە مانای سارد و بای ساردە لە فارسیش وشەی زەمهەریر کە لە (زەم+هەریر) پێکهاتووە بە مانای جێگەی زۆر ساردە (معین، ١٣٧٥: ١٧٤٧) کەچی نووسەران و زمانەوانانی کوردی ناوەڕاست بە هەر هۆیەک بێت. لە وشە ڕەسەنەکانی کوردی خواروو کەڵکیان وەرنەگرتووە ئەگەریش ڕێکەوتبێ لە چەند وشە زۆرتر نییە بۆ وێنە: زانست، وشە و ...

بەڵام بە پێچەوانە، ئاکادێمی ئێران باوەشی بۆ وشەکانی ئیلام و کرماشان کردووەتەوە بۆوێنە: دوکتور مستەفا موقەربی ئەندامی چالاکی ئاکادێمی ئێران پێشنیاری داوە لە جێگەی وشەی ئینگلیزی cover لە وشەی ئیلامی «پووشەن» کەڵک وەربگرن (مقربی، ١٣٧٢: ١٢٣) (واژەهای مێوب فرهنگستان زبان و ادب فارسی ١٣٧٨: ٣٢).

کەڵک وەرگرتن لە زاراوەکانی خواروو بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتوو دوو ئەنجامی شیاوی هەیە:

یەکەم، زمانی یەکگرتوو بە هێز دەکات و زۆر لە ناتەواویەکانی زمانی نووسین چارەسەر دەکرێ.

دووهەم، دەبێتە هۆی ئەوە کە زمانی فەرمی لە ناوچەکانی باشووریش پەرە بستێنێ و جا خەڵکیش بە هۆی کارکردی عاتفی زمان، زۆرتر دەتوانن لەگەڵ زمانی ڕەسمی پێوەندی بگرن، چۆنکوو ئەم ئەزموونە (مەبەست کەڵک وەرگرتنە لە وشەکانی زاراوەکانی تری کوردی) جارێکی تر لە مێژووی کورد لە سەردەمی ڕەسمی بوونی زمانی ئەدەبی گۆرانی تاقی بووتەوە بە شێوەیەک کە هۆنراوەکانی کوردی گۆرانی ١٠٠٪ سەر بە کوردی گۆرانی یان هەورامی نەبووە بەڵکوو شاعیرانی هەر ناوچەیەک لە وشەکانی زاراوەی خۆیشیان کەڵکیان وەرگرتووە.

بۆ نموونە وشەکانی چەند بەیتێک لێکدەدەینەوە:

ئەر وە عداڵەت بازخواز بکەی لێم
ئومێدوار نیم وە ئەفعاڵ وێم

(ئەرکەوازی)

که وشەکانی بکەی، لیَم، نیم (کوردی یەکگرتوو)، ئەر، وە، ئومێدوار (کوردی خواروو)، عداڵەت و ئەفعاڵ (عەرەبی) بازخواز (کوردی فەیلی)، وێم (هەورامی)

یان شەوقش بە وێنەی سپی شەم مەبو
پەروانەش خەریک خار خەم مەبو

(وەلی دیوانە)

هەرگز نەنیشی زاهد نە لاشان
ناما نە گوشت دەنگ هەلاشان

(سەی یاقوو مایدەشتی)

که وشەکانی سپی، خەریک، بە وێنە ((کوردی ناوەڕاست))، شەم، خەم، دەنگ ((کوردی یەکگرتوو))، نەنیشی، گووش((کوردی خواروو))، جێناوی((ش)) و(( شان)) و کاری ناما و مەبو ((هەورامی)).

لە ئێرانیش هەروا بووە بۆ وێنە کاتێک فارسی دەری لە خوراسان رەسمی بوو لە ناوچەکانی تری فارس نشین وەکوو ناوەڕاست و باشووری رۆژهەڵاتی ئێران بە هۆی تێنەگەیشتن برەوی نەبوو بەڵام کاتێ توانی لەم ناوچانە پەرە بستێنێ کە هەزاران وشە و زاراوە و تەنانەت تایبەتمەندی ڕێزمانی قەرز بکات (دکتر یاحقی، تاریخ ادبیات ایران، سمت، تهران، ١٣٨٠، ل٨٩).

ئەم گۆڕانکاریانە تا رادەیەک بووە کە فارسی دەری لە سەدەی شەشەمدا لە سەبکی خوراسانی گواستەوە بۆ سەبکی عێراقی، بۆیە دەبینین زمانی شیعری حافیز و نیزامی و سەعدی و خاجو لەگەڵ شاعیرانی بەر لە خۆیان وەکوو فردەوسی و روودەکی و فەرۆخی و ... لە بواری وشە و تەنانەت ڕێزمانی جیاوازە بۆ وێنە: همی رفتمی (واتا: دەچووم) خوراسانی، بوو بە «می‌رفتم» لە سەدەکانی تردا.لێرەدا بە کورتی چەند وشەی کوردی فەیلی دەخەینە بەر چاوانی زمانەوانان تا کوو ئەگەر بخوازن و بیری بەرتەسکی ناوچەگەری ئێجازە بدات بۆ پاشەڕۆژ کەڵکی لێ وەربگیردرێ بۆ وێنە:

شلاڵ( Relaxation)،کنشت(ایگحکاک/Friction)،لاخت (بافت/Context)،وەیشت (فرگ،شدت)، جمشت (بزوتنەوە/Motion)، تاوشت (حرارت/Temperature)، ئاڵشت (دانوستاندن،تبادل/Exchange)،گەرمێشت(heat)،خوازگەر(داخواز)،خواسکەر(گدا)، گزم (قگر/Diameter)، نووسمان (literature)،دوچاوەکی(تبعیچ) پرسا (پرسندە)،

لاینگر (گرفدار، حامی)، رۆژیەتی ( مانگی رەمەزان)، پەیجۆر (پیگیر)، شێرەکە (استیلا،زاڵ)، دەمی (شفاهیoral)، ئاگرواچ (بخاری، شومینە)، رێ و رەوەن (راه و روش)،سەرانی(یێدر)،بەزانی(انتها)و ... (رەحیمی، کامران، فەرهەنگی کوردی ئیلامی، چاپ نەکراو).

## ٨. لەبەرچاو نە گرتنی زمانە کۆنە ئێرانییەکان

زمانە کۆنە ئێرانییەکان موڵک و میراتی هەموو گەلانی ئێرانین بە تایبەت کە نووسەرانی کورد و هەندێک لە رۆژهەڵاتناسان وەکوو: دارمستر، نولدکە، مینۆرسکی و ... جەختن لەسەر ئەوە کە زمانی ئەوێستایی زۆر بە زمانی مادی نزیکە، هەروەها بە پێی دواوین بەڵگەکانی زانستی ، ئێستا دو خاڵی زۆرگرنگ روون بووە:

یەکەم: پاڵەوی سێ زاراوەی هەبووە، نەک دوو زاراوە؛ کە بریتین لە:١- پاڵەوی باکووری یان پارتی (دەقە مانەویەکان «تورفانی»).٢- پاڵەوی باشووری یان پارسی (بەرد نووسراوەکانی سەردەمی ساسانی).٣- پاڵەوی رۆژئاوایی، کە لقەنامۆەکەی پاڵەوییە و لە مادستان برەوی هەبووە، هەر لەبەر ئەوەی رەنگە ئەم زمانە درێژەی مادی کۆن بێت، مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامیش بەردەوام بەم زاراوە کە جیاواز لەگەڵ پارتی و پارسی بووە وتوویانە فاڵەوی.

رۆژهەڵاتناسانی بەناوبانگی ئەم سەردەمەش وەکوو: ئیشتالکبرگ، ویکتوور روزن، لسچینسکی و هەروەها زمانناسی گەورەی ئێرانی پرۆفسۆر ئیحسانی یارشاتر (دانەری زانستنامەی مەزنی ئێرانیکا لە کانەدا) ، زاراوەی «مادیی ناوەڕاستی» بۆ ئەم زاراوانە هەڵبژاردووە و دوکتور ئەزکاییش کە دوای سی ساڵ لە سەر زاراوە جوراوجۆرەکانی رۆژئاوایی ئێران - کەدەبێتە رۆژهەڵاتی کوردستان - لێکۆڵینەوەی کردووە لەم بارەوە دەنوسێ: «پاڵەوی روژئاوایی گۆڕدراوی زمانی مادییە. ئەم ناولێنانە بە هۆی جوگرافیای زمانی [بڵاوبوون لە مادستان] لۆژیکییە. سەرەڕای ئەوە ئەم زاراوە پێشنیارییە [= مادی ناوەڕاست] ستەمێکە بە هۆی ژێردەستە بوون یان نامۆبوونی زمانەکە لێکراوە» ( اژکایی، ١٣٧٥: ١٦٧).

هەر ئەم نووسەرە لە جێگەیەکی تر دا دەنووسێ: «قەد نابێ زمانی کوردی و زاراوەکانی جیا لە «فەهلوی» و بنیاتی زمانی کوردی جیا لە زمانی مادی بزانین» (اژکایی، ١٣٧٥: ٢٠٤).

دوهەم:زۆربەی نووسەرانی ئێرانی دەنووسن: زمانی فارسی سێ قۆناخی هەبووە کە بریتین لە: پارسی کۆن، پارسی ناوەڕاست یان پاڵەوی، فارسی نوێ یان دەری؛ بە واتایەکی تر ئەم بیرۆکەیە زۆربەی زمانە کۆنە ئێرانییەکان بە موڵکی فارسی زانیوە لە کاتێکدا ئێستە بە هۆی خوێندنەوەی بەڵگە مێژووییەکان وتوێژینەوەی زمانناسی نوێ، روون بووەتەوە کە فارسی دەری نە تەنیا درێژەی پاڵەوی نییە بەڵکوو بەر لە ئیسلامیش برەوی هەبووە وهەروەها پاڵەوی دوای روخاندنی دەسەڵاتی ساسانییەکان و هاتنی ئیسلام بۆ ئێران (٢١ی هەتاوی) بە تێکڕایی تێک نەچووە و زمانی ئاخافتنی خەڵک لە ناوەڕاست و رۆژئاوایی ئێران بووە (جهانبخش، ١٣٨٣، ٧٤ـ٧٥) بۆ ئاگاداری زیاتردەبێ ئەم سەرچاوەکانە، بە رۆانگەیەک شیکاریانە دو جارە بخوێندرێتەوە:

«زەبیحالله سەفا» لەم بارەوەوە دەنووسێ: «زمانی ئاخافتنی خەڵکی ناوچەکانی رۆژئاوا و باکووری ئێران لە سەدەی یەکەمی ئیسلامی، پاڵەوی یان زاراوەکانی نزیک بەو زمانە بووە ...» (ڽفا، ذبیحالله، سیری در تاریخ و زبانها و ادب ایرانی، ١٣٨٣: ٧٥).

هەروەها دوکتور ناتڵ خانلەری دەبێژێ: «دوای ئیسلام، زاراوەی پاڵەوی یان فالەوی (= فەهلوی) بەو زمان و زاراوانە دەگوترا کە لەگەڵ زمانی رەسمی و ئەدەبی فارسی دەری جیاوازیان هەبووە و لە ناوەڕاست و رۆژئاوای ئێران برەویان هەبووە» (خانلری، ١٣٦٩: ٢٠٦ ـ ٢٠٥).

«ابنالندیم» لە کتێبی «الفهرست» دەنوسێ: «عبدالله ابن مقفع گوتوویەتی: زمانە کۆنە ئێرانییەکان بریتین لە: فاڵەوی، دەری، فارسی، خوزی، سوریانی» (الفهرست، چاپ مێر، (؟) ١٩)، هەروەها یاقوتی حەمەوی لە کتێبی «معجمالبلدان» بە گوێرەی وتەی حەمزە ئیسفەهانی لە کتێبی «التنبه» ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە. (معجمالبلدان، چاپ مێر، (؟)، ج٦: ٤٠٦ـ٤٠٧) (دکتر ڽفا، ١٣٨٣ : ٧٧).

«دهخدا»ش لە وشەنامە گەورەکەی دەنووسێ: تا سەدەی شەشەم بەم زمانە نووسراوە هەیە (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٣) هەروەها شەمسی قەیسی رازی لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا دەنووسێ: «بەیتە فاڵەوییەکان لە لای خەڵکی عێراقی عەجەم [واتا: قرمیسین (= کرماشان)، هەمەدان، رەی و ئیسفەهان] لای خوێندەوار و نەخوێندەوار برەوی هەبووە»( بروانە لوغەتنامەی دهخدا ١٣٨٣). هەر ئەو نووسەرە لە جێگەیەکی تر پاڵەوی و ئەورامی بە یەک زانیوە.

خۆشترین کێش، فەهلەویاتە. کە هەواکەی بە ئەورامنان دە خوێنن ...

لحن اورامن و بیت پهلوی
زخمه رود و سماع خسروی

(شمس قیس رازی، ١٣٧٣ : ١١٢)

ئایەتوڵڵا مەردووخیش وا بیر دەکاتەوە و دەنووسێ: «لە نێوی زاراوە کوردییەکان یەکەم لوری، دووهەم کەلهوڕی، سێهەم گۆرانی بە زمانی پاڵەوی و شارە پاڵەوییەکان نزیکن (مەردووخ، ١٣٧٩: ٥٧).

لەم دواییەدا زمانناسێک، ١٤٥٠ وشەی پاڵەوی ساسانی لەگەڵ کوردی بەدرەیی ـ کە بنزاراوەیەک لە کوردی فەیلییە ـ بەراورد کردووە، پاشان بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم دوو زاراوە لە بواری وشەدا ٧١٪ بە یەک نزیکن (د. کەریمی دوستان، کوردی ئیلامی، ١٣٨٠: ٢٨٩). پێویست بە وتنە کە جەماوەری بیست هەزار کەسی بەدرەیی سەر بە پارێزگای ئیلام، ٦٪ لە نفووس و حەشیمەتی هەموو کوردانە. ئەگەر لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا زمانی پاڵەوی لەگەڵ هەموو زاراوە کوردییەکان بەراورد بکرێت بێ گومان ئەنجامەکەی لەمە کە هەیە، فرەتر دەبێت.

بەڵام ئێستە،ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە. کە مەبەستی مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامی، لە ڕۆژئاوای ئێران کوێنە بووە؟ هەروەها شارە پاڵەوییەکان (فەهلە) کامانەن؟

«شیروویە ئیبنی شەهرەدار» حەوت شاری بە پاڵەوی زانییوە کە بریتین لە: «هەمەدان، ماسەبزان [کە ئیلام بەشێک بووە لە ماسەبزان]، قوم، ماەبەسەر [نەهاوەند: ناوی شارێک لە هەمەدانە]، سەیمەڕە [دەڕەشەهر: ناوی شارێکە لە پارێزگای ئیلامی ئێستا]، ماەکوفە [دینەوەر] و کرماشان. هەروەها ئەم نووسەرە ئەم شارانە وەک: «ڕەی، ئیسفەهان، کومش، تەبەرستان، خوراسان،سەگەستان، کرمان، قەزوین، دەیلەم، تاڵەقان» بە شاری پاڵەوی نەزانیوە (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٣).

ئیبنی فەقیەی هەمەدانی نووسەری کتێبی «البلدان» لە سەدەی سێهەمی کۆچی هەر ئەم شارانە بێ کەمی و کورتی، بە پاڵەوینشین لە قەڵەم دەدات. هەروەها نووسەری «قامووس اعلام ترکی» ڕاستەوخۆ دەنووسێ: «زمانی پاڵەوی لە کوردستان و عێراقی سەر بە ئێران [مەبەست کوردستانی عێراقە] قسەی پێدەکەن (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٤).

ئێستاش هەمووی ئەم شارانە جیا لە قوم و هەمەدان، کوردنشین و بە زاراوەی کوردی خوارووقسە دەکەن، هەر بۆیە رەنگە وشەی فەیلی گۆڕدراوی وشەی پاڵەوی بێت. چونکوو پرۆسەی واچی ( phonemic process)  ئەمە دەچەسپێنێ:

پاڵەوی   فاڵەوی   فەیلی

پێویست بە وتنە کە دەنگی /p/ زۆرجار دەبێتە دەنگی /f/ بۆ وێنە:

پارسی   فارسی،

پێڕست   فەهرست

هەروەها دەنگی /a/ لە ناوەڕاستی وشە لە کوردی سۆرانی دا دەبێتە دەنگی /ye/ لە کوردی فەیلیدا بۆ وێنە:

کانی   کیەنی،

پان   پیەن،

مارە   میەرە،

نازانم   نیەزانم...

بە کورتی ئەنجامی باسەکە ئەوەیە کە پاڵەوی رۆژئاوایی بە هۆی هەبوونی وشەنامە و دەق، دەتوانێ ببێت بە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ وشەسازی لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، تا ئێمەش وەکوو گەلانی تر کە پێشینەی کۆنیان هەیە بتوانین لە زمانی مێژوویمان کەڵک وەربگرین.

بۆ نموونە زمانەکانی بە هێزی جیهان وەکوو ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەڕەنسی دوای رێنسانس زۆر لە وشەی یوونانی کۆن و لاتین کەڵکیان وەرگرتووە بۆ وێنە: ئۆرگان لە organon، ئاکادیمی لە akademeia، پان لە pantos، جوگرافیا لە jedgrafiya یونانی، هەروەها ئانتیک لە entiqus، ئەکواریوم لە aquarium لاتینی و ... وەرگیراوە.

ئێمەش دەتوانین لە زمانە کۆنەکانی ئێرانی وەکوو ئەوستایی و پاڵەوی، بە تایبەت پاڵەوی رۆژئاوایی ـ کە میراتی هەموو گەلانی ئێرانییە ـ کەڵک وەربگرین. بەڵام پێویستە ئەم مەرجانە رەچاو بکرێن:

هەواڵنامەی کێژ

١. لە کاتێکدا لەم شێوە کەڵک وەربگرین کە هیچ کام لە زاراوە کوردییەکان،نەتوانن یارمەتیدەر بن.

٢. زۆرتربۆ هاوتاسازی و بەرابەرسازی زاراوە زانستییەکان لەم شێوە کەڵک وەربگرین.

٣. وشەیەک هەڵبژێرن کە دەربڕینی سەخت نەبێ و لەگەڵ دەنگ و بڕگەکانی زمانی ئەمڕۆیی کوردی تەبا بێت.

ئاکادیمی ئێرانیش هەر لە مێژە ئەم شێوەیان بەکار هێناوە. بۆ وێنە: لە ئەویستایی «تەرا+بەری»یان بۆ transportation، پەردیزە بۆ campus، واکە بۆ vowel، واج بۆ phoneme و ...داناوە.

هەروەها ئەم وشانە لە پاڵەوییەوە وەرگیراوە بۆ وێنە: ئامار لە amar، ئەرز لە arž، ئوستان لە esatan، پەرەستار لە parastar، وەزیر لە vičir، پزشک لە bačačk،رایانە لەچاوگی رایاندەن بۆ کامپیوتر، ویراستار لەچاوگی ویراستەن بۆ editor .

هەڵبەت زمانەوانانی کوردیش تێکۆشاون لە پاڵەوەی کەڵک وەربگرن بۆ وێنە: بنیات لە bun-dât، دژ لە duš، ئەندام لە handam، پێڕست لە pehrest ، شارستان ،ئەنجومەن و ...

بەڵام بە هۆی نەبوونی روانگەی تیۆریک و هەروەها هاوڕابوون لەگەڵ ئەم برە کە دەڵێ فارسی دەری، درێژەی پاڵەوییە. ئەم پرۆسە لە لای وەرگێڕان و نووسەران و کۆڕە زانستییەکان بە شێوەیەکی شیاو و بەرفرە سوودی لێوەرنەگیراوە.

## ٩. روون نەبوونی مانای هەندێک وشەی داتاشراو

ئەرکی زمانەوان ئەوەیە کە کاتێک وشەسازی دەکات، بە وردی بە چۆنیەتی پێکهاتنی وشەکە، ئاماژە بکات تا بەرەی داهاتوو تووشی سەرلێشێواوی نەبن. لە لایەکی ترەوە مانای وشەی هەڵبژاردە دەبێ گیچەڵ و ئاڵوز نەبێت بۆ وێنە هیچ کەس بە باشی نازانێ کە دەوری پێشگری «مە» لە وشەی «مەترسی» چیە (؟)؛ گۆڤار راستە یان گۆوار، یان کۆڤار؛ پێشنیار راستە یان پێشنیاز. یان ئەم وشانە لە بنەڕەتدا چۆن پێکهاتوونە؟

هەڵبەت هەر کەسێک بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی پێکهاتنی ئەم وشانە دبێژێ کە ئەمە خۆی نیشان دەدات کە چۆنیەتی پێکهاتنی وشە، بە وردی روون نییە.

## ١٠. کەم بوونی وشە ئیشتیقاقییەکان

باشترین و شیاوترین وشەی داتاشراو، وشەی ئیشتیقاقیە چونکوو لە بواری برگە کورتترە. و بە یەک رەگی وشە دەتوانین وشەی جوراوجۆر پێکبێنین. هاوکات بۆ فێربوونی ماناکانیان تەنیا پێویستە واتای یەک وشە فێر بین. وەک ئەم وشانەی خوارەوە کە هەموویان لە رەگی «زان» پێکهاتوونە، وەکوو: زانا، زانایی، زانست، زانستی، زانستگا، زانین، زانیار، زانیاری، زانکۆ و ...

زایایی، یەکێک تر لە تایبەتمەندییەکانی وشە ئیشتیقیاقیەکانە کە بە هۆی جۆراوجۆربوونی «گرەکان» دەتوانێ وشەی جوراوجۆری لێ بکەوێتەوە، لە کاتێکدا وشەی سادە، لێکدراو (مرکب)، دوای چەند قۆناغ نەزۆک دەبن، بۆ وێنە لە فارسیدا وشەی ئیشتیقاقیان وەک «آموزش» درووست کردووە کە دەیان وشەی تری لێ درووست بووە وەک: آموزشی، آموزشگاه، آموزە، خودآموز، کارآموز، بدآموزی و هتد...

بەڵام لە کوردیدا وشەی لێکدراویان بۆی هاوتاسازی کردووە هەر بۆیە دوای چەند قۆناخی وشەسازی دا وشەکە، نەزۆک دەبێت،وەکوو: فێرکاری، فێرکار، فێرگە، فێرخواز.

## ١١. چارەسەر نەکردنی دەستەوشەکان

ئەگەر کۆڕ، یان نووسەرێک بریاری دا بۆ وشەیەک واتاسازی بکات دەبێ دەستەوشەکانی ئەو وشەش لەبەر چاو بگرێت کە بە داخەوە ئەم خاڵە گرنگە لە پرۆژەی وشەسازی کوردیدا زۆر بایەخی پێ نەدراوە. بۆ نموونە ئێمە لە هاوتای وشەی «سازمان»ی فارسیدا وشەی رێکخراومان داناوە.

بەڵام دەستەوشەکانی وەک: سازە، سازگار، ساخت، ساختار، ساختمان، ساختگرا و .. هێشتا چارەسەر نەکردووە.

بە واتایەکی تر ئەگەر ئێمە بریارمان دا بۆ وشەی active هاوتاێک دابین، بکەین. دەبێ ، هەموو یان زۆربەی دەستەوشەکانی وەکوو:,activity, activate, activated activating ، ... لەبەر چاو بگرین.

هەولێرنامەی گێتێ

ئێمە دەبێ هاوکات لە بیرمان بێت. لە پڕۆژەی وشەسازی بە تایبەت لە دەڤەری زانستەکاندا، لەگەڵ یەک وشە، رووبەڕوو نابینەوە بەڵکوو رەنگە هەر وشەیەکی زانستی، چەند دەستەوشەشی لێکەوت بێتەوە. یان لە داهاتوودا لە زمانە بیانییەکاندا، دەستەوشەی لێبکەوێتەوە. جا ئێمە دەبێ زمانمان بۆ داهاتوویش تەیار بکەین.

بۆ وێنە زمانی کوردی بە گشتی بە شێوەی سرووشتی و هەروەها زمانەوانای کورد بە تایبەت، سەرکەوتووانە توانیویانە بۆ وشەی «کار» و دەستەوشەکانی واتاسازی بکەن . وێڕای ئەوە ئەگەر ئەم شێوە بایەخی پێ بدرێ زایایی زمانی کوردی چەند بەرابەر دەکات. وەکوو:

کار، کارا، کاری، کارە، هەمەکارە، بەرکار، کارناس، کارزان، کاربەدەست، کاردار، کەمکار، پڕکار، بێکار، بێکاری، گۆڕانکاری، فێرکاری،شیکاری، کاربرد، کاربردی، کارساز، کارکەر، کارگەر، کارگەری، کرێکار، کرێکاری، ناشیکار، تازەکار، تەماکار، ستەمکار، شاکار، گەنەکار، خزمەتکار، تەوبەکار، سپیکار، شەوکار، رۆژکار و ...

## ١٢. نزیکایەتی کوردی و فارسی

فارسی، زمانی دراوسێ و خزمی زمانی کوردییە و هەروەها هەردووکیان لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانن. ئەم نزیکایەتییە بووتە هەڕەشەیەک بۆ زمانی کوردی بە تایبەت لە بواری وشەسازی دا. چونکوو ئاکادێمی ئێران بە هۆی فرە دەسەڵاتی و زۆربوونی ئەندامانی پسپۆڕ لە پڕۆژەی وشەسازیدا زۆر چالاکانە قوڵی هیمەتیان هەڵماڵیوە. روویداوە بۆ یەک وشە هاوتایێک پێشنیار کراوە کە لە هەر دوو زمانەکەدا هەریەکن. بەم هۆیە و هۆیەکانی تر دەرفەت بۆ کۆڕی زمانی کوردی نامێنێت بەم دەسەڵاتەوە کە هەیەتی لەم پڕۆژەدا کارێکی ئەوتۆ بکات. جا کۆڕی زانیاری یان وشەسازانی سەر بە خۆ لەسەری ناچاری دەبێ رێگایەکی تر بدۆزێتەوە کە رەنگە فرە شیاو نەبێت. بو وێنە ئەگەر لە زمانەوانێکی کورد (کە قەد فارسی نەزانێت) بخوازرێ بۆ وشەی generative واتاسازی بکات رەنگە سادەترین و شیاوترین هاوتا، واتە «زایشی» پێشنیار بکات. بەڵام بە هوی ئەوە کە ئاکادێمی ئێران بەر لە ئێمە بۆ ئەم وشە، بەرابەری داناوە. ئێمە ناتوانین راستەوخو کەڵکی لێوەربگرین چونکوو کە ئەگەر وابکەین، رەنگە لە داهاتوودا سەربەخۆیی زمانەکەمان تێک بدات.

وشـەکانی بـەم چەشنە لـە فارسـیدا زۆرن. کـە ئێمە لـە هەنگـاوی یەکەمدا وەرگێڕانی وشە بە وشەمان کردووە  بۆ وێنە: وتارلە روی «گفتار»،نووسار لە روی«نوشتار»،سەرنووسەر لە روی «سردبیر»،نووسەر لە روی« نویسندە»،وتووێژ لە روی« گفتگو»،نوێنەرلە روی« نمایندە»، بیسەر لە روی«شنوندە»، پێگە لە روی«پایگاە»،رێکار لە روی«راهکار» هتد...

هەندێک تر لەو وشانە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ هاوتـا کوردییەکەیاندا نییە هەندێکی تریان لە یەک یان چەند پیتدا، جیاوازیان هەیە بۆ وێنە:

فارسی:کوردی:

kirdarkirdar

KarkirdKarkird

bonbin

bernamibername

danazana

tevanatwana

هەواڵنامەی کێژ

ئەم کێشە تا رادەیەک بووتە خەسارێکی گەورە لە وشەسازی کوردی دا، بەڵام ئێمە دەتوانین بە دارشتنی بەرنامەی رێکوپێک و زووماوە (کورتماوە) ئەم هەرەشـە بکەین بە دەرفەتێکی باش بۆ زمانی خومان. بەڵام دەبێ شارەزایان فرەتر لە سەری بدوێن.

## ١٣. کەڵک وەرگرتن لە دواناوەکان(ناوی ئیتباع)

هەر وەک باسمان کرد زمانێک (زمانیی نووسین) پاراو و بێ‌گرفتە کە بە زمانی قسەکردنی خەڵک نزیک بێت. چونکوو ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە، کە خەڵک بە ئاسانی لەگەڵی پێوەندی بگرن و بە باشی تێبگەن. لە هەموو گرنگتر ئەم دوو زمانە لە داهاتوو لە یەک جیا نابنەوە و بووژانەوەیان گرێدراوی یەکە. بۆ نموونە زمانی نووسینی فارسی لە سەدەی شەشەم تا سەردەمی قاجارییە ئەوەندە لە زمانی خەڵک دوور

کەوتبووە، کە دبێژن زمانێکی پەرت بووە و تووشی فەسادێکی زۆر هاتووە بەڵام ئەو دۆخە و خەسارە دوای ماوەیەک نزیکیەکی دوولایەنی زمانی نووسین و ئاخاوتنی لێکەوتووتەوە (بڕوانە: دستورزبان فارسی عامیانه، دکتر تقی وحیدیان، ١٣٤٢، فرهنگ کوچه، احمد شاملو هەروەها فرهنگ عامیانه، ابوالحسن نجفی).

هەڵبەت دەبێ ئەم خاڵە گرنگە روون بکەینەوە کە هەر خودی زمانی قسەکردن بە چەند دابەش دەبێت وەکوو: چەشنە زمانی نووسەران، رۆشنبیران، مامۆستایان، هونەرمەندان، خوێندکاران و هەروەها خەڵکی ئاسایی کوچە و کۆڵانان و کرێکاران و ...شیاوتر ئەوەیە کە زمانی نووسین یان رەسمی لە چەشنە زمانی خەڵکی ئاسایی کەڵک وەرنەگرێت چونکوو ئاستی زمان نزم دەبێ.

بەڵام بە داخەوە لە کوردیدا لە وشەکانی خەڵکی ئاسایی (عوام) بە تایبەت لە وشەدوانەکان بۆ وشەرۆنان کەڵک وەردەگیراو و دەگیرێ. لە کاتێکدا کاربردی شێوەزاری خەڵکی ئاسایی زۆرتر بۆ چیرۆک و شانۆ و فیلم و ... ئەمانەیە نەک زمانی زانستی و نووسین و سیاسی، وەکوو: کەل‌وپەل، رێک‌وپێک، دەنگ‌وباس، کاروبار،چڕوپڕ، زاوزێ، یاسا و رێسا(؟) و هتد.

## ١٤. نەبوونی بنەماگەلی یەکگرتوو بۆ وشەسازی

دواوین خەسارناسی وشەسازی کوردی کە زۆریش گرنگە. نەبوونی بنەماگەلی یەکگرتوو و پەسندکراوی وشەسازی  لە لایەنی زۆرینەی زمانەوانانە، کە تا ئێستە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. پێویست بە وتنە لە زمانی پان و بەرینی کوردی چەند کۆڕ بە تایبەت کۆڕی زانیاری کورد (لە هەریمی کوردستانی عێراق) هەن، کە وشەسازی دەکەن. سەرەڕای ئەوە نووسەران و وەرگێرانی تواناش بە شێوەی تاکەکەسی سەرقاڵی ئەم پرۆژەن. ئەگەر ئێمە بتوانین بنەماگەلێکی یەکگرتوو بۆ وشەسازی دابین بکەین و بە دەنگی زۆرینەی نووسەران و رۆشنبیران پەسەند بکرێ. دو ئەنجامی شیاو بە دی دێنێ:١- یەکەم بەردی بناغە، دادەنرێ تا پرۆژەی وشەسازی لە ئاڵۆزی و گێچەڵی رزگار ببێت. ٢- یەکیەتی زاراوە جۆراجۆرەکانی کوردی لە ئاستی وشەی نوێ وداتاشراو، زۆرتر دەبێت. تا رادەیەک کێشەی زمانی یەکگرتووش چارەسەردەکات.

# وشەنامە

## کوردی . ئینگلیزی

تێبینی: وشەکانێک کە لێرەدا بە نیشانەی« * » دیاری کراون، پێشنیاری نووسەرن.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو | Adjective | بەرنامەی زمانی | language planning |
| ئێستا | Present | * ناوجی | consonant epenthesis |
| بەرکار | Object | لێکدراو | Compound |
| بێدەنگ | Consonant | پرۆسەی واچی | phonemic process |
| برگە | Syllable | سەرەکی | Original |
| بزرۆکە// | schwa | دواناوەکان | ------ |
| پاشگر | Suffix | *هاوساز | Harmony |
| پێشگر | Prefix | لاوەکی | accessory |
| پێناسە | Definition | داڕێژراو | Derivation |
| پیت | Letter | چەشنە زمان | Variety |
| دەنگدار | Vowel | وشە | Word |
| رابردوو | Past | * وەرگێڕانی قەرزی | loan-translation |
| رەگ | Root | دەنگ | Vote |
| رستە | Sentence | دەنگ | Phoneme |
| زاراوە | Dialect | زانستنامە | Encyclopedia |
| زاراوە | Idiom | ئاوەڵکردار | Adverb |
| سادە | Simple | کار | Verb |
| کار | Verb | ئەگەری | Potential |
| گر | Affix | * نیوەدەنگدار | semi-vowel |
| *لاخت | Context | کارا | Subject |
| واچ | *Phoneme | پێکهاتوو | Compounding |

**سەرچاوەکان:**

- آریانپور، منوچهر، فرهنگ پیشرو انگلیسی – فارسی، تهران نشر رایانه، چاپ سی وچهارم، ١٣٨٦.
- آشوری، داریوش، بازاندیشی زبان فارسی، نشر مرکز، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٢.
- آکوپوف، (هاکوپیان)، گ.ب، حیّارف، م.ا، ترجمه سیروس ایزدی، انتشارات هیرمند، تهران، چاپ اول، ١٣٧٦.
- آموزگار، ژاله و تفضلی، احمد، زبان پهلوی ادبیات و دستور آن، انتشارات معین، تهران، چاپ چهارم، ١٣٨٢.
- ابراهیم‌پور، دکتر محمدتقی، دستور کامل زبان کردی، ایران جام، تهران، چاپ اول، ١٣٨٢.
- ابراهیم‌پور، دکتر محمدتقی، واژەنامه فارسی ـ کردی، ققنوس، تهران، چاپ نخست، ١٣٧٣.
- اژکایی، پرویز، باباطاهرنامه، انتشارات توس، تهران، چاپ اول، ١٣٧٥.
- ارانسکی، ای.م، مقدمه فقه‌اللغه ایرانی، مترجم کریم کشاورز، انتشارات پیام، تهران، چاپ اول،١٣٨٥.
- ئاکادیمی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ژ١.
- امینی، امیر، تحقیقی پیرامون زبان کردی (هورامی)، چاپ دوم، ١٣٧٩.
- ئیسماعیل محەممەد، پرۆفسۆر خەلیل، کوردە فەیلییەکان و ... خەونی گەڕانەوەی بۆ وڵات، سەنتەری برایەتی، ژ٦، ١٩٩٨.
- باطنی، محمدرضا، چهار گفتار دربارەی زبان، انتشارات آگاه، تهران، چاپ اول، ٢٣٣٥.
- باطنی، محمدرضا، پیرامون زبان‌شناسی، فرهنگ معاێر، تهران، چاپ اول، ١٣٧١.
- باقری، دکتر مهری، مقدمات زبان‌شناسی، نشر قطره، تهران، چاپ دوم، ١٣٧٧.
- بۆرەکەیی، سدیق، مێژووی وێژەی کوردی، انتشارات ناجی بانه کردستان، ج ٢و١، ساڵی ١٣٧٥.
- بهار، محمدتقی، سبک‌شناسی، انتشارات امیرکبیر،تهران، چاپ پنجم، ١٣٦٩، ج١.
- بی‌یرویش، مانفرد، زبان‌شناسی جدید، ترجمه محمدرضا باطنی، انتشارات آگاه،

تهران، چاپ اول، ۲۳۳۵.
- تبریزی، محمدحسین خلف، برهان قاطع، به کوشش دکتر محمد معین، انتشارات امیرکبیر، تهران، ۱۳٦۲.
- حاجی مارف،ئەورەحمان،ڕێزمانی کوردی،بەرگی یەکەم،بەغدا،۱۹۹۸.
- خەزنەدار، مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ۱۹۸٤.
- خرمدل، مێگفی، ێرف دستور زبان کردی سورانی، مهاباد، کتابفروشی و چاپخانه موفقی، تبریز، ۱۳٤۷.
- دولتشاهی، عمادالدین، رستم و سهراب (به روایت اوستا)، انتشارات خیام، تهران، ۱۳۷۷.
- دێوانه، وەلی، دیوان، وەرگێڕ، رازی، انتشارات کردستان، سنندج، ۱۳۷۹.
- رحیمی، کامران، دستور جامع زبان کردی جنوبی (تطبیقی، تاریخی، پیشنهادی)، چاپ نشده.
- رحیمی، کامران، فرهنگ کردی ایلامی، چاپ نشده.
- رازی، شمس قیس، المعجم، به اهتمام سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، ۱۳۷۳.
- رازی، فریده، واژەهای فارسی سره برای واژەهای عربی و فارسی معاڵر، نشر مرکز،چاپ نخست، ۱۳٦٦.
- رخزادی، دکتر علی، آواشناسی و دستورزبان کردی، انتشارات ترفند، تهران، چاپ اول، ۱۳۷۹.
- زەبیحی،عەبدوڕەحمان، قامووسی زبانی کوردی، ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی، نوێ کردنەوەی چاپ ۱۳٦۷.
- زمانەوان، گۆڤاری کۆڕی زانستی زمانی کوردی، ئەنستیتۆ فەرهەنگی کوردستان، تاران، ۱۳۸۱.
- سلطانی، محمدعلی، قیام و نەهچت علویان زاگرس یا تاریخ تحلیل اهل حق، سەها، ج۱، ۱۳۷۷.
- سمایل، عەباس سلێمان، مێژووی کوردی فەیلی عێراق، بڵاوکەر: بنکەی ڕۆشنبیری فەیلی، هەولێر، چاپی یەکەم، ۱۹۹۹.
- شرفکندی، عبدالرحمن، (هەژار)، هەنبانە بۆرینە، سروش، تهران، ۱۳٦٦.
- ێفا، ذبیح‌الله، تاریخ ادبیات ایران، ققنوس، تهران،ج۱، ۱۳٦۸.

ـ طباطبایی علاالدین،یٚرف زبان فارسی، بخارا،تهران،١٣٨٦،ش٦٣.
ـ فەیلی، مجله شهریه، العدد السادس، مؤسسه شفق للیٚقافه و الاعلام للکورد الفیلیین، بغداد،٢٠٠٥.
ـ فرەوشی، بهرام، فرهنگ فارسی به پهلوی، بنیاد ملی ایران، ١٣٥٢.
ـ قازی، احمد، دستور زبان کردی، انتشارات یٚلاحالدین ایوبی، چاپ اول، ١٣٦٧.
ـ کریمی دوستان، دکتر غلامحسین، کردی ایلامی، بررسی گویش بدره، دانشگاه کردستان، ١٣٨٠.
ـ کسروی، احمد، آژری یا زبان باستان آژربایجان،انتشارات خورشید آفرین، تهران، ١٣٨٣.
ـ ماهیدشتی، سید یعقوب، دیوان، به اهتمام محمدعلی سلطانی، نشر سها، تهران، ١٣٧٧.
ـ مجموعه مقالات دومین هم اندیش واژه گزینه و ایٚلاح شناسی ، به کوشش علی کافی، تهران ، ١٣٨٢.
ـ محمد توفیق، الوردی، الاکراد الفیلیون فی التاریخ، بغداد، ١٩٥٨.
ـ مردوخ، آیتالله محمد، تاریخ مردوخ، نشر کارنگ، ١٣٧٩.
ـ معین، دکتر محمد، فرهنگ فارسی، امیرکبیر، تهران، چاپ دهم، ١٣٧٥.
ـ مدرس، یحیی، درآمدی بر جامعەشناسی زبان، مؤسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی، چاپ اول، ١٣٦٨.
ـ مشکوەالدینی، دکتر مهدی، دستور زبان فارسی برپایه نٚریه گشتاری، دانشگاه فردوسی مشهد، مشهد، چاپ دوم، ١٣٧٠.
ـ مشکوەالدینی، دکتر مهدی، ساخت آوایی زبان، دانشگاه فردوسی مشهد، مشهد،چاپ سوم، ١٣٧٤.
ـ معین، دکتر محمد و خانلری،دکتر پرویز و یٚفا، دکتر ذبیحالله و یارشاگر، دکتر احسان، تاریخ زبان فارسی، تدوین و تڕلیف فرهنگ جهانبخش،انتشارات جامی و فرهنگ، چاپ اول، ١٣٨٣.
ـ مقربی، ملگفی، ترکیب در زبان فارسی، انتشارات توس، تهران، چاپ اول، ١٣٧٢.
ـ مینورسکی، کرد، ترجمه و توچیح حبیبالله تابانی، نشر گستره، چاپ اول، ١٣٧٩.
ـ نەبەز، جەماڵ، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦.

- ناتل خانلری، دکتر پرویز، تاریخ زبان فارسی، نشر نو، تهران، چاپ چهارم، ۱۳۷۹.
- نامه‌ی فرهنگستان، فیلنامه زبان و ادب فارسی، دوره‌های ششم و هفتم، شماره‌های ۲۹و۲۸و۲۷و، ۱۳۸٤.
- وحیدیان، دکتر تقی، دستور زبان عامیانه‌ی فارسی، باستان، مشهد، ۱۳٤۲.
- یاحقی، دکتر محمدجعفر، تاریخ ادبیات ایران، سمت، تهران، ۱۳۸۰.
- یول، جورج، نگاهی به زبان (یک بررسی زبان‌شناختی)، ترجمه نسرین حیدری، سمت، تهران، چاپ پنجم، ۱۳۷٤.

هەوالنامەی کتێب

# زمانی کوردی و شێوازی نووسینی لە سەردەمی ماد و ئەخمینیدا

پ ی-فەرهاد عەزیز حەسن

لە سەردەمی مادەکاندا زمانی کوردی یەکەمین هەنگاوی بەرەو ستاندەر بوون و دەسنیشانکردنی بە زمانی یەکگرتووی دەوڵەت و نەتەوە هەڵبڕی. هەر لەم سەردەمەدا بەشێکی زۆری ئەفسانە و ئەدەبی زارەکی گەلی کورد کە میراتی سەدان ساڵەی کولتوور و شارستانییەتی گەلی کورد بوون، بۆ یەکەمینجار تۆمار کران. گرنگترین بەرهەمی دینی – ئەدەبی گەلی کورد کە کتێبی ئاڤێستایە، لەم سەردەمەدا نووسرایەوە. بەشێکی هەرە زۆری ئاڤێستا کە لە بنەڕەتدا بەسەر دوو بەشی کۆن و نوێدا دابەش کراوە، لەم سەردەمەدا نووسرایەوە. ئاڤێستای کۆن کە لە گاتاکان و یەسنەی هەپتەنگاهایتی و گوتەکانی زەردەشت پێکهاتووە لە ڕۆژگاری پێش دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد داڕێژراوە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئاڤێستای نوێ کە لە بەشی یەسنا، یەشتە، خورتەک ئاڤێستاک، ڤیسپەرەتوو و ڤیدەئێڤەداتا پێکهاتووە دوای دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە داڕێژراون.

کتێبی ئاڤێستا سەرەڕای ئەوەی کە کتێبێکی دینی و پەروەردەییە، هاوکات بەرهەمێکی ئەدەبی یەکجار مەزن و کاریگەرە کە هەم لە ڕووی هونەری و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە زمانێکی ئەدەبی یەکجار بەرز و شکۆمەند داڕێژراوە. زۆربەی بەسەرهاتە مێژوویی و ئەفسانەییەکانی گەلی کورد لەم کتێبەدا تۆمار کراون. لە ئەفسانەی خواوەندەکانەوە تاکوو ئەفسانەی پاشا و میر و ئەفسانەی بنەچەی نەژاد و نەتەوە و هەروەها بەسەرهاتی پاڵەوانێتی داستانە مەزنەکان کە لە سنووری خاکی کوردستان ڕوویانداوە، لە بەشە جیاجیاکانی ئەم کتێبەدا و بەتایبەتی لە بەشی یەشتەکاندا تۆمار کراون.

زمانی کوردی لە ڕووی مێژووی گەشەی زمانەوە بەسەر سێ قۆناغی کۆن و ناوەڕاست و نوێدا دابەش دەبێ. قۆناغی کۆنی زمانی کوردی لە سەردەمە دێرینەکانەوە دەسپێدەکا و تاکوو کۆتایی سەردەمی مادەکان و بە درێژایی ڕۆژگار ئەخمینییەکان تاکوو سەردمی هێلینی بەردەوام بووە. زمانی کوردی لەم قۆناغەدا خاوەن میراتێکی یەکجار دەوڵەمەندە کە لە دەقی ئاڤێستا و دەقی بزماریی پاشاکانی ماد و ئەخمینی پێکهاتووە. ئەم زمانەی کە دەقی ئاڤێستای پێ تۆمار کراوە هەمان ئەم زمانەیە کە لە سەردەمی مادەکان بۆ یەکەمینجار بڕیاری بە فەرمی ناساندنی وەکوو زمانی دین و دەوڵەت و میللەت لەسەر دەرا و دواتر لەلایەن ئەخمینییەکانیشەوە

کە لە ڕووی سیاسی و کولتووری و شێوازی حوکمڕانی بوونە میراتگری مادەکان، هەمان زمان و هەمان شێوازی نووسینیان بۆ ڕایی کردنی کاروباری دین و دەوڵەت و میللەت، بە فەرمی بەکار هێنا.

پاشاکانی دەوڵەتی ماد زۆربەی هەرە زۆری کاروبارە فەرمییەکانی دەوڵەت و بەرسەرهاتی شەڕ و داگیرکردن و ئاشتی و بۆنە ئایینییەکانیان بە خەتی بزماری لەسەر تاتی قوڕین و بەردین تۆمار کردووە کە بەداخەوە زۆربەیان لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دەستیان بەسەردا گیراوە و دەرفەتی توێژینەوە و خوێندنەوەیان بۆ نەرەخساوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک بەرهەمی مێژوویی سەردەمی مادەکان ئێستا لەبەر دەستن و توێژەران هەوڵی خوێندنەوە و ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکەکەیان داوە. ئەخمینییەکان کە لە سەردەمی مادەکاندا میری میرنشینی ناوچەی پەرسوە یان پارسی ژێر دەسەڵاتی مادەکان بوون، لە ڕێگەی کۆدەتاوە دەستیان بەسەر دەسەڵاتی مادەکاندا گرت و ئەم دەوڵەتەیان لە دەورووبەری ٥٥٠ی پ.ز لەناوبرد. ئەخمینییەکان لە ڕووی نەژاد و خوێنەوە تەواو پەیوەست بوون بە مادەکان و بەشێک بوون لە پێکهاتەی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد و دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتە دەست، لەسەر بنەمای دەوڵەتداری و کولتووری و شارستانییەتی مادەکان بەردەوام بوون و بەشێوەیەکی بنەڕەتی وەکوو میراتگری ڕاستەوخۆی مادەکان، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کولتوور و شارستانییەتی ئەم نەتەوەیەدا کرد. بە چەشنێک کە لە مێژوودا گووتراوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە مادەکانەوە بۆ ئەخمینییەکان تەنیا ئاڵوگۆڕێکی بنەماڵەیی بووە، واتا دەسەڵات لە بنەماڵەیەکی فەرمانڕەواییی بۆ بنەماڵەیەکی دیکەی سەر بە هەمان خێزانی فەرمانڕەوایەتی گواستراوەتەوە.

## ئەخمینییەکان

سەرکردایەتی ئەم کولتوور و شارستانییەتەی کە مادەکان لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵە تیرە و هۆز و میرنشینێکی کوردی دایانمەزراندبوو، بۆ بنەماڵەی ئەخمینی گوازرایەوە. ئەم شێوازە ڕێکوپێکەی کە مادەکان بۆ نووسین بە خەتی بزماری دایانمەزراندبوو و پێڕەویان دەکرد، لەلایەن ئەخمینییەکانەوە درێژەی پێدرا. زۆربەی

پاشاکانی ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە هەر لەسەر بنەما و شێوازی پاشاکانی ماد ڕووداو و بەسەرهات و یاساکانی بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمی دەزگای میریان لەسەر تاتە قوڕ و تەختە بەرد دەنەخشاند. زۆربەی توێژەرانی بواری مێژوو و کولتوور لە ئێراندا ئەخمینییەکان بە بابوباپیرانی فارسەکان دادەنێن. لە بنەڕەتدا لە ڕووی نەژادەوە هیچ پەیوەندییەکی خوێنی و خێزانی لەنێوان ئەخمینی و فارسەکاندا نییە. بەپێی بەڵگە مێژوویی و زمانییەکان جوگرافیای ڕەسەنی نەتەوەیی فارس بۆ ئەودیوی سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتی مادەکان دەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ دەکەوێتە سنووری دەوڵەتی تاجیکستان و باکووری ئەفغانستان و لە ڕووی مێژووی نەژاد و مێژووی جوگرافییەوە لە شوێنی ڕەسەنی نیشتەجێبوونی ئەخمینییەکان جیایە. لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداریێتی مادەکاندا شوێنی نیشتەجێبوونی ئەخمینییەکان ناوچەیەک لە ناوەڕاستی ئێرانی کۆن بووە و بنەماڵەی ئەخمینی لەلایەن پاشای مادەوە، میرایەتی میرنشینی ئەم ناوچەیەیان پێسپێردراوە کە لە مێژوودا بە میرنشینی پەرسە ناسراوە.

ڕەچەڵەک و نەژادی ئەخمینییەکان بە ڕەچەڵەک و نەژادی ئەم کۆمەڵە هۆز و تیرە کوردیانەوە گرێدراوە کە دەوڵەتی یەکگرتووی مادیان دامەزراندووە و لە ڕووی نەژادەوە هوزێکی ڕەسەنی کوردی لە سەدەی هەشتەمی پ.ز بوونە. ڕەچەڵەکی کوردانی لوڕ کە تاکوو ئێستاشی لەگەڵدابێ لە ناوچە ڕەسەنەکەی خۆیان لە هەرێمی پشتکۆ و بەختیاری و پارێزگای فارس لە ئێران نیشتەجێن، بۆ بنەماڵەی پاشایانی ئەخمینی دەگەڕێتەوە. دەقە بزمارییەکانی پاشاکانی ئەخمینی وەکوو داریووش و خەشایار و ئەردەشێر و ئەوانی دیکە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. فارسەکان لە دوای هاتنی ئیسلام و لە سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی بەدواوە، وردەوردە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستا بەرەو ناوچەی خۆراسان کۆچیان کردووە و ئەم کۆچکردنە تاکوو سەدەی نۆیەمی کۆچی هەر بەردەوام بووە. نیشتمان و جوگرافیای ڕەسەنی گەلی فارس پێش هاتنی ئیسلام لە دەرەوەی دەروازەکانی سنووری دەسەڵاتداریێتی مادەکان بووە. ئەگەرچی لە هەندێ سەردەمدا پاشاکانی ماد وەکوو کەیخەسرەو ئەم هەرێمانەشیان داگیر کردووە و وەکوو بەشێک لە نیشتمانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ماد باج و سەرانەیان لێوەرگرتوون، بەڵام لە ڕووی نەژاد و خوێنەوە

تەواو لەم هۆزانەوە جیاوازن کە پێکەوە دەوڵەتی مادیان دامەزراندووە. بەم چەشنە دەردەکەوێ کە ئەخمینییەکان فارس نین و بەڵکوو هۆزێکی مەزن و ناوداری گەلی کوردن کە لە کۆندا بەهۆی ناوی باپیرە گەورەی هۆزەکەیان کە ناوی هەخامەن بووە، ناوی خۆیان بە ئەخمینی یان هەخامەنی لەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کردووە.

هەندێ لە توێژەران ڕایان وایە کە ئەخمینییەکان دوای ئەوەی دەسەڵاتیان وەرگرتووە، هەوڵیان داوە مێژوو و شارستانییەتی دەوڵەتی ماد بسڕنەوە و ناویان نابەن. لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە تەواو پێچەوانەیە و لە ڕۆژگاری دەسەڵاتدارێتی ئەم بنەماڵەیە، بنەماڵەی دەسەڵاتداری ماد خاوەن پێگەی تایبەت بەخۆی بووە و لە هەر شوێنێک کە ناوی ئەخمینی هاتبێ ڕاستەوخۆ دوای ئەوە ناوی مادەکانیش تۆمار کراوە و بە بەردەوامی میری زۆرێک لە میرنشینەکان و تەنانەت وەزیر و شالیارە دەست ڕۆیشتووەکانی دەوڵەتی ئەخمینی لە بنەماڵەی مادەکان هەڵبژێردراون. ئەخمینییەکان بۆ ئەوەی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان سەرکەوتوو بن، سوودیان لە ئەزموون و شارەزایی مادەکان وەرگرتووە و هەوڵیان داوە بە پشتیوانی ئەمانەوە گەشە بەم شارستانییەت و کولتوورە بدەن کە لەلایەن مادەکانەوە بە میرات بۆ ئەخمینییەکان ماوەتەوە. نووسینی سەر تاشە بەرد و تاتە قوڕەکانی ڕۆژگاری ئەخمینی بە هەمان ئەو زمان و هەمان خەت و هەمان ئەم شێوازە تۆمار کراون کە مادەکان دایانهێناوە. بۆیە نووسینی ئەخمینی کە بە درێژایی خاکی کوردستانی ئەوسا لەسەر تاشە بەرد و تاتە قوڕەکان نەخشێنراون، بە هەمان ئەم زمانە داڕێژراون کە دیاکۆ لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد بڕیاری بە فەرمی ناساند و زمانی یەکگرتووی دەوڵەتی مادی لێدابوو.

## ئەلفوبێی زمانی یەکگرتووی کوردیی لە سەردەمی ماد و ئەخمینیدا

ئەم ئەلفوبێ و ڕێنووسەی مادەکان و ئەخمینییەکان لە نووسینی زمانی کوردیی کۆندا بەکاریان بردووە، بە خەتی بزماری ناسراوە. ئەم خەتە (٣٦) هێمای بۆ دەسنیشان کراوە و جگە لە سێ دەنگی  کە بزوێنن، (٣٣) دەنگەکەی دیکە بەشێوەی بڕگەیین. نووسین بەم خەتە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرێ و لە هەندێ شوێن

و دۆخی تایبەتیشدا بە شێوەی ستوونی لە سەرەوە بۆ خوارەوە نووسراه. لە (٣٣) دەنگە بڕگەییەکاندا (٢٢) دەنگیان بە دەنگی (ـە) کۆتاییان دێ و (٧) دەنگیان بە (ۆ) کۆتاییان دێ و (٤) دەنگیان بە (ێ) کۆتاییان دێ. لە کاتی نووسیندا لە کۆتایی هەر وشەیەک هێمای ( ) دادەنرێ کە وشەکان لێک جیا دەکاتەوە. لە خشتەی خوارەوەدا هێمای گشتی دەنگەکان پیشان دراون.

## بزوێنەکان

ئا یان ئە

ئی یان ئێ

ئو یان ئۆ

## نەبزوێنەکان

ئەم دەنگانەی بە (ـە) کۆتاییان دێ:

ئەم نەبزوێنانەی کۆتاییان بە (ۆ) هاتووە:

ئەم نەبزوێنانەی کۆتاییان بە (ێ) هاتووە:

## نموونەی هەندێ وشە:

وشەی کوردی کۆنخوێندنەوەمانا

ڕەوەچەڕۆج، ڕۆژ

نەئێیەنییە

جیوا یان جیوەژیان، ژین

تونورەتەمەبەتوانایە

دروجەنەدرۆزن

ئەکونەوەدەکەنەوە، ئەوان ئەکەنەوە

کردن بۆ سێیەم کەسی کۆ

ئەتەرسەدەترسێ، دەترسێن

هەواڵنامەی کتێب

شیەئوشییا، شەنیا، ڕۆیی، ڕۆیشت

هەردهێران، هێلان، هەراتن، هەلاتن

وەئینەوێنە، بوێنە، ببێنە، بینین

بەوبەو، ڕۆیین، ڕۆیشتن

پەرپەڕینەوە، تێپەڕین

## Ideograms ئیدیۆگرام

لەم شێوە نووسینەدا (٥) ئیدیۆگرام Ideograms بۆ پێنج چەمکی گرنگ هەن کە پتر بە مەبەستی کورتبڕی لە نووسیندا بەکارهاتوون و بریتین لەمانەی خوارەوە:

ئیدیۆگرامخوێندنەوەمانا

ئەئورمەزدئەهوورەمەزدا

بەگخودا

دەهیودێ، بەمانای وڵات

بوومبوم، زەوی، خاک

خەشائیەپاشایەتی، پاشا، شا

### نمونەی دەقی بزماری بە زمانی کوردی کۆن

هی یە / ئەورەمەزدا / وەزرەک / بەگ

ئەوەم / هی یە / ئەدا / بوئیم / ئی مام

مەرەتی یەم / هی یە / ئەدا / ئەسمانەم

مەرەتییە هیا / ئەدا / شی یاتیم / هـ یا / ئەدا

## ماناى دەق

خوداى مەزن ئەهورامەزدايە، (كە) ئەم زەوييەى بەديهێنا، ئەو ئاسمانەى بەديهێنا، خەڵكى بەديهێنا، دڵخۆشى و شادى بۆ خەڵكى بەديهێنا.

## لێكدانەوە و شيكردنەوەى وشەكان

ماناخوێندنەوەوشەژ

خودا، خودانبەگ

١

مەزن، گەورەوەزرەک

٢

ئەهورامەزدائەورەمەزدا

٣

فرمانى (ە)هى يە

٤

ئائەم، ئەمەئى مام

٥

زەوى، بوومبووئيم

٦

دەيدا، دەيبەخشىێ، بەدى هێنا، دادەهێنێئەدا

٧

فرمانى (ە)هى يە

٨

ئەوئەوەم

هەواڵنامەی کتێب

٩

ئاسمانئەسمانەم

١٠

بەدی هێنائەدا

١١

فرمانی (ە)هی یە

١٢

مەردم، خەڵکمەرەتی یەم

١٣

بەدی هێنائەدا

١٤

فرمانی (ە)هی یە

١٥

شادی، خۆشی، دڵخۆشیشی یاتیم

١٦

بەدی هێنائەدا

١٧

بۆ خەڵکیمەرەتییە

**سەرچاوە:**

پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا (٢٠١٩) فرهاد عزیز حسن، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە ٤
زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا(٢٠٠٨) ڕەفیق شوانی، دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم هەولێر
سیری در تاریخ زبانها و ادب ایرانی(٢٥٣٥) ذبیح الله صفا، شورای عالی فرهنگ و هنر، چاپ اول، تهران
فارسی باستان(١٣٦٧) هاشم رضی، انتشارات فروهر، چاپ اول، تهران
فرمانهای شاهنشاهان هخامنشی(١٣٤٦) رلف نارمن شارپ، دانشگاه شیراز، چاپ اول
Indo-European Language and An Introduction(2005) Benjamin W. Fortson IV, Blackwell.
Old persian(1950) Roland G. Kent, American Oriental Socity

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زمانە کۆنەکان
زانکۆی سەلاحەدین

هەواڵنامەی کتێب

# پرۆتۆگۆراس

**سەدەی ٥ ی بەر لە زایین یەکەم کەس**

**کە لەمەر ڕێزمان و دەستووری زمان بابەتی نووسیوە**

**دە مانای مۆدێرنی سینتاکس دا**


**کارۆل پاستێر- زانستگای فلۆریدا**

**لە ئینگلیسییەوە: کاڕوش عوسمانیان و سەربەست شنۆیی**

پرۆتاگۆراسی ئابدێرایی یەکێک لە ئەو چەند بیرمەندە گەورە یۆنانییەی سەدەی پێنجەم بووە ( گۆرگیاس، هیپیاس و پرۆدیکووس) کە بە سوفیستە کۆنەکان ناسراون. ئەوانە دەستەیەک مامۆستا و بیرمەندی کۆچەرن و شارەزای بواری ڕەوانبێژی ( زانستی ڕەوانبێژی) و بابەتی پێوەندیدار بە ڕەوانبێژین. لە ئەوانە پرۆتاگۆراسیان بە سێ بانگەشەوە ناسراوە.١- مرۆڤ پێوانە و تەوەرەی هەموو شتێکە ( زۆرجار وەک جۆرێک ڕێژەییێتی خوازی ڕادیکاڵ شرۆڤە کراوەتەوە).٢- هەر مرۆڤە «خراپ-ترین» بەڵگاندن دەکاتە باش ترین بەڵگاندن».٣- کەس ناتوانێت بڵێت ئایا خوداکان هەن یان نا. گەرچی بە پێی بانگەشەی هەندێک سەرچاوەی کەونارایی، بۆچوونەکانی پرۆتاگۆراس وایان بە سەر هێنا لە شاری ئاتێن بە کەسێکی بێ دین دابندرێت و کتێبەکانی بسووتێنرێن، بەڵام ئەو جۆرە چیرۆکانە بە درۆ دەرچوون و وەک ئەفسانە و چیرۆکی خەیاڵی هاتنە ئەژمار. لە پاڵ ڕاست و درۆ بوونی ئەم باسانە، پرۆتاگۆراس ڕوانگەیەکی ڕێتێچووی هێناوەتە کایەوە کە ئێستاش هەر دە فەلسەفەی هاوچەرخ دا پێی ڕادەگەن. ڕوانگەکە دەڵێت: داوەری کردن و مەعریفە دەچنەوە سەر ئەو کەسەی داوەری دەکات و دەناسێت.

## ڕیزبەندی بابەتەکان

١ - ژیان
٢ - پیشە
٣ - ڕوانگەکان (١. ئۆرتۆپیا ٢. ڕێکەوەندی مرۆڤ تەوەری ٣. گومانبیری )
٤ - پاشهاتە کۆمەڵایەتییەکان و پێڕەوەکانی
٥ - ڕێتێچوویی و کارتێکەری
٦ - سەرچاوەکان و خوێندنەوەی زۆرتر
١ - سەرچاوە یەکەمینەکان
٢ - سەرچاوە دووەمینەکان

هەواڵنامەی کتێب

**١ - ژیان**

لەسەر ژیانی پرۆتاگۆراس شتێکی کەم بەجێ ماوە و ئەوەی بە جێش ماوە هەمووی هەر ڕاست نییە. سەرچاوەی سەرەکی بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری لەسەر ژیانی پرۆتاگۆراس بریتییە لە:

١ . ئەفلاتوون( ٣٤٧ – ٤٢٧ ی بەر لە زایین): دە دیالۆگی پرۆتاگۆراسی ئەفلاتوون دا، پرۆتاگۆراس کەسایەتییەکی سەرەکی هەیە و دە دیالۆگی تێئتێتوس دا تەواوی ڕوانگەکانی پرۆتاگۆراس دەگێردرێنەوە. دیالۆگەکانی ئەفلاتوون تێکەڵەیەکن لە بەڵگەی هونەری و ڕوانگەی مێژوویی و زیادتر لەسەر شێوەی فەنتێزی ئەو سەردەمەوە هەڵدەنرێن. بەسەر ئەمەیشەوە، ئەفلاتوون هە ر دە تەمەنی لاوێتی دایە پرۆتاگۆراس دەمرێت، بۆیە چۆنیەتی ئاگاداربوونی ئەفلاتوون لە ژیانی پرۆتاگۆراس، تەواو نەبەستراوەتەوە بە بەڵگە دەستی- دووە متمانە پێکراوەکان.

٢ . دیاگنۆس لاریتوس( سەدەی سێیەمی بەر لە زایین): کتێبی ژیانی فەیلەسووفەکانی دیاگنۆس، لەوانەیە بە تاقە سەرچاوەی بەربلاو و بە پیتی تێگەیشتن لە بەرهەم و ژیاننامە ی زۆربە ی فەیلەسووفە پێش وەختەکانی یۆنان دابندرێت. بە داخەوە بەرهەمەکەی دیاگنۆس شەش سەد ساڵ پاش مەرگی پرۆتاگۆراس کۆ کراوە تەوە و بە گشتی تێکەڵەیەکی کەڵەکە کراوە لە کۆمەڵێک بابەت کە هەندێکیان ڕاستن و بایی ئەمە هەیە باوەڕیان پێ بکرێت و هەندێکیشیان نا. بێجگە لە ئەمەیش زۆربەیان کەیل کراون، دەستیان تێوەرداون و قەڵەمی چەواشەیان بەسەردا خشاندوون.

٣ . سیکستوس ئیمپریکوس( کۆتاییەکانی سەدەی ٢ ی بەرلە زایین) : ئیمپریکوس گومان -خوازێکی سەربە قوتابخانەی پیرهۆنیان بووە. کۆمەڵێک کتێبی نووسیوە و تێیان دا هەڵیکوتاوەتە سەر دوگماتیستەکان( ناگومان خوازەکان). ئەوەی لەسەر پرۆتاگۆراس گوتویەتی هەتا ڕادەیەک لێی دەوەشێتەوە سەرنجی بدەینێ، بەڵام چونکە ئامانجی ئەوەیە سەرترێتی قوتابخانەی پیرهۆنیان بەسەر فەلسەفەکانی دیکەدا بسەلمێنێت، ناتوانین باوەڕ بکەین دە مانا مۆدێرنەکەی وشەدا کەسێکی « واقیعبین» بووە؛ ئیمپریکوس وەک دیۆگنێس چەند ساڵ پاش مەرگی پرۆتاگۆراس دەستی بە نووسین کردووە، بۆیە وێ دەچێت سەرچاوەی تەسەل و متمانە هەڵگری دەبەر دەست دا نەبووبێت.

یەکەم هەنگاو بۆ تێگەیشتن لە پرۆتاگۆراس، پێناسەکردنی مانای گشتیی وشەی « سوفیست» ە. دە سەردەمی کەونارادا، پرۆتاگۆراسیان زۆرتر بە سوفیست دادەنا و دە سەدەی پێنجەم دا بە ئەو خەڵکەیان دەگوت سوفیست کە زانا بوون و خاوەن مەعریفە( بۆ نموونە سۆقرات وەک کەسی خاوەن حەوت حیکمەت)، هەروەها بە ئەو کەسانەشیان دەگوت سوفیست بە هۆی دەرس گوتنەوە و فێرکردنی خەڵکی دەوڵەمەند پارەیان لێ دەستاندن( وەک پرۆتاگۆراس و پرۆدیکوس). بێجگە لە ئەوانەش وشەی سوفیست خۆی هەتا ڕادەیەک وشەیەکی نەزۆک بووە و جارجار ئەو کەسانەی خۆیان لە حاست بیر و باوەڕی نوێی بە ناو« ڕووناک بیریی سوفیست» ی نەبان کردووە، بە گاڵتە یان زانیوە و بە ئاواییکی ناشیاوەوە کەڵکیان لێ وەرگرتووە. هەتا سەدەی چوارەم، وشەی سوفیست مانایەکی تایبەتی تری دەکەوێتە سەری و هەر ئەو کەسانە دەگرێتەوە سەرقاڵی فێرکردنی ڕەوانبێژین، بە تایبەت توانستی قسەکردن لە شوێنە گشتییەکان و دادگاکان. چونکە چازانیی سوفیستی دەیتوانی بەها و نرخی نادادپەروەری( هەرەمە خڵەتێنی لە شوێنە گشتییەکان، بردنەوەی ناپەسەندانەی گەڕیانی دادپەروەری لە داداگاکان) و دادپەروەری ( قانع کردنی پۆلیس هەتا بە ئەو جۆرەی شیاوە ئەرکی خۆی بەجێ بگەیێنێت و بهێڵێت خەڵکی بێ کەس و دەست کورت خۆیان حەقییان بستێنن) هەڵکشێنێت، وشەی« سوفیست» وردە وردە داتاشینێکی نەرێی زیرەکانەی بەسەر دادێت کە سنوورە ئەخلاقییەکان دەبەزێنێت. بە پێی ڕوانگەیەکی پەسەند کراو، زاراوەی « سوفیستی کۆن تر» هەر ئەو کەسانەی دەگرتەوە دە دیالۆگەکانی ئەفلاتوون دا ناویان( پرۆتاگۆراس، گۆرگیاس، پرۆدیکوس، هیپاس، ئێوسیدیموس، تراسیماخوس و کەسانێکی تر) بە دەرەوە بووە. ڕوونیش نییە ئەوانە دە ڕوانگەکانیان دا خاڵی هاوبەشیان هەبووە یان نا. شارەزایان و لێکۆڵەران ویستوویانە هەمووی ئەو سوفیستانە بخەنە نێو خانەیەکی هاوبەش و تێکەڵاوێک لە ئەو تایبەتمەندییانەیان بەسەردا قاڵ بکەنەوە کە بریتین لە: گومان خوازی دینی، چازان لەحاست بەڵگاندن، ڕێژەییتی خوازی ئەخلاقی – مەعریفەیی و هەبوونی پلەیەکی دیاری کراوی پێوەندی دار بە فێڵزانی هزری. ئەم تایبەتمەندییانە لە قەدەر سوفیستە کۆنە کان کە تەقەللایان دەکرد لایەنگری لە کۆدە ئەخلاقییە جێ کەوتووەکان بکەن و پێوشوێنیان بگرنەبەر، تەنانەت ئەگەر ڕوانگە دەرهەستەکییەکانیشیان بنەمای مەعریفەناسانەی ئەخلاقیی

نەریتیان بە کەم دانابا، بۆ شوێنکەوتووانی سەدەی چوارەمیان تایبەتی تر بوون.

کاتێک پڕۆتاگۆراس لە بازنەی گشتی « سوفیستەکان» هەڵداوێرین، کە وا زۆربەی شارەزایان و لێکۆڵەران هەر ڕاسپێری ئەمەن( بۆ نموونە ئەو کەسانەی دە سەرچاوەی وتارەکەدا بە لیست کراون)، زانیارییەکی کەم و کەیلمان دەست دەکەوێت کە ئاوا دەڵێت: پڕۆتاگۆراس لە شاری ئابدێرای تراس و دەوروبەری ساڵی ٤٩٠ ی بەر لە زایین لە دایک بووە و لە شوێنێکی نەناسراوەوە کۆچی دوایی کردووە. بۆ بژێوی ژیانی وەک مامۆستا و ڕاوێژکار سەر و بنی یۆنانی کردووە، بۆ ماوەیەک لە ئاتێن ژیاوە و لە ئەوێ دەگەڵ پرێکلس و ئاتێنییە دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووەکان هاوکاری کردووە و «پرێکلس» داوای لێ دەکات بۆ ناوچەیەکی تازە دامەزراوی بن دەستی ئاتێن بە ناوی (تۆری) یاسا بنووسێت( ٤٤٤ ی بەر لە زایین). زۆربەی ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی دەربارەی ژیانی پڕۆتاگۆراس گوتراون، ڕاست نین. واتە ئەو چیرۆکانەی پێیان وایە پڕۆتاگۆراس دەگەڵ دیمۆکریتوس پێکرا دەرسیان خوێندووە یان ئەو چیرۆکانەی دەڵێن پڕۆتاگۆراس بە تاوانی بێ دینی دادگایی کراوە، کتێبەکانی سووتێنراون و لە ئاتین دەرکراوە.

## پیشە

ئەگەر زانیارەکی یەکدەستمان لە پڕۆتاگۆراسەوە نییە و ئەوەندەی کەوتووەتە دەستمان لە ئەم لا و ئەو لا کۆکراوەتەوە، دیسان ئەوە شتێکە، بەڵام لەسەر پیشە و کاری پڕۆتاگۆراس بۆ بژێوی ژیان هەرچی هەمانە تەماوییە. لەوانە یە پڕۆتاگۆراس یەکەم یۆنانی بوو بێت دە خوێندنی باڵادا پارەی دەستکەوتووە و چونکە دەستحەقێکی زۆری ستاندووە، ناوی لە لای خەڵک بە باشی دەرنەچووە. دەرس گوتنەوەکانی پڕۆتاگۆراس، بابەتە گشتییەکانی دەگرتەوە. بۆ نموونە، گوتاربێژی گشتی، ڕەخنەی شێعر، شارمەندی و دەستووری زمان. مێتۆدی دەرس گوتنەوەکەشی بە شێوەی گوتاربێژی بووە و شی کردنەوەی شێعر، جۆرەکانی گوتاربێژی، باس کردن لە مانا و کەڵک وەرگرتنی دروست لە وشەکان و کۆرسە گشتییەکانی گوتاربێژی دەگرتەوە. بەردەنگەکانی پڕۆتاگۆراس دەوڵەمەندەکان بوون، هەڵکەوتە بازرگانی و کۆمەڵایەتییەکان. هۆکاری ناو بە دەرەوە بوونی پڕۆتاگۆڕاس بە لای ئەو دوو چینەوە، دەگەڕاوە بۆ تایبەتمەندییەکانی سیستمی یاسایی ئاتێن.

ئاتێن کۆمەڵگایەکی لە ڕادەبـەدەر دەمەتەقە هەڵگر بـووە. نە تەنیا ڕکەبەرێتی جۆراوجۆری سیاسی و بە تاک دە چوارچێوەی یاسا و دادگا دا هەبووە، بەڵکوو جۆرێکی تایبەتی باج وەرگرتن، ناسراو بە « دابی خزمەت گوزارییە کان»، بەرهەمی گەڕیانی « گۆڕینەوە ی کەلوپەل» (antidosis) بووە. خزمەتەکە خەرج کردنێکی گشتی بووە و کەوتووەتە ئەستۆی هەرە دەوڵەمەندەکان( وەک چاکردنی کەشتی بۆ عەسکەرەکان یان خەرج کردن بۆ فێستڤاڵە دینییەکان). ئەگەر کەسێکی دەوڵەمەند وای زانیبا سەرەڕای هەبوونی لە ئەوی دەوڵەمەندتر، خەرجێکی زۆریان بە دوور لە ئینسافەوە خستووەتە سەر شانی، دەیتوانی پرسەکەی خۆی بباتە دادگا بۆ ئەوەی دوو کاران بکات، یان دارایی و سامانی خۆی دەگەڵ سامان و دارایی کەسێکی تر بگۆڕێتەوە یان دەنا باری خەرج کردنەکە بهاوێتە ئەستۆی کەسێکی لە خۆی دەوڵەمەندتر. چونکە یۆنانییەکان لە جیاتی ئەوەی پارێزگار بگرن، خۆیان لە دادگا ئامادە دەبوون، پێویست بوو دەوڵەمەندەکان فێر بن بە باشی قسان بکەن هەتا دارایی و سامانی خۆیان بپارێزن؛ ئەگەر نەیانتوانیبا ئەو کارە بکەن، دەبا دەست بە داوێنی ئەو کەسە بووبان پارەی زۆری دەستاند و لە جیاتی ئەوان قسەی دەکرد. ڕاستە ئەمە وای کرد دەرس گوتنەوەکانی پرۆتاگۆراس برِی بە نرخیان لێ بکەوێتەوە، بەڵام بەرەیەکی بە دژی لێ قیت بۆوە کە لە سەر شێوازی چیرۆکی کۆنەپارێزانەوە سەری هەڵدا( بۆ نموونە، شانۆنامەی تەنزی ئاریستۆفانس) و ڕێک دە مانای ئەوڕۆیی دا کە هەڵدەکەوێت کسێک متمانە بە پارێزەری لێزان و قسەڕۆ نەکات، متمانەیان بە پرۆتاگۆراسی قسەڕۆ و چازان نەکرد.

## ٣ . ڕوانگەکان

ڕوانگەکانی پرۆتاگۆراس سێ بەشن:

١. ئۆرتۆپیا: تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەمەڕ بەکار هێنان و کەڵک وەرگرتنی دروست لە وشەکان

٢ . ڕێکەوەندی مرۆڤ تەوەری: ناسین هەر دەچێتەوە سەر کەسی ناسکار

٣. گومان خوازی: بانگەشەی هیچ نەزان بوونی مرۆڤ لە حاست خوداکان

## ١ . ئۆرتۆپیا

لەبەر ئەوەی لایەنی کردەیی ی دەرس گوتنەوەکانی پرۆتاگۆراس تایبەت بووە بە یارمەتی دان بە قوتابییەکانی هەتا فێر بن لە ژووری دادگا بە ڕێک وپێکی قسە بکەن، حەزی لە « ئۆرتۆپیا» بووە( کەڵک وەرگرتنی دروست لە وشەکان). سەرچاوەکانی دواتر، پرۆتاگۆراس بە یەکەم کەس دادەنێین لەمەر ڕێزمان و دەستووری زمان بابەتی نووسیوە( دە مانای مۆدێرنی سینتاکس دا) و وێڕای پرۆدیکوس هۆگری بەکار هێنانی دروستی وشەکان بووە. دە نامیلکەی پرۆتاگۆراس دا، واتە دیالۆگێکی ئەفلاتوون، کە هەم پرۆتاگۆراس و هەم پرۆدیکوسی تێدایە، پرۆتاگۆراس وا ناساندراوە کە خۆی بە-شرۆڤە کردن و لێکدانەوەی شێعرێکی سیمۆنیدیس خەریک کردووە و ئەوەی بۆی گرینگ بووە، پێوەندی نێوان ئامانجی نووسەر و مانای ئەدەبی وشەکان بووە. ئەم جۆرە مێتۆدەی شرۆڤەکردن، مێتۆدێک بووە لە دادگا بۆ شرۆڤەکردنی یاساکان و بەڵگە نووسراوەکان( گرێبەستەکان، وەسیەت نامەکان) بەکار هاتووە. بە داخەوە نووسراوەیەکی دەستنووسی خودی پرۆتاگۆراسمان لە ئەم بارەوە دەبەردەست دا نییە.

## ٢ . ڕێکەوەندی: مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە

لە ئەو کتێبانەی دەڵێین ئی پرۆتاگۆراسن، تەنیا دوو دانەیان وە ڕاست دەچن کە دەبنە « حەقیقەت» ( یان» ڕەتەکان») و « لەمەڕ خوداکان». لە کارە سەرزارەکییەکانیشی تەنیا بڕێک لە نەقڵەکانی ماونەتەوە کە نووسەرانی دواتر لە بەرهەمەکانیان گرێ داوە. ( گوزارشتەکان و نەقڵەکان دەر بارەی پرۆتاگۆراس دێرەدا سەرچاوەکەیان( Diels-Kranz,' or 'DK' number' ە، ئەویش وەک ڕێگایەکی ئاسایی بۆ ئاماژەکردن بە وردەکارییەکان و گوزارشتەکان. پێکهاتەی ڕەقەم دانانیDiels-Kranz هەر لە ناو خۆیەوە ڕوون کراوەتەوە.) لە ئەو ڕوانگە و باوەڕەانەی ئی پرۆتاگۆراسن ( وشە واقیعییەکان بەرانبەر بە شرۆڤەکان)، بە ناوبانگ ترینیان ڕێکەوەندی مرۆڤ تەوەرییە(DK8Ob1) : « مرۆڤ پێوانە و تەوەری هەموو شتێکە، ئەو شتانەی هەن، ئەوەی کە{ «چۆن»} هەن، ئەو شتانەی نین و ئەوەی کە { « چۆن »} نین». مانای زەقی ئەم ڕێکەوەندە، وەک ڕێکەوەندەی کورتە هەڵهێنجراوی دەقێک، زۆر نهێنی و تەماوییە. بەڵام باسە دوور و درێژەکەی دیالۆگی تئێتێتوس لەمەڕ

چۆنیەتی شرۆڤەکردنی ڕێکەوەندەکە لە لایەن بەردەنگی ئەو کاتی یۆنانەوە،کۆمەڵێک ڕوانگەمان ڕادەست دەکات. لە ئەم بارەوە، بابەتی تاقیکارییەکە ئاستی گەرمایە. ئەگەر کەسی ئەلف بڵێت: « هەوا گەرم» ە، داوجار ڕێکەوەندەکە( مەگەر ئەوەی کە بە درۆ بڵێت) بۆ ئەو کەسە ڕاستە. کەسی ب : لەوانەیە دە هەمان کات دا بڵێت « هەوا سارد» ە. ئەمەش بۆ کەسی ب ڕاستە. ئەگەر کەسی ئەلف لە ئالاسکا ژیان بکات و کەسی ب لە فلۆریدا، ئاستێکی یەکسانی گەرما ( واتە ٢٥ سیلسیۆس) بۆ یەکیان گەرم و بۆ ئەوی تر ساردە. پێوەری ساردی و گەرمی تایبەتە بە هەر کامەیان. کەس ناتوانێ بڵێت کەسی ئەڵف هەست بە گەرما ناکات خۆی تەنیا کەسێکە دەتوانێت هەست و باوەڕەکانی گوزارشت بکات نە ک کەسی تر. دێرەدا مومکین نییە بە ئەو جۆرەی پرۆتاگۆراس گوتویە دژوازی بهێتە گۆڕێ(DK8Oab19) . بەڵام ئەگەر بانگەشەی هەست بە سەرما کردنەکەی کەسی ب، بڵێت: مەگەر گەرما بچێتە نێو لولە دەنا دەیبەستێ، چی؟ لەوانەیە کەسێک وای بۆ بچێت کە کەسی ب تاوی هەیە و داوەرییەکەی جێی بەقایە نییە؛ پێوەر لەوانەیە هەر هەست و باوەڕی تاکەکەسانە بێت، بەڵام جێی متمانە نییە، وەک ڕۆلێرێکی شکاو یان پێوەرێکی لە میزان دەرچوو. دە نەریتی زانستی مۆدێرن دا، بۆ دە کارکردنی ڕێگاچارەی زانستی بۆ پێوانی حەقیقەتی عەینی، چاومان لە تێرمۆمێتر بووە، بەڵام وڵامی یۆنانی ئەوە بووە کە چاو لە مانا فەلسەفییە قووڵەکان بکەن.

تەنانەت ئەگەر ئەو پرسە ئایا لولەکان دەیبەستن یان نا، بە شێوەیەکی پاژەکی چارەسەر بکرێت، پرسی سارد و گەرم بوونی هەوا بۆ دوو ژن دە کاتێکی یەکسان دا، سەرنج ڕاکێش دەمێنێتەوە. ئەگەر گرفتەکە لە ڕێی دیاری کردنی ئەم خاڵە چارەسەر نەکرێت کە کەسێک تاوی هەیە، بەرەورووی ئەم بەڵگەیە دەبینەوە کە داوەرییەکان لەمەڕ چۆنیەتییەکان زەینین. ئەگەر ئەمەیش وەک پرس بنوێنێت، پاشهاتی هۆشداریدەری بە دوادا دێت. هەندێک چەمکی دەرهەستانەی وەک حەقیقەت، جوانی، دادپەروەری و فەزیلەت هەروەها لە زومرەی چۆنیەتییەکانن و وا دیارە دەستەبەندی پرۆتاگۆراس وامان لێ دەکات بە ئەو کۆتاییە بگەین کە ئەو چەمکانە لەبەر چاوی بەدیکار ڕێژەیین. کۆتاییەکی لە ئەم چەشنە لەوانەیە بە لای یۆنانییە کۆنەپارێزەکانەوە، بە هۆی هەبوونی پتانسیێلیک بۆ سازبوونی پاشهاتی کۆمەڵایەتی، بە شتێکی هۆشداریدەر لە قەڵەم درا بێت. ئەگەر چاک و خراپ ئەوانەن دێنە بەر

چاوی بەدیکار و بە پێناسەی ئەو دەبەسترێنەوە، دواجار چۆن کەسێک دەتوانێت بانگەشە بکات دزی کردن، خیانەتی ئەخلاقی و کوشتن کارێکی هەڵەن؟ لە ئەمەیش بەدەر ئەگەر شتێک هاوکات سارد و گەرم بێت ( چاک یان خراپ)، دواجار ئەم بانگەشەیە دەکرێت کە ئەو شتە بۆ هەردووک کەس هەر وە ڕاست دەگەڕێت، چونکە هەر دووکیان ڕای خۆیان بەر نادەن و پێیان ڕاستە. ئەگەر خیانەتی ئەخلاقی هەم چاک و هەم خراپە ( چاک بۆ کەسێک و خراپ بۆ کەسێک)، دواجار دەکرێت بە لایەنگری و بە دژی خیانەتی ئەخلاقی چ بە گشتی و چ بە تاک، بەڵگاندنی متمانە هەڵگر بڕسکێنن. ئەوەی لە دادگا هۆکاری سەرکەوتنی پرسێکە، کۆمەڵێک بایەخی سروشتی لایەنێکی پرسەکە نییە، بەڵکوو چازانی قانع کارانەی کەسی ڕەوانبێژە. بۆیە پرۆتاگۆڕاس بانگەشە دەکات دەتوانێت « خراپ ترین پرس بگۆڕێت و بیکاتە چاکترین پرس»(DK٨٠b٦). ئەم چازانیِ ڕەوانبێژانەیەی پرۆتاگۆراس وەک دەرس فێری خەڵکی دەکرد، بۆ گەشە پێدانی ئەو شتەی زۆربەی یۆنانییەکان بە نائەخلاقی و بە نادادپەروەرییان دادەنا،پتانسیلێکی لە خۆی دا پێ بووە.

## گومان خوازی

گەرچی کەسی بێ دین لەوانەیە بێهەوێت وا سەیری خوداکان بکات بتوانێت دە جیهانی{ ئاڵۆز} و ڕێژەییتی خوازانەی ڕوونـاک بیری جۆری سوفیستی دا، ڕێپیشاندەرێکی ڕەهای ئەخلاقی دەستەبەر بکات، بەڵام ئەم جۆرە دڵنیا بوونە، بە هۆی بیرمەندە فەلسەفەکار و سوفیستەکانەوە پەڵەی دەکەوتێ. واتە ئەو کەسانەی قسە یان لە تەماو ی بوون و نائەخلاقی بوونی ڕوانگەی حەماسی و نەریتیانە لەمەڕ خوداکان دەکرد. نامیلکەی شێعری پرۆتاگۆڕاس دەربارەی خوداکانەوە ئاوا دەست پێ دەکات: لە حاست خوداکان، مەبەستم ئەوە نییە بزانم ئایا هەن یان نا، چۆنن و چۆن نین، زۆربەی شتەکان لەمپەری مەعریفە و ناسینن. تەماوێتی بابەت و تەمەنی کورتی مرۆڤ دووانیانن.( DK80b4 ).

## ٤ . پاشهاتە کۆمەڵایەتییەکان و پێڕەوە ڕاستەوخۆکان

پاشهاتی گومان خوازیی جۆری پرۆتاگۆراس و ڕێژەییتی خوازی، ئاوای لێ دێتەوە کە پرۆتاگۆراس لەوانەیە وای دانابێت یاساکان( یاسا دانەری و ڕەوتی

دادوەری) وەردە وردە و لە ڕێی پێکهاتن ( بە بەری دانوستان لە کۆبوونەوە دیموکراتیکەکانەوە دەستەبەر دەکرێت) گەشە دەکەن و دەکرێت دانوستانی داهاتوو گۆڕانیان بەسەردا بهێنێت. ئەم ڕوانگەیە، ئەم باوەڕەی هەڵگرتووە کە لە نێوان یاساکانی سروشت و داب و نەریتی مرۆڤ جیاوازی هەیە. پرۆتاگۆراس هەروەها پێوەندی دار بە دادپەروەری، ڕێز و قەدەری لە دابەکانی مرۆڤ( وەک گەورەترین دەستکەوت) ناوە. هەندێک لە شوێنگرانی لاوی پرۆتاگۆراس ( سوفیستە کۆنەکانی تر) عاقیبەت بە ئەوەیان زانی بوو کە سروشتی داوەرئاسای یاسا و ڕیساکانی مرۆڤ وایان لێ دەکات هەر کات بخوازرێت پشت گوێ بخرێن. ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکانی نائەخلاقی بوونی لە ڕادەبەدەری کەسێکی وەک ئالسیبیادیس بووە.

پرۆتاگۆراس لەقەدەر ئەخلاق باوەڕێکی نەریتی بووە. ئەو لەوانەیە شێوە ی ڕێژەییتی خوازی خۆی وەک ڕێژەییتی خوازییەکی واجبەن دیموکراتیک ناساندبێت ئێزن بە خەڵک دەدات هەتا بە یاسا نائینساف و ناقۆلاکان دا بچنەوە، لە دادگا داکۆکی لە مافی خۆیان بکەن و خۆیان لە ئەو سنوورانەی بۆیان بەربەستن بکێشنە دەرەوە بەڵام ئیمکانیشی هەیە بە شێوەیەک لە ڕەوانبێژی تێگەیشتبێت کە کەسی هەڵکەوتە دە کۆبوونەوەکان دا دەتوانێت بە پێچەوانەی خەڵکی هەرەمەکی مەیل و ئاواتەکانی خۆی بنوێنێت. بە داخەوە بیرەدا ئەوەی وەک بەڵگە هەمانە کەمە.

پاشهاتی گومان خوازیی ڕادیکاڵی بیرۆکەی سوفیستی لە لای ئەرەستوو و ئەفلاتوونەوە ئاوڕێکی ئەوتۆی بەرنەکەوت. دە شانۆنامەی ئاریستۆفانس دا» هەورەکان»(The clouds) ، مامۆستایەکی ڕەوانبێژی ( بە سوقرات ناوی هاتووە، بەڵام بە پێی ڕوانگەی ئەو سوفیستانە گووراوە پلەیەکی باڵایان هەبووە، لەوانەیە مەبەست هەر پرۆتاگۆراس و شوینگرەکانی بووبێت) ئەم دەرسانە فێر دەکات: خوداکان بوونیان نییە و بایەخە ئەخلاقییەکان وێستاو و نەگۆڕ نامێننەوە. ئەم دەرسەش دەڵێتەوە کە چۆن وا لە بەڵگاندنێکی لاواز بکات بە چەشنی بەڵگاندنێکی بە هێز بێتە بەر چاو. بەدواداهاتی ئەم توانستەش، ئاڵۆزییەکی ئەخلاقییە. کەسایەتییە سەرەکییەکان( ستریپسیادیس و کوڕەکەی فیدیپیدیس) دە شانۆی» هەورەکان»دا وا پێناسە کراون کە فێڵ و فریوی زیرەکانە فێر دەکەن هەتا بکرێت باوەڕدارانیان فریو

بدەن و پلە بە پلە واز لە یەکبەری مانایەکی ئەخلاقی دامەزراو لەسەر داب و نەریت بهێنن( فیدیپادیس ئاماژەی بە ئەمە کردووە خیانەتی بە باوکی کردووە و دەبەردا بووە خیانەت بە دایکیشی بکات).

کەس نەبوو ئەو تۆمەتە وە پاڵ پڕۆتاگۆراس بنێت کە بێجگە لە ڕووڕاست بوون، هەموو شتێکی هەیە تەنانەت ئەفلاتوون کە ئارای دەگەڵ ڕوانگە فەلسەفییەکانی نەدەهات، بە کەسێکی لەسەرخۆ، مەزن و هێژای دادەنێت و تەکنیکەکانی کەوتنە بەردڵی هەندێک کەسی بێ باوەڕی جیلی دواتر کە بە تەمابوون ناوێکی خراپ بۆ سوفیست باوەڕی دابنێین. ئەوەی کردیان کردیان و سوفیست باوەڕیان بە فێڵبازییەکی کردەکی و زیرەکانە( بەڵام وا نییە و پووچە) لە بەرچاو گرت.

## ٥ . ڕێتێچوویی

تیشکی کاریگەریی پڕۆتاگۆراس لەسەر مێژووی فەلسەفە درەوشاوەیە. لە بواری مێژوویی و زەمانییەوە، ئەوە دە جوابی پڕۆتاگۆراس و سوفیستە هاوشارییەکانی دا بووە ئەفلاتوون دەستی بە لێکۆڵینەوە دەربارەی فۆرمە والاکانی مەعریفە کردووە و بە ئەو لێکۆڵینەوەیەشی توانی هەتا ڕادەیەک بناغەی داوەری ئەخلاقی پتەو بکات. لە پەنا سوفیستە کۆنەکانی تر و سوقرات، پڕۆتاگۆراس دە جیهانی فەلسەفەدا بەشێک بووە لە ئەو ئاڵوگۆڕییەی دە نەریتی پێش سوقراتی و پیش وەختی فەلسەفەی سروشتی دا بۆ فەلسەفەی ئینسانی کرا. پڕۆتاگۆراس زیادتر خۆی هەڵتەک داوە بزانێت چۆن زەینی مرۆڤ ڕێگای تێگەیشتن دیاری دەکات، یان تەنانەت پێکهێنەری جیهانی بیرکردنەوەی مرۆڤە. ئەمە یش ڕوانگەیەک بووە ئێستاش هەر بەشێکی ژیانەکی نەریتی فەلسەفەی مۆدێرنە..

## 6. References and Further Reading

a. Primary sources

•Aristophanes. Clouds. Intro. and trans. by Carol Poster. In Aristophanes 3, ed. David Slavitt and Palmer Bovie. Philadelphia PA: University of Pennsylvania Press, 1999: 85192-.

•Diels, Hermann. Die Fragmente der Vorsokratiker. Rev. Walther Kranz. Berlin: Weidmann, 19721973–.

•Diogenes Laertius. Lives Of Eminent Philosophers. Trans. R. D. Hicks. 2 vols. Cambridge MA: Harvard University Press, 1959.

•Plato. Plato II: Laches, Protagoras, Meno, Euthydemus. Trans. W. R. M. Lamb. Cambridge MA: Harvard University Press, 1967.

•Plato. Plato VII: Theaetetus, Sophist. Trans. H. N. Fowler. Cambridge MA: Harvard University Press, 1925.

•Sextus Empiricus. Sextus Empiricus. Trans. R. G. Bury. 4 vols. Cambridge MA: Harvard University Press, 195359–.

•Sprague, Rosamund Kent, ed. The Older Sophists: A Complete Translation by Several Hands. Columbia SC: University of South Carolina Press, 1972.

b. Secondary sources

•Guthrie, W. K. C. The Sophists. Cambridge: Cambridge University Press, 1971

•de Romilly, Jaqueline. The Great Sophists In Periclean Athens. Trans. Janet Lloyd. Oxford: The Clarendon Press, 1992.

•Kennedy, George. The Art Of Persuasion In Greece. Princeton: Princeton University Press, 1963.

•Kerferd, G. B. The Sophistic Movement. Cambridge: Cambridge University Press, 1981.

•Rankin, H. D. Sophists, Socratics & Cynics. London: Croom Helm, 1983.

•Schiappa, Edward. Protagoras and Logos. Columbia SC: University. of South Carolina Press 1991.

سەرچاوە: http//www.iep.utm.edu/Protagoras

هەوالنامەی کتێب

# تێرمی نێرومێ
# لە زمانی کوردییدا

▢ شاسوار هەرشەمی

تێرمەکانی نێرو مێ لە زمان، تایبەت نین بە زمانە ئەفرۆ ئاسیاییەکان (زمانە سامییەکان). زۆر لە خێزانە زمانەکانی دیش، شێوەیەک لە شێوەکانی جیاکاری نێر و مێیان، لە زماندا هەیە. لە ناو ئەوانەدا، ژمارەیەکی زۆر لە زمانەکانی خێزانی هیندۆرووپییش. زۆربەی زمانە هیندۆرووپیەکانی وەک ئینگلیزیی و سویدی، شێوە هەرە ساکارەکەی جیاکاری ڕەگەزییان لە زماندا ماوە، کە بریتین لە جیاوازی لە نێوان جێناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو(هەردوو نێر و مێ، یان وی و وێ)، he وshe ).
بە پێی شارەزاییم لە زمانی سویدیی، جاران جیاوازی نێرومێ لەو زمانەدا فراوانتر بووە. لە نوسینە کۆنەکانی سویدیی دا، بۆ کار و پیشە و سیفەت، پاشگری لێکجیا، بۆ ژن و پیاو بەکار دەهات. تا سەرەتاکانی سەدەی بیستیش، ئەم دیاردەیە لە زمانی سویدیی بەرچاو بوو. ئێستاش، لە هەندێ دەقی سویدیی دا، توشیئەم جۆرە پاشگرانە دەبینەوە. لە دەستە سلاڤییەکانی خێزانی هیندۆرووپییدا، (ڕووسیی، پۆلۆنی، ئۆکراینیی، بولگاریی، سێربیی.. هتد)، جیاکاری زمانی، لە نێوان نێرومێ و بێلایەن دا، زۆر زۆرە و هێشتا ئاڵۆزترە، چونکە شێوەی ڕابردووی فەرمان و سیفەت، لە بارەکانی تاک و کۆدا لە خۆ دەگرێت. لە هەندێ زمانی دی، تێبینی بوونی دیاردەی نێر و مێ ناکەین، وەک لە فارسیی دا.

کە باسی دیاردەی نێر و مێ لە زمانی کوردیی دا دێتە گۆڕێ، ڕاستەوخۆ بیرمان بەلای زاراوەکانی کرمانجیی و هەورامیی هەروەها دملیی(زازاکیی) دادەچێ. لەو دوو زاراوە گرنگەی زمانی کوردییدا، لێکجیاکردنەوەی نێر و مێ، بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو دەبیندرێت. هەروەک نیشانەی دیار و تایبەتی، بۆ ئەم جیاکردنەوانە هەیە. کەم و زۆر لێکۆڵینەوە لەسەر نێر و مێ لەو دوو زاراوەیە دا کراوە، بۆیە جارێ ئەمە مەبەستی ئێمە نیە.

لەسەر زاراوەکانی ناوەڕاستی زمانی کوردیی، (ئەردەلانیی، موکریانیی، بابانیی و سۆرانیی)، تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل و مەیدانی، لەسەر دەرکەوتنی، یان هەبوونی دیاردەی نێر و مێ نەکراوە.

ئەم چوار بنزاراوەی سەرەوە، کە سەر بە کوردیی ناوەندن، لەم سەت ساڵەی دواییدا، شان بە شانی یەکدی، زۆر گەشەیان کردووە و قۆناغێکی دووریان بریوە، بەرەو بوون بە زمانی ستاندارد و یەکگرتوی کوردیی. گۆڕانکاریەکانی ئەم بیست ساڵەی باشوری کوردستان، تەکانێکی گەورەیان بە زمانی ستانداردی کوردیی داوە.

ئەم زمانە، ئێستا لە هەمو بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست، وێژە، ڕاگەیاندن و تەکنیک، لەمانەش گرنگتر، وەک زمانی خوێندن و پەروەردەکردن بەکاردێت.

زۆر لە نوسەران و، زۆربەی خەڵکی ئاسایش، کە بە زمانی کوردییی دەدوێن و، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دێنن، لەو باوەڕەدان کە لە کوردییدا، هەروەک فارسیی، نیشانەکانی نێرو مێ نیە، یان گەر هەشبووبێت، ئەوا لە زمانی بەکارهاتوی ئێستادا پوکاوەتەوە .

ئەوانەی وا بیریان کردۆتەوە کە نێرو مێ لە زمانی کوردییدا، تەنیا لە هەردوو زاراوەی کرمانجیی و هەورامیی دا هەیە و لە زمانی نوسینمان دا نیە، یان پوکاوەتەوە و لەناو چووە، توشی هەڵەیەکی گەورە بوون. من هەوڵ دەدەم بە پشت بەستن، بەو دەقانەی کە لە زاری ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرم گرتون و تۆمارم کردون، بونی نێرومێ بە بەربڵاوی، لە زمانی کوردیی بسەلمێنم. بێگومان ئەم هەوڵانەی من گشتگر نین و هەموو شوێنێکی کوردستانی نەگرتۆتەوە، بۆیەشە بێ کەموکوڕی نین. هیوادارم بە بڵاوبونەوەی ئەم بابەتە، زمانزانانی دیکەی کورد، قۆڵی لێ هەڵماڵن و بکەونە خۆ، بۆ کارکردنی پتر لەسەر ئەم تێرمە، تا هەموو لایەنەکانی ساغ بکرێنەوە و ئەم بابەتەش شوێنی شایستەی خۆی لە ڕێزمانی کوردیی پێبدرێت. من کە تەمەنی منداڵیم لە شاری هەولێر بردۆتە سەر، لە گەڵ زمان پژان و فێربوون و تێگەیشتندا، گوێم لێدەبوو، کە چۆن خەڵکی ئەو شارە و، لادێکانی دەوروبەری، لە زمانی ڕۆژانەیاندا، لە کاتی بانگ لێکردن و ناوهێناندا، جیاوازیان دەخستە نێوان ناوەکانی نێر و مێ. منیش وەکو زۆربەی خەڵکی دی، ئەم کارە سەرنجمی زۆر ڕانەکێشابوو.

بۆیەکەمین جار کە تێرمی نێر و مێ، بە زەقی کەوتە پێشم و، ناچاری کردم لە سەری هەڵوەستە بکەم و بوەستم، لە سەردەمی تەمەنی پێشمەرگایەتیم دا بوو، لە نێوان ساڵەکانی (١٩٨١- ١٩٨٩زایینی). لەو ساڵانەدا، بە هۆی ژیانی سەختی پارتیزانی، دەبا هەمیشە  بە ڕێگاوە بین. ئا هەر ئەو کاتانە بوو کە وەک پێشمەرگەیەکی گەڕۆک، کە بە کاری ڕێکخستن و ڕاگەیاندنەوە خەریک بووم، سەرم لە زۆر ناوچە دا. هەر لە دۆڵ و دەشت وشاخ، تا کوێستانی لە بەفر سپی چوەوە و خاکی کاکی بە کاکی گەرمیان. سەرم بە زۆر ماڵاندا کرد. لە خانوی قوڕی بەدارەڕای گوندان، یان لە ڕەشماڵ و چیغ و کەپر و هۆبە و هەوارانی کوێستان، لای شوانانی لەوەڕگا، یان لای کچانی ڕێواس و کنگرکەر، کە لە ناو پەڵە بەفری تواوەی بەهاران، هاتبوونە

کەوشێ، لام دەدا. دەمدواندن و گوێم لێ ڕادەگرتن. هەمیشە بە گوێم ڕادەدێرا و ئـەوەی لام تـازە و گرنگ بـوو، لە دەفتـەری کۆڵم تۆمارم دەکـردن. دەمزانی ژیانی پێشمەرگایەتی، هەلێکی بۆم هێناوەتە پێش، جارێکی دی دووپات نابێتەوە. بەشێکی زۆری دەفتەرەکانم، لە شەڕ و پەلامارەکاندا، بە تایبەت لە یەکێ لەو تێرمە زمانەوانییانەی کە لە دەفتەرەکانمدا، شوێنیان گرتوە، لێک جیاکردنەوەی نێر و مێیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی دا. ئەو بابەتەی کە هێشتا لە لادێکاندا، لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا، بە ڕوونی دیارە، بەڵام بابەتەکە لە زمانی نوسراودا، بە یەکجاری پشتگوێ خراوە. لە کتێبەکانی ڕێزماندا، بازی بە سەر دراوە. تەنانەت زۆر نوسەرانیش، لە وەڵامی پرسی هەبوونی جیاوازی نێر ومێ لە زمانی کوردییی، بە گوێرەی ڕاهاتنیان لەگەڵ ڕێزمانی نوسراودا، ڕاستە و ڕاست دەڵێن، ئەم دیاردەیە، وەک لە فارسیی نیە، لە زمانی کوردییش دا نیە. ڕەنگە هۆیەکی گرنگ ئەوەبێت، کە لە زاراوەی بابانیی، ناو شاری سلێمانی، دیاردەی نێرومێ بەرچاو ناکەوێت. بێگومان لە شارە گەورەکانی دی کوردستانیش، خوێندن و خوێندنەوە، وا خەریکە زمانی تایبەت بە چینی خوێندەواران بەدی دێنێت، کە دیارە شوێنی نێر و مێ تیایدا بە چۆڵی ماوەتەوە. واتا، وا خەریکە زمانی نوسین، دەبێتە (زمانی سەردەستەی کۆمەڵ) و تاکە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی مەیدانیش. ئەمەش وایکردوە دیاردەی دەرکەوتنی نێرومێ لە زماندا، دیار و بەرچاو نەبێت، یان پشتگوێ بخرێت.

یەکەمین دیاردەی نێرومێ، کە سەرنجی ڕاکێشام و لە پرێک دەیان نمونەی دی سەردەمی منداڵیمی بە بیرهێنایەوە، لە ناوچەی (شێنێ - نێوزەنگی) پشدەر بوو، لە ساڵی ۱۹۸۱. خەڵکی ئەو شوێنانە، ناوی ژن و پیاویان، بە دوو شێوەی جیا گۆ دەکرد، یان بانگ دەکرد.

بۆ ژنان، بەسێ شێوە ناو دەبران :

**یەکەم:**

ناوەکە پاشگری (ێ)ی دەخرێتە سەر. وەک:

پورە کەسکێ

گوڵێ

عەیشێ

بەسێ

فاتێ و هتد.

**دووەم:**

ناوەکە وەکو خۆی و بێ گۆڕان بەکار دەهات، وەک:

پیرۆز، فاتم ، ڕێزان، نەسرین.

بەڵام کە ناو و نازناوی مێینە، واتا (کەسی سێیەمی تاکی مێ)، بە یەکەوە دەگوترێت، ئەوا هەمیشە پاشگری (ێ)، دەخرێتە سەر ناوی یەکەمی (ناوی پێش نازناو)ی کەسی سێیەمی تاک. وەک:

ئەسمەرێ قادری.

نەسرینێ مام عەولای.

**سێیەم:**

لە کاتی ناردنی هەواڵ و پەیام بۆ ژنێک، واتا بۆ (کەسی سێیەمی تاکی مێ)، هەمیشە پاشگری (ێ)، دەخرێتە سەر ناوە مێینەکە. وەک:

بە فاتمێ بڵێ بابێت.

نەسرینێ ئاگادار بکەوە.

چیت بە پیرۆزێ گوت؟

-------------------

هەرچی ناوی نێرینەیە، ئەوا دوو شێوەی گۆ کردن و بانگ کردنی هەیە.

**یەکەم:**

ناوەکە وەکو خۆی گۆ دەکرێت. وەک:

مام مراد. ئازاد. وەسمان.

**دووەم:**

کاتێ کە ناو و نازناوی نێرینە (کەسی سێیەمی تاکی نێر)، بەیەکەوە دەگوترێت، ئەوا هەمیشە پاشگری (ی)، دەخرێتە سەر ناوی یەکەمی (ناوی پێش نازناو)ی کەسی سێیەمی تاکی نێر. وەک:

محەمەدی ماملێ.

ئازادی حەمەلاو.

مەلا ئەحمەدی هەرشەمی
حەمەدی عاسیێ
ئەحمەدی خانی
مەلای جزیری

**تێبینی** / عاسی وەکوناوی مێ بەکارهاتوە بۆیە بۆتە عاسیێ.
بەکارهێنانی پاشگری (ێ) بۆ مێیە و پاشگری (ی) بۆ نێرە، لە لادێکان دا بە گشتی و لە شاریش، لە ناو ئەو کەسانەی کە نەخوێندەوارن، یان خوێندەواریان زۆر نیە، زۆر بە بەربەڵاوی بەکاردێت. کەچی خەڵکی خوێندەوار، بە تایبەت خوێندەوارانی شارەکانی باشوری کوردستان، چونکە بە نوسینی ناوەکانیان، بە شێوەی عارەبیی ڕاهاتون، هەست بە بوونی هیچ کەموکوڕی و هەڵەیەک ناکەن، گەر ئەو دوو پاشگرەی سەرەوە، لە سەر هەردوو جۆرە ناوەکە، بەکاربێت یان نا. ئەمەش کاریگەری خراپی زمانی عارەبییە، کە خەریکە دەچێتە ناو ڕێزمانی کوردییەوە و تێرمێکی گرنگی ئەو ڕێزمانەمان لێ دەگۆڕێت.

هەولێرنامەی کورد

ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٣، بە ئەرکی پێشمەرگایەتی، لە ناوچەی دۆڵی خانەقای، سەر بە شاری ڕواندز بووم. زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەوێ، خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی بوون. باڵەکایەتی، یەکێک لە ناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی زمانی دەست لێنەدراوی کوردییە. من سودی زۆرم لە تێکەڵاوی خەڵکی ئەو ناوچەیە بینی. ئەو کاتانە، زۆر لە گوندی (وەرتێ) دا دەمامەوە. وەرتێ، کە دەکەوێتە نێوان ڕواندزو ڕانیە، ئەو کات، بە ئەندازەی شارۆچکەیەک گەورە بوو. ئێستا بۆتە ناوەندی یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی. ئەو کات گوندەکە، هێشتا تەواو دابڕاو و دووره دەست بوو. وەرتێ، فێرگەیەکی گەورەی زمان بوو، بۆ ئەو کەسانەی کە هەوڵوەدای تێگەیشتنی باشتری زمانەکەیان بوون. هەر لە وەرتێ، تێرمی دی تازەی نێرومێم بەرگوێ کەوت، کە پێشتر بە تەواوی لێیان بێئاگابووم.
خەڵکی وەرتێ، لە جیاتی دەربڕینی (چۆنی)، وەکو ناوچەکانی دی هەولێر، دەڵێن (کوی). لە وەرتێ، لێپرسین و سڵاو لێکردن، بە گوێرەی ڕەگەزی مرۆڤەکە، واتا نێر یان مێ، دەگۆڕدرێت.

بۆ کەسی یەکەمی تاکی نێر، لە جیاتی چۆنی، دەگوترێت: «ئی کوی؟»

هەروەها بۆ کەسی سێیەمی تاکی نێریش، دەگوترێت: «ئی کوە ؟» کە دەکات چۆنە.

بۆ کەسی یەکەمی تاکی مێ، لە جیاتی چۆنی، دەگوترێت «ئە کوی؟»

هەروەها بۆ کەسی سێیەمی تاکی مێ، لە جیاتی چۆنە؟ دەگوترێت: «ئەکوە؟»

واتا بۆ نێر، پێشگری (ئی) بەکاردەهات و بۆ مێیەش، پێشگری (ئە) بەکاردەهات. خەڵکی وەرتێ، لەم جیاکردنەوەیەدا زۆر ورد و لێزان بوون و هەرگیز هەڵەیان نەدەکرد. چەند جارێک بە ڕێکەوت گوێم لێبووە، کە پێشمەرگەی ناوچەکانی دی، هەوڵیان داوە تا وەکو خەڵکی گوندەکە، بیاندوێنن، کەچی بەهەڵە پێشگرەکانی نێر و مێیان لێ ئاڵوگۆڕبووە. واتا بە پیاوێکیان گوتوە (ئە کوی؟). ئەیش بە بزەیەکی شەرمنانە، خۆی بێدەنگ دەکرد و وەڵامی نەدەدایەوە، چونکە دەیزانی لە نەزانیەوە ئەم هەڵەیە ڕویداوە .

هەر لە گوندی وەرتێ، دیاردەیەکی دی جیاوازی نێرومێ، لە بانگ کردنی کەسی یەکەمی، هەردوو تاکی نێر و مێ دەبیندرا. کاتێ کە بانگی کەسێکی نێر دەکرێت، زۆر جار پاشگری (کە) دەخرێتە سەر ناوی کەسەکە. کەچی کە بانگی کەسێکی مێ دەکرا، ئەوا پاشگری (کێ) دەخرایە سەر ناوەکەی.

نمونەیەکی زیندو بۆ ئەمە، ئەو دایکە وەرتیە بوو، کە هەموو ئێواران، لەبەر دەرگای ماڵەکەی خۆی، کە لە نزیک بنکەی ڕاگەیاندنی ئێمە لە گەڕەکی (بەڕۆژێ) هەڵکەوتبوو، بانگی دوو منداڵەکەی خۆی، (کوڕێک و کچێک)دەکرد، تا بێنەوە ماڵ. دایکەکە هاواری دەکرد و دەیگوت:

حوسێنکە وەرە نان بخۆ.

نەسرینکێ وەرەوە درەنگە.

جگە لەم جیاوازیانەی کە لە سەرەوە دا ئاماژەمان بۆ کردوون، لە بانگ کردنی کەسێکی نەناسراو، کە ناوی نازاندرێ، یان لەبەر هۆی دی، ناوەکەی ناگوترێت، دیسان جیاوازی زمانەوانی، بە گوێرەی توخمی نێر و مێ هەیە. بۆ بانگ کردنی توخمی مێینە، ئەم ناوانەی خوارەوە، بە پاشگری (ێ) بەکار دەهێندرێن:

ژنێ
حورمێ
کچێ
کیژێ
خوشکێ
بوکێ
دایکێ منداڵان
دادێ. (داده)ش بۆ دوانی ڕاستەوخۆ بەکاردێت.

.

کەچی ئەگەر ئەو کەسەی بانگ دەکرێت و ناوی ناهێندرێت، توخمی نێر بێت، ئەوا دوو شێوەمان هەن.

**یەکەمیان**: پێڕەوی لە  هیچ پاشگرێکی تایبەتی ناکرێت. وەک:

کاکە –
برا –
کابرا –
کوڕە –

**دووەمیش**: بریتیە لە خستنە سەری پاشگری (– ە). ئەم دیاردەی جیاکردنەوەی نێر و مێ بەم شێوەیە، لە موکریانیش باوە. لەوێ، وەک لە زۆر شوێنی دی کوردستانیش، بۆ ناوی بانگ لێکردنی نێرینە، پاشگری (– ە) دەخرێتە دوای ناوەکە. وەک:

کاکە
مامە
خاڵە
کوڕە
حەمەدە... و تاد

هەواڵنامەی کتێب

ئەم جیاوازی کردنە لە نێوان نێرومێ دا، وەنەبێ تەنیا لەکاتی گۆ کردنی ناوێک، یان ناو و نازناوێکدا، بەکاربێت، بەڵکو لە ڕستەی ئاسایی و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ڕەنگی داوەتەوە. دەتوانین چەندان نمونە لە قسەی ڕۆژانەی خەڵک بنوسینەوە وەک:

بە پیرۆێ بڵێ.
لەگەڵ پیرۆزێ چوو .
بە نەسرینێ بڵێ، با خۆی بۆ خدری بگێڕێتەوە .
کە هاتیە شار، فاتمێش لەگەڵ خۆت بێنە.
کە هاتیە شار حوسێنیش لەگەڵ خۆت بێنە.
بە زێرینێ بڵێ، ئازادی لەخەو هەڵبستێنێ
بە ئازادی بڵێ .
لەگەڵ ئازادی چوو.

ئەم جیاوازی کردنە لە نێوان نێرومێدا، لە فۆلکلۆری کوردییشدا ڕەنگی داوەتەوە و دەبیندرێت. دەتوانین هێما بۆ چەند نمونەیەک بکەین وەک لە بواری ناوی مێ دا:
گۆرانی هەی زێرینێ هەی زێرینێ .
گۆرانی لێ گوڵێ .
پەندی پێشینانی: داکێ ببینە دۆتێ بخوازە و... زۆر نمونەی دیش .

لە بواری ناوی نێریشدا:
لاوکی خانی لە پ زێڕین .
داستانی مەمی ئالان.
چیرۆکی برایمی زێندینان و نمونەی زۆری دیش.

***

جێناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو، he ، she) لە باڵەکایەتی:

ڕەنگە لە ناوچەی زمان دەوڵەمەندی باڵەکایەتی، تەنیا شوێنێکی کوردستان بێت، کە بە زاراوەکانی جێمەبەستی ئێمە دەدوێن، هاوکات، ئامرازی تایبەتیان، بۆ بارەکانی جێناوی کەسی سێیەمی تاک، واتا ئەو بۆ ژن و پیاو بە جیا، پاراستبێت.

لەو زاراوەیەدا، (ئێ) هەمان (he)یە لە ئینگلیزی، یان (هو) لە عارەبی. واتا جێناوی کەسی سێیەمی تاکە بۆ نێر. بۆ نمونە:

ئێ هات. هەمیشە واتا کوڕێکی ناسراو، یان پیاوێکی ناسراو هات. He com.
ئێ نانیە خوا. واتا ئەو (کوڕەکە، پیاوەکە) نان دەخوات.
کوڕە هەڵێ، ئێ هات. واتا کوڕە ڕاکە ئەو (کوڕەکە، پیاوەکە) هات.

هەر لەو زاراوەیەدا، (ئا) هەمان ( she)یە لە ئینگلیزی، یان (هي) لە عارەبی. واتا جێناوی کەسی سێیەمی تاکە بۆ مێ. بۆ نمونە:

ئا هات. واتا کچێکی ناسراو، یان ژنێکی ناسراو هات. She com.
ئا نانیە خوا. واتا ئەو (کچەکە، ژنەکە) نان دەخوات.
کوڕە هەڵێ، ئا هات. واتا کوڕە ڕاکە ئەو (کچەکە، ژنەکە) هات.

هەوڵم دا تا لە زمانە خزم و نزیکەکانی کوردیی، واتا زمانە ئێرانییەکاندا، دیاردەی هاوشێوە و پارتیکلی لێکچوو بۆ نێر و مێ بدۆزمەوە. ئەوەی تا ئێستا چنگم کەوتووە، تەنیا بوونی ئامرازی (a، ئا)یە لە زمانی بەلوچیی، بۆ کەسی یەکەمی تاکی نێر، واتا ئەو بارەی کە لە باڵەکایەتی بە (ئێ) و کرمانجی بە (وی) دەردەکەوێت.
دیاردەیەکی دی جیاوازی کردن، لە نێوان نێر و مێ، دیسان لە باڵەکایەتی، بریتیە لە ئاماژە کردن بۆ شت یان کەسانی دوور. لە ناوچەکانی هەولێر بە گشتی، بۆ ئەمە (شتی نزیک) = دەگوترێت ئەوە. هەرچی شتی دووریشە، واتا ئەوە = پێیدەگوترێت ئەوێهێ.
لە باڵەکایەتی، هەمان ئەوێهێ، کە ئاماژە بۆ شتی دوور دەکات، باری نێر و مێی پێ دەدرێت. بۆ نمونە:

**ئەوێهێ**: ئاماژەیە بۆ کەسێکی دووری نێرە.
**ئەواهێ**: ئاماژەیە بۆ کەسێکی دووری مێیە.

نیشانەکانی نێرومێ لە زمانی کوردییدا، هەر بۆ دوو ڕەگەزەکەی مرۆڤ بەکارنایەت، بەڵکو زۆر لە مەش فراوانترو ئاڵۆزترە، کە تا ئێستا بەرچاومان خستوە. ناوی شت و دیارەدەکانیش، هەروەک ناوی مرۆڤ، بەسەر نێرومێ دا دابەش کراون. پۆلین کردنی دیاردە و، ئەو ناوانەی نێرن و جیاکردنەوەیان لە ناو و دیارەی تایبەت بە مێ، پۆلێن کردنیان بە گوێرەی ڕێسایەکی تایبەت، بۆ من مەیسەر نەبوو. واتا نەمتوانی ڕێسایەکی تایبەت بدۆزمەوە، کە بە گوێرەی ئەوە، ناو و دیاردەکان، بە سەر نێر و مێ دا دابەشکراون. بەڵام وەک چارەسەرکردنێک، دەکرێ جۆرە پۆلێنکردنێکی سادەتر لەبەر چاو بگرین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: ئەم ناوانەی پاشگری (ێ)ی مێیەنان دەچێتە سەر، هەموویان لە باری نەناسراو دان. وەک: ئاسمان، ژوور، دەر، کون، دەشت...
ئەم ناوانەی سەرێ، لە کاتی خستنە ڕستەوە، (ێ)ی مێینەیان دەچێتە سەری، تا ئەو کاتەی کە بەشێوەی نەناسراو ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت. وەک:
لە ئاسمانێ. لە ناو بیرێ. لە ژوورێ. لە ماڵێ. لە دەرێ. لە کونێ. لە دوکانێ. لە مەیدانێ و هیدیش.

**دووەم**: هەرهەمان ناوی بە پاشگری مێ، کە دەبن بە ناوی ناسراو، ئەوا ڕاستەوخۆ بارە ڕەگەزیەکەی پێشوی خۆیان لە دەست دەدەن و لە جیاتی (ێ)، ئەوا پاشگری (ی) نێرە یان دەخرێتە سەر. واتا پاشگری (ێ)ی مێینەکەیان نامێنێ. وەک: لە ئاسمانی هەفتەم. لە ناوبیری گوندی. لە ژووری دووەم. لە ماڵی خۆمان. لە کونی ژوورەوە. لە دوکانی مام عەوڵای. لە مەیدانی کارێدا.
**سێیەم**: ناوی شوێن و وڵاتان، ئەگەر، بە نەناسراوی بەکاربێت، ئەوا پاشگری (ێ) ی مێینەی دەچێتە سەر. وەک: لە بەغدایێ. لە تارانێ. لە ئیرانێ. لە دەشتێ. لە هەولێرێ.
**چوارەم**: ئەگەر ناوی شوێن و وڵاتان، بە ناسراوی بەکاربێت، ئەوا نیشانەی (ێ)ی

مێیە، بۆ نیشانەی (ی) نێرە دەگۆڕێت. وەک: لە بەغدای پایتەخت. لە تارانی پایتەختی ئێران. لە ئێرانی هاوسێمان. لە دەشتی هەولێرێ. لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

**تێبینی یەکەم:**

هەموو ناوێکی مێینە و هەموو ناوی شوێنێک، کە بە یەکێ لە پیتە بزوێنەکان کۆتاییان دێت، (ە،ی،ا..) ئەوا لەم ڕێسایەی سەرەوە لادەدەن و هەمیشە لەکاتی بەکارهێناندا، نیشانەی (ی) نێرەیان دەچێتە سەر. وەک:

بە گولالەی بلێ .

دوێنێ فاتیمەی بینی .

چەند جار لە چەمەی بوی؟

کەی بۆ سلێمانی دەچی؟

**تێبینی دووەم:**

کاتێ کە ناوی شوێن، وەکو سیفەت، بۆ ناوی کالا، یان ناوی کەسێی بەکاردێت، ئەوا هەمیشە نیشانەی (ی) نێرەی دەچێتە سەر. وەک:

کوڕە ئێرانیەکە.

کالای هەرزانی تورکی.

قوماشی بەغدایی.

ڕەگەزنامەی ئێراقی.

کچی هەولێری .

هەمو ئەو ناوانەش کە نیشانەی (ێ)ی مێیەیان ناخرێتە سەر، ئەوا بە ناوی نێرینە دەژمێردرێن و نیشانەی (ی) نێرینە وەردەگرن. وەک:

لە عاردی. لەپاڵ دیواری. لە شاری. لە گوندی. لە شاخی. لە ڕووباری خنکا. میری کوردان. دەفتەری خۆم. موسولمانی باش. جوی کوردستان.

ئێستاش، بۆ باشتر تێگەیشتن و دڵنیابوون، چەند نمونەیەک لە قسەی ڕۆژانەی خەڵک دەنوسمەوە، کە زوو لە دەفتەرەکانمدا یادداشتم کردون. تێبینی بکە کە چۆن جیاوازی لە نێوان ناوەکانی نێرە و مێیەدا کراوە:-

جلکی خۆت لەبەر بکە.
کلیلی ماڵێ، لای کێیە؟
لە کەرکوکێ، تا هەولێرێ، هەر پرەخەی دەهات.
لە گوندی تا شاری، هەر قسەی کرد.
لە دەشتێ، بەپێ هاتینە شاری.
لە ژوورێ دەخەوی، یان لەسەر بانی؟
لە سەرێ جێت بۆ ڕاخەم، یان لە خوارێ.
لە ئاسمانێ بە دوای دەگەڕام، لە عاردی دەستم کەوت.
شێخی خۆم نوشتەی باشتر دەکات.
ئاغای گوندی، وەک گوڵەبەڕۆژەی دەسوڕێ.
مام مۆتکی وەرتی، پیاوێکی پیتۆڵ بووە.
پورە کەسکێ، ڕەدوی مام قادری کەوتوە.

وەک لەو نمونانەی سەرەوەدا دەبیندرێت، بوونی نیشانەکانی نێرومێ، بەشێوەیەکی چالاک، لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک و لە دەقە فۆلکلۆریەکاندا، ڕاستیەکە نکۆڵی لێناکرێت. ئەوەی لێرە دا پرسیاری گرنگە، ئەمەیە کە ئایا، هەر بەردەوام بین لە پشتگوێ خستن و بایەیەخ پێنەدان و دان پێدانەنانی ئەم تێرمە زمانەوانیە؟ یان وەکو بەشێکی گرنگ و بە سوودی ڕێزمانیکەمان، دەبێت بایەخی پێبدەین. لێکۆڵینەوەی پێویستی لەبارەوە بکەین. تەنانەت بیخەینە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنیش. هەروەک لە نوسینەکانماندا پەیرەوی لە ڕێساکانی بکەین .

من لام وایە خۆ گێل کردن لەو ڕاستیە زمانەوانیەی بوونی چالاکانەی تێرمی نێرو مێ، زیان بە زمانەکەمان و ڕێزمانەکەشی دەگەیەنێت. پێویستە ئەو تێرمەیە، بە گەڕ بخرێتەوە و سودیشی لێوەر بگیرێت. زمانی ئێمە کۆمەڵێک کەموکوڕی هەیە، بە دیاریکردنی نیشانەکانی نێرومێ، هەندێ لەو کەموکوڕیانەی چارەسەر دەکرێن.

ئەگەر ئەو پێشنیارەی من، لەلایەن زانکۆکان و کۆڕە زمانەوانیەکان و بنکەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، بەهەند وەربگیرێت و بایەخی پێبدرێت، ئەوا لێکۆڵەرەوانی زمان و شارەزایان، چەند کارێکی گرنگیان لە پێشە، کە دەبێت بەکلایی بکەنەوە.

**یەکەم**: دیاری کردنی سیستەمێکی گونجاو، بۆ پۆلێن کردن و لێکجیا کردنەوەی هەموو ناوێکی ناو زمانی کوردیی (ناوی کەسی، ناوی شت، ناوی شوێن، ناوی دیاردەکان...)، کە ئاخۆ نێرن یان مێن.

**دووەم:** نەبوونی نیشانەی نێرومێ بۆ جێناوی کەسی تاکی سێیەم («ئەو»ی کچ، (هی ،she ) هەروەها «ئەو»ی کوڕ، (هو، he ) کەلێنێکی گەورەی ناو زمانەکەمانە. من پێشنیار دەکەم، بۆ پڕ کردنەوەی ئەم کەلێنە، کە لای چیرۆک و ڕۆماننوسان و وەرگێڕان، باش هەستی پێدەکرێت، دەتوانین سود لە خواستنی جێناوی هاوشێوەی، زاراوەی باڵەکایەتی وەربگرین. وەک زووتر ڕوونمان کردۆتەوە، لەو زاراوەیەدا، بۆ (ئەو)ی کوڕ، دەگوترێت (ئێ). بۆ (ئەو)ی کچیش، دەگوترێت (ئا).

یانیش دەشێت، سود لە خواستنەوەی جێناوەکە، لە زاراوەی کرمانجیی زمانی کوردیی وەربگرین. لە کرمانجیدا، بۆ «ئەو»ی کوڕ، دەگوترێت (وی)، بۆ «ئەو»ی کچیش، دەگوترێ (وێ). واتا هەمان پاشگرەکانی (ێ و ی)، کە لە زمانی ستانداردماندا، بۆ نیشانەکانی نێرو مێ بەکاردێت. بەمجۆرە (وێ) لەجیاتیshe ، هذە، هی و (وی) ش لە جیاتیhe ، هذا، هو، بەکاردێت .

**سێیەم:** ئەم دوو نیشانەی سەرەوە بۆ نێرومێ، بەسەر گیانەوەری نێر و مێ، لە ڕووی فەسلەجییەوە، ناچەسپێت. بۆ نمونە، کەر و ماکەر، نیشانەی (ێ)ی مێیان بۆ بەکاردێت وەک: کورتانەکەی لە کەرێ ببەستە. کەچی سەگ، دێڵ و گەماڵی، نیشانەی نێریان بۆ بەکاردێت. وەک: دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە. بەهەمان شێوە، نیشانەی ڕەگەز، پێڕەوی لە ڕەگەزی ڕاستەقینەی گیانەوەران ناکات. لە زمانانی دیش، وەک لاتینی، دیاردەی نێر و مێ لە زمان، پەیوەندی بە دیاردەی نێر و مێ لە بواری فەسلەجیەوە نیە و تەنیا بابەتێکی ڕێزمانی بە میرات بۆ ماوەیە.

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، دەکرێت لەلایەن کۆڕێکی زمانەوانی دیوانیی و بڕیار بەدەست چارەسەر بکرێت، کە بڕیارەکانی لە دامودەزگا دیوانییەکان و زانکۆکاندا پێڕەویان لێبکرێت. بۆ نمونە دەکرێت بڕیار بدرێت، کە نیشانەی نێرومێ بۆ گیانەوەران، بە گوێرەی ڕەگەزی ڕاستی و فسیۆلۆجی گیانەوەرەکە دابندرێت و بەم شێوەیە کە ناوی هەر گیانەوەرێکی نێرە، لە ڕستە دا بەکاربێنین، دەبێ نیشانەی (ی) بخەینە سەر ناوەکە، بۆ گیانەوەری مێیەش، نیشانەی مێیە (ێ) دەخرێتە سەر ناوەکە. وەک بڵێین: ماینێ سپی و ئەسپی کەوێت. دوای چەند ساڵێک پەیڕەوی کردن لەم ڕێسایە، خوێنەران لە گەڵی ڕادێن و لایان دەبێت بە کارێکی ئاسایی.

# ناساندنێکی جیاوازیی ناوچەیی
## لە کورمانجی دا: پۆلینبەندییەکی سەرەتایی زارەکان

### پ.جێفری هەیگ و د. ئێرگین ئۆپێنگین

ÖPENGİN E. & HAIG G. 2014. Regional variation in Kurmanji: A preliminary classification of dialects, Kurdish Stydies, Volume: 2, No: 2, pp. 143 – 176.


**▢ د. ڕەحیم سورخی**
(مامۆستای پێوەندیداری لێکۆڵەر بە زانکۆی کارلتن، کانادا)

## پێشەکی:

‹ئەم وتارە پێداچوونەوەیەکە بە کارێکی مەیدانی ‹پرۆفیسۆر جێفری هەیگ› و ‹دکتۆر ئێرگن ئۆپێنگن› لەسەر جیاوازیی ناوچەیی جۆرەکانی کوردیی کورمانجی. گرنگی کارەکە لە ئەوەدایە کە بەشێوەیەکی مەیدانی کاری ئەوتۆ لەسەر زارە ناوچەییەکانی زمانی کوردی نەکراوە. بەتایبەتی، ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای پێکهاتەی زمان لە ئاستەکانی دەنگناسی، وشەناسی و ڕێزماندا زۆنەکانی کورمانجی لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی زانستی دەخاتە ڕوو. جگە لەوەش، سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ ئەو لێکۆڵەرانەی لە زارناسیی زمانی کوردی دەکۆڵنەوە. بۆ پاراستنی ناوەرۆکی وتارەکە و ڕوانینی نووسەرانی ئەم وتارە وەک خۆی من لەباری زاراوەناسی (تێرمینۆلۆژی) دەستکاریم نەکردووە، بەتایبەتی ئەو تۆپۆگرافییەی کە بەهۆی جوگرافیای سیاسی دەوڵەت–نەتەوە لە پاش دابەشکرانی کوردستان دروست بووە.

*ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بە ناوی»جیاوازیی ناوچەیی لە کرمانجی دا: پۆلینبەندییەکی سەرەتایی زارەکان»ە، ئامانجی ئەوەیە کە پۆلینەبەندییەکی سەرەتایی لە جیاوازیی ناوخۆی زارە سەرەکییەکانی ناوچەی کرمانجی لەسەر بنەمای زانیارییە وشەیی، دەنگناسی، و مۆرفۆ سینتاکسییەکان دەستەبەر بکات، کە لە پێنج ناوچەی باکووری کوردستان کۆ کراونەتەوە. توێژەرانی ئەم وتارە، لەسەرەتادا ئاماژە بە پشتگوێ خرانی شێوەزارە کورمانجییەکان لە ناوەندە ئاکادیمییەکانی تورکیا دەکەن هۆکارەکەشی بۆ سیاسەتی بەربەستسازی حکومەتە تورکییەکان دەگەڕێننەوە، کە بەردەوام لە زمانی کوردی وەک بابەتێکی جێی باوەڕ بۆ توێژینەوە یان هەر لەڕاستیدا وەک زمان حاشایان کردووە . ئەمەش لە ئەدەبیاتی بەردەست دا ڕەنگی داوەتەوە. بۆنموونە، هیچکام لە دوو لێکۆڵینەوەی سەرەکیی بەردەست لە جۆرەناوچەییە کوردییەکان، واتە کارە دوو بەرگییەکەی مەکنزی لە سەر زارە کوردییەکان (۱۹٦۱، ۱۹٦۲) و کارەکەی فەتاح (۲۰۰۰) بە شێوەیەکی بەربڵاو پێوەندییان بە کورمانجییەوە نییە. ئەگەر کارەکەی فەتاح بەتەواوی لەسەر کوردیی باشووری (کەلهوری ، فەیلی و تاد .) بوو، مەکێنزی تیشکۆی خستبووە سەر کوردیی ناوەڕاست (سۆرانی)، بەکورتیش ئاوڕێکی لەکوردیی باکووری (کرمانجی) کە بە تەواوی بە زارە بادینییەکانی کوردستانی ئێراق بەسترابوونەوە، دابووەوە. بەشێکی گەورەی زۆنی کورمانجی ئاخێو لە تورکیا، سوریا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران وەک هەرێمێک نەناسراو مایەوە.

## میتۆدۆلۆجی و داتاکان:

ئەوەکە ئاخۆ دابەشکردنی نەریتی و باوی کوردەوارییانەی ناوچە جیاوازە کورمانجییەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی زمانین یان ڕاستییە درکپێکراوە کۆمەڵایەتی یان کولتورییەکان، لێکۆڵەرانی ئەم وتارە لەگەڵ ڕەچاوکردنی تێگەیشتنی باوی کورمانجی ئاخێوەکان لەسەر ناونانی زارە ناوچەییە جیاوازەکانی کورمانجی، پێیان وایە کە هەرچەند ئەم دابەشکردنانە بە هەڵکەوت نین و تارادەیەک لە سەر بنەمای تایبەتمەندییە زمانییەکانن، بەڵام تەواو یەکاویەک نین. هەر بۆیە ئەمان لەسەر بنەمای کاری مەیدانیی خۆیان ناوچە کورمانجی ئاخێوەکان بە پێنج ناوچە دابەش دەکەن. داتاکانیشیان لە کۆمەڵێک داتای ستانداردی قسەکەرێک یان زیاتری هەر ناوچەیەک کۆدەکەنەوە و لەسەر ئەم بنەما زمانییانە ناوچەکان پشتڕاست دەکەنەوە:

– زاری ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵات (Southeastern dialect region/SEK) کە پارێزگاکانی هەکاری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، پارێزگای دهۆک لە کوردستانی ئێراق، واتا ئەو ناوچەیەی کە بەشێوەی نەریتی بە بادینی ناسراوە دەگرێتەوە. ناوچەی شەمدینان وەک نموونەی زارەکە وەرگیراوە کە نووسەری یەکەمی ئەم وتارە پیاوێکی ٢٩ ساڵانی خوێندەوارە.

– زاری ناوچەی باشوور(Southern dialect region/SK)، ئەم ناوچەیە بەشی ناوەندیی باشووری زۆنی کورمانجی دەگرێتەوە، لەوانە ماردین و باتمان، هەندێک بەشی شڕناخ، هەندێک ناوچەی دیاربەکر و ڕها لە تورکیا و پارێزگای حەسەکە لە سوریا و شنگال لە ئێراق دەگرێتەوە. (پیاوێکی ٢٨خوێندەواری ناوچەی ماردین) .

– زاری ناوچەی (Northern dialect region/NK) باکوور کە بە کوردی «سەرحەد» ناسراوە. پارێزگاکانی مووش، ئاگری، ئەرەزەڕۆم، و هێندێک ناوچەی وان، بدلیس، بینگۆڵ و دیاربەکر دەگرێتەوە. زانیاری لێوەرگیراوەکەیان پیاوێکی خوێندەواری ٤٠ ساڵان بووە، کە لە ڤارتۆ یان گم گم گەورە بووە، بەڵام دەساڵی دوایەی تەمەنی لە دەرووەی ئەو ناوچە زمانییە بەسەر بردووە.

– زاری ناوچەی باشووری ڕۆژئاو(Southwestern dialect region/SWK)، کە ئەدیامان (سەمسوور)، غازی ئەنتاب، نیوەی ڕۆژئاوای پارێزگای ئورفای تورکیا و

هەروەها باکووری پارێزگای حەڵەب لە سوریا دەگرێتەوە (زانیاری لێوەرگیراوەکەیان پیاوێکی خوێندەواری ٢٥ ساڵانی گوندێکی غازی ئەنتاب).

- زاری ناوچەی باکووری ڕۆژ ئـــاوا(Northwestern dialect region/ NWK) ئەم ناوچەیە بریتییە لە جۆرە کورمانجییەکانی پارێزگاکانی مەراش، مەلاتی، و سیڤاس(زانیاری لێوەرگیراوەکەیان ژنێکی خوێندەواری ٢٥ ساڵانی گوندێکی ئەلبیستان بووە).

ستانداردی کوردی کورمانجی پێوەندیی بە زاری بۆتانییەوە هەیە لەسەر شاری جزیرە، کە لە نێوان زاری ناوچەی باشووری ڕۆژهەلات و ناوچەی زاری باشوور هەڵکەوتووە.

نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەم شێوە دابەش کردنە، بەکاتی دەزانن لەبەر ئەوەی کە یەکەم، تەنیا توانیویانە ڕادەیەکی ڕێژەیی لە ناوچەکانی زارێک دیاری بکەن و تا کاتی لێکۆڵینەوەکە زانیاریی تەواویان لەسەر زۆربەی ناوچەکوردییەکان نەبووە بۆ ئەوەی شوێنەکان بە وردی دیاری بکەن، و هەر بۆیە تەرکیان کردووە (بۆنموونە ڕۆژئاوای دیاربەکر). دووەم، هەندێک شوێن هەن وەک باشووری ڕۆژئاوای گۆلی وان کە لە شوێنی تێکچڕژانی زیاتر لەیەک ناوچەی شێوەزاری هەڵکەوتووە. و ئەمەش پێویستی بە نموونە هەڵگرتنێکی وردی دووبارەیە لەوەی تا ئەوکاتە ئەوان کردوویانە. سەرەنجام، گرفتێکی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە بزاوتنی کۆمەڵەی زمانی کوردی و زیادبوونی تێکەلاوی جۆراوجۆریی شێوەزارەکانی کورمانجی لە دەیەی ڕابردوودایە، واتە› گۆڕان لە ئاخاوتنی کورمانجی ئاخێوەکاندا پێکهاتووە و ئاخێوەری کرمانجیی تۆخ دەست ناکەوێت کە بکرێ لە ڕێیانەوە بەتەوای سنووری شێوەزارەکان دیار بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا چوار جۆری جیاوزی داتا/ زانیاری لە نموونە وەرگیراوەکانیان بە یارمەتیی ئاخێوەرە خۆجییەکانی پێنج ناوچەی لە پێشدا دیارکراو لە سیپتامبر و نۆڤەمبەری ٢٠١٢دەردەهێنن. داتاکانیان لەباری وشەکانەوە لەو وشانە هەڵێنجاوەکە کەمتر دەکەونە بەر کاریگەریی زمانە دراوسێکانیان و ناوکی چەسپاوی فەرهەنگی وشەکان پێکدێنن، کە وشەکانی تایبەت بە ئەندامەکانی لەش، دیاردە سروشتییە بەرچاو و دووبارەبووەکان، کارەکان بۆ چالاکییە بنەڕەتییەکانی وەک «خواردن» و ژمارەکانی کەمتر لە ١٠ لەوانەن. بە ڕەچاوکردنی ڕێبازی زمانناسی ئەمریکی،

‹موریس سوادیش› (١٩٥٥) کە لە لیستێکی ٢٠٠ وشەیی، ١٠٠دانەی هەڵبژاردووە بۆ لێکدانەوە کە بە گلۆتۆکرۆنۆلۆجی ناسراوە. گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە دانە فەرهەنگییەکان لە ڕەوتێکی بەردەوامی کاتیدا جێی یەکتر پڕدەکەنەوە.

لەبەر ئەوەی مۆدێلەکەی سوادیش ڕاستەوخۆیە و پشت بە بین دەبەستێت، ئەمان لە لێکۆڵینەوەکەیان لیستەکەی «لەیپزیگ – جاکارتا»(٢٠٠٩) یان بەکار هێناوە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بەرانەبەرییە زمانییەکان لە پێوانەی گەورەی وشە وەرگیراوەکان دا بەرهەم دێت و لیستێکە لەو وشە – واتایانە کە کەمترین ئەگەری بە قەرز وەرگرتنیان لە زمانی دیکەوە هەبێت. هەربۆیە نواندنەوەیەکی مەیدانی باوەڕپێکراو/ چەسپاوی «فەرهەنگی بنەڕەتیی وشەکان»ە. لیستی وشە بەکارهاتووەکان لەم لێکۆڵینەوەیشدا، لیستە ١٠٠ دانەیەکەی لەیپزیک -جاکارتایە کە بە لیستێک لەو وشانەی بەتایبەتی پێوەندییان بە زمانە ئێرانییەکانەو هەیە، بە گشتی ١٥٩ دانەن، تەواو کراوە. لەم لیستەدا جیاوازیی دەنگناسی ٢١ دانە دەگرێتەوە کە جۆراوجۆریی دەنگناسیی لە نێوان شێوەزارە جیاوازەکانی کورمانجیدا پیشان دەدات. ٣٣ دانەیان جۆراوجۆریی وشەیی -زیاتر کارەکان- لە کورمانجیدا دەگرێتە بەر. دانە نموونەییەکانی کارەکان لیستێکی کاری بنەڕەتی ١٤ دانەیین کە بۆ کەسی دووەم و سێیەمی تاک لەکاتی ڕانەبەردوو و ڕابردووی سادە، و هەروەها ڕووکاری فرماندان و مەرجی گەردان دەکرێن.

بۆ دەرخستنی جۆراوجۆرییەکان لە بواری جیاوازدا، تیشکیان خستووەتە سەر جۆری فەرهەنگی(lexical variants)؛ جۆری دەنگناسییانە لە باری ڕیشەناسی لە نێوان وشە هاوبنچینەکان(cognates)دا و جۆراوجۆریی مۆرفۆسینتاکسییانە. ئەوی لەباری وشەیی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ئەوان زاراوەی «جۆرە فەرهەنگییە کان» (lexical variants)یان بۆ ئاماژە بە دانە «فەرهەنگییە جیاوازەکان» بەکار دەهێنن کە واتای وەک یەکیان هەیە. واتە مەبەستیان لە «دانەی فەرهەنگیی جیاواز» دەربڕینی هەرواتایەکی تایبەتە (لە لیستی وشەکاندا) لە دوو شێوەزاردا کە وشەکانیان تێدا بەکار دێت و دەکرێ واگریمانە بکرێت لە ڕاستیدا ڕیشەی جیاوازی مێژووییان هەیە، واتە هاوبنچیەنە نین.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی جیاوازیی وشەیی، هەر دانەیەکیان لە لیستی بنەڕەتیی وشەکان لە هەر جۆرێکی ناوچەیی لەگەڵ ناوچەکانی دیکە بەراورد کردووە. ئەمجار

هاتوون ڕێژەی فەرهەنگی وشەی بنەڕەتییان لە هەرجوتە وشەیەکی هاوبەش دەرهێناوە. ڕێژەی وشە هاوبنچینەکان کە لەخشتەیەکدا خستوویانەتە ڕوو، لەڕاستیدا کەمترە لەوەی کە بۆ ئەو زارانەی بەڕواڵەت لەیەکتر تێدەگەن، چاوەڕوان دەکرێت.

بۆنموونە لە خشتەکەیاندا جیاوازیی وشەیی نێوان شێوەزارە کورمانجییەکانی باشوور و باکوور لەوەدایە کە ٨٠٪ وشەی هاوبەشیان هەیە، واتە بە ڕادەی جیاوازیی نێوان سپانی و ئیتالی.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەروەها ئاماژە بە بەقەرز وەرگرتنی وشەی عەرەبی و تورکی لە زمانە دراوسێکان و تەنانەت وەرگرتن لە سۆرانی بەپارێزەوە کراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێت کە شێوەزارە بادینییەکە زۆرترین مەیلی بۆ جیابوونەوە هەیە و کەمتر لە ٨٠٪ی وشە بنەڕەتییەکانی لەگەڵ شێوەزارەکانی دیکە هاوبەشە. هەر بۆیە ئەوان سنوورێک لە نێوان بادینییەکە و جۆرە جیاوازەکانی دیکەی کرمانجی لە تورکیە و ئێران دادەنێن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان زۆر خۆیان پاراستووە لەوەی کە دوو وشە بە «هاو واتا» دابنێن. کەواتە گۆڕانێکی تاڕادەیەک کەمی واتایی لە نێوان دوو وشەی هاوبنچینە ( بۆ نموونە"nostril" > "nose") دا بەسە بۆ ئەوەی وای دابنێن کە ئەو دوو زارە وشەی جیاوازیان بۆ ئەو دانەیە لە لیستەکەدا هەیە کە لە ئەنجامدا، ڕێژەی گشتیی دانە هاوبەشەکان کەم دەکاتەوە.

بە پێی ژمارەکان خۆیان، «نزیکترین» جووتە زار بەیەکتر کورمانجیی باکوری ڕۆژ ئاوا(NWK) و باشووری ڕۆژ ئاوا(SWK)ن کە ٨٧٪ دانەیان لە لیستەکەدا هاوبەشە، هەروەها، کورمانجیی باکور(NK) و کورمانجیی باشووری ڕۆژ ئاوا (SWK) بە ٨٧٪ وشەی هاوبەش دێن. لەڕاستیدا بەراوردکردنی دانە فەرهەنگییە هاوبەشەکان لە پێشدا، ژێر پۆلێکی بەرفراوانی سێ دەستە زاری سەرەکی لێدەبێتەوە: سێ جۆری ڕۆژ ئاوایی و باکووری( NK, NWK وSWK)، بەرانبەر بە کورمانجیی باشووری ڕۆژهەڵات، پێکەوە پۆلێک دروست دەکەن. ناوبژیوانی نێوان ئەم دووە، کورمانجیی باشووری(SK) بە ڕێژەی نێوان ٧٧٪ بۆ ٨٠٪ لێکچوونی هاوبەش لەگەڵ هەموو جۆرەکانی دیکەیە.

ئاشکراشە کە پێکهاتە جیاوازە زارییەکان بەندە بە دانە فەرهەنگییەکانەوە. بۆ نموونە وشەکانی «بەر»(بەرد/کەڤر) و «پرچ»(کەزی/پۆڕ) کرمانجیی باشوری ڕۆژ هەڵات (SEK) لە هەموو زارەکانی دیکە جیادەکاتەوە. جیاوازییە پشتڕاست کراوەکان لە

فەرهەنگی بنەڕەتیی وشەکان(basic lexicon) دا سەرەتا لە ڕێگەی دوو میکانیزمی سەرەکییەوە سەر هەڵدەدات: گرینگترینەکەی گۆڕانی واتایی (semantic shift)ە: هاوبنچینەکان(cognates) لەواتادا گۆڕانیان بەسەردا دێت هەر جۆرەی بەجیا (یان گۆڕانی یەک جۆر، لەکاتێکدا واتاکانی ئەوانی دیکە بە نەگۆڕاوی دەمێننەوە)، واتا لە ڕەوتی کاتدا واتای جیاوازیان لێدەکەوێتەوە. وەک نموونە وشەی «لوت» لەبەرچاو بگرن. لە کورمانجیی باشووری ڕۆژ هەڵات (SEK)دا «دفن»ە و لە کورمانجیی باکووریدا «پۆز»( NK)ە، لەگەڵ ئەوەشدا، وشەی دفن لە کورمانجیی باکوری دا (و لەوانەیە لە شێوەزارەکانی دیکەی کورمانجیدا) واتایەکی تایبەتی تری هەر لە «لوت» هەبێت، واتا «بۆشایی /کونی لوت» بگەیەنێت. یان وشەی «بەرد» لە هەموو شێوەزارەکانی دیکەی کورمانجیدا «کەڤر» بەکار دێت، جگە لە کورمانجیی باشووری ڕۆژ هەڵاتدا «بەر» بەکار دێت. لە کورمانجیی باشووری ڕۆژهەڵاتدا هاوبنچینەی کەڤر هەیە، بەڵام ئەوە تووشی گۆڕانی واتایی هاتووە بۆ «تەختە بەردی لێژ» گۆڕاوە.

بە کورتی، چەند نموونەیەکی جۆراوجۆر بە بەراورد لەگەڵ فەرهەنگی وشە بنەڕەتییەکان بینراون کە لە پرۆسە سروشتییەکانی گۆڕانی زمانن: گۆڕانی واتایی و وەرگرتن لەزمانی دیکەوە. ئەوان پێیانوایە ڕێژەی گۆڕانی وشەکان، هەڵسەنگاندنی سەرەتایی و تاڕادەیەک نایەکسانی مەودای مێژوویی نێوان ئەو زارانە دەستەبەر دەکات کە خراونەتەبەر لێکۆڵینەوە. ئەو دیمەنەی کە دەردەکەوێت لەڕاستیدا دابەشکردنی ناوچەیی دەردەخات: لەباری جوگرافییەوە زۆربەی ناوچە زارە پەراوێزییەکان، SEK و NWK، ئەوانەن کە کەمترین بنچینەی هاوبەشیان (٧٢٪)ە کە دەتوانێت بە نیشانەی قووڵترین جیابوونەوە دابنرێت. بە بڕوای هێگ و ئۆپێنگن ئەم جۆراوجۆریی یان جیاوازییەی بە هۆی گۆڕانی واتاییەوە دروست دەبن، لە درێژایی کاتدا گۆڕانەکان کۆدەبنەوە و جیاوازیی زیاتری واتاییان لێدەکەوێتەوە. وشە پێوەندیدارەکانی دیکەی لەبەردەست ئاخێوەرەکانن نابنە هۆی ڕوونکردنەوەی واتاکان، چونکە زارەکان لێک دوور دەکەونەوە و لە ئەنجامدا زمانی جیاواز دروست دەبن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی «زمان» تەنیا بریتی نییە لە بابەتی وەک وشەکان و لایەنی ڕێزمانی، بەڵکو هەروەها لایەنە سەروو زمانییەکانی وەک یەکێتیی هەستی هاوبەش و میراتی کولتوریی هاوبەشیش دەوریان هەیە.

سەرچاوەکان:

- Fattah, Ismasil K. 2000. Les DialectesKurdesMéridionaux: étudelinguistiqueetdialec-tologique. Louvain: Peeters.

- MacKenzie, D. N. (1961). Kurdish Dialect Studies Vol. I. London: Oxford University Press. MacKenzie, D. N. (1962). Kurdish Dialect Studies Vol. II. London: Oxford Universit.

- Swadesh, M. (1955). Towards Greater Accuracy in Lexicostatistic Dating. Internation

هەواڵنامەی کتێب

# گەڕووسی (گەڕۆسی)

ئەکبەر نەجەفیان

گەڕووسی شێوەزارێکی زمانی کوردییە کە لە شاری بیجاڕ و دەورووپشتی ئەو ناوچەیە قسەی پێ دەکرێ کە لە سنووری کوردیی باشووری و کوردیی ناوەندیدا هەڵکەوتووە. مەزەندە دەکرێ ئەم شێوەزارە ۳۰۰ بۆ ۵۰۰ هەزار کەس ئاخێوەری بن. بە زۆری ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە هەڵگری ئایینی ئیسلام–شیعەن. بیروبۆچوون لەمەڕ ئەوەی کە گەڕووسی سەر بە کام دیالێکتی کوردییە جیاوازە، بەڵام بەزۆری شێوەزاری گەڕووسی وەک شێوەزارێکی کوردیی باشووری پێناسە دەکرێ. مەبەست لە کوردیی باشووری ئەم شێوەزارانەیە: کەڵهوڕی، لەکی، فەیلی، گەڕووسی و ... سێ دەنگی «ۊ،گ̆ون̆» لەم شێوەزارەداوای کردوە کە لە شێوەزارەکانی دیکەی کوردیی باشووری نزیکتر بێ. ئەم دەنگانە بە ڕێنووسی کوردیی ناوەندی نانووسرێنەوە.



شێوەی دەربڕینی دەنگەکانی «گ و ڵ» تاڕادەیەک وەک یەکە، واتە دەنگێکی کپ و گن کە لە دەربڕینیدا ڕاوەستانێکی قورس و قووڵ لە سەر مەڵاشوو دەکرێ، بەڵام دەنگی «ۊ» درێژە و پتر لە دەنگی دوو واو «وو» ی کوردیی ناوەندی دەچێ. لەپرۆسەی‌کارکردنم‌لەسەر #فەرهەنگی_ڕەند-داماموستایەکی‌بەڕێزو‌دڵسۆزی زمانی کوردی لەو شێوەزارە یارمەتیدەرم بوو. کاک عەلی ئەکبەر نەجەفییان، یەکێک لەو دڵسۆزترین مرۆڤانە بووە کە من لە کاری فەرهەنگی ڕەنددا کارم لەگەڵ کردوە. مامۆستا عەلی ئەکبەر خۆی خەڵکی شاری بیجاڕە و هەر بە شێوەزاری گەڕووسی دەدوێ. ئەو سەرنج و تێبینی وردی لەسەر ڕێنووسی گەڕووسی و بە گشتی زمانی کوردی هەیە و لەو بوارەدا کەسێکی شارەزا و خاوەنڕایە. سەبارەت بە دڵسۆزی ئەو مامۆستایە بۆ زمانی کوردیی و خەمخۆری بۆ ڕاپەڕاندنی کاری فەرهەنگەکە هەر ئەوەندە بەسە بڵێم کە لە بەرەبەری ڕاپەڕاندنی کاری فەرهەنگەکەدا باری جەستەیی و تەندرووستی باش نەبوو. چاوی تووشی گرفتی تایبەت هاتبوون و پێویستییان بە چارەسەر هەبوو. ماوەیەکی زۆر بوو لە سەر پەندی پێشینیان و بابەتەکانی زمانی کوردی لە پەیوەندیدا بووین و کەم و زۆر ئاگاداری دۆخی جەستەیی و تەندرووستی بووم. کاتێک بۆ پێداچوونەوەی بەشی گەڕووسی فەرهەنگەکە پەیوەندیم پێوە گرت، لە خەمخۆری خۆی پێی نەگوتم کە لە نەخۆشخانەیە و داوای کرد بۆی بنێرم. بۆم نارد. چەند ڕۆژ دواتر پەیوەندیم پێوە گرتەوە. فەرمووی: لە نەخۆشخانەم، تازەم چارەسەر بۆ کراوە، بەڵام هەوڵم داوە کەم و زۆر بە کارەکەدا بچمەوە. لەم ڕۆژانەدا تەواوی دەکەم و بۆتی دەنێرمەوە. لێتان ناشارمەوە هەستێکی سەیر دایگرتم. لەلایەک بەخۆدا شکامەوە کە بوومە عەزیەت و ئازاری کەسێکی دیکە و لەلایەکی دیکەوە زۆرم شانازی بەو پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی ئاوا دڵسۆز و خەمخۆردا دەکرد و لەگەڵ ئەوانەشدا دڵگەرمتر بووم بەوەی کاری فەرهەنگەکە بەرەو پێش ببەم. لێرەوە جارێکی دیکەش سپاس و پێزانین بۆ مامۆستا عەلی-ئەکبەر نەجەفییان و هەموو دڵسۆزی و خەمخۆرییەکانی بۆ زمانی کوردی، بەتایبەتی بۆ شێوەزاری گەڕووسی.

**تێبینی:**

کوردیی باشووری و باشووری کوردستان دوو شتی لێک جیاوازن.
کوردیی باشووری: مەبەست لە کوردیی باشووری دابەشکردن و پۆلێنەکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردییە کە پێک هاتوون لە: کوردیی باشووری، کوردیی ناوەندی و کوردیی باکووری، گۆرانی، زازاکی و لوڕی. هەر وەک دەبینن کوردیی باشووری یەکێکە لە دیالێک یان زارەکانی زمانی کوردی و لە شارەکانی باشووری کوردستانی گەورە قسەی پێ دەکرێ، واتە لە شارەکانی کرماشان، ئیلام، بیجاڕ، خانەقین، قووڕوە و هتد.
باشووری کوردستان: مەبەست لە باشووری کوردستان دابەشکاری زۆرەملی کوردستانە بەسەر چوار پارچەی، ڕۆژهەڵات، ڕۆژاوا، باکوور و باشوورە. هەروەک دەبینن باشوور بەشێکە لە پارچەکانی کوردستان و کەوتۆتە وڵاتی عێراقەوە. ئەم بەشە لە کوردستان تەنیا وەک دابەشکارییەکی جوگرافی-سیاسی بە باشووری کوردستان ناوی دێ و هیچ پەیوەندییەکی بە دابەشکارییە زمانەوانییەکانی زمانی کوردییەوە نییە.

هەولێرنامەی کتێب

# کتێبی لێکۆڵینەوەی
# زارە کوردییەکانی باشوور

▢ رانانی : زمان و زار

قسەیەک هەیە دەمێکە دووپات دەکرێتەوە کە جوگرافیا ستەمی لە کورد کردووە، ئەو هەڵکەوتە سرووشتیە ستەمکارانەو ناڕەوایانە وای کردووە کە خاکی کوردستان بکەوێتە سنووری نێوان نەتەوەی بە ناو شآرستانی وڵاتانێک کە مخانم زۆرجار بەناوی هاوئاینی و هەندێجاریش بە ناوی کولتوورو مێژووی هاوبەش و دراوسێیەتی بەڵام مخابن بە درێژایی مێژوو لە هەوڵی قرکردنی زمان و کولتوورو ناسنامەی کوردبوونمان بوونە، ئەرێ چونکە نیشتمان داگیرو دابەشکراوە، ناسنامەی نەتەوە بوونەکەشمان بەسەر گەلانی سەردەستی نەتەوەی داگیرکەر مۆری حاشا لێکردنی لێدراوە، زمان کە ناسنامەی گەلانە، بەڵام بۆ کوردی نەگبەت زمانەکەشی وێڕای ئەوەی کە حاشای لێدەکرێت ، هاوکات بە چەندانجۆر لەهەوڵی ئەوە دان لەیەکتری بترازێنن دابەشی کەن، تا ئەوپەڕی توانای ماددی و لۆجیستی تەنانەت بە پلان و بەرنامەرێژی لە هەوڵی رەشکردنەوە وسڕینەوەی دان، راستە سروشت و شوێنگەی جیۆگرافی وای کردووە کە زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی دیکە خاوەنی چەندان زار و بنزار و دەڤۆک بێت، تا ئەو ئەندازە دووری نێوان زار و بنزارەکان وای کردووە زۆرجار بە حاڵ تاکی کوردی دەڤەرێک لە هی دەڤەرێکی دیکە تێبگات، بەڵام هەر ئەو سرووشتە رەنگینەش بووە وای کردووە زمانەکەمان مۆرکی رەسەنایەتی خۆی بپارێزێت و لەناو نەچێت، وەک چۆن دەبینین ئەمڕۆ بە دەیان بگرە بەسەدان زمانی نەتەوەکان لەناوچوون و لەدەلاقەی فەرامۆشیدا پەراوێزخران.

یەکێک لە زار یان بنزارە رەسەنەنای زمانی باووباپیرانمان دیالێکتە کوردییەکانی باشووری کوردستانە کە بە زارەکانی لەک و لوڕو کەلهور، کە پتریش بە زاری کوردانی فەیلی ناسراون ، مخابن کەمتر زمانناسان و ئەکادیمیانی ئەو بوارە ئاوڕییان لەو زارە داوەتەوە و کاری میتۆدی زانستییان لەسەر کردووە.

کتێبی لێکۆڵینەوەی زارە کوردییەکانی باشوور( اللهجات الكوردیە الجنوبیە) کە دکتۆر ئیسماعیل قەمەندارنووسیویەتی، رووناکبیرێکی ئەکادیمی کوردی فەیلی بەغدایە، لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ پێشەکییەکی تێروتەسەل لەبارەی زارەکان و ناسنامەی لەک و لوڕو کوردە فەیلییەکان و کۆ- زاری گۆران، زازاکی ،هەروەها هەڵبژاردنی ئەلفابێتاو و ستاندارکردنی زمانی کوردی پێکدێت ، لێکۆڵەرهەر لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا دەیان ساڵی ژیانی خۆی لەنێوان وڵاتانی فەرەنسا

و ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ نووسینی ئەم توێژینەوە زانستییە تەرخان کردووە، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زارە کوردییەکانی باشوور، کە بەرای من گەورەترین توێژینەوەی پراکتیکی و مەیدانییە لە بوارەکانی زمان و زارە کوردی و ئێرانییەکان. ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠١ لە فەرەنسا بە زمانی فەرەنسی چاپ بووە، دواتر لەساڵی ٢٠١٤ لای خودی لێکۆڵەر خۆی لە بەغدا بە زمانی عەرەبی بەرچڤەکراوە و هاتۆتە وەشاندن. لێکۆڵینەوەکە سیستەمی رێزمانی لکەکان وشێوەزارەکانی دەیان شار و دەڤەرە کوردییەکانی باشوور پێکدەهێنێت، کە پێشتر باسییان لێوە نەکراوە وەک زار و بنزارەکانی ناوچەگەلی کرمەشان و ئیلام وخانەقین و مەندەلی و هەروەها وتەگەلی خێڵەکانی کەلهوورو مەلەکشاهی و ئەرکەوازی و پیری و کوردلی هتد...

بەشی گەورەی کتێبەکە کە لە ١٠٤٠ لاپەڕە پێکدێت، مەبەست لێرە لێکۆڵینەوەیە لەسەر سیستەمی دەنگی و گراماتیکی و ئەو زار و بنزارانەیە، کە بابەتگەلی گرنگ و هەستەوەر دەگرێتەوە لە پەیوەندی بە ناسنامەی هەندێ توێژی کوردی باشوور کە دووچاری شرۆڤە و هەڵەی شێواندن یان سڕینەوە ئینتمای ئیتنیکی بوون، سەرباری روونکردنەوە مێژوویی و شێوەزارە بنەڕەتییەکان لەبارەی کوردانی لەک و لوڕ و کەڵهور، کۆزارەکانی گۆران- زازاکی لەپاڵ ئەوەشدا شرۆڤەکردنێکی گرنگ و پێویست لەبارەی بنزاری کوردە فەیلییەکانە. ئەم پێشەکییە ئاراستەکراوە گشت ئەو جۆرە خوێندنەوانە دەگرێتەوە لەسەر دوو بابەتی گرنگ کە هێشتا بەشێکی فرەوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردی سەرقاڵ کردووە، ئەویش پرسی هەڵبژاردنی ئەلفابێتایەکی گونجاوە بۆ نووسینی کوردی و بابەتی ستانداردکردنی زمانی نووسینی کوردییە، لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا. ئاماژە بەوەش دەکات کە لێکۆڵینەوەکە چیرۆکی (پێی زێڕین) بەرامبەر چیرۆکی ساندریلایە کە تێکستە کوردییە باشوورییەکەی تێدا نووسراوە بە ١٠ بنزاری کوردی نێوچەکانی باشوورە.

ئەو تایبەتمەندێتیە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ ئەوانیتردا جودای بکاتەوە و بەراوردی پێ بکرێت، لەراستیدا بۆ وەرامی ئەم پرسیارە پێویستی بە پڕکردنەوەی چەندان لاپەڕە دەبێت، کە لە داهاتوودا بەشێکی دیارکراو لە کەسانی پسپۆر و خوێنەران وەرامی دەدەنەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی پراکتیکی و مەیدانییە، مەبەست لەوەش زارو بنزارە کوردییەکانی باشوورە، کە توێژینەوەی بۆ کراوە، ئەویش لە رێگای دیمانەو وتووێژی

راستەوخۆ و شرۆڤەکردنی وتەگەلی خەڵکی ناوچەکە بووە، بێ پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی نووسراو، ئەویش سەبارەت بە سەختی متمانە پێکردن بەو سەرچاوانە بووە. لەکاتێکدا چەندان توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەدەکانی نۆزدەو بیستدا لە لایەن رۆژهەڵاتناسانی رووس و رۆژاواییەکان لەسەر زارەکانی کرمانجی باکوور و باشوور(سۆرانی) کراون، هەروەها لەسەر دیالێکتی زازاکی و گۆران ئەنجامدرابوون ، بێ ئاوردانەوە بۆ زارە کوردییەکانی ناوچە باشوورییەکانی کوردستان، هەڵبەت جگە لە ئاوڕدانەوەیەکی کەم و سادە نەبووبێت. کە مخابن وەک سەرچاوەیەکی زانستی متمانەی لەسەر ناکرێت، لەو سۆنگەیەوە لێکۆڵەر بۆ ماوەی پتر لە ٤٠ ساڵ هەر لە قۆناغی خوێندنی زانکۆوە تا خوێندنی باڵا و کارکردنی لەسەر توێژینەوەی ئاخێوەرانی ئەو زار و بنزارانە لە هەردوو بەشی رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا، واتە لە هەردوو دیوی کوردستانی عیراق و ئێراندا کاری لەسەر کردوون، بە سوورڕبوونی لەو هەموو ساڵە زۆرانەدا لەکارکردن لەو ناوچە فەرامۆشکراوەی باشووری کوردستان کە ڕێژەیەکی زۆر ئاخێوەرانی تێدا نیشتەجێن.

دکتۆر ئیسماعیل قەمەندار دوای تەواوکردنی نامەی دکتۆراکەی لەساڵی ١٩٨٨ لە زانکۆی پاریس کە لەسەر زارە کوردییەکانی باشوور بوو، لەساڵی ٢٠٠١ بەزمانی فەرەنسی ئەو کتێبەی بەچاپ گەیاند، کە سێ ئەوەندەی تێزی دکتۆراکەی دەبوو، زۆرترین پانتایی زمانەوانی کوردی گرتەوەو لە نایابترین خانەی چاپی رۆژاوایی تایبەتمەند لە بواری زمانناسیدا کە (خانەی پیترس) بوو بە چاپ گەیاندووە ، کە لە ئەنجامدا بووە ژێدەرێکی زانستی زار و زمانەوانی گرنگ لە گۆڕەپانی کوردناسیی و ئێراناسی لە زانکۆکانی رۆژاوا و ئەمریکیدا. بەڵام باشە بۆچی نووسەر ئەو کتێبەی بۆ زمانی کوردی وەرنەگێڕاو کردی بە عەرەبی، لە دیمانەیەکدا لە سایتی ئێلاف هەر خۆی وەرام دەداتەوەو دەڵێت لەبەر ئەوەی من کوری بەغدام و قۆناغەکانی خوێندنم تا ئامادەیی هەر بە زمانی عەرەبی خوێندووە، جگە لەوەی کە زۆرینەی کوردانی ناوەراست و باشووری عیراق تەنانەت کوردانی هەرێمی کوردستانیش و بەشێکی کوردانی باشووری دانیشتووی ئێران عەرەبیزانن، بۆیەش بە چاکم زانی هەر بۆ زمانی عەرەبی وەریگێڕم. لەو رەوشدا ساناترە کە بۆ زمانی فارسی و هەروەها بۆ کوردی باکوور و ناوەراستیش بەرچڤە بکرێت، وێڕای ئەوەی دەرفەت

دەبێت کە توێژەران و خوێنەرانی عەرەب زانیاری و شارەزایی تەواویان لەسەر زمان و کولتووری کوردی ئەو دەڤەرە فەرامۆشکراوە هەبێت، تا لەسەر ئاستی زانکۆکاندا تێزی ئەکادیمی لەسەرزار و زمانناسی کوردیدا بنووسن، سەبارەت بەو پاڵنەرانەش کە بوونە هۆی هەڵبژاردنی ئەو بابەتگەلە بەرفراوانە قەمەندار دەڵێت: کۆمەڵێک هۆکار هەن لەسەرووی هەمووشیانەوەی ئارەزووی کەسێتی خۆم بوو بەر لە دەسپێکردنی ئەم توێژینەوەیە لە تێگەیشتن لە زارەکەم وکولتوور و مێژووی هۆزەکەم کە کوردی فەیلین، دواتر بە شێوەیەکی گشتی فەرهەنگی گەلی کورد و مێژووەکەی بوو، چونکە بەشێکی گەورە لە کوردانی فەیلی بەتایبەتیش خوێندەوارەکانیان لەشارە گەورەکانی وەک بەغداو بەسراو تاران دەژین، سەرباری شانازیکردنیان بە نەتەوە و زمانەکەیان، بەڵام لە ژینگەی رەسەنی خۆیان دابڕاون کە باشووری کوردستانە و پتر کەوتوونە ژێر هەژموونی داب و نەریت و فەرهەنگی نەتەوەکانی عەرەب و فارس لەعیراق و ئیراندا، تا رادەیەکی زۆریش بێئاگان لە مێژووی خۆیان و بنەماکانی زارە تایبەتییەکەی خۆیان، سەرباری کەمی زانیاری پێویست و بەکارنەهێنانی لای هەندێ لە نووسەرانیان بە شێوەیەکی درووست سەرباری پەیوەندی قووڵی نێوانیان لە گێڕانی رۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگای ئیراقیدا. چونکە لە ساڵانی رابردوودا کۆمەڵگەی کوردە فەیلییەکان لە عیراقدا رووبەرووی سیاسەتە چەپەڵەکەی رژێمی بەعس بووەوە کە هەر لە کۆدەتای ساڵی ١٩٦٣ رەگەزپەرستانە بەرامبەر بە مافی هاوولاتییانی کوردانی فەیلی رەفتاری فاشێزمانەی کرد.هەستی بە بەرپرسێتی زانستی و سیاسی کرد لە روونکردنەوەی خاڵا شێوانراوەکانی تایبەت بە ناسنامەی کوردە فەیلییەکان و راستکردنەوەی ئەو هەڵە گەورانە وەک بەکارهێنانی زاراوەی لوڕ لە لایەن کوردە عیراقییەکان بۆ کۆمەڵەی دیالیکتە کوردییەکانی باشوور و بەتایبەت فەیلییەکان، لە کاتیکدا بنزارەکانی زاری لوڕی جیاوازن لەگەل بنزارەکانی دیالیکتەکانی کوردی باشوور، هەر لەو کتێبەدا شرۆڤەی زانستی هەن بۆ زاراوەگەلی فەیلی و هەندێ لە تیرە و هۆزەکانی وەک کوردلی و خەزەڵ. سەبارەت بە بەکارهینانی ئەلفابیتایەکی گونجاو بۆ نووسینی زمانی یەکگرتووی کوردی پێی باش بووە هەر ئەلفابیتایە ئارامییەکە بەکاربهینریت، ئەوەش دوای ئەو قەناعەتە هاتووە کە موستەفا کەمال ئەتاتورک لەساڵی ١٩٢٩تیپی لاتینی بۆ نووسینی زمانی تورکی بەکارهینا و پشتی

لەو میراتە فەرهەنگیەی سەدان ساڵەی خۆیان کرد، هەروەها گەلانی مسولمانی سۆڤیەتی جارانیش ئەلفا بیتای سیریلیان بەکار هینا ، قەمەندار بۆچوونی وایە کە ئەم گەلانە زیانیان بە میراتی فەرهەنگت نەتەوەیی خۆیان گەیاندووە لە پشتکردنە ئەو سەرچاوەگەلە زانست و زانیارانانەی کە ساڵەهای ساڵی بەو ئەبجەدیەتە نووسراون. هەر بۆیەش نابێت کورد ئەو هەڵەیە دووپات بکاتەوە لە پەنا بردنە بەر رێنووسی لاتینی و پشتگوێ خستنی ئەو سەرچاوەگەلە فەرهەنگییەی کە ئەمڕۆ بە سەدان بگرە هەزاران کتێبی پێ نووسراون و کتێبخانەی کوردییان پێ دەولەمەند کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

**له دەزگای چاپ و پەخشی ”سەردەم“ەوە**

**(ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی)**

داوا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین، ئەوانەی دەیانەوێت بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە بڵاوبکەنەوە، پێڕەوی لەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن، کە ڕێنووسی پەسەندکراوی ئەو سیمینار و کۆبوونەوانەیە کە لە کاتی خۆیدا لە هەولێر بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریان لەسەر درابوو( جگە لە یەک دوو دەسکاریی بچووک ).

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بەم شێوانەی خوارەوە دەنووسرێت:

١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: کورد. کورت. کوشت.

٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: u)

بۆ نموونە: سوور. چوو. دوو.

٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن)، واتە (و: w)

بۆ نموونە: ئاوایی. وەرە. هاوار.

٤- پیتی (ۆ)ی کراوە، واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: دۆڵ. گۆڕ، نۆ.

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: وریا. وڵات. وشە. ورد.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بەم شێوەی خوارەوەیە:

پیتی (ی)ی بزوێن، واتە (ی: i).

بۆ نموونە: زەوی- zewi، جوانی ، خۆشەویستی ، کوردی، جیهانی

پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت، واتە (ی: y)

بۆ نموونە: یار- yar

* سەرنج١: پیتێکی (ێ)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی لە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من- min، کن- kin، ژن-jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردیدا بە ئەلفوبێی عەرەبی نییە،

* سەرنج٢: نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت، واتە (i) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی) یان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بەدوای یەکترهاتنیاندا دەبێت هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.

* سەرنج٣: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بەدوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (ئاواییەکەمان..) (کۆتاییەکی...) (وەستاییەکی..) (کۆتایی بە کارەکە هێنا..) هەر بە دوو (ی) دەنووسرێن.

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێت بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت، واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عگف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بەشێوەیەکی جیاواز لە وشەی خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: من و تۆ. ئارەزوو و وریا.

* سەرنج: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن بووە بە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پیشانمان دا.

**شەشەم:** وشەی ناسادە چ ناو بێت یان زاراوە، دەبێت بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە بنووسرێن. وەک:

ناو: چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.

زاراوە: ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم:** پیتی (ت) لە کۆتایی کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەنووسرێت. وەک: دێت و دەڕوات (یان) دێ و دەڕوا.

**هەشتەم:** نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتایی ناودا دەکرێت.

وەک: پێنجوێنی. هەولێری. دهۆکی. شیخانی.

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: ئەحمەدئاوایی.

یارمجە: یارمجەیی.

تووزخورماتوو: تووزخورماتوویی.

شنۆ: شنۆیی.

ئاکرێ: ئاکرێیی (یان) ئاکرەیی.

لادێ: لادێیی.

* سەرەنج: ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن، پێویست ناکات (ە)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: کامەران سلێمانی

کانیماسی: حاجی حوسێن کانیماسی.

ئامێدی: ئازاد ئامێدی.

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە بە ڕێنووسی کوردی دەنووسرێت.

وەک: قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبێل. دۆستویڤسکی.

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێت بە وشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

جوان: جوانتر- جوانترین.

خاو: خاوتر- خاوترین.

* سەرنج: ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بە واتەی (دی، دیکە) دێت.

ئەمەی دوایی دەبێت بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی بنوسرێت.

وەک:ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات- یان- شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک؛ ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤساڵ. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤڕۆ.

**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک (..یەک.. ێک.. ەک) بەم شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن، ئەوا نیشانەی (..یەک)یان دەخرێتە پاڵ وەک: چیا: چیایەک.

زەوی: زەوییەک.

دێ: دێیەک.

٢- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو)یـان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوین: کۆنسۆنانت) تەواو بوون، ئەوا نیشانەی (ێک- لە کرمانجی خواروو) و نیشانەی (ەک- لە کرمانجی سەروو)ی دەچێتە سەر. وەک:

خانوو: خانووێک، خانووەک.

گوند: گوندێک (کرمانجی خواروو)، گوندەک (کرمانجی سەروو).
ژن: ژنێک: (کرمانجی خواروو)، ژنەک (کرمانجی سەروو).

**سێزدەیەم**: گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا، ڕا، وەو، ەوە).
ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:
دا: لە دڵدا (هەر برینێ لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).
ڕا: لە ئامێدیڕا (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لەخۆڕا دڵی گۆڕاوە).
وە: لە چوارچراوە (لەوێوە هاتووین).
ەوە: بەماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).
* سەرنج: پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.
وەک: تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی دام. ئەم (دا)یەی فرمان بە جیا دەنووسرێت.

**چواردەیەم**: گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر).
١- ئەم پێشگرانە کاتێک دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان حاڵەتێکی تر پێیانەوە دەلکێن . وەک:
* چاوگ:
هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.
دا: دابڕان. داخستن. دارمان. داکردن.
ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەڕین.
وەر: وەرگرتن. وەرسوڕان.
دەر: دەرکردن. دەرهێنان.
* فرمان:
هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.
دا: دانێ. دامەبڕە.
ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.
وەر: وەرگرە. وەرسوڕێنە.
دەر: دەربێنە. دەرخە.

* حاڵەتی تر. وەک:
هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.
٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەیەکەوە دەنووسرێن. وەک:
هەڵ: هەڵمگرن. هەڵیانکەن. هەڵمانکێشن. هەڵمانمەواسن.
دا: دامانئەنایە. دایانخەن. دایبرە.
ڕا: ڕایاندەگرین. ڕامکێشە. ڕامپەڕێنە. ڕاشیانپەڕێنن.
وەر؛ وەرمانگرتایە. وەرینەگریت. وەریانسووڕێنە.
دەر: دەریانپەڕاندین. دەریخە.

**پازدەیەم**: ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بە جیا دەنووسرێن:
ڕیک دەکەوین. پێکیان هێنایەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.
بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو، ئەوا هەردوو وشەکە بە یەکەوە دەلکێنرێن.
وەک: ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.

**شازدەیەم**: ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێت بە بەشێک لە وشەکە و نابێت بەهۆی لەتبوونی وشەکە.
وەک: بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆیت. گوتی دێم... نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.

هەواڵنامەی کتێب

# چرا زبان کردی به زبان دین و دولت در حکومتهای کردی سده های میانه تبدیل نشد؟

▢ د. اسماعیل شمس

